# مرواربییەکانی پێشمەرگە
# لە
# شەوەزەنگی داعش دا

نەسیم قادر پور

بەرگی دووەم

٢٠١٨

ناوی کتێب: مرواریيەکانی پێشمەرگە لە شەوەزەنگی داعش دا
ئامادەکردنی: نەسیم قادر پور
بابەت: کۆمەڵێ چیرۆکی ڕاستەقینە
هەڵەبڕی: جوتیار قادر کەریم
دیزاین: جلیل حسێن
چاپخانە: کارۆ
تیراژ : ١٠٠٠ دانە.
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١١١٨)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

# بۆ باوكم ودايكم

من پێم وایە هەرکەسێك دێتە ئەم دنیایە ئەرکێکی پێ دەسپێردرێت ئەرکی منیش نوسینەوەی ئەم کتێبە بوو کە بە جێم هێنا.

ڕێگایەکی سەختم بڕی بەڵام دواجار بە خۆشحاڵیەوە سەرکەوتم.

سپاسی هەمووی ئەوانە دەکەم هاوکارم بوون.

## پێشکەشە بە:

- شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان بۆ شەهیدە دیلەکان
- بۆ ئەو بریندارانەی تا ئێستا بە ئازارەوە دەتلێنەوە
- بۆ ئەوپێشمەرگانەی لە سەنگەردا مێژوی پڕ سەروەریان تۆمار کرد بۆ کورد

# پێشەكی

كوا چەكەكەم، كوا چەكو تاقمەكەم، چەكەكەی من لای كێیە ئەوەتا چەكەكەی تۆ ئەمەیە ئەڵقەیەكی پێوەبوو كێ ئەڵقەكەی لێ كردۆتەوە؟ لەو چركەساتەی دەستی دایە چەكەكە شەڕێكی چاوەڕوان نەكراو بەبێ ئامادەیی ئەوان دەستی پێ كرد موبایلەكە هەر ئەوەندە بەگوێم مایەوە كە وتی: من خۆم دەبەستم خواحافیز.

دیسان خەیاڵ ڕۆیشتو جەستە توانای نەبوو لەگەڵی بڕوات ڕۆیشتنی ئەمجارەی كەركوكی من بەری بەیانی نەبوو، بەسەیارەو ناو جادەی كەركوك نەبوو، بەئارامی و ئەمنیەتەوە نەبوو بەخەیاڵێكی قوڵ لەنیوەشەوێكی تاریك بەترس و دڵەڕاوكێیەكی زۆرەوە بوو كە كەركوك و سەنگەرەكان بوونە تاكە یەك هەناسەو لەسینەمدا دەرنەدەهاتن.

ئینزارین !!!

لەگەڵ وشەی ئینزارین من بەر لەكەركووك دارمام ئەژنۆم شكا دڵنیا بووم ئەمجارە خوێن و خوێناو تێكەڵ دەبێت، تا بەرەبەیان دەستەو ئەژنۆ لەچاوەڕوانی هەواڵێكدا مامەوە سپێدەم بەدەمەوە گرت بەدەم ڕێوە هەواڵی مەرگی (٢٤) شەهید، هەواڵی شكانی ئەژنۆی چوار پارچەم بیست، ئاڵای لەخوێن هەڵكشاو سەنگەری چۆڵی بەبێ پێشمەرگەم بیست، هەواڵی كەركوكی داگیركراوم بیست، مەرگی هەزاران پێشمەرگەی شەهیدو بریندار وەكو فیلمێك گوزەری كرد لەناو ڕۆحم دا كە لەپێناوی ئازادی خاكدا خوێنیان ڕژا.

نەسیم قادر پور

سلێمانی

١٠-١١-٢٠١٧

# سامان نەریمان حمەامین

لەساڵی (٢٠١٢) بەشی (شیکاری نەخۆشی)م تەواوکردوە لە کەلار، لەساڵی (٢٠١٣) خۆبەخش لەتەواری سلێمانی و پیرەمەگرون دەوامم کردوە، سەرەتای (٢٠١٤) چوومە بەشی پزیشکی وەزارەتی پێشمەرگە لەفەرماندەیی لیوای (٣) ی تایبەتی (کاک کۆسرەت) دانیشتوی پیرەمەگرونم لەگوندی بیرانی کانی قاز.

لەکاتی شەڕی داعشدا ڕۆژێك بەری بەیانی بوو چووم بۆ (تەربیەی دوکان) بۆ مەبەستی گۆڕینی میهنەکەم لە پزیشکیەوە بۆ پەروەردەیی چونکە زۆر حەزم بەپیشەی مامۆستایی بوو لەوێ تقدیمم کرد بۆلای مدیر، لەوێ چاوەڕێم دەکرد کە بچمە لای مدیر قسە لەگەڵ مدیردا بکەمو عەریزەیەکیشم پێ بوو بۆ گۆڕینی میهنەکەم لەو کاتەی چاوەڕێم دەکرد تەلەفۆنێکم بۆ هات لەلایەن ملازم تاریق کە (معاون طبي) بوو لەگەڵ خۆمان سەرپەرشتی ئێمەی دەکرد، (ملازم تاریق) یەکێك بوو لەوانەی بەشی (پەرستاریی سلێمانی) تەواوکرد بوو هەم پلەی هەبوو بە ملازمی کەسێکی زۆر دڵسۆزی ئێمەو لیواو چواردەور بوو، وتی سامان لەکوێیت بەپەلە وەرەوە بۆ لیوا ئەڕۆین دەرچوونمان هەیە، وتم لەپەروەردەم کارێکی وام هەیە، وتی نا دەبێت بەپەلە بگەڕێیتەوە بۆ لیوا منیش چاوەڕێی لای مدیرم نەکردو عەریزەکەم دڕاندو شوێنەکەم جێهێشتو هاتمەوە بۆ لیوا.

کە گەیشتمە لیوا (ملازم تاریق) لەگەڵ (معاون طبي)ێکی تردا ناوی (شاڵاو مامەند) بوو خەڵکی پیرەمەگرون چووبوون بۆ (نەخۆشخانەی شار) ئیسعافێکیان وەرگرتبوو تا من گەیشتمە لیوا ئەوانیش بەئیسعافەکەوە گەیشتنەوە لیوا، وتی سامان هێزو قواتەکەمان هەمووی ڕۆیشتووە بۆ مەنیقەی جەلەولا ئازادکردنی جەلەولا و سعدیە، ئێمەش دەبێ بڕۆین بۆ هاوکاری کردنی برا پێشمەرگەکانمان

بۆ کاتی چارەسەری و برینداربوونیان پێویستە تۆ بچیت لەبنکەی تەندروستی فەرماندەیی عیلاجو حەبو هەموو پێداویستیەك کە پێویستمانە بۆ کاتی شەڕەکە منیش سەیارەیەکم دەرکرد و چوومە بنکەی تەندروستی فەرماندەیی و هەرچی شتی پێویست بوو بەپێی پێویست وەرمگرت لەوێ و گەڕامەوە لیوا دوای ئەوە بەڕێ کەوتین چوینە جەلەولا، قواتەکەمان لەوێ بوو ئێمە چووینە لای قواتەکەمان لەبەرزاییەکانی کوباشی.

ڕۆژی چوار شەممە بوو تا ڕۆژی یەك شەممە چاوەڕێمان کرد ئەو چوار شەوو ڕۆژە ئێمە لەو بەرزاییە لەناو ئیسعافەکە دەخەوتین و خواردنمان لەگەڵ پێشمەرگەکان بوو کاتێکی زۆر ساردبوو لەو شەوانەدا بارانێکی زۆر باری جەوێکی زۆر ساردبوو.


شوێنێکی زۆر ناخۆشمان بوو ئیسعافەکەمان بۆ خواردنو خەوتنو هەموو شتێك بەکاردەهێنا، بەردەوام ئەو چەند شەوە قەسفی جەلەولا و سەعدیەیان دەکرد وابڕیار درابوو کە جەیشی عێراقی هجوم بکات بۆ مەنتیقەی سەعدیە هێزی پێشمەرگەش هێرش بکاتە جەلەولا پاکی بکاتەوە لەماوەی ئەو چەند شەوە بەردەوام قەسفی ئەو ناوچەیە کرا شەوێك تیرۆریستانی داعش ویستیان دزە بکەنە ناو هێزی پێشمەرگەو زیانمان پێ بگەیەنن بۆ چاوترساندنی هێزی پێشمەرگە یان پاشگەزبوونی هێزی پێشمەرگە لەهێرشەکان بەڵام هەموویان بەبرینداری ڕایان کردو نەیانتوانی هیچ زیانێك بەپێشمەرگە بگەیەنن.

ئەو چەند شەوە دکتورێکم لەگەڵ بوو ناوی دکتور (شالاو مەمەند) بوو تاقانەبوو بەڵام شەوێك پێش هجومەکە ناردمەوە بۆ خانەقین دڵم نەهات لەگەڵ خۆمدا بیبەم وتم نەك شتێکی لێ بێت گوناحە لەبەر دایکی و باوکی خۆم بەتەنیا لەگەڵ ملازم تاریق کە (معاون طبي) بوو بەیانیەکەی دەستیان کرد بەهجوم و ئێمەش لەگەڵیاندا ڕۆیشتین، بەیانیەکەی کە دەبووە ڕۆژی یەك شەممە .



قورسترین گەڕەك گەڕەكانی خوارەوەی جەلەولا بوو كە گەڕەكی عەرەبەكان بوو لیواكەی (كاك كۆسرەت) و لیوایەكی تر هجوممان بۆ كرد نزیك بۆ (٥) دەقیقە چوینە ناو مەنتیقەی دەسەڵاتی داعشدا من و ئیسعافەكە لەپێشەوە بووین، بومبێك تەقیەوە بەبرا پێشمەرگەیەكدا و بەپەلە سەیارەیەكیان هێناو خستمە ئیسعافەكەوە من گەڕامەوە بەرەو دواوەو هێزەكە دەڕۆیشت بەرەوپێش بەڵام بەداخەوە ئەو پێشمەرگەیە زۆر بریندار بوو ناوسكی، زۆر محاوەلەم كرد خوێن بەربونەكەی بوەستێنم بەهەر جۆرێك بوو خوێنەكەیم وەستاند بەڵام بەداخەوە لەڕێگەدا شەهید بوو، كاتێك گەیشتمە سەر جادەكە دامە ئیسعافەكانی تر، وتم من دەگەڕێمەوە بۆلای هێزەكە دەبێ لەگەڵیاندا بڕۆم كاتێك گەڕاینەوە هێزەكانمان لەوێ نەمابوون زۆر پێشڕەوییان كردبوو ئێمە بەڕێگەیەی هەڵەدا ڕۆیشتین خەریك بووین دەچوینە ناو جەلەولاوە كاتێك تەقەمان لێكرا بەپەلە گەڕاینەوە دواتر بەسایەقەكەم وت بەشوێنی تایەی هەمەڕەكاندا بڕوا چونكە شەوەكەی باران باری بوو شوێنی تایەكانیان دیار بوو كاتێك چووین ئەوان لەناو نزماییەكاندا بوون.

ئێمە چوینە بەرزاییەكان لەوێش تەقەیان لێ كردین بەڵام هاتینەوە دواوە هاتینە پەنای گردەكە دواتر زانیمان هێزەكانمان لەناو شیوەكەدان، نیو سەعات چاوەڕێمان كرد هێزەكانی ئێمە چوونە ناو جەلەولا شەڕێكی قورسی دەستەویەخە دەستی پێكرد، ڕووبەڕووبونەوەیەكی توندیان كرد، هێزەكەی ئێمە گوێیان پێ نەدان خۆیان كرد بەناو گەڕەكەكاندا دوژمن زۆر شڵەژا لەچەند لاوە هجوم كرایە ناو جەلەولاوە داعش تەسەوری نەدەكرد هێزی پێشمەرگە ئاوا بێت، تەنانەت ئەوسەری گەڕەك بیكەسیو ئەوسەر قەناس بوو، ڕێك دەچوونە ناو گەڕەكەكەوە تا وای لێهات دوو باجەرمان چوو بوونە ناو گەڕەكەكەوە بەئارپیچی لێیان درابوو، لەباجەرێك درابوو لەم دیو بۆ ئەودیو كونی كردبوو




هەردوو دیوی باجەرەکەی بڕی بوو نەتەقی بوو باجەرەکەو دەرچوو بوو، ئارپیچی بوو یان چەکی پێشکەوتوو نەمزانی لەبەرئەوەی باجەر زۆر قایمەو هەموو چەکێك نایبڕێت، لەوکاتەدا پێنج برینداری تریان بۆ هێنام لەو کاتەدا پێنج بریندار زۆر زۆر ناخۆش بوو کە هەر پێنجیان شلاڵ ببون لەخوێندا، خوێن بەهەموو گیانیاندا دەهاتە خوار ملازم تاریقم لانەمابوو پارچەی ئارپیچیان بەرکەوتبوو خۆشم هەموو گیانم لەئاودا تەڕببوو بەڵام بەوپەڕی توانامەوە هەوڵمدا زاڵبم بەسەریداو وردە وردە لەبرینە قورسەکانەوە دەستم پێکرد دانە بەدانەیانم پێچاو دەرزی ئازارشێکنو وەستانەوەی خوێنم لێدان، لەماوەی (٢٠) دەقیقە توانیم خوێن بەربوونیان بوەستێنمو عیلاجی سەرەتاییان بۆ بکەم.

گەڕاینەوە بۆ دواوە مەسافەی خۆڵەکە تا دەگەیشتە لای جادەی قیر (٣٥) دەقیقە بوو، ئەوکات یان دەتوانرا بەئیسعاف یان دەتبرد بۆ بنکەی تەندروستی و لەوێ داتدەنان، بریندارەکانمان داناو گەڕاینەوە بۆ ناو جەبهەکە لەگەڵ سایەق ئیسعافەکە لەوێ چاوەڕێمان کرد کاتێکم زانی دوو برینداریان هێنا بۆ دواوە، موالیدیان (٩٧-٩٦) بوو دوو کوڕی زۆر خوێن شیرینو محبوب بوون وتی ئێمە پورزای یەکترین یەکیان فیشەك بەر سەری کەوتبوو ئەویتریان بەرقاچی کەوتبوو، وتم بۆ هەردوکتان پێکەوەن ئەوەی بەر قاچی کەوتبوو وتی من بەرقاچم لەناوەڕاستی گەڕەکەکە کەوتبووم پورزاکەشی ویستبووی بچێ ئەو ڕزگار بکات چوو بووە ناوەڕاستی گەڕەکەکە تەقەی لەقەناسەکە کردبوو دیسان فیشەك دابووی لەسەری ئەوی تریش بەڵام بەقوڵایی پەنجەیەك قوڵی کردبوو دەرچوو بوو فیشەکەکە.

ئەو کوڕەی فیشەکەکە بەر سەری کەوتبوو کوڕێکی زۆر بەغیرەت و بەجەرگ بوو من چارەسەری سەرتاییم بۆ کردوو برینەکەیم پێچاو بینیم شتێك لەدەستیدایە، زۆر سەیرم لێهاتو سەرنجی ڕاکێشام کە سەیرم کرد وتم ئەوە چییە ئەو شتە

لەدەستتدایە؟ وتی دکتۆر گیان ئەوە تەختەیە وتم بۆچی ئەو شتەت لەدەست گرتووە توند توند گرتبووی وتی لەتاوی ئازار.

کە وای ووت زۆر لام بەغیرەت بوو کە هیچ قسەیەکی نەدەکرد گەیاندمنە بنکەی تەندروستی و خۆم گەڕامەوە جەبهەکە بەڵام بەداخەوە ئەو کوڕەی قەناس بەر سەری کەوتبوو زۆر بەغیرەت بوو شەهید بوو ناوی قوسەی بوو لەلیوای (٢٢)ی خۆشناوەتی بوو، لەکاتی گەڕانەوەماندا بەرێگەیەکدا ڕۆیشتین تەقەمان لێکرا بەقەناس چونکە هێزەکەمان زۆر چوو بووە ناو جەلەولا تایەی ئیسعافەکەمان تەقێندرا و لەسەر ویل ڕۆیشتین بەهەر چۆنێك بێت گەڕاینەوە دواوەو تایەکەمان گۆڕی و گەڕاینەوە پێش، لەکاتی نان خواردنی نیوەڕۆ بوو لەپاڵ گردەکە دانیشتبووین کاتێکمان زانی یەکێك هاواری لێ بەرز بووەوە کاتێکمان زانی فیشەك دای لەلای پەراسوی و لەسکیەوە هاتبووە دەرەوە، ئەویشمان چارەسەرکردو ناردمانە دواوە بەڵام خۆم مامەوە وتمان بریندای زیاترمان دەبێت ئیتر هێزەکانی پێشمەرگە توانی بەسەربەرزی لەماوەیەکی دیاریکراودا ناوچەی جەلەولا و دەوروبەری پاك بکاتەوەو زەرەرێکی زۆر لەدوژمنە چەپەڵەکەی داعش دراو لەناویان ببەن.

هەندێکیان بەناچاری هەڵاتنو ڕۆیشتن بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا (٧) شەهید و (١٧) بریندارمان هەبوو، منیش زۆر هیلاك بووم هەموو گیانم عارەق‌و خوێن بوو تائێوارە هیچم نەخواردبوو زۆر سەرم دەئێشا بۆ چا، دوای ئەوەش هێزەکانمان بەرەو کەرکوك ڕۆیشتن ئەو ناوچەشیان پاك کردەوە بەبێ هیچ زیانێکی گیانی، نەبریندار و نە شەهید.

کاری پزیشکی زۆر قورسە لەشەڕەکاندا بۆ (معاون طب)ێك بەتەنیا بەتایبەت بریندارى تەقینەوە چارەسەر بکات.

لە (١٦-١٠-٢٠١٦) کاتێك چوومەوە دەوام (شەهید ملازم تاریق) کە پێشتر

باسم كرد سەرپەرشتیارەكەمان وتی بەیانی هجومە بۆ پاككردنەوەی گوندەكانی دەوروبەری موصڵو ئازادكردنی موصڵ، بڕیاری لەسەردراوە هێزی پێشمەرگە بەشداری دەكات، ئێمەش شان بەشانیان دەبین بۆ هاوكاری كردنیان، هەر ئەوكاتە من میك زەمینیەكم دەركردو چوومە بنكەی تەندروستی هێزەكانی (٧٠) لای كاك دلێر پێداویستی پزیشكیم وەرگرت و گەڕامەوە لیوا، ئەو كاتە ئەوان چاوەڕێی منیان دەكرد من وتم ئێوە بڕۆن من بۆ خۆم دێم بەسەیارەی خۆم.

من و شەهید دكتۆر هێرش و (معاون طب)ێكی ترمان لەگەڵدا بوو وتم بەسەیارەی خۆمان دێین ئەوان ڕۆیشتن، (شەهید دكتۆر هێرش) هاوڕێ ی دێرین و خۆشەویستم بوو دوو ساڵ لەپەیمانگای كەلارو چەند ساڵیش لەدەوام پێكەوە بووین هاوڕێ و هاوسەنگەر بووین پێكەوە بریندارەكانمان چارەسەر دەكرد، ئەوان ڕویشتن ئێمەش بەڕێ كەوتین لە (كانی شەیتان) لاماندا و كەبابمان خوارد ئەو ڕۆژە زۆر بێتاقەت بووم لەخۆمەوە شتم بەدڵدا دەهات وتم هێرش ئەگەر شەهید بوویت تۆ وەسیەتت چیە؟ شەهید هێرش زۆر حەزی لەسەیارەی ئەڤەلۆن بوو وتی من هیواتم (ئەڤەلۆنە) ئیتر ڕۆیشتین گەیشتینە پردێ لەپردێ من سەیارەكەی خۆم دانا.

شەهید تاریق ناسراوە بە (تاریق مامە عەبە) لەوێ چاوەڕێی ئێمەی دەكرد لەوێوە لەگەڵ ئەوان ڕۆیشتین لەگەڵ هێزی (كاك كۆسرەت) لیوای (٣ و ٧) تایبەت بەرەو موصڵ بەڕێ كەوتین گوندی (خەرابە ڕوت) بۆ ئێمە دانرابوو، چووینە نزیك ئەو گوندە (٤) كیلۆمەتر لەسنورەكانی داعش لاماندا ئەو شەوە لەویا لاماندا و هێزی پێشمەرگە شوێنەكانی خۆیان قایم كرد، ئێمەش هەر قسەمان دەكرد لەگەڵ (شەهید هێرش)و سایەقی ئیسعافەكە كەناوی (سەرۆ) یە ناسراو بە (سەرۆ چاوشین) لەگەڵ ئەودا قسەم دەكرد شەهید سەرۆ چاوشین



وەك ئەوەی ئەو شەوە دڵی خەبەری دابێت ئەیوت سەرۆ من بەس خەمیماڵو منداڵەکەمە ئەگەر شەهید ببم، لەبەرئەوەی ئەو دوو منداڵی کەمئەندامی هەبوو ژنەکەشی هەر کەمئەندام بوو.
شەهید سەرۆ گەنجێکی زۆر ڕێكو پێكو کەسێك بوو دایم حەزی لەهاوکاری کەسانی تر دەکرد، جارێك دەیوت باوکم پێی وتم تۆ نەدەبوو ناوت سەرۆ بێت دەبوو ناوت خێرولاّ بوایە، تۆ دایمە خەریکی خێرکردنی، خۆیشی وای دەوت کە دایم حەزم لەخێرکردنە و حەزدەکەم دەستی هاوکاری بۆ کەسانی تر درێژ بکەم.
بەباشترین کەس ناسراو بوو لەناو هەموو سایەقو کەسەکاندا. ئەو شەوە ئێمە لەناو ئیسعافەکە بووین خەوو خواردنمان لەناو ئیسعافەکە بوو تا (١٢) قسەمان کرد خەوتین بەیانی سەعات (٤) هەڵساین، منو شەهید ملازم تاریق و شەهید دکتۆر هێرش لەگەڵ شەهید سەرۆ چاوشین هەڵساین چووین نوێژمان کرد خانویەکی لێ بوو لەوێ نوێژمان کرد، نانمان خوارد زۆر بەپەلە یەکی پارچەیەك پەنیرو چایەکی گەرممان خوارد لەبەرئەوەی سەرمان نەیاتە ئێش، لەبەرئەوەی چایەکە زەروریەتە دەبێ بیخۆین، سەعات (٦)ی بەیانی هێرش دەستی پێ کرد بەرەو گوندی (خەرابە سوڵتان) پێشڕەویان کرد بەرەو ئەوێ دوای نیو سەعات جیهازیان کرد وتیان دوو بریندار هەیە لەپێشەوە تیمی تەندروستی و ئیسعاف بگاتە لای بۆ چارەسەرکردنی برینداره‌کانیان، ئێمەش ڕۆیشتین من و شەهید هێرش و شەهید تاریق و شەهید سەرۆ (معاون طب)ێکی ترمان لەگەڵدابوو خەڵکی ڕانیە (تاقانە بوو) وتمان تۆ تاقانەیت مەیە لەگەڵمان بەزۆر دەیوت تاقەت ناگرم لێرە، دەبێت بێم لەگەڵتان، شەهید ملازم تاریق وتی من برای ترم لەماڵ هەیە شەهیدیش ببم کێشەم نیە بەلاّم تۆ شەهید بیت من چی بەدایكو خوشەکەکانت بڵێم تۆ نابێ بێیت.

بەزۆر نەمانهێشت بێت بەڵام بەداخەوە هەواڵێكی لەمن كەبریندار بوومو بنەماڵەی شەهیدەكان نەپرسی زۆر بێوەفا بوو، بۆیە حەزیش ناكەم ناوی بهێنم.

لێرە ئەوانمان دابەزاندو جیهاز كرا وتیان نەقیبێك بریندارە عبوە تەقیوەتەوە لەگەڵ پێشمەرگەیەكدا ئێمە رۆیشتینە پێشەوەو هەمەرەكانمان بەجێهێشت چوینە ناو گوندەكە، كاتێك بریندار دەكەوێت لەپێشی پێشەوەی جەبهەكان بریندار دەكەوێت، ئێمە بەئیسعافێك رۆیشتین ئیسعافێكی ئاسایی نەدرع بوو ئەمریان پێ كردین كە بچینە ناو گوندەكە، ئێمە لەبەر گیانی پێشمەرگەو فریای بكەوین بە ئیسعافێكەوە چوینە ناو گوندەكە كە تەنیا یەك هەمەر چوو بووە ناو گوندەكە لەگەڵ چەند پێشمەرگە، ئەوانیش تەقینەوەیان پیا تەقیبوەوە، ئێمە بەزوترین كات بگەینە ئەویا هەرچەندە رێگەكە زۆر ناخۆش بوو بۆناو گوندەكە شیوو گرد بوو شەهید ملازم تاریق جیهازی كرد بۆ بریندارەكانمان بەسەیارەیەكی تر بۆ نزیك بخەنەوە سەیارەكەمان ناچێتە ناو گوندەكە، كاتێك ملازم تاریق جیهازی كرد وتی ناتوانین داخڵی گوندەكە ببین كاك شالاو كاك كۆسرەت و ئامر لیوا مەریوان وتیان نا برۆنە پێشەوە كێشە نیە، لەو كاتەدا هەمووی مشەوەش بوو ئێمە بەهەر چۆنێك بێت رۆیشتین چوینە ناو گوندەكە چوینە پێشەوەی جەبهەكە لەویا بینیمان كە تەقینەوە بووەو نەقیب كامەران زۆر بەسەختی بریندار بووە لەگەڵ پێشمەرگەیەكی تر وتم ملازم تاریق با لەسەر ئەم جادە قیرە چارەسەری سەرەتاییان بۆ بكەین، ئاویان بۆ هەڵواسین ئینجا بیانخەینە ناو ئیسعافەكە وتی نا نا زۆر بەخێرایی دەبێ بیانگەیەنینە ناو ئیسعافەكە، هەڵمان گرتنو خستماننە ناو ئیسعافەكە و خێرا برینەكانیانمان پێچاو نەزیفمان نەهێشتن بەگیانیانەوە، هاتبووین ملازم تاریق و شەهید هێرش خەریكی نەقیب كامەران بوون منیش خەریكی چارەسەرو تەداوی پێشمەرگەكە



بووم ئەو کوڕە سەری بەری کەوتبوو سەرم بۆ بەستو تەداویم بۆ کرد خوێن بەلاچاویدا دەهاتە خوارەوە، دەستم برد بۆی بسڕم چووینە ئیسعافەکەوە دەرگاکەمان داخست.

ئیسعافەکەمان ویستی بەگ دابنێت بەهەمان شوێنی خۆماندا بگەڕێنەوە من خۆم خوارکردەوە بۆ سوچی ئیسعافەکە لەدواوەی ئیسعافەکە بووین من و شەهید تاریقو شەهید هێرش و شەهید سەرۆش سایەق بوو کاتێکم زانی وا هەستم دەکرد من بەئاسمانەوە ئەمسەرو ئەوسەر دەکەم، بەئاسمانەوە بەرز دەبوومەوەو دادەبەزمەوە.

بوو بەدوکەڵ لەو کاتەدا شەهید تاریق جیهازی دەکرد وتی کە بریندارەکانمان سەرخست و ئێمە باشین، ئیسعافەکە چووە سەر عەبووەکە و پیاماندا تەقیەوە بۆ چرکەیەك هەستم کرد لەهۆشچووم بەڵام کاتێك کەوتمەوە عەردەکە وتم ئەوە چی بوو، کەسیان جوابیان نەدامەوە سەیری ئەملاولام کرد سەیر ئەکەم هەموویان کەوتوون خوێن لەدەمیان دێت سەیردەکەم کەس جوابیان نەدامەوە.

من ئازارێکی زۆر زۆری قاچم دەهات کە دەستم لەقاچم دا قاچی چەپم بەداخەوە لەویا لەدەستدا هەر لەوێدا زۆر بەداخەوە (نەقیب کامەران و دکتۆر هێرش و ملازم تاریق) ئەو پێشمەرگەیەی کەسەری شکابوو (سەرۆ چاوشین) هەر پێنجیان شەهید بوون بەس من دەرچووم قۆڵم بەسەختی بریندار بوو، پارچەیەکی زۆر بەر قۆڵم کەوتووە قاچی چەپم لەدەست داوە، پارچە بەر سەرم کەوتووە لەوکاتەدا بەهەر چۆنێك بێت بەپەلەقاژە چوومە سەر جادەکە چەند جار کەوتمو هەڵسامەوە چوومە سەر جادەکە لەلای ئیسعافەکە دانیشتمو سەیری ئەوانم دەکرد دیمەنێك بوو تامردن لەبیرم ناچێتەوە، خوێن لەدەمیانەوە دەهات.

ئەو کاتەی کە دانیشتم سەیرم کرد ئەوکوڕە نەمابوو کە لەبەردەممدا بوو سەری

شكابوو ئێستاش نەمزانی چی لهات دواتر من لەئیسعافەكە دووركەوتمەوە گڕی گرت، جەنازەكان خەریك بوو بسوتێن دوای (٧) دەقیقە پێشمەرگەكان هاتن بەڵام لەبەر عەبوەی تر نەیاندەوێرا بێنە پێشەوە منیش شتێكم بەدەستەوە بوو قاچم بەست بەڵام نەمدەتوانی توندی بكەم لەو كاتەدا (رائد دانا) ئەفسەری هەواڵگری لیوای (٣) ئەو هات لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر لەگەڵ (دكتۆر دارا)ی بنكەی تەندروستی فەرماندەیی هاتن (رائد دانا) قاچمی توند بەست دەستخۆشی لێ دەكەم لێرەوە، وتیان ئەوە كێیە ئەو جل مەدەنیە وتم (دكتۆر هێرش) خەڵكی (كەلارە) ئیتر من لەوێ ئازارێكی زۆرم بوو خوێن لەقاچم فیچقەی دەكرد.

ئیسعافێكی تر هات هی نەخۆشخانەی شۆڕش بوو (دكتۆر ڕێبین)ی لێ بوو برادەرانی (معاون طبی) فەوجێكی ترو ئێمەیان بردە دواوەو قاچی منیان بەستو لەدواوەی جەبهەكە من چەند جار لەهۆش خۆم چووم دواتر هەر چۆن بوو موبایلم دەركردو تەلەفۆنێكم بۆ براكەم كرد وتم من قاچم بریندارە وەرن بۆ (هەولێر) بۆلام ئەو كاتەی منیان گەیاندە گوندێكی دواوە و بەكۆپتەرێك منیان گەیاندە هەولێر لەوێ عەمەلیاتیان بۆ كردم بەڵام زۆر بەداخەوە و ئەو (٥) برادەرەم شەهیدبوون لەگوندی (خەرابە ڕووت) (١٧-١٠-٢٠١٦) كاتژمێر (٧)ی بەیانی وە ئێستاش (٢٩-١١-٢٠١٧) من لەدەرەوەی وڵاتم لە (براخ) لەپایتەختی (چیك) لەنەخۆشخانەم بۆ چارەسەركردن.

خۆم دوو عەمەلیات كراوم كاتژمێر (٩:٨) دەقیقەی شەوە بەكاتی (چیك) ئیتر سوپاس، وە هیوادارم سەركردە سیاسیەكانی كورد خوێنی شەهیدان فرمێسكی دایكی شەهید لەبەرچاو بگرن بەفیڕۆی نەدەن واز لەململانێی ناوخۆ بهێنن، ئێمە لەپێناوی كورد بۆ كوردستان ئەمانەمان كرد، واز لەپارەو مەنصەب بهێنن بۆ دروستكردنی دەوڵەتی كوردی و ئازادكردنی هەر چوار پارچەی كوردستانو



ڕێزی تایبەت بۆ دایكو باوكو كەسوكاری شەهیدان دابنێن.

(شەهید تاریق)ی بەخشندەو میهرەبان جگە لەوەی (ملازم و معاون طبي) بوو ئەفسەری موچەی (٤) هەزار نەفەری لەوەزارەت دەهێنا ئەو دابەشی دەكرد، ناوی (٢٠٠٠) دووهەزار پێشمەرگەی لەبەربوو ئەگەرچی بیبینیایە دەیووت فڵانی كوڕی فڵان زۆر مێشكی زیرەك بوو.

# خۆڕاگری پێشمەرگە لە ( ٤ )ساڵی شەڕی داعشدا




**نوسینی :**
**محەمەد قەیتولی**
**فەرماندەی فەوجی یەك**
**لیوای ( ١١٤ )**

سەرەتا دڵخۆشم لەم کتێبە بەنرخ و مێژوویەدا بە نوسینی بابەتیك بەشداربم، لەگەڵ نوسینەوەی ئەم کتێبە نووسەر خاتو (نەسیم قادر پور) ڕاشکاوانە و دڵسۆزانە هەوڵێکی پڕبایەخی دا لە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەندە، بە مەبەستی هاوکاریکردن و کارکردن لەسەر بە ئامانج گەیاندن، ئەم بیرۆکەیە بە کردار ـ لە کتێبێکدا ـ بگاتە دەست و دیدی هەمووان. لە هەمان کات کەلێنێکی گەورە پڕبکاتەوە. بەرخودان و سەروەریی و قوربانیدانەکان ببنە بەشێکی زیندووی ئەرشیفی پێویست بۆ ئێستا و ئایندە سوودبەخشبێت، ، تا خوێنەرو نەوەی نوێ، زیاتر ئاشنابن بەوەی هێزی پێشمەرگە لە ماوەی (٤) ساڵدا، بەچی شێوازێکی بێ وێنە توانیویەتی شەڕی داعش بکات و سنوورێك بۆ دڕندەییان دابنێت. هەر لەم ڕووانگەیەوە پێویستە نوسەران و ڕۆشنبیران، کارو چالاکیەکانی پێشمەرگە بنووسنەو و بیکەنە کتێب بۆ مێژوو، تا ئەو خۆڕاگری و ئازایەتی و قارەمانیەتییەی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعشدا تۆماری کردوون لەیاد نەچێتەوە، کە بووەتە بەشێکی گرنگ لە مێژووی بەرخودان و خۆڕاگری نەتەوەی کورد.



بەندە وەکو فەرماندەیەکی فەوج لە سەرەتای جەنگی داعشەوە لەگەڵ پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری بووم، لە میحوەری (٤) ی باشووری کەکووك قارەمانییەتی و خۆڕاگری و شەونخونی پێشمەرگەم دیووەو لەگەڵیان بەشداربووم، بەوپێیەی پێشمەرگە بە درێژایی مێژوو، پارێزەری شکۆی نەتەوەیەکی ستەمدیدە بووە، لە هەموو قۆناغەکانی خەبات و لە هەر چوار بەشی کوردستاندا. سیحری خۆشەویستی خەڵك بۆ پێشمەرگە، تەنها دەرئەنجامی قارەمانییەتی و ئازایەتی پێشمەرگە نەبووە، بەڵکو لێبوردەیی و مرۆڤدۆستی و سرووشت دۆستی بەشێکی دیکەی تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە بوون. پێشمەرگە هەمیشە شورایەکی پۆڵاین، هێزێکی لە بن نەهاتوو و خاوەن ئیرادە و ورە بەرز بووە، بۆ بەرگریکردن و پاراستنی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد، لەو هێرش و مەترسیانەی کەوتونەتە سەر کوردستان. ئێستا پێشمەرگە وەك نموونەیەك بووەتە ئەو هێزە ئومێد بەخشەی نەتەوەکەمان شانازی پێوەدەکات، توانیویەتی لە شەڕی تیرۆریستان و تاریکپەرستانی ( داعش)، بە ئازایەتی و قارەمانییەتی بە بەرگریی و داستانە بێ وێنە و سەرکەوتنەکانی لە شەڕی ڕووبەڕووبونەوەی داعشدا، گەلان و وڵاتانی جیهان سەرسامبکات. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و هێزی پێشمەرگە بە کردەوە سەلماندوویانە، تەنها ئەوان بوون توانیویانە هێرشە خێرا و مەترسیدارەکانی داعش ڕابگرن، کە سوپای دوو وڵاتی گەورەی وەکو عێراق و سوریای تێکشکاندبوو. داعش هێرشێکی خێرا و ترسناك و لەناکاوی بۆسەر سوپای عێراق دەستپێکرد، لە سوریاوە سنووری خاکی عێراقی بەزاند و ڕۆژی (٢٠١٤/٦/١٠) پارێزگای (نینوی) و شاری (موسڵ) ی داگیرکرد. توانی لە ماوەیەکی کورتدا دووەم شاری گەورەی عێراق داگیربکات و خەلافەتەکەی تێدا ڕابگەیەنێت، داگیرکردنی ناوچەیەکی فراوانی سێ گۆشەی سوننی (نەینەوا، ئەنبار، سەلاحەدین) و





قەزای حەویجە کە دەروازەی باشوور و ڕۆژئاوای شاری کەرکووکە، تاکو گەیشتە نزیك شاری (بەغداد) ی پایتەختی عێراق داگیرکرد، کە کۆی ڕووبەری ئەو ناوچانە دەکاتە (٣٥٪)ی ڕووبەری خاکی عێراق ، دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەدا سەپاند، خیلافەتەکەی لە سوریا و عێراق ڕاگەیاند. ئەگەر خوێندنەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی داعش لە عێراق بکەین، دەبینین لە کاتی داگیرکردنی شاری موسڵ و دەوروبەری، داعش هەموو کات هەوڵیداوە بە هێزێکی کەم، ناوچەیەکی فراوان داگیربکات، کە ڕۆشتبێتنە هەر شوێنێك سەرەتا لە پێش چاوی خەڵك بە ئاشکرا کۆمەڵکوژیان ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی هیچ کەس و گروپێك جورئەتی ئەوە نەکەن بیر لە بەرەنگاربوونەوەیان بکەنەوە، داعش هەزاران تاوانی قێزەون و ترسناك و کۆمەڵکوژی ئەنجامدا، کە نموونەی لە مێژووی تۆمارکراودا نییە، تەنها لە سەربازگەی( سپایکەر) لە شاری تکریت (١٧٠٠) خوێندکاری کۆلێژی فڕۆکەوانی سەربازیی کومەڵکوژ کرد، بە شێوازێکی دڕندانەو جۆراوجۆر هەموویانی تیرۆر کرد، ڕووباری دیجلەی بە خوێنیان سوورکرد، زۆرینەیان لە پێکهاتەی ئاینزای شیعە بوون. کومەڵکوژی خوشك و برا ئێزیدیەکان، فرۆشتن و بە کۆیلەکردنی ژنانی ئێزیدی، ئەمانە و هەزاران تاوانی دیکە، پەڵەیەکی ڕەشن بەنێوچاوانی بیری ڕەشی ئاینی و تایەفەگەری داعش و خەلافەتە بەناو ئیسلامییەکەیەوە. داعش بە گەیشتنی بۆ ڕۆژئاوای بەغداد، هەڕەشەی داگیرکردنی شاری بەغدادی پایتەختی عێراقی کرد. پاشان پیلان بۆ پەلاماردانی هەرێمی کوردستان بوو بە ئامانجی ستراتیژی داعش. مێژووی ململانێی شیعە و سوننە و فەرمانڕەوایکردنی دەوڵەت بە خراپترین شێواز لەلایەن دەسەڵاتی شیعە، هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی داعش لە عێراق. هەرچەندە سوپا و پۆلیسی عێراق هێزێکی مەشقپێکراو و پڕ چەك بوون، بەڵام لەکاتی پەلاماردان و هێرشەکانی داعشدا، سوپا و پۆلیس هیچ بەرگرییان



نەکرد و تەنها هەڵهاتن، چەك و کەرەستەی سەربازی پێشکەوتوو و جبەخانە و ئۆتۆمبێلە گولەنەبڕەکانیان بۆ داعش بەجێهێشت، ئەمە هۆکارێك بوو بۆ زیاتر بەهێز بوونی داعش. زۆربەی وڵاتان و بە تایبەتی دەوڵەتی عێراق تووشی شۆك بوون، بێ هیچ ڕووبەڕووبونەوە و بەرگریکردنێك فەرماندەکانی سوپا بڕیاری هەڵهاتنیاندا، دەرئەنجام دۆخەکە بە ئاقارێکدا ڕۆیشت، پەلامارەکانی ئەو تاقمە گەیشتنە ترۆپك، لە ڕێگەی تاکتیکی سەربازی پێش دەستپێکردنی شەڕ لە ناوچە کوردستانییەکان نزیکبوونەوە، دواتریش شەڕەکە یەخەی کوردی گرت.

بۆیە هەر زوو حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاری دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو ناوچە کێشە لەسەرەکان و شاری کەرکووك بجوڵێنێت، بۆ پاراستنی ناوچەکە لەپەلاماردان و هێرشی داعش، تەنها ئیرادەی هێزی پێشمەرگە بوو توانی هێرشە خێرا و بەردەوامەکانی داعش ڕابگرێت و سنورداری بکات، بە قوربانی گەورە بەرگری لە خاك و نیشتیمان بکەن. ئەوکات هێزی پێشمەرگە گرفتی کەمی چەك و تەقەمەنی هەبوو، لە هەمان کاتدا نامۆ بوون بە شێوازی شەڕکردنی هێرشی تیرۆریستانی داعش، تەنها ئیرادە و بیروباوەڕ و دڵسۆزی بۆ نەتەوە و نیشتیمان و ئازایەتی سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەکان، وایانکرد بتوانن بەرەنگاری داعش ببنەوە و پەلامارەکانیان لە بەرەکانی جەنگدا ڕابگرن.
لە کاتێکدا وڵاتە زلهێزەکانی وەك ﴿ئەمریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا و فەڕەنسا﴾، زۆر وڵاتی دیکەش درکیان بە گەورەبوونی مەترسییەکانی داعش کرد، لەدوای پاکتاوکردنی پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزیدی و کەمە نەتەوەکانی دیکە، بڕیاریاندا لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانییەوە، هاوکاری هەرێمی کوردستان بکەن بۆ شەڕی داعش و گورزی کوشندەیان لە تیرۆریستانی داعش دا، هەروەها بڕیاریاندا چەك و تەقەمەنی و پێداویستی سەربازی بدەنە هێزی پێشمەرگە،

كە تاكە هێز بوو توانی شەڕی داعش لەجیاتی هەموو جیهان بكات. هەروەها كۆماری ئیسلامی ئێرانیش هاوكاری هێزی پێشمەرگە و دەوڵەتی عێراقی كرد. لە ئەنجامی بەردەوامی هێرشەكانی داعشدا هێزی پێشمەرگە بڕیاریدا (٨) میحوەر لەبەرەكانی جەنگ بۆ بەرگری و تێكشكاندنی هێرشەكانی داعش دروستبكات، لە سنووری شەنگالەوە تا گەرمەسێر بە درێژایی (١٠٥٠)كم بۆ پاراستنی كوردستان سەنگەر لێدرا، هەر میحوەرێك بوو بە سەنگەرێكی بەهێز و پاراستنی سنورێكی فراوانی لە ئەستۆ گرت،

تاقمی تیرۆریستی داعش ئامانجیان بوو شاری كەركووك داگیربكەن، لەو پێناوەشدا هەوڵی زۆریاندا و چەندین جار هێرشی فراوانیان كردووەتە سەر سەنگەرەكانی پێشمەرگە بۆ داگیركردنی شارەكە و شكستیان دەهینا، بۆیە تیرۆریستانی داعش هەوڵیاندا بیر لە ڕێگایەكی تر بكەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن سەركەوتوبن لەپلانی داگیركردنی كەركوك ، تیرۆریستانی داعش دوای ئامادەكاريەكی زۆرو چاوەڕوانی كات و كەش و هەوا يەكی گونجاو كە لە بەرژەونديان بی، لە شەوێكی تەمومژ و كەشێكی نالەباردا، كە مەودای بينينی چاو زۆر زۆر كەم بوو، لە شەوی (٢٠١٥/١/٣٠) لە كاتژمێژ يەك و نيوی شەودا، لە چەندين قۆڵی جياوازە چەتەكانی داعش هێرشی بەرفراوان و مەترسيداريان كردە سەر سەنگەرەكانی هێزی پێشمەرگە، بە چەك و كەرەستەی سەربازی پێشكەوتوو و بەكارهێنانی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژكراو و گولەنەبڕی جۆراوجۆر، وەكو شۆفڵ و بارهەڵگری تايبەتی گولەنەبڕ بە پلێتی ئەستووری زۆر بەهێز ڕووپۆش كرابوون، بەكارهێنانيان وەكو سەنگەر بۆ پەلاماردان و پاشان تەقاندنەوەی لەناو سەنگەرەكانی پێشمەرگەدا، بۆ تێپەڕاندنی پردەكانی سەر پرۆژەی ئاوی كەركووك، كە دەروازەی سەرەكی بوون بۆ هاتنەناوەوەيان بۆ سنووری باشووری شاری كەركووك، بە سوود وەرگرتن لە دۆخی نالەباری




کەش و هەوا و فراوانی پەلامارەکانیان، تیرۆریستانی داعش توانیان چەند شوێنێك داگیربکەن، وەك ﴿جادەی ڕەشاد، نەهرەوان، سکە هەڵوەشاوەکە، مکتب خالد، تەللوەرد، مەلا عبدالله و بیرە نەوتییەکانی خەبازە﴾، بەڵام هەر زوو هێزی پێشمەرگە دوای خۆڕێکخستنەوە لەماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا، هێرشێکی هەڵگەڕاوەی ئەنجامدا بۆسەر ئەو سەنگەرانەی کە داگیرکرابوون، توانیان هەموو جێگاکان لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا ڕزگاربکەنەوە، گەورەترین زیانیان بە تیرۆریستانی داعش گەیاند. توانرا هەموو مەترسییەکان لە شاری کەرکووك دووربخرێتەوە، خوێنی ئاڵی شەهیدان و قارەمانێتی پێشمەرگە و هێزەکانی دژە تیرۆر بونە هەوێنی سەرکەوتنەکان .

## دوا هەوڵی داعش بۆ داگیرکردنی شاری کەرکووك


بە پلانێکی بەرنامە بۆ داڕێـژراو، تیرۆریستانی داعش لە شەوی (٢٠١٦/١٠/٢١)، پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان دا لە باشووری کەرکوك، لە هەمان کاتدا، بە ڕێنمایی و هاوکاری و چاوساغی شانە نوستووەکانیان، کەتیبەی ﴿انغماسیین = هێزی تایبەت﴾ی داعش، نزیکەی ١٢٠چەکدار دەبوون، بە هەماهەنگی و هاوکاری شانە نوستووەکانیان، توانیبوویان دزە بکەنە ناوشاری کەرکووك، لە سەرووی گەڕەکی دۆمیزەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەوە بە نێو چەند گەڕەکێك دابەش بوون، ئەوانیش ﴿دۆمیز، ئەسرا و مەفقودین، ١ی حوزەیران، تسعین، عروبە، مەمدودە، نەسر، سەنتەری شار نزیك بینای پارێزگا و سەر پردەکەی نزیك مەجیدیە﴾، پەلاماری چەند جێگەیەکیان دا لەناو شاری کەرکووکدا، بۆ داگیرکردنی شارەکە، هەر زوو هێزەکانی پێشمەرگە توانیان هێرشەکانی داعش لە باشووری کرکوك تێکبشکێنن، شەڕ و پێکدادانی توند و قورس لەناو شاردا دروستبوو، بە بەرگری توندی هێزی پێشمەرگە و خۆڕاگری

خەڵكی شارەكە و ئازایەتی هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش وخۆبەخشەكان و خوێنی شەهیدان، توانیان پێكەوە ئەو خەونەی داعش لەگۆڕ بنێین.

هێزی پێشمەرگە بە درێژایی (٤) ساڵی شەڕی داعش قوربانی زۆری دا، زیاتر لە (١٧٠٠) شەهید و (١١٠٠٠) بریندار و (٦٢) پێشمەرگەی بێ سەروشوێنی هەیە. لای هەموان ئاشكراو ڕونە سەركردە سیاسیەكانی كورد نەیان توانی دەسكەوتە سەربازی و سیاسیەكانی شەڕی داعش لە بەرژەوەندی كورد بە كۆتابێنن، لە كاتی نزیك بونەوەی كوتایهێنان بە(٤) ساڵەی شەڕی داعش، سەركردایەتی كورد بە هۆی سور بوون لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە كاتێكی نەگونجاودا، بێ گوێدانە ڕێنمای ئەو وڵاتانەی كەدۆستی كورد بوونە، پشتیوانی هەرێم بونە لە شەڕی داعشدا دوای ئەوەی هەوڵی زۆریاندا هەرێمی كوردستان ئەم پرۆسەی ریفراندومە دوابخات بۆ كاتیكی گونجاو بۆیە متمانەی دۆستەكانیان لەدەسدا، لەهەمان كاتدا بەشێكی لایەنە سیاسیەكانی هەرێم لەگەڵ پرۆسەی ڕیفراندوم نەبوون كە دەیانزانی كاتەكەی گونجاو نیە بۆیە زیاتر ترازاندن ناكوكی لایەنەكان دروست بوو یەك ڕیزی نێو ماڵی كورد هەڵوەشایەوە بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە، لەهەمانكاتدا ولاتانی دراوسی و عێراق یەك هەڵوێست بون دژی ڕیفراندوم بەتوندی حكومەتی هەرێمی كوردستانیان لە مەترسیەكانی دوای ڕیفراندوم ئاگاداركردەوە، لە شەوی (١٦ئۆكتۆبەری ٢٠١٧) سوپای عێراق و چەكدارەكانی حەشدی شەعبی بە هاوكاری كۆماری ئیسلامی ئێران، هێرشێكی فراوانیان كردە سەر شاری كەكووك و ناوچە كوردستانییەكان و بە زەبری هێز داگیریانكرد، بەهۆی ناكۆكی نێو ماڵی كورد هێزی پێشمەرگە نەیتوانی بەرگری بكات، بەداخەوە ئەمەش بوە هۆكارێك بۆ لەدەستدانی دەستكەوتەكانی چەند ساڵەی كورد، لە دەستدانی شاری كەركوك و ناوچە دابڕاوەكان گەڕانەوەمان بۆ خاڵی (سفر) لە كۆتایدا تەنها بەیەك ڕیزی دەتوانیان سەركەوتن بەدەست



بهێنین و تابتوانری لە ئاینده بە ئاشتی بێ یاخود جەنگ دەسەڵاتی کورد بگەڕێتەوە بۆ ناوچە داگیرکراوەکان و خوێنی شەهیدەکانمان ئاسودەکەین درود بۆ خوێنی سەرجەم شەهیدانی خاکی کوردستان.





# ڕاوێژ لەخەونەکانی بوو

پشوەکەی بۆیەکەم ڕۆژی شەڕی موسڵ بەجێهێشت.

ڕاوێژ هێشتا لەسەرەتای ژیانی گەنجێتیدا بوو، کاتێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی داعش چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردو هەر ئەو شەڕەش بەیەکجاری لەهەموو خەونەکانی کردو خەمێکی جەرگبڕی بۆ باوکی بەجێهێشت.

ژیانی پێشمەرگایەتی ڕاوێژ نەسرەدین ساڵێك دوای سەرهەڵدانی داعش دەستیپێکرد، نیشتمانپەروەری خێزانەکەی وایکرد لەدەستپێکی شەڕی ئازادکردنی موسڵ ئامادەنەبوو لەپشووی خۆیدا بمێنێتەوەو لەگەڵ چەند هاوسەنگەرێکیدا بەخوێنی خۆیان یەکەم سەرکەوتنیان تۆمارکرد.

من باوكو دایكو هاوڕێ و هەموو شتێك بووم بۆ شەهید، ئەویش وەکو هاوڕێم وابوو، «بۆیە لەدەستدانی ئازارێکی زۆری دام، (ڕاوێژ) سەرەتای ژیانی بوو کۆمەڵێك خەونو ئاواتی هەبوو»، (نەسرەدین مامە کەریم) لەبارەی کوڕەکەیەوە وایووت: ڕاوێژ تەنیا ٢٢ ساڵ تەمەنی بوو، ئەو لەدایکبووی هەولێرەو تاوەکو پۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندووە، دواتر ساڵێك لەمەوبەر بووە بەپێشمەرگە لەلیوای (٣)ی تایبەتی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی)و لەزۆربەی شەڕەکانی دژ بەداعش بەشداری بەرچاوی هەبووە.

(ڕاوێژ) بەماوەیەکی پێش شەهیدبوونی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەکۆتا خاڵی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ داعش تۆمار کردووە.

تەنیا چەند کاتژمێرێك لەدەستپێکردنی شەڕەکەی ١٧ی مانگی ڕابردووی موصڵ تێپەڕی بوو، پێشڕەویەکانی پێشمەرگە گەیشتبووە گوندی (خەرابە سوڵتان) لەمیحوەری خازر، لەو کاتەدا (ڕاوێژ) و (نەقیب کامەران)و ژمارەیەك



لەهاوسەنگەرانی بە بۆمبی تیرۆریستانی داعش شەهید بوون.

باوکی ڕاوێژ کە بەباران ناسراوەو عەمیدە لەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، باسی شەوێك بەر لەشەهیدبوونەکەی کردو وتی (هەستام بۆ نوێژ، شەهیدیش هەڵستابوو نوێژی دەکرد، ئەوە دواجار بوو بیبینم، چونکە کاتێك ڕۆژ بووەوە من چووم بۆ دەوامو ئەویش کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ تەلەفۆنی بۆ کراوەو ڕۆیشتووە) بۆشەڕی موصلّ، ئەگەرچی لەپشووی خۆیدا بوو. بەیانی یەکەم ڕۆژی شەڕەکە بوو، لەئەفسەرێکی پێشمەرگەوە تەلەفۆنێك بۆ باوکی راوێژ دەکرێتو پێی دەڵێت کورەکەی بریندار بووە، (منیش تەلەفۆنم کردەوە ئیتر پێیان وتم کوڕەکەت شەهید بووەو تەرمەکەی لەپزیشکی دادوەریە)، ئەوە هەواڵێکی زۆر جەرگبڕ بوو بۆ (عەمید باران).

پێشمەرگە لەسێ قۆڵەوە هێرشیان کرد بۆ گوندی (خەرابە سوڵتان)، لەوەدابوون هێزەکان بەیەك بگەنەوە، لەوکاتەدا بۆمبێك بەڕاوێژو هێزەکەیاندا تەقیەوە، بەهۆیەوە ئەو شەهیدو (نەقیب کامەران) بریندار بوو.

(ڕاوێژ) شەهید بوو، (نەقیب کامەران) مابوو، بەپەلە هەندێ چارەسەری سەرەتاییمان بۆ کردو داوای ئەمبولانسمان کرد، هەندێکی پێچوو ئەمبولانسێك هات، پاش ئەنجامدانی هەندێ چارەسەر، ئەمبولانسەکە بەدوادا گەڕایەوە و بۆمبەکەی پێدا تەقییەوە، (رائید دانا عومەر حەمە ئەمین)، بەڕێوەبەری هەواڵگری لیوای (٧) وادەڵێت لەنێو ئەمبولانسەکەدا (ئوتومبێلی فریاکەوتن) جگە لە (نەقیب کامەران)، (دکتۆر هێرشو نەقیب تاریق) و چەند کەسێکی تر هەبوون، لەگەڵ جوڵەکردن بۆ گەڕانەوەیان بەرەو ناوچەیەکی ئارامتر بۆمبەکەیان پێدا تەقیوەتەوە، بەهۆیەوە (٥) کەس لەنێویاندا (نەقیب کامەران) یش شەهید بوو.

دایکی ڕاوێژ ساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کردووەو باوکی دوای (٧) ساڵ ژیانی

هاوسەرگیری دەستپێكردوەتەوە، لەدایكی شەهید تەنیا یەك كچی ماوە، لەهاوسەری دووەمیشی كوڕێك‌و كچێكی هەیە.

كەسوكاری ڕاوێژ لەدۆخێكی زۆر خراپدان، هێشتا بەخەمێكی قوڵەوە لەژێر كاریگەری ڕووداوەكەدا ماون، بەتایبەت زۆر كاریكردوەتە سەر باوكی (تەنانەت خەویشم نەماوە، هەمیشە لەبەرچاومە، بەڵام ناچارم خۆڕاگربم و دڵنەوایی منداڵەكان و دایكیان بكەم).

(عەمید باران) وا منداڵەكانی پەروەردە كردووە هەست نەكەن لەدوو دایكی جیاوازن، ئەوان هەموویان وەكو یەك خێزان خەمەكانی ئەو ڕووداوەیان هەڵگرتووە، بەڵام ئەوەی شانازی پێوە دەكەن ئەوەیە (ڕاوێژ) لەپێناو خاكەكەیدا گیانی بەخشی و بوو بە بەشێك لەمێژووی قوربانیدانی خانەوادەكەی بۆ نیشتیمان.

(ڕاوێژ) گەنجێكی هێمن‌و لەسەرخۆ بوو، زۆر حەزی لەخوێندنەوەی بابەتە مێژوویەكانی كورد كرد، ئەو لەبواری وەرزشەوانیشدا ڕۆڵی هەبوو وەكو ئەندامی لیژنەی باڵای تیپە میللیەكانی هەولێر.

لەدەستپێكی شەڕی موسڵ و بەتایبەت لە (میحوەری خازر)، لیوای (٣)ی تایبەتی (كۆسرەت ڕەسوڵ عەلی)، هێزی پشتیوانی دوو، لیوای بەرگری و فریاكەوتن لەگەڵ هێزەكانی (٧٠) كە (جەعفەر شێخ مستەفا) سەرپەرشتیان دەكات ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو.

(ڕەوەز خەتاب) هاوڕێی شەهید (ڕاوێژ) دەڵێت: «زۆر حەزی لەكوردایەتی بوو، هەروەك حەزی لەپێشمەرگایەتی بوو، چەندین جار ئاڵای كوردستانی بەسەر خەڵكدا دابەش دەكرد».

لەدەستدانی (ڕاوێژ) بۆ (ڕەوەن) ئازارێكی زۆر بوو، (٢٥) ڕۆژ لەدوای شەهیدبوونی (ڕاوێژ) من هەر دەگریام، ئێمە زۆربەی كاتەكان پێكەوەبووین،



ئەو هێشتا بەهۆی ئەو ڕووداوەوە نەیتوانیوە وەکو کاسبکارێك دەست بەئیش بکاتەوە.

هێزەکانی پێشمەرگە لەیەکەم ڕۆژی شەڕی موسڵ تەواوی پلانەکەیان لەماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا جێبەجێ کرد، هەروەها تیرۆریستانی داعش زەبری کوشندەیان لێکەوت‌و دەیان چەکداریان کوژران.

پێشمەرگە کە زیاتر لەدوو ساڵە شەڕی ئەو ڕێکخراوە دەکەن، بەخوێنی زیاتر لەهەزارو پێنج سەد شەهید دەیان ناوچەی گرنگ‌و ستراتیژیان کۆنترۆڵ کردوەتەوە خێزانەکەی ڕاوێژ مێژوویەکیان لەقوربانیدا هەیە، باوکی دووجار لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعسەوە زیندانی کراوە بەهۆی پێشمەرگایەتی و باپیریشی هەر لەزینداندا گیانی لەدەستداوە.

ژیانی ئێمە هەمووی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی و دەربەدەری و تراژیدیا بوو، (عەمید باران) کاتێك وایوت ئاهێکی بۆ خەمە بەجێماوەکانی کوڕەکەی هەڵکێشا، چونکە لەسەرەتای تەمەن‌و گەیشتن بەخەونەکانیدا ڕۆیشت.

# مقدەم ئاودەل برایم ئاودەل

فەرماندەی سریە لەفەوجی (١)ی لیوای (٧).

دوای دەستپێكردنی هەنگاوی یەكەمی ئازادكردنی شەنگال كە بریتی بوو لە زنجیرە چیای شەنگالو بەرزاییەكانی ناوچەكە، هێزێكی زۆری لیواكەی ئێمەش واتا لیوای (٧)ی پیادەی سەر بەوەزارەت، بەشداربووین لەو شەڕەدا، ئەگەرچی ئەركی لیواكەمان لەمیحوەری باشیك بوو كە دەكەوێتە نزیك سەنتەری موسڵ بەڵام فەرماندرا كە لیواكەمان بەشێك لەهێزەكانی بۆ ئازادكردنەوەی شەنگال بنێرێت، دوای تێپەڕبوونی مانگو نیوێك لەكۆتایی هێنان بە هەنگاوی یەكەمی ئازادكردنی شەنگال و سەركەوتنی پلانەكە، فەرمانمان پێكرا كە بەرەو شەنگال بەڕێ بكەوین بۆ وەرگرتنی ئەركو پشوودان بەهەڤاڵانی پێشوومان كە لەپێش ئێمە لەوێ لەئەركدا بوون.

ئەگەرچی پلانی هێزەكانی پێشمەرگە ئازادكردنی چیای شەنگال بوو بەڵام بەشێك لەهێزی پێشمەرگە چەند گەڕەكێكیان لەناو شەنگال ئازاد كردبوو كە پێویست بوو لەوێ چەند هێزێك جێگیر بكرێت كە یەكێك لەگەڕەكەكان ناوی (بەر ڕۆژ) بوو.

دوای گەیشتنی ئێمە بەسەنگەرەكان و وەرگرتنی ئەركمان، هێزەكان دابەشكران، چەند هێزێك لەسەر چیای شەنگالو چەند هێزێكی تر لەناو گەڕەكەكان بەتایبەت (قەلعەكانی شەنگال) كە بە (قەلعەی سلێمان بەگ) ناسراون، ئەركەكە بەم جۆرە دابەشكرا بوو كە هێزەكان شەوێك نا شەوێك ئاڵوگۆڕیان پێ بكرێت لەبەر نزیكی تیرۆریستان و مەترسی ناوچەكە بۆ ئەوەی هێزەكان كەمتر ماندوو بن و بتوانن سەركەوتوتر بن.

شەوی ٢٧/٢٦ی مانگی (١)ی ٢٠١٥ لە قەلعەکانی شەنگال ئەرکمان وەرگرت کە دووری ئێمە لەگەڵ دوژمن تەنها (٢٠) مەتر بوو، ئێمە لەگەڕەکێك و دوژمن لەگەڕەکەکەی تر، ئەم شەوە تیرۆریستانی داعش هەر لەئێوارەوە جموجۆڵیان هەبوو، هەم بەبێ تەلو هەم سەیارەو هەم بەجوڵەو قسەکردنی خۆیان کە ئێمە گوێبیستیان بووین زانیمان کە ئەمشەو نیازی شتێکیان هەیە.

بەڕێز (عەمید مەلا ڕەشاد ڕۆستی) کە فەرماندەی فەوجەکەمان بوو (فەوجی ١ لیوای ٧) لەڕێگەی بێ تەلەوە گوێبیستی قسەکانی تیرۆریستان بوو کە بەزمانی عەرەبی و تورکی قسەیان دەکرد، ئەوانەی بەتورکی قسەیان دەکرد زیاتر تورکمانەکانی تەلەعفەر بوون کە تازە هێزێکی نوێیان پێکهێنابوو بەناوی (قوە خاصە نینوی) هێزی تایبەتی نەینەوا، بەڕێز (عەمید مەلا ڕەشاد) بەحوکمی ئەوەی هەم عەرەبی و هەم تورکی دەزانی لەتیرۆریستان تێگەیشت و پێش کاتژمێر (٥)ی بەرەبەیان پێی وتم: (تەواوی هێزەکەت ئاگادار بکەرەوە لەئامادەباشی دابن دوژمن وا هێرش دەکات) لەشەوەوە ئێمە هەمووومان بەخەبەر بووین و هیچ کەسێك نەخەوت چونکە زانیمان ئەگەری هێرشی دوژمن هەیە، لەکاتژمێر (٥)ی بەرەبەیان داعش دەستی بەهێرش کردو شەڕێکی دەستەو یەخە بوو، لەسەرەتادا (٦) ئارپیجی ئاراستەی قەلعەکە کران لەگەڵ زنجیرەیەکی گولەی بیکەیسی، من و (ڕائید ئازاد عەزیز) و (نەقیب جمال کۆیی) کە لەیەك سەنگەردا بووین زۆر بەگەرمی وەڵاممان دانەوە، (عبداللە ابراهیم) کە برای منەو (عەریف محمد) و (سعید مەلا حەسەن) و (مەلا سادق) لەتەنیشت ئێمەبوون کە سەرجەمیان چەکی ژێرسێیان پێ بوو ئەوانیش تەقەیەکی باشیان کرد و شەڕەکە بەردەوامی هەبوو، تیرۆرستان زۆر لێمان نیزك ببوونەوە بەجۆرێك کە دەنگی پێکەنینیان دەهات، ئێمە لەپشت دیوارەکانەوە بووین واتا چەند مەترێك لەئێمە دوور بوون، دوای بیستنی دەنگی

پێکەنینیان داوام کرد نارنجۆك (ڕومانە) بهێنن بۆئەوەی دوریان بخەینەوە، (عەریف محمد) نارنجۆکێکی پێدام‌و منیش فرێمدایە دیوی دیوارەکەوە دواتر هەستم بەمەترسی دوژمن کرد کە نزیکە لێمانەوە بۆیە (سعید مەلا حەسەن)م ڕاسپارد کە بەپەلە نارنجۆك ئامادە بکات و بیداتە من بەم جۆرە نزیکەی (٦) نارنجۆکم فڕێدایە ئەم دیوەوە (ڕائید ئازاد)یش چەند نارنجۆکێکی فڕێدا بەم جۆرە تۆزێك دوژمن دورخرایەوە.

(عەمید مەلا ڕەشاد) هەرجارەو سەردانی قەلعەیەکی دەکرد چونکە دوو قەلعە بوو یەکێکیان هێزەکەی ئێمەی لێ بوو ئەویتر برادەرانی پەکەکەو هێزەکانی فەوجی (٣)ی لیواکەی ئێمەی لێ بوو، شەڕەکە بەردەوامی هەبوو، داعش نەیتوانی بێتە پێشەوە.

نزیکی ئێمە لەداعش ئەوەندە کەم بوو کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان نەیاندەتوانی شوێنی دوژمن بدۆزنەوە و بۆردومانی بکەن چونکە ترسان زیانی بۆ ئێمە هەبێت. دوای نزیکبوونەوە لەکۆتایی شەڕەکە ئینجا فرۆکەکان توانیان شوێنەکە بدۆزنەوە و بۆردومان بکەن شکور زیانی بۆ ئێمە نەبوو.

شەڕەکە درێژەی کێشا داعش ئارپیجیەکی تەقاند ڕووەو ئاراستەی ئێمە گولە ئارپیجیەکە لەسەر سەری ئێمە چووە ناو دیواری قەلعەکە و مایەوە ئێمە تەنها (١)یەك مەتر لێی دوور بووین چاوەڕێی تەقینی گولەکە بووین بەڵام باروتەکەی سوتاو شکور بۆخوا نەتەقی و سەلامەت بووین (ئەگەر تەقیبایە نەك ئێستا من نەمئەتوانی ئەم بیرەوەرییە باس بکەم بگرە زۆرێك لەهاوسەنگەرانیشم لەگەڵ من شەهید دەبوون).

شەڕەکە تادەهات گەرمتر دەبوو لەنزیك ئێمەوە خاڵێکی تری پێشمەرگە هەبوو کە شوێنێکی گرنگ بوو (محمد پیرۆت)م لەوێ دانابوو کە لەوێوە بەرگری بکات کە یەکێکە لە پێشمەرگە قارەمانەکان، سەرێکم لەودا بۆئەوەی هەواڵی بپرسم



وتی (سەیدی خەمی ئێرەت نەبێ) ئەرکەکەی خۆی بەباشی جێبەجێ کرد، دواتر گەڕامەوە شوێنی خۆم، لەهەمان کاتدا (عەریف محمد)م بینی کە لەنوقتەکەی خۆی دێتە دەرەوەو وتی: سەیدی گولە لەناو نوقتەکەدا دەسوڕێنەوە ئەوەندە نزیکە ئەو شوێنەی تەقەی لێوە دەکرێت، کە چوم بینیم وەك ئەوە وابوو (گەنمەشامی بتەقێت لەناو مەنجەڵ) ئەوەندە گولە ئاڕاستەی ئەو نوقتەیە دەکرا، تیرۆریستان چەند ویستیان نزیك بکەونەوە و شوێنەکە بەدەستەوە بدەین بەڵام باش لێمان دان و نەیانتوانی بێنە پێشەوە، لەکاتژمێر (٥)ی بەرەبەیانەوە تا (١١)ی پێش نیوەڕۆ شەڕەکە بەردەوام بوو، داعش تەواو شکستی هێناو نەیتوانی سەرکەوتوو بێت.

بەداخەوە لەدوای تەقەکانی شەڕەکەدا پێشمەرگەیەك بەناوی (واحید بابەکر مستەفا) شەهید بوو، پێشمەرگەیەکی تریش بریندار بوو بەناوی (فرسەت گرتکی)، ئەو پێشمەرگەیەی کە شەهید بوو ڕێك دوا فیشەکی شەڕەکە بوو کە داعش ئارپیجیەکی ئاراستەی قەلعەکە کرد بەهۆی کۆنی و ناتەواوی دیوارەکەو گولە ئارپیجیەکە هاتە ژوورەوە و بەر هەردوو قاچی کەوت بەداخەوە شەهید بوو، داعش ئیتر جوڵەی نەما و زیانێکی زۆری بەرکەوت کە لەڕێگەی بێ تەلەکانی خۆیانە گوێبیستیان بووین کە چەندین کوژراو و برینداریان هەیە کە لەناویاندا ئەمیرێك هەیە بەناوی (ئەبو عمر).

دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە ئێمە هەر لەوێ ماینەوە و بۆ شەوەکەشی ئەرکەکەمان هەر لە (قەلعەکان) بوو تەنها ناوەناوە داعش دورە تەقەی دەکرد ئەگینا جوڵەیەکی ئەوتۆی نەبوو.

بۆ سبەی ئێوارە ئەرکمان لەسەر شاخی شەنگال وەرگرت، لەسەر شاخەکە یان (باشترە بڵێم گرد چونکە زیاتر لەگرد دەچوو بەڵام هەر بەشاخ ناو دەبرا) ئێمەو فەوجی (٣) و برادەرانی پەکەکەی لێ بوو، ئەو ئێوارەیە دیسان داعش دەستی

بە هێرش کردن کرد، شەڕەکە زۆر بەربڵاو و قورس بوو، ئەو سەنگەرەی منی لێبوم بەگونیە دروست کرابوو لەنێوان گونیەکان هەندێك کونی گەورە دروست ببوو باش گونیەکان نەخرابونە پاڵ یەك، بۆیە بەردێکی تۆزێك گەورەم هەڵگرت بیخەمە یەکێك لەکونەکان بۆ سەلامەتی خۆمان، هەر کە بەردەکەم خستە کونەکەوە راستەوخۆ فیشەکێکی قەناس بەر بەردەکە کەوتو بەردەکەی پارچە پارچە کرد، شکور ئەم بەردەش فریامان کەوتو و ئەمجارەش مەرگ نەهات بەپیرمانەوە.

دوای بەردەوامی شەڕەکە بۆ ماوەی نزیکەی سەعاتێك داعش تێکشکاو نەیتوانی بێتە پێشەوە بۆیە شەڕەکەی وەستاند، لەو شەڕەشدا مقدم (احمد ملا ڕەش) بریندار بوو کە ئەویش فەرماندەی سریەیە لە فەوجەکەمان شکور برینەکەی سەخت نەبوو.

ڕۆژێك دواتر دیسان هەر لەسەر شاخەکە ئەرکمان پێ سپێردرا، ئێوارەی ئەو ڕۆژە داعش بەهاوەن بۆردومانی کردین، (عەمید مەلا ڕەشاد) کە لەڕێگەی بێ تەلەوە گوێی لەقسەکانی تیرۆریستان دەگرت تەفۆنی بۆ کردم و وتی تیرۆریستان هاوەن ئاراستەی ئێوە دەکەن و وریا بن، هاوەنی یەکەم دوور لەئێمە کەوتە خوارەوە (عەمید مەلا ڕەشاد) وتی تیرۆریستێك بەئەوەی تر ئەڵێت (٢٠) مەتر کەمتر، منیش وتم مەبەستی نزیك ئێمەیە، دوای چەند هاوەنێك (عەمید مەلا ڕەشاد) دیسان هەر بەتەلەفۆن وتی تیرۆریستەکە (٢٠) مەتر بەرەو سوریا منیش وتم ڕێك مەبەستی نوقتەکەی ئێمەیە، بۆیە بەپەلە بەهەڤاڵانم وت بڵاوبن و هەوڵدەن خۆتان بشارنەوە دوای زیاتر لە (٧) گولەی هاوەن شکور نەیانتوانی ئێمە بپێکن. ئەوکات زانیم کە یەکێك لە تیرۆریستان لەئێمەوە نزیکەو خۆی حەشارداوە.

شەوی ٣٠/٣١-٢٠١٥ جارێکی تر سەرەی ئێمە بوو کە لەناو قەلعەکانی شەنگال




ئەرك وەرگرین، ئەو شەوەش دیسانەوە هەستمان کرد کە داعش جموجۆڵی هەیە دوای تێپەڕبوونی کات لەڕێگەی بڵندگۆکانیەوە دەستیان کرد بە (اللە اکبر) و چاوەڕێی هێرشی ئەوان بووین، دیسانەوە بەئامانجی گرتنی شوێنەکەمان کە قەلعەکان بوون.

برادەرانی پەکەکە کە (هەڤاڵ جومعە) و (هەڤاڵ پیردۆغان) بەرپرسیار بوون (کە بەداخەوە لەیەکێك لەشەڕەکانی شەنگالو دواتر هەڤاڵ پیردۆغان شەهید بوو) ئاگاداریان کردینەوە کە داعش نیازی ئەوەی هەیە هێرشی خۆکوژی بکات و قەلعەکان بتەقێنێتەوە، بەڕاوێژی نێوان (عەمید مەلا ڕەشاد) و هەڤاڵانی پەکەکە بڕیار درا کە هێزەکان دابەش بکرێن بۆئەوەی گەر قەلعەکەش بتەقێننەوە با هەمووومان شەهید نەبین بەشێکمان لەدەوروبەری قەلعەکە بین.

(عەمید مەلا ڕەشاد) فەرمانی کرد کە من و (نەقیب جمال کۆیی) و (١٠) پێشمەرگەی تر لەناو قەلعەکە بمێنینەوە و ئەوانی تر دابەش بن لەدەوری قەلعەکەو بەشێکشیان ببنە هێزی بەردەستو کاتی هێرش وەڵامی دوژمن بەپەلە بدەنەوە.

کاتژمێر (١٠)ی شەو داعش هێرشی هێنا بەهەموو چەکێك هێرشیان کردە سەرمان، ئێمە وەڵاممان دانەوەو بەتایبەت بەنارنجۆك چونکە نزیکبوو لێمانەوە، تا وامان لێکردن بێ هیوابن‌و تەواو شەکەتمان کردن، دواتر فرۆکەکانی هاوپەیمانان دوای دەستنیشانکردنی مۆڵگەکانیان بۆردومانیان کردن، بەهۆی نزیکی مۆڵگەکانی داعش لەئێمەوە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانەوە بەشێکی دیوارەکانی قەلعەکە ڕوخان کە کەوت بەسەر ئێمەدا، من چەند پارچە بەردێکم بەسەر کەوت بەڵام بەهۆی ئەوەی کڵاوی سەربازییم بەستبوو سەلامەت بوم بەڵام زۆرێك لەپێشمەرگەکان بەسوکی برینداربوون.

دوای ئەوەی داعش هەوڵێکی زۆریدا ناوچەکە بگرێت و نزیك بێتەوە بەڵام



نەمانهێشت و ناچار گەڕانەوە دواوە. دواتر لەڕێگەی هێزەکانی پشتیوانی دووەوە ئاگادار کرامەوە کە فڕۆکەوانەکە وتویەتی دوو چەکداری داعش لەناو (تانکی) ئاودان کە (تانکی)یەکە نزیکەی (٤٠) مەتر لەئێمە دوور بوو لەوێوە دەتوانی تەواو کۆنترۆڵی قەلعەکە بکەیت، لەکاتی شەڕەکەدا هەندێك گولە ئاراستەی ئێمە دەکرا کە نەماندەزانی لەکوێوە دێن ئینجا زانیمان لەو (تانکی) یەوەیە، لەپێشتریشدا هەر ئەوان بوون کە شوێنەکەی ئێمەیان دەست نیشان دەکرد و لەسەر شاخەکە هاوەنیان ئاراستەمان دەکرد، کە ئەوکات لامان سەیر بوو کە ئەوە لەکوێوە ئێمە ئەبینن و زانیاری ئەدەن بەو تیرۆریستەی بەهاوەن بۆردومانمان ئەکات، (تانکی)یەکە زۆر بەرز بوو کە لەوێوە ئاوی خواردنەوە بۆ ئەو گەڕەکانە دابەش ئەکرا.

ئاگاداریان کردمەوە کە لەڕێگەی فیشەکی ئاگردارەوە تەقە لە (تانکی)یەکە بکەم بۆئەوەی هێزەکانی پشتیوانی دوو شوێنەکە بدۆزنەوە و لەڕێگەی دۆشکەی (٢٣)ملیمەوە تەقەی لێبکەن، دوای ئەوەی چەند فیشەکێکی ئاگردارم نا بەتانکیەکەوە، دۆشکە (٢٣) ملیمەکە کەوتە تەقەکردن لێی و بەجۆرێك بوو وەك ئەوە وابوو لەحیمی (تانکی)یەکە بکات و هەمووی کون کون کرد کە ئەوانەی لەناویدابون کوژران.

هەر بۆ خۆشی نوکتەیەك جێی گێڕانەوەیە ئەمەوێ باسی بکەم هێشتا شەڕەکە بەیەکجاری کۆتایی پێ نەهاتبوو تۆزێك تەقە هەر مابوو سێتێك (ئاو)و هەندێك میوەم بۆ پێشمەرگەکان هێنا وتم وەریگرن، بەشێك لە پێشمەرگەکان وتیان: سەیدی کوا کاتی ئەوەیە؟؟

پێیانم ووت: نا بەورە بن و وەریگرن.. هەندێکیان ئاویان وەرگرت و هەندێکیشیان میوە، منیش سێوێکم خواردو دوای خواردنی نیوەی سێوەکە نیوەکەی ترم فڕێدا مەترێك پێش خۆم و چەند جارێك بەر زەوی کەوتن ئینجا پارچە سێوەکە

وەستا، لەو کاتەدا پێشمەرگەیەك بەدەنگی بەرز وتی نارنجۆك (رومانە)و خۆی فرێدایە خوارەوە تا من پێم وت مەترسە ئەوە من بووم ئەو پارچە سێوەم فرێدا.

لەو کاتەوە تا ئێستاش وەك نوکتەیەك لەناو پێشمەرگەکان باس دەکرێت. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەم جگە لەهێزەکانی لیواکەمان و هەڤاڵانی پەکەکە، برادەرانی پێشمەرگە لەفەرماندەیی هەڵگوردی هێزەکانی (٨٠)، زۆر هاوکارمان بوون‌و لەبەشێکی زۆری ئەو شەڕانە بەهانامانەوە هاتن.. ئەبێ هەموو ئەو هاوسەنگەرو هەڤاڵانەش ببورن کە ناویانم بیرچوو بێت و لێرە ناوم نەهێنابن..

دوای (١٥) ڕۆژ لەشەڕو برسێتی و سەرماو نارەحەتی، لەشەوی (٢/٣-٢-٢٠١٥) ئەرکەکەمان تەواوبوو، هەڤاڵانی ترمان هاتنە شوێنەکەمان و ئێمەش بۆ پشوودان گەڕاینەوە ماڵەوە، لەڕێگادا لەکاتژمێر (٤:٣٠) خولەکی بەرەبەیان، سەیارەکەمان وەرگەڕا وێڕای ئەوەی سەیارەکە بەتەواوی وێران بوو بەڵام شکور بۆخوا ئەمجارەش سەلامەت دەرچووین.

ئەگەرچی سەیارەکەم لەکاتی ئەرکی پێشمەرگایەتی گەڕانەوە لەسەنگەری بەرگریدا توشی ڕووداو هات‌و لەکارکەوت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٢) ساڵ بەسەر ڕوداوەکە تا ئێستا قەرەبوو نەکراومەتەوە، هەرچەندە میرەی وەزارەتی پێشمەرگە زیانەکەشی خەملاندووە. دوای ئازادکردنەوەی شەنگاڵ، سەردانی ئەو شارە ئازادکراوەم کرد، سەرجەم ئەو شوێنانەم بەسەرکردەوە کە تێیدا شەڕی مان‌و نەمانمان تێداکرد، کە جگە لەبۆنی کلاکی کوژراو و پاشماوەی جەنگ هیچی ترمان نەبینی.

لەبەرواری ١٩-١١-٢٠١٦ بەبڕیارێکی سەربازی پرۆسەی ئازادکردنەوەی دەشتی نەینەوا دەستی پێکرد، ئێمە وەکو فەوجی (١)ی لیوای (٧)ی پیادە کەوتینە میحوەری ناوەران. سەر لەبەیانی (١٩)ی مانگ کاتژمێر (٧)

هێرش دەستی پێكرد، ئامانجی هێرشەكە دابڕانی (باشیك و فازیلییەو عمر قاپچیو ڕۆژبەیانی) بوو لەشاری موسڵ. لەسەرەتادا هەمەرو باجەرو دەبابە و بندۆزەرەكان دەستیان بەجوڵە كرد بۆ پێشەوە، لەناوەڕانەوە ڕووەو ڕۆژهەڵات ڕۆشتن كە مەبەست یەككرتنەوە بوو لەگەڵ میحوەری باشیك كە ئەوانیش لەڕۆژهەڵاتەوە ڕووەو ڕۆژئاوا دەهاتن بەهۆی بوونی بۆمبێكی زۆر، شوێنی یەككرتنەوەمان مەفرەقی (دەراویش) بوو. بەهۆی قەناس بەدەستێكی زۆر هێزەكانی پێشمەرگە لەمیحوەری باشیك گیریان خواردو نەیانتوانی بەتەواوی پلانەكە جێبەجێ بكەن لەلای ئێمەشەوە تا نزیك گوندی (فازیلییە).

ئێمە وەكو فەوجی (١) هێزەكانمان ڕۆشتن بەڵام دوای پرۆسەكە وەستا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لیوای (٧) لەدوای هەمەرو باجەرەكانەوە لەنزیك گوندی (فازیلییە) سەنگەرمان قایم كرد و بۆچەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە كە تەنها ڕۆژئاوامان هێزەكانی پێشمەرگەی لێ بوو، ئەگینا (باكورو باشور و ڕۆژهەڵات) مان بەدەست دوژمنەوە بوو، قۆڵی ڕۆژئاواشمان تەنها بەڕۆژ دوور بوو لەئێمە، مەترسی ئەگینا بەشەو جێگەی دڵنیایی نەبوو وە تەنانەت بۆ هاتوچۆش مەترسی هەبوو هێزەكانمان لەناو سەنگەرەكاندا جێگیر كرد كە نزیكی ئێوارە بوو بەرەبەرە دونیا بەرەو تاریكی دەڕۆشت، دواتر بەشێك لەهێزەكان گەڕانەوە بۆ دواوە چونكە پێویستی بەم هێزە زۆرە نەدەكرد بمێنێتەوە، لەكاتی گەڕانەوەی بەشێك لەهێزەكان (مامۆستا سەیفەدین) كە فەرماندەی سریە بوو لە فەوجەكەمان ئۆتومبێلەكەیان بەر بۆمب كەوتو و خۆی و چوار پێشمەرگەی قارەمان شەهیدبوون، لەبەر تاریكی و مەترسی ڕێگاكە نەمانتوانی ئەو شەوە تەرمەكانیان بهێنینەوە بۆیە بۆ بەیانی توانیمان تەرمەكانیان بهێنینەوە و ڕادەستی كەسوكارەكانیان بكەینەوە.

زۆر بەداخەوە بەدوای لەدەستدانی ئەم هاوسەنگەرانەمان بەڕاستی یەكێك بوو



لەشەوە هەرە ناخۆشەکان، مانەوەمان بۆ چەند ڕۆژێك لەناو ئاگردا کە هەر چواردەورمان دوژمن بوو، پڕۆسەکە دەستی پێکردەوە، ئەوەبوو بەیەك ڕۆژ توانرا هەردوو میحوەری (باشیك و ناوەران) لەمەفرەق دەراویش یەك بگرنەوە. کەواتە ئێستا ١١/٢٣ و ناحیەی باشیك و گوندەکانی (فازیلییە و عمر قاپچی) دابڕێندراون لەموسڵ و داعش گەمارۆ دراوە، دواتر (فازیلییە و عمر قاپچی) و پاشان بەیانی هەمان ڕۆژ بەتەواوی کۆنترۆڵ کرانو تەنها ناحیەی باشیك مایەوە.

٢٧-١٢-٢٠١٦ بڕیاری چونە ناوەوەی سەنتەری ناحیەی باشیك دەستی پێکرد، ئێمە وەکو فەوجی (١)ی لیوای (٧) زنجیرە چیای باشیکمان بۆ دانرا واتە بەشی باکوری باشیك، لە شاخەکەدا چەند تونێلێك و چەند سەنگەرێکی داعشی لێ بوو کە جێگای مەترسی بوونو پێویست بوو بەوریایی مامەڵە لەگەڵ دوژمندا بکەین، زنجیرە شاخەکە دابەشکرا بەسەر فەوجی (٢)و فەوجی (٤) و بەشێکیش بۆ فەوجی (٣)ی لیوای (١١٢)ی هێزەکانی (٧٠). بەشەکەی تر کە نزیکترین خاڵ بوو لەسەنتەری باشیك و تەنها (١٠٠)مەتر دوور بوو لەخانوەکانی ناحیەکە، بۆ فەوجی (١) و فەوجی (٣) ی لیوای (٧) دانرا. کە ئەتوانم بڵێم ئەو ناوچەیە کلیلی ئازادکردنی باشیك بوو.

ئەوەبوو کاتژمێر (٦)ی بەیانی هێرشەکە دەستی پێکرد، زنجیرە شاخەکە زوو ئازادکرا بەڵام ئەو شوێنەی بۆ ئێمە دانرا جێگەی مەترسی بوو وە چەند قەناس بەدەستێك لەو ناوچەیە هەبوون کە بەرگریەکی باشیان کرد، بۆیە دۆشکەیەکمان لەنزیك تونێلەکان جێگیر کرد کە (خەبات حمدامین) ئیشی لەسەر دەکرد کە پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانە. زۆر بەباشی ئامانجەکەی پێکاو ئێمەش بەرەبەرە پێشڕەویمان دەکردو تەقەمان دەکرد بەڵام تیرۆریستان بەرگریان هەر هەبوو بۆیە لەڕێگەی فەرماندەی لیواکەمانەوە هەوڵدرا فرۆکە ئامانجەکە

بپێکێت بەڵام فرۆکە بۆردومانی نەکردو بەردەست نەبوو.
ئیدی شەڕەکە تا دەهات گەرمتر دەبوو ئێمە لەپێشڕەوی بەردەوام بووین‌و تیرۆریستانیش لەبەرگری خۆیان نەدەکەوتن ئەوەبوو پێشمەرگەیەك بەناوی (محمد علی احمد) ناسراو بە (محمد سورە) فیشەکێکی بەر سەریکەوت و شەهید بوو، شەهید (محمد علی احمد) لەسریەی (١)ی فەوجەکەمان پێشمەرگە بوو جگە لەوەی خزمی خۆم بوو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان بوو هەمیشە بیکەیسی بەدەستەوە بوو ئەو ئیشی پێدەکرد.
بەداخەوە دواتر بەهەوڵی (مەلا ڕەشاد) فەرماندەی فەوجەکەمان و (محمد). لەدەستدانی ئەم هاوسەنگەرە قارەمانە فەرماندەی فەوجی (٣) تواندرا نەخشەیەك دابنرێت بەجۆرێك بەشێك لەهێزەکان لەلاوە بۆ ئامانجەکە بچن و بەشێکی تریش بەبیکەیسی و (ئێم فۆر) تەقە لەتونێلەکان بکەن.
دەستمان کرد بەجێبەجێ کردنی پلانەکەو باش لێماندان‌و پاڵپشتیەکانیشمان هاوکارییەکی باشیان کردین، ئەوەبوو توانیمان بگەینە سەر تونێلەکان و تیرۆریستان ڕاونێن، بەڵام کە گەیشتینە بەردەم تونێلەکان ئەم ناوچەیە هەمووی بەبۆمب چێندرا بوو لەناکاو زانیمان کە ئێمە کەوتوینەتە ناو بۆمبەوە هەر چوار دەورمان وایەری بۆمبی چێندراو بوو، کاتێکی زۆر ناخۆش بوو چونکە پڕ مەترسی بوو ئەوەبوو سوپاس بۆ خوا توانیمان بەوریایی و بەئەسپایی لەناو بۆمبەکان بێینە دەرەوە و سەلامەت دەرچووین دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە تیمی ئەندازە توانیان ناوچەکە پاك بکەنەوە، گەیشتینە خاڵی کۆتایی ئامانجەکەو ئەو شوێنەی کە بۆمان دانرابوو توانیمان ئازادی بکەینەوە، بەکۆتایی ڕەوشەکەشدا بەداخەوە پێشمەرگەیەکی ترمان بەناوی (ڕابەر عەبدوڵا) لەفەوجی (٣) شەهید بوو کە یەکێك بوو لەپێشمەرگە هەرە بەتواناکان ئەوەبوو داعش نەیتوانی خۆی بگرێت و ڕایان کرد، لەلای ئێمە (٥)



تونێلی لێ بوو چەکەکانیان لەتونێلەکاندا جێهێشت و هەڵاتن، کە ڕەشاش ژێرسێیەك و قەناسێك و یەك ژێرسێ و یەك ئار بی جی و سێ کلاشینکۆف و زیاتر لە (٤) هەزار فیشەکی بیکەیسی و ژێرسێیان لەدوای خۆیان جێهێشت.

شەڕەکە لەکاتژمێر (٦)ی بەیانی تا (١)ی نیوەڕۆ درێژەی کێشاو توانیمان ئامانجەکە دواتر لەبەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو باشووریش بەرەبەرە هێزەکان هاتنە ناوەوەو تواندرا پێش خۆرئاوابون بەتەواوی باشیك کۆنترۆڵ بکرێت، دواتر بۆماوەی (٣) ڕۆژ هەڵمەتی گەڕان و پشکنین لەناو باشیك بەردەوامی هەبوو تا تواندرا بەتەواوی پاك بکرێتەوە ئەو تیرۆریستانەشی کە لەناو ناحیەکە مابوون شەوانە هەوڵی خۆدەربازبونیان دەدا بەڵام دەکەوتنە بۆسەی هێزەکانی پێشمەرگەو دەکوژران، بەم جۆرە باشیك بەتەواوی ئازادکراو داعش شکستی هێنا


# شەهید پشتیوان

شەهید پشتیوان لەدایکبووی ١-١-١٩٨٦ لەشاری چەمچەماڵ چاوی بەدنیا هەڵهێناوە سەرەتای قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی لەناحیەی شۆڕش سەر بەقەزای چەمچەماڵ تەواوکردوە، شەهیدی نەمرتا پۆلی ٣ی ناوەندی خوێندووەو دواتر وازی لەخوێندن هێناوە لەبەر سەختی ڕۆژەکانی ژیان ئەو بیروبۆچوون‌و هەستی نیشتمان پەروەریە لەبەهاری مانگی ٣ ساڵی ٢٠٠٣ لەسکرتاریەتی بەرێز (مام جەلال) لەبەغداد بووە بە پێشمەرگە، لەتەمەنی (١٥) ساڵیدا بوو هەرچەندە تەمەنێکی زۆر نەبوو بەڵام (شەهید پشتیوان) بەردەوام لەکاری پێشمەرگایەتی بەبێ دابڕان بەشدای لەهەموو شەڕوو ئۆپەراسیونەکانی شەڕی کردووە تاوەکو ساڵی (٢٠٠٩) خۆی بۆ لیوای هێزەکانی (٧٠)ی (عەمید لیوا شێرکۆ) نقل دەکات و بەدڵسۆزی و وورەبەرزی خۆی وەکو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز بەشداری لەهەموو ئەو شەڕانە کردووە کەلەباشووری ڕۆژئاوای کەرکوک ڕوویداوە.

یەکێ لەو بیرەوەریە جوانانەی شەهیدی نەمر لەکاتی بەرگریکردنیان لەخاکی کوردستان لەشەوێکدا کاتێ تیرۆریستانی داعش نزیکەی (١٠٠) مەتر لێیان دووربووە، لەزاری خۆیەوە گوتی نزیکەی ٢-٣ شەو بوو ڕۆشتم بەناو تیرۆریستانی داعشدا، ئاڵای داعشم داگرتووە و ئاڵای بەرزی شەکاوەی کوردستانم دا بە بەینی پێشمەرگەو داعش، وەکو (شەهید پشتیوان) باسی کرد تەنها (١٠٠) مەتریان بەین بوو ئەویش سەدی ئاوی (مەکتەب خالید) بووە.

لەپاشان لەرۆژی (٣٠/٢٩) کە شەڕێکی دەستەویەخە ڕوویداو شەڕ بوو کە (عەمید لیوا شێرکۆ) زۆرێك لەپێشمەرگەکان شەهید بوو لە دوای (٢٤) کاتژمێر

بەرگری ئەمان فیشەكو تەقەمەنیان پێ نامێنێت، پێشتر خۆمان لەكاتی ئەو شەڕەدا زۆر تەلەفۆنمان بۆی دەكرد و دەمانگوت ئاگات لەخۆت بێت دەیگوت خوا گەورەیە بەڵام هەزاران مەخابن نزیكی كاتژمێر (٨)ی سەرلەبەیانی بوو تەلەفۆنی بۆ (كاك هیوا)ی برام كرد وتی ئاگات لەمنداڵەكانم بێت، ئامانەتی تۆو (ئەلەند و ئاروین)ی كوڕم تەنها خۆم ماوم هەموو هاوڕێكانم شەهید بوون.
ئیتر ئێمە وامانزانی شەهید بووە لەپاش گەڕانێكی زۆر و خزمو كەسو هاوڕێ و برادەرانی بێ جیاوازی نە دەنگی هەبوو نە جەنازە، نەماندەزانی مردووە یان ماوە بەڵام لەپاش (٣) رۆژ بەدیل گرتنیان لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە سەعات ١١ی سەرلەبەیانی كە دەیكردە بەرواری ٢-٢-٢٠١٥، چەند وێنەیەكی (شەهید پشتیوان) و هاوڕێكانی داگیران لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە كە لەئەكاونتی تویتەری داعشەوە كە بڵاوكرایەوە ئەم پێشمەرگە مورتەدانە كەوتوونەتە دەستی دەوڵەتی ئیسلامی كە بەویلایەتی كەركوك ناسرابوو كە گوازرابونەوە بۆ (قەزای حەویجە)، لەپاشان دوو هەفتە بەسەر بەدیل گرتنیان تێپەڕی پێشمەرگەكان لەلایەن گەورە تیرۆریستی كوردی خۆفرۆش كە ناسراو بوو بە (مەلا شوان) مقابەلەكران و كە پێشمەرگەكان كرابونە ناو قەفەزەوە بەناو شاری (حەویجە)دا دەیان سوڕاندنەوەو سوكایەتیان پێدەكردن بەڵام (شەهید پشتیوان) بەوپەڕی وورەبەرزی بێ ئەوەی سڵ لەدوژمن بكات هیچ لێدوانو قسەیەكی بۆیان نەكرد.
دواتر بەرواری (١٩-٣-٢٠١٥) كەدەیكردە یەكەم رۆژی نەورۆز خۆیی و (٢) لەهاوڕێ پێشمەرگە دیلەكانی بەجلی پرتەقاڵی و سەری سفركراوەوە دابەزین كە لەشاری موسڵ لەجێگای جیهاز یەكەم پێشمەرگەیان (شەهید هیشام) بوو دواتر (شەهید پشتیوان)ی برام لەدوای ئەو (شەهید ڕزگار) كە ئەمیری تیرۆرستەكان لەسەر هەیەكە لەو سێ شەهیدە كۆمەڵێ قسەی نەشیاویان كرد و





ئینجا بەتیغی چەقۆکەی دەستیان گەردنی بەرزیان لێکرایەوە و بوونە سومبولی ڕەمزی نەورۆز بۆ کوردستان لەشاری موسڵ بە بەرچاوی ئەو شارەوە شەهید کران، مەخابن بۆ هەتا هەتایە چوونە کاروانی نەمرانەوە.

(شەهید پشتیوان) جگە لەو ڤیدیۆیەی کە بڵاوکرایەوە هی مردنی هیچ گۆڕو مەنزڵگەیەکی نییە تا ئیستاش چاوەڕوانی تەرمی پیرۆزی ئەوین، (شەهید پشتیوان) لەهۆزو تیرەی هەمەوەندەو لەساڵی (٢٠٠٨) هاوسەرگیری کردوە لەپاش خۆی دوو منداڵی کوڕی بەناوەکانی (ئەلەندو ئاروین) بە کوردستان بەخشی.

من وەکو خۆم ڕۆژانە ژمارەی موبایلەکەی لام خەزنە تەلەفۆنی بۆ دەکەم و دەڵێم خوایە تۆ بڵێی هەڵی بگرێتو بگەڕێتەوە، ئەوەی لای من زۆر زۆر قورسە هەرگیز لەیادم ناچێت ئەو شەوەی کە (شەهید پشتیوان) شەهید کرا من نەمزانی دواتر کە بەیانیەکەی سەعات (٦) بوو هاتمەوە سەیرم کرد باوکمو براکانم لەبەردەگای ماڵەوە دەگرین، وتم توخوا چی بووە من هەواڵێکم پێیە کە گوایە دەڵێن دیل بەدیل کراوە باوکم بەچاوی پڕ فرمێسکەوە وتی براکەت ئەمشەو شەهید بووە، ئیتر من ئەو چرکەساتە هەموو دنیا لەبەرچاوم تاریکبوو لەوەش ناخۆشتر کە گوێ بیستی ئەوەبووم کە گوایە بەچەقۆ سەر براوە، ڕاستە زۆر قورسە بەڵام ئێمە وەکو خانەوادەیەکی ئەو پێشمەرگە دیلە زۆر سەربەرزین چونکە خاوەن ئەو شەهیدە سەربەرزەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ین.

لەکۆتاییدا دەڵێم هەرگیز ڕێبازەکەی تۆ بەرنادەین هەڵگری چەپکە گوڵەکەی مامی بەڕێزمان (مام جەلال)و یەکێتی نیشتمانی کوردستانین هەمووبمان بەتۆوە سەربەرزین تا دڵۆپێك خوێن لەلەشماندا بێت وەکو تۆ بەرگری لەخاکی کوردستان دەکەین.



پەیمان خوشکی شەهید پشتیوان بەکڵپەی گریانەوە بیرەوەریەکانی گێڕایەوە:
یەکێك لە خۆشترین بیرەوەریەکانی (شەهید پشتیوان) ئەوەبوو دایم دەیوت من و تۆ لە شێوەدا لەیەك دەچین تەنیا جیاوازیمان ئەوەیە کە تۆ کچی و من کوڕم، ئەیوت لەبەغیرەتیو ئازایەتی لەمن دەچی لەشێوەدا لەیەك دەچین تەنیا جیاوازیمان ئەوەیە کە تۆ کچی و من کوڕم زۆربەی کات بەناوی خۆم بانگی نەدەکردم هەر پێی دەوتم مەلای خوشکم قەت ئەو قسەیم لەبیرناچێتەوە ئازاری زۆرە (شەهید پشتیوان) کوڕێکی بەڕەحم بوو یادگاری زۆرە ئێمە چوار خوشكو چوار براین لەهەموو شوێنێك پەنجەو یادگاری لەمماڵەدا دیارە، (شەهید پشتیوان) دوو کوڕی هەبوو بەناوی (ئەلەند و ئاروین) تەمەنیان دوو ساڵ و پێنجساڵانن، تائێستاش نازانێ باوکی شەهید کراوە دەبێت ڕۆژانە یەکێك لەماڵی خۆمان خۆی بکردایە بەباوکی و قسەی لەگەڵ بکردایەو ئەڵێت باوکە کەی دێتەوە لەشەڕ چاوەڕێتم.
هیوادارم وەك ئەوان چۆن وەفادار بوون بۆ خاکی کوردستان بەخوێنی خۆیان جارێکی تر مێژووی کوردستانیان نووسی و سەری خۆیان کردە قوربانی و ئەو خوێنە پاکەیان بۆ کوردستان ڕژاند، هیوادارم هەموو بەرپرسو سەرۆکەکان ئازارەکانی ئەم شەهیدانەو کەسوکاری شەهیدیان بیرنەچێت تەنها بۆ خۆدەرخستنیان نەبێت لەسەر شاشەکان بڵێ ئێمە شەهیدمان داوە معاناتی کەسوکاری شەهید بزانن چۆنە.

# عميد كاوه توفيق محمد صاڵح

من عەمید كاوه تۆفیق محمد صاڵح خەڵكی شارەزوور فەرماندەی لیوای (٥) ئێستا برینداارم لەماڵەوە، كە ئەمڕۆ (٩-٧-٢٠١٧) ئێمە لە تەشكیل كردنی ئەم هێزانەمان كە دەستی پێكرد لەمانگی ٨-٢٠١١ فەرمانی تەشكیل كردنی لیواكەمان دەرچوو لیوای (٥) پیادە ئەو فەرمانی لیوای (٥)مان كە دەرچوو ئێمە لیوایەكی تێكەڵە بووین پێكهاتەی هەموو حیزبەكان بوو سەر بەوەزارەت پێشمەرگە بوو لە ٢٠١٢ وەزعی ئێمە لەگەڵ عێراقدا تێك چوو كە وەزعمان لەگەڵ عێراقدا تێكچوو ئەو كاتە نوری مالیكی ڕەئیس وزەرای عێراق بوو سوپای عێراق عەمەلیاتی دیجلەی دروست كرد كوردیش ئەو عەمەلیاتەی پێ خۆش نەبوو لەبەرئەوەی تەهدیدی ناوچە كوردیەكانی دەكرد فەرمانی ئیمەیان دەركرد گواستیانەوە بۆ مەنتیقەی كفری كە فەرمانیان دەركردین، گوازراینەوە بۆ مەنتیقەی كفری لەو مەنتیقە بووین دوای ئەوە، قەرەتەپەو جەبارەو مەنتیقەی كوڵەجۆیان پێ سپاردین هێزەكانمان لەو مەنتیقە بڵاوەی كردوو سەنگەرو ڕەبیەمان لەو مەنتیقە دروست كرد لەناوچە تەماسەكاندا كە ڕووبەڕوی سوپای عێراق بوو بۆماوەی دوو ساڵ ئێمە لەوێ ماینەوە، ئێمە لەوێ جێگیر بووین ئەو ناوچانەی كە ناوچەی كوردستانی بوون ئێمە پاراستمان.

بەشێكی تریش بەدەست جەیشی عێراقەوە بوو كە پێشتر هێزی ئێمە لەخوار ئەو شوێنە بوو كە ئێمەی تیابووین ئەوكاتە لە ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٠٩ كێشەیەك دروست بوو لەوكاتە هاوپەیمانان كەمێك هێزی ئێمەیان گەراندە دواوە لە قەرەتەپە، ئیتر ئێمە چووینە ئەو شوێنانەی كە مەبەست بوو كە لەمانگی ٦-٢٠١٤ سەرەتای دەست پێ كردنی داعش هاتو موصلی داگیركرد ئێمە لەو ناوچانەدا بووین،



جەیشی عێراق لەماوەی چەند شەوو رۆژێکدا فەوری توایەوە لەو ناوچانەدا لەهیچ شوێنێکدا نەما، ئەوەی رای کرد رایکرد ئەوەی خۆی تەسلیم کردو ئەوەی چەکەکەی جێهێشت زوربەی چەکانیان دەست عەرەبە سونەکان کەوت، کە زوربەی چەکەکان دەست عەرەبە سونەکان کەوت ئێمەش ئەو شوێنانەی کە زیاتر کوردستانی بوو دابەزینە خوارەوەو ئەو شوێنانەمان زیاتر چڕتر کردوو قایم ترمان کردن ئەوەی کە جەیشی عێراق چۆڵی کرد رەبیەکانی ئەوانیشمان پڕ کردەوە لەدوای ئەوە ئێمە هەر لەو ناوچەی قەرەتەپەو کوڵەجۆ بووین، ئەو کاتەی شەڕی جەلەولا دەستی پێ کرد لیوای (٣)تیابوو لیوای (٣) پیادە ئەویش هەر وەزارەتی پێشمەرگە بوو ئێمە لیوای (٥) بووین ئیتر بۆماوەی (١٥) رۆژ لیوای (٣) وەزعی خراپ بوو لەناو جەلەولا داوای هێزێکی ئێمەشیان کرد بچین بەهانایانەوە ئەوەبوو ئێمەش لەهەر چوار فەوجەکەی لیواکەمان هەر فەوجێك و سەد کەسمان هەڵبژاردوو چوار سەد بۆ پێنج سەد کەسێکمان ناردە ناو جەلەولاوە ئیتر بەردەوام شەرەکە رۆژ لەگەڵ رۆژ گەرمتر دەبوو کە جەلەولا بەشێکی زۆری بەدەست داعشەوە بوو بەشێکی بەدەست هێزی پێشمەرگەوە بوو ئەو بەشەی کە بەدەست داعشەوە بوو بەرزاییەکانی موسەیتەر بوو بەناو کۆڵانو بازاڕەکاندا رۆژانە خەڵکیان دەکوشت و پێشمەرگەیان شەهید دەکرد خەساریان زۆر ئەدا ئیتر ئێمە قەرارمان دا شەوێك دوانزەی رەمەزانی ٢٠١٤ بوو هجومان کرد ئەو ناوچە بەرزانەمان گرت کە بەدەست داعشەوە بوو، موسەیتەر بووین بەسەر ناوچەکانی ئەوانداو ئەوان تەجنیدیان بەدەستەوە مابوو، ئێمە بەرزاییەکانی وەحدە و حوریەمان گرت ئەوەبوو ئیتر لەوێ ماینەوە، ٣٠ سەعات شەڕمان کرد تا ئەو شوێنەمان گرت.

دوای ٣٠ سەعاتەکە من سنگم بریندا بوو فیشەکێك دای لە سنگم لە پشتمەوە دەرچوو ئەوکاتە ئامر فەوج بووم جێگرەکەشم هەر لەپاڵ خۆمدا گولەیەك دای

لەورگی بە بەرچاوی خۆم دیم گۆشتو بەز هاتە دەرەوە، دوایی وتم ئەوە چی بوو دوایی کە برینداریەکەم تۆزێك باش بوو تۆزێك گورچیلەشی هاتبووە دەرەوە لەسەربانێکی بەرزەوە کە پێیان دەوت بورجەکە لەوێ بووین لەگەڵ خۆمدا بەبرینداری بەئیسعافێك گەڕاینەوە هاتینەوە کەلار و لەوێشەوە نەقڵیان کردین بۆ سلێمانی ئەو ماوە کەمن بریندار بووم لەماڵەوە بووم نزیك جەژن و دوای جەژنی رەمەزان داعش هجومی کرد جەلەولای تەواو کۆنترۆڵ کرد و هێزەکانی ئێمە کشانەوە دواوە بۆ دەرەوەی جەلەولا منیش کە بریندار بووم دەوری (٤٠) رۆژێك لەماڵەوە بووم دووبارە چوومەوە بۆ جەبهە کە چوومەوە جەبهە ئیتر بەردەوام لە جەبهەکاندا بووین نزیکی جەژنی قوربان بوو ئەو کات کاك محمود سەرپەرشتی دەکرد کاك محمود پێشتر مەسئولی میحوەری گەرمەسێر بوو کە رۆیشتە دەرەوە کاك مستەفا سەرپەرشتی ئەوێی دەکرد کە کاك محمود گەڕایەوە سەرپەرشتی دەکرد، پێش جەژنی قوربان کۆبونەوەیەکی پێ کردین کاك محمود سەنگاوی پێی وتین کە بەرنامەیەکی داعش هەیە دەیانەوێت هجومێکی گەورە بکەن، ئەو ناوچانەی کە بەدەست خۆمانەوەیە گوایە کوباشی داعش بیگرێت لەبەرئەوەی لەم جەژنی قوربانە زۆر وریابن، ئەوەبوو من دەوری ٢٠ رۆژ بوو دانەبەزی بووم وتم مادام هجوم دەکەن جەژنی قوربانیش دانابەزم هەرلەوێ دەبم، جەژنی قوربانیش یەکەم رۆژو دوهەم رۆژو سێهەم رۆژ نەکرا چوارەم رۆژی جەژنی قوربان بەشەو هجومیان کرد لە (١١–٢٠١٤) ئاگاداریان کردین سەعات ١٠ی شەو هجوم دەستی پێکرد، ئێمە رۆیشتین بەدەم هێزەکەوە کە ڕۆیشتین چەند شوێنێکمان لە جەبهەکان لەخوارو دەورو پشتەوە چۆڵ کرد بوو بەپەلە (٦٠) کەسێکم لەگەڵمدا بوو شوێنەکانمان پڕکردەوە ئەو شوێنانەی پێشمەرگە چۆڵی کرد بوو گرتمانەوەو پڕمان کردەوە لەپێش بەنزینخانەکەوە وتیان زەختێکی زۆرمان لەسەرەو فیشەکیشمان کەم بۆتەوە منیش سەیارەم



پێ بوو فیشەکیشم پێ بوو کە چووم بچم بەدەمیانەوە نەمزانی داعش دزەی کردوەو پێشتی گرتوون، هەر لەجادەکە کاتێکم زانی ئارپیجیەکیان لێداین ئیتر من ١٠ کەسم لەگەڵدا بوو لەناو سەیارەکەدا مێکزەمینی بوو، گڕەکەم بینی کە پێیانەوە ناین کە دای لێمان تەقیەوە، کە گڕەکەم بینی بەشەوقی گڕەکە زەلامەکانم بینی کە پێیانەوە نابووین، دابەزیمە خوارەوە زانیم بریندار نەبوم باشم بەڵام وەزعم خراپ بوو سەوتی زۆر گەورە بوو کە لێی داین لەسەیارەکە وامزانی هەر من ماوم کە تەقەم کرد لەدوو سێ کەسەکە، کەس نەجوڵا لەناو سەیارەکە کەبانگم کرد سەیرم کرد هەموویان ساغن وتم دابەزنە خوارەوە ئیتر لەپەستا فیشەکیان ئەدا لەسەیارەکە، تەقەی ئەهات فیشەکەکان شەو بوو دابەزینو ئەو شەوە شەڕمان کرد لەویادا و سەیارەکەمان هەرچی تەقەمەنی بوو دامانگرتو وتم تەقەمەنیەکان دوور بخەنەوە چونکە گڕداریان پێوەدەنا وتم گڕ دەگرێ، کەمێك لەسەیارەکە دوورکەوتینەوە هەر فیشەکیان پێوەدەنا وتم تەقە مەکەن وتیان بۆ وتم ئێمە تەقە بکەین بێ سودە بابێنەسەر سەیارەکە ئێمە تازە سەیارەکەمان شکاوە باوابزانن کوژراوین بابێنە سەرمان ئەوسا لێیان ئەدەین.

لەو کاتەدا تەقەمان نەکرد کاتێکمان زانی بە (الله اکبر) هاتنە سەر جادەکەو سەر سەیارەکە ئیتر بەدەستڕێژ لێمان دان، لەوی کە لێمان دان زۆر پێی شکان، (٨)سەعات شەڕمان کرد تا شەبەقی دا ئیتر خوێنیان زۆر ڕژابوو ئیتر ئەو شەوە بەڕاستی هێزەکەی ئێمە سەرکەوتو بوو و شکان بەڵام تەرمیان لەجێی خۆیان جێ نەهێشتبوو بەڵام خوێنەکانیان دیاربوو ڕژابوو، دوایی کاك محمود سەنگاویمان بینی وتی (١٤) کەسیان کوژراوە ئەو شەوە ئێمە کەسمان شەهید نەبوو بەڵام (١٢) پێشمەرگە بەهی خۆمانو جەبهەکانەوە بریندار بوو، خۆشم ئەو شەوە هەردوو پەردەی گوێچکەم تەقی بوو ئیتر ئەو ماوە ماینەوە

لە جەلەولا تا مانگی (١١)، مانگی (١١) ئەوەبوو هێرش كرا هێرشێكی گەورە بەرنامە دانرا كە سعديەو جەلەولا بگیرێتەوە لەگەڵ عێراقدا، ئەوەبوو هێرشەكە كرا هەموو ناوچەكانی جەلەولا بەتەواوی ئازاد كرا، هەوڵو هیمەتی هەموو هێزە كوردیەكانی تیابوو.

لەهەموو لاكانەوە بەرگری فریاكەوتن هێزە تایبەتەكانی خۆم و تایبەتەكان بوو، بەعام هەموو هێزی تیابوو هەمووی بەشداری هێزی پشتیوانی دوو دەوری باش بوو چونكە ئێمە وەكو قوڵی خۆمان كە داخڵی جەلەولا بووین دەبابەو هامەری هێز پشتیوانی دوومان لەگەڵدا بوو لەهەر خانویەك مقاوەمەبوو تۆپێكی لێ ئەدا مقاوەمە نەئەما ئێمەش بەردەوام دەستمان بەلولەی تفەنگەكانمانەوە بوو بۆئەوە سەری زەلامێك دەربهاتایە ئاربیجیەك بدات لە دەبابەكە نەمان دەهێڵا سەر بەرزبكاتەوە بەو شێوەیە ئێمە لەقوڵی خۆمانەوە داخل بووین لەقوڵەكانی تریشەوە زۆر بەسەركەوتویی هەموو هێزەكان داخڵ بوو.

ئەو رۆژە تا نیوەرۆ هەموو جەلەولا كۆنترۆڵ كراو ئازادكرا پاش هەفتەیەك لە جەلەولا ماینەوە وەزعی كەركوك خراپ بوو، لیوای (٦) لەتەلوەرد بوو هێرشێكیان بۆ كردبوو هێرشەكەی (٦) شكابوو و شپرزەبوون داوایان كرد ئەم لیوایەی ئێمە بچێت جێی لیوای (٦) بگرێت بۆ مانگێك بۆئەوەی لیوای (٦) خۆی رێك بخاتەوە دوایی بێتەوە جێگای خۆی.

ئەوەبوو ئێمە بۆ مانگێك چووینە تللورد چەند جار لە تللورديش هێرشیان بۆ كردین، ئێمە هێرشەكانمان دەشكاند نەمانهێشت لەیەك سەنگەرمان نزیك بنەوە لەدوای ئەوە لیوای شەش مانگەكەیان تەواو كرد ئێمەیان بەدل كرد وتیان ئێوەش برۆن بۆ مانگێك ئیسراحەت بكەن دوایی جەبهەیەكتان ئەدەینێ ئەوەبوو دە رۆژ بوو لەماڵەوە بووین شەو تەلەفۆنیان بۆ كردم وتیان بەپەلە فریاكەون وەزعی كەركوك لەخەتەردایەو هێرشی كراوەتە سەر چۆن



دەکرێت بەچەکەکانتانەوە پێمان بگەن ئێمەش ئەوەی پێمان کرا بەچەکو سەیارەکانمانەوە بردو ڕۆیشتین بۆ هەر کەسو بەرپرسێك تەلەفۆنمان دەکرد دەمان وت چەند کەس لەگەڵ خۆتدا بهێنەو بابڕۆین، ئیتر ئەوەبوو ڕۆیشتین بەیانی زوو شەبەقیدا گەیشتینە کەرکوك، سەیر دەکەین لەناو کەرکوکیشدا شەڕەو تەقەیە، خەڵکی کەرکوکم بینی هەموو باڵەخانەو بەرزیەکانیان گرتبوو پێیان وتین و بانگیان کردین وتیان ئێوە لامەدەن ڕاستەوخۆ بڕۆن بۆناو جەبهەکە بۆ خوارەوە ناو کەرکوك لەسەرو ئێمە ئیتر دیاربوو ناو کەرکوك مەفرەزەی تیابوو لەچەند باڵەخانەیەك شەڕ بوو.

ئێمە ڕۆیشتین کاتێکمان زانی سەیردەکەین لە تەللوردا شەرە لەمەنیقەی مەلا عبداللە شەرە لەخوارتر لەمەکتەب خالید شەڕە لەخوار مەکتەب خالیدیشەوە لای مریەم بەگیش شەڕبوو لەو قۆڵانەشەوە هاتبوونە پێشەوە شەڕ بوو بەڵام زیاتر لە مەکتەب خالید و تللورد و لەمەلا عبدالاوە زۆر پێشڕەویان کردبوو.

داعش ئەوەبوو تا ئێمە گەیشتبوینە تللورد تەیارەی هاوپەیمانان خەساری زۆری لێدابوون، چەندین داعشم بینی هەر بەکۆمەڵ کەوتبون تەیارە کوشتبونی ژماردمانن (٤٠) کەس کوژرابون وتیان بەپەلە بگەڕێنەوە مەنتیقەی عەسەلیە و مەلا عبداللە بڕێك پێشمەرگە لەوێ محاسەرەیە فریایان بکەون ئێمەش ڕۆیشتین گەڕاینەوە بۆلای مەلا عبداللە ئەوەبوو بارانێکی زۆر باری لای عەسر زۆر شپرزەی کردین زۆر تەڕبووین بەڵام هەر بەو تەڕیەشەوە ڕۆیشتین، نزیك گوندی عەسەلیە بوینەوە کە ئێستا مقەری لیواکەی ئێمە لەعەسلیەیە لەوێ دەستمان کرد بەشەڕکردن، داعش مقاوەمەی لەگەڵدا کردین وتمان باکەمێك تاریك بکات شەو دەچینە ناو عەسەلی کاتێکمان زانی ئاگادار کراینەوە وتیان هێزەکەتان بگەڕێننەوە دواوە، وتمان بۆ بگەڕێینەوە دواوەو وتیان هاوپەیمانان ئەڵێن بیگەڕێننەوە دواوە بۆئەوەی تێکەڵ نەبن لەگەڵیاندا بەتەیارە لێیان ئەدەین

ئەوەبوو ئێمە چەند سەد مەترێك هاتینە دواوە.

ئەو شەوە تا بەیانی تەیارە زۆر بەجوانی قەسفی کردن یەعنی تەیارە قەسفێکی بەقوەتی کردن، بەیانی شەبەقی دا هجوممان کرد سەیرمان کرد تەیارە زۆری لێ کوشتوون ئەوەش کە مابوو ڕای دەکرد لەو دەشتەدا پێشمەرگە کوشتی، چەندین کەسیان لەو دەشتەدا دەرنەدەچوو لەدەست پێشمەرگە، بەرەحمەت بێت شەهید (حسین مەنصور)یشمان لەگەڵدابوو ئەو کاتە ئەویش بەناقیلەو دەبابەکانەوە لەگەڵماندا بوو، ئیتر هێزەکەی ئێمە هێزی پیادەبوو لەپێشەوە دەڕۆیشت من خۆم لەگەڵ کاك حسین دا بووم پێکەوە ناقیلەیەك لەپێشمانەوە بوو تەق و هوڕی فیشەکی داعش ئەیدا لە ناقیلەکە بەحاڵ گوێمان لەسەوتەکەی بوو ووتم کاك حسین بچینە ئەودیو ساترەکەوە لەبەرئەوەی لەهەموو لایەکەوە داعش هەیە ئێمە خۆشمان بدەینە پەنای ئەم ناقیلە سودی نیە لەلایەکیشەوە دەمانکوژن با بەدیوی ساترەکەدا خۆمان بڕۆین وتی باشە من چوومە دیوی ساترەکە ئەو هەر نەهات، ئیتر من بەدیوی ساترەکەوە گەیشتمە ئاخر نوقتەی پێشەوە سەر چەمەکە سەر ئاوەزۆرەکە لەوێ چەند دەقیقەیەك شەڕمان کرد لەوێ کاك حسین یش بەدەبابەکانەوە هات ئیتر شەڕی ئێمە بووە ئەمبەری ئاو بۆ ئەوبەری ئاو، ئەو ئاوە ئاوێکە لەخەتی دوکانەوە هاتووە بۆ مەنتیقەی داقوقو ئەوەندەم ئاگا لێ بوو تەقەم دەکرد لەسەنگەردا گولەیەکی دایە بەردەممدا پێشمەرگەیەك ڕای کێشامە خوارەوە وتی گولەیەکی دایە بەردەمت خۆم ئاگام لێ بوو بەس گوێم نەدایە کاتێکم زانی کاك حسین یش سەری هەڵبڕی لەتەنیشت منەوە هەر ٥-١٠مەتر لەولا منەوە بوو سەری هەڵبڕی بزانێ لەچ خانویەکەوە تەقەیە لەوبەرەوە بۆ ئەوەی بەدەبابەکە بڵێ تۆپێکی لێ بدات سەری هەڵبڕی و سەیری کردوو گەڕایەوە گولەیەك دای لەسەری و شەهیدی کرد هەر لەپاڵ مندا بەپەلە سوار مێك زەمینیەکیان کردو دیاربوو لەڕێگەدا



گیانی دەرچوو، ئەوەبوو ئەو شەڕەمان تا ئەو کاتە کرد ئەوەبوو کاك حسین لەویادا شەهید بوو ئاخر نوقتەبوو وتیان ئیتر بوەستن لێرە مەچنە ئەوبەری ئاو، ڕێمان نەبوو پردەکەیان تەقاندبوەوە ئیتر سەنگەرەکانی پێشووی لیوای (١١) بوو ئێمە مریممان گرتەوە دوای ئەوە هێزەکەی ئێمەیان تەوزیع کرد لەو جەبهە بەشێکمانیان ناردبوو بۆ مەنتیقەی خەبازە، دوو فەوجیشمان ڕۆیشت بۆلای مەنتیقەی شیرین ئاوا لەرێگەی خەرابە روت لەوێ ماینەوە تا مانگی ٧-٣ لەدوای ئەو بەرنامەی هێرش دەستی پێ کرد ئەوبەری ئاویش بگرین‌و ناحیەی مەلا عبدولاّ کە پێی دەڵێن مەلا عەبدولاّو مل تەقاو سمائل ئاواو سەخرەو نزیك (٤٠) دێیە بەدیوی ئێمە و ئەوانە بگرین ئەوبەریش بەدیوی تللوردا هێزەکانیش لە ئەودیوی تللورد بپەڕنەوە، ئەوانیش مەنتیقەی ئەولا بگرن بەمەسافەیەکی زۆر، ئیتر ئەوەبوو عەمەلیەکە دەستی پێ کرد ئێمە بەرزیەکانی پشت خەرابە ڕوتیان دابەئێمە بەرەو مەنصوریە وتیان ئێوە شەبەق دان ئەو بەریان دەگرن تاسەر ئاو ئیتر وتیان ئەوە سنوری ئێوەیە، ئەوەکانی تریان دانا بۆ هێزەکانی تر دێهاتەکان بگرن.

ئێمەش ئەوەی پێیان سپارد بووین وەك خۆی جێبەجێمان کرد کە شەبەقی دا رۆژ بوەوە داعش چاوی کردەوە سەیر دەکات هەرچی هێز هەیە پشتیان گیراوەو هێزی پێشمەرگە دوای ئەوانی گرتووە ئیتر دەبابەو ناقیلەو هامەرو هێزی تر هاتن، دێهاتەکانیان تەواو کۆنترۆڵ کردو گیرا ئەوەی ڕای کردبوو پێشتر ڕای کردبوو وە ئەو داعشانەی مابونەوە کوژران و ئەو مەنتیقەشمان گرت لەدوای ٣-٩ ئیتر ئێمە هێزمان سابت کرد لەوێ تەوزیعی هێزەکەمان کرد، سەنگەرەکانمان لەو شوێنانەی کە ئەو بەرەبەیانە پێیان سپاردبووین گرتمان، هەر ئەو مەنتیقە لەگەڵ لیوای (٢) ئەو سیلسیلەمان گرت تا سەر ئەو ئاوەی خەتەکەی دەچێت بۆ حەویجە تا پێی دەڵێن مەنتیقەی سەدەو

پشتی مەنصوريە ئەوەمان تەواو كرد، دوای ئەوە چەند جارێك داعش هێرشی دەكرد بۆ سەنگەرەكانمان ئێمەش تێكمان دەشكاندن هەر ئەو ساڵە دوای ماوەيەك فەوجەكانمان فەوج فەوج هاتينەوە بۆ دەورەی مەشقی هاوپەيمانان لە بەرتلە شەڕی كۆلان بەكۆڵان، ئەوەبوو فەوجی (١) و فەوجی (٢) و فەوجی (٣) مەشقی كرد بەڵام فەوجی (٤) نەيكرد دوای ئەوە لەمانگی (٣٠-٩-٢٠١٥) وتيان هێرش دەست پێ دەكات ئەوەبوو هێرشەكان بەرنامەيان دانا ليواكەی ئێمە مەنصوريەيان بۆ دانابن، مەنصوريە وەك دەڵێيت گوندێكە بەڵام مەنصوريە موجەمەعێكە (٦٠٠) خانوو بوو، موجەمەعەكە بەناوی گوندەكەوە بوو، گوندەكە لەوبەری چەمەكەوە بوو گوندی مەنصوريە ئەميش موجەمەعەكەی بوو، ئەوەبوو بەرەبەيانی هێرشمان بۆ كرد كە هێرشمان كرد ئەو شەوە كە بەرنامەمان دانابوو بەباشی ڕۆيشتينە ناو مەنصوريەوە نزيكی مەنصوريە بووينەوە وەكو پێويست تەيارەی هاوپەيمانان قەسفی بۆ نەكردين، بەڵێ ڕەسەدی هاوپەيمانان لەگەڵدا بوو ئەوەی كە پەيوەندی بە تەيارەوە بوو بەڵام قەسفی شوێنەكانی تريان زياتر دەكرد ئێمە وەكو پێويست چەكی قورسمان پێ نەبوو دەبابەو هامەر تەنيا دوو هامەريان داپێمان، هامەرەكانيش نزيكی مەنصوريە بوينەوە ئەوان نەهاتن چەند سەد مەترێك لەدووری مەنصوريە وەستان ئيتر هێزەكەی ئێمە داخڵی ناو مەنصوريە بوو كەداخل بوون لەدواوە زەخت كەوتە سەر هێزەكەمان، كە زەخت كەوتە سەر هێزەكەمان هێزەكەمان كەمێك شكا، كشاينە دواوە و هەر خۆم مامەوە لەنزيكی مەلعەبەكەدا بووم جەماعەتم لەگەڵدا بوو مامەوەو وتم وەك پێويست داعشی تيا نەماوە هەر دەچينە ناويەوە.

خەبەرم زانی وتيان چەند پێشمەرگەيەك لەناو مەنصوريەيە شەهيدو بريندارێشمان هەيە ساغيش لەناو خانوەكاندا ماوەتەوە.



ئەوە بوو دوبارە خۆمان بەڕێ خست داوامان کرد کۆمەڵێك پێشمەرگەی باشتر هاتە خوارەوە بۆلامان لەبەرزیەکانەوە هێرشمان کرد، چوینە ناو مەنصوریە بەڵام ئاگام لێ بوو خەڵکی تریش لەدوور لەبەرزیەکانەوە کە ئێمە گەیشتینە ناو مەنصوریە هات، خەڵك‌و هێزێکی زۆر بەدەممانەوە هاتن بەڵام تا هێزەکە هات ئێمە چوینە ناو مەنصوریە کە لەکتێبەکەی پێشوو باسی دەکات و دەڵێ واچوین بەدەمیانەوەو شوێنەکەمان گرت.

ئێمە بەنیو سەعات لەناویا بووین ئەوکات ئەوان هاتوون یەعنی حەزم نەکرد زیاتر باسی بکەم هەندێکیان برادەرمن دەیانناسم کە چوینە ناو گوندەکەوە و ناحیەکەوە لەوێ هێزمان تەوزیع کرد لە پەستا پێشمەرگە هات وتیان پێشمەرگە جێماوە لە کوێن هەر چیمان کرد نەمان دوزیەوە چەند مەفرەزەیەکم نارد، کۆڵان بەکۆڵان دەگەڕان نەیاندەدۆزیەوە بەهەزار حاڵ دۆزیماننەوە، ئیتر دۆزیماننەوەو شەهیدەکانمان برد و بریندارەکانمان بردن، ئەوانەشی کە جێ مابوون هەمومان دۆزینەوەو گەڕاندماننەوە دواوە، ئێستاش ڤیدیۆی ئەو شەڕەمان هەیە کە چۆنە.

ئیتر هێزمان تەوزیع کرد تا مەغریب هێزەکەی ئێمە زۆر هیلاك بوو، مەنصوریەش زۆر گەورە بوو پەیوەندیمان بەکاك ڕزگارو دکتۆر کەمالەوە کرد وتیان مهیم نیە، تاریکی کرد شەو هێزەکە بهێننەوە سەرەوەو بەیانی دەچینەوە خوارەوە ئەوەبوو شەو هێزەکەمان هێنایەوە سەرەوەو ئاگرمان کردەوە لەچواردەوری ماڵەکان تایەمان سوتاند وابزانن هێزی لێیە بەیانی چوینە خوارەوە ئیتر دەستمان کرد بە عەبووە هەڵگرتنەوەی ناو ماڵەکان و عەبوە تەقاندنەوە بۆئەوەی ناوچەکە پاك بکەینەوە، ئەوەبوو چەند ئەفسەرو پێشمەرگەیەك هەبوو ڕۆژی سێیەم شەهید بوون لەوێ چونکە هەموو خانوەکانیان (TNT) ڕێژ کردبوو کە پێشمەرگە چووبوو تەختیشی کردبوو، جەماعەتی هەندەسە پێیاندا

تەقیەوە عەبووەیان هەڵگرتبوو شەهید بوو، رۆژێکی تریش چوار دانە شەهید بوو ئەوەبوو لەناو مەنصوریە (٧)دانە شەهید بوو، ئەوەبوو مەنصوریەش کۆتایی پێ هات دوایی بڕیارێك دەرچوو وتیان بگەڕێنەوە دواوە بۆئەوەی مەنصوریە خەتەکەی زۆر لەپێشە بێنە دواوە بۆخەتی خۆتان لەبەرئەوەی هێڵەکە لەدەست دەرنەچێت.

ئەوەبوو ئەو زستانە ماینەوە لەوێ دوای زستان لەدەمەو بەهاردا هێرشیان کرد چەند جارێك هێرشیان کرد بەلاّم ئەم هێرشەیان زۆر گەورە بوو بەشۆڤڵو هامرەوە کردبوویان شوڤڵەکەشیان درع رێژ کردبوو لەنزیکی فەجی (٣)مان سەرکەوتوبوون من لەماڵەوە بووم تەلەفۆنیان بۆ کردم وتیان هێرش دەستی پێ کردووە برادەرێك لەپێشمەرگەکان وتی بۆیە تەلەفۆنم بۆ کردی دەنگی شوڤڵ دێت منیش بەپەلە ئەوەی پێم کرا هێزێکم رێکخست و سەد کەسێك لەگەڵمدا هات، بەپەلە گەیشتمە ئەوێ سەعات دووی شەو بوو کە چووین سەیر دەکەم شەڕە کەنزیك بومەوە وتم ئەوەچیە ئەو ئاگرە وتیان وابزانم تایە کۆنو پوشکەیە سوتاوە منیش کامێرایەك هەیە لەنەوتەکە تەلەفۆنم بۆ کرد وتی شۆڤلێك و هامەرێك سوتاوە وتم چۆن تایەیە، کە سەیر دەکەین شۆڤڵەو گری گرتووە ئارپیجی لێی داوە لەگەڵ هامەرەکە.

لەو شەڕەشدا باش بوو پێشمەرگەکانمان سەرکەوتوو بوون و شەهیدیشمان نەدا دوای ئەوە ماوەیەکی زۆر ماینەوە لەوێ لیوای (٦) لەمەنتیقەی زەرگە بوو هاواریان لێ هەستا هەر داوای لیوای (٥)یان دەکرد دوجار لیوای (٦) کۆدی ئێمە ئەمجارە وتمان نایگۆڕین.

وەزارەت ئەمری دەرکرد وتیان بچن وتیان بچن بۆ ماوەی (٣) مانگ دوای ئەو لیوای (١١) دەنێرین سێ مانگ سێ مانگ یەکتری بەدل بکەن لەگەڵ لیواکانی تردا ئەوەبوو ئێمە بۆ ماوەی (٣) مانگ چوین (١٠) مانگ لەمەنتیقەی زەرگە



بووین چەند جارێك هێرشیان کردو تێکمان شکاندن بەڵام نزیك (٧) ئەفسەرو پێشمەرگەمان شەهید بوو لەوێ (٥٠) برینداریشمان بوو یەکێك لەبریندارەکان خۆمم کە لەوێ ئەمجارە لەوێ بریندار بووم تا ئەم دواییە، ئێستا ئیتر لەوێ لەزەرگەش ئا لەم ماوەیە هێزەکانیان گواستینەوە بۆلای مەنتیقەی مەلا عەبدوڵا و عەسەلی.

ئەو رۆژەی کە من بریندار بووم من ئێوارەکەی لەسەرچاوەکانی خۆمانەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم وتیان هێزێکیان کۆکردۆتەوە لە تەلمیرە بەتەمان هجوم بکەن بۆ ئێوە منیش معلوماتم بوو وتیان هێرشەکە بۆسەر چەمەکەیە ئەوەبوو ئێوارە پێش ئەوەی تاریك بکات خۆم کۆکردەوە وتم نان زوو بخۆن بابڕۆینە خوارەوە، وتیان نان سازدەکەین لەخوارەوە دەیخۆین ئیتر بەندە و ئەفسەرێکیش خۆیان کۆکردەوە وتیان دێین لەگەڵتدا وتم نایەن ئەوانەی کە خۆیان کۆکردەوە پەشیمانم کردنەوەو نەمهێشت وتم خەڵکم زۆر لەگەڵدایە خۆشم دەچم فەوجێکم، ئێوە لێرەبن کێ دەڵێ درۆ ناکەن بۆ شوێنێکی تر هجوم بکەن، ئیتر بەڕەحمەت بێت جەمال قلرخیشم لەگەڵدا بوو نەقیب بوو لەگەڵمدا شەهید بوو ئەویش وتی دێم وتم نایەیت سەیارەکەشی خستە ئیش وتم نایەیت ئیتر ئینکاری کرد وتی دێم وتم سەیارەکەت مەهێنە مادام دێی لەگەڵ مندا سواربوو چووینە خوارەوە جموجۆڵیان دەست پێ کرد شەو تا بەیانی نەخەوتین، بەدوربینە شەوەکان بینیمان پێمان زانی کەمینیشمان دانا زۆر بەمەزبوتی دامەزراین کە زانیان زۆر مەزبوتین هێرشیان نەکرد بەیانی (٧)ی بەیانی بوو شەهید جەمال هات هەڵیساندم و وتی بابڕۆین وتم با تا سەعات (١٠) بخەوین ئەمشەو نەخەوتوین وتم بالێرە بخەوین ئەوکات بڕۆینەوە خەوتمەوە، دە دەقیقەی پێ چوو دیسان هاتەوە هەڵیساندمەوە وتی هەڵسە بابچین لای خۆمان بخەوین، دووجار هات بەدوامدا هەڵیساندم و وتم قەینا مادام

لەبەر دڵی ئەوان بابڕۆم لەسەرەوە بخەوم لەسەعات حەوت و شتێك دەرچووین لەوێ سەعات حەوتو بیست دەقیقە عەبوەکەمان پیا تەقیەوە، کاك میقیداد و کاك جەمال بەپێ ڕۆیشتبون تەفتیشیان کردبوو جادە هیچی تیا نەبوو، سەیارەیەکی دۆشکەی خۆشمان لەپێشمانەوە بوو، ئەم عەبووە کونترۆل بوو لەدەرەوەی جادەکە بۆ ئێمەیان دانابوو بەکۆنترۆڵ تەقاندیانەوە، ئەوەندە ئاگام لەخۆم بوو ناڵەهات کە سەیرم کرد لەگەڵ ناڵەکە تەپوتۆزێکی پیس بەرەو ڕوومان دەهات، لەدەرەوەی جادەکە خۆم سەیارەکەم لێدەخوری ئیتر کە زرمەکە هات ئەوەندەم ئاگا لێ بوو تەپوتۆزەکە هات بەسەرماندا، کەسەیری خۆمم کرد سەیارەکە دەڕوات دەستم برد بۆ سەیارەکە باڵم ئیش ناکات قاچم برد بۆ ستۆپەکە قاچم بۆ ناجوڵێت دەستی ڕاستم ئیشی دەکرد سویچەکەم کوژاندەوە، ئەوەندەم پێ کرا لە سەیارەکە نەکەوینە خوار، لەجادەکە بکەوینە خوارەوە وەریش دەگەڕێین، ئەوەندە ئاگام لەخۆم بوو سەیرم کرد بزانم جەماعەت ماون، کاك جەمال چۆنە سەیرم کرد چاوی نوقاندبوو هەر لەسەر کوشنەکە پاڵی دابووەوە وەکو خەوتوو دەنگی لێوە نەهات پێشمەرگەکانیش زۆر هەوڵیاندا سەیارەکە قفڵ بوو دەرگاکانیان بۆ نەدەکرایەوە، دەستم برد بۆ قفڵەکە ئیتر نازانم کردومەتەوە یان نەمکردۆتەوە ئیتر ئاگام لەخۆم نەبوو پێشمەرگە منی داگرتووەو چۆن دایانگرتووم، ئیتر ئەوەندە ئاگام لەخۆم بوو لەنەخۆشخانەم.



# وەزیرە دایکی شەهید هیشام

فرمێسکەکانی وەك تاوی باران دەهاتە خوار وتی من وەزیرە دایکی (شەهید هیشام)م، (شەهید هیشام)ی کوڕم ئەو بەیانیە ڕۆیشت بۆ واجبەکەی شەوەکەی قسەی لەگەڵما کرد وتی دایە وتم ئا وتی چۆنی ووتم باشم چاك و چۆنی لەگەڵمدا کردو وتی دایە لەکوێیت وتم لە ماڵی خاڵۆتم وتی دەباشە کەلیمەیەکی تری وت وتی گەردنی باوکم ئازا ناکەم وتی دایە بەیانی تێتۆ (١٥) ڕۆژە ئیجازەم ئیمتیحان خارجیم هەیە دێمەوە ئیمتیحان دەدەم وتی خوا حافیز، وتم بۆ وتی سەنتم پێ نیە ناتوانم ئیتر قسەت لەگەڵدا بکەم دواتر منیش هاتمەوە لەماڵی براکەم و هەرگوێم لەتەقەبوو وتم دایکی پێشمەرگە بمرێت نەمزانی کوڕەکەی خۆمە.

تا بەیانی دوعام کرد بەیانی کوڕەکەی ترم پێشمەرگە بوو هاتەوە دایان لەدەرگا چوم دەرگام کردەوە وتیان هیشام ڕویم دەرگام کردەوە هیشام نەبوو، وتم هێشام ئەگەر بێتەوە خۆی دێتە ماڵەوە تۆزێکی پێچوو ووتیان هان لەمدیریەت، ئیتر کورەکە هاتەوە تۆزێکی تر قسەی بۆم دەکرد تۆمەز براکەی گوێی لێ بووە وتویەتی توخوا هەوڵمان بۆ بدەن ئێمە ئەسیر بووین ئەسیر بووین لەسەر ئەو ئەسیریە هەر ڕۆی ڕۆی.

بەرەزالەت گەورەم کرد بە پێشمەرگایەتی تەلەبە بوو خۆی چەند ساڵە. بەیانی زوو خۆی شۆری و موسیقای لێدا جلم پێدا لەماڵ دەرچوو ماچم کرد لەحمام خۆی شۆری گۆرانی وت ڕۆیشت. لەدوای ئەوە وتیان ئەسیر ئەسیر ئەسیر.

لەدوای ئەسیری لەم دوای ئێوارانە وتیان ڕۆژی نەوروز بوو لەسەرەتا نەیانوت پێم بەڵام هەستم کرد پێی برا گەورەکەی هات لەهۆش خۆی چوو بوو هێنابویانەوە

وتبوی ناتوانم من بڵێم بەدایکم ئیتر برا گەورەکەم هات میوانمان هات ئیتر چایم تێکرد وتی چای چی تێ دەکەیت وتم قەیچیەکا کورەکەم ئەسیرە ئەوە نەمزانی برا گەورەکەم هات باوەشی پیا کردم ووتی قسەیەکت بۆ دەکەم وتم چیە وتی هیشام سەربڕدرا گریام و دام لەخۆم ئیستفادەی نەبوو ئیتر رەزالەتی ناو قەفەز هیچ عالەم بەچاوی خۆی بینی تەلەبە بوو، سبوخ چیەتی چەن موسیقای هەیە لەماڵەوە کەس نەیدەتوانی دەست بداتە مۆسیقاکانی ئەیوت ئەمە ژنمە ماڵمە حاڵمە، ئێستا گشتیانم لەبان مەعرەزەکە داناوە من هەر چاوەڕێم تا ئێستا نە جەنازەی هەیە نەخۆی.

شەو هاتە خەوم وەك ڕاست هات بۆلام وتم خانەکەت سپی بکەم بەکاشی کورم بەرەزالەت بێ نان و ئاو ڕۆیشت نەخۆش بوو کە ڕۆیشت هیشام ئێستا دەڵێم چاوێك و دەستێکی نەبوایە بەس بهاتایەتوو بەڕەزالەت گەورە بوو ڕەزالەت بەدەم هەنیسکی گریانەوە ئەڵێت بەس هەر جوان بوو خۆی جوان بوو خوی جەیش بوو، منی خۆش دەویست بەس خۆی دەیزانی دەڕوات زۆر قسەی بۆم کرد ڕاتبێکم بوو لە دایرە ئیشم دەکرد، دایە توخوا بەکەس نەدەی نەخۆش بووم لەبان پام بوو یەك فلیم بوو لێرە سەیری دەکر ئیتر بەس موسیقا بڕۆشتایە حمام دەبوایە بە مۆسیقا ئەو بەیانیە ئیتر موسیقای لێداو ڕۆیشت موسیقا بەگۆرانی ئەمووت عەیبە ئەیووت نا موسیقا دەکەم من چیم کردووە بەس حەزین بوو دەستی کردە ملم لەناو سەیارەکە سێ جار لای کردەوە، بەڕەزالەت گەورەم کردن بەڕەزالەت خێری لەخۆی نەدی.

چەند ژنی جوانم بۆ هەڵدا و بۆم داواکرد قسمەت نەبوو یان دایکی ڕازی نەبوو یان باوکی، دوایی وتی وازی لێ دێنم من پێشمەرگەم یەك جار کچی میمکی خۆشویست خەوم پێوە بینی وتم ماڵەکەت بۆ کاشی سپی بکەم جوابی نەدامەوە.

کچی میمکی هەر لەدڵی مایەوە دوو ڕۆژ پێش ئەوە وتی با لەدڵم دەری بکەم خۆ



بەئاشکرا وتم برۆ ژن بهێنە وتی تازە من وازم هاورد پێشمەرگایەتی ئیمتحانم هەیە ئەچم بۆ خارج سەرێك لە خارج ئەدەم و دێمەوە، ئەم قسانەی دەکرد.
تا جەنازەکەی نەدۆزمەوە ناڵێم کوڕی من مردووە خۆم وائەڵێم دڵی تاجەنازەکەی نەدۆزمەوە بەچی بزانم قوربانی کوردستان بم خۆش بن بۆ خۆیان چیان لێ بکەم داوای جەنازەم لێ کردن هیچیان بۆم نەکرد، بۆیان نەهێنامەوە تا ئێستاش ئەوەتا موسڵ نەما هەمووی ئازاد کرا تۆزێکی ماوە ئەی چیان لێهات ئەو کوڕانە هەموویان کوڕی من بوون، غەدرو غدوریان بینی ناو قەفەسیان بینی لێدانیان خوارد چیان نەدی، هەموو شتێکیان بینی یەك ڕەجام هەیە بەس حەویجە ئازاد بکەن، ئیستفادەمان لەموصڵ نەکرد هەموو ئومێدمان حەویجەیە نازانم سەیری چی بکەم سەیری جلو بەرگی سەیری موبایلی سەیری دەفتەری ئیمتحانی، ئەم نازدارە کوڕە بۆ وایان لێهات خستیانە ناو قەفەس بە بەرد بەدار لێیاندان و دواتر چەقۆکە خرایە ملیان.
هیشام خاوەنی سێ براو تاقانە خوشکێك بوو.
من ناوم مراد نەبی خورشید برای شەهید هیشام
کاری من ئاسایشم لەشەڕەکانی داعشدا بەشداریم کردووە دواین جار کە بەشداری شەڕی داعشم کرد لەکەرکوك (٢١-١٠-٢٠١٦) بوو ئەو ڕۆژە من ئیجازە بووم دەوامی خۆم نەبوو سەعات (٤)ی بەیانی تەلەفۆنم بۆهات لەکوڕێکی میمزامەوە وتی داعش هاتۆتە ناو کەرکوکەوە خۆم بەستو چوومە ناو شەڕەکەو بەشداریم کرد بۆ سەعات نزیك (١٢)ی نیوەڕۆ بوو بریندار بووم بەقەناس پێکایانم و فیشەك بەرچاوم کەوتو ئێستا چاوێکم لەدەستداوە، دوای ئەوەی کە بریندار بووم ئەوەبوو هەر دووچاوم هیچم پێ نەدەبینی تا بیست دەقیقە دوای ئەوە چاوێکم کرایەوە شتم پێ بینی، بەڕێیان کردم بۆ نەخۆشخانە لەڕێگە توشی شەڕێکی تر هاتین کەوتینە کەمینی داعشەوە تەقەیەکی زۆرمان لێ کرا چوار

نەفەربووین لەناو سەیارەکەدا تەقەیەکی زۆریان لیٚ کردین، کاتێك کەوتینە کەمینیان دواتر دەربازمان بوو بەبێ زیانی گیانی، من نەمدەتوانی تەقە بکەم لەبەرئەوەی چەك و تاقمەکەم لەناو سەیارەیەکی تر بوو چەکم لا نەبوو چەکێك لەژێر کوشنی سایەقەکە بوو هەرچی محاوەلەم کرد بۆ نەهاتەدەر گیری کردبوو، ئیتر ئەوەبوو لەویٚ دەرباز بووین سەیارەکەمان فیشەکێکی زۆری پێوەبوو کاتێك سەیری سەیارەکەمان کرد کە قەمەرەیەك بوو باوەڕمان نەدەکرد کە کەسمان بریندار نەبووەو یەکێکمان فیشەکی بەرنەکەوتووە.

منیان گەیاندە نەخۆشانە عەمەلیاتێکیان بۆ کردم قەتع نەزیفم کرد بۆ چاوم، شەوەکەی ڕەوانەی هەولێریان کردم لەنەخۆشخانەی ڕۆژئاوا سیٚ ڕۆژ لەویٚ بووم دوای ئەو سیٚ ڕۆژە ڕەوانەی تورکیا کرام پێش ئەوەی سەفەری تورکیا بکەم وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان (کەریم سنجاری) و (جێگری ئۆباما) لەگەڵ پاریزگاری هەولێر سەردانیان کردم و قسەیان لەگەڵ کردم بە حوکمی ئەوەی کە من سیٚ ساڵ موتەرجیم بووم لەگەڵ ئەمریکیەکان ئینگلیزم دەزانی ئەوەبوو لەگەڵ (جێگری ئۆباما) قسەم کرد ووتی من سەردانی ئەم نەخۆشخانەیەم کردوە چوومەتە لای چەند برینداری تر هیچ کەسم نەبینی وەکو تۆ وورەی بەرز بێت بەو شێوەیە چاوێکی لەدەستداوەو دڵخۆشم لەناسینت، (١٢) نەفەرمان داناوە بیانێرین بۆ دەرەوەی وولآت تۆ یەکێك لەوانە دەبیت و ناوت دەخەینە ناو ئەو لیستەوە دەت نێرین و حەزدەکەم جارێکی تر بتبینمەوە لەوەزعێکی باشتردا، ئیتر دوای سیٚ ڕۆژ سەفەری تورکیام کردوو عەمەلیاتیان بۆ کردم، (٢٠) ڕۆژ لەویٚ بووم دوایی گەڕامەوە دوایی (٢) ڕۆژ سەفەرم کردەووە و دواین هەوڵدانیان بوو بۆئەوەی چاوم بگەڕێتەوە چاك بێتەوە بەلآم ئیستفادەی نەبوو وتیان دەبیٚ چاوت دەربهێنین و فرێی بدەین و چاوێکی سەناعیت بۆ دابنێین و دواتر ئەو عەمەلیاتەشم کرد.

شەهید هیشامی برام هەر ئەوەنەبوو کە برام بێت ئەو برادەریشم بوو، هاوڕێم بوو سەردەمێك سبوغی خانومان دەکردوو زۆرجار لەگەڵ خۆمدا بوو، بۆ گەڕان و مەناسەبە و هەموو شوێنێك پێکەوە بووین زۆر نزیك بووین لەیەك بەڵام دواجار پێش ئەوەی بڕوات و بەدیل بگیرێت دوو ڕۆژ بەرلەوە من ئاخر جاربوو بینیم قسەمان کرد پێکەوە وتم من بەیانی دەچمەوە بۆ دەوام وتی من دوو بەیانی دەچمەوە بۆ دەوام ئاخر جار بوو کە بینیم دوای ئەوە کە چوومەوە بۆ دەوام تەلەفۆنم لەگەڵیدا کرد ئەو ڕۆژەی کە چووەوە دەوامی خۆی لەکاتی واجبیدا بوو شەوەکەی قسەم لەگەڵیدا کرد وتی کاکە داعشەکان نزیکی محیوەری ئێمەبوون لەوانەیە ئەمشەو هجوم بکەنە سەر ساترەکانی ئێمە ئیتر ئەوەبوو پێم وت کاکە ئاگاداری خۆت بە هەوڵی ئەوەش بدە نەکەی هەڵبێیت سەنگەرەکان جێ بهێڵیت و هاوڕێکانت جێ بهێڵیت دەبێ دیفاع بکەیت، نەکەیت کەسی تر ئەو جێگای تۆ ناگرێتەوە ئیتر ئەوەبوو هجومیان کردبووە سەریان لەناو شەڕدا بوو من قسەم لەگەڵیدا کرد تا سەعات (٦)ی بەیانی قسەم لەگەڵیدا کردووە خۆی و برایەکی تریشم لەوێ بوون پێکەوە ئەویش (٨)سەد مەتر بەینیان بوو لەناو ساترەکەدا، دواتر خەوم لێکەوت تەلەفۆنیان بۆم کرد وتیان هیشام برات بەدیل گیراوە، وابزانم یان شەهید بووە یان کەوتووەتە ناو ئاوەکەوە لەسەر مەشروعی ئاو بوون ئەوان.

ئیتر بێ هەواڵ بوو تا (٣)ڕۆژی دوای ئەوە ڕەسمەکانیان بڵاوبووەوە لەسەر تویتەر زانیمان کە بەدیل گیراوەو دڵنیابووین، دوای ئەوە هەوڵی زۆرمان دا لەهەموولایەك بەهەمو شێوەیەك بگەینە حەلێك کە بیانهێنینەوە بەڵام بەداخەوە ئەو هەموو هەوڵانەی ئێمە سەری نەگرت، ئیتر ئەوەبوو کاتی نەورۆز بوو دوای (٤٥) شەو سەعات (٩) وتیان لەتویتەر ڤیدیۆی تازە بڵاوبۆتەوە هی پێشمەرگە دیلەکان داعش بڵاوی کردۆتەوە، ئەو ڤیدیۆیە بوو کە براکەی من شەهید هیشام

سەر دەبڕنو لەگەڵ شەهید ڕزگارو شەهید پشتیوان ئەوە دواین هەواڵ بوو من وەك برایەك زۆر خەفەتی دەخۆم زۆر بیری دەكەم، جێگەی دیارەو زۆر ناخۆشە بۆ من بەلاَم لەهەمان كاتدا سەربەرزم پێی، بۆ من و بۆگەلی كورد.


ئومێدم كەمە بۆ گەڕانەوەی ئەو گرتە ڤیدیۆیەی من بینیم و ئەو دوژمنە درندەیە مەحاڵە درۆ بێت و فلیم لەبەرئەوەی ئەو دوژمنە نەهاتووە بۆ گرتە ڤیدیۆ، قەناعەتم هەیە كە براكەم سەر بڕدرا، ئیتر لەو كاتەی بەدیل گیرا نە تەلەفۆنێك كرا نەهیچ هەواڵێكمان بیست ئەوە نەبێت لەسەر تویتەر داعش خۆی ڕەسمو گرتە ڤیدیۆی بلاَودەكردەوە، لەوە زیاتر هیچ مەعلوماتێكمان نەبوو تەنیا بەڤیدیۆكە بینیمان كە سەریان بڕی و شەهید كرا ڕاست بوو یان سیناریۆ، هیچ زانیاریەكمان نیەو چیتر هەواڵیشمان لێ نەبووە.



## شیرین عمر حمەساڵح ( هاوسەری شەهید دانا )

لەساڵی (٢٠٠٩) هاوسەرگیریمان کردوە دوو منداڵم هەیە کوڕێك (٤)ساڵ کچێك (٦)ساڵ (لیاو دارین) هەرچەند دەکەم ناتوانم باسی بکەم نێوان منو (شەهید دانا) هاوسەرییەکی بێ وێنەبوو پڕ لەخۆشەویستی تا ئەم دەقیقەیەش من چاوەڕێم ئێستاش هەموو رۆژ بەموبایلەکەم تەلەفۆنی بۆ دەکەم.

(شەهید دانا) کەسێکی لەسەرخۆو ئارام بوو قسەخۆش بوو منداڵەکانی زۆر خۆش دەویست بەتایبەت کچەکەم. ئەو شەوەی کە ڕۆیشتەوە لەماڵی دایکم بووم هات بۆ ماڵی دایکم دانیشت خوشکم هات وتی شیرین ئەمشەو دانا ئینزارە دەڕواتەوە منیش وتم وانیە بەیانی دەڕواتەوە، دانا هاتە ژورەوە وتم دانا چیە ئینزاری وتی نا وانیە هەندێك ئەوراقی (شەهید هاشم) هەیە براکەی داویەتی پێم بەیانی بیبەم بۆ لیوا، ئیتر کە هاتینەوە ماڵ لە سوپرمارکێتێك لایداو خواردنی بۆ منداڵەکان کری و هاتینەوە، کچەکەم ئایپادەکەی شکابوو هەر دەگریا وتی بەیانی تازە دەڕۆمەوە دەوام کە هاتمەوە وەعد ئایپادەکەت بۆ چاك بکەم، دانیشت خواردنی دایە منالەکان و ئەو شەوە شەوێکی خۆش بوو دواتر هات جلەکانی خۆی ئامادە کرد وتم دانا ئەوە چی دەکەیت وتی جلەکانم ئامادە دەکەم، قەت جلی بۆخۆی ئامادە نەکرد هەموو جار دەیوت تۆ بۆم ئامادە بکە ئەو هەر خەریکی جلەکانی بوو وتم دانا من دەچم دەخەوم ئیتر بانگم نەکەیت، ژانە سەرم گرت بوو وتی باشە ئیتر هاتە ژوورەوە قاتەکەی بەدەستیەوە بوو قاتەکەی سوچێکی دڕابوو وتی ئەوەم بۆ ئەدوریتەوە وتم ناتوانم بیبە بۆ دایکت ئێستا بۆت چاك دەکات ئەویش ڕۆیشت زۆر بەعاجزی لەپێش چاوم ڕۆیشت، ئیتر هەڵسام ڕۆیشتم بەدوایدا سەیرم کرد بەدیار دایکیەوە وەستاوە جلەکانیان





بۆ ئەدوریەوە، گەڕامەوە ماڵی خۆمان خەوتم گەیشتە سەعات (١٢)ی شەو موبایلەکەی لێی دا هەر هەڵیگرت وتی دەڕۆمەوە بۆ دەوام کاتێك هەڵیگرت (شەهید نشأت) بوو وتی دانا خۆت حازر بکە (شەهید شێرکۆ) ئەڵێ وا من لەسلێمانی دەرچووم ئێوە بگەنە (قەرە قەنجیر) تا من دێم.

ئیتر دای لەپەنجەرەکەی ماڵی دایکی وتم دانا هەڵیان مەستێنە بەم (١٢)ی شەوە خەوتوون ئەترسن وتی نا ئێستا من برۆم تۆ ئەترسیت ماڵی دایکی هەڵسان هاتنەدەرەوە، دایکی و خوشکی و نەنکی و باوکی هەڵسان بەچوار دەوری سەیارەکەی باوکی سوڕایەوە داوای دەستکێشی دەکرد. دەستکێشەکەی دەرکردو دایکی (١٠) هەزار دیناری خستە گیرفانی وتی دایکە لاییە پارەم بۆچیە هەموو جار خۆی داوای پارەی لەدایکی دەکرد ئەمجارە وتی نامهەوێت پارەم بۆچیە بۆ ئەوێ دایکی وتی با هەر پێت بێت.

ئتیر ڕۆیشتن تا لەکۆڵانەکە ون بوون سەیرمان کرد هەموو جار ئەگەر بڕۆیشتایەتەوە خواحافیزی دەکرد ئەمجارە خواحافیزی لێمان نەکرد هیچ زۆر بەبێ تاقەتی ڕۆیشت شەهید مەریوان و چەند کەسێکی تر کە هاتبوون بەدوایداو پێکەوە ڕۆیشتن ئەو شەوە تا بەیانی دایکی نەخەوت کە وتبوی ئینزارە لەوانەیە ئێستا بچنە ناو شەڕ ڕاستەوخۆ ئیتر دواتر تەلەفۆنمان بۆ کردو وتی عەیبمان نیە شەو لە قەرەهەنجیر لاماندراوە، بەیانی ڕۆیشتوین بۆ کەرکوك گەڕاوینەتەوە دایکی زۆر دڵی لای بوو هەموو جار کە دەڕۆیشتەوە دایکی کارتی تەلەفۆنی بۆ داخل دەکرد ئەی وت نەبادا لەوێ لێی بقەومێت بەڵام بەداخەوە کارتیش فریای نەکەوت دوو ڕۆژ بوو ڕۆیشتبووەوە دەوام کچەکەم بەعەمەلیاتی لەوزەتینی بوو وتم دانا دکتور وتویەتی (لیا) عەمەلیات دەکرێ، دکتور وتویەتی دەبێ باوکی لەوێ بێت ڕۆژی عەمەلیات ڕۆژی یەکشەم وتی من ڕۆژی شەممە دێمەوە، ڕۆژی پێنج شەم بوو منیش خۆم ئامادە دەکرد بۆ ڕۆژی شەممە عەمەلیاتی کچەکەم



بوو ئەو شەوەی کە وای لێهات دوو ئامۆزام لابوو پرسیاریان کرد وتیان کوا دانا وتم لەدەوامە سەعات (٨)ی شەو بوو ئامۆزاکەم موبایلەکەی دەرکردو لەگەڵیا قسەی کرد لە موبایلەکە دەنگی دیاربوو سەوتی تەواو نەبوو وتی عەیبمان نیە مێشولەش لێرە نیە وا خەریکین نان دەخۆین سەر لەئێوارەکەی کە کچەکەم هاتەوە وتی دایە پیاوێك پرسیاری لێکردوم وتویەتی دایە کوا باوکت نەنکی دانا هەر لای من دەخەوت وتی نەکا شەو یەکێك بێت سەیارەی دانا لەحەوشەوە پرسیاری کردبێت بزانی لەماڵە یان ناو سەیارەکەی بدزن منیش خەوم لێ نەدەکەوت هەر لەقەلەقیدا بووم گەیشتە سەعات (٢) هەستم دەکرد دڵم بەئاگایە هەستم کرد یەکێك لەدەرگامان ئەدات هەر هەستام و ڕاپەڕیم وتم نەنێ یەکێك لەدەرگامان ئەدات، موبایلەکەم کوژابووەوە دەرگای هەیوانم کردەوە وتم کێ بوو دای لەدەرگامان، خەسوم لەناو حەوشەکەدا بوو ئەوان ماڵیان دیوار بەدیوارمان بوو وتی ئێمە بووین داومانە لەدەرگا یەکێك داویەتی لەدەرگامان عەرەبێکە چەند جار تەلەفۆنی کردووە و (الله اکبر)یەتی. باوکی (شەهید دانا) چۆتە سەربان بزانێ کێیە لەدەرگاکانی داوە منیش هاتمە دەرەوە تومەز خوشکەکەم بووە هاتووە لەدەرگاکانی داوە، دواتر چووەتە ماڵی (کاك حسین) برای شەهید دانا خەزورم لەسەربان سەیری کرد خوشکەکەم لەودیوەوە دەگریت منیش چووم موبایلەکەم لەدەست خەزورم وەرگرت و وتم کوا ئەو ڕەقەمەم بدەرێ کە تەلەفۆنی بۆ کردویت و (الله اکبر)ی کردووە کە سەیرم کرد وتم ئەم ڕەقەمە هی دانایە ئەو ڕەقەمەی تازە کڕی بوو کورەك بوو. خەزورم لەسەربان تفەنگێکی بەدەستەوە بوو هەر لەوێ لەدەستی کەوتە خوار وتی باوکەڕۆ مادام دانابوو بەدیل گیراوە.

سەعات (٢)ی شەو بوو نەم دەزانی چی بکەم حەپەسام منداڵەکانم خەوتبوون دنیا ساردوو کارەبا نیە کە هاتمەدەر دەبینم هەر سەیارەیەو دەڕوات سەیرم

كرد بەو (٢)ی شەوە كۆمەڵێك خەڵك هاتن بۆماڵمان ئیتر زۆر تێكچووم ئەوشەوە تا حەفتەیەك حەپەسابووم نەمدەزانی چی بكەم ئیتر خەسو و خەزورم ڕۆیشتن بۆ كەركوك دواتر وتیان دانا دابڕاوە كەوتۆتە ناو لیوایەكی تر، وتم خودایە بەس دانا بەڕوح زیندو مابێت دەست و قاچیشی نەمابێت قەینا تا (١٠) ڕۆژ تەلەفۆنەكەی لێی ئەدا هەڵیان دەگرت قسەیان دەكرد ئەیانوت دانا لای ئێمەیە بەس بریندارە ئیتر دوای ئەوە وێنەكەیان داگرت لای خۆیان داعش وێنەیەكە كەوتووە لەژێر دەستیان بەدیاریەوەن یەكیان بەعەرەبی ئەڵێت عیتادو شتتان دەوێت لێ بكەنەوە تەسویرێكی (٥) دەقیقەیشیان لێ گرتبوو، یەكێكیان شەقێك لەشانی ئەدات شانی بەرز دەكاتەوە.


ئیتر هیچ جوڵەیەكی نیە بەڵام دوو دڵۆپ فرمێسك هاتۆتە گۆشەی چاوی لەگەڵ شەهید دانا زۆر بەختەوەر بووم وەعدی بەكچەكەم دابوو ئایپادەكەی بۆ چاك بكات ئێستاش ئایپادەكەم هەڵگرتووە وەعدبوو بچینە هەورامان ئێستاش ناتوانم بڕوا بكەم شەهید دانا نەماوە هەموو دەقیقەیەكم لەگەڵ ئەوم ژیانم لەگەڵ ئەوە دوای ئەو گرتە ڤیدیۆیەش لێی نائومێدم بەڵام شتێكیش نەی بینیت ناتوانی بڕوابكەی.

زۆرجار ئەڵێم ڕەنگە مابێت و من هەر چاوەڕێیم، ئەوكاتەی تەلەفۆنیان بۆ دەكردین بە موبایلەكەی (شەهید دانا) زۆرمان داوا دەكرد بۆمان بنێرنەوە كارتی تەلەفۆنمان بۆ دەناردن بۆ داعشەكان، خەزورم لەڕێگەی شێخە عەرەبەكانەوە زۆرمان هەوڵمان دا بەڵام ڕاستیان لەگەڵمان نەدەكرد، خەزورم بەعەرەبی قسەی كرد ووتی بەس یەك ووشە گوێم لەدەنگی دانا بێت كوڕی من كوڕی هەژارەو هیچ پلەو پۆستێكی نیەو لەبەر موچەكەی بۆتە پێشمەرگە ئەوانیش هەر دەیان وت قۆڵی بریندارە و لای ئێمەیە بەدڵنیاییەوە بەس قۆڵی بریندارە، بەموبایلەكەی (شەهید دانا) نزیك بۆ (١٠)كەس لەخزمەكانمان



تەلەفۆنیان کردوە هەر جارەو بۆ کەسێك و هەر ئەوەندەشیان دەوت کە لای ئێمەیە، خۆیان تەلەفۆنیان دەکرد وەڵامی تەلەفۆنی ئێمەیان نەئەدایەوە.

(شەهید دانا) دوو موبایلی پێ بوو ئاسیا و کۆرەك بەکۆرەکەکە دەیان کرد بۆمان بەڵام ئەو شەوەی کە وای لێهات سەعات (٢) داعش تەلەفۆنی بۆ کردین و لێرەوە ئێمە لێرەوە چوینە کەرکوك سەعات (٣) من تەلەفۆنم بۆ ئاسیاکەی کرد مەشغولی کردوو گەڕاندیەوە، دوو جەرەس دەرۆیشت لەو شەوەوە کە ڕۆیشت تا سەعات (١٢) خەسوو خەزورم قسەیان کرد بوو ئیتر دواتر بۆیان نەکردبوو وتبوویان شەوقی موبایلەکەی دەرئەکەوێت دواتر بۆیان نەکردبووەوە، ئیتر گوێم لەدەنگی نەبووە لەکاتی گەڕان بەدوایدا لەجەبهەکان قۆنەرەکانیمان دۆزیەوە تەنیا یادگاری و دواین یادگاریە هەموو ژیانم پڕە لە بیرەوەری خۆش لەگەڵ (شەهید دانا) ئومێد دەخوازم منداڵەکانم ساڵح بن و ڕێبازەکەی باوکیان بەرنەدەن کە باوکیان لەپێناوی کوردستاندا شەهید کرا و گیانی خۆی بەخت کرد.





# حەسەن عەباس برای (شەهید دانا)

ئەو شەوەی (شەهید دانا) پێش ئەوەی بەدیل بیگرن سەعات (١١:٣٥) دەقیقە بوو تەلەفۆنم بۆی کرد وتم ئەمشەو تەمە لەچەمچەماڵ سوێند بەخوا هجومتان بۆ دێت وتی نەبەخوا لای ئێمە ڕۆشنەو هیچ نیە کاتێك بوو بە سەعات (٢) نیوەشەو خزمەکانی خۆمان تەلەفۆنیان دەکرد وتیان (عەمید شێرکۆ) و (شەهید دانا) شەهید بوون ئێمەش لەچەمچەماڵەوە بەڕێ کەوتین بەرەو شاری کەرکوك چوینە لای (غاز شومال) سەیرم کرد هێزێکی زۆر وەستاوە پێشمەرگە شەڕە، شەڕە تەمە چاو چاو نابینێت ئێمەش لەوێ وەستابوین تەرمەکەی شەهید شێرکۆیان هێنا ئەوانی تر جێ مابوون تا سەعات نزیك (٤)ی بەیانی ئێمە ماینەوە لەویا، دواتر کە تەرمی (شەهید شێرکۆ)یان هێنا بۆئەوێ، ئێمە هەر لەنەهرەوات مابووینەوە، هێزی (کاك کۆسرەت)و هێزی دژەتیرۆر هاتن ئەو ناوەیان ئازادکردەوە کاتێك ئازادیان کرد لەناو بیناکەدا (تی. ئێن. تی) یان دانابوو بەتانیەکیان دابوو بەسەریدا وەمانزانی جەنازەکانە تومەس ئەمە فێڵی داعش بوو کە بچیتە ژوورەوەو دەست بدەیتە پەتانیەکە و پیاتا بتەقێ و زەرەرو زیانێکی زۆر بدات لەشێوازی جەنازە دایان نابوو ئەو (تی. ئێن. تی) یەو بەتانیەکەیان پیادابوو.

دواتر کە هێزی دژەتیرۆر هات وتی ئەوە جەنازە نیەو (تی. ئێن. تی)یە فێڵی داعشە دوای ئەوە ئەوان پوچەڵیان کردەوەو ئێمەش نائومێد بووین کە (شەهید دانا) نەبوو، شەهید دانایان بردبووە ئەوبەر ئاوەکەوەو رووتیان کردبووەوە و هەموو جلو بەرگیان لەبەریا داکەندبوو خستبویانە خەندەقێکەوە بەحەبلێکەوە ئەویش یەکێك بوو لە فێڵەکانیان کە (١٨) عەبوەیان لادانابوو



بۆئەوەی بتەقێتەوە، ئێمەش هاتینەوە.

کاتێك ڕۆژ بووەوە دیسان ڕۆیشتینەوە بۆ گەڕان هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ دۆزینەوەی بەڵام بێ فایدە بوو زۆرمان هەوڵدا بەڵام بێ فایدە بوو، تا ئێستا هیچ هەواڵێکمان لێ نیە بەقسەی شێخە عەرەبەکان ئەڵێن لەحەویجەن و ئەڵێن گۆڕستانێك (٦) کیلۆمەتر لەولا حەویجەیە لەوێ (٦) پێشمەرگەی لێیە بەخاك سپێردراون.

هەر ئەو شەوە کە (شەهید دانا) دیل کرا داعشەکە بەموبایلی (شەهید دانا) تەلەفۆنی بۆ باوکم کردبوو وتبووی انشاالله ئێمە ئەمشەو دێینە کەرکوکەوە ڕامەکەن ئێمە موسڵمانین بەو جۆرە ئێمە زانیمان کە (شەهید دانا) دیل کراوە، شەهید دانا دوو موبایلی پێ بوو، بەهەردوو موبایلەکە تەلەفۆنیان بۆ خزمو کەسوکارم کردبوو بەو نیوە شەوە.

لەپارچە ڤیدیۆیەك کە داعش لەسایتی خۆی بڵاوی کردبووەوە بینیمان کە (شەهید دانا) بەڕووتی و بریندای لەبەردەستیاندایە، ئیتر نازانین ئەو کاتە زیندوو بووە یان نا ئەو شەوە شەڕەکە لەسەر (پردەکەی نەهرەوان) شەڕێکی دەستەویەخە بوو ئەم دیو بۆ ئەو دیوی ساترەکان بوو (شەهید دانا) بیکەسیەکەی عاتڵ دەبێت لەوکاتی گەرمەی شەڕە کە بیکەسیەکە دادەنێتو دەچێت تفەنگەکەی خۆی هەڵدەگرێت لەناو فۆڕدەکە هاوڕێکانی هەر ئەوەندەیان بینیووە.

(شەهید دانا) لەمن منداڵتر بوو بیرەوەری زۆرمان هەیە پێکەوە گاڵتەوگەپی زۆر بوو جاری وابوو قسەی وای دەکرد بەکەسێکی قسەخۆش ناسرابوو (شەهید دانا) لە (٢٠٠٧) پێشمەرگەیە و پێشتریش لە کۆمیتەو مەڵبەندەکان بوو، (شەهید دانا) موالید (١٩٩٠) ئەیوت دوای صەدام ژیان خۆش دەبێت نەیزانی تاریك پەرستانو پاشماوەی صەدام هەر ماون ژیانی ئەو دەبەن، دایکم دایم

غەمبارە بێتاقە و بێزارە هەستی لەگەڵ (شەهید دانا)یە دوای (شەهید دانا) ژیان لای ئەویش كۆتایی هاتووە، هەموو ژیانی دایكمو باوكم لەچاوەڕوانیدایە (شەهید دانا) دوو خوشكو دوو برای هەیە.



# ڕەشاد حمە ئەمین

**فەرماندەی فەوجی (١) لیوای چیای باشیك**

**یەکەم هێرش:**

دەمێك بوو داعش شەڕی لەدژی شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەڵگیرساندبوو. جار نا جار هەندێ هەواڵمان لەڕێی ڕادیۆو تەلەفزیۆن‌و تۆڕە کۆمەلایەتیەکاندا پێدەگەیشت.

داعشم نەدیتبوو. بۆ یەکەم جار گرتە ڤیدیۆیەکم لە تۆڕە کۆمەلایەتیەکان بینی کە بریتی بوو لەدیمەنی سەربڕین، لەژێر ئالایەکی ڕەش کە لێی نوسرابوو (لا اله الا الله). بەڕاستی تاسام‌و لەخۆمم پرسی: بۆ دەبێ هەمیشە لەژێر سایەی ئالایەك سەرمان دەبڕن کە لێی نوسراوە (الله اکبر) یان (لا اله الا الله). ڕۆژگاری ڕابوردوی وەبیر هێنامەوە، ڕۆژگارێك نە چەندان دوور کە ئەنفال کیمیاباران دەکراین. شارو دێهات خاپورو وێران دەکران..... تاد.

٣-٨-٢٠١٤ کارەساتی شەنگال‌و پاشەکشێی تاکتیکی هێزەکانمان هەر لە شەنگالەوە تا دەگاتە گوێرو مەخمور، لیوای ئێمەشی گرتەوەو ناچار بووین لەدەوروبەری موصڵ‌و باشیك و گوندەکانی دەوروبەری پاشەکشێ بکەین و بەرەو دەشتی شەبەك‌و دوبەروان.

لەدەشتی شەبەك بەرامبەر بەچیای زەرتك‌و گوندی ئیسقۆف‌و گوندەکانی تری دەڤەرەکە بەری شەڕمان ڕێکخستەوە، زۆر خەمبار بووین بە لەدەستدانی بەشێك لەخاکی پیرۆز و شەهید بوونی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و دیل‌و کۆیلەکردنی هەزاران کەس لەژن‌و منداڵ‌و کچ‌و پیرو پەککەوتەو زیندەبەچاڵ کردنی بەشێکیان و بەسەبایاو جاریە کردنی بەشەکەی تر بەتایبەت لەشەنگال.

دەمێك بوو لەناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك و گەرمیان و خانەقین و قەرەتەپەو جەلەولاو ناوچەکانی تر، زەبری گورچکبڕ لەهێزەکانی داعش دەسرەوێندرا و ڕۆژ بەڕۆژ پێشڕەوی زیاتریان دەکرد. لەناوچەکانی ئەوێ دەستپێشخەری لەدەست هێزەکانی پێشمەرگەدا بوو دوژمن نەیتوانی بستێك بێتە پێشەوە.

لەبەرواری (٩-٨-٢٠١٤) کە دەکاتە مێژووی پاشەکشێی هێزەکانمان بۆ دەشتی شەبەك سەرقاڵی ئامادەکاری بووین بۆ دووبارە خۆڕێکخستنەوەو هێرشی پێچەوانە.

بەرواری (٣-٨-٢٠١٤) فەرمانمان پێ کرا کە هێزەکانمان ئامادە بکەین بۆ ئازادکردنی دەشتی شەبەك، گوندی ئیسقۆف، چیای زەرتك، هێزی زۆر ئامادەکرابوو بۆ ئازادکردنی ئەو شوێنانەی باسم کرد.

هێزەکان هەمەجۆرو تێکەڵاو بوون و من لێرەدا نامەوێ ناوی هیچ کامیان بهێنم جگە لەلیوای خۆمان لیوای (٧)ی پیادەو لەناو لیواشدا تەنها باسی فەوجی (١) دەکەم چونکە بێ ئاگاییم لەهێزەکانی تر ڕێگەم پێ نادا لەسەری بنوسم. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ڕۆڵی هێزەکانی نەبووە یاخود کەم بووە نا بەپێچەوانەوە هێزەکان هەموویان و لەهەموو قۆڵەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لەسەرکەوتنە مەزنەکە، بەڕاستی هەر هەموویان قارەمانێتیان نواند.

چەند ڕۆژێك بوو هێزەکانمان سازو ئامادەبوون، پلانێکی تۆکمە بەپشتیوانی هێزی هاوپەیمانان لەئاسمان داڕێژرا بوو چاوەڕوانی سەعاتی سفر بووین.

لەبەرواری (٤-٩-٢٠١٤) دوای کۆبونەوەیەکی بەپەلە پلانی هێرشەکە ڕوونکرایەوە بەرواری کاتژمێری سفر دیاری کرا، ئەوەبوو لەبەرەبەیانی (٥-٩-٢٠١٤) تەواوی هێزەکان لەسەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەی شەڕ کۆکرایەوەو هەر هێزە لەشوێنی دیاری کراوی خۆی ئامادەی دواین فەرمان بوو.

نیگەرانی لەڕوخساری سەرجەم ئەفسەرو پێشمەرگەی لیواکەمان بەدی دەکرا،



ئاخر خۆ ناحەق نەبووین، هیچ ئەزموونێکمان لەشەڕی داعش نەبوو، دوای پاشەکشێ مەزنەکە یەکەم هێرش بوو بۆسەر مۆڵگەو پێگەی دوژمن و هیچ یەکێك لەهێزەکانمان هەرگیز ڕووبەڕووی دوژمنی لەم جۆرە نەببوینەوە، دوژمنێك کە چەكو چۆڵی زیاتر لەدوو فەیلەقی سوپای عێراقی دەست کەوتبوو ٣/١ ڕووبەری خاکی عێراقی داگیر کردبوو، بەشێکی بەرچاوی خاکی کوردستانی داگیر کردبوو.

دوژمنێك هەڵگری بیروباوەڕی توندڕەوی ئاینی بوو ئامادەبوو خۆی بکا بە بۆمبو بەڕووماندا بتەقێتەوە، مایەی ترسو نیگەرانی بوو.

ئەو دوژمنەی سەرو ماڵی کوردو پێشمەرگە بەحەڵاڵ بزانێ ماڵو سامانمان تاڵان بکات ژنو کچو کوڕەکانمان بکا بەدیلو کۆیلەو سەبایا، ناکرێ ئەو دوژمنە بەهەند وەرنەگیرێ.

بەندە وەك فەرماندەی فەوجەکەم، ترسو دڵەڕاوکێ ناخمی داگیر کردبوو، یەکەمین ئەزموونم بوو لەژیانم لەسەر ئاستی فەوج هێز بجوڵێنم، هەموو هەوڵ و تەقەلام ئەوەبوو کە بتوانم باوەڕ لای خۆم دروست بکەم کە لەم یەکەمین ئەزموونی شەڕی داعشەدا ئامانج بپێکم و سەرکەوتن بەدەست بهێنم بەکەمترین زیان. سەدان پرسیار لەمێشکمدا دەخولایەوە بێ ئەوەی وەڵامی هیچ یەك لەپرسیارەکانم دەست کەوتبێ.

بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە بەدرێژایی ئەو بەربەستەی بەرەی شەڕو سەنگەری پێشمەرگە هێز مۆڵ درابوو، هێزێکی زۆرو زەوەند تا چاو بڕکا هێزبوو لەپشت بەربەستی بەرەی شەڕ چاوەڕوانی فەرمانی پێشڕەوی بووین، ئەم بەربەستە سنوری جیاکەرەوەی نێوان ئێمەو دوژمن بوو، بۆخۆم نەبوو ئارەزوم بوو ساتی هەڵدڕینی ئەم بەربەستە بەشۆقڵ ببینم.

کۆبوونەوەیەکی کورتو پوخت، کورتەی پلانەکەم جارێکی تر بۆ هێزەکەو

لەگەڵ هێزەكەم باسم كرد، ئەوەی پێویست بوو بگوترێ و بەمێشكمدا هاتبێ باسم كردن، سەیری لای چەپی خۆمم كرد تا چاو بڕكات هێزبوو، هەمووی وەكو من بەتاسەوە گوێی هەڵخستبوو بۆ دوو شت:

یەكەمیان: هەڵدڕینی بەربەست بە شۆڨڵ و كردنەوەی ڕێگەی ئالیات.

دووەم: فەرمانی پێشڕەوی لەلایەن فەرماندەی لیواكەمان، تامەزرۆ بووم ساتی هەڵدڕینەكە ببینم، ئاخر ئەم كردارە سەرەتای وەڵامی پرسیار گەلێك بوون هەروەها سەرەتای ڕوداوو گەلێك بوون كە لەمێشكمدا دەخولانەوە.

شۆڨڵ لەقۆڵی بەرەی ئێمە هاتە بەردەممان ساترو بەربەستی هەڵدڕی، فەرمانمان پێ كرا هێزەكانمان جوڵە پێ بكەین، سەرەتا هاوپەیمانان چەند ئامانجێكیان بۆردومان كردو ئیتر هێرشمان دەست پێكرد.

لای چەپی فەوجەكەمان فەوجەكانی تر لیوایەكەمان بوون، بەڵام لای ڕاستو پێشەوە هێزی دوژمن، لەگەڵ یەكەمین هەنگاوی هێرش و یەكەمین دەستڕێژی ئێمە، دوژمن بەهاوەن دواتر بەدۆشكە، كلاشینكۆف، بیكەیسی، جۆرە موشەكێك كە دەستكردی خۆیان بوو، وەڵام دراینەوە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی ئەو رۆژە من لەهێزەكانم و تەواوی هێزەكانی تر بینیم، جێی سەرسوڕمان بوو، هەر پێشمەرگەو بەڕاكردن بەرەو ڕووی دوژمن هێرشو تەقەی دەست پێكرد، هەموو نیو كاتژمێر بوو یەكێك لەپێشمەرگەكانمان بەگوللەی بیكەیسی بریندار بوو خێرا تیمێك كە تایبەت بوو بەچارەسەری سەرەتایی دواتر گوزرایەوە و ڕەوانەی نەخۆشخانە كرا.

لەم دەشتی كاكی بەكاكیەدا چی ترسو دڵەڕاوكێ بوو نەما، هیچ پێشمەرگەیەكم نەبینی بچەمێتەوە، هەر هەمووومان بێ سڵەمینەوە بەڕاكردن لەسەنگەری دوژمن نزیك بووینەوە.

زۆری نەبرد چیای زەرتك و دەشتی شەبەك دوا ئامانج گوندی ئیسقۆف بوو



هەموو هێزە جیا جیاکان لەهەموو قۆڵەکان بەقۆڵی فەوجەکەی ئێمەشەوە لەگوندی ئیسقۆف یەکترمان گرتەوە بەمەش تەواوی دەشتو چیاو گوندەکانی ئەم دەڤەرە ئازادکرا.

زۆر دڵخۆش و شاد بووم کە جگە لە بریندا‌ربوونی پێشمەرگەیەك لەفەوجەکەم هیچ زیانی ترم نەبوو، دیارە هێزەکانی تر شەهیدمان هەبوو بەڵام چونکە زانیاری ووردو تەواوم نیە نامەوێ باسی بکەم، زیانی دوژمن جگە لە لەدەستدانی رووبەرێکی زۆری دەڤەرەکە، زیاتر لە ٢٥ کەلاکی لەمەیدانی شەڕ بەجێ مابوون. دەمانزانی دوژمن بەمە ناوەستێ ئەگەری بەهێز هەیە کە هێرشی پێچەوانە ئەنجام بدات، زۆرم هەوڵدا پەیوەندی بەسەروی خۆمەوە بکەم بەڵام بەداخەوە دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنە بێ سەروبەری زۆر لەناو کۆی هێزەکاندا دروست بوو تا وای لێهات شیرازەی هێزەکان پچڕاو بێ ئەوەی هیچ پلانێك دارێژرابێ بۆ ئامادەکاری و دەستەبەر کردنی سەرکەوتن.

هەر چۆنێك بوو هەوڵم دا پەیوەندی بەسەروی خۆمەوە بکەم نە لەڕێی بێتەل نە لەڕێی مۆبایل نەمتوانیو سەرکەوتوو نەبوم، تۆڕی مۆبایل زۆر لاوازبوو بگرە لەهەندێ شوێن هەر نەبوو، مەودای دووری بێتەلو خراپی ئامێرەکان رێگربوون لەبەردەم بوونی پەیوەندی نێوانمان.

بۆخۆم شوێنی جێگیر بوونی هێزەکانمان دیاری کرد کە دواین ڕیزە ماڵی کۆتایی گوندەکە بوو، گوندێکی گەورەو بەربڵاوبوو هیچ هاوڵاتی مەدەنی تێدا نەمابوو. لەدامێنی گوند تا قەدپاڵی چیا هێزەکانم دابەش کرد، نێوانی ئێمەو دوژمن دۆڵێکی بچوك و چەند گردۆڵکەیەك بوون.

هێزەکانمان لەسەرتاسەری دواین گەڕەکی گوندەکە ستارەو بەستونەو حەوشی ماڵانو پەنجەرەی خانومان کردبوو بەسەنگەری بەرگری.

خواردنمان بۆ هات برنجو شلەمان بۆ هەبوو یەکەم پاروە نانم خستە ناو دەمم

لەناکاو بوو بەهەرا پاسەوانی سەربان هاواری کرد، هەمەر هات بەڕاستی ئەوەی لێی دەترساین هەمەر بوو، چونکە چەکێکی کاریگەری دژە هەمەرمان تەنیا (RBG) بوو، بانگی هاوڕێیانم کرد (RBG) بهێنن، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە بەشی هەرە زۆری گوللەکانمان تەقاندو ئەوەی لای گروپەکەی ئێمە مابوو یەك گوللە بوو (شەهید احمد حوین) گوتی من دەیهاوێژم، بەداخەوە نەی پێکا.

دۆشکەکەمان لەشوێنێکی زۆر گرینگ بەرامبەر بەو ئەو ڕێگایە بوو کە هەمەری پێدا دەهات، بەڕاستی ئەو قارەمانیەتیەی لەم هێزە بینیم نموونەی کەم بوو، جارێ دوو عەدەدی دۆشکەمان بەشوفێری ئۆتۆمبێلی دۆشکەکانەوە شایانی خەلات کردن بوون، خالی لاوازی هەمەر بەشی پێشەوەو ڕادێتەرەکەی بوو، هەمەرەکە بەرەو ڕوومان دەهات.

زێدەڕۆیم نەکردوە گەر بلێم تا مەودای دووسەد مەتر لێمان نزیك کەوتەوە، ئێمە لەبەرزایی بووین ئەو شوێنەکەی نزمتر بوو، دوای چەند دەقیقەیەك تەرکیزی تەقەی دۆشکەمان لەگەل تەقەی چەکە ووردەکانمان بیکەیسی سەر هەمەرە بێدەنگ کراو ئەو یەك دانە گوللە (RBG)یەی لەلامان بوو (شەهید ئەحمەد) تێی گرت بەداخەوە بەری نەکەوت، بەلام ئەم (RBG)یە و تەقەی بەردەوامی دۆشکا هەمەرەکەی ناچارکرد بەهێواشی سەرەوژێر بێتەوە بۆ ئەودیوی گردۆلکەیەك.

لەهێرشی دوژمنو هاتنی هەمەری دوژمن چەند شتێك بۆ ئێمە گرنگ بوو:

١- ئێمە وەك هێزی پێشمەرگە مەترسی زۆرمان لە دوو شت هەبوو:

یەکەم/ خۆکوژەکان.

دووەم/ هەمەر هەم دەکرا خۆی لەناوماندا بتەقێنێتەوە هەم بەو چەکەی کە هەیەتی زیانمان پێ بگەیەنێ، ئەو بۆ هەموو ئەگەرەکان هاتبوو، ئێمە هێزی پێشی پێشەوە بووین، هەموو هێزەکانی لەدواوە چاوەڕێی چارەنوس و



ئەنجامی شەڕەکەی ئێمە بوون.

ئێمەش جگە لەخۆڕاگری و بەرەنگاریی ڕێگای ترمان لەبەردەم نەبوو، چونکە دڵنیا بووین هەر هەنگاوێکی ئێمە بۆ دواوە، کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر وورەی هێزەکانی دواوەو دەبوایە پاشەکشێ و نامونەززەم بکەین‌و زیانی زۆرمان دەبوو.

ئەم هێرشە یەکەمین هێرشی هێزی پێشمەرگە بوو بۆ سەر داعش دوای ئەم پاشەکشێ مەزنەی کە لەشەنگالەوە تا مەخمور هێزی پێشمەرگە دوچاری ببوو، خۆشبەختانە قارەمانێتی هێزەکانمان دوژمنی دڕندەی شکاندو سەرکەوتنی یەکجارەکیمان لەم هێرشە مسۆگەر کرد. ئەم سەرکەوتنە بەرهەمی قارەمانێتی هەموو ئەو پێشمەرگانە بوو کە بەشداربوون لەم بەرەنگاربونەوەیە.

چیای باشیك


٤-١٢-٢٠١٧

# نەبی حەمە نەبی

من ناوم (نەبی حمە نەبی) ناسراوم بە مەلا نەبی لەپێشمەرگایەتی لەلیوای (کاك کۆسرەت)م لێپرسراوی وەرشە بووم لەشەڕی داعش چەکی لیوای (کاك کۆسرەت) چاك دەکەمەوە هەر چەکێك هەبێت، هاوەن، (٥٧) بێت، ٢٣ ملم بێت، ١٤,٥ بێت، ١٢,٥ بێت، لەڕەقەم حەوت تا ٥٦ و نەمساوی هەمووی دەتوانم چاك بکەم هەر چەکێك ببینم دەزانم کوێی دەستکارە و کوێی بیلادە لەشەڕی دیکەش بەشدار بووم لەشەڕی خێڵی حەمەش بەشداربووم لەوێش چەکم چاك کردوە لە (مەکتەب خالید) ڕۆیشتین لەگەڵ برادەران بووم ئەگەر چەکێك خراپ بوایە چاکم دەکرد.
شەڕی سەعد دەستی پێکرد لەشەڕی سەعد دوو (١٢,٥) دوو (١٤,٥) دوو بیکەیسیشم چاك کرد تا شەڕ تەواو بوو دواتر لەشەڕی (عەتشانەو مەران) بوو لەوێش هەندێك چەکم چاك کرد، لەشەڕی (داقوق) هەندێك چەکم چاك کردەوە، لەشەڕی (بەشیر) لەوێش هەندێك چەکم چاك کرد، شەوی چەند جار بەسەر چەکەکاندا دەگەڕام سەعات (١٠) بەسەر چەکیدا دەگەڕام و سەروبەری مەغریب جارێکی دیکە بەسەر (١٤,٥) و (١٢,٥) گەڕام لەجەبهە سەعات (١٢) جارێکی تر بەسەریاندا گەڕام تا بەیانی (بەشیر) گیراو کۆمەڵێك چەکمان کەوتە دەست ئەو چەکانەش لەداعش گیرا بێت چاکم دەکرد.
لەشەڕی خازر (٢١-١٠-٢٠١٦) پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات (کاك عمید دڵشاد) هەندێك شتیان بیرچوو بوو هی بەستنەوەی دۆشکەی (١٢,٥) ئەوم جێبەجێ کرد، پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات لەکاتی شەڕەکەدا دۆشکەیەك پیشمەرگە گرتبووی تەیارە لێی دابوو فڕێ ی دابوو (کاك ئەیوب)

وتی ئەو دۆشکە بهێنە دوایی هەدیەیەکت ئەدەینێ ئەو پێشمەرگە دوای کلاشینکۆفێکیان داپێی بەهەدیە. کێشەیەك پێمان هەبوو لولەی (١٢,٥) بەو پێم دەوەستێت داعشەکان موهەندیسی باش‌و شارەزای دەرەوەیان لەگەڵ بوو پیمێکیان دروست کردبوو لەوەرەقەی سەیارە باش بوو کە چاوم بەو پیمە کەوت ئێستا کێشەی ئەو پیمەشم نەماوە یەعنی ئەو پیمە سەرەوە بەرزایی و تەختایی تەواوبوو بەس قیاسی قەراغی دەبوو بیبڕن بەقەراغیش گەرم نابێت ئەوە زۆر باش بوو ئیستفادەم لێ کرد، (کاك فاخیر) تەلەفۆنی کرد وتی بیکەیسیەك ئیش ناکات دەبێ (مەلا نەبی)م بۆ بنێرن منیش ڕۆیشتم کاتێك کە گەیشتمە لای (ملازم محمد)و ئەوان کەناڵی (٢٤)ی لێ بوو لێم پرسی وتم (کاك ملازم محمد) چۆن بتوانم بگەمە لای (کاك فاخیر) ئەویش وتی بگەڕێوە بەپشتی گوندەکەوە جادەیەکی قیر هەیە بەوێدا بڕۆ ئەمنیش کە گەڕامەوە سایەقم لەگەڵ بوو وەرشەم هەمو لەسەیارەیەکی دیکە بارکرد بوو تەماشام کرد هیچ سەیارەیەك نەڕۆیشتووە بەو مەنتیقەدا شوێنی هیچ شتێك نەبوو پێش ئەوەی لادەم (کاك ملازم سەنگەر)م گەیشتێ لەسەر هەمەرێك بوو پێشمەرگەی زۆر لەگەڵ بوو وتی (کاك مەلا) بگەڕێوە ئێرە هەمووی عەبووەیە بەشوێنی خۆتدا بگەڕێوە، بەشوێنی خۆمدا گەڕامەوە ڕێیان بەهەڵە پێ وتبووم گەڕامەوە (ملازم محمد) قسەی بۆ کەناڵی (٢٤) دەکرد بەڕاستی ئەگەر کەناڵی لێ نەبوایە لێم دەدا بەڵام کەناڵ لەوێ بوو دەنگم نەکرد.

لەخوار ئەو پێشمەرگەیەکی لێ بوو وتم چۆن بتوانم بگەمە لای کاك فاخیر، وتی هەر بەوێدا بڕۆ دەیگەیێ ئەگەر چووم کاك فاخیر (٢٠٠) دووسەد مەتر لە خوار ئەوێ بوو ماڵی ئاوەدان بێت (ملازم سەنگەر) ئەمنی گێڕایەوە دەنا منیش بەسەر عەبوەدا دەکەوتم‌و سایەقیشم لەگەڵ بوو، چووم بیکەیسیەکەم چاك کردوو نانی نیوەڕۆم خوارد و گەڕامەوە، ئیشی من تەنیا چەك چاککردنە





لەكاتێ كە دەڕۆم لەكوێ چەك خراپ بێت ئەمن چاكی دەكەم.

من لەساڵی (١٩٨٣)ەوە چەك چاك دەكەم یەكەم جار لەدۆڵی ڕەققە ئەو كاتەی كە مفەوزات بوو لەگەڵ حكومەتی عێراق لەوێ دەستم بەچەك چاككردن كرد دوایی چوومە زارگەلی لەوێش ماوەیەك چەكم چاك كرد، دوایی حكومەت هێرشی كرد ئەوێ كەوتە دەستی حكومەت دواتر ڕۆیشتم بۆ گوندی پۆپشت تاشانی لەوێ هەمدیسان دەستم بەچەك چاك كردن كرد.


(شەهید حسێن كوێستانی) هات بۆ مەنتیقەی ئێمە ئەو چەكی لەوێ بوو هەموویم بەڕێ كرد (شەهید كوێستانی) تۆپێكی (٨٢) دۆشكەیەكی (١٢,٥) بوو لەبەرەی جۆت گران هێنام بۆسەر جادەو گەیاندمنە شوێنی خۆم، پێش ئەوەی شەڕەكە دەست پێ بكات تیپێك لە مەنتیقەی ئێمە بوو چەكی یەكێتی زۆر لێ بوو حیزبی تریشی زۆر لێ بوو لەترسی ئەوان ئەو چەكەیان هێنایە ماڵی ئێمە، ژێرزەمینێكم لەماڵێ لێداو ئەو چەكەم لەوێدا تاقەت كرد، كاتێك ئەو شەڕە دەستی پێكرد ئەوان هاتن وتیان ئەو چەكانە تەسلیم بكەو وتم ئێمە بەس تاپڕمان هەیە نەمهێشت بكەوێتە دەست تا ئەوێ گیرا، ئەگەر ئەوێ گیرا (شەهید حەسەن كوێستانی) خۆی ئاگای لێ بوو پێم وت (كاك كوێستانی) ئەوە چەكەكانمان هەمووی پاراستووە هیچ تەسلیمی دوژمنان نەكردووە ئەو چەكەیان لەبن عەرزی دەرهێنا لەناو خانوو لەپشت داشانی.

دوای ماوەیەك (كاك كوێستانی) وتی دەبێ لەشوێنێك بیت كارەبای لێ بێت ئیشی چەكم بۆ بكەیت، ئەو كاتە بەڕاستی بیكەیسی و چەكی قورس زۆر كەم بوو لەسەركردایەتی ناردمیە مەنتیقەی سەنگەسەری بەمەخفی ئیشی چەك بكەم، دەمانچەیەكی دامێ سمس بوو (٦) فیشەكی دەخوارد دەستم بەئیش كرد، بەشێك لەوەی دەمناسین ببوونە جاشی حكومەتی عێراقی پارەم دەدانێ و بیكەیسم لێ وەردەگرتن، ڕەقەمی كۆنە بیكەسی سەركردایەتی ئەگەر



دەیاننارد لەڕێی شەهید حەسەن کوێستانیەوە ئەو ڕەقەمەم هی حکومەتی لەسەر ژمارەی بیکەسی کۆنم دەدا هی کۆنم لەدەست رەئیس جاشان دەداو هی نوێشم بەڕی دەکرد بۆ سەرکردایەتی تا دوایی حکومەت هەستی پێ کرد، خوا ڕوحمی کرد (حسین کەرکوکی) و (حەسەن کەرکوکی) لەمەنتیقەی سەنگەسەریماڵیان لەوێ بوو خزمێکیان ڕۆژێك هاتن بۆ ماڵمان وتی ئەو پیاوە کوردەو ئەو چەکەی بۆچاك بکە وتم من سیقە بەئێوە ناکەم وتی تۆ ئەو چەکەی بۆ چاك بکە ئەگەر هەر کێشەیەکت هەبوو عایدی من، چەکم بۆ چاك کرد ئەو وەفایەی هەبوو پێش ئەوەی حکومەت من بگرێتو ئیعدامم بکەن ئەو کابرایە خێزانی مدیر ناحیەی ئەوکات و خێزانی ئەو حسێنە خوشك دەبن شەوێ چوو بوونە ماڵی مدیر ناحیەی سەنگەسەر وتبووی (مەلا نەبی)یەك هەیە لەسەنگەسەری چەکی یەکێتی چاك دەکاتەوە جەلالیە دەبێ بیگرین سبەی لە فولکەی سەنگەسەری ئیعدامی بکەین.

من ئاگام لەهیچ نەبوو بەس دەمانچەم پێ بوو ئەوەکەی (شەهید حەسەن کوێستانی) پێی دابووم شەش فیشەکی دەخوارد چوومە ناو بازاڕ ویستم هەندێك شت بۆ منداڵان بکڕم، بەقاچاخیش هیچم پێ نەبوو ئەگەر بگیرامایە تەواو حەزم لەگوشت بوو چوومە کەبابخانە دوو شیشم خوارد بەس پێشی بچمە کەبابخانە لەفولکە ڕاوەستابووم لەوێش نەخۆشخانەی عەسکەری لەوبەریەوە بوو سەیارەکی سپی هات لەوبەرمەوە ڕاوەستا (٤) ئیستتخباراتی لێ دابەزین منیش بەڕاستی ئەوکات فکرم نەکرد کە خەریکی گرتنی منن تەماشای منیان کردو مەعلوماتیان ئەوەندە بەدەقیقی دابوویە گوتبویان دەمانچەی پێیە ئاگاو لەخۆتان بێت، نەیانوێرا دەنگێ بکەن سواری سەیارەبوون ڕۆیشتن منیش بامدایەوە لەلای مزگەوتی سەنگەسەری چووم بۆ کەبابخانەو دوشیشم خواردنو من هاتمە دەرێ و (حسێن کەرکوکی) و (حەسەن کەرکوکی) ئەو





مەعلوماتی تەواوی هەبوو پاڵیان بەدیواری نەخۆشخانەی دابوو، ئەمن كە هاتمە دەرێ لەكەبابخانەی وتی كاك مەلا ئەوە دەچی بۆ كوێ وتم وەڵا دەمەوێت بچم هەندێك شت بۆ منداڵان بكڕم وتی ئاوڕ دەرەوە لەپشت خۆت خۆت ڕزگار بكە ئێستا وەختی شت كڕین نیە، كە ئاوڕم دایەوە (١٢) ئەمنو ئیستخبارات بوون جاشێكیان لەپێشدا بوو تەماشام كرد دەمانچەی ڕوتیان بەدەستەوە بوو، بەشێك چووبوونە ژوورێ بەشێك هەر لەدەرەوە بوون ئەمنیش وتم (كاك حسین) كە دەزانن ئەوانە خەریكی گرتنی منن بیكەنە خاتری خوای قوتارم بكەن خۆمن ناهێڵم بكەومە دەست.

ئالێرە تا شەشتان نەكوژم ناڕۆم بەس با خەڵكی فەقیرو هەژار تێدانەچێت ڕزگارم كەن، توێتا گازێكیان پێ بوو بردمیانە ئۆردوگا لەوێ خزمێكم هەبوو ناوی ئەبوبەكر بوو وتم ئەبوبەكر بەخۆت و خێزانت خۆم بگەیەنە ماڵەوە، بیكەیسی سەركردایەتی لەبن كەنكە لم دا بوو ئەو شوێنەی ئیشم لێ دەكرد، وتم ئەو شتەم هەموو بۆ ڕاگوێزن بیبەنە ماڵی حاجی عەبدوڵا كە خەڵكی قەناقەری بوو هەموو شتیان بۆ ڕاگوێزام بۆ ماڵی حاجی عبداللە خزمێكی دیكەمان هەبوو جاشی هەباسی بوو ناوی حەسەن بوو خزمی دایكم بوو دایكم خەڵكی بایوانییە دەمزانی بەواستەی دایكم تەسلیمی حكومەتم ناكات، ئەبوبەكرم نادرد بەدوای وتم با شەش جاشیش لەگەڵ خۆی بهێنێت ئەگەر هات جێبێكی هێنابوو منیش تازە قەومابوو دەمانچەو تفەنگم لەخۆم بەست منیان هەڵگرتوو گەیشتینە سەیتەرەی كورتەك جا تا لەسەیتەرەی كورتەك تێپەڕین كێشەم بوو، كە گەیشتینە سەیتەرە ووتیان ئەوە دەچنە كوێ ؟ وتم ئێسترمان بزر بووە دەچم دەیان هێنمەوە وتیان ئەوە جاشی ئێمەیە تەقەی لێ مەكەن وتم ئەگەر سەد مەتر دووركەوم ئێوە بڕۆن من بۆخۆم دەرچووم ماوە ماڵو منداڵم، نامەیەكم بۆ منداڵان نوسی وتم هەموو شتێك جێ بهێڵەو دەستی منداڵان بگرەو وەرە



دەمزانی کەموراقەبەیان خستبووە سەر ماڵیّ، نامەکەی پێگەیشتبوو چوو بوو جێبێکی گرتبوو کەرەتێکی گرتبوو بۆ سەر کانی کورتەکێ لەگەڕانەوە منیش گەیشتبوومە سەر پرد.

پرمەمکی ئەوکاتێ مقەری حیزبی دیموکرات لەوێ بوو (سەید ڕەسول برایم لاجانی) دۆستم بوون لەڕێی (شەهید دکتۆر قاسم لو) هەموو جار چەکم چاك دەکرد ڕێزیان دەگرتم هەمووجار شەهید دکتور دەیوت بیپارێزن ئاگاتان لێ بێت باخەڵك نەیبینن کاتێك دەچووم و دەهاتم.

وەختێکی (حاجی ئەحمەد) هات گەیشتە سەر پردێ وتم (حاجی ئەحمەد) منداڵی منت نەبینیوە وتی منداڵی چی دەبانەو ئینزیبات لەسەر کەلوپەلەکانتن منیش هیچی ترم پێ نەما وتم خێرە مەولودی پێغەمبەر بێت شەرەف و کەرامەتم نەکەوێتە دەست حیزبی بەعس، غارم دا بۆ مەقەری حیزبی دیموکرات مەڵبەندی حیزبی دیموکرات کە لەسێنۆ مەمکۆی بوو، (سەید ڕەسول) و (برایم لاجانی) لەوێ بوون یەك مەسئول مەڵبەند بوو یەك جێگیر بوو وتم کاکە لێم قەوماوە، مەقەری حیزبی دیموکرات لەکورتەك بوو کاتێك ئازوقەیان لەحکومەتی عێراق وەردەگرت مەقەریان لە کورتەك بوو، لەو مەقەرەوە دەیان گواستەوە بۆ سێنۆ مەکۆی من گەیشتمە ئەوێ و جیهازیان بۆ کورتەك کردو وتیان ئەو ماڵە بکەنە ماڵی پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات و ئەو دەبابە و ئینزیباتە دەربکەن، حیزبی دیموکرات دەبابەو ئینزباتی لەبەر ماڵی من دەرکرد، ئەگەر خێزانم گەڕابووەوە کەلوپەلی تێکەڵ دراون وتبوی ئەوە کێ تێکەڵی داون، پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات وتبوی دەنگێ مەکەو ئەگەر لێت بپرسن بڵێ ئێرانیم عایدی حیزبی دیموکراتم ماڵ و منداڵم حیزبی دیموکرات بۆ منی گەیاندە پشتاشان.

لەشەڕی داعشدا نزیکەی (١٠٠٠)هەزار چەکم چاك کردەوە چەند (١٢,٥) و (١٤,٥) لەلیوای (کاك کۆسرەت) هەیە هەموویم چاك کردەوە.

من دەڵێم هەناسەی خەڵكی فەقیرو هەژارە خوای گەورە ڕەحمی بەچ دایكو باوكێك كردوە ئەمن گەیشتومە لیوای (كاك كۆسرەت)و بۆئەوەی ئەو چەكانە چاك بكەمو شتی دەستكردی لەسەر فرێدەمو شتی باشیان بەخەمەسەر بۆئەوەی ئەو چەكە لەكار نەكەون، كاتی شەڕو پێكدادان یەكێك لەو چەكانە دۆشكەی (كاك شوانە) ڕۆژێك پێش ئەوەی ببێتە شەڕ لەداقوق هەمەرێك تەقیەوە ئەو دۆشكە (١٢,٥) بوو كە چاكم كرد كاتێك گەیشتینە مرە لە (١٨–٤–٢٠١٥) بوو سەیارەی داعش پەلاماری پێشمەرگەی دا خۆی لەناو پێشمەرگەدا بتەقێنێتەوە (كاك شوانە) لەسەر دۆشكەكە بوو كاتێك لێی دا بەدۆشكەكە هەمەرەكە تەقیەوە و نەگەیشتە سەنگەرەكانی پێشمەرگەو (كاك شوان) هات ماچی كردم وتی ئەگەر تۆ نەبوویتایە ئێمە هەمووومان شەهید دەبووین، من ڕۆژێك پێش شەڕەكە بوو دۆشكەكەم چاك كردبوو.

لەشەڕی (١٦–٣–٢٠١٥) كاتێك (شەهید سەفین) و (شەهید زانا) شەهید بوو پێش ئەوەی هجوم دەست پێ بكات (٥٧) تێكچوو بوو پێش ئەوەی هجوم دەست پێ بكات چاكم كرد (كاك محمد حاجی قادر) لەگەڵ (كاك ئەیوب) تا بەرنامەیان دانا بۆ هجوم منیش چەكم چاك كرد، لەوێ ئەو چەكەی لەشەڕی داعش چاكم كرد وە هەمووی بەكتابی ڕەسمی هاتووە بەس ئەوانەی كە لەجەبهە بووە وەسڵی نیە دەنا ئەوەی لەجەبهە نەبووەو لە لیوا بووە بەبڕیاری (كاك ئەیوب) و (كاك دڵشاد) بەڕەسمی چاككراوە.

من هەر بەمنداڵی حەزم لە ئیشی ئاسن بوو دەمەوێت فێری چەك چاككردن بم لەساڵی ١٩٨٨ چەكی (مامۆستا نازم) سوتا بوو لەقاسمەڕەش جەماعەتی گومرگ (محمد وەلاشی) و (حیكمەت وەلاشی) لەسەر گومرگ بوو دوو باریان چەك هێنا بۆ پشتاشان لەبناری قەندیل چاكم كردن دوای ئەوە كاتێك پێش ئەوەی حكومەت هجوم بكات هێزی یەكێتی (٨٠) بار گوللە تۆپو گوللە راجیمە

دەیانویست بیانگوێزنەوە.

ئەو کات فەوجی (سەعید ئاغا) لەچوکی مێدینەی بوو فەوجی (برایم ئاغا) لەزینوێ سەرۆکان بوو حیمایەیان بۆ ئەو کاروانە دانابوو (٨٠) وەڵاخ بوو دەیانەویست ئەو چەکو تەقەمەنیە بگاتە مەڵبەندی سێ بەجاشی (برایم ئاغا) شەو تەقەی لەکاروان‌و کردو ئێسترێك هەڵدێرا بوو بەبارەوە (٦) گوللە تۆپی پێ بوو لە تەلانێکدا هەڵی دێرابوو لەشەو تا مەغریب بەپشتا کەوتبوو بەسەختی لاقی لەسەرەوە بارکەوتبووە لای خواری ئەوەندەی بەبارەکەوە خۆی کوتابوو ئەوەندەی کەوتبوو سەرعەردەکە کەوڵ ببوو لەگەڵ شەهید کوێستانی بەپشتی حیزبی دیموکراتدا ڕۆیشتین تا لێوژە، دواتر (شەهید کوێستانی) بەمنی وت تۆ بگەڕێوە لەکاتێك لەگەڵ (شەهید حەسەن کویستانی) کەڕۆیشتم نەمدی بەڵام لەگەڕانەوەمدا سەیردەکەم شتێك هەر سەر بەرزدەکاتەوە ئەو کاتە بەتەنیا بووم لەسەر پشتی وەڵاخ بووم بینیم دابەزیم ئەگەر چووم شەش گوللە تۆپی پێوە بوو. خەبەر هەبوو کە جاشان تەقەی لەکاروان کردووە تەنگەم هەڵ بڕیوو بارم لێ کردەوەو (٦)گوللە تۆپم لەئێستری خۆم بارکردوو ئێسترم ڕاست کردەوەو هەموو بەدەنی برین بوو بردمە سەر ئاوی هەندێك لوتی بەئاوێوەنا بردمەوە ماڵێ و ماڵەوە دەرمانیان کردو ئەو ئێسترەم بەڕێ کردەوە بۆ مەقەری گومرگێ لەقەڵاتووکان، ئەوانیش بەڕێیان کردەوە بۆ سەرکردایەتی و (٣٥٠) دیناریشیان دابوو بە ساحبی ئێستر لە وەرتێ.

لەساڵی (١٩٨٩) بەبڕیاری کۆمیتەی سەرکردایەتی بەس بەڕێز (مام جەلال) لەوێ نەبوو (٣٨) ڕۆژ لەناو مەشجەبی نۆکانێ چەکم چاك کردوە بۆ ئینتیفازە هەموو کۆمیتەی سەرکردایەتی ئاگادارە بە (کاك نەوشیروان) و (کاك کۆسرەت) و (فەرەیدون عبدالقادر).

هەرچی لەسەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی بوو دەیزانی (مەلا محمد) مەسئول

كەرتی مەشجەب بوو لەخڕێ لەنزیكی نۆكانی ئەوكات كە لە (١٩٨٩) ئەو چەكەم چاك كردبوو قاتێكی ئەفسەریم لەبەركرد بوو نەمزانی گریزی لێ نابێتەوە دوایی كە ئیشەكەم تەواوبوو ڕەمەزانیش بوو پیاوێك لەكەرتەكەی (مەلا محمد) بوو زۆر ئازابوو لەخواردن سازكردن، بەربانگو پارشێوان خواردنی سازدەكرد ئەو ڕەمەزانەم بەواستەی ئەو تەواوكرد لەمەشجەبی نۆكانێ.

من تا ئێستا (٨)جار ڕێزلێنانیان لێ گرتووم و مەدالیای جەنابی (مام جەلال) یشم وەرگرتووە.

لەساڵی (١٩٨٨) ئەو وەرشەی چەكی یەكێتیم پێ چاك دەكرد ئەوكات مەقەری (مامۆستا نازم دەباغ) ئێستا نوێنەری یەكێتی لەتاران، ئەو وەرشە لەساڵی (١٩٨٣)ەوە لەسەركەپكانەوە بردمە لێوژەو لەوێوە بۆ پڵنگان دواتر زارگەلی لەوێوە بۆ پشتاشان دواتر بۆ سەنگەسەر و دواتر هێنامەوە بۆ پشتاشان لەوێ ژێر زەمینێكم لێدا بەناوی چاڵی توتن بەخەڵكی ئێرانم لێدا (٧) كەس بوون و بۆئەوەی خەڵكی گوند نەزانن ئەو ژێر زەمینەم بۆچیە، گڵیان لە پەنجەرەكەوە دەكردە دەر پێش ئەوەی حكومەتی عێراق هجوم بكات، ئەو ئەشیایە (٩) بار بوو هەڵمدا ژێر زەمین گڵم وەسەردا كاتێك حكومەتی عێراق هات خانوی سوتاندن بەڵام یەك شتم لەبیرچوو بوو بەردی كاربۆنی و بەرمیلی نەفتم لەدەم دەرگا بیرچوو بوو كاتێك وتیان حكومەتی عێراق هات مەنتیقەی جەنگەو كونە كۆتری گرتووە ماڵیشم لەخوار پسارای بوو، ئەمن لە پەلەپەلیانم لەبیرم چوو بوون حكومەت هات خانوی سوتاند، كاتێك خانوی سوتاند تەقینەوەیەكی زۆر گەورە دروست بوو لەخانوی من، چاوم لێ بوو جەیشی عێراقی دەهاتە ناو گوندی و خانوی دەسوتاند ئەمنیش غارم دا بۆلای، تۆپێكی (٨٣) لەقەندیل داندرابوو شەش گوللەی لەكن مابوو (كاك نەوشیروان) لەوێ بوو وتی ئەوە چی دەكەیت وتم وەڵا ئەو شەش گوللانە هەڵدەدەم ئەو دوژمنانە با هەندێك بتۆپن

وتی وازی لێ بێنە تازە تەواو کۆتایی هات.

ئەو وەرشەی چەکی یەکێتیم پێ چاك دەکرد لەگوندی خۆمان لەژێر زەمینم لێ دا بەناوی چاڵە توتن چوار ساڵ تا ئینتیفازە لەئێران گەڕاینەوە دوای ئینتفازە چوم وەرشەکەم دەرهێناو بەو وەرشە لە دۆڵەبەفرێ ئیشم دەکرد تا نامەی دەست لەکارکێشانەوەم نووسی لە (٢٠٠٠).

شەڕی داعش قورسترین شەڕ بوو، داعش دڕندەبوو لەهیچ دینێکدا نەبووە خۆبتەقێنێتەوە هەر شەڕێك لەگەڵ داعش کرابێت قورس بووە بەڵام تەجرەبەی لیوای خۆشمان جێی ڕێزو تەقدیرە کە کاتێك کە دەڕۆیشتین بەرەو هجومی داعشدا ئەو شۆفڵ و گرێدەرانەی جادەی تازەی لێی دەدا بەقیردا نەدەڕۆیشتن لەبەرئەوەی جادەی ئۆتۆمبیل و هاتوچۆی لێ بکرایە ئەوان بۆمب ڕێژیان دەکرد ئەو بەرنامەی لیوای کاك کۆسرەت دایدەنا کاتێك هجومی دەکرد پێش هجوم کردن جادەی نوێ لێدەدرا شۆفڵو گرێدەرو عەفارەو بۆری سەفەری دادەندراو پردی سەفەری دروست دەکرا ئەو پێشمەرگەی زۆر پاراست ئەو بەرنامە بەرنامەیەکی سەرکەوتوو بوو ئەگەر ئەوە نەبوایە پێشمەرگەی زیاتر شەهید دەبوو پێش ئەوەی ئاوارەی ئێران بین لەساڵی (١٩٨٨) شەڕبوو لەدۆڵی باڵەیان کاك فەرەیدون عبدالقادر نامەیەکی بۆ نوسیم سێ شەو و سێ ڕۆژ بوو شەڕ بوو لەدۆڵی باڵەیان لەگەڵ حیزبی بەعس کاتێك نامە گەیشتە من نوسیبووی خواردن نیە بیدەینە پێشمەرگەکان.

خزمێکم لەوێ بوو جیران بوو لەگەڵ فەوجی (سەعید ئاغا)ی لەچوکی مێدینەی ماڵی لەخۆیوبیان بوو ناوی (حاجی خدر) بوو پێم وت ئازوقەم بۆ پەیدابکە وتی هەرچی دراوەتە فەوجی (سەعید ئاغا) دابەشی نەکردووە هەمووی خەزن کردبوو لەژوورەکەی پێنج سەد دینارم هەدیە دایە وتم (حاجی خدر) ئەو ئازوقەم بۆ ڕاگوێزە بۆی ڕاگوێزیم، دوو مەکینە بوو هێنابوویە بان بەروێ لەوێ

داپۆشی بوو هاتەوە پارەم دایە وتم حاجی خدر پارەی نەدەیتە (سەعید ئاغا) من ئازوقە دەگەیەنمە مەنتیقەی ئازادکراو دوو مەکینەم بەرێ کردن، وەرەقەم لەحیزبی دیموکرات وەرگرتن ئەگەر پێش ئازوقەی نەگرن کاتێك ئەگەر مەکینە ڕۆیشتن بۆخۆم هاتمە پشتی حیزبی دیموکرات لەوێ بەدوربین تەماشام دەکردن دوو مەکینە ئازوقەکە گەیشتە سەیتەرەی حیزبی دیموکرات لەوێیان دابەزاند بەناچاری چووم بۆ سەیتەرەی وتم کاکە پێش بەو ئازوقەیە مەگرن وەرەقەی مەڵبەندم بۆ وەرگرتووە، سێ شەوو ڕۆژە شەڕە لەدۆڵی باڵەییان شەڕە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق. وتی کاکە ئەوە قاچاخە ئێمە ناهێڵین بڕوات وتم تەلەفۆن بۆ کاك سەروان چەکۆی بکە ئەمن ئێستا دەچمە ماڵی کاك سەروان، چوومە ماڵی وتم کاك سەروان پێش بەو ئازوقە مەگرە سێ شەوو ڕۆژە شەڕە لەدۆڵی باڵەییان ئەتۆ پێش بەو ئازوقە مەگرە لەڕێی ساحیب مەڕانەوە ئەو ئازوقە لەدەستی ڕەئیس جاشان هاتووتە دەرێ بەناوی قاچاخی دەمەوێت بینێرم بۆ دۆڵی باڵەییان و ساوێنە ووتی ئەوە قاچاخە ئێمە ناهێڵین بڕوات ووتم جیهازی ڕاکاڵ هەڵبکەو قسە لەگەڵ فەرەیدون عبدالقادر بکە ئەوە لەدۆڵی باڵەییان شەڕە، ئەگەر شەڕ نەبوو بەشەرتی خوا منیش ئەو ئازوقە نابەمو ئەیدەم بەئێوە ئەویش جیهازی هەڵگرتو وتی کاك فەرەیدون چۆنی ئەوە کاك مەلا نەبی ئازوقەیەکی زۆری هێناوەو ئێمەش لێمان گرتووە وتی بەخوێنی شەهیدان بەهەر چوارپارچەی کوردستان خوێن لەنینۆکی بێتو یەك کیلۆ لەو ئازوقە کەم بێت ئەمن شەڕی حکومەتی عێراق ناکەم بەکونە کۆتردا دێم بەس لەسەرکردایەتی ئێوە ئەدەم ئەوکات (سەروان مەکۆ) وتی (کاك فەرەیدون) داوای لێبوردن دەکەم ئێستا بەڕێی دەکەم (٢٩)باربوو.

ئەو ئازوقەکەی لەسەیارەی خۆیان بارکردوو پێم گەیاندە سەر زینوێ کەڵەکێ پشتی بیانوێ ئەوێ ئاخری جادەبوو وتم جالێرە دایبەزێنن ئەوجا بەیانی (٢١)



کاروانم بەڕێ کرد بۆ کاك فەرەیدون عبدالقادر بۆ دۆڵی باڵەییان برادەرێك نامەی بەناوی خۆی نووسی بوو لەترسی شەڕ هەڵات بوو ئاگاشی لەهیچ نەبوو تەنیا بەسەر پشتی وڵاخەوە بینیبووی (مامۆستا نەریمانێك) لەوێ بوو لەسەر گومرگ بوو شەوو ڕۆژ پارەی بۆ یەکێتی کۆدەکردەوە ئەو ئاگای لێ بوو.

ئەو نامەیە نوسراوە وەختێ گەیشتمەوە نزیکی ماڵەوە حەوت شەوو حەوت ڕۆژ بوو نەچووبوومەوە ماڵەوە، (مامۆستا نەریمان) جوێنی دەدا بەرەحمەت بێت ئێستا نەماوە خەڵکی (کانی ماران) بوو پیاوێکی پاك بوو کادرێکی دڵسۆز بوو، حەقە مۆنۆمێنتێکی بۆ بکرێ ئەوەندە پارەی بۆ یەکێتی کۆکردەوە لەزەمانی فەقیری ئەو پیاوە نەمدیوە تا ئێستا باسی بکرێ هەرچی داهاتی سەروەت و سامانی بارو گومرگ و مالیات کۆی دەکردەوە و دەیبردە سەرکردایەتی یەکێتی، ئەو هەستی پێکردبوو کە ئەو کابرا نامەی بەناوی خۆی نوسیوە، (٢١) بارم بەخەڵکی قەڕناقەو پشتاشاندا هەر نەفەری (٢٥)دینارم پێدان وتم ئەو بارە بەرن تەسلیمی فەرەیدون عبدالقادری بکەن.

وەختێ گەیشتمە نزیکی ماڵەوە مامۆستا نەریمان جوێنی دەداو دەیوت ئەو سەگبابە لەکوێیە بانگی خێزانی منی دەکرد منیش تازە گەیشتمەوە وەڵاخم هەر بەدەستەوە بوو وتم مامۆستا نەریمان ئەو جنێوانە بۆ ئەدەیت وتی بڕۆ خۆت بگەیەنە کاروانی کابرایەك نامەی بەناوی خۆی ئازوقەی نوسیوە بۆ فەرەیدون عبدالقادر لەترسی شەڕ هەڵاتووە، بڕۆ ئەو نامەی وەربگرەوە کاروانچیش هەمووی بۆ خۆم گرتبوو من هەریەکەو (٢٥) دینارم پێ دابوون کابرا ناوی (برایم مام ڕەسوڵ) بوو، نانم نەخواردبوو لەداخا خۆم هەڵدایە سەرپشتی ئەسپی و ئەو ئەسپەش وەختی خۆی هی (شەهید دکتۆر قاسملو) بوو هەدیەی کابرایەکی عەجەمی کرد بوو کابرای عەجەمیش ڕۆژێك وتی کاك مەلا ئەو ئەسپەم لێ ناکڕی وتم وەڵا ئەوە هی (دکتۆر قاسملو)یە ئەگەر وەرەقەی

لەگەڵ نەبێت من نایکڕم ئەویش وتی وەرەقەت لەگەڵ ئەدەمێ بە (١٢٠٠)دینار لێم کڕی، دڵم نەدەهات باری لێ بنێم تەنیا هی سواری بوو.

ئەگەر (مامۆستا نەریمان) پێی وتم کابرا نامەی نوسیوە زۆر بێتاقەت بووم خۆم هەڵدایە سەر پشتی ئەسپی کە گەیشتمە سەر سونارنگێ ئەسپەکە کەمنی هەڵدابوو هێندەم ماندوو کرد بوو شۆڕ بوومەوە بۆسەر شێخان گەیشتمەوە دوو کاروان وتیان کاك مەلا بۆ هاتووی وتم بەدوای ئەو نامەیەدا هاتووم نامەکەم وەرگرتەوە ڕێك قسەی (مامۆستا نەریمان) بوو کابرا لەترسی شەر هەڵات بوو بەڵام نامەی بەناوی خۆی نوسی بوو کە من ئەوەندەم ئازوقە بۆ ناردوی ئەمن بەپارەی خۆم کڕی بووم لەڕێی ساحیب مەڕانەوە ئازوقەم بۆ هاتو داپۆشراو وەرەقەی مەڵبەندی حیزبی دیموکرات کاك فەرەیدون لەبن گوێزەکان دانیشتبوو لەسەر شێخان ئەو ڕۆژە (قادر خەبات) حەیوانە کێویەکی کوشتبوو کاك فەرەیدون هاتە سەر ڕوبار وتی کاك مەلا ئێمە ئەگەر پیاو بین ئەوەندەمان بەسە وتم کاك فەرەیدون خوادەکات ئێمە نەجاتمان دەبێت لەدەستی دوژمنان ڕزگار بین ئەوە هیچ نیە ئەوەی بەمن بکرێ دەیکەم.

بانگی کردە ئیدارەو وتی نان بدەنە کاروانچیان منی لەگەڵ خۆی برد وتی بچین گۆشتی کێوی بخۆین (قادر خەبات) لەوێ بوو (عوسمان بچکول) ئەو کاتە خەتەرەیێکی زۆر گەورەش لەگۆڕێ بوو هەموو پێشمەرگە قیناعی کیمیایی دابونێ لەترسی حیزبی بەعس ئەگەر کیمیایی لەمەنتیقە بدات پێشمەرگە بپارێزرێت هاتمەوە (فەرەیدون عبدالقادر) وتی بەشەرتی خوا ئەمن لەو شەڕە سەرکەوم ئەو کوڕە ئەدەمە مەحکەمە، (کاك فەرەیدون) وتی بەیانی هەشت باران بگەیەنە ساوین بۆ (شەهید عبدالرزاق) بەیانی هەشت بارم گەیاندە ساوین (شەهید عبدالرزاق) مقەڕی لە بەستەمەڵی بوو ئەگەر چووم شەهید عبدالرزاق هات دەستی خستە سەرشانم وتی ئەگەر بمێنم ئەوەندەم بەسە



قەتم لەبیرناچێت، پیاوێکی دیکەش لەوێ ناوی (علی) بوو ئێستا شەهید بوو وایزانی من ئەو ئازوقەم لەحکومەتەوە هێناوە ئێستا تەسلیم نەبووە ئەگەر من خواحافیزیم لە(شەهید عبدالرزاق) خواست هات مقەڕی ئەویش لای عبدالرزاق بوو بانگی کردم وتی (کاک مەلا) لەڕێی منەوە ئیش بکە هەویەیەکت بۆ دەکەم سەرانسەری عێراقی پێ بگەڕێیت.
دەستی بردە گیرفانیو کۆمەڵێك هەویەی حیزبی بەعسی دەرهێنا وتم (عەلی) بەس ئەوەندەم لێ ڕاوەستە ئەتۆ سەرتیپی ئێمە ئومێدمان بەتۆیە مەنتیقەمان بۆ بپارێزی ئەو گوندە نەکەوتە دەست حیزبی بەعس ئێستا تۆ حیزبی بەعسی.
وتم بەس ئەوەندەم لێ ڕاوەستە تا دەگەمە لای فەرەیدون عبدالقادر جا ئەودەمی مەحکەمەی منو تۆ لەلای فەرەیدون عبدالقادر بکرێت تا من گەیشتمەوە دۆڵی باڵەییان (علی مام ڕەسوڵ) تەسلیم بووە بەشێکی لەوانەی لەشاخ بوون بەداخەوە سەر بەحکومەتی بەعس بوون.
ئینجا ئەگەر ڕۆیشتین بۆ شێخ ئاش ئەو وەرشەی لەژێر عەرزدا بوو لەساڵی (١٩٨٨) تا دوای ئینتیفازە سەرکردایەتی ئێمە ئاودیوی ئێران بوون، مەنتیقەی ئازادکراو نەمان کاتێك ئاودیوی ئێران بوون ماڵو منداڵم بەپێخاوسی بەنێو گوێنیاندا هات تۆپێکی لەنزیك ماڵی ئێمەدا ئەو ئەسپەی (شەهید دکتۆر قاسملو) تۆپی و پیاوێکی وەرتی ناوی (عبدالله) بوو ئەگەر چاوی بەمنداڵی من کەوت بەناو گوێنیدا دەڕۆیشتن بەپێخاوسی، باری لەسەر پشتی وڵاخی خۆی فرێداو وتی ئەمڕۆ ڕۆژی سەریە ڕۆژی ماڵ نیە، منداڵی منی هەڵدایە سەرپشتی وڵاخو بۆی ئاودیوی ئێران کردن دوای ئەوە سەرکردایەتی گەیشتە شێخ ئاشی هەموو برادەران دانیشتن بەس (مام جەلال) لەوێ نەبوو (کاک کۆسرەت) و (کاک نەوشیروان)ی لێ بوو هەموو برادەران لەوێ بوون کاك نەوشیروان وتی وەرشەت چی لێکرد وتم ژێر زەمینم لێداوە لەبن عەرزیم ناوە لەخانوودا بەناوی

چاڵی توتن وتی لەلای خەڵكی بڵێ هێناومەتە قەندیل بۆئەوەی شوێنی بزر بێت، ئینجا هەر كەسێ لێی دەپرسیم دەموت لەقەندیل شاردومەتەوە.

تا ساڵی ١٩٩١ لەئێران گەڕاینەوە ئینجا چوم خانووی سوتاوم هەڵدایەوە، وەرشەكەم دەرهێنایەوە (٩)بار بوو دەستم بەئیش كردەوە لەڕێی مامۆستا عەزیزو محسن بایزەوە ئیشم دەكرد لەفەرماندەیی چوارقوڕنە ئینجا كۆبونەوەیان كردبوو ئیشی ئەو پیاوە بەئێمە بەڕێوەناچێت هەر پێمان دەكرێت چەك بنوسین فلاَن چەكی چاك بكە ئەمنیان نەقڵی دۆڵە بەفرێ كرد كاتێك چووم (سەلاَح جومعە) لەوێ بوو خزمی جەبار فەرمان بوو، ماوەی (٦) ساڵ مدیری من بوو چەكی هەموو یەكێتیم چاك دەكرد.

جارێكی بایی دوو ملیۆن و نیویان دەرزی تەزویریان كڕی بوو لە حاجی ئاواوە كڕی بوو لەڕێی ئیدارەی گشتی هاتبوو بۆ فەرماندەیی گشتی قاچاخچی نەیاندەوێرا شت بۆ دۆڵەبەفرێ بنێرن، دوو ئیدارە هەبوو لەناو یەكێتی ئیدارەی رۆژئاوا و ئیدارەی رۆژهەلاَت هەبوو، من لەئیدارەی رۆژئاوا بووم كاتێك كە لیژنەی دۆڵەبەفرێ دەچووە بازاڕی حاجی ئاوا ئەو شتانە بكڕن نەیاندەوێرا شتی دەستكار بۆ من بنێرن بەلاَم لەبۆ فەرماندەی گشتیان كێشە نەبوو.

لەوێ یەك گونیەم شتی دەستكرد كۆكردبووەوە كاتێك شەڕ زۆر گەرم بوو شەهید زۆر بوو (سەلاح جمعە) پێشنیاری كردبوو من خەلاَت بكرێم، ئەو ڕۆیشت (شۆڕش سەید مجید) هات لەڕێگەی ئەوەوە (٧)شكرو تقدیرم بۆ هات یەكیان هی كەتیبەی ڕەشاشات بوو ئەوانی تریش هی لەشكرو فەوج و فەرماندەییە.

هەموو شتە عەمەلیەكانم لەگونیەیەك هاویشتوو كۆمكردبووەوە من دەمەوێت بیبەم لەبەردەم بەڕێز (مام جەلال) هەڵیڕێژم بۆئەوەی (مام جەلال) بیبینێت ئەو خەلەلە لەكوێیە لەبەردەمی (كاك جەبار فەرمان) هەڵمڕشت سەد كەسی لێ بوو لەدۆڵەبەفرێ وتم (كاك جەبار) بمگەیەنە (مام جەلال) ئەو شتە دەستكردەو



ئەو چەکە ئیش ناکات، بۆ پێشمەرگە شەهید بێت وتی (سەلاّح جمعە) بیگەیەنە (مام جەلال) وتم من ناچم داوای سەروەت‌و سامان بکەم دەچم خەلەلەکانی پێ دەلێم بۆئەوەی پێشمەرگە شەهید نەبێت دوایی کە شەڕ تەواوبوو وتم (کاک سەلاّح) کەی بچینە لای (مام جەلال) وتی وازی لێ بێنە.

ڕۆژێك کاك فەرەیدون عبدالقادر و محمود سەنگاوی و عبدالله بۆر سێ بیکەیسیان ناردبوو بەناوی بیکەسی بەلاّم بیکەسی نەبوو بەگەتەبوون ئەو بەگەتە دەستکاری دەکران، دەکران بەبیکەسی گرینۆنیان پێ دەلێن بەلاّم لەسێ فیشەك تا پێنجیان نەدەتەقاندو لێك هەلدەوەشان، نامەیکم بۆ نوسین وتم دارێکی لەدەست پێشمەرگە نین کە کەوتن خۆی پێ دەگرنەوە بەلاّم ئەو چەکەیان پێ بێت هەم پێشمەرگە شەهید دەبێت هەم هێزی یەکێتی دەشکێت، کاتێك نامەی منیان گەیشتبوو بروسکەیان بۆ (مام جەلال) کردبوو وتبویان ئەو چەکە بەکەلك نایەن (عبدالله بۆر) چەکی خۆی هەر فڕێ دابوو (مام جەلال) بروسکەی بۆ ئیدارەی گشتی کردبوو وتبووی (٤٠) بیکەسی بنێرە ئیدارەی ڕۆژئاوا لەشەڕی (خێلی حەمە) دۆشکەم لەسەر سەیارە دانابوو کاتێك گەیشتینە سیروان (کاک کۆسرەت) کۆبونەوەی لەگەل پێشمەرگە کرد، خالە کەریم بانگی کرد وتی دەبێ دۆشکە بچێتە پێشەوە (محمد کەفیل) سەیارەی لێ دەخوڕی وتم (کاك محمد) زۆر بڕۆ پێشەوە بۆئەوەی دلم نەدەهات زۆر گوللە سەرف کەم تا دەگەیتە حوکمی بیکەسی بڕۆ گردێکی لێ بوو وتم ئا لەو گردەی ڕاگرە.

وەختێ کە دەستم لەسەردانا ئەو جێگەی سەری پیشمەرگەیان تێدا بڕی بوو لەخێلی حەمەی، یەك سندوقم لێ سەرفکرد لەو گردەی، ئەمن نەمدەزانی لەدەوری سەیارە سەیارە هەلدەبەزێتەوە (کاك محمد کەفیل) بانگی کردم وتی (کاك مەلا) فیشەکت خەلاس کردن (شێخ جەعفەر) لەخەندەقی هاتەدەرێ وتی لێگەڕێ ئەو پیاوە پیاوێکی قارەمانە ئێستا دەنێرم یەك سەیارە فیشەکی بۆ

بێت، (٢٩)ی ڕەمەزان بوو بەڕۆژوو بووین وتم ئێمە شێری کوردانمان لەپشتە لە تەقەمەنی ناترسم لەوکاتەدا دۆشکەی جوندی اسلام (١٢) فیشەکیان هاویشت خەریك بوو بمکوژن، حیمایەی شێخ جەعفەر دووربینی پێ بوو وتم کاکە ئەو دووربینەم بدەرێ ئەمن ئەوە لەکۆڵ نەکەمە ئەمن دەکوژن، ئەگەر تەمەشام کرد لەو شوێنەی سەری پێشمەرگەکانیان بڕی بوو لەبن لەوحەکاندا تەقەی دەکرد، (١٢,٥)بوو سندوقێکم تایم کردو تا سندو خەلاس بوو دەستم هەڵنەگرت دۆشکە شکا بەدەستمەوە گوللە تۆپو گوللە ڕاجیمە بەسەرماندا دەهاتن دەچوونە لای (کاک کۆسرەت) وان لەسەر جادەی سیروان دەکەوتن، کەس فکری لەمن نەدەکرد لەو چۆڵەوانیە کەس دڵی نەدەهات فیشەك بداتە من یەك فیشەك نەگەڕایەوە لای من تا (خێڵی حەمە) گیرا.



# غالب تالیب سالّح باوکی (شەهید سامی)

شەهید سامی لەماڵەوە بوو خەوتبوو سەعات (٢)ی شەو تەلەفۆنیان بۆ کرد وتیان شەڕە لە (مەکتەب خالید) بگەنە فریامان وەرن بۆلامان ئامر فەوجەکەی میمکزای خۆمە سامی سایەقی بوو ڕۆیشت بۆ ماڵیان‌و لەگەڵیا ڕۆیشت بۆ (مەکتەب خالید) تا بەیانی شەڕ بوو بەیانی سەعات (٦:٣٥) بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد ووتی لای ئێمەوە شەڕ نیە بەڵام تەقە هەیە لەپشت ئێمەوە سەعات (٧,٣٥) بوو هاوسێکەمان تەلەفۆنی کرد وتی دەورمان گیراوە دواتر بەدیلی کەوتە دەست داعش ئیتر ئێمە تا (٣) ڕۆژ بۆی گەڕاین لەناو ئاوەکەدا (٣) جەنازەمان دۆزیەوە کوڕەکەی ئێمە نەبوو دواتر چوینە مستەشفا جەنازەی زۆر هات کوڕەکەی ئێمەی تیانەبوو.

دوای سێهەم ڕۆژ لەڤیدیۆ دەریانکرد وتیان ئەمانە دیلن و بەدیلی کەوتونەتە دەست داعش تا (١٥) ڕۆژ لای داعش مانەوە دوای (١٥) ڕۆژ لەحەویجە بوون دواتر نەمانزانی بردیانن بۆ موصڵ یان لەحەویجە ماونەتەوە تا (١٠-١) پارچە ڤیدیۆیەك بڵاوبوەوە کە گوایە ئەمانە سەر بڕدراون ئیتر نازانین ئەمانە ڕاستە یان درۆ ئێمە هیچ جەنازەیەکمان دەست نەکەوتووەو ئێمەش هەر چاوەڕێین کە بێتەوە زۆر کەس پێمان دەڵێن کە ئەم پارچە ڤیدیۆیە ڕاست نیە بۆیە ئێمە تا ئێستاش ئومێدمان هەیەو تا حەویجەو موصڵ نەگیرێتەوە ئێمە هیچمان لێ مەعلوم نابێت زۆرمان هەوڵدا لەگەڵ ڕەئیس عەشیرەتەکانی حەویجە قسەمان کردووەو دانیشتنمان کردووەو لەگەڵ حکومەتی هەرێم دانوستانیان کرد بۆئەوەی گۆڕینەوە بکەن ئەوان داوای ئاوو کارەبایان کرد لەبەرامبەردا دیلەکانمان بدەنەوە بەڵام نەگەیشتنە نەتیجە ئەوان داوای دیل بەدیلیان کرد

لەوەشدا نەگەیشتنە نەتیجە نازانم سەبەبەكەی چی بووە من وەك باوكی شەهید داواكارم خوێنی شەهیدەكانمان بەفیڕۆ نەڕوات هەوڵمان بۆ بدەن یان بۆمان بدۆزنەوە یان جەنازەكەیانمان بۆ بهێننەوە بەبوون و بە نەبوون دڵنیامان بكەنەوە تا ئێستا شەهیدانەشمان بۆ ناكەن پێمان دەڵێن بڕۆ شاهید بهێنە كە كوڕی تۆ شەهیدە كەسیش شاهیدیمان بۆ نادات.

هەموو ڕۆژێكی ئێمە لە قەلەقیدایە وا دوو ساڵو چوار مانگە ئێمە چاوەڕێین بەڵكو موصل و حەویجە بگیرێت هەواڵێك بزانین. تا ئەو ڕۆژە بمێنم لەقاپی خوا ئومێدم هەیە ئیتر نازانم ئومێدم دێتە دی یان نا و داوا لەخوا دەكەم ئەو پارچە ڤیدیۆیە ڕاست نەبێت و كوڕم سەرنەبڕدرابێتو بگەڕێتەوە ناومان هەموو ڕۆژێكم بەمردن تێ دەپەڕێت گوێم بە تەلەفۆن و چاوم بەئەخبارو ئینتەرنێتەوە كە بەڵكو هەواڵێكی خۆش بێت تا ئێستا هیچ هەواڵێك نیە لەكوڕەكەم (سامی) دووهەم كوڕی من بوو وە ئێستاش كوڕە گەورەكەم پێشمەرگەیە و لەسەنگەرە داوای لێ دەكەم وازبهێنێت ئەڵێ بابە من چۆن وازدەهێنم من دیفاع دەكەم لەخاكو نیشتمان و كەركوك.

دواین وتەی باوكی سامی بۆ كوڕەكەی بەگریانەوە هیوادارم بگەڕێتەوە ناومانو جارێكی تر بەیەك شادبین ئەگەر ماوە بێتەوە ناومان ئەگەر نەشماوە خودایە بەجەنەت شادی بكەی. گریان ئەمانی نەداو نەیتوانی درێژە بدات.

هەموو ئاواتی شەهید سامی ڕۆیشتن بوو بۆ ئەوروپا، سێ جاریش ڕۆیشت دەرنەچوو.

# من ڕوناك دایكی (شەهید سامی)

بەدەم هەنیسكی گریانەوە ئەڵێت چوار ڕۆژ بوو (شەهید سامی) نەهاتبووەوە نیوەڕۆ بوو هاتەوە سەعات (٢)ی شەو تەلەفۆنیان بۆ كردوو ڕۆیشتەوە وتیان شەڕە ئێمەش هەر تەلەفۆنمان بۆ دەكرد مەشغول بوو ئیتر سەعات (٦:٣٥) دەقە بوو وەڵامی داینەوە ئاخر جاری بوو دواتر هەرچەند تەلەفۆنمان كرد وەڵامی نەبوو، دواتر هەواڵیان نارد وتیان شەهیدە، سێ ڕۆژ بەیانی زوو هەموو كەسوكار دەهات دەچونە (مەكتەب خالید) دەگەڕان شەویش لە سەنتەرو شوێنەكانی تر بۆی دەگەڕان، دوو موبایلی پێ بوو لەسەنتەر پێمانیان وت لەنێوان ڕیازو حەویجە موبایلەكانی كوژاوەتەوە تا كاتژمێر (٧:٢٥) دەقیقە موبایلەكانی كاری كردووە دواتر بەیەكجاری كوژاوەتەوە دوای (١٥) ڕۆژ لەناو قەفەزێكیان كردبوون و لەناو شاری حەویجە گەڕاندیانن بەفەیس بووك بینیمان دواتر دوای مانگێك وتیان سەریان بڕیون و دوای ئەوە ئیتر هیچ هەواڵێكی تر نازانین.

شەهید سامی كوڕێكی سڕ قایم دەبێت لەدوای شەهید بوونی یەكجار دەبیستین كە كچێكی خۆشویستووە. دایكی بە هەنیسكی گریانەوە ئەڵێت من گلەیم لەكەس نیە مادام لەپێناوی كوردستان و كەركوك ڕۆیشتووە بۆ ئێمە شانازین.

بەدەم هەنیسكی گریانەوە ئەڵێت خۆزگە قەت دایك نەدەبووم ئەو كاتەی هەواڵەكەم بیست لەسەرەتا وتیان شەهید بووە نەیانووت دیل كراوە. ئەبێ ئەو كاتە ئەو هەواڵەت بۆ بێت چی بێت؟ هەموو هاوڕێكانی شەهیدبوون بەس یەك دانەیان دەرچوو بوو لەگەڵ زابتەكەیان هەموو هاوڕێكانی شەهیدو دیل كران.

ئێستاش كوڕێكی ترم پێشمەرگەیە و لە (خرابە ڕوتە) وەك دایكی شەهید

داواکاریم ئەوەیە. شەڕ نەمێنێت، براکوژی نەمێنێت، چوارپارچەی کوردستان یەك بگرێتەوە.


دڵم ئەڵێت ماون‌و هەر دێنەوە لەگەڵ هەڤاڵەکانی شەوو رۆژ پێکەوە بوون ئەوانیش هەر کوڕی منن.



# من شەرمین خوشکی ( شەهید سامی )

کاتێك هەواڵی (شەهید سامی)م پێگەیشت هیچ باوەڕم نەدەکرد کە سامی دیل یان شەهید کراوە.

بەدەم هەنسکی گریانەوە ئەڵێت تابەیانی دەگریم لەبەرئەوەی (شەهید سامی) شەوان لای ئێمە دەخەوت جێگای دیارە تا مردن چاومان لەڕێیە بێتەوە ئومێدیشمان هەیە بگەڕێتەوە، بروا ناکەین ئەو ڤیدیۆیانە ڕاست بێت مەبەستیان لەوەیە خەڵك بترسێنن و خەڵك وازبهێنێت لەچەكو شەڕو تا ئێمە بمێنین شانازی بە دیلو شەهیدەکانمانەوە دەکەین و خۆشمان دەچین بۆ جەنگ لەپێناو خاكو نیشتمانمان ورەشمان ناڕوخێت بەوەی سەردەبڕن و زیندەبەچاڵ دەکرێنو ورەمان بەرزتر دەبێت، کە ئەو نەبوو لەماڵەکەمان چۆڵە لەو ڕۆژەوەی ئەو ڕۆیشتووە ئێمە خۆشیمان نەدیوە هەردەم چاوەڕێ تەقەی دەرگایەکین، ئەوە چوار جەژنە جەژنمان نییە من لەسامی گەورەتربووم سێ براو دوو خوشك بووین.





# عەبدولڕەحمان ( عبدالرحمن )

عبدالرحمن ناسراو بە (ئاغا سێناوەیی) نایب زابت دەرەجە ممتاز.

لەساڵی ١٩٩٩ بۆ یەكەم جار چەكم هەڵگرت، بووم بەپێشمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستان دوای ماوەیەك بیروڕام گۆڕان ساڵی ٢٠٠٠ پەیوەندیم كرد بەلەشكری (١)ی سورچی لەشكارتە ئەو كاتە بەداخەوە شەڕی ناوخۆ مابوو، كەمێك لەگەڵ پەكەكە، دەوامی لای دۆڵی بالیسانم كرد تا (٢٠٠٢) ئەوكاتەش شەڕی (جندالاسلام) دەستی پێكرد و بەشداریم كرد لەهەڵەبجە لە (خێڵی حەمە) لە ناڵپارێز لە كانێسكان لەسەر گۆپكەكانی (سەید سادق) لەم شوێنانە دەوامم كرد لە (سوبحان ئاغا) دوای تەواوبوونی دەورەكە و ئەو شەرە شەڕی ئازادكردنی عێراق دەستی پێكرد لەشكرێكی سورچی بەشدار بوو لەو ئازادكردنە بەشی لای خانەقینم بەركەوت لەوێش ئەو شەرەفەم پێ بەخشراو بەشدار بووین دوایی كە لەوێ تەواوبووم لە (٤-٨-٢٠١٤) داخڵی دەورەی ئەفسەری بووم بەپلەی فەرماندەی فەسیل ئەو كاتە پایەم هەبوو دوای (٨) مانگ دەورەكەم بەسەركەوتوویی تەواو كرد بەڵام بەداخەوە بەهۆی دەمەتەقەیەك لەگەڵ (مامۆستا عەزیز سەرسپی) ڕوتبەكەم ڕاگیراوە تا ئەمڕۆش دوای دەورەكە فەرماندەی فەسیلم وەرگرت تا ماوەیەكی دوورودرێژ لەئاخیرەن بوومە مامۆستای مەشق لەلیواكانی (كاك كۆسرەت) لەقاعەی سەرپەرشتیار بووم بەعدد قەناس دوای ئەوانیش دوای مامۆستای مەشقو فێركردنی ئەو جندیانە شەڕی داعش دەستی پێكردو بەشداریمان كرد لەزۆر شەڕ.

لەشەڕی بەشیر بەسەركەوتوویی بەشداربووین لەوێ زەرەرمان نەدا چوار گوندمان بۆ داندرا بوون لەبەشیر بەسەركەوتوویی هەموومان ڕزگاركرد، گوندێك



لەنێوان بەشیرو حەویجە بوو گوندێکی گەورەبوو کە بەر ئێمە کەوتبوو ڕۆژی یەکەم کە هێرشمان کرد (کاك شالاو) کوڕی (کاك کۆسرەت) سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکردو دوو گوندمان ئازاد کردبوو گوندی سێهەم بەداخەوە شۆفلەکان لەپێشمان بوون، ئارپیجیەك لەسایەق شۆلێکی داو ڕێگاکەی عاتڵ کرد.

ئەو ڕۆژە وەستاین بۆ ڕۆژی دواتر (کاك ئەیوب) سەرپەرشتیاری کرد ڕێگاکەمان گۆڕی ئەمجارە لەڕێگەی قیرەکەوە لای بەشیرەوە بۆی چووین ئەو ڕۆژە زۆر سەلامەت بووین ئەو سایەق شۆفلەش کە شەهید بوو خۆبەخش بوو شارەوانی ناردبووی ئەگینا وەکو پێشمەرگەو لیوای (کاك کۆسرەت) زەرەرمان نەدا دوای ئەوەی لەو شەڕە بەسەلامەتی گەڕامەوە بۆ شەڕی (خازر) و گوندەکانی دەوروبەری موصڵ لیواکانی (کاك کۆسرەت) هەڵبژێردرا بوون لەناو ئەو هێزانەی لەناو کوردستانن لەناو لیوای (٣)ش من هەڵبژێردرابووم کە بەشدار بم، ئەوڕۆژەی کە چووین لەساترەکانی زێرەڤانی چووین، (لیوا عەزیز وەیسی) لەتەنیشتمەوە وەستابوو بە (کاك شالاو)ی ووت ئەو گوندە چەندین جارە هێرشی بۆ دەکەین وەك زێرەڤان وەکو جەیشی عێراقی زۆر قایمە خۆیان نادەن بەدەستەوە (٤٥) سەعاتمان بۆ داناون بۆ لیوای ئێوە.

لیوای ئێوە کە بەحساب لیوایەکی زۆر دڕە دوای ئەوە (کاك شالاو) پێکەنی وتی (٤٥) دەقیقە بۆ تۆ (کاك عەزیز وەیسی) ئێمە ئازادی دەکەین ئیتر وتی ساترەکان بشکێنن شۆفلەکان ساترەکانیان شکاندو ئێمە ڕێکەوتین مقاوەمەیان کرد بەڵام کە بینیان پێشمەرگەکان وا بوێرانەو مەردانە بۆی دەڕۆن مقاومەیان کەمکردەوە دوای ئەوە (سەلیم ڕەش) فەرماندەی فەوجی چوار بڕێك لەدیسپلینی عەسکەری لایدا لەڕێگای هەندەسە لایدا دەبوو ئەو ڕێگایانە پاك بکرێنەوە ئینجا پیای بڕۆن بەڵام ئەو لایدا بەخۆی و فەوجەکەیەوە عەبوە

تەقیەوە، حیمایەکی شەهید بوو (کاک سەلیم) خۆی بریندار بوو دوای ئەوەی خەبەرمان گەیشت (کاک سەلیم) بریندارە (مقدم جمال) حرەکاتی لیوا بوو وتی ئاغا تۆ برۆ سەر ئەو بینا بەرزە بەقەناسەکە مقاومە بکە بزانە لەهیچ شوێنێك دیارن، من بۆ بیناکە دەرۆیشتم ئیسعافی دکتۆرەکان پێش من کەوتن بۆ بریندارەکان دەرۆیشت، (٥٠) مەتر مابوو بگەمە ئیسعافەکە بەگێکی داناو بەداخەوە تەقیەوە بەر عەبووە کەوت، ئەو رۆژە زەربەیەکی گەورە بەر لیواکەمان کەوت بەداخەوە.

(ملازم تاریق ) و (دکتۆر هێرش)، (نەقیب کامەران) کە چوارەم شەهیدی یەك بنەماڵە بوو زۆر بەمەردانە هات، (کاک ئەیوب) زۆر داوای لێ کرد کە نەیەت وتی دیارە من بەپیاوێکی ترسنۆك دادەنێن ئەگینا بۆچی نەیەم، وتی کاکە تۆ سێ برات شەهیدە تۆ تاقانە ماویت نابێت بێیت بەداخەوە ئەویش لەو شەڕەدا شەهید بوو ئەو رۆژە (٦) شەهیدماندا بەڕاستی زۆر ناخۆش بوو چونکە نزیکترین ڕەفیقەکانم بوون (ملازم تاریق، نەقیب هێرش، سەنگەر چاوشین، نەقیب کامەران) ئەمانە ڕەفیقی زۆر نزیکم بوون دوای ئەوە ئێمە هێرشمان کردو بۆ نانی نیوەڕۆ لەناو گوندەکە نانمان خواردو ئازادمان کرد.

(٤) رۆژ لەوێ ماینەوە تاوەکو یان جەیشی عێراقی بێت لێمان وەربگرێت یان زێرەڤانی بەداخەوە لەسەر ئەو ڕێکەوتنەی کە کردبوویان نەدەهاتن، ئێمەش کەمێك گومانمان لەوەبوو بۆچی ڕێکەوتنەکە وەکو پێویست نایەن بەهانایانەوە، لیوای (٧)ی (کاك کۆسرەت)مان لەوێ بەجێهێشت و دەستەی سەرپەرشتیار گەڕاینەوە خەلفی شەو خەوتین و بەیانی زوو ڕۆژی جومعە (٢١-١٠-٢٠١٦) پەیوەندیان پێوەکردین کە کەرکوك زۆر خەتەری لەسەرەو زۆر گەڕەکی گیراون دەبێ ئێوە بگەنەوە کەرکوك، ئێمە ئەو کاتە کاك ئەیوب پێی ڕاگەیاندین کە هەڵسین بۆئەوەی بەرێ بکەوین بەرەو کەرکوك، بەساتری



زێرەڤانی هاتینە ناو گوێڕ، لەگوێڕەوە گەیشتینەوە (مەعەسکەر کەیوان) نانی نیوەڕۆ لای (وەستا ڕەسوڵ)و برادەرانی دیموکرات نانمان خوارد، زۆر هیلاك ببووین چاومان دیارنەبوو لەبەر تەپوتۆزی ئەو دەشتە بەسەیارە ئەوەندەمان لێخۆڕی بوو کە گەیشتینە کەرکوك لای کۆنە قەڵاتەکە بەداخەوە شەهید زۆر هەبوو ئەو دەقیقە ئێمە گەیشتین سەعات دوو نیوو بوو (٣٥) شەهید هەبوو لەهاوڵاتی و پۆلیس.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر ڕەش بوو بەڵام بەڕاستی قارەمانیەتی قەومی کەرکوك باس ناکرێت لەو ڕۆژە گەورەو بچوك منداڵو ژن هەمووی مەردانە هاتنە سەرجادە، هەرکەسەو لای خۆیەوە چەکی هەڵگرتبوو ورەو هێزیان هەبوو، ئینسان ئەو ڕۆژە ترسی لەدڵدا نەبوو من ئەو ڕۆژە لەسەیارەیەکی درعدا بووم دەچوومە ژێر هوتێلەکە بۆئەوەی مەجالم هەبێت لەشوێنێکدا سەرکەوین مەجالیان نەئەدا، دوای ئەوەی سەرکەوتم بۆ بینایەکی بەرز لەوێ گەریلاو پەکەکە لەوێ بوون ئەوانیش بەقەناس مقاومەی چاکیان کرد ئەو شەوە تا عیشا مقاومەمان کرد، جیهازیان بۆ کردم کە بگەڕێنەوە مەتاری کەرکوك، گەڕاینەوە مەتارو شەو لەوێ بووین بەیانی زوو هەڵیان ساندین وتیان جارێکی تر شەڕە هاتینەوە ناو کەرکوك لیواکەمان هەندێك داعشیان کوشتبوو هەمووی لەسەر هەمەرەکان بارکردبوو وتیان عەرز عەزەلاتێك بکەن بۆ ئەو خەڵکەی لەناو کەرکوکن بترسێن ئەوانەی کە ماون.

لەگەڕانەوەکەدا (وەستا ڕەسوڵ)یشمان لەگەڵ بوو، جیهازمان بۆ هات کە لەگەڕەکی دومیز لەمەکتەبەکەدا شەڕە مەفرەزەی (مقدەم جەمال) کە من عدد قەناس بووم لەو مەفرەزەیە، دەبێ بگەنە گەڕەکی دوومیز چوینە گەڕەکی دومیز لەوی مقاومەیان زۆر بەقوەت بوو خەڵکی ئەوێ بەڕاستی ترسابوون، من لەگەڵ (١٠٦)کە چوومە پێشو تەقەمان بە (١٠٦)کە کرد بۆئەوەی بزانین لەکوێدان

ئەو مەنتیقەی (١٠٦) لێ ئەدات ئەگەر تەقە بمێنێت بێدەنگی دەکات، سودی نەبوو دیار بوو زۆر بوون منیش گەڕامەوە لای فۆرتەکە بۆئەوەی من قەناسی دۆشکەکە بوو درێژ بوو هەڵگرت، لەوکاتەشدا (تەلەفزیۆنی ڕووداوو) هاتۆتە پێشم مقابەلەم کردووە جارێکی تریش (ئێن ئاڕ تی) هاتووە من هەر ئەوەندەم ئیتر لەبیربوو کە قەناس منی پێکابوو کە بەئاگاهاتمەوە لە (نەخۆشخانەی پار) بووم لە نەخۆشخانەی (کاک کۆسرەت) یەعنی منیان بەشەهید بار کردوەو گوایە شەهید بووم، بەڵام ئێستا تەندروستم تاڕادەیەك باشترەو سوپاس بۆ خوا کە نەمردووم وە ئێستاش وەك کەمئەندامێکی سەنگەر نایب زابت دەرەجە ممتازم، هیوام سەرکەوتنە بۆ هەموولایەکتان.


# تاریق رەفیق فەریق باوکی شەهید ئاسۆ

لەو ڕۆژەوە کە کوڕەکەم بەدیل گیراوە هەموو دەقیقەیەکمان مردنێکە لەبەرچاوی خۆمان دەیبینین کە هەرجارەو دووان یان سیان دەهێنن سەریان دەبڕن یەعنی کوڕەکەی ئێمە شەهید ببوایە خۆشتر بوو تا بەو شێوەیە دیمەنەکان دەبینین چاوەڕوانی زۆر سەختە بەنەبوونی و پێشمەرگایەتی و بەدبەختی کوڕەکەمم گەورە کرد تا گەیاندمە ئەو کوڕە، تا ئێستاش کوڕەکەم چارەنوسی نادیارە.

هەوڵ نەماوە نەیدەم دوو ساڵو نیوە شار نەمانەوە جەبهە نەماوە بۆی نەگەڕێم عەرەب نەماوە نەچم دەستی ماچ نەکەم بەس بۆ ئەوەی سۆراغێکی کوڕەکەم بزانم. شەوی شەڕەکە تا سەعات (٧:٢٩) دەقە خۆم لەگەڵ (شەهید ئاسۆ)دا قسەم کرد ئەو ڕۆژە ئاخر زەمان بوو ڕۆژێکی تەبیعی نەبوو ڕۆژێکی تەماوی بوو (٣٠–١–٢٠١٥) بوو لە (٧:٣٥) وتی بابە من بریندارم فیشەك نەماوە پێم وتم کوڕم هەرچی دەکەیت خۆت نەدەیتە دەستەوە، دواتر وتی بابە شەحنم نەما کە وتی شەحنم نەما وتم تازە کوڕەکەم نەماو تیاچوو، دواتر ڕۆیشتم بۆ (مەکتەب خالید)و گەڕاین بەدوایدا من بۆ جەنازەکەی دەگەڕام ناو ئاو قامیشەڵانمان هەمووی گەڕاین.

یەکەم ڕۆژ هیچمان نەدۆزیەوە و دووهەم ڕۆژ گەڕام لەناو قامیشەڵانەکان تەلەفۆنێکم بۆ هات وتی بۆ هیچ مەگەڕێ کوڕەکەت واگیراوە بەدیل لەناو حەویجە وان لەناو کۆستەرێك و دەیان بەنو بەردبارانیان دەکەن.

تەلەفۆنەکە برادەرێکم بوو لەفەیسبووك بینی بووی دواتر هاتمەوە خۆم چوومە فەیس بووكو تویتەر کوڕەکەمم دۆزیەوە، ئەوەبوو دوای (١٥) ڕۆژ (مەلا شوان) هەیە کە کوردەو خەڵکی هەولێر بوو سەر بەتیرۆریستانی داعش بەنازناوی



(ئەبو هارون) نمایشێکی بەهەموو دیلەکان کرد بەکوڕەکەی منیشەوە لەناو قەفەزیان کردبوو بەردیان تێدەگرتن، ئاوی گەرمیان بێدا دەکردن، ئاگریان تێ بەرئەدان و ئیهانەیان پێدەکردن، ئەوەم کە بینی مردنم بەچاوی خۆم دی بەڵام نەدەمردم ئێستاش ئەو ڕقەم لەدڵدایە بەرامبەر بەعەرەب کە ئەو زوڵمەیان لەمنداڵەکانی ئێمە کرد، تەسویرەکەی لەلامەو هەموو ڕۆژو دەقیقەیەك سەیری دەکەم وەکو شێتم لێ هاتووە، دوای ڤیدیۆکەی کە (مەلا شوان) نیشانی دا لەگەڵ شێخەکانی حەویجە قسەکرابوو، نیوەڕۆیەك کچەکەم بانگی کردم وتی بابە تەلەفۆنەکەت لێ ئەدات منیش وەڵامم دایەوە وتم ئەلو وتی باوە منم کە وتی منم ئاسۆی کوڕم بوو (٣) دەقیقەو نیو قسەی کرد لەگەڵ منو دایکی بەس ئەیوت باوکە محاوەلەمان بۆ بکە، ئەمە دوای (٧) مانگ بەدیل گیرانی بوو.

دوای ئەوە هیچ هەواڵێکی ترمان لێی نیە ئومیدو چاوەڕوانیم ئەوەیە حەویجە ئازاد بکرێ و خۆم یەکەم کەس بم بچم بۆ سۆراغی کوڕەکەم و تۆڵەشم لە حەویجە دەکەمەوە ئەگەر بزانم کوڕەکەم شەهید بووە لەکوڕەکەم زیاتر نیم لەبەرئەوەی ئەو غەدرە لەمنداڵی ئێمە کرا لەکەس نەکراوە بەدەم هەنیسکی گریانەوە ئەڵێت هەر شەوێك سەردەخەمە سەر سەرین دەڵێم خوایە کەی شەڕەکەی حەویجە دەست پێدەکات، هەموو شەڕەکان سەردانی جەبهەکانم کردووە (شەڕی زەردك و مەخمور و شەڕی لاحمیرا) هەمووی گەڕاوم شەڕنەما نەچم هەموو کەسوکاری دیلەکان سەردانی سەنگەرەکان دەکەین وەك کوڕەکانی ئێمە ڕۆیشتووە ئەوانەی لەوێن هەر کوڕی ئێمەن خۆم (٢٤) ساڵ پێشمەرگە بووم وە لەئێستادا دانیشتوم.

چەندین جار شێخەکانی عەرەب فێڵیان لێ کردوین پارەیان لێمان سادوە خزمەتکاریانم کردوە هاتونەتە ئێرە پارەم خستۆتە گیرفانیان حەیوانم بۆ سەربڕیون ئیتر ئەوەی بڵێیت بۆمان کردون بۆئەوەی سۆراغێك لەکوڕەکانمان



بزانین بەڵام حکومەتی هەرێم هەڵوێستی نەبوو.
ئێمە بۆ خۆمانمان کرد دەبێ شارەکەمان کەرکوک بپارێزین، ئێستاش کوڕەکەم بەدیل گیراوە ئەگەر شەڕ بێت یەکەم کەس خۆمم و دەبێ بچمە پێشەوە ئێمە (٦٣) دیلمان لەلای داعشە تا پێش (٦) مانگ شوێنو مەکانیان دیاربوو لەموصڵ بوون بەڵام دوای ئەو هجومەی دەستی پێ کردوە لە موصڵ سۆراغیان نیە ئەوەی کەرکوک (١٧) دیل بوون واتە تێکڕای هێزی پێشمەرگە لەسنوری کەرکوک ئێمە (١٧) دیلمان هەیە لە (مەکتەب خالید) جگە لەوەی کە (٣)دانە لەبەشیرو ئەو ناوچەیە بوو.
کاتێك شێخەکان هاتن (٢٥) ڕەسمیان هێنا، ئێمە (٢٥) دیلمان لەحەویجە بووە تائێستا من نزیك بە (١٠) جار سەردانی موصڵم کردووە لەهەر کەسێك پرسیار دەکەیت خۆی دەکات بەکەڕو دەڵێ من هیچ نازانم تا ئێستا کە بەشی چەپی موصڵ ئازادکراوە نوقتە بەنوقتە گەڕاوم چاوەڕێم بەشی ڕاستی موسڵیش ئازاد بکرێت، چاوەڕێی ئەوەم ئێستا یەکێك لەدیلەکان ئازادکراوە کە کاتی خۆی چووە بۆ دومەڵان ناوی (کاك تەها)یە چووم بۆلای ئەڵێ پێشمەرگەکان ناخەنە ناو سجنەکانەوە لەناوماڵەکاندا تاك تاك دەیانشارنەوە، ئیتر ئەو پیاوە نازانم چۆن ئازاد بووەو هاتۆتەوە تا (٢٨-١٢-٢٠١٦) لەگەڵ ئاسۆ پێکەوە بوون یەعنی نیوەی موصڵ لەلای چەپ گیرا بوو ئەو سجن بوو (ئاسۆ)ی بینی بوو هەموو نیشانەکانی ئاسۆی پێ وتم (نهێنی و سڕ) هەبوو لەنێوان منو ئاسۆ هەمووی پێ وتم کە ئەوانەی پێ وتم ڕاست بوو وتم بەڵێ ڕاست دەکەیت.
(کاك تەها) بەدیل گیرابوو خەڵکی کفری بوو ئیتر ئێمەش چاوەڕێی هاتنەوەین کە ئەو هەواڵە خۆشەی داپێمان هەر لەچاوەڕوانی (ئاسۆ)داین دواین داواکاری باوکی شەهید یەکڕیزی و تەبایی کوردە تا یەکگرتوو نەبین هیچمان بۆ ناکرێ و هەر دەگەڕێینەوە دواوە.

# من دایکی شەهید ئاسۆم ( ئاوات حەمید )

شەهید ئاسۆ یەك هەفتە بوو ژنمان بۆ مارەکردبوو ئەو شەوە کە ڕۆیشت لەجل کڕین بوو کە هاتبوونەوە دەستگیرانەکەی دراوسێ ی خۆمان بوو، نزیك سەعات (٨)ی شەو بوو هاتنەوە نانمان خواردوو وتی دایە بابڕۆین بۆلای دەستگیرانەکەم چوینەماڵیان و هەرسێکمان پێکەوە دانیشتبوین لەگەڵ دەستگیرانەکەی پێکەوە سەیری موبایلیان دەکرد و قسەیان دەکرد بەدەستگیرانەکەیم وت (ئاسۆ)ت خۆش دەوێت وتی زۆرم خۆش دەوێت، دواتر (ئاسۆ) مۆبایلەکەی لەسەر شەحن داناو براکەی بانگی کردو وتی کاکە موبایلەکەت لێ ئەدات دواتر هاتینەوە ماڵ و بەعەجەلە وتی دەی زوو جلوبەرگم بۆ بپێچنەوە ئەڕۆم جلە عەسکەریەکەم بۆ بهێنن، جلە عەسکەریەکەی کردە بەری وتی دایە جلەکانم بۆ قەوکەن بۆم بخەنە ناو کەنتۆرەکەم.

ئێوارە کە هاتەوە هەر بەجلە عەسکەریەکانیەوە چوو بۆ جل کڕین بۆ بووکەکەی دواتر کە هاتنەوە خۆی گۆڕی ئەوکات چووین بۆ ماڵی دەستگیرانەکەی. ئیتر بوو بەعەجەلەیەك ئەم کوڕە وەکو ئاوو ئاگر زابتەکەی تەلەفۆنی بۆ کردو وتی ئێستا دێین بەدواتدا، دەوامی خۆی نەبوو ئەو گەڕابووەوە لەدەوام و لەئیجازە بوو، سەعات (٩) شەو بوو کوڕەکەم ڕۆیشت ئیتر نەمزانی شەوە ڕۆژە تا بەیانی (٧) تەلەفۆنی بۆ باوکی کرد وتی باوە من بریندارم و کەوتوینەتە ناو کەمینەوە وا خەریکە پەکەکە دێت ڕزگارمان دەکات، باوکیشی لەتاوا جلی لەبەرکردوو سوار سەیارە بوو ڕۆیشت، تەلەفۆنی بۆ زاواکەشمان کرد بوو پێ ی وتبوو گەردنم ئازاد بکە ئێمە تازە کەوتینە کەمینەوەو گرتمانیان ئیتر تەواوبوو هەر ئەو تەلەفۆنە بوو تا ئێستا کەوا بۆ (٢)ساڵ و (٥)مانگ دەچێت هەر ڕۆژەو



دەقیقەیەکم مردنێکە وەکو شێتم لێهاتووە بەدەم پرمەی گریانەوە ئەڵێت ئەچمە سەر کەلوپەلەکانی و لەحەیبەتا ناوی پێڵاوەکانی بۆن دەکەم ماچی دەکەم.

زۆر بەداماوی و نەبوونی بەخێوم کرد هیچم ناوێت لەقاپی خوا بەس بەکورەکەم شادببمەوە، حەلقەکەی پەنجەی خۆم فرۆشت دام بەحەلقە بۆ بوکەکەی (شەهید ئاسۆ) جلی بوکەکەی بایی (٢٥٠) هەزار بوو بەقەرز بۆم هێنا هەر ووتم با(ئاسۆ) دڵی خۆش بێت (شەهید ئاسۆ) زۆر دڵی خۆش بوو حەزی لەژیان بوو زۆری دڵ بەو ژنە خۆش بوو معاشەکەی (٥٠٠,٠٠٠)پێنج سەد هەزار بوو هەر وتم قەینا (ئاسۆ) دڵی خۆشە دەستگیرانەکەی یەك ساڵو چوار مانگ چاوەڕێی کرد دواتر ماڵی باوکی هاتن وتیان چی لێ بکەین بیدەین بەشوو؟ وتم بیدەن بەشوو من چی لێ بکەم ئەویش گوناحە و موستەحەقە و با لێی نەشێوێت، من بەس حەلقەیەکم کردبووە دەستی ئەو ماوەیەش کە دانیشتبوو لەچاکەی خۆی بوو لەتەنیشتم بوو تا ئەو کاتە چاوم پێ دەکەوت دڵم پێی دەکرایەوە وامدەزانی کورەکەمە دەچمە سەربان سەیری حەوشەکەیان دەکەم ئەو کاتانەی کورەکەمم دێتەوە پێش چاو چون لەوێ (ئاسۆ) دەستی گرتو بردیە ژوورەوە.

هەموو یادگاریەکانی دێنە پێش چاوم، لەگەڵ دەستگیرانەکەی دراوسێ دیوار بەدیوار بووین هەموو ماڵەکەم یادگاری (ئاسۆ)یە هەموو شتەکان شوێن دەستی (ئاسۆ)یە ئێستاش ئەگەر شتێك بکڕم ئەڵێم بۆ (ئاسۆ) بۆ دەستگیرانەکەی (ئاسۆ).

ئەوەی خودا پێی خۆش بێت دەیکەم بەس جەرگەکەم بێتەوە کە شەو دادێت ئەڵێم خودایە ئەمشەو خەو بەکورەکەمەوە ببینم دڵم پڕە چیت بۆ باس بکەم بەدەم هەنیسکی گریانەوە ئەڵێت لەحەیبەت جەرگەکەم ناتوانم هیچ بڵێم کوڕەکەی من کەوتە دەست زاڵم، ئەگەر لەبەردەستی خۆم بوایە خۆش بوو

ڕۆژانە دەچوومە سەر گۆڕەکەی بەس من ئێستا هیچ نازانم کوڕەکەم ماوە تەعەدای لێ دەکەن کوڕەکەم نان دەخوات ئاو دەخوات ئاوی گەرم دەخوات کە زستان دێت ئەڵێم سەرمایەتی جلی لەبەرایە پێی پەتیە، بەدەم هەنیسکی گریانەوە ئەڵێت نازانم هەواڵی کوڕەکەم.

# مقدم زیاد سمایل سعید سمایل

چەند باسێك لەسەر ئەرکو بەرپرسیارێتی مقدم زیاد شێخانی فەرماندەی فەوجی یەك لەلیوای (١١٢) هێزەکانی (٧٠) لەپرۆسەکانی رزگارکردنەوەی موصڵ، سنورەکانی چیای بعشیق و ناوەرانو فازیلیە، گوندی ئینجیجە، سماقلو، عمر قاپچی، کۆنترۆڵکردنەوەی شارەدێی بعیش.
مقدم زیاد سمایل سعید ناسراو بە (زیاد شێخانی) فەرماندەی فەوجی یەك لە لیوای (١١٢) هێزەکانی (٧٠)...
مقدم زیاد شێخانی.. وەك هەر فەرماندەیەکی تری هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی چەتەکانی داعش، رووبەرووی چەندین هێرشی جۆراوجۆر بۆتەوە گومان لەوەدانیە تەواوی سەرکەوتنەکانی بەرێز مقدم زیاد لەسەرەتای هەم وەك یاریدەدەری فەرماندەی فەوج هەم وەك فەرماندەی فەوج، بەهاوکاری یەکە بەیەکەی پێشمەرگە قارەمانەکانی فەوجی یەك لیوای (١١٢) بووە.
سەرەتا وەك هەر میحوەرێکی تر ناوچەی بەرزاییەکانی چیای بعشیق شوێنێکی زۆر گرنگ بوو لەدوتوێی پرۆگرامەکانی داعش، هەر بەم تیۆرە زۆر هەوڵی ئەوەیان دەدا کە هیچ نەبێت بەشێکی کەمیش بێت لەو ناوچانە داگیر بکەن بۆیە بەردەوام لەسنوری فەوجی یەکی لیوای (١١٢) هێرشیان دەکرد جاری واهەبوو، لە ٢٤ کاژێر زیاد لەشەش بۆ حەوت جار هێرشیان دەکرد بەڵام ئەفسەران و پێشمەرگە قارەمانەکان بەسەرکردایەتی مقدم زیاد توانیویانە ئەو ناوچەیە بپارێزین وە نەهێڵین یەك مەتر بێنە پێش.
مقدم زیاد وەك فەرماندەی فەوج هەمیشە لەپاڵ ئەرکە سەربازییەکەی هەوڵی

داوە لەڕووی نیزامی و لەڕووی سایکۆلۆژیەوە ئیدامە بەفەوجەکە بدات، بۆ پڕچەك کردنی سەربازەکان بەبیرێکی کوردایەتی و فەلسەفەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

لەبەرئەوەی مەڵبەندی واجباتی فەوجی یەك لەئەمامی بوو بۆیە بەردەوام هێرشەکان ڕووبەڕووی ئەوان دەبۆیەوە بەڵام بەرەچاوکردنی تاکتیکی سەربازی و هونەری جەنگی بەسەرپەرشتی مقدم زیاد توانرا بەبێ هیچ زیان تەواوی ئەو ناوچانە بپارێزرێت تا ئەوەی فەرماندرا کە پرۆسەی کۆنترۆڵ کردنەوەی دەشتەکانی نینوی دەست پێ بکرێت.

بۆماوەی نزیکەی دوو ساڵ مقدم زیاد شێخانی وەك فەرماندەی فەوج توانیویەتی زۆر بەسەرکەوتوانە بەهاوکاری برا پێشمەرگەکان تەواوی هێرشەکانی داعش لەو سنورە تێك بشکێنن، ئەگەر ئەو ماوەیە بخەملێندرێت بۆ قۆناغی بەرگری لەو ناوچانە قۆناغی دووەم بەپرۆسەی رزگارکردنەوە دەست پێدەکات.

لێرەوە بەڕێز مقدم زیاد شێخانی بەم جۆرە باس لە چۆنیەتی قۆناغی دووەمی پرۆسەکە دەکاتو دەڵێت:

لەقۆناغی دووەمی ئۆپراسیۆنەکە هێزەکانی لیوای (١١٢) چوونە نێوان گوندەکانی (ئینجیجە – سماقلو – عمر قاپچی) و نزیك کانونیە، ئینجا ئەو هێزە لەوێ وەستان، پاشان بەڕێز فەرماندەی لیوای (١١٢) فەرمانی بەمن کرد وتی:

جوڵە بەهێزەکەت بکەو وەرە بۆلای ئێمە، منیش هێزەکەم برد و چووم بۆلای ئەوان، ئەوەبوو لەهەمان رۆژدا نزیەی (١٠) ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو خۆیان تەقاندەوە بەهێزەکانماندا، وەیەکێك لە هەمەرەکانی بەڕێز فەرماندەی لیوای (١١٢) کرا بەئامانج، پاشان هەر لەو بەراوردەدا بەڕێز فەرماندەی لیوای (١١٢) فەرمانی کرد وتی: مقدم زیاد بڕۆ سەر ڕێگای (فازیلیە – باعشیق) منیش چووم

لەگەڵ برایانی دڵسۆز هەم لە ئەفسەر هەم لەپێشمەرگە قارەمانەکان توانیمان ڕێگاکە کۆنترۆڵ بکەین، تا ڕۆژی دووەم ئێمە لەشوێنی خۆمانماینەوە مانای لەسەر ڕێگاکە، ئەوەبوو چەتەکانی داعش زۆر بەچڕی هێرشیان کرد بەڵام سوپاس بۆ خوا توانیمان تێکیان بشکێنین، هەر لەوێش پێشمەرگەیەکی فەوجەکەی من بریندار بوو، هەر لەوێدا دوو حەفارەی هێزەکانی پێشمەرگە کە خەریکی دروستکردنی ساتر بوون یەکێکیان سووتێنرا و ئەویتریش شکا لەلایەن داعشەوە، دواتر بەڕێز فەرماندەی لیوای (١١٢) ئەمری کرد وتی:
هێزەکەت ببە بۆ پشتی گوندی (فازیلیە) منیش وتم بەسەرچاو چووین بۆئەوێ تەواوی ئەو ناوچانەی کە بۆیان دانابووین زۆر بەسەرکەوتوویی ئازادمان کردو تەواو کۆنترۆڵکرایەوە.
بۆ هەمان ڕۆژ بەڕێز فەرماندەی لیوای (١١٢) ئەمری کرد وتی هێزەکەت ببە بۆ نزیك گوندی (ئینجیجە) کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای گوندی فازیلیە بەبەری خوارەوەی لای موصڵ، لەوێ بووم تا دەست پێکردنی ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵ کردنەوەی شارەدێی (باعشیق) ئەوەبوو دووبارە بەڕێز فەرماندەی لیوای (١١٢) داوای لێکردم بەخۆم و (٦٠) پێشمەرگەم بچین بۆسەر شاخی باعشیق بەمەبەستی هێرشکردن بۆ شارەدێی بەعشیق.
بەرواری ٦-١١-٢٠١٦ بەڕێز فەرماندەی لیوای (١١٢) فەرمانی کرد وتی: ڕزگارکردنی زنجیرە چیای (باعشیق)و ناوچەکانی خوارەوە ئەرکێکی لیواکەمانە و دەبێت تۆ بچیت، منیش وتم بەسەرچاو بۆ ڕۆژی دواتر مانای ڕۆژی ٧-١١-٢٠١٦ کاتژمێری (٥:٢٥) سەرلەبەیانی فەوجەکەی ئێمە کە نزیك (٦٠) پێشمەرگە بووین پێش هەموو هێزەکانی ناوچەکە هەم لەبرایانی یەکێتی نیشتمانی و هەم لەهێزەکانی پارتی.
ئێمە توانیمان یەکەم کەس بین کە ئەوشوێنانەی بۆمان دانرابوو کۆنترۆڵی

بكەین، بەداخەوە لەوێ پێشمەرگەیەكمان بریندار بوو هەر لەو شوێنەی كە ئێمە هێرشمان بۆ كرد تونێلێكی لێ بوو تاكو كاتژمێر (٦:٠٠)ی ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو بەڵام سوپاس بۆ خوا دواتر توانیمان كۆنترۆڵی بكەین، وەهەروەها توانیمان دەست بگرین بەسەر ژمارەیەكی زۆر لەچەكو تەقەمەنی داعش.

# شەهید کاوە محمد

من عەزیمە کاکە ڕەش دایکی شەهید کاوە محمد.

(شەهید کاوە) خاوەنی دوو منداڵی کچە ئەو شەوەی کە (شەهید کاوە) بەدیل گیرا هەواڵێکی زۆر ناخۆشمان بۆ هات وتیان بەدیل گیراون ئێمەش سەعات (٣)ی شەو بوو تەلەفۆنمان بۆ کرد وەڵامی دایەوە وتمان کاوە ئەگەر دەورتان نەگیراوە خۆ ڕزگار بکە وتی دایە تەلەفۆنم بۆ مەکەن با شەوقی موبایلەکەم ئاشکرا نەبێت، هیچ مەجالێکمان تیانەماوە دەورمان گیراوە دواتر تەلەفۆنی بۆ خێزانی کرد بوو وتبوی بەباوکم بڵێ هەوڵێکم بۆ بدات دەورمان گیراوەو بەدیل دەگیرێین ئەو شەوەش بەهۆی شەهیدبوونی (شەهید شێرکۆ)وە باوکی مەشغوڵی ئەو بوو تا جەنازەکەی هاتەوە تا فریای کەوتن و ڕۆیشتنە ئەوێ تا فریای کەوتن‌و زۆری بۆ گەڕان هەموو دەشت‌و قامیشەڵان‌و کەلاوەکان گەڕابوون هاتنەوە وتیان لەهیچ شوێنێك نەمان دۆزینەوە، دیارە مەجالیان نەبووە ڕابکەن و گیراون بەدیل لەدوای کاوە من ژیانم نەماوە، دوو هەفتە بوو کاوەم نەبینی بوو بەهیوای ئەوەبووم سەردانم بکات ئەو ڕۆژەی کە ڕۆیشتبوو دەوامی خۆی نەبوو، بەخێزانی وتبوو من دەڕۆم شەو دێمەوە بەڵام کە ڕۆیشت نەهاتەوە جارێکی تر نەمان بینیەوە لەهەواڵی گرتنی زیاتر هیچمان پێ نەگەیشت.

سێ شەو و ڕۆژ بۆی گەڕان (شەهید کاوە) لەتەمەن (١٥)ساڵیەوە پێشمەرگەیە تا ئەو کاتەی بەدیل گیرا کاوە پێشمەرگە بوو (شەهید کاوە) هەر لەتەمەنی منداڵیەوە خولیای پێشمەرگایەتی بوو کاتێك منداڵ بوو دارێکی دەهێناو پەتێکی لێ دەبەست و دەیوت من دەبمە پێشمەرگە تا وای لێهات سەری لەپێناوی حەزوو خولیاکەی دانا.

لەسەرەتادا کە بەدیل گیرا بوو ئومێدم هەبوو دەموت ئازادی دەکەن نەمدەزانی داعش ئەوەندە دڕەندەیەیە کە دەیانگرن‌و سەریان دەبڕن، ئەو شەوەی بەدیل گیرا براکەی قسەی لەگەڵ کردبوو وتبووی کاوە (عەمید شێرکۆ) شەهید کراوە بەخاتری ئەویش بووبێت دەرفەتێك بدۆزەرەوە و ڕابکەن‌و لەشوێنێك خۆتان بشارنەوە، وتبوی مەجالمان نیە خۆمان بشارینەوە کە ڕۆژ بووەوە لەشوێنێك خۆمان دەشارینەوە، دیارە بەیانیەکەشی مەجالیان نەبووە خۆیان بشارنەوە بەدیل گیران تا نزیك سەعات (٧)ی بەیانی تەلەفۆنمان بۆ دەکرد دوای ئەوە ئیتر تەلەفۆنەکەی نەماوە دەستمان لێ شۆری، ئێستا تەنیا ئومێدمان ئازادکردنی موصڵ و حەویجەیە بەزیندویی یان بەمردوویی بۆمان بگەڕێننەوە.



# من فەرمان محمد برای شەهید کاوە

(شەهید کاوە) لەساڵی (١٩٩١) لەگەڵ شەهیدی فەرماندە (لیوا شێرکۆ) بوو بە پێشمەرگە دوای ئەوە لەساڵی (١٩٩٣) بوو بەلیوای تایبەت هەردووکمان پێکەوە لە لیوای تایبەت بووین دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ فەرماندەی (٣) کەرکوك هەر لەگەڵ (شەهید شێرکۆ)دا بەردەوام بوو تا شەڕی ئەنصار دواتر گەڕاینەوە دوای پرۆسەی ئازادی فەرماندەیی کەیوان دروست بوو لەوێ بەردەوام بوو دواتر گوازرایەوە بۆ لیوای (١) وەزارەتی پێشمەرگە کە (شەهید شێرکۆ) خۆی فەرماندەی لیوا بوو دواتر چووە فەوجی (٣) لیوای (١) بەردەوام بوو ئەو شەوەی کە (شەهید شێرکۆ) شەهید بوو (شەهید کاوە) لەخوار ئەوەوە بوو دواتر لەگەڵ (١٢) پێشمەرگەی تردا شەڕیان کرد بوو لەسەعات (١,٣٥) دەقیقەوە فیشەکیان لێ بڕا بوو داعش دەوریان گرتبوو.

دواتر بەیانیەکەی بەبێ مقاومە لەبەرئەوەی فیشەکیان پێ نەمابوو بەدیل گیران، دوای ئەوە زۆری بۆ گەڕاینو کاتێك چووین بۆ پرسیاری وتیان هەر کامیان بەلایەکدا ڕایان کردوەو فەرماندەکان وتیان زانیاریمان نیە دواتر هەموو ئەو ناوچەیە گەڕاین جزدانەکەیمان لای ئاوەکە دۆزیەوە کە فڕێیدا بوو، ئێمە وتمان لەوانەیە خۆی هەڵدابێتە ناو ئاوەکە.

داعش دوای دوو ڕۆژ بەڤیدیۆ تەسویریان بڵاوی کردەوە لە حەویجە دەیان گەڕاندن بەناو شاردا تا ماوەیەك چەند جار تەسویریان بڵاوکرایەوە ئاخر جاری بینیمان کەڕیزیان کردبوون بۆ سەربڕینیان، ئیتر لەوە بەدواوە نەمان بینینەوە و نەمانزانی چیان بەسەرهاتووە، دواین جار بەتەلەفۆن لەگەڵ خێزانەکەی قسەی کردبوو وتبووی ئێمە دەورمان گیراوە مەجالمان نیە ڕابکەین ئیتر تەواو

بەس ئەوەندە بوو، کچەکانی (شەهید کاوە) ناویان (تابان و مێهرەبان)ە، (شەهید کاوە) کەسێکی ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بوو ئێمە زۆربەی کاتەکان پێکەوە بووین لەبەرئەوەی هەردووکمان پێشمەرگە بووین هەوڵی زۆرمان بۆدا بۆ دۆزینەوەی لەڕێگەی عەشیرەتەکانەوە بەڵام سودی نەبوو، داعش نە جەنازەو و دیلی خۆی وەردەگرێتەوە نەدیلو جەنازەش ئەداتەوە.

من و (شەهید کاوە) جارێك پێکەوە کەوتینە شەڕێك ئەو بەمنی وت برۆ دواوە منیش بەوم ووت تۆ برۆ دواوە هیچمان نەچووینە دواوە وتی باشە مادام وایە با لەیەك دانەبڕێین و هەر پێکەوە بین، ئێمە بەشداری زۆربەی شەڕەکانمان کردووە.


یەکێك لەو شەڕانەی بەشداریم تێداکرد ڕزگارکردنی ئەو شوێنە بوو کە (شەهید کاوە)ی لێ بەدیل گیرا ئەو شوێنانەم هەمووی بینی کە لێوەی برابوون، شوێن پێ کانیانم سەیر دەکرد کە دیلەکانیان چۆن بردووە ئەو شەوە (شەهید کاوە) بەدیل گیرا من مۆڵەت بووم لەماڵەوە بووم سەعات (١،٣٥) تەلەفۆنم بۆ هات وتیان (شەهید شێرکۆ) شەهید بووە من ڕۆیشتم بۆئەوێ نزیك سەعات (٣) بوو جەنازەکەی (شەهید شێرکۆ)مان هێنایەوە دواتر ئێمە زۆر مەشغول بووین.

نزیك سەعات (٥) بوو جەنازەکەمان گەیاندە کەرکوك و هێنامانەوە تەلەفۆنم بۆ (شەهید کاوە) کرد وتم لەکوێیت ؟ وتی ئێمە وا مقاومە دەکەین هجوممان بۆ دەکەن بەڵام لای ئێمە زۆر سەخت نیە وتم وەرەوە (شەهید شێرکۆ) شەهید بووە، (شەهید شێرکۆ) ئامۆزامان بوو وتی درۆیە (شەهید شێرکۆ) شەهید نەبووەو قەت شەهید نابێت بڕوای نەکرد.

یەکێك لەو دیلانە کە لەگەڵی ببوو ڕای کردبوو وتی ئەو کاتە کە (شەهید کاوە) زانی (شەهید شێرکۆ) شەهید کراوە حاڵی تێکچوو، وتی دەستی دایە بیکەیسیەکە وتی من هەر تۆڵەی دەکەمەوە ئەو دیلەی کە دەربازی بوو وتی ئێمە

گەڕاینەوە بۆسەر (پردەکەی نەهرەوان) هەموومان رامان کرد لەسەنگەرەکە بێنەوە دواوە داعش پێشەوەی لێمان گرت وتی لەگەڵ داعش ڕووبەڕووی یەك بووینەوە تەقەیان لێمان کرد ئێمە گەڕاینەوە بەرەو دواوە، کاتێك گەڕاینەوە لەڕێگە بەدەم ڕێگاوە هەر کەسەو شتێکی دەوت، یەکێك دەیوت با لێرەوە ڕابکەین وتی من و (شەهید کاوە) پێکەوە ڕامان دەکرد بەدەم ڕاکردنەوە دەموت با لێرەوە بڕۆین (شەهید کاوە) وتی نەخێر با لەگەڵ جەماعەتدا بڕۆین با هەموومان پێکەوە شەهید ببین، وتی من خۆم هەڵدایە ناو ئاوەکەوەو دەرباز بووم بەس ئەو دانە لەوێوە دەرچوو ناوی (محمد عەزیز محمد ڕەسوڵ کاکەیی) خەڵکی لای داقوق بوو، ئەو شەوە ڕائیدێکمان لەگەڵ دەبێت، وتی (شەهید کاوە) فیشەکی پێ نامێنێت مەخزەنێك فیشەکی (١٢)ییم پێ بوو هەڵمداو ئەویش بەپەلە دەیخاتە ناو مەخزەنەکەی.

ڕائیدێکیان لابوو خۆی ڕای کردبووە ئەمبەرەوە دەیتوانی بەوانیش بڵێ ڕابکەن بۆئەوەی خۆی توشی هیچ نەبێت بەپێشمەرگەکان دەڵێ ئێوە لێرە مقاومە بکەن من دەچم فیشەکتان بۆ دەهێنم و دێمەوە (محمد عزیز) وتی بەچاوی خۆم بینیم ڕایکرد ئێمەی بەجێهێشت، وتی فۆرتێکی پێ بوو دەیتوانی (٢٠) پێشمەرگە سوار بکات، وتی ئەگەر ئێمەی لەگەڵ خۆیدا ببردایە هەموومان پێکەوە دەربازمان دەبوو وتی بەتەنیا خۆی فێڵی لەئێمە کردوو پەڕیەوە ئەگەر هەموومانی سوار بکردایە هەردووانمان شەهید دەبووین نەك هەموویان بەدیل گیران، کاتێك ئەو ڕیکرد داعش لەدواوە زۆری تەقە لێکرد بەڵام ئەو دەرباز بوو و ئێمەی داناو خۆی ڕای کرد.





# شەهيد ئاريان نازم

لەخانەوادەيەكى كوردپەوەر لەدايك بووبوو كاتێ ئەم منداڵ بووە ڕژێمى فاشيستى حيزبى بەعس باوكى ئاريانو كۆمەڵێك كوردى تريان بەناهەق ئەنفال كرد. دواى گەورەبوونى شەهيد ئاريان ڕێگەى باوكى گرتەوەو بووە پێشمەرگە، بۆ يەكەم جار لە فەوجى (٣) ليواى (٣)ى تايبەتى (كاك كۆسرەت) بوو بەپێشمەرگە، شەهيد ئاريان لەدەستپێكى شەڕەكانى داعش لەبەر بوێرى و ئازايەتى و دڵسۆزى بەشدارى هەموو شەڕەكانى كردووە تاكاتى شەهيد بوونى تەنانەت لەكاتى مۆڵەت و پشووى خۆى لەماڵەوە كاتێ هێرشێك بكرايە شەهيد ئاريان دەگەيشتەوە شوێنى شەڕەكە.

ڕۆژێك مۆڵەتى خۆى لەماڵەوە بوو گەڕايەوەو خۆى بەتەنيا دوو تيرۆريستى داعشى دەستگير كردو تەسليمى دەزگاى ئاسايشى كردن، شەهيد ئاريان كاتى شەڕەكەى عبدالله غانم زۆر بە وورەيەكى بەرزەوە بەپێكەنينەوە هێرشى كردە سەر تيرۆريستان پاشان بەگوللەيەكى قەناس شەهيد كرا.

پاش شەهيدبوونى لەماوەيەكى كەمدا كچەكەى لەدايك بوو.

–شەهيد هۆگر عوسمان خاليد

–شەهيد ئاريان ناظم.

لەرۆژى ٣٠–٩–٢٠١٤ لەگوندى (عبدالله غانم) شەهيد بوون.

شەهيد هۆگر پێشمەرگەيەكى قسەخۆش و دەم بەخەندە بوو، كاتێ هەر هێرشێك كە دەمانكردە سەر تيرۆريستانى داعش ئەگەر نەشمان بردايە خۆى هەر ئەهات بەچەپڵەڕێزان و پێكەنينەوە بۆ شەڕەكانى داعش، گەنجێكى ئازاو لەخۆبردوو بوو هيچ كات سڵى لە فيشەك نەكردۆتەوە تا ئەو كاتەى لەميحوەرى



مەلا عبداللە هێرشمان کردە سەر تیرۆریستان و شوێنەکانی ئەوانمان گرت بەڵام بەداخەوە ئەوە دوایین داستانی قارەمانیەتی بوو کە تۆماری کرد.

–شەهید نەقیب کامەران عمر عوسمان

–شەهید راوێژ نصرالدین مامە

لەمیحوەری موصڵ لەگوندی خرابە سوڵتان لەبەرواری ١٧–١٠–٢٠١٦ شەهید بوون.

شەهید نەقیب کامەران خاوەنی (٣)برای شەهیدەو خۆشی بوو بەچوارەم شەهیدی بنەماڵەکەیان، برای شەهیدی فەرماندە (هاشم جیهان) بوو، رۆژی ١٧–١٠–٢٠١٦ سەر لەبەیانی کاتێ هێرشمان کردە سەر تیرۆریستان لەگوندی خرابە سوڵتان شەهید کامەران بە وورەیەکی بەرزەوە و بەپێکەنینەوە وتی با بەخێرایی هێرش بکەینە سەر تیرۆریستان، کاتێ هێرشەکەمان کرد ئەم بەپێکەنینەوە و بەچەپڵەڕێزان هێرشی کرد، شەهید کامەران لەهەموو شەڕەکانی داعش بەشداربوو، ئەگەر بەزۆریش بوایە هەر دەهات.

شەهید ڕاوێژ نصرالدین کوڕی لیوا باران بوو شەهید لەمنداڵیەوە دایکی لەدەستداوە و خۆی و خوشکێکی بەتەنها لەگەڵ باوکی گەورەبوون، شەهید ڕاوێژ لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایك بووە هەمان کات وەك باوکی ئەو ڕێچکەیەی پاراستنی کوردستانی گرت.

شەهید ڕاوێژ وەك خۆبەخش بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کرد و تا لەکۆتایی بوو بەپێشمەرگە لەهەموو شەڕەکانی دژ بەتیرۆریستان بەشداربووە، دوایین شەڕی لەمیحوەری موصڵ – خازر لەگوندی خرابە سوڵتان کردو چووە ڕیزی نەمران. شەهید هەموو کات بە وورەیەکی بەرزو دەم بەخەندەوە بەشداری شەڕەکانی کردووە.

# نەقیب كاروان زیاد سمایل سعید شێخانی

من نەقیب (كاروان زیاد سمایل سعید) شێخانی، یاریدەدەری هەواڵگری لیوای (٣/ی تایبەت) كارگێڕی كۆمیتەی (٣٤)ی ڕێكخستن.
لەگەڵ هاتنی تیرۆریستانی داعش بۆ عێراق لە (٨-٦-٢٠١٤) لەگەڵ لیواكەمان لیوای (٣)ی تایبەتی بەڕێز جەنابی (كاك كۆسرەت) وەكو ئەفسەرێك و كادرێك بەشداری تەواوی شەڕەكانم كردووە، لەسەرەتاوە كۆمەڵێك ئەفسەرو پێشمەرگە بووین بۆ فڕۆكەخانەی سەربازی كەركوك چووین بۆ پارێزگاری لە فڕۆكەخانەكە، لەپرسگەی فڕۆكەخانەوە خاڵ بەخاڵ فڕۆكەخانەكەمان هێزەكەمان جێگیر كراین دوای گەیشتنمان هەڤاڵ (شالاو كۆسرەت ڕەسول) بەیاوەری هەڤاڵ (ئاری كۆیی) و بەسەركردایەتی هێزە تایبەتەكەی جەنابی (كاك كۆسرەت)ەوە گەیشتنە شاری كەركوك.
لەمانگی تەمموزی-٢٠١٤ واتە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان هەر لەئەركدا ماینەوە بۆ پارێزگاری لە كەركوك.
لەبەرواری (٢٨-٩-٢٠١٤) بەفەرمانێكی سەروو خۆم لەگەڵ مەفرەزەیەك و بەچاوساغی شەهیدی فەرماندە (مقەدەم هیوا خەلەكانی) چووینە خۆرئاوای گوندی (عبداللە غانم) بۆ كۆكردنەوەی هەواڵ و زانیاری زیاتر لەسەر تیرۆریستانی داعش بۆئەوەی بۆ ڕۆژانی داهاتوو هێزەكانی پێشمەرگە بەباشی بتوانن جولە سەربازیەكان و ئۆپەراسیۆنەكە بەئەنجام بگەیەنین.
لەبەرواری (٢٩-٩-٢٠١٤) لەفڕۆكەخانەی كەركوك ئامادەبووین و لەشەوی (٢٩/٣٠-٩-٢٠١٤) لەبارەگای لیوا لە فڕۆكەخانەی كەركوك لێپرسراوی میحوەری (٤)ی باشوری كەركوك كۆبوونەوەیەكی لەگەڵ كردین بۆ دانانی



بەرنامەو پلانی هێرشەکەی ڕۆژی (٣٠-٩-٢٠١٤) لەسنوری گوندی (عبداللە غانم).

لەبەرواری (٣٠-٩-٢٠١٤) لە کاتژمێر (١:٠٠)ی شەودا فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆردومانی داعشەکانیان دەستپێکردو ئەوەبوو لە کاتژمێر (٢:٠٠)ی دوای نیوەشەو بەڕێکەوتین بۆ گوندی (عبداللە غانم) بەپێی بەرنامەش هێرشی پێشمەرگە لە کاتژمێر (٤:٠٠)ی بەرەبەیان لای حەوزی ماسیەکان لەڕۆژئاوای (عبداللە غانم) دەستی پێکرد تا نزیك خانووەکەی صەدام.

(تێبینی: خانووەکەی صدام لەناوچەکەدا بەناوبانگە)

داعشەکان شارەزاییەکی زۆریان لە جوگرافیای ناوچەکەدا هەبوو بۆیە پرۆژەی ئاوەکەیان بەردابۆوە ناو زەویەکە، ئەم ئاو بەردانەوەیە ڕێگریەکی زۆری لەپێشڕەوییەکانمان کرد، لەهەمان کاتدا داعش بەردەوام هێزی زیاتری بۆ دەهات و تۆپبارانی هێزەکانی پێشمەرگەی دەکرد، ئەگەرچی لەسەرەتای شەڕەکەوە داعش ڕوو لەشکان بوو، بەڵام دوایی و لە کاتژمێر (١٠:٠٠)ی بەیانی تاکو (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ داعش هێرشی کردو پێشمەرگە کەوتە بەرگری کردن‌و لەشکان بووین و دواتر وورە و خۆڕاگری پێشمەرگە قارەمانەکان و بەپلانی فەرماندەو ئەفسەرەکانمان توانیمان بەسەر هێرشەکانیان زاڵ بین و سەنگەری بەهێز دروست بکەین‌و بلانی تازەمان ببێت.

جێگەی باسە لەکاتژمێر (٤)ی بەرەبەیانەوە تاکو کاتژمێر (٥)ی دوای عەسر شەڕ بەردەوام بوو، لەم ئۆپەراسیۆنەدا نزیکەی (٦) کیلۆمەتر چوارگۆشە لەتیرۆریستانی داعش پاککرایەوە، لەدوای (٦)ی ئێوارە هێزە پشتیوانیەکەی خۆمان لە فڕۆکەخانەی کەرکوکەوە بەچاوساغی من بەڕێکەوتین بۆ (عبداللە غانم) و شەڕگەکە وە کاتێك هێزەکەمان تێدەپەڕین لەبەرامبەر گوندی وەحدە کە نزیکی شەقامی سەرەکی (بەغداد-کەرکوك)ە تەقەمان لێکراو خۆشبەختانە

بەسەلامەتی گەیشتینە شەڕەكەو ئاڵوگۆڕمان بەهێزەكانی تر كرد، شەو هێزەكەمان كە مایەوە تەقەی دوژمن و سەختی كەش‌و هەواو مێشوولە زیاتر دۆخەكەی دژوارتر كرد بوو و لەكاتژمێر (٣)ی شەو داعش جارێكی تر هێرشی كردەوە بەڵام هەر زوو شكان‌و گەرانەوە مۆڵگەكانیان.

لەبەرواری (٢٢–١١–٢٠١٤) لەگەڵ كۆمەڵێك ئەفسەرو پێشمەرگە چووین بۆ (استطلاع) كردن‌و كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر مۆڵگەكانی داعش لەبەرزاییەكانی كۆباشی و جەلەولا، كاتێك خەریكی (استطلاع) كردن‌و كۆكردنەوەی زانیاری بووین هێندە نزیك ببووینەوە تا كار گەیشتە ئەوەی دوو مەفرەزەمان توانیان ئاڵا گەورەكەی داعش لەبەرزایەكانی كۆباشی دابگرن‌و لەم كاتەدا داعشەكان هاتن‌و تەقەیان لێكردین و شەڕ دروستبوو داعشەكان زۆر بەتوندی هێرشیان كردو تەقەیەكی زۆریانكرد، هەر سەبارەت بەهەڵكەوتەی شوێنەكە بەرزی و نزمی زۆری تێدا بوو داعشەكان ناوچەكەشیان لوغم ڕێژ كرد بوو بەتایبەتی دەوروبەرەكەی خۆیان بۆ دڵنیایی و پاسەوانیكردن لەخۆیان، بەهەرحاڵ تا درەنگانێكی شەو لەم بەرزاییانە ماینەوە دواتر سێ مەفرەزەی لیواكەمان‌و هێزێكی ئاسایشی جەلەولا ئەو شەوە لەم بەرزاییانە مانەوە بۆ پاراستنی ڕێگاكان بۆ بەیانی هەر مەترسیەك.

لە كاتژمێر (٥)ی بەرەبەیانی (٢٣–١١–٢٠١٤) لەباخەكەی باوە محمود لەنزیك خانەقین بەوورەیەكی بەرزو پۆڵاینەوە بەرێكەوتن بۆ بەرزاییەكانی كۆباشی و ئامادە بووین بۆ هێرشكردن، لەلایەكی ترەوە فڕۆكەكانی هاوپەیمانان بۆردومانی مۆڵگەكانی داعشیان دەكرد، هێرشی هێزەكانمان دەستی پێكردو سەرەتا داعش بەرگرییەكی زۆریان كرد، بەڵام دوایی خۆیان لەبەر هەڵمەتی دلێرانەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان نەگرت و توانیمان لە كاتژمێر (٨) ی بەیانیەوە داخڵی ناو گەڕەكەكانی جەلەولا ببین بەڵام بەداخەوە بومبێكی



چێنراو بەمەفرەزەیەکماندا تەقییەوە (٣) هەڤاڵمان شەهید بوونو (١٢) هەڤاڵی ترمان بریندابوون.

لەبەرواری (٣٠-١-٢٠١٥) کاتێك تیرۆریستان هێرشیان لەسنوری تەللوەرد و مکتب خالد و ملا عبدالله کرد بەشداریمان کرد لە بەرگرییەکان لە تەللوەرد.

لەدوای هەرەشەو هێرشەکانی داعش لەسنورەکە جارێکی تر لە بەرواری (٧-٣-٢٠١٥) لە کەرکوك ئامادەبووین و لە شەوی (٨/٩-٣-٢٠١٤) چەند ئەفسەرو پێشمەرگەیەك چوون بۆ نزیك مۆڵگەکانی داعش بۆ شارەزایی بوون لەشوێنەکان بۆ هێرشی بەیانیەکەمان و دروستکردنی شوێنی چەکە قورسەکانمان بۆ ڕمی کردن، لەبەرەبەیانی (٩-٣-٢٠١٥) بەڕێکەوتن بۆ سنوری (مکتب خالد و تەللوەرد) و بەرنامەی هێرشکردن دانراو پلانەکە لە کاتژمێر (٤:٣٠)بەرەبەیان دەستمان پێکردو پێشڕەویەکانمان دەستی پێکرد، لەگەڵ ئەمانەشدا هێزێکی ترمان وەکو هێزی پشتیوانی بۆ پاڵپشتی کردن لەهێزە هێرشبەرەکەمان (مکتب خالد) جێگیرکران کە من لەهێزە پشتیوانیە بووم، لەدوای کاتژمێر (١) ی دوا نیوەڕۆ هەموو شوێنە دیاریکراوەکان لە (مکتب خالد) ئازاد کرانو دوای کاتژمێر (٢:٣٠) داوا لە هێزە یەدەگەکەمان کراو ڕۆیشتین بۆ سنوری تەللوەرد بۆ ڕزگارکردنی گوندی (سید خلف) کە دەکەوێتە پشتی مکتب خالد و خوارووی جادەی کوبیانەوە، هێرش دەستپێکرد و بەشێکی زۆری گوندەکە ئازاد کرا.

دواتر فەرمانمان بۆ هات کە لە (سید خلف) بکشێینەوە، لەم چالاکیەدا توانرا (١٨) کیلۆمەتر چوارگۆشە خاکی پیرۆزی کوردستان لەدەستی تیرۆریست و چەکدارانی داعش پاك بکەینەوە.

دوای تەواوبوونی شەڕەکان و کۆنترۆڵ کردنی تەواوی شوێنە دیاریکراوەکان، شوێنە پاککراوەکانمان ڕادەستی ئەو هێزانە کرد کە شوێنی ئەرکی ئەوان بوو و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سەنگەرەکانی پێشووی پێشمەرگە بەمەبەستی پشودان

و خۆرێکخستنەوە و پاشانیش، وە هەروەها لەدوای هەموو ئەرکەکان ستافی کۆمیتەکەمان بەسەرپەرشتی لێپرسراوی کۆمیتەکەمان (ئاری کۆیی) و (عەقید لەتیف) و بەندە (نەقیب کاروان زیاد شێخانی) سەردانی هەموو بریندارەکانمان کرد لە نەخۆشخانەکان وە بەپێی توانا پێداویستیەکانیانمان بۆ دابین کردن.

لەبەرواری (١٤-٣-٢٠١٥) لەبارەگاکانی خۆمان ئامادەبووین و دوای پلان‌و خۆرێکخستنەوە لەبەرواری (١٦-٣-٢٠١٥) و لەکاتژمێر (٥)ی بەیانی لەبەردەم بارەگای هێزەکانی پەکەکەدا لەنزیك (عبدالله غانم) تێپەڕین و هێزەکەی ئێمە بۆ ڕزگار کردنی گوندی (سەعد)و لیوای (١٦)ش بۆ گوندی (خالد)و هێزەکانی دژە تیرۆرو پۆلیسی گومرگ و هەندێك هێزی تریش بۆ گوندی (وەحدە) دانرابوو، هەر بۆ وەبیرهێنانەوە لە کاتژمێر (١٢)ی شەو بەدواوە بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان دەستی پێکردو ئامانجەکانیان دەپێکا کە جێی دڵخۆشی هەموو لایەکمان بوو، جگە لە سێ قۆڵەوە هێزەکانمان دابەشکرا بۆ هێرشکردن و هێزێکی ترمان بۆ پشتیوانی هێزە هێرشبەرەکەمان بەسەرپەرشتی (عەمید دڵشاد) دانراین‌و لەو پلانەدا ئەم هێزەمان ڕۆڵێکی زۆر باشمان هەبوو بۆ پاڵپشتی کردنی هێزە هێرشبەرەکانمان بۆ زانینی بەڕێزتان ئەگەر ئەو ڕۆڵ‌و ئامادەیەمان نەبوایە داعش دەیویست لەدواوە هێرش بکات و پشتی هێزەکانمان بگرێت و هەمان پلان‌و فێڵی ڕۆژی (٣٠-٩-٢٠١٤)یان هەبوو کە لەلیوای (٩)ی پیادەیان کردو دووبارەی بکەنەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئەم هێزەمان لێیان هاتینە دەست‌و نەیانتوانی هیچ بکەن‌و تەفروتونایان بکەین بەڵام لە کاتژمێر (١٠:٣٠) بەیانی داعش زۆر دڕندانە وەڵامی هێرشەکانیان داینەوە بەڵام هەر لەدوای کاتژمێر (٢)ی دوای نیوەڕۆ توانیمان بچینە ناو گوندەکەوە و تەواوی گوندەکە کۆنترۆڵ بکەین‌و لەم چالاکیەدا توانیمان (١٤) کیلۆمەتر چوارگۆشە خاکی پیرۆزی کوردستان لەچنگی ڕەشی تیرۆریستانی



داعش پاك بکەینەوە.

لەبەرەبەیانی بەرواری (١٨-٤-٢٠١٥) هێزەکەمان بەرەو (عەتشانە و عوزێریە و مڕڕە) کەوتینەڕێ و لەنزیك گوندی (خالد) هێزەکەمان بوو بە دوو قۆڵ و من لەگەڵ قۆڵی دووەم بووم‌و لەباشوری گوندی (خالد)ەوە دەستمان بەهێرشکردن کردو بەنزیکەی (١٠ تا ١٢)کیلۆمەتر چوارگۆشەمان بڕی بە بەرەنگاریەکی زۆر تاکو گەیشتینە نزیك گوندی (مڕڕە) لە نزیك مڕڕە ئاوێك هەبوو دەبوایە ڕێگا بکرایەتەوە بۆئەوەی هێزەکەمان بتوانێت بەزووترین کات بگەینە ناو گوندو لەگەڵ هێزەکەی ترمان لەباکورو باشووری مڕڕەوە یەکتر بگرینەوە و بەیەکەوە هێرش بکەین بەڵام بەهۆی فشۆڵی خاك‌و خۆڵی ناوچەکە و بەهێزی ڕێڕەوی ئاوەکە لە کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ ئینجا توانرا ڕێگاکە بکرێتەوە و بپەڕینەوە ئەوبەر.

لەبەرواری (٢٩-٤-٢٠١٦) ئاگادار کراینەوە و لەبارەگاکانمان لە کەرکوك ئامادەبین بۆ ئەرکەکانمان کە بریتی بوو لە ڕزگارکردنی بەشیرو گوندەکانی دەوروبەری، بۆ ئێوارەکەی فەرماندەی لیواکەمان پلان‌و بەرنامەی پڕۆسەکەی بۆ ئەفسەرەکان ڕوون کردەوەو شوێنەکانی بۆ هەمووان دیاریکرد و بەرەبەیانی (٣٠-٤-٢٠١٦) بەڕێکەوتین لە کاتژمێر (٦)ی بەیانی هێرش و ئۆپەراسیۆن شانبەشانی هێزەکانی پشتیوانی دوو دەستی پێکردو لە کاتژمێر (٧)ی بەیانی توانیمان گوندی (مەزرەعە دەولە) ئازاد بکەین‌و دواتر هێرش کرایە سەر گوندی (ئەلبومفرج) ئەویش دوای بەرەنگاریەکی زۆر توانرا کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام لە کاتژمێر (٤:٣٠) دوای عەصر فەرمانێکمان بۆ هات کە دەبێت پاشەکشە بکەین بۆ سەنگەرەکانی پێشووی پێشمەرگە و شوێنە ڕزگارکراوەکان بەجێ بێڵین.

دوای گەڕانەوەمان بۆ سەنگەرەکانی پێشووی پێشمەرگە لیواکەمان لەگەڵ فەرماندەو ئەفسەرەکان کۆبووەوە و پلان‌و بەرنامەی داڕشت‌و بۆ بەرەبەیانی

(١-٥-٢٠١٦) و لە کاتژمێر (٥)ی بەیانی هێرش لەگەڵ هێزەکانی پشتیوانی دوو دەستی پێکردو توانرا نزیك بینەوە لەگوندی (تل الجوار) کە کەوتۆتە باشوری خۆرئاوای شارەدێی بەشیرەوە کە داعشە تیرۆریستەکان تەقەی زۆر و بەرگری زۆریان تێدا کرد، گوندەکە نزیك کۆنترۆڵ کردن بوو داعشەکان سەیارەیەکی خۆکوژیان هات بۆ ناو هێزەکانی پێشمەرگە، پێشمەرگەکانیش بەهەموو شێوەیەك تەقەیان لێ کرد بەڵام هەر توانی خۆی نزیك بکاتەوە بتەقێتەوە، دوای تەقینەوەکە هێرشەکانمان بەردەوام بوون بۆ مەبەستی تەواو کۆنترۆڵ کردنی گوندەکە تاوەکو تەقەی تێدا نەما.

لەسەروبەندی پلانو بەرنامەی ئازادکردنەوەی شاری موصل بەگشتی و پلانی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ بەشداری کردن بەتایبەتی، لەبەرواری (١٦-١٠-٢٠١٦) هێزەکەمان لەسلێمانی و کەرکوكو ئاڵتون کۆپرییەوە بەرێکەوتین بۆ میحوەری خازر و لەنزیك گوندی (خرابە سوڵتان) جێگیرکراین و لەکاتژمێر (٥) ی بەرەبەیان و لەبەرواری (١٧-١٠-٢٠١٦) جوڵەی هێزەکانمان دەستی پێکرد و لە کاتژمێر (٦:٠٠)ی بەیانی هێرش و پەلاماری پێشمەرگە دەستی پێکردو پێشرەویەکانمان بەردەوام بوون و لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی توانیمان بگەینە ناو گوندی (خرابە سوڵتان) کە ئامانجی لیواکەمان بوو بەپێی پلان بۆ دانراو.

لە کاتژمێر (٨:٤٠)ی بەیانی بەداخەوە بۆمبێك بە هەڤاڵانماندا تەقییەوە و لەگەڵ تەقینەوەکە لە بێسیم (جیهاز) داواکرا بەپەلە ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن (اسعاف) بگاتە لایان بۆ هەڵگرتنەوە و گواستنەوەو چارەسەرکردنی بریندارەکان کاتێك اسعاف و ستافەکەی گەیشتنە شوێنی تەقینەوەکە بریندارەکانیان بارکرد و خەریکی چارەسەرکردنی بەشێکیان بوون اسعافەکە جوڵەی کرد بۆئەوەی بەخێرایی بریندارەکان بگوازێتەوە بەڵام و بەداخەوە بۆ دووبارە بۆمبێکی تری دانراو تەقیەوە و ئەم هەڤاڵانە (نەقیب کامران عمر عوسمان) و (ملازم اول

دکتور تاریق عبدالله حمە)و (ن.ز. دکتور هێرش احمد صاڵح) و (ن.ع سەرکەوت اسماعیل خدر) و (س.خ ڕاوێژ نصرالدین مامە) شەهید بوون.
لەدوای گواستنەوەی تەرمی شەهیدەکان بۆ پزیشکی دادوەری و گواستنەوەی بریندارەکان بۆ بنکەی تەندروستی پێشمەرگەو پاشانیش بۆ نەخۆشخانەکەی هاوپەیمانان لەنزیك قەزای خەبات لەوێشەوە بۆ نەخۆشخانەی پار لە شاری هەولێر.
من (نەقیب کاروان زیاد شێخانی) سەرپەرشتی بردنەوەی تەرمی پیرۆزی شەهیدەکانو چارەسەرکردنی بریندارەکانم دەکرد و پاشان بەهاوکاری کۆمیتەکەمان و بەسەرپەرشتی (ئاری کۆیی)و هەڤاڵ (عەقید لەتیفە سوور شەمامەری) سەرپەرشتی سەردانی کردنی پرسەو بەڕێوەبردنی پرسەکان بووینو چاودێری بریندارەکانمان دەکردو چارەسەرمان بۆ وەردەگرتن و هاوکاری و یارمەتی دارایمان پێشکەشی خێزانی شەهید و بریندارەکان دەکرد.

١٠-٦-٢٠١٤ داعش هاتە عێراق و موصڵ.
٣-٨-٢٠١٤ شەنگال لەلایەن داعشەوە گیرا.

# لەیادی شەهیدبوونی کاکە ژیلوان دا

## لەبیرەوەریەکانی کاروانی حمەی تاتە

من (کاروانی حەمە تاتە) پێشمەرگەم لەلیواکەی (کاك کۆسرەت) لەسەرەتای شەڕی داعش خۆبەخش پەیوەندیم کردووە بەهێزەکەی (کاك کۆسرەت) بەشداری هەموو شەڕەکانمان کردوە لە سنوری (جەلەولا و خانەقین و سەعدیە و کوباشی تا مەخمورو گوێر) و هەموو شوێنەکان کە شەڕی لێ بووە، ئێمە ئەمرمان پێ کراوە لەگەڵ هەڤاڵانم بەشداربووین و ڕۆیشتوین.

هەموو شەڕەکان یادەوەری ناخۆشی تیابووە، کارەساتی ناخۆش هاتووە بەسەر پێشمەرگە هیچ شەڕێك نەبووە بەدڵخۆشی بگەڕێینەوە، هەموو دڵخۆشیەکان ئەوەبووە کە چەند کیلۆمەترێك چووینەتە پێشەوە بەڵام زەرەرمان داوە شەهیدمان داوە پێشمەرگەمان نوقسان بووە منداڵی هەتیومان دوای خۆمان جێ هێشتووە بۆ کەسوکارەکانیان، لەدەستپێکی شەڕەکان کە لەو ناوچانە دەستی پێ کرد ئەوەبوو کە داعش هاتە موسڵ و چەند شوێنێکی تری گرت، زۆر بەخێرایی هاتنە مەنتیقە کوردیەکانیش و پلانی گرتنی شارو محافەزەو ناوچە کوردیەکانیان هەبوو کاتێك شەڕەکە دەستی پێکرد هێزەکەی ئێمە زیاتر بەرەو جەلەولا ڕۆیشتین ئەو کاتە سەرەتای ناسینی منو (کوێخا دێرین) بوو ئەوان مەجموعەیەك پێشمەرگە بوون خۆبەخشانە بەشداری شەڕەکانیان دەکرد بەچەكو عیتادی خۆیانەوە دەستیان کرد بە مقاومە وەك هێزی پێشمەرگە شەهید ژیلوانیشی لەگەڵدا بوو هەر ئەو کاتەش بوو من ئاشنابووم لەگەڵ (شەهید ژیلوان) ساڵی ٢٠١٤ کوڕێکی گەنج بوو حەماسەتێکی هەبوو

لەپارێزگاری کردنی کوردستان بەردەوام لەشەڕەکاندا پێکەوە بووین.
لەزۆربەی شەڕەکاندا پێکەوە بووین و بەردەوام لەشەڕەکانیشدا بەرەو پێشەوە دەچوین شەڕیش بووە شکاوین شەهیدو برینداریشمان داوە لەسنوری (مەخمور) پێکەوە بووین شەڕی ئەوێمان بینیوە، مقاوەمان بووە بریندارمان بووە لەکەرکوك هێزی پێشمەرگەی ئێمە لەوێ بووە، لەهەموو ناوچەکانی (عەتشانە و مرەو تەللوەرد و عبداللە غانم)و هەموو ئەو ناوچانەی کە سەر بەرکەکوك بوون‌و لەناو خودی کەرکوکیش کە داعش هێرشی کردۆتەسەری هەموو پێکەوە شانبەشانی یەکتر بەردەوام بووین‌و شەڕمان کردووەو پارێزگاریمان کردوە.
بیرەوەری خۆش و ناخۆشمان زۆر بووە بیرەوەری خۆش ئەوەبوو لەبەشێکی زۆری شەڕەکان سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە لەسەرەتای گرتنەوەی موسڵ و هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراق هەموو هێزەکانی تر پلانی گرتنەوەی موسڵ‌و ناوچەکەیان بوو، لەسەرەتای دەستپێکی شەڕەکە گوندێك دانرابوو بۆ هێزەکەی (کاك کۆسرەت) (٤٠)کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دەرچووین بەرەو وێرانەیەك ڕۆیشتین، ئەو مەنتیقانەی پێیدا ڕۆیشتین هەمووی شەڕی تیاکرا بوو وێران ببوو بەپێی ئەو پلانە سەربازیەی کەدانرابوو گوندی یەکەم لەلای چەپەوە بۆ هێزێکی تر گوندی دووهەم لەلای ڕاستەوە بوو دانرا بوو بۆ هێزەکەی (کاك کۆسرەت) بەسەرپەرشتی (کاك شاڵاو) (٤٦٠) ماڵی تیابوو گوندێکی گەورە بوو سەر بەلێژاییەك بوو لەوێ هێزی داعش موسەیتەر بوو ئەو هێرشی دەست پێکردوو شەڕەکە شەڕێکی زۆر سەخت بوو لەسەرەتا هێزی پێشمەرگە چووە پێشەوە، شەڕێکی باشمان لە دەواجنێکدا کرد کە داعشی تیابوو، تونێلی لێدابوو.
لەگەرمەی شەڕدا بووین (کاك سەلیمە ڕەش) بریندار بوو کاتێك ئەو بریندار بوو (دکتۆر هێرش) و (نەقیب تاریق) بەئیسعافێك چوون بەرەو پیریان بریندارەکان

بهێننەوە بەداخەوە ئیسعافەکە چووە سەر عەبوە و بەر تەقینەوە کەوت بەچاوی خۆم بینیم ئیسعافەکە سوتا (کاک شالاو) بەمنی وت بچۆ بۆ نەخۆشخانە بزانە کێ بریندارە کاتێك کە چووم (٥) جەنازەمان بۆ هاتەوە، یەکێك لەوانە (نەقیب کامەرانی هاشم جیان) بوو ئەو یەکەم شەهید بوو کە هێنایانەوە دوای ئەو (شەهید تاریق)یان هێنا دوای ئەو (شەهید راوێژ)یان هێنا تاقانە بوو لە خۆشەویستی (کاك کۆسرەت) هاتبوو ببووە پێشمەرگە باوکیشی زۆری پێ وتبوو تۆ پێویستت بەپێشمەرگایەتی نیە بەلاّم ئەو سوور بوو لەسەر بڕیاری و ببو بەپێشمەرگە (شەهید رێژوان) خۆم لە نقالەکە دامگرت بەهۆی تەقینەوەکە بەتەواوەتی شێوا بوو، دوای ئەو کە هێنایان (دکتۆر هێرش) بوو خۆم چووم لە ئیسعافەکە دامگرت، دەمووچاوی‌و جلەکانی سوتابوو، قاچێکی پەڕی بوو دەستێکی شکابوو تەواو شێوا بوو، من نەمناسیەوە هاورێشم بوو چەند شەو پێکەوە بووین، جەستەیم نەناسیەوە دەستم کرد بەگیرفانیا بۆئەوەی بزانم کێیە لە جزدانەکەیدا هاویەکەیم دەرهێنا کاتێك سەیرم کرد (دکتۆر هێرش) بوو دواتر جەنازەکانمان نارد بۆ هەولێرو (کاك دەربان) مەراسیمی بەخاك سپاردنی بۆ ئەنجام دان.

شەڕ بەردەوام بوو لەو مەنتیقەیە من گەرامەوە سەنگەرەکان دوای ئەوە بە (٣) سەعات تەواوی گوندەکە کۆنترۆڵ کرایەوەو لەهەمان کاتیشدا بوو کە (کاك شالاو)یش بریندار بوو ئەویش حاڵەتێکی زۆر ناخۆشی بوو، ئیتر دوای ئەوە گوندەکەمان تەسلیم هێزێکی تر کردوو فەوجێکی خۆمان لەوێ مایەوەو ئەو شەڕەش کۆتایی پێ هات و پێشمەرگە توانی لەماوەی (١١) سەعات دا هەموو ئەو گوندانەی کە بۆی دانرا بوو ئازادی بکات.

(شەهید نەقیب کامەران هاشم جیان) لەساڵی (٢٠١٥) لەپردێ لەبارەگای پێشمەرگە ناسیم لەبنەماڵەیەکی ماندوو و پڕ شەهید بوون بۆ ئەم وڵاتە



لەهەموو شۆڕشەکاندا شەهید و قوربانیان داوە، ئەو کاتە بەهۆی (قادر شێخانیەوە) ناسیم، شەوێك تا بەیانی دانیشتین پێکەوە قسەمان کرد دوای ئەوە پەیوەندی دروست بوو لەنێوانماندا، بەردەوام ئاگامان لەیەکتری بوو لەشەڕەکاندا پێکەوە بووین (شەهید کامەران) کەسێکی زۆر ئازا بوو ئەڵبەت کەسێك سێ برای پێش خۆی شەهید بێت هەر کەسێکی چاو نەترس و بوێر دەبێت، ئەویش ڕەنگدانەوەی براکانی لەخۆیدا هەبوو کەسێك بوو سڵی نەدەکرد لەشەڕەکاندا هەر فەرمانێکی پێ بکرایە بەزیاوە جێبەجێ ی دەکرد بەڵام لەو شەڕەدا بەداخەوە ئەو لەپێشەوە بوو پێش ئەوەی حەرەکە بکەن چاكو چۆنیمان دەکرد پێکەوە بسکیتو شەربەتێك بە دەستیەوە بوو، لەگەڵ برادەراندا قسەی دەکرد گوێم لێ بوو وتی انشالا ئەمەش تەواو دەکەین.

داعشمان لەم مەنتیقەیە دەرکردو ئەمە ئاخر شوێنی ئێمەیە دوای ئەوە ئەوان ڕۆیشتنەوە دواتر لە نەخۆشخانە کە چوومە سەر تەرمەکەی پێیان وتم ئەوە جەنازەی لیواکەی ئێمەیە لیوای (٣)ی تایبەت کاتێك چوومە سەری نەمناسیەوە دەموچاوی بەسترابوو، جسمی شێوا بوو وتیان ئەوە (نەقیب کامەران)ە کاتێك بینیم (کاك کامەران)ەو روتبەی نەقیبی بەسەر شانەوەیە باوەڕم نەدەکرد ئەوبێت، دەموچاویم کردەوە جوان بینیم بەداخەوە شەهید ببوو، (نەقیب کامەران) برای (شەهید هاشمی جیاز).

(نەقیب کامەران) و (شەهید ژیلوان) تاقانە بوون ئەوان ڕێگەیان نەبوو بێنە ناو شەڕ بەڵام بەڕەزامەندی خۆیان و بەئازایەتی و چاونەترسی خۆیان بەشداری شەڕەکانیان دەکرد بەداخەوە ئەوان نەدەبوو بێنە پێشەوە شەڕەکە بەپێی بڕیاری یاسایی و سەربازی دەبوو لەدواوەی شەڕەکە بوونایە، (شەهید کامەران) لەکاتی ئازادکردنەوەی موسڵ و (شەهید ژیلوان) لەشەڕی ناوچەی کەرکوك شەهید بوون، لەبیرەوەریەکانی ناوچەی کەرکوکو شەهید بوونی

(شەهید ژیلوان)دا.

دوو ساڵ پێش ئێستاو بەیانیەکی زوو بوو پێشمەرگە جوڵەی دەستپێکرد بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی گوندەکانی دەوروبەری کەرکوك.

بەڕێز (کۆسرەت ڕەسوڵ) فەرمانی بە لیوای (٣)ی تایبەت کرد یەکەم هەنگاوی دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکە بگرنە ئەستۆ و تەواوی پێشمەرگە و پلەدارەکانی لیوای (٣) بەورەیەکی پۆڵاینەوە بەرەو سنورەکانی خوارووی کەرکوك بەڕێ کەوتن.

کاتژمێر (٤)ی بەرەبەیان بەڕێز (شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ) گەیشتە سنورەکەو ئەرکی فەرماندەکردنی ئۆپەراسیۆنەکەی لەلایەن (کاك کۆسرەت)ەوە پێ سپێردرابوو. دوای گەیشتنی ئەو ئیتر پلانەکان هەنگاو بەهەنگاو دەستی پێکرد و تەواوی پلە باڵاکان کۆبوونەوەیەکی ئاساییان دەست پێکردو هەر هێزەو ئەرکێکی پێ سپێردرا.

لەگەڵ دیاری کردنی هێزەکاندا (کوێخا دێرین)م بینی، ئەو کوڕی بنەماڵەیەکی دیاری عەشرەتی عوزێریە و گەنجێکی خاوەن کارو کەسابەتە، لەهەمان کاتدا پێگەو کەسایەتی و دیوەخانێکی گەرمی هەیە.

ئەو لەگەڵ خزمانی عەشیرەتەکەیدا بەچەکو ئۆتۆمبیلی خۆیانەوە دەهاتن و بەشداری شەڕەکانیان دەکرد، شەڕی داعش ئێمەی بەیەك ناساندو هەمان بەیانی کاتژمێر (٥) لەچوارلاوە پێشڕەویی بەرەو گوندی (البو نجم) دەستی پێکرد.

ئێمە (٦) پێشمەرگەی خۆبەخش بووین لەگەڵ هێزی کۆماندۆی بەڕێز (عەمید سەرۆ چاوشین) کە نزیکەی (٤٠) پێشمەرگە بوون و (کاك دێرین)و خزمانی عوزێری (٣٥) پێشمەرگە بەرەو چەپی گوندی (البو نجم) ڕۆیشتین.

لەپێشڕەویەکاندا بەردەوام تیمی هەندەسەو چەکی قورس و دەبابەو شۆفڵەکان



لەبەردەممانەوە دەڕۆشتن‌و هەنگاو بەهەنگاو لەگوندەکە نزیك دەبووینەوە، بەر لەگەیشتنمان بۆ ساتری یەکەم بەجیهاز ئاگادار کراینەوە کە داعش دەستی بەمقاوەمە کردووەو بەچەکی بیکەیسی و هاوەن دەیانەوێت پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە بوەستێنن.

شەڕەکە تا بێ قورستر دەبوو بەردەوام بەجیهاز ئاگادار دەکراینەوە کە بەو خێراییە زۆرە بەرەو پێشەوە نەڕۆین، (کاك سەرۆ و کاك دێرین) و هێزەکە زیاتر و خێراتر هەنگاویان دەناو پێش دەکەوتن تەنانەت شۆڤڵ و هەندەسەشیان جێهێشت بوو.

لە (٣) قۆڵی ترەوە بەهەمان شێوە برادەران زۆر بەزووی پێشڕەوییان دەکرد، جیهاز چەند جارێك هەمووی ئاگادار دەکردەوە کە پەلە نەکەین بەڵام پێشمەرگە زیاتر و خێراتر دەیویست مژدەی شکاندنی ساترەکان بداتو بەزووی داخڵی گوندەکە ببێت.

لەهەر چوار لاوە لەماوەیەکی کەمدا گەیشتینە دەروازەی گوندەکە، ئێمە لەناوەڕاستی ساترو دەروازەی گوندەکەدا بووین گوێم لێ بوو (کاك شاڵاو) بە جیهاز وتی سەرۆ و دێرین زۆر پەلە مەکەن ئێوە زۆر نزیك بوونەتەوە ئەوانیش مقاوەمە ئەکەن، هەوڵبدەن بڵاوببنەوە، ئەمان سوربوون لەسەر ڕۆیشتن و دەیانویست ساترەکە بشکێنن، هەموو بەبڵاوی دەڕۆیشتین، (کاك سەرۆ و کاك دێرین)و چەند پێشمەرگەیەکی تر نزیك بوونەوە لەساترەکە، من و ڕەندو کاك گۆران (٣٠٠) مەتر دوور بووین لەوانەوە، داعش بەهاوەن و چەکی بیکەیسی هەڕەمەکی دیفاعی دەکرد ئەمانیش بەتەقەوە گەیشتنە نزیکی ساترەکەو تەنها (٥) مەتر لێی دووربوون.

لەو کاتەدا دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە هاتو کەس دیارنەما، خۆڵ و پارچە داباری بەسەر ئەوانداو ئێمەش لەجێی خۆمان وەستاین، گوێم لەدەنگ و هاواری

پێشمەرگە بوو هەريەکەو بەشێوەك داوای يارمەتی دەکرد، يەك دەيوت باوکم رۆ يەك دەيوت هەموومان شەهيد بووين، يەك دەيووت ژيلوان کوا، هاوارەکان تێکەڵ ببوون و من و ڕەنديش لەملاوە حەپاسا بووين، چەند هەنگاوێکم نا بچمە لايان خۆڵو تۆزەکە هەر مابوو ديسان عەبوەيەکی تريان پيا تەقيەوە! هەستێکی زۆر ناخۆش دايگرتم و نەمئەزانی چۆن نزيك بمەوەو چی بکەم.

لەتاو دوکەڵو تۆزو خۆڵ کەسيانم نەئەبينی، گوێم لێ بوو يەك هاواری دەکرد ژيلوان بريندارە، يەك هاواری دەکرد ئاکام کوێر بووە، يەکێ دەيووت زيرەك شەهيد بووە! چەند پێشمەرگەی تر هەريەکەی بەجۆرێك لەتاو ئازار هاواريان دەگەيشتە ئاسمان، هاتمە نزيکيان و يەکەم کەس کاك ئاکامم بينی کەوتبوو ئەو زاوای (کوێخا دێرينە) و هاواری دەکرد کوا ژيلوان؟؟

دەستم بردە پشتی و بەرزم کردەوە بينيم هەموو گيانی خوێن و ساچمەيە و پارچەيەکی زۆر لەچاویو دەمی و ملی و سەريدايە، ئەومان خستە ناو ميکزەمينيەکەوە و بەرێمان کرد بۆ نزيکترين بنکەی تەندروستی.

هاتمە ئەملاترەوە (کوێخا دێرين) بەديار سەری کەسێکەوە وەستابوو زوو زوو دەيوت من هيچم نيە بەس!! پێم بڵێن چی بووە؟ ئەو هێشتا بڕوای بەو ديمەنە نەبوو کە چواردەوری هەمووی شەهيد و بريندارە، من دەستم کردە ملی و دڵنەوايم کردەوەو تەماشا ئەکەم ژيلوانی برازای لەبەردەميدا کەوتووەو قاچی ڕاستی نەماوە.

ژيلوانی تاقانە کوڕی (شەهيد شيروان عوزێريە) و برازای (کوێخا دێرينە)، ئەو لەمناڵيەوە چاوەڕێی هاتنەوەی باوکە شەهيدەکەيەتی!! ئێستا بەهەمان شێوەی باوکی خۆشی منداڵێکی تاقانەی جێهێشتووە و ئەويش وردە وردە بێ نازی باوك گەورە دەبێت و وەکو منداڵی کاکە ژيلوان گەورەترين دەبێت بە بينين و باوەشی باوکی!



من دەستم برد بۆ ژێر شانیو تەماشام کرد جگە لەقاچی ڕاستی قاچی چەپی و سنگی و دەموچاوی هەمووی پارچەیە و قۆڵی ڕاستی بەتەواوی شکابوو، هێشتا ژیلوان مابوو.

منو کاك ڕەوەز خستمانە سەر نەقالەکەو بردمان بەرەو ئیسعافەمکە، ژیلوانی ڕەحمەتی چاوی کرابۆوەو ئێمەی دەبینی من پێم وت خوا گەورەیە ئەو وەڵامی نەبوو، من وتم ژیلوان گیان تۆ قارەمانی مردنو مان بەدەست خوایە ئەو بەس چاوی بریبووە چاوم، من دەستیم گرت دایبنێم لەئیسعافەکەدا ئەو دەیویست شتێك بڵێ نەیدەتوانی! پڕ بەدڵ دەمویست لێی تێ بگەم هیچ حاڵی نەبووم چاوی کز بوو ویستم ماچی بکەم بەداخەوە دەستەکانی شل بوونو چاوی تەواو داخرا.

بەدیاریەوە بووم کە ئەو ڕۆحی سپارد بەکوردستان و بووە شەهید ئیتر دەرگای ئیسعافەکەم داخستو هاتمە ئەملاوە بەکوێخا دێرینم وت ماوەو خوا ڕەحمی پێ بکات.

چەند مەترێك هاتمە ئەملاوە قاچی (شەهید ژیلوان)م بینی کەوتبوو لەگەڵ کاك ڕەوەز هەڵمانگرتو خستمانە بەتانیەکەوە، هەر لەویادا مۆبایلەکانی و سیلاحەکەی کەوتبوو ئەویشم بەدەستی خۆم هێنامەوە، دواتر لەولاوە (شەهید زیرەك) کەوتبوو بەداخەوە ئەویش هەردوو قاچی و ناوکەمەری نەمابوو ئەو لەگەڵ تەقینەوەی دووەمدا دەستبەجێ شەهید ببوو، تەرمی ئەو شەهیدەشمان هەڵگرت لەناو بەتانیدا جەستەیەکی بێ ڕۆحمان ناردەوە بۆ کەسوکاری! جگە لەو برایانەم، زیاد لە (١٠) کەسی تر بریندار بوون هەریەکەی بەجۆرێك!

لەڕێگا مۆبایلەکانی (شەهید ژیلوان)م پێ بوو، بەردەوام نامەو تەلەفۆنی بۆ دەهات و زۆربەی نامەکان هاواری کەسە نزیکەکانی بوون، یەك لە نامەکان نوسرابوو (ژیلوانی برام توخوا باگوێم لێت بێت خەبەر هاتووە ئەڵێن شەهید

بوویت کەس بڕوا ناکات تۆ شەهید بیت؟ چۆن خوا باوکێك شەهید ئەکات کە خۆشی باوکی شەهید بێت!!!!)؟؟؟ ئەم نامەیە زۆر بێتاقی کردم چونکە تەواوی واقیعەکەم بەچاوی خۆم بینی.

بەداخەوە و هەزاران جار بەداخەوە بۆ لەدەستدانی ئەم هەموو ڕۆڵە جوانە بێ نازەی ڕۆژانە لەپێناو خاكو وولاتو سەقامگیری کوردستاندا گیان دەبەخشن و کۆڵێك خەمو ماڵ وێرانی بۆ کەسوکاریان جێدێڵن..

ئەمڕۆ و لەیادی ئەم ئازیزانەدا جارێکی تر سەرەخۆشی لەبرای گەورەم (کوێخا دێرین)و کەسوکاری شەهیدانی کوردستان بەگشتی ئەکەم، پێتان دەڵێم کە مێژوو قەرزاری ماڵو خێزانی یەك بەیەکتانە، ئێستاش و لەداهاتووشدا ئێوەن پیاوی جەنگو قوربانیەکانی ئەم خاکە!!!.

لەو کاتەوەی ئاسمانی عێراقی بەچەتەکانی داعش ڕەش بوو کوردستانیشی گرتەوەو فەرمان درا بەهێزی (٣)ی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوە و تێکشکاندنیان لەبەر پاراستنی خاکی کوردستان لەو درندانە.

هێزی (کوێخا دێرین) کە هەموویان خزمو کەسی یەك بوون، وەسەر بەعەشرەتی (سمایل عوزەیرین) پێشمەرگەی ماندوو نەناس، بەشداریان لەگشت شەڕەکانی ئەو هێزە کرد کە بریتین لەم شوێنانە:

—کەرکوك

—خانەقین و جەلەولا

—کەرکوك: تەللوەرد، عەتشانە، عوزەیریە و مکتب خالد، چەندین ئۆپەراسیۆنی تر.

شەهید ڕۆڵێکی بەرچاوو کاریگەری هەبوو لەناو هاورێکانیدا هەم بۆ فەرمانەکانی کە پێی دەسپێردرا وەهەم بۆ ڕوحی کەسایەتی و خۆشەویستی ناو خزمو کەسوکاری.



هاوڕێكانی دەگێڕینەوە كە شەهید ژیلوان هەموو كاتێك ئامادەبوو لەپێش هەموو هێزەكەوە بۆ شەڕكردن و بەرەنگاربوونەوە و شاڵاوكردن، بەڵام بەداخەوە لەبەرەبەیانی ڕۆژی ١١-٩-٢٠١٥ (عبوە ناسیفەیەك) تەقیەوە بەشەهید ژیلوان، بووە هۆی بریندار بوونی و زۆر بەسەختی، كاك ئاكام كە بەیەكەوە بوون لەگەڵ شەهید ژیلوان، هەروەها ئەویش زۆر بەسەختی بریندار بوو، (كوێخا دێرین)یش بریندار بوو بەڵام برینەكەی سوك بوو، ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو كاتێك (شەهید ژیلوان) كە زۆر بەسەختی بریندار ببوو كەچی خەمی هاوڕێكەی بوو دەیگوت (خوا فریای كاك ئاكام كەون ئاگاتان لێی بێت). بە (كوێخا دێرین)ی گوتبوو توخوا مامە ئاگات لەكچەكەم بێت، بەداخەوە كاك ژیلوان نەگەیشتە نەخۆشخانە هەر لەڕێگا چووە ناو كاروانی شەهیدانەوە.

كاك ئاكام برینەكەی زۆر سەخت بوو كەس بەتەمای نەبوو چونكە سەرو لای چەپی گرتبوو، برا بۆ نەخۆشخانەی كەركوك و (٣)ڕۆژ لەوێ مایەوە حاڵی بەرەو خراپی دەچوو، دواتر گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەی (پار) لەهەولێر لەوێ مایەوە سوپاس بۆخوا چارەسەری باشی بۆ كراو ئێستاش تەندروستی زۆر باشە.

شەهید ژیلوان لەهەموو ئۆپەراسیۆنەكاندا دایم دەم بەپێكەنین و قسەی خۆش بوو لەگەڵ هاوڕێكانی.

# کوێخا دێرین اسماعیل عوزێری

من (کوێخا دێرین اسماعیل عوزێری) ئامر هێز لەهێزەکەی (کاک کۆسرەت) من پێشتر وەك خۆبەخش بەشداری شەڕەکانمان دەکردو لەگەڵیان بووم وە لەئێستادا هێزێکم هەیە لەهێزەکەی (کاک کۆسرەت) پۆلێك پێشمەرگەو فەرماندە بووین بەشداری هەموو شەڕەکانمان کردوە لەگەڵ فەرماندە (لیوا ئەیوب) ئەو کاتەی (شەهید ژیلوان) شەهید بوو هێرشێکمان کرد بەسەرپەرشتی (کاك شالاو) ساترێکمان بەزاندو چووینە ساتری دووهەم و لەڕێگەکە لاماندا لەبەرئەوەی تەقەمان لێ دەکرد نزیك بە (٥٠) مەتر بوو ڕۆشتبووین عەبوەیەکمان پیا تەقیەوە (شەهید زیرەك)و (شەهید ژیلوان) هەردووکیان شەهید بوون خۆم بریندار بووم. (ئاکام)ی زاوام بریندار بوو ئەو زۆر بەسەختی بریندار بوو لەمردن گەڕایەوە، یادەوەریەکی (شەهید ژیلوان) کە تائێستاش لەیادمدایە کاتێك بریندار بوو (٣)جار هاواری کرد مامە ئاگات لە کچەکەم بێت خۆشی کە باوکی شەهید بوو تەمەنی ساڵو نیوێك بوو ئەوکاتیش (شەهید ژیلوان)مان هێنایەوە لای خۆمان بەخێومان کردو دایکی ڕۆیشتەوە ماڵی باوکی لەئێستاشدا بەهەمان شێوە کچەکەیمان هێناوەتە لای خۆم هاوسەری (شەهید ژیلوان) چۆتەوە ماڵی باوکی وە ئەوکات (شەهید ژیلوان) شەهید بوو تەمەنی ساڵو نیوێك بوو، ئێستا تەمەنی بۆتە سێ ساڵو نیو.

لەشەڕەکاندا یادەوەری خۆش نیە هەمووی ناخۆشە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی سەخت بوو کە ئەو ڕووداوە ڕوویدا ئەو ڕۆژە زیاتر لە (١٠) فەرماندەی قارەمانمان لەگەڵدا بوو کەلە ئێستادا ناوی هەموویانم لەیاد نییە، ئێمە ڕێبازەکەی (کاك کۆسرەت)مان هەڵگرتووە ئەو پیاوێکی ئازا بووەو لەهەموو شەڕەکاندا شوێن



پەنجەی دیارە ئێمەش وەکو پێشمەرگەیەکی (کاك کۆسرەت) حەز دەکەین شوێن دەستمان لەهەموو شەڕەکاندا دیار بێت لە شەڕەکەی جەلەولا (شەهید ژیلوان)م لەگەڵدا بوو ئەو کاتە گەنجێك بوو تازە پێگەیشتبوو لەشەڕەکاندا جگە لە تاقمو تفەنگەکەی خۆی بیکەیسیەکەی منیشی هەڵدەگرت، کوڕێکی دڵسۆزو بەوەفا بوو هەستی بەرپرسیاریەتی هەبوو دایم خۆم لەپێش پێشمەرگەکانم دەڕۆیشتم بەڵام لەعوزێرەو عەتشانە هەمەڕێکمان پیا تەقیەوە ئەوکات خەمی منی زۆر بوو بەڵام خۆی بریندار بوو برینەکەشی قورس بوو پارچەیەك دای لەسەری لەگەڵ پێشمەریەکی تر کەناوی (هێرش) بوو هاتنە بەرەو ڕووی من و هەمەرەکە لەمن نزیك بوو و بەداخەوە هەردووکیان بەسەختی بریندار بوون‌و بەر هێرشەکەی داعش کەوتن.

هەموو پێشمەرگەکانم بۆ (شەهید ژیلوان) بوون چاوم لەسەر ئەوە نەبوو بزانم ژیلوان چ حەرەکەیەکی هەیە تا بۆی بکەم بەیادەوەری و بۆی هەڵبگرم، حەزم دەکرد خۆم پێش (شەهید ژیلوان) شەهید ببم لەوانەیە ئەو زیاتر یادەوەری منی لابوایە و هەڵی بگرتایە، ئەو کاتەی عەبوەکە تەقیەوە (شەهید ژیلوان) شەهید بوو من بریندار بووم توانام نەمابوو پەردەی گوێم تەقی بوو کە سەیریشم کرد برازاکەم شەهید بووەو خۆی کوڕی شەهید بوو، خۆم بەخێوم کردووە تاقانەبوو، زۆر کارێکی دژوار بوو.

(شەهید ژیلوان) لەهەموو شەڕەکاندا لەگەڵمان بووە کوڕێکی ئازاو شەڕکەر بوو نەترس و بەتوانا لەهیچ کاتێکدا دوانەدەکەوت، ئەو چرکەساتە من و (شەهید ژیلوان) و (ئاکام) پێکەوە بووین من لەپێش ئەوانەوە بووم بەقاچی ڕاستی (شەهید ژیلوان)دا تەقیەوەو (ئاکام)یشی گرتەوە، ئەوان بەمەترێك لەدوای منەوە بوون کە من تێپەڕ بووم قاچی منی بەرنەکەوتبوو بەداخەوە قاچی (شەهید ژیلوان)ی بەرکەوت و نزیك بە بیست دەقیقە ژیاو شەهید بوو.

# هێرش فایەق عەزیز

من (هێرش فایەق عەزیز) لەدەستەی پارێزگاری جەنابی (کاك کۆسرەت) لەهجومەکەی بەشیر هێزەکانی (کاك کۆسرەت) بەسەرپەرشتی (کاك شالاو) من لەگەڵ (کاك شالاو) دانرابووم لەگەڵ ئەوبم هێزەکەی ئێمە (بەشیر) و دووان لەگوندەکانی نزیکی پێ سپێردرا من لەگەڵ دووان لەپێشمەرگەکان بەناوی (سەرۆ چاوشین) و (ڕەوەز) ڕۆیشتم (کاك شالاو) جیهازی کرد بۆ (سەرۆ) وتی ئێستا (هێرش) بێتەوە تەکلیفم کرد لە (سەرۆ و ڕەوەز) کە بە (کاك شالاو) بڵێن من لەگەڵیان بچم (کاك شالاو) قبوڵی نەکرد وتی تۆ دەبێت لەگەڵ من بیت من لەگەڵ (کاك شالاو) مامەوە لەوێ تا نزیکەی سەعاتێك دوای ئەوە برادەرێکم هات ناوی (بەژدار) بوو داوای لێکردم لەگەڵی بڕۆم تا لەهێزەکە نزیك دەبێتەوە لەسەنگەرەکانی پێشەوە وتم ناتوانم بێم لەبەرئەوەی (کاك شالاو) بەمنی وتووە لای خۆم دەبیت.

شوێنەکەش وابوو لەبەردەمی (کاك شالاو)ەوە دەڕۆیشتین جەمەدانەیەکم لەپێشمەرگەیەك وەرگرتوو دەمامکم کردو لەگەڵ (بەژدار)دا ڕۆیشتین بەبەردەمی (کاك شالاو)داو منی نەناسی و ڕەدبووین ڕۆیشتین لەڕێگە سەیارەیەکی پشتیوانی (٢) هات لەگەڵ ئەو سەرکەوتین ماوەیەکی زۆری بردین تا گەیشتینە لای هەمەرەکانی خۆمان، پێشمەرگەکان بەپێ ڕۆیشتبوون و ئێمەش دوا بەدوایان ڕۆیشتین زۆر ڕۆیشتین نەگەیشتینەوە ئەوان ئەو گوندەی کە دانرا بوو بۆمان لەوێ تەقە هەبوو نزیك گوندەکە بووینەوە گەیشتینە لای پێشمەرگەکان.

لەوێ (بەژدار) وتی بابگەڕێینەوە وتم بۆ بگەڕێینەوە وتی وەزعەکە باش نیە بابگەڕێینەوە وتم من ناگەڕێمەوە لای پێشمەرگەکان دەمێنمەوە (بەژدار)

گەڕایەوە و من نەگەڕامەوە و مامەوە.
گوندەکە چەند داعشێکی تێدا مابوو هەموویان کوژران و ئێمە چووینە پێشەوەو گوندەکە تەواو کۆنترۆڵ کرایەوە، شۆفڵ هات پێشەوەمان بۆ پاك بکاتەوە گوندێکی تر مابوو بیگرین بەڵام دوور بوون بەینی گوندەکان، شۆفڵ لەپێش ئێمەوە پاکی دەکردنەوە ئێمەش بەشوێنی شۆفڵەکاندا دەڕۆیشتین، زۆر ڕۆیشتین هەر نەگەیشتینە ئەو گوندە نزیك (٣)ی نیوەڕۆ بوو نە خواردنمان پێ بوو نە ئاو زۆر تینوو برسی بووین، هێزی پشتیوانی (٢)مان لەگەڵدا بوون ئەوان شانبەشانی ئێمە دەهاتن لەگەڵ دەبابەکانیان لەچەند شوێن عەبووە هەبوو، پشتیوانی (٢) لەگەڵ هەندەسە عەبوەکانیان کۆدەکردەوەو ئێمەش پێ بەپێ ی ئەوان دەڕۆیشتین تا ئاخر مەرحەلە (کاك شالاو) جیازی کرد وتی سەیارەیەك دێت بەرەو ڕووتان خۆی دەتەقێنێتەوە.
شوێنەکەی (کاك شالاو) بەرز بوو لێی دیار بوو بەڵام بەهۆی ئەوەی بەهار بوو گژوگیا تا پشتوێنی زەلام هەڵسابوو، پێشەوەی خۆمان نەئەدی لەبەر گیا ئەوەندە بەرزبوو ئێمەش سێ شۆفڵمان پێ بوو وتمان ساتر دروست بکەن و میلان دابنێن و کەسەیارەکە هات بەمیلان لێی بدەین و بیتەقێنینەوە بەڵام خەریکی ساتر دروست کردن بووین دوو شۆفڵمان درع بوون یەکیان هی لیواکەی خۆمان بوو ئەوی تریش هی پشتیوانی (٢) بوو، ئەوی تریش هاولاتی بوو شۆفڵەکە هی حکومەتی کەرکوك بوو بەڵام خۆبەخشێك هاتبووە سەری سایەقی شۆفڵەکە کوڕێکی زۆر ئازا بوو خەریکی ساتر دروست کردن بووین و میلانەکەمان داناو هەر ئەوەندەمانی زانی (RBG)یەکیان دا لەسایەق شۆفڵە خۆبەخشەکە کوڕێکی لەگەڵدا بوو ئەو برینداربوو ئەومان هەر چۆنێك بێت داگرت بەڵام نەمانتوانی سایەقەکە دابگرین لەبەرئەوەی دۆشکەش تەقەی دەکرد، لەو کاتەدا شۆفڵەکە ئاگری گرت شۆفڵەکەمان وەرگێڕاو خۆڵمان پیاکرد

بیکوژێنینەوە، نەمانتوانی نە سایەق شۆفڵەکە دەربکەین‌و نە شۆفڵەکەش بکوژێنینەوە هەردووکیان سوتان ئێمە بەوە زۆر تاخیر بووین.
(کاک شالاو) و فەرماندەکان بڕیاریاندا بوو کە ئەمشەو هجوم نەکرێ، بگەڕێنەوە ئەو گوندە لێگەڕێن بۆ بەیانی ئەوەبوو ئێمە لەگەڵ هێزەکانی پشتیوانی (٢) هاتینە دواوەو لەوێ ساترمان دروست کردو من شەو لەگەڵ (کاک ئەیوب) گەڕامەوە لای (کاک شالاو) بەڵام کاک شالاو زۆر لەمن توورە بوو وتی من نەموت نەڕۆی کوڕە، وتی ئاخر ئەوەڵجارتە لەگەڵ من دێیتە دەرەوە شەوەکەی من گەڕامەوە بۆ بەیانی منیش نەچوومەوە لەگەڵیان بەڵام هێزەکە گوندەکەیان گرت‌و (بەشیر)یان گرتەوە.
لەکاتی شەڕەکانی گوێر هێزەکەی (کاک کۆسرەت) لەگامێش تەپە بوو لەناوچەی هەولێر لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی هەولێر سەر بە (ئەنوەری عەزەباوە) بوون وتیان دەبێ هجوم بکرێ و ئێوە بڕۆن (کاک کۆسرەت) ئەمری کرد بە (کاک شوان بانی مارانی) کە (٣) مەفرەزە لەگەڵ خۆی ببات و بڕوات هجوم بکەن بۆ گوێر.
ئێمە (٣) مەفرەزە ڕۆیشتین لەگەڵ هێزەکەی (کاک ئەنوەر عەزەباوە) بوو ئەو جێگیر مدیری ئاسایشی هەولێر بوو چووین لەوێ یەکمان گرت‌و چووینە سەر بەرزاییەکانی سەر گوێر هجوممان کرد، هێزەکەی (کاک کۆسرەت) یەکەم هێز بوو کە گوێرمان گرت‌و چووینە ناو گوێر و کۆمیتەکەی گوێرمان گرت هەموو بەتەواوەتی کۆنترۆڵ کرا تا سەر پردەکە هەمووی کۆنترۆڵ کرا و هیچی تیا نەما دواتر هێزێکی پشتیوانی هات‌و ئێمە ئەو شوێنانەمان تەسلیم هێزی پشتیوانی کرد.
(کاک کۆسرەت) تەلەفۆنی بۆ (کاک شوان بانی مارانی) کرد وتی پێویستمان پێتانە و بەپەلە بگەنەوە مەخمور، کاتێك گوێر گیراو پردەکەی تەقێنرایەوە



هیچ مەترسییەك نەما لەسەر گوێڕ، دواتر ئێمە چووینە مەخمور كاتێك چووین هێزی دژەتیرۆریش لەوێ بوو (كاك باقڵ) و (كاك لاهور) و (كاك مەلا بەختیار) ئەوانیش لەوێ بوون، بەرنامەیەكیان دانا هجوم بكەین بۆ ناو مەخمور هێزی پارتیشمان لەگەڵ بوو بەڵام كەمتر هەمووی زیاتر هێزەكانی یەكێتی و پەكەكە بوو لەو ناوچەیە.

بڕیار درا كە هجوم بكەین بۆ ناو مەخمور ئەوەبوو هجوممان كرد بەتۆپ و ڕاجیمە لێمانداو وتیان هێزێكی زۆری داعش لەناو سایلۆكەی مەخمورە، هێزەكەی (كاك كۆسرەت)یان دانا بۆ سایلۆكەی مەخمور لەگەڵ دژەتیرۆر ڕۆیشتین و سایلۆكەمان گرتو دواتر تەواو مەخموریش كۆنترۆڵ كرایەوە بەهێزەكانی دژەتیرۆر و هێزەكانی (كاك كۆسرەت) و هێزی پێشمەرگەوە پارتیشمان لەگەڵ بوو بەڵام كەمتر ئەوان.

دوای كۆنترۆڵ كردنەوە لەگەڵ پەكەكە تەنسیقمان كردووتیان ئێمە لەگەڵ ئێوە هەموو شتێك دەكەین چیمان بۆ دابنێن چ شوێنەكە سەختە ئێمە دەیگرین دوای كۆنترۆڵ كردنەوەی گوێڕ و مەخمور ئێمە تا ئێوارە لەوێ بووین، دواتر تەسلیمی هێزەكانی پشتیوانیمان كردو گەڕاینەوە دواوەو لەگرتنەوەی گوێڕ شەهید و بریندارمان نەبوو بەڵام لەمەخمور هێزی ئێمە یەك بریندارو دژەتیرۆر لەتەنیشت ئێمە بوون ئەوان شەهیدو بریندارێكیان دا هاوەن لێی دابوون و بەنزیك (٤) سەعات هەموو مەخمور كۆنترۆڵ كرایەوە.......

# دارا حسێن حسن ئەحمەد

من كە ناوم (دارا حسێن حسن ئەحمەد) ناسراوم بە (دارا خەرجانەیی).. زۆر سوپاس بۆ بەسەركردنەوەكەتان دەستتان خۆش بۆ ئەم دیارییە جوانە كەپێشەكەشی پێشمەرگەتان كرد، من كە پلەی سەربازیم عەریف پایەم فەرماندەی فەسیل لەسریەی (٢) فەوجی (١)ی لیوای (٥) شارەزوور، سەرەتای دەست پێكردنی شەڕ لەگەڵ داعش كاتێك سوپای عێراق تێك شكا.. سنوری گەرمەسێری چۆڵكرد و ئێمەش شوێنی ئەو سوپایەمان گرتەوە بۆئەوەی داعش دزە نەكات و پەل نەهاوێت بۆ ئەو ناوچە كوردستانیانە...

لەسنوری قەرەتەپە حەمرین بووین بروسكەیان بۆ كردین و لەرێگەی فەرماندەكانمانەوە ئاگادار كراین لەلایەن (عەمید كاوە تۆفیق) ئەوكات فەرماندەی فەوج بوو، ئێستا فەرماندەی لیوای (٥)ی شارەزوورە داوای لێ كردین بەزوترین كات بڕۆین بەرەو خانەقین..

ئێمەش كەوتینەرێ بەرەو خانەقین دواتر لەنزیك خانەقین لەقوتابخانەی گوندێك ماینەوە بەناوی (مێخاس) دوو شەو لە قوتابخانەی ئەو گوندە ماینەوە وەك زیاتر ئامادەكارییەك بۆ چونە ناو جەلەولا، ئەو كاتە سوچێكی بەدەستی پێشمەرگەوە بوو ئێمەش دوای (٢)شەو مانەوەمان لەو قوتابخانە بەهێزێكی تۆكمەوە چوینە ناو جەلەولا و ناوچەی پارتی..

چونكە ئەو ناوچەی پارتی لەناو جەرگەی داعش دا بوو زۆر بەناڕەحەتی چوینە ناوچەی پارتی هەر چواردەورمان دوژمن بوو ئەو شەوە یەكەم شەو بوو لە جەلەولا داعش چەند جارێك هێرشی بۆ كردین بەڵام ئێمەش توانیمان هێرشی تیرۆریستان تێك بشكێنین.



هەروەها بەڕۆژیش هێرش و قەناس بەدەستەكانی داعش هێرشیان دەكرد بۆیە ئێمەش هێرشەكانیمان تێك دەشكاندن.. ئێمە هەر لەو ناوچە بووین لیواكەمان خۆی ئامادەكردو هێرشی كردە سەر تیرۆریستان، ئەو شوێنەی بۆی دیاری كرابوو بەسەركەوتوویی كۆنترۆڵی كردەوە.. ئەویش گەڕەكی (وەحدە) بوو لەگەڵ بورجەكەی (تەجنید) كە هێزی پێشمەرگە ناوی نا (چاقی لاند).. ئەو داستانە بەخوێنی (٦) پێشمەرگەی ئازا تۆماركرا..

پاشان ڕۆژی (٢٢-٧-٢٠١٤) چوینە بورجەكە لەوێ ماینەوە هەر لەگەڵ یەكەم شەوی مانەوەمان تیرۆریستانی داعش (٥)جار هێرشی هێناو ئێمەش هێرشەكانمان تێك دەشكاند، بەڵام ناخۆشترین ڕۆژم ڕۆژی عارفە بوو (٢٧-٧-٢٠١٤) چونكە تیرۆریستان بەسەیارەیەكی شارەوانی كە دەستیان بەسەردا گرتبوو عەبووە ڕێژیان كرد و خۆكوژێك خۆی تەقاندەوە و لەگەڵ تەقینەوەكەدا هێرشیان هێنا لەو كاتەدا من پشووم دەدا هەر فریای ئەوە كەوتم خۆم بگۆڕمو بە بیكەیسیەكەوە خۆم گەیاندە سەر سەربانەكەی پێش بورجەكە لەگەڵ برا پێشمەرگەكان پاش (٣) كاتژمێر شەڕكردن توانیمان داستانێكی قارەمانانە تۆمار بكەین.

دوو بریندارمان دا لەو داستانەدا چەند ڕۆژێك دوای گەڕانەوەمان بۆ پشوو پێشمەرگە جەلەولای چۆڵ كردو گەڕانەوە دەرەوەی جەلەولا... لەبەرواری (٢٠-١١-٢٠١٤) خۆمان ئامادەكردو لە (٢٣-١١-٢٠١٤) هێرشێكی سەرتاسەریمان كردە سەر داعش لە جەلەولا لەو قۆڵەی لەبۆ لیواكەمان دیاری كرابوو بەتایبەت فەوجەكەمان فەوجی (١)، كارگەی بلۆكەكە بوو نزیك سەیتەرەكە لای (حەلوان) ئیتر ئەوەبوو خۆم و (٣) هەڤاڵم پێشكەوتینو لەهێزەكەی خۆمان دابڕاین و ئەو هاوڕێ پێشمەرگانەش لەگەڵم بوون (نەقیب یاسین) و (ڕزگار گلالی) و (بڕیار گلالی) خۆبەخشێك بەناوی (دڵشاد سعید) بەداخەوە (دڵشاد) بریندار

بوو، یەکەم کەس ئێمە چوینە ناو جەلەولا و ئاڵای کوردستانمان هەڵکرد....
دوای زیاتر لەنیو کاتژمێر هەڤاڵانی خۆمان گەشتنە لامانو پێشمەرگەیەکی ئازا پشکنینی بۆ خانووەکە کردو کە عەبوەیان تێدا دانابوو.. منیش زۆر لام سەیر بوو چونکە خانوەکانی چواردەورمان دەتەقینەوە هەر ئەوەی ئێمە نەبێت.
سوپاس بۆ خوا ئەو عەبوەی کە بۆ ئەو خانوەی ئێمە دانرابوو نەتەقیەوە ئێمەش هەر زوو خانووەکەمان چۆڵ کردو بەرەو ناو سەنتەری جەلەولا ڕۆشتین و تیرۆریستانمان شکاند، جەلەولامان بەیەکجاری لەدەست داعش پاك کردەوە... هەروەها بەشدار بووم لەپاك کردنەوەی بەرزاییەکانی (خەرابە ڕووت) و (تەللوەرد) و شەڕی (مەنسوریە)شم کردووە. هەروەها بەشداربووم لەچەندین شەڕی تر دژی تیرۆریستان لەوانە.. (ابو نجم، حەوتە غار، مرەو، خەبازە).

تێبینی: شەهید دارا حسێن حسن بەر لە کۆچی دوایی لەزمانی خۆیەوە ئەم لێدوانەم لێوەرگرتوە.



# نەقیب دلێر قلرخی

من نەقیب (دلێر خالید خضر) قلرخی ناسراو بە (دلێر قلرخی) پایەکەم جێگر سریەی دوو لەفەوجی (١) لیوای (٥)ی شارەزوور سوپاستان دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەتان.

سەرەتای دەستپێکردنی شەڕمان لە جەلەولا بوو لەگەڵ داعش، شەڕێکی توندی دەکرد لە جەلەولا بەڵام چونی ئێمە بۆ جەلەولا وەك لیوای (٥)ی شارەزوور توانیمان گڕوتینێکی زیاتر ببەخشین بەو هێزانەی تر کە لەناو جەلەولا بوون.

توانیمان زۆربەی گەڕەکەکانی جەلەولا پاك بکەینەوە لەتیرۆریستانی داعش، تەنها دووگەڕەکیان بەدەستەوە مابوو لەبورجەکەی جەلەولا بووین ناونرا (چاڤی لاند) ئەو ناوە پێشمەرگە قارەمانەکان ناویان نا (چاڤی لاند) چونکە داعش کە هێرشی دەکرد بەفیکەو چەپڵە تێکمان دەشکاندن، دواجار بەفەرمانێکی سەربازی هێزی پێشمەرگە لەجەلەولا کشایەوە تا بەرواری ٢٣–١١–٢٠١٤ وەك لیوای (٥)ی شارەزوور لەگەڵ هێزەکانی تری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاومان هەبوو لەپاك کردنەوەی یەکجاری ناحیەی (گولاڵە) جەلەولا و ئازادکردنی بۆ هەتا هەتایی، خۆشبەختانە وەك کوڕانی شارەزوور توانیمان گورزی کوشندە لەداعش بدەین.

هەروەها وەك هێزی ئامادەو ئازا چوینە سنوری کەرکوك لە (تەللوەرد) و شەڕێکی مانو نەمانمان لەگەڵ داعش کردو توانیمان لوتی داعش بشکێنین..

دوژمن لەسنوری (مەلا عبداللە) هێرشی هێنابوو بۆسەر لیوای ١١ لەبەرواری ٣٠–١–٢٠١٥، بۆیە ئێمەش وەك لیوای (٥)ی شارەزوور دەورێکی باشمان هەبوو لە ئازادکردنی ئەو ناوچانەداو لە بیرە نەوتەکانی خەبازەو پردی فەتحەو

تەللوەرد.

بەداخەوە لەم داستانە قارەمانەتیەدا بەشەهید بوونی شەهید (حسین منصور) بوو لەگەڵمان شەهید بوو نزیك پردی فەتحە.

پاش مانەوەمان بۆماوەیەك لە (پاڵاوگەی خەبازە) بۆ پاراستنی ئەو پاڵاوگەیە هێزەكەمان ئەركی پاك كردنەوەی بەرزایەكانی خەرابە ڕووتی پێ سپێردرا.

ئەوەبوو لیواكەمان لیوای (٥) شارەزوور توانی ئەو ئەركەی پێی سپێردرا بوو بەزووترین كات جێبەجێ بكات بەبێ زیان لە (خرابە ڕووت) ماینەوە تا بەرواری ٣٠-٩-٢٠١٥ هێرشمان كردەسەر گوندی مەنصوریە نیوەی گوندەكەمان لەتیرۆریستان پاك كردەوە.

دوژمن هێرشێكی پێچەوانەی كردەوە، ئێمە شكاین چوار پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوو، چەند بریندارێكیشمان دا و چەند پێشمەرگەیەكیش لەناو گوند جێمابوون، خۆشبەختانە لەماوەی یەك سەعاتدا توانیمان دووبارە هێرش بكەینەوە سەریان گوندی مەنصوریە ئازاد بكەینەوە و ئەو سێ پێشمەرگەش ڕزگار بكەین.

دەوامامان لەسنوری قەرەتەپە بوو داعش هەر كە هێرشی هێنا بۆ سنوری قەرەتەپە سوپای عێراق ئەو سنورەی جێهێشت ئێمەش وەك هێزی پێشمەرگە شوێنەكانی ئەوانمان پڕ كردەوە، ئێوارە بوو لەگەڵ نەقیب برایم دانیشت بووم چامان دەخوارد تەلەفۆنێكی بۆهات دەبێت بچین بۆ جەلەولا چونكە داعش دەیەوێت دەست بەسەر جەلەولادا بگرێت، ئێمەش خێرا هێزەكەمان ئامادەكرد و بۆ دوای نانی ئێوارە.

گەشتینە كوڵەجۆ، ئامر فەوج (عەمید كاوە) لەوێ بوو وتی دلێر هاتن وتم بەڵێ گەورەم، وتی مەوەستن بڕۆن بەرەو خانەقین، نەوەستاین ڕۆیشتین تا نزیك خانەقین لەلادێیەك ماینەوە ناوی (مێخاس) بوو دوو ڕۆژ لەوێ بوین هێزێكمان




چووبونە ناو جەلەولا.

هێزی ئێمەش خۆمان ئامادە کردبوو بۆئەوەی بەزوویی بچینە ناو جەلەولا ئەوە بوو هێرشمان کردە سەر دوژمن و بورجەکەی جەلەولا و چەند گەڕەکێکمان گرتەوە، لەوێ دوو شەهیدیماندا هەردووکیان ئامر سریە بوون ئەویش (شەهید ڕائید ئەحمەد) و (شەهید ڕائید سەردار)، لەبورجەکەی جەلەولا بووین پێشمەرگە پێی دەوت (چاقی لاند).

هێزەکەی ئێمە لەسەربانی خانویەك بووین لەپێشی بورجەکە خانووەکە ستارەی هەبوو کون کونمان کردبوو، ستارەی خانوەکە بۆئەوەی بەوردی چاودێری دوژمن بکەین و لەدوژمن بدەین، ڕۆژی عارفە بوو واتە ڕۆژێك پێش جەژنی ڕەمەزان واتە ٢٧-٧-٢٠١٤ نزیك سەعات (٢:٢٠) دەقیقەی ئێوارە، دوژمن بەسەیارەیەکی خۆکوژ هێرشی هێنا بۆسەرمان، منیش ویستم سەرم بشۆم هەر کە تەقینەوەکە ڕوویدا هەر ئەوەندەم پێ کرا تاقمو تفەنگەکەم هەڵگرم لەگەڵ پێشمەرگەکان تەوزیع بوین بەسەر خانوەکاندا، دوژمن هەوڵی زۆری دا دزە بکات و تێکمان بشکێنێت بەڵام ئێمە تێکمان شکاندن، دوو پێشمەرگەمان بریندار بوو یەکیان پێشمەرگەیەکی خۆم بوو فیشەکێك بەر سەری کەوتبوو خوێنی زۆری لێدەهات، بەجامانەیەك بۆمان پێچاو خێرا ناردمانە خوارەوە بۆئەوەی بیبەین بۆ نەخۆشخانە، ئێمەش شەڕمان دەکرد تا لوتی دوژمنمان شکاندو گەڕانەوە دواوە.

مەسئولی کۆمیتەی سیروانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆسەردان هاتبوون بۆلامان ناوی (کاك موختاری حاجی علی) بوو ئەویش توانی دەورێکی باشی هەبێت لەو شەڕەدا، ئەو پێشمەرگە بریندارەی لای خۆم ناوی (نەوشیروان) بوو کوڕێکی زۆر ئازابوو ناردمانە خوارەوە بۆئەوەی چارەسەر وەرگرێت لەخەستەخانە سەیرمان کرد هاتە سەرەوەو سەری بەلەفاف پێچاوە، پێم




ووت بۆ هاتیتە سەرەوە برا خۆ تۆ برینداری بۆ نەچوویت بۆ خەستەخانە وتی چۆن دەڕۆم بابریندارییش بم چۆن ئێوە بەجێ دەهێڵم، ئێوە برای منن و شەڕ دەکەن من هەرگیز ئەوەم پێ خۆش نییە منیش هەر ئەوەندەم پێکرا باوەشم کرد پیایداو ناوچاوی ئەو برا پێشمەرگەم ماچ کرد.

ماینەوە بۆ بەیانی جەژن بوو (جەژنی رەمەزان) لەگەڵ برا پێشمەرگەکان لەوێ جەژنمان کردو نانمان خوارد واتە ٢٨-٧-٢٠١٤ یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان لەجەلەولا لەگەڵ (کاک مختار)و ئەو پێشمەرگە ئازایانە جەژنمان کرد.

دوای نان (کاک مختار)مان بەڕێ کرد و ڕۆیشتنەوە، منیش چوبووم بۆ لیوا.. بەڕاستی ئەو ڕۆژە زۆر لام ناخۆش بوو چونکە من چوو بووم بۆ بارەگای لیوای (٥) (کاکە فەلاح) بۆ جەژنە پیرۆزە هاتبوو بۆلامان ئێمە لەبورجەکەی جەلەولا بووین (کاکە فەلاح) لەناوچەی پارتی بوو لەخوارەوە بەڕاستی شەهید بوونی (کاکە فەلاح) زۆر دڵگرانی کردم.

دوو ڕۆژ پێشتر چوم بۆلایان وتم فەلاح چۆنی وتی (کاک دلێر) زۆر باشم ورەمان زۆر بەرزە وتم یاخوا هەردەم ئاوا وورەتان بەرز بێت.. بەس ڕۆژی جەژن هاتبوو بۆلای ئێمە پرسیاری منی کرد بوو بەڵام چونکە لەوێ نەبووم سەد مخابن من نەمبینی بۆ ڕۆژی دواتر ئێمە گەڕاینەوە بۆ ماڵ هەر حەفتەیەك دوای ئێمە داعش تەواوی جەلەولای داگیر کرد.

ڕۆژی ٢٣-١١-٢٠١٤ هێزمان ئامادەبوو بۆ هێرش بردنە سەر جەلەولا ئێمە لەقۆڵی لای کارگەی بلۆکەکەوە هێرشمان برد و توانیمان دوژمن تێك بشکێنین و داخلی ناو جەلەولا بووین و تا سەعات (٣)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ توانیمان جەلەولا بەتەواوی ئازاد بکەینەوە هێزەکەمان یەك بریندارمان هەبوو ئەویش ناوی (نەقیب صباح) بوو، فەرماندەی فەصیل بوو.

ئێمە ماینەوە لە سنوری جەلەولا تا نزیکەی ١٥-١٢-٢٠١٤ چوینە (تەللوەرد)

داعش زوو زوو هێرشی دەکردە سەر ئەو سنورە ئێمەش لەوێ توانیمان لوتی داعش تێك بشكێنین.

لەبەرواری ١٠-١-٢٠١٥ لیوای شەشی پیادە هاتنو ئەو شوێنانەیان لێ وەرگرتینو یانی تەللوەرد، پێشتر هەر خۆیان لەوێ بوون ئێمەش ڕۆیشتینەوە بەرەو شارەزوو، وتیان مانگێك لەماڵ بن و ئیسراحەتێك بەلیواكەتان بكەن.

ئەوە بوو شەوی ٣٠-١-٢٠١٥ بوو سەعات (٤)ی بەیانی جێگر فەوجەكەمان (مقدەم بكر زەمەقی) تەلەفۆنی كرد وتی خۆت و (١٠) پێشمەرگە خێرا بەرێكەون بەرەو كەركوك داعش هێرشی كردووە.

منیش تەلەفۆنم كردوو پێشمەرگەم ئاگادار كرد.. خۆم ماڵم لە سەیدصادقە لەگەڵ پێشمەرگەكان كورانی ڕۆژی تەنگانە چوینە بارەگای فەوجو لەوێوە بەرێ كەوتین بۆ كەركوك، داعش سەنگەرەكانی هێزی پێشمەرگەی بڕی بوو پالاوگەی نەوتی خەبازەی گرتبوو.

وەك فەوجی (١)ی پێنجی شارەزوور پڵنگ ئاسا خۆمان گەیاندە كەركوك و هێزمان ئامادەبوو، ڕۆژی ٣١-١-٢٠١٥ واتە ڕۆژێ دواتر توانیمان هێرش بكەینە سەر دوژمن و تێكیان بشكێنین بەداخەوە لەو شەڕەدا لیوا (حسین مەنصور) شەهید بوو... هەزار سڵاو لەڕۆحی پاكی.

هەر مانگێك دواتر هێزی پێشمەرگە خۆی ئامادەكرد بۆ هێرش بردن بۆسەر داعش ئێمەش وەك لیوای (٥) و لەناو لیوای (٥) وەك فەوجی (١) توانیمان ئەو شوێنەی كە بۆمان دیاری كرابوو ئازادی بكەین، ئەویش بەرزاییەكانی (خەرابە ڕووت) بوو.

ئیتر لیواكەمان لەوێ مایەوە لە (خەرابە ڕووت) تا بەرواری ٣٠-٩-٢٠١٥، هێزەكەمان پاش خۆئامادەكردنمان هێرشمان كردە سەر گوندی مەنصوریە لەهێرشەكەمان بۆسەر ئەو گوندە هێزمان داخڵی گوندی (مەنصوریە) بوو،

ئەوەبوو داعش هێرشی پێچەوانەی ئەنجامدا و ئێمە شكاین و گەڕاینەوە پاش یەك سەعات دواتر دوبارە خۆڕێكخستنەوەمان هێرشمان كردە سەر گوندی (مەنصوریە) و بەتەواوی ئازادمان كردو سێ پێشمەرگەش لەناو ئەو گوندە جێمابوون ئەوانیشمان ئازادكرد و ئازادكردنی (مەنصوریە) بەشەهید بوونی (٤) پێشمەرگەی قارەمان بوو ئەوانیش (شەهید سەردار) و (شەهید ڕێبوار) و (شەهید حسین) و (شەهید سەركەوت) لەگەڵ چەند برینداریێك بەڵام دوژمن زیانی زۆری بەركەوت لەو هێرشەدا.

لیواكەمان لەوێ مایەوە تا بەرواری ١-٩-٢٠١٦ و پاشان گوازراینەوە بۆ (دوزخورماتوو) ناوچەی (زەرگە) و ئێستاش لەسنووری زەرگەین و وەك پێشمەرگەیەك و وەك ڕۆڵەیەكی ئەم كوردستانە لەسەنگەری بەرگریم لەكورد و كوردستان لەسنوری زەرگەی (دوز خورماتو).

دوبارە سوپاس بۆ ئێوەش دەستتان خۆش

بژی كورد بژی كوردستان



# نەقیب هێمن دارا بەگ

من کە ناوم (هێمن دارا مستەفا میران) ناسراوم بە (نەقیب هێمنی دارا بەگ) لە فەوجی(١)ی لیوای (٥) سەربەوەزارەتی پێشمەرگە هەر لەسەرەتای دروستبوونی شەڕی داعش لەجەلەولا ئێمە وەك فەوجەکەمان بەشداریەکی بەرچاومان هەبوو لەناو جەلەولا و دەورێکی سەرەکیمان هەبووە لەشەڕە کۆڵان بەکۆڵانەکان و لەپاش شەڕێکی قورس و هەوڵدانێکی زۆر لەبەرگریکردن لەجەلەولا کشاینەوە بۆ ماوەیەکی نادیار.

وە لەپاش کشانەوەمانو دووبارە گەڕانەوەمان بۆ گەمارۆدانی تیرۆریستانی داعش ئەو بڕیارانەی کە درابوو بۆ گەمارۆدانەکە دواکەوت، ئەو ماوەیەی کە من لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکم دا بووم نەکرا، بەڵام من ڕۆژی پێنج شەممە کە گروپی ئێمە ئاڵوگۆڕی پێکرا من و چەند هاوڕێییەکم ماینەوە لەوێ چاوەڕوانی هێرش کردن بووین، کەوابوو بڕیارەکان درا لەبەرەبەیانی هەینی هێرشەکەمان کرد لە دوریانی (سعدیە – جەلەولا)، برادەرانی دژە تیرۆر بۆ کوباشی بڕۆن وە لیواکەی ئێمەش بەئاراستەی جەلەولا لەخۆرهەڵاتەوە.

منیش وەك فەوجی یەك بەشداربووم یەکەم ڕەتڵ، هێرشکردنمان بۆ گوندی (عەوسەج) بوو، توانیمان زۆر بەئازایانە ئەو گوندە ئازاد بکەین، بڕیاری هێرشەکە تا ئەو شوێنە بوو بەڵام ئێمە وەك فەوجی یەك نەوەستاین پێشڕەویمان کرد توانیمان بگەینە دەروازەی جەلەولا لەخۆرهەڵاتەوە کە چەند سەد مەترێك دوور بووین لەسەنتەری جەلەولا، بەڵام لەکۆتایی ئەو هێرشەداو پاش ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی سەخت بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە لەبەرواری ٢٢-٨-٢٠١٤ بووە هۆی شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی قارەمان و بریندار بوونی بەندەو چەند

هاوڕێیەكم كە ئەمە ڕۆژێكی زۆر ناخۆش بوو، لەپاش مانەوەم بۆ ماوەیەكی كەم لەماڵەوەو پێش سارێژبوونی برینەكەم بەتەواوی لەبەربوونی گیانی كوردایەتی لەبنەماڵەكەمەوە بۆم ماوەتەوە، وە دڵسۆزیم بۆ نیشتمانمان‌و خەمخۆری هەڤاڵانم دووبارە گەڕامەوە سەنگەرەكانی پێشەوە.

جارێكی تر لەكاتی بەجێهێنانی ئەركدا بووم بڕیارێكی تر درا بۆ ڕزگاركردنی ناحیەی جەلەولا بەتەواوی منیش بەهەمان شێوەی هێرشی پێشوو دوای تەواو بوونی كاتی ئەركەكەم مامەوەو نەگەڕامەوە بۆ ناو كەسوكارم كە چەند ڕۆژێكی خایاند، سوپاس بۆ خوا هێرشەكەمان ئەنجامدا و سەركەوتوو بووین لەڕزگاركردنی تەواوی ناحیەی جەلەولا لەمانگی ١١–٢٠١٤ كە ئەمە یەكێك بوو لەڕۆژە خۆشەكان كە سەركەوتوو بووین.

لەدوای ئازاد كردنی جەلەولا بەماوەیەكی كەم تەواوی لیواكەمان بڕیای گواستنەوەی پێكرا بۆ سنووری (كەركوك – تلل الورد) لەوێش چەند جارێك تیرۆریستانی داعش هێرشیان كرد و توانیمان ئازایانە بیان شكێنین، بەڵام دوای ماوەیەك لەمانگی ١–٢٠١٥ تیرۆریستانی داعش هێرشێكی گەورەیان كرد بۆ (مكتب خالد – تلل الورد – ملا عبدالله – خبازە) بەداخەوە بووە هۆی شەهید بوونی زۆر لەپێشمەرگە قارەمان‌و بەدیل گرتنیان ئەمەش بۆ هەر یەكێك لە ئێمەی پێشمەرگە ڕۆژێكی زۆر ناخۆش بوو هەروەها شەهید بوونی فەرماندە (شەهید شێركۆ) وە پاش ڕۆژێك لەو هێرشەی داعش پێشمەرگە بڕیاری هێرش كردنی دا بۆ گرتنەوەی ئەو ناوچانە، ئێمەش وەك لیوای (٥) لە قۆڵی (فتحە ملا عبدالله) بەشداریەكی كارامەمان كرد.

هێزی پشتیوانی (٢) بەشدار بوو لەگەڵمان وە سەركەوتوانە توانیمان تەواوی ئەو شوێنانەی بۆمان دیاری كرابوو ئازادی بكەین، بەداخ‌و پەژارەیەكی زۆرەوە دیسان ئەو ڕۆژە بووە هۆی شەهید بوونی فەرماندە (لیوا حسین



مەنصور)، مابینەوە لەو سنوورە پاشان ٧-٣-٢٠١٥ بڕیاردرا بۆ هێرشێکی تر بۆ ناحیەی (مەلا عبدالله) و بەرزاییەکانی (خەرابە ڕووت) کە لیواکەمان دووبارە بەشداریەکی بەرچاوی هەبوو، و سەرکەوتوو بووین سوپاس بۆ یەزدان بێ زیان بووین، ئەمەش ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو.

چەند مانگێك لەو بەرزاییانە مابینەوە بەرامبەر گوندی منصوریە ئەو رۆژە رۆژێکی خۆش و ناخۆش بوو کە بووە هۆی شەهید بوونی (٥) پێشمەرگە و برینداربوونی چەند هاوڕێیەکم بەهۆی سەختی ڕووبەڕوو بوونەوەکە جارێکی تر یەزدان لەپشتمان بوو سەرکەوتوو بووین.

دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك لەو ناوچانە دووبارە بڕیاری گواستنەوەمان درا بۆ گوندی (زەرگە) سنوری (دوزخورماتوو) هەرچەندە گوزەران‌و جێگای زۆر ناخۆش و مەترسیدارمان هەیە ئێمە ئەوە ماوەی چەند مانگێکە لەو سنورەین بەرامبەر تیرۆریستان، لە ٩-١٠-٢٠١٦ ئاگادار کراینەوە کە هەندێك لەهاوڕێیانی فەوجی (٤) لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ مقەڕی سەرەکی (عبوە)یان پیا تەقیەوە و بووە هۆی برینداربوونی پێشمەرگەیەکیان وە ئێمەش چووین بەهانایانەوە هەر بۆیە پێش گەیشتنمان (عبوە)یەکیش بەئێمەدا تەقیەوە، رۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بووە هۆی بریندار بوونی یەکێك لە پاسەوانەکانم، سوپاس بۆ خوا ئێستاش بەردەوامین لەبەرگری کردن و لەو سنوورەین، ئەمە کورتەیەك بوو لەو رۆژە خۆش و ناخۆشانەی کە لەکاتی هاتنی تیرۆریستانی داعش بەندە پیایدا تێپەڕیووە کە ئێمە هەر بەردەوام دەبین لە پارێزگاری کردنی خاك‌و نیشتمانەکەمان.

دووبارە سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان‌و بەتایبەتیش شەهیدانی دەستی تیرۆریستانی داعش.

هەر لەمیانی بەشداریکردنم لەشەڕی گرتنەوەی گوندی (مەنصوریە)ی دەشتی

حەویجە کە ئەو رۆژە رۆژێکی زۆر ناخۆش بوو لەبەرئەوەی وەکو ئاماژەم پێکرد پێشتر بووە هۆی شەهیدبوونی (٥) پێشمەرگەی قارەمان، دوان لەو شەهیدانە کە لەنزیکەوە دەمناسین‌و تێکەڵ بووین، یەکێکیان بەناوی (حسین) لەخۆشەویستی دا پێیان دەووت (قەزافی) کە زۆر جێگەی داخە شەهید بوونی ئەو پێش چەند ساڵێك پەیوەندی خۆشەویستی هەبوو کە لەگەڵ کچێك زۆر یەکیان خۆشدەویست وە بەردەوام بەتەلەفۆن قسەیان دەکرد من زۆر ئاگاداری بووم، لەو ماوەیەی کە لەگەڵمان بوو، گەنجێکی تازە پێگەیشتوو و کورێکی وریاو قارەمان بوو، پاش بەیەکگەیشتنیان کە ماوەی کەمتر لە مانگێك بوو زۆر دڵخۆش بوو بەڵام هەستی کوردایەتی وای لێکرد کە زوو بگەرێتەوە بۆ بەرەکانی شەر، خۆی پێشمەرگەی یەکێك لەئەفسەرانی هاورێم بوو، بەداخەوە لەکاتی ئەو هێرشەدا بۆ گوندی (مەنصوریە) رووبەروو بوونەوەکە زۆر قورس بوو، ساترێك هەبوو لەناو گوندەکەدا دوای بریندار‌بوونی ئەو ئەفسەرەی هاورێم کە توانی خۆی رزگار بکات بۆ ئەم دیوی ساترەکە بەبرینداری، برینەکەی هێندە سەخت بوو نەیتوانی چەکەکەی هەڵبگرێ، لەوکاتەدا شەهید (حسین) لەبەر خۆشەویستی بەرپرسەکەی خۆی بۆنەگیرا و رۆیشت چەکەکەی بهێنێتەوە ئەم دیوی ساترەکە کەفیشەك وەك ئاگر ئەباری، بەداخەوە دەستبەجێ بووە هۆی شەهید بوونی لەوێدا زۆر شتێکی ناخۆش و کاریگەرتر لەوە کە بەهیچ شێوەیەك نەمانتوانی تەرمەکەی بهێنینە ئەمدیو ساترەکە کە لەبەرچاویشمان بوو بەراستی ناخ هەژێن بوو.

سوپاس بۆ خوا لەماوەیەکی کەمدا توانیمان تەواوی گوندەکە ئازاد بکەین، وە تەرمەکانی ئەوانیش بێتەوە دەستمان، زۆر لەوە ناخ هەژێنتر کە لەکاتی شەهید بوونی شەهید (حسین) کورێکی تر (١٠–١٥) رۆژ بوو، خێزانی دروست کردبوو، ناوی (سەرکەوت سەید صادقی) بوو کە وەك خۆبەخشێك هاتبوو بۆ ئەو هێرشە



لەگەڵ فەرماندەی فەوجەکەمان هەر ئەو رۆژە ئەویش شەهید بوو بەداخێکی زۆرەوە، کە خۆشمان بەڕاستی خودای گەورە پشتیوانمان بوو بەسەلامەتی ڕزگارمان بوو وە تەواوی گوندەکەمان کۆنترۆڵکرد ئەم بەسەرهاتانە یەکێك بوو لەبەسەرهاتە ناخۆشەکانی دووساڵی ڕابردوو لەڕووبەڕوو بوونەوەکانی تیرۆیستانی داعش. درود بۆ گیانی هەردوو شەهید و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان.

ئەگەر بێینە سەر باسی چەند شتێکی خۆش کە لەکاتی ئەرکدا بەسەر ئێمەی پێشمەرگەدا هاتووە، پێشمەرگەیەکمان بەناوی (کامەران) کە پێی دەڵێن (کامەرانی میمکە تەلە) شەوێك تاریك و ساردو زۆر کپو تەماوی بوو بەکوردی خۆمان دەیلێین ئەگەر پەنجەم بکردایە بەچاوا نەتئەبینی هێندە تاریك بوو، لەکاتی ئەرکیدا لەناو سەنگەرەکەدا بوو، ئاڵایەکی کوردستانیش لەتەنیشتیەوە بوو، لەکاتی جوڵەی ئاڵاکەدا بەهێواشی ئەم نەیزانیوە کە ئاڵاکەیە وای هەست کردووە خشەی پێی داعشە وەکو خۆی باسی دەکرد، لەپشتوێنە بۆ خوارەوەی وشك بوو یا ئەوەیە تەقەبکات یا ئەوەیە هاوار لەهاوڕێیانی بکات و هەرچەند دەکات قورگی وشك بووە و ناتوانێت هاواریش بکات وەکو خۆی دەیوت باوکەڕۆ ئەمە ڕۆژەکە بوو کە لێی دەترسام، لەوێدا دوای ئەوەی کە زانیبووی ئاڵاکەی تەنیشتیەتی شایەتومانێکی هێنابوو، کە ئەمجارەش نەمرد، هەر لەوێدا لەدڵی خۆیدا وتبووی (ئاڵاکە بەقەبری بابم ئەگەر بەیانی نەتگوازمەوە بۆ جێگەیەکی تر).

لەراستیدا خۆی ئەم پێشمەرگەیە خۆی کوڕێکی قارەمانو ئازاو دنیا دیدەیە بەڵام بۆ خۆشکردنی کاتەکە ئەم قسانەی دەگێڕایەوە، ئەمیش یەکێك بوو لە بەسەرهاتە خۆشەکان.

نەمری بۆ شەهیدانو سەربەرزی بۆ پێشمەرگە.

# عەقید سەلام عەزیز

پێش خۆناسینم پێویستە رۆڵی گرنگو ماندوبوونی کچە شۆڕشگێڕو شاعیرو رۆژنامەنووس خاتوو (نەسیم قادر پور) بکەم کە پاش تەواوبوونی کتێبی یەکەمی بەسەرکەوتوویی بۆ یادەوەریەکانی شەڕی داعش تەواو کردوەو ئێستەش بەرگی دوەم چاپ دەکات سوپاس و پێزانینمان بۆ بەرێزیان هەیەو پێشمەرگە ئاسا هەمیشە لەبەرەکانی پێشەوەی دوژمنە، شانبەشانی پێشمەرگەو یادەوەریەکانیان دەگێڕێتەوە.

من عەقید (سلام عزیز) فەرماندەی فەوجی (١) لە لیوای (٥)ی پیادەی شارەزوور یادەوەریەکانی شەڕی داعش زۆرن چ خۆش چ ناخۆش، ئێمە لەساڵی ٢٠١٣ لەقەرەتەپە جێگربووین کە ئەوکات بۆ ئامادەباشی براینە ئەو سنورە بۆ جموجۆڵەکانی سوپای عێراق بوو بەڵام دوای ساڵێك لەو سنورە کە ماینەوە وردە وردە شەڕی داعش بەرۆکی کوردی گرت و لەجەلەولا توشی ئەو شەڕە هاتین‌و هەر لەوێشەوە دەستمان بەشەڕی داعش کرد کە لەراستیدا ئێمە نەمان دەویست کورد تێوەگلێت و توشی هیچ شەڕێك ببێت، بەڵام پلانە گڵاوەکانی داعش بۆ داگیرکردنی خاکی پیرۆزمان بوو، ئەوەبوو ئێمەی پێشمەرگە بریارمان دا تا دلۆپێك گیانمان تێدابێت شەڕ بکەین و پارێزگاری لەسەروەریەکان‌و لەخاکی پیرۆزی نیشتمانمان بکەین، بەڵێ شەڕ دەستی پێکرد ئێمە لیواکەمان لەمیحوەری جەلەولا بووین سەرەتا لەگەڵ چەکدارە هەڵهاتوەکەی عەشرەتی کروی بەشەڕ هاتین کە ئەوان خۆیان لەگەڵ داعش رێك خستبوو بۆ لەناوبردنمان و خاك داگیرکردنمان.



یادەوەریەکان لەسەرەتای شەڕەکە دەستی پێکرد، یادەوەریە تاڵەکان هەرگیز لەبیرناکرێن چونکە بەشەهید بوونو بریندار بوونی هاوسەنگەرەکانمان دەست پێدەکات هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکیان، ئەوکات من فەرماندەی فەوجی (٢) بوم لەلیوای (٥) شەوو رۆژمان خستبویە سەریەك بۆ لەناوبردنیانو بۆ پوچەڵ کردنەوەی مەرامە گڵاوەکانیان بەڵێ هێزەکەم بەئامادەباشی و تۆکمەییەوە هەمیشە گوێبیستی هەر فەرمانێك بوون کەلەلایەن منەوە پێیان بدرێت کە منیش لەسەروی خۆمەوە فەرمانەکانم وەردەگرت.

ئەوان زیاتر ترسنۆکانە بەشەری قەناس شەڕیان دەکرد و بوێریان نەدەبوو رووبەروو هێرشمان بۆ بکەن چونکە هەرگیز چاری هێزی پێشمەرگەیان نەدەکرد یادەوەریەکی زۆر خۆش بۆ من و هەموو هێزەکە ئەوە بوو کە ئێمە لەماڵو سەربانەکاندا بووین کون کون کرابوو بۆ تەقەکردن چونکە نەدەکرا سەربەرز بکەیتەوە هەر بۆیە کاتێك سەردانی تەواوی هێزەکەم دەکرد چ بەشەو و چ بەرۆژ دەمووت پێیان بەقوربانتان بم کونەکانتان ئیتر هەموو دەستیا دەکرد بەپێکەنین و زیاتر ورەیان بەرزدەبویەوە، بەو شێوەیە بەرگریمان دەکرد تا بەداخەوە ناچاربووین جەلەولا چۆڵ بکەین و بچینە دەرەوەی جەلەولا کە بتوانین هەر چۆنێك بێت لەدەرەوە خۆمان رێك بخەینەوە بۆ لەناوبردنیان چەند ماوەیەك بەو شێوەیە لەچواردەوری شەڕمان دەکردو هێرشە گڵاوەکانیانمان تێك دەشکاند و شەوانە چەندین لاکمان لێدەخستن لەسەرماو باووبارانی سەختدا توانیمان بەرگری بکەین و نەیەڵین دوژمن زەفەرمان بۆ بێنێتو مەترسی بۆ ناوچەکانی خانەقین دروست ببێت.

ئەوەبوو بڕیاری هێرشکردن درا بۆئەوەی جەلەولا لەتیرۆریستان پاك بکەینەوە بەڵێ لەچەند رۆژێکدا هێزی زۆرمان بۆهات کە سەرجەمیان هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی خۆمان بوو ورەو توانای هەموو دوژمنێك دەتۆقێنێت،

بەڵێ لەبەرواری ٢٠١٤/١١/٢٠ خۆمان ئامادە كردو ماوەی سێ رۆژدا خۆمان یەكخستو هێرشمان دەست پێكردو بەئازایەتی و قارەمانی هێزی پێشمەرگە لەماوەیەكی زۆر كەمدا توانیمان (شاری گوڵاڵە) واتە جەلەولا ئازاد بكەین و لەدەستی شەمشەكوێرەی تاریكی ڕزگار بكەین، یادەوەریەكی خۆشبوو بۆ ئازاد كردنەوەی جەلەولا بەتایبەت كە شار ئازاد كرا یەك تاق بەس ماچ ماچێن بوو پێشمەرگەكان كە دەگەشتن بەیەك دەستیان دەكردە ملی یەكو هەروەك وابوو چەندین ساڵ یەك نەبینن بەڕاستی ئەوە لەڕەوشتو ئەدەبی پێشمەرگە دەوەشێتەوە گیانی تەباییو خۆشویستن بەڵێ جەلەولا ئازادەو هێزەكەمان تۆكمەیە و چاوەڕێی فەرمانین.

پاشان بەرەو شاری كەركوك بردیانین بۆ (تەللورد) كە لەوێ دوژمنو خۆفرۆشەكانی داعش زۆریان هێنابوو بۆ ئەوێو بەتەمابوون بیانەوێت بگەنە دەروازەی كەركوك كەئەوەش خەیاڵی خاوی ئەوان بوو بەڵێ لە تەللورد جێگیر بوین و خۆمان ڕێكخست و ڕووبەڕووی دوژمن بوینەوە لەبەرواری ٢٠١٤/١٢/٢٤ لە تەللورد دەستمان كرد بەرزگاركردنو پاككردنەوەو ڕگاركردنی خاكی پیرۆزی كوردستان لەدوژمنانی تاریك پەرستانی داعش، سەرماو سۆڵە بوو لەشانسی ئێمە، تەمو مژو سەرما تەنانەت بەفریش دەباری بەڵام هێزی پێشمەرگە ئەوانە كاری تێناكاتو پۆڵا ئاسا لەبەرگریدایە، چەندین هێرشیان دەكردو تێك دەشكان.

شەوانە بەسەر بارەگای هێزەكەمدا دەگەڕام دیسان بۆ مێژوو قسەی خۆشم لێیان دەبیست، ئێ تاریك بوو هیچ رۆشناییەك نەبوو یانی هەرنەدەكرا رۆشنایی هەبێت لەپڕ خۆم كرد بەڕەبیەیەكدا پێشمەرگەیەك نەیدەزانی منم كە لایتم تێگرت وتی كوڕی خوا بیكوژێنەرەوە وەرە دانیشتە بزانم نانت دزی، تومەس برسیانەو یەكێكیان ناردووە بۆنان دزین منیش وتم نان نەبوو دیسان وتیەوە

خولە خوام بێڵە برۆ نان بێنە باکەس پێت نەزانێ ئێ خۆ داواشیان بکردایە نانیان پێدەدرا بەڵام هەر پێیان خۆش بووە پرس نەکەن و بۆ برسێتی نان پەیداکەن، بۆئەوەی زیاتر بەئاگابن و تێربن، ئێ من وتم خولە نیم، تۆ کێیت وتی من شاهۆم ئەی تۆ منیش بۆ پێکەنین وتی هاتوم بۆ نان دزین وتی برۆ بابە خۆشمان مردوین لەبرسا، وتم سەلامم خێرا پێکەنین‌و وتی ئەك خۆم رۆ گەورەم گیان خەجاڵەتم ئێمە نان نادزین تۆزێك برسیمان بوو خولە رۆشتوە نان بێنێت ئەوەبوو نانم بۆ پەیداکردن و تێربوون، بەڵێ بەوشێوە سەری تەللوردمان تەواوکردو دوژمنمان راوەدونا خەڵکی ناوچەکە گەرانەوە بۆسەر ماڵەکانیان و ژیانیان بەردەوام بوو تا نزیکەی دوو مانگێك ماینەوە دیسان هێز ئامادەو تۆکمەیەو چاوەرێی فەرمان دەکەین بۆ کوێمان بەرن.

بەڵێ پێیان راگەیاندین کە دوژمن زۆری بۆ هێزی پێشمەرگە هێناوە لە (عەسەلیە) و شەهیدێکی زۆرمان هەیەو پێشمەرگەشمان جێماوە بۆیە وەك لیوای (٥) رۆشتینە ئەوێ و هێزێکی زۆر ئامادەبوو لەگەڵ هێزی پشتیوانی ئەو ئێوارەیە گەشتینە ئەوێ بارانێکی زۆر دەباری بەشێوەیەك چاو چاوی نەدەبینی کە رێگەی لێگرتین و پێیان راگەیاندین کە دوژمن بەسەیارەی درعەوە دەیەوێت بێتە پێش‌و کەرکوك بگرێت، کە ئێوارەکەی لەپەیجی تایبەتی خۆیان ئاماژەیان بەوە کردبوو کە نوێژی جومعە لەکەرکوك دەکەین، بەڵام هێزی پۆڵاین بەهاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەوان بەفرۆکەو ئێمە بەمەشات بەرەبەیانی ٣١-١-٢٠١٥ هێرشمان کردو پێشمەرگە جێماوەکانمان ئازاد کردو توانیمان گورزێکی کوشندە لەدوژمن بدەین بەشێوەیەك زیاتر لە ٢٠٠ تەرمیان پێ جێبێڵین، بەداخەوە ئێمە بەشەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان کاکە (حسێن مەنصور) ئەو سەرکەوتنە مێژوییەمان تۆمارکرد هەر بەوەوە نەوەستاین دوای چەند رۆژێك هێرشمان کردەوەو کارگەی نەوتی

خەباسەمان لەدوژمن وەرگرتەوەو دواتر بەرەو هێرشی مەلا عەبدولاَ ڕۆشتین و مەلا عبدولاَمان لەدەستی چەتەکان ڕزگار کردو دوای چەند ڕۆژێك سەرجەمی بەرزاییەکانی خەراپەڕوتە کە نزیك ناحیەی مەنصوریەو بەردەمی حەویجەمان ڕزگارکرد لەدەست شەمشەمە کوێرەکان.

ماوەی زیاتر لە ٩ مانگ زیاتر لەو بەرزاییانە ماینەوە تاکو بەرواری ٣٠-٩-٢٠١٥ هێرشی ناحیەی (مەنصوریە)مان دەستپێکرد و کە بەداخەوە لەو هێرشەدا کەس هاوکاری نەکردین و بەهێزو بازوی پێشمەرگەکان هێرشمان کردە ناحیەکەو ئەوێشمان ئازادکرد نەمری بۆ شەهیدانی ئەو هێرشە بۆیە دیسان لەوێش نیشتەجێ بووین بەلاَم بەندە گوازرامەوە بۆ فەماندەی فەوجی ١ی لیوای (٥) بۆ جێگای بەڕێز (عەمید کاوە تەپی کەرەمی) کە جەنابیان پلەی فەرماندەی لیوایان پێبەخشرا ئەوەبوو لەمانگی ٢-٢٠١٦ بەفەرمانێکی سەربازی براینە دوزخورماتوو لەزەرگە.

لەوێش چەندین هێرشمان بۆکرا یەکێك لەو هێرشانە کە بویە هۆی تێکشکانی ئەو هەمەرەی کە مولَکی تایبەتی خۆم بوو تێکیان شکاند بەداخەوە کە پشتو پەنای لیواکەمان بوو، لەزەرگە چونکە ئەو شوێنەی کە پێیان دابووین زیاتر لە (٣٠) کیلۆمەتر دەبوو هەربۆیە دوژمن زیاتر ترسنۆکانە بەچاندنی (مین) زەرەریان لێدەداین و چەندین شەهیدو بریندارمان دا، لەناویاندا بەڕێز (عەمید کاوە تۆفیق) کە فەرماندەی لیواکەمان بوو بەسەختی بەهۆی بۆمبی چێنراوەوە بریندار بوو کە لەڕێگای کۆنترۆلَەوە تەقێنرا بویەوە، وەك شێوەی کاتیۆشایەك، هەربۆیە لەمانگی ٦-٢٠١٧ لەدوزخورماتوو گوازراینەوە و ئێستە لەباشوری کەرکوك لەبەرزاییەکانی خەراپەڕوت و مەلا عەبدولاَ نیشتەجێین و ئامادەی هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکین کە مەترسی بۆ خاکی کوردستان بەگشتی هەبێتو بەتایبەت کەرکوکی خۆشەویست.



# رائید دانا عمر حمەأمین


من (رائید دانا عمر حمەامین) بەڕێوەبەری هەواڵگری لیوای (٧)ی تایبەتی جیگری سەرۆکی هەرێم. لەبەرواری ١٦-١٠-٢٠١٦ کاتژمێر (٢) پاشنیوەڕۆ لەبارەگای لیوای (٧) تایبەت کە لەقەزای پردێ یە بەرێکەوتین بۆ میحوەری خازر بەسەرپەرشتی بەڕێز (عەمید ڕوکن زنیار شەقڵاوەیی) فەرماندەی لیوای (٧)ی تایبەت، هێزێکی سەرپەرشتیاری لیوای (٧) و (٣) ی تایبەت و لیوای (٣)ی تایبەت و لیوای (٧)ی خۆمان کۆبوینەوە و بەرەو میحوەری خازر بەرێ کەوتی.. نزیکی ئێوارە گەیشتینە محیوەری خازر لە گوندی (قەرقەشە) ماینەوە و پیلانی زۆر تۆکمەو دابەشکردنی هێزەکانمان دانا.

بەیانی کاتژمێر (٦) دەستمان کرد بەجووڵە بەرەو گوندی (خرابە سولتان) کە نزیکەی (١٥٠٠-٢٠٠٠) ماڵ بوو گوندێکی تەواو گەورەو بەرفراوان بوو..

ساترمان شکاندنو داخڵی ناوچەی قەدەغەکراو بووین نزیکەی (٤-٥)کم بەپێ و بەدوای شۆفڵەکاندا دەڕۆیشتین تا نزیك گوندەکە چونکە ڕێگا خۆمان دروستمان دەکرد و ڕێگا کۆنەکان هەموو بۆمب ڕێژکرابوو.

بەپێی پلانەکەمان لە (٣) قۆڵەوە هێرشمان دەکرد لەلای چەپی گوندەکەو فەوجی (١-٣) بۆلای چەپی گوندەکە فەوجی (٢-٤) لەلای ڕاستی گوندەکەوەو هێزێکی تایبەتیشمان کە فەرماندەی لیواو بەندە سەرپەرشتیمان دەکرد لەناوەڕاستداو بەقولایی ناو گوندەکە.

لەلای ڕاستی گوندەکە دەواجنێك هەبوو ڕێگایەکی لەبەردەم بوو کە جێی تایەی سەیارەی تیا جێ مابوو قەراغی جادەکەش هەمووی پوشی زەرد بوو بەو جێ تایانەدا دوو هەمەر و فۆرتێکمان تێپەڕبوونو هێزێکی پیادەشمان






بەدوایدا بەپیادە دەڕۆشتن بەرەو داخڵ بوونی ناو گوندەكە بەڵام مخابن لەناكاو لەقەراخ جادەكەو لەناو پوشەكاندا بەدووری نیومەتر بۆمبی چێنراوی داعش دانرابوو بەپووشەكەش داپۆشرابوو نەدەبینرا بۆیە بۆمبێك تەقیەوە بەهێزە پیادەكەماندا بەپێشمەرگە (ڕاوێژ)دا ناوبراوی شەهید كرد و (نەقیب كامەران) و (ملازم اول سلیم) و ۳ پێشمەرگەش بریندار بوون هەرزوو (ملازم اول سلیم) بەئۆتۆمبێلێكی فۆڕت ناردمانەوە بۆ دواوەو بەڵام (نەقیب كامەران) بەسەختی بریندار بوو قاچی و دەستی گرتبوو هەربۆیە بەجیهازی بێ تەل خێرا داوای ئەمبولانسمان كردو تیمی پزیشكی لیواو ئەمبولانس هاتن كە من بۆخۆم نزیكەی (۲۰۰) مەترێك لەم هێزەمانەوە دوور بووم لەگەڵ دەنگی تەقینی بۆمبەكە و دووكەڵ كردنی خێراو زۆر بەزوویی گەیشتمە لایان كە هێشتا دووكەڵ و تەپوتۆزی بۆمبەكە تەواو نەببوو هەر یەكسەر چوومە لای (نەقیب كامەران)و كەلەسەر زەوی كەوتبوو چاوی داخستبوو زۆر بەدەنگی بەرز بانگم كرد دوای (۲–۳) جار ئینجا یەك جار چاوی بۆ هەڵبڕیم، زۆر بەقورسی هەناسەی دەدا چوومە لای پاسەوانەكانی كە ئەوانیش بریندار بوون، سوپاس بۆخوا ئەوان باشتر بوون تەنها پێشمەرگە (محمود) كە چاوی بەركەوتبوو..

ئینجا ستافی پزیشكی و ئەمبولانس گەیشتن كە پێكهاتبوون لە شۆفێرێكو (۳)سێ دكتۆری لیواكەمان. كە (د. طارق و د. هێرش و د. سامان) بوون زۆر بەخێرایی چارەسەری سەرەتاییان بۆ كردنو پێچاپانن خستیاننە ناو ئەمبولانسەكە و منیش بەشۆفێرەكەم ووت (سەركەوت) لەجێی خۆت بگەڕێوە (پێچبكەرەوە) ووتی گەورەم ناوێرم لەبەر بۆمبی تر هەر بەشوێنی خۆمدا دەگەڕێمەوە بە بەگ، ئاوا باشترە منیش وتم باشە بەڵام بەووریاییەوە بگەڕێوە ئەوان بەڕێ كەوتن منیش خەریكی كۆكردنەوەی پارچەكانی (شەهید ڕاوێژ) بووم چونكە پارچە پارچە ببوو، ئەمبولانسەكە تەنها (۱۰) مەترێك لەمن



دوور کەوتبوەوە زۆر لەپڕ بۆمبێکی تر بە ئەمبولانسەکەدا تەقیەوە، منیش بەحوکمی نزیکی لێوەی زۆر گێژو کاس بووم، کەمێك وەستام تا تەپوتۆز و دووکەڵەکە ڕەوییەوە ئینجا زانیم کە ئەمبولانسەکە بۆمبی پیا تەقیوە، وازم لە (شەهید ڕاوێژ) هێناو زۆر بەخێرایی چوومە لای ئەمبولانسەکە چونکە من نزیك بووم لێیان بەڵام بەداخەوە سەرکەوتی شۆفێر شەهید ببوو، خێرا چوومە بەشی دواوەی ئەمبولانسەکە بینیم دەرگاکەی فڕێدابوو و (د. طارق)ی هەڵدابووە خوارەوە و شەهیدی کردبوو، سەیری ناو ئەمبولانسەکەم کرد (نەقیب کامەران) لەسەر نقالەی ئەمبولانسەکە بوو خێرا چوومە ناوەوە خێرا دەستم لەملی دا (نبضی) هەبوو نزیك بوومەوە هەناسەی دەدا بەڵام بەقورسی بۆیە هەر خێرا داوای ئەمبولانسی ترم کرد بۆی دابەزیمو چوومە لای ڕاستی ئەمبولانسەکە کە دەرگای سکەیە ئەو دەرگایەشی هەڵدابوە دەرەوە (د. هێرش) لەبەردەم دەرگاکە بەپشتدا کەوتبوو، کۆمەڵێك لۆکە لەسەر پشتی کەوتبوو دەسووتا منیش خێرا ئاوێکی مغزیم کون کرد و ئاگرەکەم کوژاندەوە چونکە ترسی گڕگرتنی ئەمبولانسەکەشی هەبوو، چونکە تەنکی بەنزینەکەی تەقیبوو زۆری بەنزین لێدەچوو بەڕاستی ئەو دیمەنە سەختەی من بینیم ناتوانم نە بەگێڕانەوە نە بەنووسین حەقی خۆی پێبدەم چونکە تائێستاش کاریگەری لەسەرم هەیە بەتەنها بووم لەنێوان ئەم هاوڕێ خۆشەویستانەدام، نەمدەزانی فریای کامیان کەوم خۆشم زۆر گێژبووم بەهۆی نزیکیم لەبۆمبەکەوە لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگرەکەی سەرپشتی (د. هێرش) من زۆر مشەوەش بووم..

لەپڕ گوێم لە دەنگێك بوو دەیوت گەورەم ... گەورەم توخوا بەجێم مەهێڵە، حاڵم زۆر خراپە کە سوڕامەوە بۆلای بینیم (د. سامان)ە لەسەر زەوی پاڵکەوتووە هەردوو دەستی خستۆتە ژێر ئەژنۆی چەپی و دەیگوت گەورەم بەقوربانت بم جێم مەهێڵە شتێکم بۆ پەیابکەو بەتوندی قاچم بۆ ببەستە باخوێنی زۆرم لێ



نەڕواو بمرم، کە چوومە پێشەوە و سەیرم کرد تۆزێك خوار ئەژنۆی قاچی چەپی پەڕیبوو وە هەڵی دا بوو بۆ (٢) مەتر بۆ دەرەوەی ئەمبولانسەکە مشکیلەکە ئەوەبوو من هەر خۆم بووم تاقم تقەنگی خۆمو تفەنگەکەی (نەقیب کامەران) یشم پێ بوو هیچ پێداویستیە پزیشکیەکانی لەناو ئەمبولانسەکەدا نەمابوو بەهۆی بەهێزی بۆمبەکەوە هەمووی فڕێ دابوو بۆ نزیکەی (٧-٨) مەتر بۆناو پووشەکە هەمووی بڵاو کردبۆوە بۆیە خێرا چوومە ناو ئەمبولانسەکە بۆ لەفافێك گەڕام تا قاچی (د. سامان) ببەستم بەڵام نەبوو چونکە هەمووی فڕێ دابووە ناو دەشتەکە زۆر ترسناکیش بوو چونکە بۆمبی تری لێبوو هەندێکیان دیاربوون هەندێکیان شاردرابوونەوە بەڵام حاڵەتەکەی هاوڕێکانم و داوای هاوکارییەکەی (د. سامان) وای لێکردم بێ گوێدانە هیچ ترسێك زوو چوومە ناو پووش و دەشتەکەوە و خێرا لەفافێکم هێنا بەتوندی بۆم بەست بەڵام نەمدەتوانی زۆر بەتوندی و چاکی بیبەستم.

داوای هاوکاریم لەبرا پێشمەرگەکان دەکرد بێن بۆ هاوکاری کردنم بەڵام لەبەر ترسناکی شوێنەکەو ترسی بۆمبەکان بەداخەوە نەهاتن بەڵام خێرا (د. سامان) زۆر بەئازایانە ووتی گەورەم سەری لەفافەکە بدە بەخۆمو تۆ ئەوی تر بەتوندی ببەستە با نەزیف نەبم بۆیە زۆر بەتوندی و بەجوانی بۆم بەست خێرا تیمە پزیشکیەکانی (نەخۆشخانەی شۆڕش) هاتن کە بەڕێز (د. دارا) سەرپەرشتی دەکردن‌و ئەمبولانسەکەیان هاتن، هەر زوو هاوکاریم کردن خێرا (نەقیب کامەران) و (د. سامان)م پێدا گوێزانەوە بەڵام مخابن ووتیان نزیك ساترەکە (نەقیب کامەران) شەهید بووە، و (د. سامان) ڕەوانەی نەخۆشخانەی هەولێر کرا دوای چارەسەرێکی سەرەتایی.

منیش گەڕامەوە لای هێزەکەمان و بۆ تەواوکردنی پرۆسەی گرتنەوەی گوندی (خەرابە سوڵتان) لەمیحوەری خازر وە نزیکەو نیوەڕۆ تەواوی گوندەکەمان

گرتو مخابن بەخوێنی گەشی ئەو (٥) شەهیدە قارەمانە:

١–شەهید نەقیب کامەران عمر علی.

٢–شەهید ملازم اول تارق عبداللە.

٣–شەهید ن. ض. د. هێرش احمد.

٤–شەهید ع. سەرکەوت اسماعیل.

٥–شەهید س. خ ڕاوێژ نصرالدین.

# موقەدەم هێرش عومەر حمە شەریف


(موقەدەم هێرش عومەر حمە شەریف) فەرماندەی سریەی بارەگا لە فەوجی چوار لیوای دووی تایبەت

من پێم خۆش نیە زۆربەی قسەکانی جەنابی ئامر دووبارە بکەمەوە بۆیە تەنها ئەمەوێت ئیشارەت بە شەوێك بکەم، ئەویش شەوی ١/٣٠ بوو کە بە شەوی هجومەکانی تەللوەردو مەلا عەبدوڵا ناسرابوو کە ئەو شەوە من لە ئەرك بووم، نە جەنابی ئامر فەوج نە جەنابی مەعاون فەوج لێرە نەبوون کە کاك عەزیز ئێستەش لێرە نیە لە ماڵەوەیە لە پشوویایە، هەر لە دەوری سەعات ١٠ ئەوانە بوو لە لایەن موقەدەم حەمید تالیبەوە ئاگادار کرام کە بروسکەیەك هاتووە، داعش بە تەمای هێرشێکی بەر فراوانە لە سنوری تەللوەردەوە هەتا ئەچێتەوە مەنتیقەی دووز لەبەر ئەوە سەنگەرەکانتان قایم بکەن و لە ئامادە باشیا بن هەر زوو بە زوو خۆم گەیاندە سەنگەرەکان و چەکمان تەوزیع کردوو شوێنی خۆمان گرت، سەرجەم ئەفسەرەکان کە سریەی یەکی لێ بوو سریەی یەك پێك هاتبوو لە کاك محێدین و کاك هاوژین و کاك خالیدو چەند برادەرێکی کەو کۆمەڵێك پێشمەرگەو پلە داری دڵسۆز، لە دەوری سەعات یەك بوو تەقەکان دەستی پێ کرد لە نزیك مریەم بەگ و لە نزیك تەللوەردو مەلا عەبدوڵاو لە سەرجەم شوێنەکان هێرش دەستی پێ کردوو لەلای ئێمەش بە هەمان شێوە تەقەی دۆشکەو قەسفی هاوەن و جۆرێك لە چەکی کەشیان بەکار ئەهێنا قەسفیان پێ دەکرد وەك قەنیلەی غاز پێمان ئەوت قەنیلەی غاز، لە شێوەی کاتۆشایەو بتڵێکی غازی بچوکی بەسەرەوە بەسترابوو بەوەش قەسفیان کردین دوایی ڕەدێکی باشمان دانەوەو لێمان دانەوەو سەرکوتمان کردن، ئەو ساروخە



کە دروستکراوە قەنیلە غازە دەستکردی خۆیان بوو خۆیان دروستیان کردوە بەڵام هاوەن و چەکەکانی تر کەبەکاریان ئەهێنا هەموو ئەو چەکانە بوو کە لەجەیشی عێراقی سەنرابوو، کەلە زۆربەی شوێنەکان جەیشی عێراقی جێیان هێشتبوو بەردەستی داعش کەوتبوو ئەوانیش بەکاریان ئەهێنا دژی ئێمە زۆر خۆشبەختانە ئەو شەوە دوای هەوڵێکی زۆریش چەند جارێك قەسفکردن و هاتنە پێشەوەش بەدۆشکەو بیکەیسی لێیان داین ئێمەش ڕەدمان دانەوە نەمانهێشت لەوە زیاتر بێنە پێشەوە لەوەش خۆشتر ئەوە بوو کە سەرکەوتنەکانمان دوو سەرکەوتن بوو هیچ پێشمەرگەیەکمان نەبریندار بوو نە شەهید بوو ئەوشەوە وە شوێنەکانی خۆشمان بەسەلامەتی پاراست، بەڵام بەداخەوە هەواڵمان بیست کۆمەڵێك لەفەرماندەکانمان لەهەندێك شوێنی تر شەهید بوون ئەوە جێگەی نیگەرانی ئێمە بوو بۆیە ناشمەوێت لەوە زیاتر باسی مەوزوعەکان بکەم ئەمەوێت بەجێی بهێڵم بۆ ئەو برادەرانەی کە.

تێبینی: شەهید موقەدەم هێرش بەر لە شەهیدبوونی لەزمانی خۆیەوە ئەم لێدوانەم لێوەرگرتوە.



# ڕائید فەخرەدین محەمەد عەبدول عەزیز

من (ڕائید فەخرەدین محەمەد عەبدول عەزیزم)ناسراو بە فەخرەدین ئەحمەد ئاغا

لەو ڕۆژەی كەداعش هات لەهەمووی نا بەڵام لەزۆربەی شەڕەكان بەشدار بوم لەبایزەو لەجەلەولا و كەلەو حدودەوە تائەخیرەن هاتینە شەڕی ٢٠/١٠/٢٠١٤ لەتاتڕان هێزی زۆریان هێنا بۆ ئەوەی قەرەتەپە بگرن ناحیەی قەرەتەپە لەبەیانی زووەوە سەعات ٦ شەڕ دەستی پێكرد تاكو ئێوارە تەواو بوو، بەڵام من لەبەیانیەوە لەوێ بەشدار بوم لەگەڵ هەموو برادەراندا لەسەعات ٢ نیوەڕۆ بریندار بوم دوو فیشەكم بەركەوت یەكێكیان بەر چاوم كەوت كەئێستا چاوێكیانم لەدەست داوە و فیشەكەكەی تریش بەر شانم كەوت بەو هۆیەوە حەواڵەی موستەشفای كفریمیان كرد لەكفریشەوە بۆ سلێمانی و لەسلێمانیەوە بۆ تاران ماوەیەكی زۆر لەتاران مامەوە تا ئێستاكە عیلاج بەكار ئەهێنم ئێستاكەش چاووم تەواو نیە، لەشەڕەكاندا برادەران هەمویان بەشدار بوون لەم میحوەرەی ئێمە زیاتر سنوری یەكێتی یە ئەوانە هەموو برادەرەكان بەتەواوەتی بەشداریان كردووە ئەو شەڕە زۆر شەڕێكی سەخت بوو كاك مەردان كەلەوێ بوو ئیتر ئێمە قواتێ زۆر هاتە سەرەوە بۆ ئەملاو لای دا كاك مەحمود سەنگاوی و كاك عەدنان و ئەوان هەمویان هاتن بۆ بەشداری كردن بەهێزێكی زۆر توانیان هێرشی داعش تێك بشكێنن تا ئێوارە ئێوارەش ئەوان سەحبیان كردوو لەوێ نەمان من ئاگام لێ نەبوو كەبریندار بوم ڕۆیشتم بۆ تاران دوای ٢٠ ڕۆژ ئینجا هاتمەوە، ئەو ڕۆژە كەلەوێ بووین جەوەكە زۆر ناخۆش بوو سێ چوار كەسمان لەگەڵ بوو یەكیان شەهید بوو خەڵكی ڕانیە و قەڵادزێ بوو دوانمان لە هەمەرەكە دابەزیە خوارەوە




کاك چۆمان و کاك سەرەباوە کاك چۆمان ئەوبوو بەبرینداری کاك سەرەباوەش جەنازەکەی لەوێ کەوتبوو دووای من کە خۆرئاوا توانیان جەنازەکەی بهێننەوە. ئەمەوێت یەك ڕاستی بڵێم جگە لەوەی غەدرێکی یەکجار گەورە لەمن کرا جا هۆی غەدرەکە چی بووە یان لەسەر چ بابەتێك بووە نازانم، کاتێك من ئەمری لیوا گواستنەوەکەم دەرچوو بۆ دووز خورماتوو بۆ سنوری جەبهەی مەفرەقی حیلوە و زێی زرکە کە ئەکاتە بن حەمرین نێوان ئەم جەبهەیەو حەمرین تەنها ئاوێکمان لەنێوانە، ئەم شوێنەی من لە بیدایەتی جەبهەکەمەووە تا ٨ مانگ و بیست شەو لە تەللوەرد بووم ئەم ٨ مانگ و بیست شەوە هیچ کاتێك نەبووە کە تەقەیی تیا نەکرێت داعش بە هاوەن و بە ساروغ و بە بیکەیسی و بە چەکی بچوك تەقەمان لێ ئەکات، جگە لەوەی کە سێ هێرشی سەرەکی کردە سەرمان بەلای منیشەوە و بەلای پێشمەرگەکانی لیوای ٦ یشەوە و بەلای هەموو ئەو برایانەی کە لەگەڵ ئێمەن لە لیوای ٦ بە جێگرەکەمەوە کە عەمید بەرزانە وەزائیدەن ئامر فەوجەکەم کاك هەژار کانەبی و کاك ئەحمەد بێشیری و کاك ئەمیر کە ئێستا لەوێ نەماوە و عەلی ئاغا کە شەهید بوو بەداخەوە و بەکر ڕەزگەیی وە شێخ سدیق کە ئێستا فەرماندەی فەوجەو وە زائیدەن برادەرانی تر، ئەم شوێنەی من کە بە یەك لیواوە ئەمپاراست جگە لە تلوەرد و جگە لەسەر ئاوەکە بەقەدەر دوو جاری لیوای ١١ و بەقەدەر دوو جاری لیوای ١ یش بوو خەتەریاتی لەهەموو جەبهەکان زیاتریش بوو، بەس تەنها ئەو هێزەی من لە ئاوەکە ئەپەڕیەوە لەم بەر بۆ ئەو بەر، کاتێك کە بڕیاردرا ئێمە لە شوێنەکە بگۆڕدرێین هێزێکی فریاکەوتن هێنرا بۆ شوێنەکەی من کە ٦٦٠٠ پێشمەرگە بوو وە لیوای پێنجیان هێنا بۆ ئیحتیادی ئەم جەبهەیەو لە پشتیان دانان کە ئەوانیش نزیکەی سێ هەزار کەس بوون جارێکی تر منیان بردەوە بۆ شوێنی دوو لیواو بەڕێوەبەرایەتیەك کە تەنها جادەی قیری لە مەفرەقی حیلوە وە بۆ

زێی زەرگە بیست و دووکیلۆ مەترو ٢٠٠ مەتر بوو وە زیاتر لە بیست ڕەبایەمان کە لە جادەی قیرەوە زیاتر لە ١٠٠٠ م دەرچووبووکە ئەم سنورەیان دا بەمن جارێکی تر وەك و زەمبێك وەکوو غەدرێك لە خودی خۆم و لیوایەکەم کراوە وە هەموو تاکە پێشمەرگەیەکیش یەکێك لە پێشمەرگەکان هەر یەکێکیان بانگ ئەکەیت ئەڵێت ئەم لیوایە غەدری لێکراوەو غایەی شەخسی لەسەر ئەم لیوایە هەیە بۆ شکانی خودی فەرماندەی لیوامان کە سەید ساڵحە، وە لەهەر پێشمەرگەو ئەفسەرێکیش پرسیار ئەکەیت بە وویژدانەوە وەڵام ئەدەنەوە و ئەڵێن سەید ساڵح باشترین کەسمان بووە کەسێکی خاکی بووە لەگەڵمان و توانیویەتی ئەو دو هێزەی کە لەناو ئەم لیوایە کۆبۆتەوە توانیوویەتی بەبرایانەو بە شێوەیەك ئیش بکات کە هیچ فەرق و جیاوازیەکیان لە نێواندا نەبێت، وەخۆشەویستی من بۆ هێزەکەو خۆشەویستی هێزەکە بۆ من دروست بووە کە ئەمە بۆ من شانازیەکی گەورەیە، جارێکی تر کە لەم سنورەیان دانایینەوە ئەم شوێنە شوێنی بەلای کەمیەوە دوو لیوا بوو ڕاستە کاك عەبدوڵا بۆر شێخ فەتاحی ناردبوو بولای ئێمە کە بەشێکی لێ وەرگرتبوین تۆزێك بوو تەقریبەن چەند کیلۆ مەترێك ئەبێت وە جەبهەکەیان ٦٠٠ مەترێك ئەبێ درێژی بەڵام بەهەرحاڵ لە ناوەڕاستی جەبهەکەمان بوو دەست خۆشیان لێ ئەکەم بەڵام بەداخەوە ئەم بێویژدانیەی کە کرا لەگەڵ ئەم هێزەو ئەم لیوایە کە جێگەی نیگەرانی من وخانەوادەکەم و دۆست ورەفیق و وە بەتایبەتی برادەرانی خۆم لە سەرکردایەتی بەشێکیان کە هەموویان پێیان زوڵمێکی گەورە بوو بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیارێکی کاك مەسعود بوو کە بڕیارێکی تاك ڕەویانەی خۆی بوو کتابێکی لەسەر من کردبوو جێبەجێ کرا بە داخەوە ئەمە زوڵمێکی گەورە بوو لە تەئریخیشدا پێویستە ئەمە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە لەبەر ئەوەی ئەگەر تۆ غەرەز شەخسیت لەگەڵ کەسێك هەبێت نابێت بڕیاری ئەوە بدەیت

که هێزەکە بخەیتە خەتەریاتەوەو هێزەکە وا لێبکەیت کە تووشی شکستێکی گەورە بێتەوە، ئەگەر شەخسێك خراپ بێت دەتوانێت ئەم شەخسە بگۆڕیت بۆ شوێنێکی کە نەك بێی هەموو لیوایەکەی پێوە سەرقاڵ بکەیت و تووشی کێشەیەکی گەورەی بکەیت بۆیە هیوادارم جارێکی تر هیچ کەسێك جورئەتی ئەوە نەکات غەدر لە لیواکان بکات لەبەر خاتری ئامر لیوایەك کە لە ڕەئی فلانەکەسدایەو لە ڕەئی فلانەکسدا نیە لەسەر ئەم جیاوازیە فکریە وای لێبێت تۆ حەرەکەیەکی غەڵەت بەرامبەر بە هێزەکە بکەیت .

# دڵشاد حەسەن مامە حەریف

من (دڵشاد حەسەن مامە حەریف) لە سریەی ٢ فەوجی ٤ لیوای ١١ ئێمە کە پێشمەرگە بوین لە مەلا عەبدوڵا ئەوشتانەی کەبەسەرمان هاتوە ئەوبوو کەلە ٦/١٨ کەیەکەم شەڕمان بوو لەگەڵ داعش کاتێك کەوتینە شەڕ دووای شەڕێکی زۆر قارەمانانە داعش هەرچەندێکی هەوڵی دا نەیتوانی شوێنەکەی ئێمە بگرێت، بەڵام دواجار کە ڕائید زرار بریندار بوو ئێمە چەند کەسێك هەستاین بە بردنەوەی ڕائید زرار بۆ نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر لەبۆ بەیانیەکەی ئێمە ئەومان داغڵی خەستەخانە کردو گەڕاینەوە من و کاك بەکر و سیروان و قادر لەگەڕانەوەمان کەدەهاتینەوە بۆ سەنگەرەکانی پێشەوە هەر لەڕێگا کەبەدیار کەوتین ئێمە تەقەیەکی زۆرمان لێکرا لەناو سەیارەکەدا کاك بەکر بریندار بوو سەیارەکەشمان زۆر وێران بوو ئیتر گەڕاینەوە تا گەیشتینەوە شوێنەکەی خۆمان شەڕ دیسانەوە دەستی پێکردەوە لەو ڕۆژەدا دوای بریندار بوونی ڕائید زرار برینداریێکی زۆرماندا ئەوە یەکەم شەڕی ئێمە بوو، دووەم شەڕمان کە ڕۆژی تەموو مژەکە بوو ١٢/٣١ بوو کەداعش بەهێزێکی زۆرەوە هجوومی کردە سەرمان ئەوە بوو چەند شەهیدێکمان دا بەداخەوە داعشەکان توانیان سەنگەرەکانی ئێمەش بگرن منیش مامەوە لەناویان ڕێگای ڕۆیشتنم نەما لەسەعات ٦ تا ١١ مامەوە لەناویانا دواتر خۆم گەیاندەوە هێزەکانی پێشمەرگە ئەو ڕۆژەش ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام خۆشترین ڕۆژ ئەوە بوو ئێمە بەسەر کەوتویی توانیمان دوارۆژ شوێنەکانی خۆمان هەمووی بگرینەوە بەداخەوە دیسانەوە کە شەهید ئاکۆ و سەمەد ئاغا و شەهید کۆسرەت ئەوانە هەمووی شەهید بوون شەهید شاخەوان چەند پێشمەرگەیەکی قارەمانمان



لێ شەهید بوو، ئیدی ژیانی ئێمە لێرانە ژیانێکی زۆر خۆشە ئەو وەختەی مورتاحین کە دێینەوە بۆ دەوام لەبەر ئەوەی کەسەربڵندیە بۆ ئێمە دیفاع لەشەرەوف و نامووس و وڵاتەکەمان دەکەین ئەو واجبانە بۆ ئێمە گەلێك پیرۆزە ئێمە لێرە چەنە هیلاکین، ساردی و گەرماو سەرما تەئسیر لەئێمە ناکات لەبەر ئەوەی وورەی ئێمە زۆر لەوانە گەورەترە پێشمەرگە زۆر لەوە گەورەترە کەبتوانرێت بەو شتانە کاری تێبکرێت ئیدی ئەوە ژیانی ئێمەیە بەحەقەت زۆر لەو ژیانەی خۆشمان مورتاحین و لێی ڕازین ئێمە بەدرێژایی ڕۆژ لێرا لەچاوەڕوانی هێرشەکانی داعشین کەبەر بەرچیان بدەینەوە.

# ملازم اول علی


من کەناوم ملازم اول علی عزیز محمد خەڵکی بناری قەندیلم، پێشمەرگەم لەیەکەی (١٢٠) پشدەر بەنیسبەت بەشداری کردنمان لەشەڕی داعش ئێمە یەکەم جار لە (٢٠١٤/٦/١٦) بەفەرمانێکی سەروی خۆمان گوێزراینەوە، بەشداری کردن لەشەڕی داعش بۆ جەلەولا دیارە ئەو رۆژە کە چوین لەپردەکەی خوار جەلەولا لیوای باڵك یادی بەخێر (شەهید سەلاّح دیلمانی) ئامر لیوا بوو لیواکەی ئێمە ئەوانمان بەدل کرد بۆ ئێوارەکەی ئەو رۆژە کەڕۆژێکی زۆر گەرم بوو.

دەتوانم بڵێم یەکەم رۆژی گەرمای وام لەتەمەنی خۆمدا بینیبێت بەحوکمی ئەوەی ئێمە خەڵکی کوێستانو بناری قەندیلین یەکەم جار بوو لەهاویندا بێین بۆ گەرمێنی نیشتمانەکەم ئەو رۆژە گەرمایەکی زۆرمان بینی لەگەڵ ئەوەش عادەتەن وایە هەر رۆژە بۆ شوێنێکی تازەچوو لەڕووی ئیدارەدان لەڕوی دابین کردنی خواردنو ئاو ئەوانە کەمتەرخەمی تێدەکەوێت دیارە ئەوەش سەرەڕای لەخۆبوردەیی زۆری ئیدارەکەمان بەلاّم ئەو رۆژە ئاوی ساردمان نەبینی و خواردنیشمان تەنیا سەمونو خەیار بوو لەبەیانیەوە تا ئێوارە، ئێستاش یادەوەریەکی تاڵم لە زێهنمدا ماوەتەوە کە بەو خەیارو سەموونە مەعیدەم تێکچوو بۆ شەوەکەی هێزەکەمان کرا بەدوو بەشەوە بەشێکی من وەك ئەفسەر بوم لەفەوجی یەکی یەکەی (١٢٠) ئامر فەوجەکەمان حاجی ئومێدو جێگر فەوجەکەمان کاك شێخ، تەواوی فەرماندە سریەکەمان هەیئەتی فەوجمان لەگەڵدا بوو فەوجەکەمان کرا بەدووبەش، حاجی ئومێد ئامر فەوجمان لەگەڵ بەشێکی هێزەکەمان چونە ناو جەلەولا ئێمەش لە مەعسکەرەکە ماینەوە، بارەگای لیواو بارەگای فەوجەکە تەسبیت کرا، نوقتەیەك لەسەروی



مەعەسکەرەکەیە دەکەوێتە خوار پردی جەلەولاوە ئەو نوقتەیە بەئێمە سپێردرا من وەك رابەر سیاسی و سریەی کاك مستەفا زنگیلٚ وەك ئامر فەسیلٚ لەو هێزە خۆمان لەگەلٚ (٣١) پێشمەرگەی تر بەئێمەوە بووە (٣٣) پێشمەرگە ئەمنیەتی ئەو نوقتە کە زۆر گرنگە بۆ پاراستنی هەم پردی جەلەولا و هەم مەعەسکەرەکە بەئێمە سپێردرا، هەر شەوی یەکەم لەگەلٚ پەڕینەوەی ئەو بەشەی هێزەکەی لیواکەمانەوە شەڕ لەناو جەلەولا بوو تەقەیەکی زۆریان لەشوێنەکەی ئێمەو مەعەسکەرەکە کرد.

بۆشەوی دووەمیش بەهەمان شێوە کە هێزی پشتیوانی دوو بە بەنزینخانەکەی لای سەیتەرەکەی جەلەولا جێگیر بوون پێش ئەوەی بگەینە پردەکە هێزێکی داعش هات پەلاماریان داین بەلاٚم ئەوەی کە ئەو قارەمانو ئازایەتیەی لەفەرماندەو پێشمەرگەکانی پشتیوانی دوو دیمان کە بەڕاستی شەڕێکی قارەمانانە بەرگریەکی کەم وێنانەیان لەمێژووی کورد دا تۆمارکرد کە ئێمە بۆ خۆمان بینیمان زیاتر لەبیست گوللە ئاربیجی لەسەریان بوو بەئەخلاق جگە لە تەقەی تر کە بەرگریەکی قارەمانانەیان کرد ئەوەی ئێمەش کە ئەوەی کە شارەزای جوگرافی ئەو شوێنە بێت ئەو هێزی پشتیوانی دوو ئەگەر هاتباو رەبایەکەیان بۆ نەپارێزرایەو هێزەکەی داعش سەرکەوتوو ببوایە بەسەر هێزی پێشمەرگەدا هەم ڕێگەکەی ناو جەلەولا کە سەرەتا بوو لەپردەکە دەپەڕیەوە بۆناو جەلەولا هەم ئەو هێزەی ئێمە لیوای پشدەر کە کەوتبوینە خواروی ئەوانەوە هێزەکەی ئێمە محاسەرە دەبوو بەلاٚم لەگەلٚ هەموو ئارپیجیەك لەگەلٚ دەست رێژی گولەیەك ئێمە ڕوحمان دەکەوتە مشتمانەوە، شەڕەکە لەسەر ئێمە نەبوو بەلاٚم چارەنووسی ئێمە بەسترابووەوە بەسەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی پشتیوانی (٢) بەداخەوە (عەمید دلٚشاد) یادی بەخێر کە دواتر شەهید بوو سەرپەرشتی دەکرد بەراست قارەمانیەتێکی






گەورەيان نواندو سەركەوتنيان بەسەر داعشدا تۆماركرد دواتر زەرەرو زيانى زۆريان بەداعش دا شەوى دووەممان بەو شێوەيە بەڕێ كرد و بەسەركەوتوويى هێزى پێشمەرگە لەو پەلامارەى داعش دواتر ئومێدێك هاتەوە ڕوحمان.

دواتر ئەو هێزەى ئێمە بەحوكمى شوێنەكەى ئێمە كەوتبوينە خوار شوێنە موسەيتەرەكانى گردەكانى جەلەولا ناچار هێنامانەوە معمل بلوكەكەى سەروى بەنزينخانەكەوە لەوێ بەدواوە شەوان لەگردەكان واجباتمان دەدى، ديارە يادەوەرييەك لەوێ لەيادمايە كە جگە لەوەى يەكەم شەو چووين بۆ كەمين و ئەو دوو شەوانە تا بەيانيەكەى دەست لەسەر پەلاپيتكەو لەئان و ساتى ئەوەدابووين داعش بۆمان بێت ئێمەش ڕوبەڕويان ببينەوە بەڵام يادەوەريەكى خۆش لەگەڵ ئەوەشدا ئێوارەى ٢١–٦/٢٢ لەڕێى خۆكوژێكەوە بەئۆتۆمبيلێكەوە پردەكەى جەلەولا تەقێنرايەوە كە تا ئێستا گرفتى بۆ هاتووچۆى خەڵكى جەلەولا شارێكى كوردنشين كە بەهۆى تەعريبەوە ناوى نراوە، جەلەولا ئەگينا شاروچكەى (گوڵاڵە)ى كوردانە، ئێستاش گرفت بۆ هاووڵاتيانى ئەو ناوچەيە كە دواى ئازادكردنەوەى دروست كردوە.

ئێوارەكەى كاتەكەى نزيكەى (٧:٣٥)بوو ئێمەى لێ بووين موسەيتەر بووين بەسەر پردەكەيدا هەروەها دووسەد مەترێك لەهێزى پشتيوانى دووى (عەميد دڵشاد) دوور بوين كە لەگەڵ دەنگى تەقينەوەكەمان بيست ئاورمان لەپردەكە دايەوە پارچەى سەيارەكە بەحەواوە دەسوڕانەوە، پێشمەرگەيەكمان لەگەڵ بوو كە زۆر تەلەفۆنى دەكرد لەگەڵ دوكەڵى تەقينەوەكە تەواو نەببوو تەلەفۆنى بۆ ماڵەوە كرد كە لێى توورە بووم وتم ئەڵێى پەيامنێرى ئەلجەزيرەى، وە لەهەمان كاتيشدا هەموو كەناڵەكان بڵاويان كردەوە بەداخەوە هەواڵەكەش وا خوێندرايەوە كە بەشێكى هێزى پێشمەرگە بەهۆى ئەو پردە دەكەونە محاسەرەوە كە نەخێر ئەوكات جەلەولا لەدەستى پێشمەرگەدا بوو ئەو بەشەى

و ڕێگای کوباشیش مابوو کە دەیبەستەوە بەخانەقینەوە ڕاستە بەو پردە هاتووچوی سەیارە گرفتی بوو لەسەیتەرەی نەقشەبەندیەوە قەتع کرابوو بەڵام ڕێڕەو هەر مابوو وەنەك هێزی پێشمەرگەش محاسەرە نەبوو، بۆیە ئەو شەوە هەموومان لەئامادەباشیدا بووین و تەلەفۆنێکی زۆرمان بۆ دەهات دوای ١٠ ڕۆژ مانەوەمان کەسەرەتا بوو لیواکەمان بیست بۆئەو شوێنە لەلایەن دوو فەوجی ترەوە هەر لەلیواکەی خۆمان بەدل کراین لەگەڵ گەڕانەوەمان قەرارەکەمان وابوو کە دەوام ببێت بە بیست بە دە بەڵام بەحوکمی سەخت بوونی بەرەکانی شەڕ بەحوکمی ئەوەی کە داعش ئەوکاتە لەوپەڕی بەهێزیدا بوون هێرش و پەلامارەکانی بۆسەر سەنگەرەکان چڕ کردبووە ئەو عەرەبی شۆڤێنیانە کە لەناوچەکە جێگر ببون بەخەونی شۆڤێنیش خۆیان پێیان وابوو خەلافەتی دەوڵەتی بەعس بۆیان زیندو ببێتەوە دەتوانن وەکو سونە دەسەڵاتی ئەو ناوچانە بگرنە دەست کە زۆربەی عەرەبە شۆڤێنیەکانی ئەوانەی کە کاتی تەعریبی سنوری خانەقین و گوندەکانی دەوروبەری هەڵاتبوون لەخواروی جەلەولا کەپێیان دەڵێن عەشیرەتی کرویی جێگیر کرابوون وە لەگوندەکانی تبج و بایزەو کەشکول و ئەبو دەراج و ئەو گوندانە نزیك (١٥) گوندە هەمووی سەر بەعەشیرەتی کروییە عەشیرەتێکی زۆر شۆڤێنی و دژ بەکوردن کە لەو سنورە بونیان هەبوو وە بەحوکمی ئەو دیکتاتۆریو بەحوکمی ئەو خوێن ڕشتنەی کە پێشتر لەناوچەکەدا هەمووی عەشیرەتەکانی خۆشیان سەرکوت کردبوو وەببونە مەترسی بۆ کوردەکانی جەلەولا و دەوروپشتی، هەمیشە بەبارمتەو سەربڕینو پەیوەندی بەقاعیدەو رفاندنی خەڵك هەیمەنەیەکیان دروست کردبوو کە زاڵ بوون بەسەر خەڵك بەڵام لەگەڵ چونی پێشمەرگە ڕۆژ بەڕۆژ ئەو عەشیرەتە بەرەو لاوازی دەڕۆیشت بەحوکمی چڕبوونەوەی شەڕی داعش ١٠ ڕۆژ زیاتر لەماڵ نەبووم دووبارە گەڕاینەوە بۆ بەرەکانی جەنگ وە






دوبارە لەوێ ڕوبەڕوی چەکدارانی داعش بوینەوە.
ئەوەی وەك یادەوەریەکی تاڵ کە لەوەجبەی دوماندا چوینەوە بۆ سنورەکانی جەلەولا بەداخەوە هەر شەهیدێك لە کوبانی و لەرۆژئاوای کوردستان تا دەگاتەوە شنگال و دێتەوە بۆ سنوری خۆمان و جەلەولا و خواروی کەرکوك.
هەموی برای ئێمەیە و هەموو پەنجەیەك خوێنی خۆی لێ دێت ئەو یادەوەریە تاڵەی کەهەرگیز لەشەڕی داعشدا بیرم ناچێتەوە ئێستاش لەگەڵ زەنگی تەلەفۆنەکەم لێ دەدا دەستی بۆدەبەم بیرم دێتەوە ئەو بەیانیەی کاتژمێر (٧:١٠) دەقیقە (١٤-٧-٢٠١٤) بوو کە هاوڕێ ی زۆر خۆشەویستم (محمد حسین) لەلیوای (٦) ئەندام لیوا بوو تەلەفۆنی بۆ کردم خزمی زۆر خۆشەویستم (ملازم کاروان) هەواڵی شەهید بوونی پێدام دیارە سەرەتا یەکەم کەس تەلەفۆنی بۆ کردم لەگەڵ ئەوەی ئەوان لەسنوری باشوری کەرکوك لە تللورد بوون داعش هێرشی بۆ هێنابوون بەهاوەن (شەهید کاروان) شەهید ببوو (کاك محمد) وتی شەهید کاروان بریندارە دوای ئەوە چەند تەلەفۆنێکمان پێکەوە کرد پێی وتم کە شەهید کراوە بەڵام بەڕاستی شەهیدبوونی (شەهید کاروان) وای لێ کردم هەرچەند وەسفی تێکۆشەریو لێهاتوویی بکەین هێشتا کەمە نەك هەر من هەموو دەوروبەرەکەی شاهیدی بۆ زیرەکی و بەتوانایی (ملازم کاروان) ئەدەن وە شێوازی شەهید کردنی کە لەبەرگرییەکی بێ وێنەدا ئەوکات داعش هەر سەنگەرێکی هجومی بۆ بکردایە جگە لەسەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان هەموو جەیشی عێراقی ئەو جەیشەی کە بەپێشکەوتووترین چەك و ئەسلەحە پۆشتە کرابوو خۆیان لەبەر هێرشەکانی داعش نەدەگرت بەڵام ئەو هێزەی پێشمەرگەی کوردستان بوو سەرەتای شەڕی داعش بوو کە لەرووبەڕووبونەوەیەك کە پێشتر لەهەموو سنوری پشدەرو بتوێن شەهیدێکی تر پێش (شەهید کاروان) و ئەوان شەهید بوون بەراستی لەشەڕێکی کەم



وێنەدا (شەهید کاروان) و ئەوان شەهید بوون بۆیە بەسەرکەوتنەوە لەهەمان کاتیشدا بەهەواڵی شەهیدبوونی (شەهید کاروان) تاساندی بەڵام لەهەمان کاتدا بەتێکشکانی هێرشەکەی داعش بۆسەر سنوری باشوری کەرکوك و لیوای (٦) کە هەموو خزمو کەسوکاری ئێمە بوون لەوێ هەواڵی خۆشمان بەدەستەوە بوو لەگەڵ ئەوەی زۆر غەمبار بووین بە شەهید بوونی (شەهید کاروان).

ئێستاش کە لەخانوەکەم دێمە دەر خانوە کەلاوەکەی (شەهید کاروان) دەبینم کە قەرار بوو ژن بهێنێت، هەموو جار برینی (شەهید کاروان)م دەکولێتەوە، دواتر دوای ١٠ رۆژی تر لەبەرنامەیەکی تۆکمەدا کە پەلاماری ئەو بەشەی جەلەولا درا کە لەبەردەستی داعشدا مابوو من خۆم بەشدار نەبووم لەهجومەکەدا ئەوکاتە لە ڕەبایەکان بووم بەڵام لەگەڵ ئەوە کە لە (٢٤-٧-٢٠١٤) دیسان هەواڵی جەرگبڕی کۆمەڵێك شەهیدی هاوسەنگەر لە لیواکەمان جگە لە لیواکانی تریش شەهید و بریندایان هەبوو بەڵام بەتایبەت لیوای پشدەر کە سەر لەبەیانی (٢٤-٧-٢٠١٤) کە بەشی هەرە زۆری گەڕەکی وەحدەو تەجنید توانی هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵی بکات بەڵام بەداخەوە بەشەهید بوونی پۆلێك کۆتایی پێ هات کە (شەهید عەویز سەردۆڵی - شەهید احمد حاجی حەسەنی بابەزی - شەهید مام برایم - شەهید ڕزگار) وە بریندار بوونی فەرماندەی ئەوکات و شەهیدی ئێستا کە بەڕێز (شەهید حاجی احمد ڕەشە) کە دواتر لەو شەرە قارەمانەدا بریندار بوو، هاوسەنگەرەکانی خۆی بەجێ نەهێشت کە ئەو چوار شەهیدە بوون کە ئەورۆژە بەڕاستی ڕۆژێکی ڕەش بوو ڕۆژێك بوو جگە لەوەی ئێمە پێشمەرگەی کوردستان هەرگیز شەهیدبوونو بریندار بوونو تینویەتی و برسیەتی سڵ ناکەین بەڵام شێوازی شەهیدبونەکەیان جۆرێك بوو کە بەڕاستی هەمووانی تاساند کە بەڕۆژێکی گەرم و هەڵقرچاو وە ناخی هەمووان پڕ لەخەمو ئازار بۆ ئەو شەهیدانەمان لەناو شاری جەلەولا شەهید کران کە





لەلیواکەمان بوو کە ئەو ڕۆژە بەیادەوەریمان ناسرێتەوە.
وە لێرەوە دەمەوێت باس لەقارەمانێتی و ئازایەتی (شەهید حاجی احمدە ڕەش) بکەم کە ئەوکات لەو داستانە نەبەردەدا لەگەڵ هاوسەنگەرەکانیدا کەشەهید کران بەسەختی بریندار بوو بەحوکمی ئازایەتی یەکێك لەپێشمەرگەکانو کە برازای (شەهید حاجی) بوو ناوی (شەهید هێرش) بوو توانرا لەداستانێکی کەم وێنەدا بتوانێ (شەهید حاجی) لەبەردەم دووسەد مەتر قەناسەکانی داعش بەبرینداری نەجات بدرێت و ببرێتە نەخۆشخانە چارەسەری بۆ بکرێت لێرەوە دەمەوێت وەك حەقیقەتێك و وەك گێڕانەوەیەك وەك باس کردن لەڕۆڵی پێشمەرگەو فەرماندەیەکی هەر زۆر چاونەترس باسی بکەم کە (شەهید حاجی احمدە رەش) بوو، دیارە لەو شەوەدا زۆر بەسەختی بریندار بوو.
باس لەلاوازی هەندێ کەس ناکەم لەبەرەکانی شەڕ کە پێشتر لەئەمنیەتداو لەبارودۆخی هێوردا قسەی زۆر گەورە دەکەن بەڵام (شەهید حاجی) بەو برینە قورسەیەوە دوو مانگ لەسەر جێگا نەبوو هەم فەرماندە سەربازیەکان تکایان لێ کرد هەم دکتۆرەکان تکایان لێ دەکرد شەهید حاجی برینەکەی تۆ لەشوێنێکی کاریگەرە ئێستا کاتی ئەوەنیە بگەڕێیتەوە کە بەشێك لەجەرگی بەرکەوتبوو بەڵام لەیەکەم گەڕانەوەی دا کە چل شەو لەسەر جێگەدا بوو لەمانگی (٨–٢٠١٤) کە گەڕایەوە بۆناو هاوسەنگەرەکانی کەهات بۆلای ئێمە لەنزیك قەرەتەپە ئەوکاتیش برینەکەی نیشانی ئێمەدا لەجەستەی هەر خوێنو ئیلتهابی لێ دەهات بەڵام دڵسۆزی و نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی بۆ هاوسەنگەرەکانی وای لێ کرد گوێ بەڕاپۆرتی پزیشكو پێچەوانەی فەرمانی فەرماندەکانی سەروی خۆی کرد، تکایان لێ لێکرد نەیەتەوە سەنگەرەکانی بەرگری، هاتەوە سەنگەرەکانی بەرگری وەك فەرماندەیەك لە هەر سەنگەرێك بوایە ڕۆڵێکی زۆر تێکۆشەرانەو ئازایانەی هەبوو وە لە هەموو شەڕەکان



بەشداری کرد.

وە من دەمەوێت بیرەوەریەکی شەهید حاجی لە (٦-١١-٢٠١٤) بگێڕمەوە کە ئەوکات داعش لەوپەڕی بەهێزی دا بوو پەلاماری قەرەتەپەی دا کە برادەرانی لیوای بیتوێن لەوێ سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیان تۆمارکرد، برادەرانی لیوای باڵك (شەهید صلاح دیلمانی) کە ئێستاش لەزۆربەی کەناڵەکان نیشان ئەدرێت کە (شەهید صەلاح) بۆ خۆی چەندین ئاربیجی ڕوبەڕوی داعش دەتەقێنێت ئەو رۆژەی کە بۆ ئێوارەکەی هێرشە سەختەکەی داعش شکێندرا ئێمە لەبایزە بووین لەدوا سەنگەر بووین کە موڵگەی داعش لەوێ بوو بۆ ئێوارەکەی (شەهید حاجی) هات بۆلامان لەگەڵ (کاك مەلا عەلی) کە جێگری فەرماندە لیوا بوو ئەو شەوە بۆ ئێمە جەوێکی تایبەتی هەبوو دوو شەوەکەی پێشتر بەحوکمی هێرشی داعش بۆسەر قەرەتەپە و توانیبویان لەچەند قۆڵێکەوە پێشڕەوی بکەن بەڵام بەحوکمی ئازایەتی و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە هەموو پێشڕەوییەکانی داعش تێکشکێنرا و زەربەی زۆر لەداعش درا لەتەواوی گوندی قەرەتەپەو قەرەتەپە ڕاودونرا بۆ ئێوارەکەی (شەهید حاجی و کاك مەلا عەلی ئاغا) هاتن بۆلای ئێمە شەوەکەی تا سەعات ١٢ ئەو نوکتەی کەمن‌و هاوڕێ ی خۆشەویستم (نەقیب محمد خدر) بووین هاتن بۆلای ئێمە بەقسەی خۆشمان بەڕێکرد کە ئەو شەوانەی پێشوتر تا بەیانی بەشەوانی درێژی پایز خەو نەدەچووە چاومان و دەست لەسەر پلاپیتکە بەڵام دوای تێکشکانی هێرشەکەی داعش لە قەرەتەپەو هاتنی شەهیدی فەرماندە بۆلامان پێچەوانەی شەوانی تر بوو جا لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شەوە زۆرمان قسەکرد و پرسیارمان کرد کە (کاك حاجی) چ هۆکارێك بوو پاڵنەرت بوو لەکاتێکدا بەسەختی بریندار بوویت بەڵام گەڕایتەوە سەنگەرەکان تەنیا قسەی ئەوەبوو خۆشەویستیم بۆ خاك و نیشتمان کە هەست دەکەم هەرچی جوانی دنیایە لەو خاکەدا کۆبۆتەوە، هەرچی بۆنی





خۆشە لەم وڵاتەیە ڕاست دەکات هەمووشمان شارەزای خاك و جوگرافیای خۆمانین سەرەتا لەپاییزاندا کەمێك باران دەباری بۆنێکی خۆش دێت لەگەڵ ئەوەشدا ئێوارەکەشی باران باری بوو.

بۆنمونە بۆی هێناینەوە وتی خاکێك خاوەنی ئەو جوانیە بێتو خاوەنی ئەو بۆنە خۆشە بێت چۆن خۆمان لەو پێناوە ناکەینە قوربانی و خۆی بۆ شەهید ناکەین، من لەسەنگەردا نەبم و لەماڵەوە پاڵبدەمەوە ئەگەر برینەکەم سەختتر بوایە و قاچم خۆی بگرتایە دەهاتمەوە لەگەڵ ئێوە دەبووم بەداخەوە بۆ (شەهید حاجی) کە لە (٣١–١–٢٠١٥) بەهۆی تەقینەوەیەك سەرەڕای ئەو هەموو شەڕە سەختانە لەو هێرشانەی جەلەولا و لەو هێرشەی ئازادکردنی دەشتی حەمرین کە نزیکەی (١٥) گوند بوو لەهەموویان بەشدار بوو لەگەڵ ئێمە بەڵام بەهۆی تەقینەوە لەگەڵ خۆی و (٥) پێشمەرگەی تر شەهید بوو.


وەلێرەدا باسی ئازایەتی رۆڵەی کورد بۆ خاك و نیشتمانەکەی دەکەم لە (٢١–٨–٢٠١٤)دا لەفەرمانێکی سەرودا بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان فەرمانی پێکرا پەلاماری گەڕەکانی خوار پردەکەی جەلەولا و گوندی بایزەو ئەوانە بدات، هێرشەکە شەوی یەکەم نەکرا بۆ رۆژی دووەم هێرشەکە کرا کە ئێمە لەقۆڵی سەروی پردی جەلەولاوە لەو ئاراستە بایزە چوینە خوارێ.

لێرە باس لەگیانفیدایی و هەستی نیشتمان پەروەری لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەکەین، لەناو هێزەکاندا هەمیشە دەستەیەك ئامادە دەکرا بۆ هجوم یان بۆ پەلاماردانی سەنگەرەکانی داعش، دیارە لەناو فەوجەکەی ئێمەش ئەو خەڵکانە ئامادە دەکران کە بەشدرابن لەو پەلامارەو هێرش بۆ سەر سەنگەرەکانی داعش، گەنجێکمان لەگەڵ بوو کە ناوی (دانا) بوو خۆشبەختانە پێشمەرگەیەکی قارەمانەو ئێستا لەژیاندا ماوە، دیارە بەحوکمی ئەوەی کە یەکەم جار بوو بەشدار بێت لەشەڕو ڕووبەڕوو بوونەوەی لەسەنگەردا، ئێمە

پێمان وابوو نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بەشداری هجوم بکات دوای ئەوەی ئێمە خۆمان ئامادەکرد دوای ئەوەش بەرێ کەوتین و چەند سەد مەترێك دورکەوتبوینەوە لەشوێنی مانەوەمان دەنگە دەنگێك پەیدابوو لەو شوێنەی ئێمە هاتبووین لەبارەگای ئێمە گەڕاینەوە دەنگی میلی تفەنگ راکێشانو ئەوانە بوو وامانزانی برادەرانی خۆمان زۆر جار دەمە قاڵەو کێشەو گرفت و لێك تێنەگەیشتن لەناو هێزی پێشمەرگە ڕوودەدات، کە گەڕاینەوە ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو ئەو کاك دانایە چەکەکەی خۆی هەڵگرتبوو لەسەر سەری خۆی ڕاگرتبوو بەبرا گەورەکەی دەوت یا من دەچم بۆ شەڕ و هێرشەکەی داعش یان من لێرە خۆم شەهید دەکەم.

بەڕاستی ئەوە هەستی کوردایەتیە کە دواتر بەناچاری و بەبێ ویستی ئێمە هێنامان بۆ ئەو هێرشە کە ئەو رۆژەش (٢٢-٨-٢٠١٥) یادەوەریەکی تاڵی تێدایە کە ئەو رۆژەی فەرماندەی لیوا (شەهید کەمالی حاجی ئاغا) لە بەرزاییەکانی جەلەولا شەهید بوو کە هەرچەند ئەو ئامر لیوای بتوێن بوو ئەوکاتە لیواکەی ئێمە و لیوای باڵك لیوای بتوێن بەیەکەوە لەسنورەکە دابەش ببوین.

دیارە بەهەواڵی بیستنی (شەهید کەمالی حاجی ئاغا) هەمووماں تاساین و لەهەمان کاتدا گڕوتینێك هاتەوە ناو جەستەمان کە هەر کەسەو لەئاستی خۆی بتوانێت لەهێرشەکەدا بەشدار بێت بۆئەوەی تۆڵەی خوێنی گەرمی (شەهید لیوا کەمال) کە تازە هەمووی چەند سەعاتێك بوو ڕژابوو لەسەر ئەو خاکە، بۆ دوانیوەڕۆکەی کە هێرشەکە دەستی پێ کردو لیوای ئێمەو لیوای باڵك و لیوای بتوێن کە هەر کەسە لەئاستی خۆیەوە ئەو شوێنانەی بۆی دەستنیشان کرابوو توانیمان دەستی بەسەردا بگرینو ئەو پێشمەرگەی پێشتر ئیشارەم پێ کرد ئەو کاك دانایە کە ئێستا پێشمەرگەیە لەلیوای (١٣٨)ی ڕاپەڕین و لەپێش هەموو پێشمەرگەکان لەهێرشەکە بەشدار بوو لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕوبەڕوی



تەقەو داعش بوینەوە لەناو گوندی بایزە و توانیمان ئەوساترانەی کە دەکەوتە سەر لیواکەی ئێمەو لیوای باڵك شوێنەکانی خۆمان کۆنترڵ بکەین.

ئەو پێشمەرگەیە لەگەڵ تێکڕای پێشمەرگەکانی تر لەهێرشەکەدا بەشدار بووین بەسەرکەوتوویی توانیمان شوینی خۆمان بگرین‌و هەستێکی خۆش بوو.

بەراوورد بەنەتەوەکانی تر هیچ نەتەوەیەك بەقەدەر کورد خەڵکی ئازاو لەخۆبوردەی بۆ خاك و نیشتمانی خۆیان نییە، سەرەڕای ئەوەی کە نیشتمانەکەمان دابەشی چوار وڵاتی داگیرکەر کراوە، سەرەڕای ئەوەی لەلایەن ئەو چوار دەوڵەتەی کە کوردی بەسەردا دابەشکراوە هەوڵێکی توندیان بووە بۆ لەناوبردن‌و توانەوەی نەتەوەی کورد زۆرجاران لەسەر هەموو شتەکان ناکۆك بوون بەڵام لەسەر توانەوەو لەناوبردنی کورد کۆك‌و هاوڕابوون بەڵام بەحوکمی ئازایەتی و خۆڕاگری کورد لەهەموو سەردەمێکدا ئەوەی پیلانی دوژمنان بووە بەچۆکیان داهێناوە، ئازایەتی و خۆڕاگری گەلی کورد بووە هەر لەو شەڕەی داعشدا توانرا سەرکەوتنێکی گەورە و پێگەی کورد لەئاستی جیهاندا بۆ هەموو دنیا دەرکەوت کە ئەوە کوردە لەرابردوشدا بەحوکمی ئازایەتی و خۆڕاگری توانیویەتی لەسەرپێی خۆی بمێنێتەوە.

ئەمڕۆش ئەو کوردە ئەو هەرەشەی داعش لەئاستی جیهاندا دروستی کردووە لەسەردەستی کورد سەنگەرە شکست نەهاتووەکانی داعش بەڵام تێکدەڕوخێن هەموو ئەو شوێنانەی کە پێشتر کەوتبونە بەردەستی داعش لەسنوری باشووری کوردستان لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان رزگاریان دەکاتەوە لەرۆژئاوای کوردستان رۆژ بەرۆژ لەڕیزی سوپای دیموکراتی سوریا لەریزی هێزەکانی پەیەدە سەرکەوتنی گەورە تۆمار دەکەن.

ئێستا پێگەی کورد بەحوکمی ئازایەتی و خۆراگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەهەموو ساتەکانی مێژووی رابردوومان پرشنگدارترو رۆشنتر وە

قارەمانی ڕۆڵەی کورد ئێستا بۆ جیهان دەرکەوتووە ئەو داعشەی کە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو تەنانەت دنیای هێنابووە لەرزە ئێستا سەنگەرەکانی بەدەست هێزی پێشمەرگەیە، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لەناودەچن وە لەعێراق لەو بەشەی باشوری کوردستان خۆشبەختانە چەند شوێنێکی کەم نەبێت هەموو جوگرافیای کوردستان لەدەستی داعش و عەرەبە شۆڤێنیەکانو ڕزگارکرا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئێستا بەسەرماو گەرما دەیپارێزێت ئەوەش بەئازایەتی و قارەمانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خوێنی شەهیدان و لەسایەی پشتیوانی خەڵکی خۆڕاگری کوردستان ئەو سەرکەوتنانە تۆمار دەکرێت.

لێرەوە زۆر سوپاس بۆ فەیم خالو وەك ڕۆڵەیەکی ڕۆژهەڵات کە دەمەوێت بۆ داهاتوو قارەمانیەتیەکانی پێشمەرگە تۆمار بکاتو لەکتێبێکدا پێشکەش بەنەوەی داهاتوی بکات، من وەك پێشمەرگەیەك دەستخۆشی لێ دەکەم، هەوڵو ئەرکەکانی ئەو هیچ لەهەوڵەکەی من کەمتر نەبووە بەڵکو زیاتریشی دەبینم کە بۆمانەوەی لەبیرنەکردنی شەهیدەکانمانو ئاشناکردنی نەوەی داهاتوو بەمێژووی ئێستامان هەوڵێکی پیرۆزەو ئەرکێکی پێشمەرگانەی لەئەستۆ گرتووە و سوپاس دەستخۆشی لێ دەکەم.

# عەمید خالید حسن محمد

من کەناوم عەمید (خالید حسن محمد)ە ناسراوم بە عەمید (خالید فەقیانی) فەرماندەی فەوجی ١ی لیوای (١٢٤) خۆشناوەتی، فەوجەکەمان سەرەتای شەڕی دژ بەتیرۆیستانی داعش بەبڕیاری فەرماندەیی گشتی هێزەکانی (٧٠) واجبمان چووە دووزخورماتوو لەمانگی ٦ ساڵی ٢٠١٤.
لەوێ سەرپەرشتی هێزەکانی پێشمەرگە دەکرا بەفەرماندەیی کاک (عەبدوڵا بۆر) کە لێپرسراوی میحوەری دووزخورماتوو بوو، وە شەهید (کەمال حاجی ئاغا) فەرماندەیی لیوای بتوێن بوو، وە کاک (صباح مێرگەسەری) فەرماندەیی لیواکەی ئێمە بوو لیوای (١٢٤) خۆشناوەتی، لیواکەی ئێمە پێکهاتبوو لەچوار فەوج، خۆم فەرماندەی فەوجی ١، عەمید (جوتیار گۆرانی) فەرماندەیی فەوجی ٢، عەمید (حەمە بچکۆل) فەرماندەیی فەوجی ٣، عەمید (ئارام پونگینەیی) فەرماندەیی فەوجی ٤، وەجێگری لیوا عەمید (بەشدار پونگینەیی) بوو، لەگەڵ چەندین هەڤاڵی تر وەکو (برایمە سوور)، (کاک شۆڕش چۆمانی)، (م. حمید) و (لوقمان خۆرانی) و (رسول شێخ وەسانی) و (عمر مام شوان) و (نەژاد عوزێر)و (مجید هەرتەلی) و (ئەسعەد دۆری) و (هەڵمەتە سوور) و (حاجی دواوەیی)، سەرپەرشتی هێزەکانمان دەکرد لەسنوری خورماتوو لە گوندەکانی (شاسەیوان و ئەبوونەجم و تەپە سەوزو پارەپارەو فرۆکەخانەی دوزخورماتوو) کە ئەوکات واجبی لیواکەمانی لێ بوو. واجبمان بۆ ماوەی ٣ مانگ لەوێ مایەوە، وە یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەمان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش لە (٢٠١٤/٨/٣٠) بوو.
ئێمە لەفرۆکەخانەی دوزخورماتوو بووین ئەوکات فەوجەکەی خۆم و مام جوتیار



گرد گۆرانی لەوێ بووین، تیرۆریستانی داعش لەکاتی بەرەبەیان هێرشیان کرد بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو، دواتر تیرۆریستان شکانو ئەو شەڕە لەنێوان گوندی حلێوەو فرۆکەخانە ڕوویدا، خۆشبەختانە ئێمە هیچ زیانێکمان نەبوو.

وە لەبەرواری ١-٩-٢٠١٤ لیواکەمان بەسەرپەرشتی (لیوا صباح مێرگەسەری) و هەر چوار فەرماندەیی فەوجی لیواکەمان بەشداری کاریگەری باشمان کرد لەئازادکردنی گوندەکانی (سەلامو یەنگیجە) ئەو شەڕە بەفەرماندەیی کاک (عەبدوڵا بۆڕ) بوو، لیوای (١١٦) سۆران و پۆلیسی نەوتو گازو پۆلیسی پاسەوانی سنورو پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتن بەشداریان کرد توانیمان لەبەیانیەوە تا ڕۆژی دواتر بەتەواوی ئەو گوندانە ئازاد بکەین، وە لەو ڕۆژەدا عەمید (شێخ سەربەست) فەرماندەیی فەوج لەپۆلیسی نەوت و گاز شەهید بوو، وە ڕۆژی دواتریش (شەهید ئەشرەف) شەهید بوو کە خەڵکی شارەزوور بوو، وە چەندین شەهیدو بریندار تر کە ئێستا ناوەکانیانم لەیاد نەماون. فەوجەکەی ئێمە دوو ڕۆژ لە گوندەکە مایەوە پاش ئازادکردنی.

لەبەرواری ٣-٩-٢٠١٤ بەبڕیاری فەرماندەیی گشتی لیواکەی ئێمە گواسترایەوە بۆ بەرزاییەکانی کوباشی لەسنوری خانەقینو جەلەولا و سەعدیە، لیواکەمان ئەو بەرزاییانەی وەرگرت، کە ئەو بەرزاییانە بە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ دادەنرێت کە دەڕوانێتە سەر خانەقین و جەلەولاو سەعدیەو ئیمام وەیس، بۆیە تیرۆریستانی داعش بەردەوام لەهەل دەگەڕان بۆئەوەی بتوانن ئەو بەرزاییانە بگرن، چونکە ئەو بەرزایانە بەتەواوەتی دەڕوانێتە سەر خانەقین، ئەگەر هاتبوایە ئەو بەرزایانە بکەونە دەست تیرۆریستان خانەقین بەتەواوەتی دەکەوتە ژێر مەترسی تیرۆریستان.

وە یەکەم جار لەوێ کاتی ئاڵوگۆڕی (بەدلیات) هێزەکانمان بوو لەشەوی ٢٠-

٩-٢٠١٤ لەرێگای کوباشی و خانەقین لەکاتژمێر ٧ی ئێوارە لەکاتی چونیان بۆ سەنگەرەکانی پێشەوە تیرۆریستانی داعش لەسەر رێگاکە بومبێکی چێندراویان دانابوو لەو کاتە ملازم اول (بەختیار هەڵپاچ تەوەکلی) کە ئەفسەرێکی چالاك و ئازاو لێهاتوو بوو لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تر بەناوەکانی شەهید (خالیدە رەش‌و شەهید محمد سوڵتانە دێ و شەهید حەمەسوور چەمچەماڵی) شەهید بوون، وەبەهۆی تەقینەوەکەوە دوو پێشمەرگەی تریش بریندار بوون لە فەوجەکەمان بەناوەکانی (محمدو ئاوارە) وە لەشەوی ٦-٧-٢٠١٤ تیرۆرستانی داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکان فەوجی دووی لیواکەمان کە هێزەکان ئەو کات بەسەرپەرشتی (کاك صباح مێرگەسەری) و برایمە سوورو مام جوتیار (گردگۆرانی) توانیان تێکیان بشکێنن و بەڵام بەداخەوە پێشمەرگەیەك شەهید بوو کە خوارزای (کاك برایمە سوور) بوو بەناوی (سەردار) لەگەڵ چەندین بریندارى تر.

لەئێوارەی ٢٩-١٠-٢٠١٤ زانیاری ووردمان هەبوو کە ئەمشەو چەتەکانی داعش بەنیازن هێرش بکەنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەکانمان لەکوباشی، بۆیە ئێمە خۆمان ئامادەکرد بۆ هەموو ئەگەرەکان لەبەری راستو چەپی کوباشی، لەلایەن خۆمو (کاك بەشدار پونگینەیی) و (رسوڵ شێخ وەسانی) سەرپەرشتی هێزەکان دەکران. دابەشبووین بەسەر چەند قۆڵێکدا، هەر بەشێك لە هێزەکانمان لەلایەن چەند فەرماندەیەك سەرپەرشتی دەکران وەکو (نەقیب مەسعود سەردۆڵی) و کە فەرماندەو کادیرێکی بەتواناو ئازابوو، (نەقیب حسن گۆرەشێری) کە فەرماندەی سریە بوو لە فەوجەکەمان، وە (نەقیب کەریمە رەش‌و مام مەجید شەرکانی و رەسوڵ تارینەیی و ئیدریس بامەندی‌و نەقیب دڵشاد سورچی و ملازم اول سیامەند و شەهاب سوورچی و فیصل کرو فیصل مەلەکی و کاك مامە کۆلکە رەش و عەقید خالید جۆلاو نەقیب نورالدین و مام



فاخیرو کاك بابکرو سۆران کاکە جوانو صدیق سوور و عمر صالح) سەرپەرشتی هێزەکانمان دەکرد.

لەشەوی ٢٩/٣٠-١٠-٢٠١٤ لەکاتژمێر ١١:٣٠ یانزەو نیوی شەو چەتەکانی داعش هێرشێکی بەرفراوانیان کردەسەر سەنگەرەکانمان توانیمان بەرگریەکی باش بکەین کە ئەو کات (هەڤاڵ مەحمود سەنگاوی) و (لیوا محمد حاجی قادر) سەرپەرشتی هێزەکانی ئەو میحوەرەیان دەکرد ڕۆڵی باش و گرنگیان هەبوو کە فریای هێزەکانمان کەوتن وە (شەهید لیوا حسێن مەنصور) کە فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی دوو بوو ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش لەو شەڕەدا، وە جگە لەهێزەکانی ئێمە، پێشمەرگە دێرینەکانی سنوری سۆران بەشداری باشیان کرد بەبیرمە لەکاتی تەنگانەدا کە لەهەموو لایەکەوە گوللە باران بوو، (کاك سەعید ئاکۆیی و جمال هاشم و محمد گۆڕەشێری) و چەندین هەڤاڵی تر بەناهامانەوە هاتن و ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش توانیان بێنە ناو دوو سەنگەری پێشمەرگەکان توانیمان بەماوەیەکی زۆر کورت کۆنترۆڵی بکەینەوە، هەتا کاتژمێر (٥) توانیمان بەتەواوەتی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنین و چەندین تیرۆریستیان لێبکوژین..

وە دەستخۆشی لە (کاك برایمە سورو عبداللە عزیز بێتواتەیی) دەکەین کە لەڕانیەوە بەهانای ئێمەوە هاتن بەرەبەیان گەیشتنە لامان، وە چەند پاسەوانێکی (کاك محمود سەنگاوی) ڕۆڵی باشیان هەبوو لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، بەڵام بەداخەوە ئەو سەرکەوتنە بەخوێنی پاکی سێ شەهیدی قارەمان تۆمارکرا لە فەوجەکەمان پێشمەرگە بوون بەناوی (شەهید فەرحان باڵەکی) و (شەهید حسێن سوورچی) و (شەهید کاکە ڕەش سەرانەیی) وە بریندداربوونی زیاتر لە ٢٥ پێشمەرگەی تری فەوج و لیواکەمان کە دوو لە

بریندارەكان (عەمید نەبەز پونگینەیی) و (هێمن كەركوكی) بوون، وە پاش چەند ڕۆژێكی تر تیرۆریستانی داعش تەقینەوەیەكی تریان دانابوەوە لەڕێگای ئیمام وەیس و سعدیە كە تێیدا بۆمبێكی چێندراو بەخۆمو پێشمەرگەكانم تەقیەوەو لەو تەقینەوە سێ پێشمەرگە بەناوەكانی (یونس ئاكۆیی و عمر خدرو كامەران عولا) بریندار بوون.

وە داوای لێبوردن دەكەم كە ناوی هەندێك فەرماندەو پێشمەرگەم بیرچووە، دەتوانم بڵێم هەموو فەرماندەو پێشمەرگەكان و لیواكەمان رۆڵێكی بەرچاویان هەبوو لەو شەڕانەدا. بەتایبەت فەوجەكەی ئێمە فەوجی ١ی لیوای ١٢٤ كە هەموو پێشمەرگەكان ڕۆڵی ئازاو بەرچاویان هەبوو.

لە٢٣-١١-٢٠١٤ لیواكەی ئێمە بەشداری باشمان كرد لە كۆنترۆڵكردنەوەی ناحیەی گولاڵە (جەلەولا) كە بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی هەڤاڵ (كۆسرەت ڕەسوڵ علی) و (كاك محمود سەنگاوی) و (شەهید لیوا حسێن مەنصور) و (لیوا محمد حاجی قادر) وە چەندین فەرماندەیی تر بووە.

وە لیواكەی ئێمە هەر لە فەرماندەیی لیوا، (لیوا صباح مێرگە سەری) و (عەمید بەشدار پونگینەیی) و هەر چوار فەرماندەیی فەوج خۆم و (كاك ئارامو مام جوتیارو كاك حەمە بچكۆل و برایمە سوور) هەموو فەرماندەو پێشمەرگەكان ڕۆڵی بەرچاومان هەبوو لە كۆنترۆڵكردنەوەی ناحیەی جەلەولا.

وە دەتوانم بڵێم ئێمە یەكەم لیوا بووین لە بەرزاییەكانی جەلەولا چووینە ناو ناحیەی جەلەولا، سوپاس بۆ خوا كە توانیمان جەلەولا بەتەواوەتی ئازاد بكەین.

دواتر لەمانگی ١-٢٠١٥ بەبڕیاری فەرماندەیی گشتی هێزەكانی ٧٠ لیواكەی ئێمە گواسترایەوە بۆ میحوەری داقوق لەگوندی حەسیر لەنزیك ڕێگای خورماتوو - كەركوك بەرامبەر گوندەكانی وحدەو سعد و خالیدیە كە ئەو



ڕێگایە مەترسیەکی بەردەوامی لەسەر بوو، تیرۆریستانی داعش هەوڵیاندەدا ئەو ڕێگا سەرەکیە کۆنترۆڵ بکەن، وە چەندین هاوڵاتی مەدەنی بەگولەی دۆشکەی تیرۆریستانی داعش لەو ڕێگایە شەهید و بریندار بوون.

لەبەرواری ١٠-١-٢٠١٥ ئەوکات من مۆڵەت بووم لەڕانیە، پەیوەندییان پێوەکردم کە تیرۆریستانی داعش هێرشێکی فراوانیان کردۆتە سەر سەنگەرەکانی لیواکەمان بەتایبەت فەوجەکەی ئێمە، بۆیە من یەکسەر لەڕانیەوە خۆمو پێشمەرگەکانی دەستەی خۆم دوای ٢ کاتژمێر گەیشتینە شوێنی شەڕەکە وە هێزەکانی ئێمە سەرپەرشتی دەکران لەلایەن (کاک مەسعود سەردۆڵی) کە ڕابەر سیاسی فەوجەکەمان بوو، منو جێگری فەوج (ڕسوڵ شێخ وەسانی) بەهانایەوە چووین، کە چووین (لیوا محمد حاجی قادر و صباح مێرگە سەری و کاک ئارام پونگینەیی) و چەندین فەرماندەیی تر لەوێ بوون.

شەڕ بەردەوام بوو بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك، وە یەکێك لەپێشمەرگەکانی فەوجەکەمان بەسەختی بریندار بوو بەناوی (مامند حسین)و وە لەو کاتەی من گەیشتم فەرماندەیی فەوجی ٤ی لیواکەمان (عەمید ئارام پونگینەیی) بریندار بوو لەگەڵ پێشمەرگەیەکی (کاک محمد حاجی قادر).

وە (کاك بورهان) ئەندامی میحوەرو چەند هەڤاڵی پەکەکەو هێزێکی تایبەتی (کاك کۆسرەت) کە سەرپەرشتی دەکران لەلایەن (نەقیب زیاد) توانیمان بۆ ئێوارە تیرۆریستانی داعش تێك بشکێنین و زیانێکی زۆریان لێ بدەین، لە ١٦-٣-٢٠١٥ لیواکەمان بەشداری کاریگەری کرد لە ئازادکردنەوەی گوندەکانی (وەحدە و سعد و خالید) کە هێزەکانی پێشمەرگە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکران لەلایەن (هەڤاڵ کاك کۆسرەت) و (کاك شێخ جەعفەر) و (شێخ لاهور) و (محمود سەنگاوی) و (کاك هاشم) و (کاك عبدالله بۆر) و چەندین هەڤاڵی تر.

هێزەکانی دژەتیرۆر و لیوای تایبەت (کاك کۆسرەت) و لیوای باڵەك

بەسەرپەرشتی (شەهید لیوا صلاح دیلمانی) و لیوای بتوێنو لیوای پاسەوانی سنور بە سەرپەرشتی (لیوا فەخرەدین) و چەندین هێزی تر بەشداریان کرد، فەوجەکەی ئێمە بەشداری کاریگەرمان کردو گوندەکانمان ئازاکرد.

دواتر لەبەرواری ١٨-٤-٢٠١٥ فەوجو لیواکەمان بەشداری باشو ڕاستەوخۆمان کرد لەکۆنترۆڵکردنەوەی گوندەکانی (عوزیریەو عەتشانە)، لەبەرەبەیانی ١٢-٥-٢٠١٥ چەکدارانی داعش توانیان دزە بکەن بۆ نزیك سەنگەرەکانمان لەگوندی عەتشانە بۆ دانانەوەی بۆمبی چێندراو لەو ڕۆژەدا بەداخەوە (هەڤاڵ صلاح دیلمانی) فەرماندەیی لیوای ١١٨ی باڵەك شەهید بوو. کە هەمیشە وەکو براو هاوسەنگەرێکی من بوو، بۆیە لەدەستدانی ئەو فەرماندە قارەمانە بۆ من ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو، وەهەتا ئێستاش واجبمان لەگوندی (عوزێرییە)کە لیواکەمان بەسەرپەرشتی (لیوا زیاد خۆرانیەیە) کە مام زیاد پێشتر لەمیحوەری قەرەتەپە و حەمرین بوو فەرماندەی لیوای پشدەر بوو، کە ئێستا فەرماندەی لیواکەمانە و یەکێکە لە فەرماندە هەرە ئازاو دڵسۆزەکان لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەماوەی واجبی ئێمە لەو گوندە تیرۆریستان بەردەوام هەوڵ ئەدەن زیان لەپێشمەرگەکانمان بدەن. هەر لەو ماوەیە بەهۆی بۆمبی چێندراو (کاك مامە کۆلکەڕەشی) و چەند پێشمەرگەی تر بریندار بوون.

دواتر لە بەرواری ٢١-١١-٢٠١٦ پێشمەرگەیەکی تری فەوجەکەمان بەناوی (ڕەفیق حمدامین صالح) بەدەستی قەناس بەدەستانی داعش شەهید بوو. لەشەوی دواتر (مام جوتیار گرگۆرانی) فەرماندەیی فەوجی ٢ی لیواکەمان بەهۆی تەقینەوە بریندار بوو.

لەکۆتاییدا داوای لێبوردن لەهەموو ئەو هەڤاڵ فەرماندەو پێشمەرگە قارەمانانە دەکەم کە ناوم نەهێناون، بەتایبەتی سوپاسی فەرماندەو پێشمەرگەکانی فەوجەکەمان دەکەم کە بەردەوام لەبەرەی جەنگن. وەك (مقدم محمد مام



شوان) و (محمد نجم) و (نەقیب جمال) و (نەقیب عبداللە گۆڕەشێری) کە دواتر هاتنە فەوجەکەمان.

فەوجەکەمان لەشەڕی داعش هەتا ئێستا (٨) شەهید و (٣٠) بریندارمان هەیە، بۆیە کۆتاییدا بەڵێن دووپات دەکەمەوە کە تا دوا دڵۆپەی خوێنمان بەرگری لەخاك‌و نیشتمان بکەین و درێژە پێدەری ڕێبازی شەهیدان بین بۆ بەدیهێنانی هەموو ئاواتەکانی نەتەوەکەمان.

# حسن محمد حسن

من کە ناوم (حسن محمد حسن)ە ناسراوم بە (حسن گۆڕەشێری) وە کوڕی پێشمەرگەی دێرینی مەفرەزە سەرەتاییەکان (محمد گۆڕەشێری)م لە (١-١-١٩٧٩) لە گوندی (گۆڕەشێر)ی دۆڵی مەلەکان لەدایك بوومە، هەر لەسەرەتای هەستکردن بەبوونی خۆم کە بینیم باوکم و مامو کەسوکارەکانم لەناو جوڵانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ئەو کاتەی بەرابەرایەتی کردنی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، خۆشم خولیای چەك هەڵگرتنم لەلادروست بوو بۆیە لە (٢١-٦-١٩٩١) پەیوەندیم کرد بەبەشی ڕێکخستنی بەتالیۆنی (٧٦)ی ئاراس. بۆماوەی زیاتر لە(٢) دوو ساڵ لەڕێکخستن کارم کردووە، بۆ دواجار لە (٢٥-١٠-١٩٩٣) چەکی پێشمەرگایەتیم کردە شان لەفەوجی یەکگرتووی ئەوکات لە (کارگەی قیری خەلیفان) دواتریش لە لەشکری ڕەواندووز و فەرماندەی سۆران و کارگێری بیتوێن و پشدەر لەلای کاك (عەبدوڵا) ناسراو بە (عەبدوڵا بۆڕ) گواسترامەوە بۆ فەوجی (١)یەکی یەکەی (١٢٤)ی خۆشناوەتی ئێستاش بەپلەی (نەقیب) و پایەی فەرماندەی سریە لەسەر کارەکەی خۆم بەردەوامم. شایەنی باسە هەر لەسەرەتای دروست بوونی شەڕی نەگریسی داعش کە لەسەرەتای مانگی (٦)ی ساڵی (٢٠١٤) دەستی پێکرد، هەر بۆ ئەو مەبەستە ئێمە وەکو فەوجی (١)یەکی یەکەی (١٢٤)ی خۆشناوەتی بەسەرپەرشتی فەرماندەی ئازاو لێهاتوو (مام خالید فەقیانی) بەڕێکەوتنین لە (١٨-٦-٢٠١٤) بۆناوچەی دووزخورماتوو بۆ (دێی خروەلی). چەند ڕۆژێك لەم شوێنە ماینەوە و دواتر بەڕێکراین بۆ (گوندی شاسەیوان) و دواتریش بۆ (گوندی پارەپارە و جەنگڵ بانە) بۆ نزیکەی دوو مانگێك لەم شوێنە ماینەوەو لەم ماوەیەدا ئێش



ئازارێکی زۆرمان بینی بەهۆی ئەوەی هەموو شەوێك لەئێوارەوە تا بەیانی دەبوایە کەمینمان هەبوایە تابەیانی لەکۆتایی مانگی (٧)ی هەمان ساڵ من چەند رۆژێك بۆ پشوودان گەڕابوومەوەماڵەوە وە لەئێوارەی (٢٤–٧) هەواڵێکی زۆر دڵتەزێنم پێگەیشت و وتیان پۆلێك پێشمەرگە شەهید بوون لەشەڕێکی قارەمانانە لەناویاندا شەهیدی فەرماندە (حوێز سەردۆڵی) بوو بەڕاستی بەبیستنی ئەم هەواڵە نەك هەر خۆم تەواوی کۆمەڵگای شکارتە لەرزین چونکە شەهید پێگەو کەسایەتیەکی باشی لەناو کۆمەڵگای شکارتە هەبوو.

هەر بۆ ئەم مەبەستە بۆ بەیانیەکەی (٢٥–٧) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆشەویستم بەناوەکانی (ڕەسوڵ شێخ وەسانی و هەژار و ڕزگار و ڕەسوڵ و ئیبراهیم و سیامەند) بەڕێکەوتین بۆناوچەی جەلەولا، کە گەیشتین بەناوچەی جەلەولا پرسیاری (مام زیاد خۆران)ی مان کرد. هاوڕێیەکم وتی (مام زیاد) لە (کارگەی غاز)ەکەیە، کە چووین بۆلای مام زیاد ئەوکات فەماندەی لیوای (١٢٠) ی پشدەر بوو. (مام زیاد) هەوڵی دابوو بۆئەوەی ئەم (٣) شەهیدە بهێنێتەوە چونکە جەنازەکانیان لەبەردەستی دوژمن بوو.

ئەوڕۆژە تا سەعات (١١)ی پێش نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە ڕۆژێکی تابڵێی زۆر ناخۆش بوو، هەم لەبەر لەدەستدانی ئەم هاوڕێیانە و هەم ڕۆژێکی زۆر گەرمیش بوو و (٢٦)ی مانگی ڕەمەزانیش بوو، برادەران زۆربەیان بەڕۆژوو بوون و ڕۆژوەکەشیان نەشکاند تا نزیکی مەغریب دوای سەعات (١)ی نیوەڕۆ (مام زیاد و ڕەسول شێخ وەسانی) و کۆمەڵێك پێشمەرگەی قارەمان چووینە نزیك ئەو شوێنەی کە جەنازەکانی لێ جێمابوو ئەم گەڕەکە لەشوێنێکی وێران دەچوو، چونکە ڕۆژی پێشوو (مام زیاد) و پێشمەرگەکانی شەڕێکی زۆر سەختیان تێداکرد بوو لەم کاتەدا قەرار وابوو سەیارەیەکی گولەنەبڕ (درع) لەگەڵمان بێت بۆئەوەی بچین جەنازەکانی پێ بهێنینەوە کەمێك چاوەڕوانمان کرد بۆ سەیارە

چونکە ئەم شوێنە زۆر مەترسیدار بوو چونکە ئێمە دەمانەویست هەتاکو دوژمن ووشیار نەبۆتەوە کارەکەی خۆمان ئەنجام بدەین، چونکە شوێنەکەی دوژمن بەسەر ئێمەدا زۆر مسەیتەر بوو شوێنەکەی ئێمەش لێی بووین چالاکیی بوو لەم کاتەدا (مام زیاد) هەڵوێستێکی زۆر جوامێرانەی نواند.

بەئێمەی ووت هاورێیان پشتێنەکانتان لەقاچی من بکەن من لەسەرسنگەوە دەچم جەنازەکان یەك یەك دەهێنم بۆئەوەی دوژمن هەستمان پێ نەکات، بۆ ئەو ڕووەی کە ئێمە لەدوژمن دیار نەبین ووتی: دەبێ ئێمە زۆر پەلە بکەین تاکو دوژمن بەئێمە نەزانێت دواجار سەیارە درعەکە گەیشت و جەنازەکانمان لەسەیارە درعەکە بارکردن و لەم کاتەدا دوژمن بەئێمەی زانی و کەوتینە بەردەست ڕێژی گوللەی دوژمنەوە، شەڕێکی سەخت بەرپابوو بۆماوەی (٤٠) چل دەقیقە ئینجا شەڕەکە کۆتایی هات و جەنازەکانمان هێنانەوە، ئەوانەی بەشداریان کرد لەم چالاکیە (خۆم و ڕەسول شێخ وەسانی و پۆلێك پێشمەرگەی تری زۆر قارەمان) بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی (مام زیاد خۆرانی) لەم شەڕەدا (مام زیاد) دەورێکی زۆر کاریگەری هەبوو هەم لەشەڕکردن و هەم لەبەرزکردنەوەی مەعنەویاتی ئەم هەڤاڵانەی کە لەگەڵیان بووین دواتر دوای چەند ڕۆژێك گەڕامەوە بۆ واجبی خۆم لەگوندی (پارە پارە) و چەند ڕۆژێکیش لەوێ ماینەوە. دواتر بۆ (مەتاری) دووزخورماتوو گوازراینەوە بۆ چەند هەفتەیەك ماینەوەو دواتر واجبی (گوندی فەریقیان) بەسریەکەی ئێمە سپارد.

شایانی باسکردنە (مام ئارام پونگینەیی) ئەوکات هاوکاریەکی زۆری کردم بەپێدانی چەکە قورسەکانی خۆی وەك چەکی بیکەیسی و ئارپیچی تا تەواوبوونی واجبەکەمان چونکە لەم شوێنەدا دوژمن لەگوندی (البو نجم) بوو ئێمەش لە ئاوایی (فریق) بووین وە لەسەرەتای مانگی (٩-٢٠١٤) لەسەر بڕیاری سەرووی خۆمان گواستراینەوە بۆ (میحوەری گەرمەسێر) بۆ بەرزایەکانی (کوباشی)

لەم ماوەیەدا لەبەرزاییەکانی کوباشی ئەزیەتو ئازار و ماندوبوونێکی زۆرمان چەشت بەهۆی سەرماو سۆڵەو تێکپرژانەکانی دوژمن وە لەشەوی ٢٠/١٩-٩-٢٠١٤ لەگەڵ ئەنجامی شەڕێکی قورس و تەقینەوەی (عبوه) بووە هۆی لەدەستدانو شەهیدبوونی پۆلێك پێشمەرگەی قارەمان بەناوەکانی (ملازم اول بەختیار) کە خەڵکی دێی (تەوەکەلی) ناوچەی ئاغجەلەر بوو ئەوکات وەك جێگری سریە دەوامی دەکرد لەلای ئێمە.

شەهیدی دووەم (خالد حمەئەمین سعید) کە خەڵکی چوارقورنە بوو ناسراو بوو بە (خالیدە ڕەش) شەهیدی سێیەم (محمد عمر صدیق) بوو خەڵکی گوندی (سوڵتانە دێ)ی ناوچەی پشدەر بوو، شەهیدی چوارەم (شەهید محمد ناسراو بە (هەوراز) خەڵکی چەمچەماڵ بوو، وە بریندار‌بوونی (٢) پێشمەرگە بەناوەکانی (محمد و ئاوارە)، محمد خەڵکی هەمان (گوندی تەوەکەل) بوو ئاوارەش برای (شەهید خالید) بوو.

شایانی باسە لەم ماوەیەدا چەکدارانی داعش چەند جارێك بەدڕندانەترین شێوە پەلاماری بەرزاییەکانی (کوباشی)یان دا، وە دوا پەلاماریان بۆ ئەم ناوچەیە کە بەهێزترین پەلاماریان بوو بۆ سەر لیواکەمان و لەناویشیاندا فەوجی (١)یەکی یەکەی (١٢٤)ی خۆشناوەتی.

بۆیە شەوی (٢٩/٣٠-١٠-٢٠١٤) هێرشێکی زۆر سەختیان کردە سەر فەوجەکەمان، بەڵام شایەنی باسکردنە فەرماندەی فەوجەکەمان (خالید فەقیانی) هەر بۆ ئێوارەکەی زانیاری ووردی بەدەست کەوتبوو لەسەر دوژمن بۆیە پێی ڕاگەیاندین کە دوژمن نیەتی خراپە هەر بەم شەوە خۆی هاتە سەرخەتو لەگەڵ جێگرەکەی (کاك ڕەسول شێخ وەسانی) لەگەڵ لیوا قسەیان کرد بۆ دابین کردنی تەقەمەنی بۆ هەردوو سریەی (٢) و (٣) کە خۆم سەرپەرشتیم دەکردن وەسریەی (٣) سێش (ڕەسول تاڵینەیی) سەرپەرشتی

دەکرد.

بۆیە لەسەعات (١١:٤٠) دەقیقەی شەو دوژمن پەلاماریداین لەچوار قۆڵەوە قۆڵی یەکەم بۆلای سریەی دوو کە خۆم سەرپەرشتیم دەکرد کە سێ ڕەبایەی لەخۆگرتبوو قۆڵی دووەم بۆ سریەی (٣) کە (ڕەسول تاڵینەیی) سەرپەرشتی دەکرد ئەویش یەك ڕەبایەی لەخۆگرتبوو.

قۆڵی سێیەم بۆلای (مام خالید فەقیانی) و برادەرانی تر لەناویاندا جێگری فەوجەکەمان کاك (ڕەسول شێخ وەسانی) و کاك (فیصل مەلەکی) کە ئەو کات بە (متفرقە) لەگەڵ فەوجەکەمان لەواجب بوو، وەشایەنی باسە کاك (بەشدار) جێگری لیواکەمان لەم ناوچەیە ڕۆڵێکی باشی بینی لەسەرپەرشتی کردنی هێزەکان.

قۆڵی چوارەم بۆلای (کەریمە ڕەش)و (مجید شەرکانی) و (مسعود سەردۆڵی) بۆیە ئەم شەوە بەهیمەتی تەواوی برا پێشمەرگەکانمان توانیان (٥) پێنج هێرشی یەك لەدوای یەك تا سەعات (٥:٣٠) بەیانی تێك بشکێنین، بۆیە کە لەسەعات (١١:٤٠) دەقیقەی شەو فەرماندەی فەوجەکەمان مام (خالید فەقیانی) چەند جارێك لەگەڵ کاك (نورالدین) پەیوەندییان پێوەکردمو ووتیان چاوەڕوانی هیمەتی قارەمانانەی ئێوەین دوژمن لەشکاندایە.

وە بۆجاری سێیەم کاك (ڕەسول شێخ وەسانی) و (فیصل مەلەکی) پەیوەندیان پێوەکردم ووتیان هیمەت بکەن و سەرکەوتن بەدەست ئێوەیە. ووتیان بۆ هەر مەبەستێکیش پەیوەندیمان پێوە بکەن. منیش لەو (٣)سێ ڕەبایەی کە خۆم سەرپەرشتیم دەکردن سەعات (٢:٢٠) دەقیقەی شەو لەو کاتەی کە دوژمن زۆر زەختی لێمان دەکرد و هێرشی دەهێنا لەم کاتەدا لەیەکێك لەڕەبایەکان کە چەکی بیکەیسیمان عاتڵ بوو بوو بەهۆی پسانی دەرزییەکەی چونکە ئەم چەکە بەدەست پێشمەرگەی ئازاو لێهاتوو (مستەفا تاڵینەیی) بوو شەڕێکی




قارەمانانەی پێکرد.

هەر لەم کاتەدا کاك (مامە کۆلکە ڕەشی) کە فەرماندەی سریەی بارەگای لیواکەمانە پیاوێکی لێهاتووە پەیوەندی پێوەکردمو ووتی: گۆڕەشێری چیت بۆ بکەم چونکە دوژمن زۆر زەختی لەڕەبیکەمان دەکرد. لەبەرئەوەی لەدوامانەوە کەتیبەیەکی هێزەکانی پشتیوانی (٢) دووی لێبوو ئەوانیش مقاوەمەی باشیان دەکرد. دوژمن دەیویست دەست بەسەر ئەم کەتیبەیەدا بگرێت.

شایەنی باسە ئەو بیکەیسیەی کە لێشمان عاتڵ بوو هی فەرماندەی فەوج کاك (حمە بچکۆل) بوو، کە بۆ ئێمەی دابینکرد بوو، وەکو دڵسۆزییەك بۆ ئێمە جا لەم کاتەدا کە (مامە کۆلکە ڕەشی) پەیوەندی پێوەکردم ووتی: چیت بۆ بکەم وتم جا لەوکاتەدا و لەم ئاگر بارانەدا تۆ چیت بۆ من پێدەکرێت ووتی ئەوەی بتەوێت بۆت دەکەم ووتم: بیکەیسیم عاتڵە بیکەیسییەکم بۆ دابین بکە بۆ ئەم ڕەبیە ووتی هەر ئێستا ئەم دوو پێشمەرگەیە دەنێرمە لات بیکەیسی و فیشەکت بۆ بێنن، نیو سەعاتێك دوای ئەم پەیوەندییە دوو پێشمەرگەی نارده لام بەناوەکانی (دەرباز و قادر) کە دوو پێشمەرگەی زۆر ئازا و بەجەرگ بوون، بیکەیسیەکەیان گەیاندە دەستم لەگەڵ چەند سەد فیشەکێك ئەم دوو پێشمەرگەیەی کە هاتن خەڵکی گوندی (کۆدەڵە) بوون، بەڕاستی پێشمەرگەی قارەمان بوون، چونکە لەوکاتەدا کەس نەیدەتوانی بگاتە لای هیچ کەسێك.

هەر لەم شەڕەدا بووە هۆی شەهیدبوونی (٣)سێ پێشمەرگەی قارەمان و بریندار بوونی زیاتر لە (٢٥) پێشمەرگەی لیواکەمان. شەهیدەکان بەناوەکانی (شەهید حسێن سورچی) و (شەهید فەرحان بارەکی) و (کاکە ڕەش سەلانەیی) کە هەرسێکیان پێشمەرگەی سریەکەمان بوون، وە لەم بریندارانەش زیاتر لە (١٥) بریندار هی فەوجەکەمان بوون.

یەکێك لەبریندارەکان بەناوی (اسماعیل غفور عمر) ناسراو بە (مام دەروێش)





برینەكەی زۆر سەخت بوو، هەر بەم شەوە ووتم بۆئەوەی گیان لەدەست نەدات (٢) پێشمەرگەم لەگەڵی نارد (كاك نورالدین)یش هیمەتی زۆری كرد بۆئەوەی بەشێك لەبریندارەان ڕەوانە بكات بۆ نەخۆشخانەی (خانەقین)، دوژمن لەم شەڕەدا بەنیەتی ئەوە هێرشی هێنابوو كە دەست بەسەر شاری (خانەقین)دا بگرێ بەڵام سوپاس بۆ خوا بەهیمەتی فەرماندە لێهاتووەكانمان و پێشمەرگە قارەمانەكانمان توانیمان لەم شەڕەدا چۆك بەدوژمن دادەینو پەلامارەكەیان تێك بشكێنینو بەسەرشۆڕشی بگەڕێنەوە بۆ مۆڵگەكانی خۆیان.

وە لەدوای خۆشیان زیاتر لە (٨) كوژراو و چەندەها كەلوپەلی سەربازیان جێهێشت هەروەها لەدوای (٢٣-١١-٢٠١٤) بەگرتنی (گولاڵە) كۆتایی هات.

ئێمە لیواكەمان گواسترایەوە بۆ ناوچەی (داقوق) بۆ گوندی (حصریە) وە دوای چەند ماوەیەك لەم ناوچەیە دوژمن چەند جارێك پەلاماری داین بەڵام سوپاس بۆ خوا هەموو جارێك شكستیان بەپەلامارەكانیان دەهێنرا بۆ دواجار لە (١٠-١-٢٠١٥) دوژمن گەورەترین پەلاماری داین لەوێش بەهیمەتی فەرماندەی ئازاو لێهاتوو (مام خالید فەقیانی) و (مام ئارام پونگینەیی) تەواوی فەرماندەو پێشمەرگەكانی فەوج و سریەكەمان كە ئەوكات سریەكەمان واجبی ئەوێی پێ سپێردرابوو توانیان زیاتر لە (١٥) پانزە سەعات شەڕ لەگەڵ دوژمن بكەن، چونكە دوژمن ئەیویست ڕێگای (كەركوك - بەغداد) كۆنترۆڵ بكات، چەندەها جار لەسەر ئەم ڕێگایە چەند هاوڵاتیەكی سڤیلیان شەهید كرد، لەم شەڕەدا فەرماندەی ئازاو لێهاتوو (ئارام پونگینەیی) بەسەختی بریندار بوو چونكە لەگەڵ كاك (حاجی دواوەیی) دەورێكی كاریگەریان هەبوو لەگەڵ (مام ئارام) بۆ پشتیوانی كردنیان لەهێزەكانمان كە ئەوكات لەشەڕدا بوون. هەرهەمان كات پێشمەرگەیەكمان زۆر بەسەختی بریندار بوو بەناوی (مامەند حسێن حەمەد) دواتر كاك (مامەند) بەهیمەتی فەوجو لیواكەمان فەوری بەڕێكرا بۆ وولاتی



(بەریتانیا) وە ئێستاش ئەم بریندارە تەندروستی زۆر خراپە، وە لەم شەڕەدا چەند پێشمەرگەیەکمان کاریگەریان هەبوو لەشکاندنی دوژمن بەناوەکانی (مستەفا تاڵینەیی) و (ڕەسول سێوکانی) و (مام سلێمان جمە سۆری) و (اسماعیل سکتانی) و (نەوزاد مەلەکی) وە دوای ئەو هەموو شکستانەی دوژمن لەبەرەبەیانی ڕۆژی (١٦–٣–٢٠١٥) بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کاك (عەبدوڵا بۆر) و فەرماندەکانی لیواکەمان پەلاماری گوندەکانی (وحدە و سەعد و خالدیە)ماندا بەچەند کاتژمێرێك توانیمان ئەم گوندانە ڕزگار بکەین لەدەست تیرۆریستانی داعش.

وەهەروەها لە (١٨–٤)ی هەمان ساڵ هێزەکانمان جوڵەیان پێکرا بۆ ئازادکردنی گوندەکانی (تەرمەغار و عوزێریە و عەتشانە) وە هەتا ئێستاش بەردەوامین لەپاراستنی سەنگەرەکانمان لەم سنورەدا بەسەرپەرشتی فەرماندەی ئازاو لێهاتووی لیواکەمان (مام زیاد خۆرانی)، شایانی باسە لەم شەڕە یەك لەدوایی یەکانە پیاوە ئاڵتونیەکەی یەکێتی و گەلەکەمان کاك (عەبدوڵا بۆر) هەموو کاتەکان ڕێنمایی کردووین و لەهەر شوێنێك بوو بێت ئاگای لەسەرنگەرەکانمان هەبووەو ئەو ڕێنماییانەی ئەویش بۆتە هۆی سەرکەوتنی خۆمو پێشمەرگەکان لەهەموو کاتەکاندا، چونکە هەر لە قوتابخانەکەی ئەویش پەروەردە کراوم، وە لە کۆتاییدا داوای لێبوردن لەسەرجەم ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە لەم ڕاپۆرتەدا بیرم چووە ناویان بهێنم.

# شەهید حوێز سەردۆڵی

(شەهید حوێز حمد ابابکر حارس) ناسراو بە (حوێز سەرۆدڵی) لەساڵی ١٩٦٨ لەگوندی سەردۆڵ لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی تەواوکردوەو لە بنەماڵەیەکی رەنجدەرو هەژار و تێکۆشەر لەدایك بووە، حوێز هەر لەسەرەتای لاویەتیەوە هەستی بەچەوساندنەوەو ئازارو مەینەتیەکانی میللەتەکەی کردووە، لەبەر هەژاری و نەداری بنەماڵەکەی نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات بەڵام هەر زوو تێکەڵاوی پێشمەرگە و کاری سیاسی بوو بەهۆی ئەوەی کە گوندی سەردۆڵ سەرە رێگای تیپی (٨٣)ی هەورێی و تیپی (٩٩)ی بیتوێن بووە، هەر لەتەمەنی (١٥)ساڵی دا تێکەڵاوی لەگەڵ شەهیدان ئازادی حەمەی گەمحان و شەهید عبدالرزاق و سەعیدی حەمە زیاد و تەواوی ئەم فەرماندەو کادیرانەی ئەو سەردەم پەیداکرد بوو، بۆیە لەساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (کۆمەڵەی رەنجدەران) کردووە، تەتەری هەردوو تیپی (٨٣)ی هەورێ و (٩٩)ی بیتوێن بوو، تا وایلێهات چەندین جار دەچوو دەبوو پێشمەرگە بەڵام لەبەرئەوەی تەمەنی منداڵ بوو چەکیان نەدەدایە تا دواجار لەساڵی ١٩٨٥ بوو بەپێشمەرگەو چەکی شەرەفی کردە شان لەتیپی (٩٩)ی بیتوێنی ئەوسا.

کورێکی زۆر گوێرایەڵ و بەئیلتیزام بووە، هەرچی پێیان سپاردبا وەك خۆی جێبەجێ ی دەکرد، کورێکی دڵسۆزو ئازاو چاو نەترس بووە، خۆشەویستی ناو هاورێ و هاوسەنگەرانی بوو بۆیە فەرماندە قارەمانەکانی ئەوکات زۆر خۆشیان دەویست و بەشداری چالاکیەکانی ئەوسەردەمی تێپی (٩٩)ی کردووە، دوای شەهید بوونی شەهید ئازادی حەمەی گەمحان ی سەرتیپ دەگوازرێتەوە بۆ



تیپی (٨٣)ی هەورێ لەوێ درێژە بەکارەکانی پێشمەرگایەتی دەدات.
تا ساڵی ١٩٨٩ لەسەر سنور لەبەر هەژاری و کەمدەرامەتی خێزانەکەی ناتوانێت بچێت بۆ ئەودیو ئێران، بەپرسی سەرکردایەتی دەگەرێتەوە و دەبێتە عەسکەر رەوانەی خواروی بەسرە دەکرێت لەگەڵ چەندین رەفیقی پێشمەرگایەتی.
ئەوەبوو لەگەڵ یەکەم تەقەی راپەرینی بەهاری ١٩٩١ دا هەر زوو خۆیان رێکخستەوە لەشانە چەکدارەکانی (٧٠١) ئەوەبو لەرۆژی ٥-٣-١٩٩١ دەستی داوەتە چەكو بەشداری راپەرینی کرد تا رزگارکردنی کەرکوکی قودسی کوردستان، پاشان لەکاری پێشمەرگایەتی بەردەوام بووەو بەشداری هەموو شەرەکانی پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە.
چەندین پلەو پایەو ئەرکی پێ سپێردراوە هەر هەموویانی وەك خۆی بەسەرکەوتوویی جێبەجێ کردووە و سەرکەوتووانە دوا پلەی عەسکەری رائید بووەو پایەکەشی جێگری فەرماندەی فەوج بوو لەلیوای (١٢٠)ی پشدەر لەوێش کەسێکی زۆر دڵسۆز بوو. لەژیانی پێشمەرگایەتی دا چەندین جار توشی حاڵەتی زۆر نەخوازراو بووە و زۆرجار لەکەناری مەرگ گەراوەتەوە، دووجار بریندار بووە لەساڵی (٢٠٠٣) لەشەری تیرۆریستانی جوندلئیسلام لەهەورامان بریندار بوو لەگەڵ دروست بوونی شەری نەگریسی تیرۆریستانی داعش و داگیرکاریەکانی بۆسەر کوردستان، شەهید حەوێز بروای وابوو لەکوێ پێویست بکات ئەو لەوێ ئامادە دەبێت، بۆیە لەکاتی هێرشیان بۆسەر شارۆچکەی جەلەولا هەر زوو قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵدەماڵێ و چوو بۆ ناوچەی گەرمەسێر بۆ بەرگری کردن لەخاکی پیرۆزی کوردستان، هەرچەندە واجبی مابوو، لەپشووی فەرمی خۆی بوو بەڵام پێی وابوو شەرمە کاتێك داگیرکەران هەرەشە لەکوردستان بکەنو ئەویش لەماڵەوە دابنیشێ.
چەند جارێك واجبیان دەگرت لەدەڤەری گەرمەسێر بەڵام جارێکی تر لە رۆژی

٢٣-٧-٢٠١٤ ڕوو دەکاتەوە جەلەولا و بڕیار ئەدەن کە ئەبێ جارێکی تر هێرش بکەن بۆ ڕزگارکردنی یەکجارەکی شارۆچکەی جەلەولا کە ئەوکات دوو گەڕەکیان داگیرکردبوو گەڕەکی (وحدە و تەجنید). ئەوەبوو لەئێوارەی ٢٣-٧-٢٠١٤ کە سێ ڕۆژی مابوو بۆ جەژنی ڕەمەزان ئەم ئێوارەیە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرشکردن، هەر لەم ئێوارەیەدا کۆبونەوەیەك بەهێزەکەی دەکات و کە بەوێنەو ئەرشیف هەمانە، لەوێ بەبرادەرانی دەڵێت هەڤاڵان شەهید بوون شەرەفە شانازیە ئەگەر لەپێناوی کوردستان بێت دوورنیە زۆربەمان شەهید بین ئەوەی کە لەخۆی ڕانابینێ با نەیەت چونکە شەڕەکە ئەم جارە یەکلاکەرەوەیە، ئەبێت بەهەر شێوەیەك بێت دەبێت بەیەکجاری ڕزگاری بکەین، ئەمە ئەم هەڤاڵانەی کە لەگەڵی بوون ئەم ڕاستیانەیان گێڕاوەتەوە، وە لە ٢٣-٧-٢٠١٤ کۆبونەوە لەگەڵ هێزەکەی کەئەنجامی داوە وێنەکەشیتان بۆ دەنێرین.

ئەوەبوو لەسەعات (٢)ی شەوی ٢٤-٧-٢٠١٤ ئەوان هێرشیان دەستپێکرد بۆ ڕزگارکردنی هەردوو گەڕەکی (وحدەو تەجنید) ئەوەبوو (شەهید حوێز سەرۆدڵی) ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت و ئازایانە دەور دەنوێنێ و خانوو بەخانوو تاوای لێدێ تەواوی گەڕەکەکە ئازاد دەکەن بەڵام لەئاخیر خانوودا کە هەندێك چەتە خۆیان تێدا مەلاس دابوو ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە و لەشەڕێکی دەستەویەخە (شەهید حەوێز) بەسەختی بریندار دەبێ بەڵام لەشەڕ ناکەوێ و تادواجار هەڤاڵانی زۆر هەوڵ دەدەن کە ڕزگاری بکەن بەڵام بەداخەوە لەبەر سەختی شەڕەکە ناتوانن ڕزگاری بکەنو دواتر (شەهید حەوێز) شەهید ئەکرێ و (شەهید حاجی سەنگەسەری) کە ئەم کاتە لەوێ زۆر بەسەختی بریندار دەبێ لەپێناوی ڕزگارکردنی (شەهید حەوێز) بەڵام هەر ناتوانێت چونکە بەسەختی بریندار دەکرێ و بەڵام (شەهید حاجی) ئەم کات لەڕێگای برازاکەی (شەهید هێرش) ڕزگار دەکرێ بەڵام (شەهید حاجی محمدە ڕەش) دواتر لەشەڕی

(تەللوەرد) شەهید دەبێ، وە دوای دوو شەهیدی تر (شەهید نەقیب احمد حسن باوزی) و (شەهید ابراهیم شێخ ئاودەلی) کە هەردووکیان لەگەڵ (شەهید حەوێز) جەنازەکانیان لەمەیدانی شەڕدا جێدەمێنێ تا دوو ڕۆژ نە داعش زاتی ئەوەی دەکرد بێتە سەریان نە ئێمەش دەمانتوانی بەئاسانی بگەینە سەریان.
ئەوەبوو لەڕۆژ ٢٤-٧-٢٠١٤ ئەمان شەهید بوون تا دوو ڕۆژ ئەم جەنازانە لەنێوانی دوژمن و هێزی پێشمەرگەدا مانەوە، دیارە ئێمە کەخۆشمان پێشمەرگە بووین لەیەکێ لەمیحوەرەکانی تر من کە برای (شەهید حەوێز)م ڕائیدم لەهێزی پێشمەرگە هەر هەموومان چووین بۆ جەلەولا، وەهەرچی کادرو فەرماندەی سنورەکە هەبوو هەمووی هاتن بۆ جەلەولا.
ئەم ڕۆژە کاک شێخ جەعفەر کاک محمود سەنگاوی و کاک مستەفا چاو ڕەش و کاک حامید حاجی غالی و کاک مستەفا سەید قادر کە ئەوکات وەزیری پ.م بوو هاتبوو چونکە سەرەتای شەڕبوو وە بەڕاستی ڕۆژێکی زۆر ناخۆش، ڕۆژی پێش جەژنی رەمەزان بوو، ئەوەبوو بەهەموو لایەك لەڕێگای ئامێری درع و مودەرەعەی دژە تیرۆر لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگەی قارەمان هێرشکرا و توانرا ئەم سێ جەنازەیە واتە ئەم سێ تەرمە ڕزگار بکەین کە ئەوانیش (شەهید حەوێز سەردۆڵی) کە پلەی مقدەم بوو وە (شەهید نەقیب احمد باوزی) وە (شەهید ملازم ابراهیم شێخ ئاودەلی) کە بەڕاستی کارەساتێکی ناخۆش بوو بەڕۆژی جەژن یەکەم ڕۆژی پرسەی ئەم شەهیدە قارەمانانە بوو.
یەکێك لەشتە هەرە سەرسوڕهێنەرەکان ئەوەبوو کە (سۆران)ی کوڕە گەورەی (شەهید حەوێز) ئەو ڕۆژەی تەرمی باوکیمان گەیاندە سەر گۆڕستان و خەریك بوو بەخاکی بسپێرین لەم کاتەشدا کە لەدەرەوەی وڵات بوو ئەویش گەیشتەوە سەر گۆڕستان، ئەوەبوو داستانی شەهیدی فەرماندە (شەهید حەوێز سەردۆڵی).
مسعود سەردۆڵی ٢٠-١٢-٢٠١٦

# ئەمەش باسی شەهید حەوێز

**یادی هەڵۆیەك**

مانگی ڕەمەزانەو کات خەریکە بانگی نیوەڕۆ بێت و دوکان و بازاڕی شکارتە بەرەو چۆڵ بوون ئەچێو مزگەوتەکان پڕە لە خەڵکی ڕۆژوەوان و بەشی هەرە زۆری خەڵکیش لەشیرین خەودان، لەپڕ زەنگێك لێیداو هەواڵێك کە پڕ بوو لەناخۆشی، پڕبوو لەئازار، پڕبوو لەمەینەتی، کەوتە سەر زمانی خەڵکی ناوچەکەو، مقۆ مقۆیەك دروست بوو و دوو دوو سێ سێ کۆمەڵ کۆمەڵ گرد دەبونەوەو هەر لەبەرخۆیانەوە قسەیان دەکردو، باوەڕیان بەم هەواڵە نەدەکرد کە ئەویش شەهید کردنی پێشمەرگەیەکی قارەمانی دۆڵی خۆشناوەتی بوو کە حەوێز سەردۆڵیە، بەم هەواڵە سەرتاپای دۆڵی خۆشناوەتی خەم دایگرت.

ماتەمێك کەوتە سەر لێوی سەرجەم دۆستو هاوڕێ و خەڵکی ئەم دەڤەرە، ئەم هەواڵە هەریەکەو بەجۆرێك باسی دەکردو کەس لەڕاستی ڕوداوەکەی نەدەزانیو، هەندێك دەیانگوت شەهید کراوەو هەندێك دەیانگوت بەبرینداری گیراوەو هەندێکیش دەیانگوت وونە، بەڵام من دەمزانی وانیە و تەنها شەهید کراوە، چونکە حەوێز بەدیلی ناگیرێ، حەوێز کە لەدایکبووە بۆ خزمەتی شۆڕش و کوردایەتی و پێشمەرگایەتی لەدایکبووە، ئاخر ئەگەر وانەبێ، هاوڕێکەم خۆ هێشتا سێ ڕۆژت مابوو بگەڕێیتەوە بۆ دەوام، ئەی مەخسود پێی نەگوتی بۆ دەڕۆی هێشتا سێ ڕۆژت مۆڵەت ماوە، ئەی وەڵامەکەت ئەوە نەبوو، من پێشمەرگەمو لەکوێ کورد پێویستی بەمن بێ ئامادە دەبم، ئەی نەتگوت تاکو لەژیاندا مابم نابێ لە پێشمەرگایەتیدا کەمتەرخەمی بکەم، ئەی نەتگوت برا پێشمەرگەکانم لەشەڕدا بن و منیش لەماڵە پشوو بدەم عەیبەیەکی گەورەیە،



ئەی نەتگوت کوردستان بەخوێن ئازاد دەکرێ و دەبێ خوێن ببەخشین، ئەی نەتگوت دانیشتن لەماڵەوەو پشت کردن لەخاکەکەمان شەرمەزارییە.

هاورێکەم گەورەیی تۆو کەسانی وڵاتپارێز دەبێ ئاوابێ، ئەمە هەر قسەی ئێمە نیە، سەرجەم پێشمەرگەکانی هاورێت و خەڵکی دەڤەرەکە وا دەڵێن، کام بەرپرسی سەربازی هەیە قارەمانێتی تۆی نەدیتبێ، کام پێشمەرگە هەیە ناوبانگی ئازایەتی تۆی نەبیستبێ، کام لوتکە هەیە تۆ نەنانسێ، کام تاشە بەرد هەیە شەرت لەبن نەکردبێ، ئەوەی تۆ ناناسێ بابچێ لەکلاوقاسم و قەندیل و شنروێ و هەورێ و خۆشناوەتی بپرسن حەوێز کێیە؟ ئەوان پێیان دەڵێن چ پڵنگێك بوو، برۆن سەردانێکی گۆری شەهیدان (مەلا نەجم و عبدالرەزاق و ئازادی حەمە گەمحانو کوێخا بێتواتەیی و علی وەیسی) بکەن و ئەوان قارەمانێتی حەوێزتان بۆباس دەکەن، مێژووی تیپی (٩٩)ی بیتوێنو (٨٣)ی هەورێ هەڵبدەنەوە و بزانن تەتەری ئەو دوو تیپە کێ بوەو لەرۆژانی سەختی خەباتدا چی کردووە.

ئاخ هاورێم حەوێز... هێشتا زوو بوو، کوردستان بەگشتی و ناوچە دابرێنراوەکان چاویان لەهەڵمەتو ئازایەتی تۆو هاورێ شەهیدەکانت بوو، ئەو رۆژە جەلەولا خەڵتانی خوێن کرا، هەواڵی شەهید بوونی تۆو، عەمید سەرباز گراویو، نەقیب ئەحمەد حەسەن، ملازم برایم، رزگار جاف، سەرجەم خەڵکی جەلەولای هەژاند، ئەوانیش وەکو ئێمە خەمبارو دڵ بەخەم بوون، بەڵام چی ئەکرێت لەگەڵ قەدەر...

هەر حەوت منداڵەکەت، (سۆرانو سیروان و ژیانو شیلانو چنارو بنارو کەنار)... چاوەرێی جەژنانە بوون، چاوەرێ بوون لەجەژندا باوەشی گەرمی باوکایەتیان بۆ بکەیتەوە و ماچ بارانیان بکەی، (سۆران)ی کورە گەورەکەت چاوەرێ بوو مانگی نۆ لەدەرەوە بگەرێتەوەو نەیزانی سەفەرەکەی لەپر دەبێت و تەنانەت

فریای دیتنی تۆش ناکەوێتو لەبەخاك سپاردنت بەشدار دەبێت..

هاورێکەم هاورێکەم: ئێستاش کەناری کچە بچوکەکەت هەر چاوەرێیە لەجەژنی قورباندا بگەرێیتەوەو جەژنانەی بدەیتێ.

گەنجانی کۆمەڵگای شکارتە کە نزیکترین هاورێی تۆ بوون ئێستا مشتاقی پیاسەیەکن لەگەڵ تۆو دەیانەوێ سەردانت بکەن.

ئاخر دایکت نۆ ساڵە لەسەر جێگایەو هێشتا باوەر بەوە ناکات تۆ شەهید کرابیت، هەر دەڵێ حەوێزەکەم دێتەوە، ئاخر بۆ رۆیشتی ئێستا هاورێ پێشمەرگەکانت چاویان لەتۆیە جارێکی تر بیکەیسیەکەت هەڵگریتەوەو پێشیان بکەویت و پارێزگاری لەم خاکە پیرۆزە بکەیت.

هاورێکەم: لەگرتە ڤیدیۆییەکەی کاك حاجی سەنگەسەری دەردەکەوێ کە خۆشاردنەوەو ترس لای تۆ وجودی نەبووەو هەموو تەمەنی پێشمەرگایەتیت هەر بەسەربەرزی و بەپێوە بردەسەرو، هەر بۆیەشە بەپێوە شەهید کرای.

# ژیاننامەی شەهیدی فەرماندە ( حەوێز سەردۆڵی )

لەسەروبەندی دەست پێکردنی گفتوگۆی نێوانی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عێراقی کە لەساڵی ١٩٦٨ دەستی پێکرد منداڵێکی ڕۆح سوك لەگوندی سەردۆڵی خۆشناوەتی لەدایك دەبێتو ناوی دەنێن (حەوێز)، وردە وردە حەوێز گەورە دەبێتو تاوای لێدێت تەمەنی دەگاتە شەش ساڵانو ئیتر دەچێتە قوتابخانەو تەنها ماوەی دوو ساڵ دەتوانێ بخوێنێ، چونکە حکومەتی ڕەفتار فاشستی بەغدا بەسیاسەتە شۆڤێنیەکانی وای دەکرد گەلی کورد نەخوێندەوار بێت، هەر بۆیە بەم سیاسەتە عەفلەقیە خوێندنی لەزۆربەی گوندەکان پەکخستو دواتر قوتابخانەکانی دادەخست.

گوندی سەردۆڵیش یەکێك بوو لەو گوندانەی کە قوتابخانەکەی داخرا، بۆیە (حەوێز) نەیتوانی بخوێنێتو تەنها کەمێك نوسینو خوێندنەوە فێر دەبێتو، باری گوزەرانی خێزانەکەشی وایکرد کە بەمنداڵی دەست بکات بەکارکردن بۆ بژێوی خێزانەکەی، (حەوێز) هەر لەتەمەنێکی زۆر هەرزەکار بوو شەیدای شۆڕش و کوردایەتی بوو، هەر زوو بەشێکی زۆری ئەو پێشمەرگانەی دەهاتنە گوندەکەیان دەیکردن بە هاوڕێ و لێیان نزیك دەبۆوە، تاکو وای لێهات لەساڵی ١٩٨٣ وەکو تەتەر کار بۆ تیپی (٩٩)ی بیتوێنو تیپی (٨٣)ی هەورێ دەکاتو زۆر جار شەهیدی سەرکردە (عبدالرەزاق و شەهید سابیر ڕەسول) چەندین کاری گرنگیان پێ ئەنجام داوە، زۆر ژیرانە و ئازایانە جێبەجێیان دەکات، (حەوێز) دەرکەوت کە گەنجێکی ئازاو چاونەترسو لێهاتووە هەربۆیە لەساڵی ١٩٨٥ دەبێتە پێشمەرگەو لەتیپی (٩٩)ی بتوێن و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ تیپی (٨٣)ی هەورێ و تاکو ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام دەبێت.

لەساڵی ١٩٩١ چەكی پێشمەرگایەتی دەكاتەوە شانو لەڕاپەڕین بەشداری كارای دەبێتو بەشداری سەرجەم شەڕو نەبەردیەكانی سنورەكە دەكات، لەپێشمەرگایەتی سەرجەم پلەكانی بڕیوە تاكو گەیشتۆتە پلەی (مقدم).

لەدەركەوتنی داعشو داعشگاكان (حەوێز) كوێستان بەجێدەهێڵێ و ڕوو دەكاتە گەرمەسێر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی داعشەكان و لەچەند شەڕێكدا دەورو ئازایەتی (حەوێز) لەناو هەڤاڵانیدا دەردەكەوێت، هەربۆیە بیكەیسیەكەی دەكاتە شانی و بەڵێن بەكوردو كوردستان دەدات كە یان لەناوبردنی داعشەكان یان تاكو شەهید بوونی درێغی نەكات، هەربۆیە لەبەرواری ٢٤-٧-٢٠١٤ لەشەڕێكی قارەمانانەدا لەگەڕەكی وەحدەی جەلەولا دوای شەڕێكی توندو حەوت سەعات شەڕكردن شەهید دەكرێتو دەگاتە كاروانی شەهیدان، شەهید حەوێز دوای خۆی حەوت كۆرپەی بۆ كوردو كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان جێ هێشتووە بەناوەكانی (سۆران، سیروان، ژیان، ڤیان، چنار، كەنار، بنار).

هەزاران سڵاوی ئەمەكو وەفا بۆ گیانی بەرزو پیرۆزی شەهید حوێزو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری كوردو كوردستان.

عبدالله تەها

# مسعود ابابكر حارس

من كەناوم (مسعود ابابكر حارس)ە ناسراوم بە (مسعود سەردۆڵی) لەدایكبووی ١٩٧٣م لەساڵی ١٩٩١ەوە بەبێ دابڕان تاوەكو ئێرە بەردەوام لەكاری پێشمەرگایەتی بەردەوامم، ئێستا پلەی سەربازیم (ڕائید)ە و ڕێبەری سیاسی لیوای (١٣٨)ی ڕاپەڕینم و لێپرسراوی كۆمیتەی (٥٥)ی مەڵبەندی ڕێكخستنی پێشمەرگەم.

دیارە لەسەرەتای دروست بوونی شەڕی داعش من ئەوكات ڕێبەری سیاسی فەوجی یەكی لیوای (١٢٤)ی خۆشناوەتی بوم، ئەوكاتە ئێمە وەكو لیوای (١٢٤)ی خۆشناوەتی چووین بۆ میحوەری دوزخورماتوو و فەوجەكەمان فەوجی یەكی لیوای خۆشناوەتی چووین بۆ گوندەكانی (پارە پارەو تەپە سەوز) ماوەی دوو مانگ لەو میحوەرە واجباتمان گرت ئەوەبوو فەوجەكەمان بەفەرماندەیی (عەمید خالید فەقیانی) بەشداریمان كرد لەڕزگاركردنی ناحیەی (یەنگیجەو سلێمان بەگ)، دیارە لەرۆژی ٢٢-٦-٢٠١٤ تاوەكو ٢٣-٨-٢٠١٤ لەم میحوەرە واجباتمان گرت.

دوای ئەم بەروارە ٢٣-٨-٢٠١٤ لیواكەی ئێمە لیوای خۆشناوەتی گوازرایەنەوە بۆ میحوەری خانەقینو بەرزایەكانی كوباشی كە ئەوكات لیوای سەباح مێرگەسوری لەفەرماندەی لیوای (١٢٤)ی خۆشناوەنی بوو.

لەبەرواری ٢٠/٨/٢٠١٦ فەوجەكەمان چووین بۆ بەرزاییەكانی كوباشی دیارە لەم ماوەیەی كەواجبماتمان لەوێ بوو زیاتر لە (١٧) بریندارو (٧) شەهیدماندا لەم ماوەیە كە واجباتمان لەوێ بوو.

ئەوە بوو لەڕۆژی ٢٠-٩-٢٠١٤ ئێمە ئەم ڕۆژە چووینەوە بۆ واجبات كە ئەم

ئێوارەیە لەسەعات (٧:٣٠)ی ئێوارە (٤) شەهیدمان دا بەهۆی عبوەوە بوو کە لەخوار بەرزاییەکانی کوباشی عبوەیان بۆ دانابووین، ئەوەبوو سەیارەیەکی فەوجەکەمان کە تویّتا نیسانێك بوو بەسەر تەقینەوەکە کەوت کە لەئەنجامدا چوار شەهیدو دوو بریندارماندا کە شەهیدەکان (ملازم اول بەختیار کاکەخان احمد) و (خالید محمدامین سعید) و (محمد صدیق عمر) و (محمد سوو هاوراز شەهید مجید). لەگەڵ بریندابوونی هەردوو پێشمەرگە (ئاوارە) و (محمد هەڵپاچ تەوەکەلی).

دیارە من خۆم یەکەم کەس بووم کە گەیشتمە سەر ئەم شەهیدو بریندارانە کە بەداخەوە (٤) شەهیدو (٢) بریندارمان هەبوو، ئەوەبوو کە لەو ماوەی کە لەبەرزاییەکانی (کوباشی) بووین دووجار زۆر بەسەختی تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەرمان ئەوەبوو لەشەوی ٣٠-١٠-٢٠١٤ لەسەعات (١١:٣٠) ی شەو لەسێ قۆڵەوە هێرشی داعش دەستی پێکرد بۆسەر سەنگەرەکانمان لەسەر بەرزاییەکانی کوباشی تاوەکو سەعات (٤)ی بەیانی شەڕ بەردەوم بوو، زیاتر لە (٤) جار هێرشیان کرد بەڵام بەئازایەتی فەرماندەی فەوج و جێگرو ئەفسەرانی و پێشمەرگەکانی فەوجی یەکی لیوای (١٢٤)ی خۆشناوەتی تێك شکێندران بەڵام بەداخەوە لەم شەوەدا ئەم بەرگریەش بەخوێنی (٣) شەهیدی قارەمان ئەنجامدرا کە شەهیدەکانیش (فەرحان سمایل ڕەسول) و (حسین محمد حسین) و (محمد عبداللە حارس) ناسراو بە (کاکە ڕەش).

ئەم شەڕەش بەخوێنی ئەم سێ شەهیدە و (١٧) بریندارمان دا کە لێرە ناتوانم ناوی هەر هەموو بریندارەکان بهێنم داوای لێبوردنیان لێ لێدەکەم، دوای ئەوەش ئێمە هەر لەم میحوەرە بووین تاوەکو ڕزگارکردنی شارۆچکەی جەلەولا واتە (گوڵاڵە).

دوابەدوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش چەندین جاری تر عبوەو تەقینەوەیان



دانا لەنێوانی ڕێگای خانەقین بۆ سەر بەرزایەکانی جەلەولا و کوباشی چەند کەسێکی تریان شەهید کرد لەوانە شەهید (ئارام و باوزی) و هاوڕێکانی کە ناوەکانیانم لەیاد نییە.

دوای ئەوە بەشداریمان کرد لە ڕزگارکردنی شارۆچکەی جەلەولا وەکو لیوای (١٢٤)ی خۆشناوەتی ئێمەش وەکو فەوجی (١)ی لیوای خۆشناوەتی بەفەرماندەیی (عەمید خالید فەقیانی) و فەرماندەی لیواش کاك (لیوا سەباح مێرگەسەری) و لەگەڵ فەوجەکانی تر فەوجی (٢) بەفەرماندەیی (عەمید مام جوتیار) وە فەوجی (٣)ی بەفەرماندەیی (عەمید ئارام پونگینەیی) لەگەڵ فەوجی (٤)ی بەفەرماندەیی (عەمید حەمە بچکۆڵ) لیوای خۆشناوەتی ڕۆڵی باشمان بینی لەقۆڵی کوباشی بۆ ناو جەلەولا و گەڕەکی چاقیلاندو بۆ گەڕەکی وەحدە کە هێزەکانی لیوای (١٢٤)ی خۆشناوەتی ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لەڕزگارکردنی جەلەولا وەچەند بریندارێکیشماندا وەکو لیواکەمان بەڵام ناوی هەموویانم لەیاد نییە لەوانە (نەقیب مجید سورچی) کە ڕێبەری سیاسی فەوجی (٤) بوو وە (نەقیب مام کۆلکەڕەشی) کە فەرماندەی سریەی بارەگای لیوا بوو لەگەڵ چەند حیمایەیەکی فەرماندەی لیواکە لەگەڵ داوای لێبوردنم کە ناوی ئەوانم لەیاد نییە.

ئەوەبوو دوای ڕزگارکردنی جەلەولا ڕۆژی ٢٥–١١–٢٠١٤ هێرشەکانمان کە ماوەی (٢٠) ڕۆژ دەبوو لەواجبدا بووین بەبێ ئەوەی بەدل ببین، ئەوەبوو بەدلکراین دوای ڕزگارکردنی جەلەولا لەڕۆژی ٢٥–١١–٢٠١٤ بەڵام دوای (٥) ڕۆژ لەپشوو دەوامێکیشیان داینەوە بەهێزەکانمان واتە لیوای (١٢٤) خۆشناوەتی گوازراینەوە بۆ میحوەری داقوق کە ئەو کات تیرۆریستان ڕۆژانە هەڕەشە بوون بۆسەر خەڵکی سڤیل لەسەر شەقامی ڕێگای گشتی نێوان کەرکوك داقوق کە نێوانی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستان (٣٠٠) سێ سەد تا دووریەکی

(٤٠٠) چوار سەد مەتر كە رۆژانە تەقەيان لەهێزەكانی پێشمەرگە و لەئۆتۆمبیلی هاوڵاتیان دەگرتو چەندین جار خەڵكی هاوڵاتیشیان شەهید دەكرد وە جارێك لەكۆستەری خوێندكارانیاندا چەند كچە خوێندكارێكیان شەهید كرد.

ئەوەبوو فەوجەكەمان فەوجی یەكی لیوای خۆشناوەتی لەگوندی (حەسیرە) لەبەرامبەر گوندی (وەحدەو خالدیە) كۆتایی سانرەكە فەوجی ئێمەی لێبوو لای دەستە چەپمان چۆڵ بوو و لای دەستە ڕاستیشمان ساتری خۆمان بوو كە دێتەوە بەرامبەر بەگوندی وەحدە.

ئەوەبوو لەشەوی ١٠-١-٢٠١٦ كە من خۆم وەكو سەرپەرشتیاری فەوج لەوێ بووم هەرچەندە من ڕێبەری سیاسی فەوجەكە بووم وە تا ئەفسەری وشیاری بەڵام بەهۆی ئەوەی فەرماندەی فەوجو جێگری فەوج لەپشووی یاسایی خۆیان بوون دەبوایە فەرماندەی سریە لەوێ بوایە بەڵام ئەویش ئیلتیزامێكی هەبوو موجاز بوو، ئەوەبوو لەم شەوەدا ئینزاركراین كە لە ١٠٠٪ لێمان ئەدەن، ئەو شەوە كاك ئارام پونگینەیی هات بۆلام كە فەرماندەی فەجی (٤)ی لیوایەكەمان بوو پێی گوتم ئەگەر ئەم شەو لێمان نەدرێ ئەوا بەیانی زوو شەڕ دەست پێدەكات، دەبێ زۆر وریابین ئەوەبوو شەو تا بەیانی نەنووستین وردە وردە بارانمان پێ دەكەوت سەنگەرەكەشمان زۆر قوڕبوو زۆر بێ سەروبەر بووین ئەوەبوو شەو لەلیوای خۆمان زەنگم بۆ لێدرا لەلایەن فەرماندەی لیواوە (كاك سەباح مێرگە سەری) ووتی زۆر هەستیار بن ئەمشەو ئینزارن وتی تۆ چەند كەست لەلایە منیش وتم (٤٠) كەسین ئەوەبوو پێی كەمبوو، (٢٠)كەسی بۆ ناردین بەسەرپەرشتی كاك (خدر شێخ وەسانی) بەڵام شەو هیچ نەبوو، ئەو هێزەی كە شەو بۆمان هاتبوو بەیانی ئەوان ڕۆیشتن بۆ بارەگای لیوا دوای ئەوان قەسفی هاوەن دەستی پێ كرد، دوای وردە وردە دەنگی (الله اكبر)مان گوێ لێبوو پێش ساترەكەی ئێمە تەنها پەنجا مەتر دەرۆیشتی بۆلای دوژمن



دەبوو بە قەمیشەڵان ئەوان هاتبوونە ناو قەمیشەڵانەکەو شەڕ دەستی پێ کرد کە چوارخۆکوژیان دانابوو کە خۆیان بکەن بەسەنگەرەکانمان و خۆیان بتەقێننەوە، ئەوانیش هێرش بکەن.

ئەوەبوو شەڕ زۆر گەرم بوو هێزی دوژمن زۆر بەگەرمی دەستی پێ کرد چەندین ئارپیجیان لەسەنگەرەکەی ئێمەدا و ساترەکەی ئێمە زۆر فراوان بوو بەم هێزەی لای خۆمان پڕ نەدەکرایەوە منیش کەبەرپرس بووم لەوێ هیچ فەرماندەیەکی لەخۆ باڵاتری لێ نەبوو ئیتر چەندین هێرشمان تێکشکاند بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون لەهێرش کردن.

وەچەند برینداریێکماندا ئەوەبوو برینداریێك لەناو کابینەکە برینی دەپێچا منیش بەشاهیدی ئەم هەڤاڵانەی کە لەلام بوو ئەو سەرو ئەوسەری سەنگەرەکەم دەکرد بۆئەوەی ورەی برادەرانم بەرز بکەمەوە چوم ئەم بریندارەم لەناو کابینەکە دەرهێنا برینەکەی سوك بوو، دوایی هاتنەدەر لەکابینەکەو ئارپیجیەکیان دا لەکابینەکە ئاگری گرت، ئەگەر نەمهێنایە دەرەوە جگە لەشەهید بوون دەش سوتا، دواتر ڕامکرد بۆلای کاك مستەفا تاڵینەی کە بەڕاستی ناکرێ ڕۆڵی ئەم هەڤاڵە قارەمانە لەبەرچاو نەگیرێ کە بەبیکەسی شەڕی دەکرد چوم بۆلای ئەو شریتی بیکەیسیەکەم بۆ گرتبوو بەیەکەوە لەیەك مەترێزدا شەڕمان دەکرد لەو کاتەدا ئارپیجیەکیان لە مەترێزەکەدا، ئیتر بەسەریدا ڕووخاندین خۆشبەختانە منو کاك مستەفا سەلامەت بووین بەڵام سەنگەرەکە ڕووخا، دیتم هەڤاڵێکم لەناوسەنگەردا شەڵتانی خوێن بووە کەوتۆتە ژێر گونیەی خۆڵ و هاواری دەکرد ڕزگارمکەن ئیتر شەڕ گەرم بوو منیش خۆمدا بەدەست قەدەرو ڕامکرد بۆ ڕزگارکردنی بەڕاستی مشکیلە بوو چونکە ساترەکە ڕووخا بوو بەڵام دەستم کرد بەتەقەکردن و ڕام کرد بۆلای.

ئەوەبوو لەدوای خۆم ڕام کێشا تا لەناو سەنگەرەکە بردم بۆ پەنای ساترەکە،

بەڕاستی برینی زۆر گەورەی تێدا بوو هەر ئەیوت جێم مەهێڵن منیش وتم دڵنیابە تەنها بەشەهید بوون جێت ئەهێڵین ئەگەرنا جێت ناهێڵم، ئەوەبوو برادەران ئەوەی کە بریندار بوو ئەوی تر شەڕ گەرم بوو ئێمەش کۆمەڵێک پێشمەرگە کەبەڕاستی ناکرێ ڕۆڵی ئەوانە لەبەرچاو نەگیرێ کە لەگەڵ ڕۆڵی باشیان هەبووە، لەوانە (کاک مستەفا تاڵینەی) هەروەها (مام فیصل مەلەکی) کە پێشمەرگەگەیەکی دێرین بوو، وەچەند پێشمەرگەیەکی تر کە ئێستا ناتوانم داوای لێبوردنیان لێ دەکەم کە ناوی هەموویانم لەبیرنیە بەڵام (مام ئارام پونگینەیی) لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تر کە ئەوانیش (کاک حاجی دواوەی) و (کاک قارەمانی شەهید محمد بیکەسی) و (کاک مستەفا کاموسەکی) هاتن بەهاوارمانەوە بەڵام لەپشتەوەی ئێمە لێیان دانو ئەوانیش بوو بەپاڵ پشتمان و کەوتنە شەڕ، خانویەکی لێبوو لەپشتامانەوە کە ٢٠٠–٣٠٠ مەتری مابوو بگەنە لای من ئەوان چوون بۆسەر ئەم خانووە کە بەڕاستی دەوری باشیان هەبوو ئەگینا من دەورم زۆر چۆڵ بوو بوو بەهۆی برینداری هەڤاڵان ئا لەوکاتەدا سەیارەیەکی هەڤاڵانی پەکەکە کە پێنج گەریلای تێدابوون (هەڤاڵ دڵشاد کەلاری) ناسراو بە (عەگید کەلاری) هاتەلام، بەڕاستی زۆر مهیم بوو سەیارەکەیان دەرع بوو ئەوەبوو تا ئەم ساتەش بریندارەکانمان هەر لەوێ کەوتبوون نەماندەتوانی لایانبەین، تەنها برینمان پێچا بوو، ئەو بریندارانەی کە زۆر خەتەر بوو ناوی (کاک مامەند) بوو ئێستاش هەر لەماڵ کەوتووەو دوو جار سەردانی (ئەڵمانیا)ی کردووە کەلەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە ڕەوانەکراوە، ئەوەبوو بەهیمەتی گەریلاکان و (مام ئارام پونگینەیی) و هەڤاڵانی توانیمان لێنەگەڕێین بستێک بێنە پێشەوە.

نابێ ئەوەشمان بیرچێ کە لێپرسراوی میحوەر کاک (محمد حاجی قادر) لەگەڵ لێپرسراوی لیوا کاک (سەباح مێرگە سەری) ئەوانیش هاتن بەڵام شەڕەکە ڕێگای



نەدا بگەنە لامان، ئەوانیش لەدواوەی ئێمە کەوتنە بەرگری کردنو ناردنی تەقەمەنی بۆمان، واتە هاتنیان دەوری باشیان هەبوو و بوون بەپاڵپشت بۆمان.
نابێ بیرمان بچێت هەر لەگەڵ یەکەم سەعاتی تەقەکردن کە بوو بەشەڕ هەر لەم کاتەدا فەرماندەی فەوج لەگەڵ جێگری فەوج (عەمید خالید فەقیانی) و (عەقید ڕەسوڵ شێخ وەسانی) کە لەپشوو بوون یەکسەر لەسەعات (٨) ی بەیانی لەدەڤەری ڕانیەوە بەڕێکەوتبوون، ئەوەبوو پاش سەعات (١)ی نیوەڕۆ گەیشتنە لامان، لەکاتی نیوەڕۆدا کۆمەڵێك برادەر هاتن بە هانامانەوە لەوانە (عەمید خالید فەقیانی) فەرماندەی فەوجەکەمان لەگەڵ (ڕەسوڵ شێخ وەسانی) جێگری فەوجەکەمان وە (کاك محمد بچکۆڵ) فەرماندەی فەوجی (٣)ی لیواکەمان (مام شۆڕش چۆمانی)، بەڕاستی (مام شۆڕش چۆمانی) کە مساعیدی لیوایە دەوری بەرچاوی هەبوو لەگەڵ هێزەکەی کە بەهانامانەوە هاتبوون.
کاتێك ئەوانە گەیشتن شەڕ بەردەوام بوو بەڵام پێشمەرگەیەك بەناوی (خەسرۆ شێخ وەسانی) بەڕاستی دەوری (جیڤاراو مامەڕیشە)ی بینی بەبیکەسی ڕۆڵی قارەمانانەی گێڕا، ئەوەبوو شەڕ هەر ناوە ناوە هەبوو، ئەوان واتا تیرۆریستان هێرشیان دەکرد و ئاخیر هێرشیان لەدەوری سەعات (٤-٥)ی ئێوارە بوو لەم کاتەدا (مام ئارام پونگینەیی) فەرماندەی فەوجی (٤)ی لیواکەمان بریندار بوو.
ئیتر ئەمە دوا هێرشیان بوو بەڵام نەیانتوانی یەك سەنگەریشمان بگرن، لەم شەڕەدا سێ لاشەیان لەمەیدان لێ بەجێما ئێمەش چەندین بریندارمان هەبوو بۆ ئێوارە هێزێکی کاك کۆسرەت هاتن بۆلامان چەند هەمەرێکیان پێ بوو ئەمشەو لەلامان بوون بۆبەیانی جەوەکە هێور بۆوە.
ئەوەبوو ئێمە دەواممان هەر لەوێ بوو تا دواتر بەشداریمان کرد لەڕزگارکردنی گوندەکانی وەحدە و سەعدیە و خالدیە کە لەوێش واجباتی لیواو فەوجەکەی

ئێمە لەگوندی خالید داندرا تا ئەم ڕۆژەی هێرشمان کرد بۆ ڕزگارکردنی گوندەکانی (عوزێرە، عەتشانە، مڕی گومان.

دوای ئەوە دەوامو واجباتی ئێمە لیوای (١٢٤)ی خۆشناوەتی کەوتە گوندی عوزێرە. تاکو بەرواری ٢-٨-٢٠١٥ من لەم بەروارە گوازرامەوە بۆ لیوای (١٣٨) ڕاپەڕین، کرام بەلێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی (٥٥)ی مەڵبەندی پێشمەگەو ڕێبەری سیاسی لیوای (١٣٨)ی ڕاپەڕین کەواجباتمان لەگوندەکانی (گۆمات، مڕێ، بانشاخی گەورەو بانشاخی بچوك)، ئێستا لیواکەمان لەم چوار گوندەیە منیش ڕێبەری سیاسی لیوایەکەم.

بەڕێزان ئەم نوسینەی کە بۆ ئێوەم ناردووە و ویژدانی خۆم مۆرتاح کردووە، تا پێمکرابێ لەڕاستی و دروستی لام نەداوە وە داوای لێبوردن دەکەم لە کەمووکوڕیەکانم وە داوای لێبوردن دەکەم لەم هەڤاڵانەی کە لەلام بوون‌و نەمتوانیوە ناوی هەموویان بێنم، وە بەرپرسم لەم نوسینانەی کە نوسیومن لەڕاستو هەڵەکانی.

# نایب زابت شیروان احمد صالح

من (ن. ظ . د. ٣) شیروان احمد صالح پێشمەرگەم لە فەوجی یەك لیوای خۆشناوەتی، لێرەوە دەمەوێ پڕ بەدڵ سوپاس و ستایشی خۆم بگەیەنم بەخاتوون نسیم قادر پور بۆ ئەو هەموو ماندووبوون و بەدەنگەوە هاتنەی بۆ پێشمەرگە جێگای ڕێزو تقدیر و دەست خۆشیە جێگای شانازی و فەخرە کچێکی ڕۆژهەڵاتی بەم شێوەیە ئاوڕ لەپێشمەرگە بداتەوەو سەرگوزشتە و ناخۆشیەکانی لەکتێبێکدا بنوسێتەوە.

وە جێگای شانازیشە بەندە شەرەفی ئەوەم پێ بەخشرا منیش شەوێکی لەشەوە تاریك و ناخۆشەکان باس بکەم ئەویش شەوی ٣٠/٣١-١٠-٢٠١٤ لەبەرزاییەکانی (کوباشی - سەعدیە) لەم شەوەدا کاتژمێر (١١)ی شەو هەستمان دەکرد کە ئەمشەو شتێك دەبێت ئەوەبوو لە کاتژمێر (١١:٤٠)یانزەو چل دەقیقەی شەو داعش هێرشی کرد و هێرشێکی زۆر چڕو بێ وێنە ئەو هێزانەی کە لەم شەڕەدا بەشداربوون پێشمەرگە قارەمانەکانی فەوجی یەك وە چەند پێشمەرگەیەکی فەوجی دوو وە هەندێك پێشمەرگەی بارەگای لیوامان دوای ئەوەی کە شەڕەکە دەستی پێ کرد لە کاتژمێر (١١:٤٠)ی شەو پێشمەرگەکان زۆر بەقارەمانانە لێیان هاتینە دەست و بەرگرییەکی زۆر باشمان کرد، داعش لەسێ قۆڵەوە هێرشی هێنابوو بۆسەر سێ سەنگەری پێشمەرگە بەڵام پێشمەرگەکان بەشێوەیەکی زۆر قارەمانانە و بەوورەیەکی بەرز بەرگرییان دەکرد.

سەنگەری یەکەمی پێشمەرگە بەسەرپەرشتی (مقدم ڕەسوڵ تاڵینەیی) بوو کە زۆربەی هێرشەکە لەسەر ئەو سەنگەرە بوو لەسەنگەری پێشەوەش کە سەنگەرێك بوو لەپێشەوە بۆسەر شەقامی سەعدیە ئەویش بەسەرپەرشتی (نقیب

حسن گۆڕەشێری) بوو وە سەنگەرەکەی تریش بەڕێز (عمید خالید فەقیانی) فەرماندەی فەوج، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکردو جارجارەش شوێنەکەی خۆی دەگۆڕی هەر لەو سەنگەرەی ناوەڕاست چەند فەرماندەیەکی قارەمان بەرگریان دەکرد، ناکرێت ڕۆڵی ئەوان لەبیر بکرێت ئەوانیش (عقید ڕەسوڵ شێخ وەسانی) جێگر فەوج و (عەقید خالید جۆلا) حەرەکاتی فەوج و (ڕائید ڕوکن بەختیار ڕواندزی) فەرماندە لەهێزەکانی پشتیوانی دوو وەهەروەها (ڕائید فیصل مەلەکی) لەگەڵ کۆمەڵێ پێشمەرگەی قارەمان، ئەم شەوە شەوێکی زۆر ناخۆش و تاریك بوو شەڕێکی زۆر قورس بوو وەکو باران گوللە ئەهاتە خوارەوە ئاگر ئەباری هێرشێکی زۆر چڕو بەرنامە بۆدارێژراو بوو، هەموو هەدەفی داعش ئەوەبوو کە بێتە ناو خانەقین و خانەقین داگیر بکات.

داعشەکان هەروا هاواریان دەکرد بەرەو خانەقین بەرەو خانەقین زۆر هاواریان دەکرد وە جارجارەش (الله اکبر)یان دەگوت بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد بەڵام وورە بەرزی و خۆڕاگری پێشمەرگەکان ئەو خەونەی ئەوانی لەگۆڕنا ئێمەش ووردە ووردە شەڕمان دەکرد داعش ئەوەندە نزیك بوبونەوە زۆر بەئاسانی قسەکانمان گوێ لێ دەبوون، دوای شەڕێکی زۆر قورس دوای (٦) شەش کاتژمێر شەڕکردن دواجار ئێمە سەرکەوتین بەڵام بەداخەوە ئەو شەڕە بەخوێنی (٣) پێشمەرگەی ئازاو چاو نەترس و قارەمان کۆتایی هات.

لەکاتژمێر (٥:٤٠)دەقیقەی بەیانی داعش دوو لە سەنگەرەکانی ئێمەی گرت بەڵام هۆکاری گرتنەکە ئەوەبوو کە پێشمەرگەکانمان فیشەکیان لانەمابوو زۆریش ماندوو هیلاك بوون، تەنها سەنگەری ئێمە مابوو کە بگیرێت، داعش هەموو هێزو توانای خستە سەر ئەو سەنگەرە بەڵام پێی نەگیرا، ئەگەر هاتباو ئەو سەنگەرە گیرابایە ئەوا خانەقیش دەگیرا.

دوای ئەوەی کە پێشمەرگەکانمان فیشەکیان لانەمابوو بەبەرد هاویشتن دیفاعیان

کردبوو، ئازایەتی و خۆڕاگری پێشمەرگە وابوو بەدەست بەردیان دەهاویشت، دوای ئەوەی کە شەڕ دەستی پێکرد میحوەر ئاگادار کرایەوە (کاك محمود سەنگاوی) فەرماندەی میحوەر بوو بەخۆی و هێزەکەی بەرێکەوتبون بەڵام لەرێگا (٩) عبوەیان بۆ دانابوون ئۆتومبیل و هەمەرەکان نەیانئەتوانی بگەنە لای ئێمە دوای هەڵگرتنەوەی عبوەکان لەلایان ئوتومبیل و هەمەرەکان هاتن بەڵام کاتەکە درەنگ بوو کە هاتن وە سەنگەرێکی تری پێشمەرگە دێرینەکانی لقی سۆران لەدواوەی ئێمە بوون ئەوانیش دیفاعو بەرگریەکی زۆر باشیان کرد، دۆشکەیەکیان لابوو زۆر باش تەقەی دەکرد.

دواجار شەڕەکە بەسەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی هات ئەویش بەخوێنی (٣) سێ شەهید بەناوەکانی (کاکە ڕەش سەرانەی) و (شەهید حسێن سورچی) و (شەهید فەرحان) وە زیاتر لە (٢٠) بریندارمان هەبوو لەو شەڕەدا. شەڕێکی زۆر ناخۆش و قورس بوو.

ئیتر سوپاس

بەهیوای سەرکەوتن بۆ سەرجەم پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان. بۆپێشەوە هەر شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

# رائید سەلاح عوسمان محمد

من (رائید سەڵاح عوسمان محمد) یاریدەدەری فەوجی (١) لیوای (١١٨) باڵك، دیارە سەرەتای دەستپێکردنی داعش ئێمە وەك لیوای (١١٨)باڵك ئێمە هاتینە مەنتیقەی (قەرەتەپە و جەبارە) دیارە ئەو کاتە بەحوکمی ئەوەی لەهەموو شوێنەکان شەڕ بوو، لیواکەی ئێمەش لیوایەکی چالاك بوو بەتايبەت (شەهید سەڵاح) یادی بەخێر بۆ هەموو شوێنەکان لەهەر شوێنێك شەڕبوایە تەنانەت لەسنوری لیواکەی ئێمەش نەبوایە هەمیشە خۆی ئامادە دەکردو بەهێزێکەوە دەیگوت دەبێ بچین، دیارە شوێنی شەڕەکەمانو شوێنی جەبهەکەمان لەقەرەتەپە بوو، ئەوەبوو لەمەنتیقەی جەلەولا شەڕ دروست بوو کەشەڕ دروست بوو هەتا میحوەری ئێمەش نەبوو بەڵام درکی بەوە کرد کە ئەرکەکە لەسەرشانی و دەبێ بچین بۆئەوێ، بەهێزێکەوە چووە مەنیتقەی جەلەولا لەوێ بەشداری شەڕەکەمان کرد، بەداخەوە لەوێ (شەهید سەرباز) شەهید بوو لەوێ کە پلەکەی (عەمید) بوو، شەهید سەرباز گراوی ئەوەبوو لەوێ کە شەڕەکە تەواوبوو گەڕاینەوە مەنتیقەی قەرەتەپە لەوێ ئەرکمان پێ سپێردرا.

دوای ئەوە خەتەر لێرە لەسەر داقوق دروست بوو هات لێرەش بەهێزێکەوە هات بۆ مەنتیقەی داقوق لێرە فەترەیەك ماینەوە دیسان ئەوەبوو هێرشێکی فراوان لە مەنتیقەی کەرکوك بۆ (مەلا عبدالله) و (مەکتەب خالید) و (تەللورد) هات دیسان لەوێش خۆی نەگرت بەهێزێکەوە چوو بۆئەوەی، لەوێ بەشداریەکی زۆر کاریگەرمان هەبوو دەتوانم بڵێم هێزەکەی ئێمە دەورێکی باڵای گێڕا نزیکی مانگێك لەوێ بووین، حیساب بکە هێزەکەی ئێمە قەرەتەپە بوو لەجەبارە بوو لەداقوق و لە مەکتەب خالیدیش بوو، یەعنی هێندە بەربڵاو بوو، ئێمەش

لەقەرەتەپە بووین دوای ئەوە کە ئەو مەنتیقەی قەرەتەپە گیراو ئەو مەنتیقەی سەر حەوزی حەمرینیشمان گرت و کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە، بەبڕیارێکی فەرماندەیی گشتی لیوایەکی ئێمە نەقل کرایەوە بۆ میحوەری داقوق، دوای فەترەیەك بەرنامەی شەڕ داندرا بۆ دێهاتەکانی (عەتشانەو حوزێریەو مرە).
دیارە بەرلەوەی ئێرە بگیرێت هێرشێك کرا ئێمە تێیدا بەشدار نەبووین یان لیوای خۆشناوەتی و لیوای بتوێن بوون، بەرنامەکە وابوو دژەتیرۆر و لیوای (٩) شوێنەکە بگرن و ئێمەش بێینە شوێنیان، ئەوەبوو بەیانیەکەی کە شەڕەکە دەستی پێکرد (شەهید سەلاّح) بانگی یەك دوو برادەرانی کرد فەرماندەی فەوج وتی هەریەکەو چوار پێنج کەستان وەرن هەروا دەچین نزیك دەبینەوە بزانین وەزعی شەڕەکە چۆنە لەوکاتەشدا داعش دژە هێرشێکی زۆر توندی کردەوە، بەداخەوە هێزەکەی ئێمە شکا کە شکا ئەوکاتە (شەهید سەلاّح) ئێمەی کۆکردەوەو وتی برادەرینە ئەوە جەماعەتی ئێمە بەرەو شکانە وتی ئەوەی دەڕوات بڕوات ئەوەی ناڕوات ئەمن تا لێرە شەهید نەبم ناڕۆم ئێمەش لەگەڵ (کاك لقمان حمدی مەران) و کۆمەڵێك برادەر لەگەڵی بووین لەگەڵ (شەهید سەلاح) لەو کاتەش کوڕێکمان لەگەڵ بوو ناوی (بەختیار) بوو پێشمەرگەیە لەفەوجەکەی ئێمە شۆڤلی لێ بوو یەکسەر سەرشۆڤڵ کەوتو زۆربەئاسانی بە (١٠)دە دەقیقە ساترێکی لێدا کە وەك بارانە گولە دەهات، بەڕاستی کە ئەو نەبوایە و وەشەهید سەلاحیش نەبوایە دەتوانم بڵێم زەربەیەکی زۆر بەر هێزەکە دەکەوت، ئیدی ئێمە لەوێ خۆمان گرتەوە.
هەر بۆ شتێکی پێکەنین منو کاك لوقمان لەتەنیشت یەك دانیشتبووین کە کاك سەلاّح وتی ئەوەی دەڕوات بابڕوات منیش بەشەهید سەلاّحم وت حەز دەکەیت ئەگەر پەتو شتی وایی لێیە با لاقو دەستی خۆمان ببەستین کە دیتمان ئەو باوەڕو ورەیەی هەیە دوای ئەوە فەترەیەك دوای بیست رۆژ ئەو مەنتیقەیەش

گیرا و دێی حوزەیرەو مرەش گیرا.

بێینە سەر باسی شەڕەکەی (عەتشانە) کە دوژمن هێرشی هێنا شتێك کە هەرگیز بیرم ناچێت شەو داعش هجومی هێنا ئەوەبوو لەدێیەکەی ئێمە چوار مەیتیان لێ جێما نەیانتوانی هیچ بکەن، بەداخەوە لەلیوای بتوین کۆمەڵێك شەهیدو بریندارمان بوو بۆ بەیانیەکەی زوو چوومەلای (شەهید سەلاح) دیتم لەژوورەوە دانیشتووە چای دەخواردەوە زۆر بێتاقەق بوو منیش وتم (کاك سەلاح) بۆ بێتاقەتی خۆ ئێمە سەرکەوتنێکی باشمان بەدەست هێناوە و خۆ ئێمە کەسمان شەهید نەبووە یەك کەسمان بەسوکی بریندارە، ڕاستە لەلیوای بتوێن کۆمەڵێك شەهید هەن و ئەوانیش هەڤاڵو هاوسەنگەرامانن، هەمیشە قسەیەکی دەوت بەهەموو برادەران بێتاقەتی من تەنیا ئەوەیە ئێمە لێرە خۆ بەشەهیدکردن دەدەین، ئێمە لێرە دیفاع دەکەین ئێمە لێرە تەحەمولی هەموو شتێك دەکەین، گەرماو سەرماو باران دەکەین بەڵام تەماشا دەکەین لەناو سەرکردایەتی برادەران ناکۆکن یەعنی بیرێکی لەسەنگەرو بیرێکی لای هەڤالانیەتی.

ئەو چوار تەرمەی داعش کە لەبەردەستی ئێمە جێمابوو ئەوانیش هەر چواریان خەڵکی ئەو دێیە بوون دانەیەکیان کوڕی بەرپرسێك بوو دوای ئەوەش کە هاتنەوە کە بۆمب دابنێن و بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان تۆڵە بکەنەوە بەداخەوە کە نیازی گڵاویان هاتەدی.

ئەوە بوو لە ٥-١٢-٢٠١٥ بۆمبیان دانابوو بەداخەوە (شەهید سەلاح) بەو بومبە شەهید بوو، قەناعەتی تەواوم وابوو کە بەدوای ئەوەوە بوون لەبەرئەوەی لیوای باڵك لیوای (١١٨) هەر لە(جەلەولا)وە تادەگاتە (مەکتەب خالید) شوێن نیە زەربەی لەداعش نەدابێت، وە زۆریان ڕق لێ بوو لەناو ئەو لیوایانەشدا لەو سنورەشدا یەعنی پێموایە ئەوەی بەئامانجیان گرتبوو (شەهید سەلاح)



بوو، لەبەرئەوەی خۆی بەفەرماندەی ئەو لیوایە نەدەزانی لەهەر جەبهەیەك و شوێنێکی لێ بوایە دەبو بەورە بۆ لیواکانی ترو میحوەرو ناوچەکەش بەداخەوە ئەونیازە کلاوەیان هاتەدی و شەهیدیان کرد.

ئەو دێهاتەی کە لەسەیتەرەکە لادەدەین سەرجادەکە دێی (مەتارە)ی پێ دەڵێن لەدێی یەکەمەوە (سعدی) پێ دەڵێن دوای سەعدیە خالیدیە لەتەنیشتیەوە و حوزەیریە و عەتشانەو مرەیە.

دیارە لەو دێیانە وەك باسی دەکەن ئەو سێ دێیانە کە یەکەم دێی دەگەیت عەرەبی (بەدەوین) کاتی خۆی لە(کوێت)ەوە هاتوون کە سەردەمی بەعس هێناونی، خۆشحاڵ نەبوون بەوە بەڵام عەرەب عەرەبە هەر داگیرکەرە بەڵام هەندێك باشتر بوون لەکاتی خۆی کە هێرشێك کراوە هاوکاری پێشمەرگەیان کردوە.

ئێمە لەمیحوەری قەرەتەپە بووین بەشداری ئەو شەڕەمان کرد، وە لەکاتی ئەوەی کە ئەو دێیانەش گیرا پێشمەرگە ئەوچاکەی دانەوە، دیارە نە دێی روخاندن نەماڵی سوتاندن، دوای ئەوە کە گیران ئازادی کردن هەمویان هاتن، ئێستا لەهەر خانویەك دەچوویت وەك خۆی مابوو ڕێیان دان و هاتن ماڵو شتەکانی خۆیان برد بەڵام ئەو دێی حوزەیرەو عەتشانەو مرە وەك برادەران قسەی لێ دەکەن تا ئێستا نە برادەرانی دژە تیرۆرو ئاسایش نە برادەرانی دەزگا لەبەرئەوەی ئەوەندە عەرەبی شۆڤێنی و دژە کورد بوو نەیانتوانیوە یەك سەرچاوەی معلومات لەو دێیە دروست بکەن، بۆئەوەی هەواڵی لێ وەربگریت، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەشدا پێشمەرگە ئەگەر ئەو دێیەشی گرتو خەڵکی مەدەنیش کەوتە دەست پێشمەرگە وەك نەریتی هەمیشە پێشمەرگەو مرۆڤایەتی خۆی لەبەر ئەوەی لەپێناو ئامانجێکدا خەبات دەکات قەت حەقی بەخۆی نەداوە کە مەدەنی یان هاولاتیەك دەکەوێتە دەستی ئازاری بدات یان

تۆڵەی لێ بكاتەوە و گیانی تۆڵە قەت لەلای پێشمەرگە نەبووە لەبەرامبەر خەڵكی بێ دیفاع بەڵام لەبەرامبەر خەڵكی داگیركەر هەمیشە لە سەنگەردا بووە.

دیارە ئەو دێهاتەی سەعدو خالیدیە بوو لەسەرەتادا هێرشەكە بۆ ئەو دێیانە كرا نەگیران بەداخەوە كۆمەڵێك پێشمەرگە لەوێ شەهید بوون یەك دوانێكیان بەدیل گیران، یەك دوانێكی دیكەیان بەبریندار جێ مان دوای چەند رۆژێك بەبریندار لەوێ ماڵێكی عەرەب هاوكاریی كردبوون و گلیاندابوونەوە، جا كە هێرشی سەعدو خالیدیەمان ئەو دێیانەمان گرت كاك شێخ جەعفەر هات بۆ سەردانمان وتی بەهیچ شێوەیەك نابێت ئەو دێیانە بڕوخێنن لەبەرئەوەی ئێمە لە بەرنامەماندا بوو لەبەرئەوەی خەڵكیان زۆر ئەزیەت دابوو، پێشمەرگەیان زۆر شەهید كردبوو پێشمەرگە زۆر لێیان بەرق بوو یەعنی لەتۆڵەی ئەو پێشمەرگانەی لەوێ شەهید و بریندارو بەدیل گیرابوون، بڕیارمان وابوو ئەوەی پێمان بكرێت بیكەین ئەوەبوو كاك شێخ جعفر ئەو ڕوونكردنەوەی داو وتی زۆر هاوكاریان كردوین پێشمەرگەیان بۆ ئێمە دەرباز كردووە و نابێت ئەو دێیانە بسوتێنن و بڕوخێنن.

من لەسەعدیە بووم كابرایەكی عەرەب هات ویستی ماڵی بەڕێتەوە مقەرێكی ئێمەش لەخانوەكەیدا بووین منیش پێم وت ناهێڵین شت بەرن ئەویش وتی هاوكاری پێشمەرگەم كردووە كاتی خۆی بەرلەوەی ئێوە هجومتان بۆ ئێرە هێناوە من هجومم كردوە، وتم شتی وانیە وتی تەنانەت من برینداریكم لەماڵەكەی خۆم دەرباز كردوە من هەر سیقەم پێ نەكرد، وتی كاكە وەڵاهی سەیارەیەكی پیكابم هەبوو پێكابێكی كۆنە، دوای ئەوەی كە بریندارەكەم پێ برد تا ئەو دەشتەی سەرەوە لەوێ سەیارەكەم تێكچوو خراپ بوو، سەیارەكەم جێما لەوێ وتم موشكیلەنیە موهیم ئەوەیە بریندارەكە دەرباز بێت، سەیارەكەی من



باڵەوێ جێ بمێنێت، تەیارە لێی ئەدات، تۆپ لێی دەدات هەرچیەکی لێ بێت با لێی بێت.

من هەر باوەڕم پێ نەکرد دوایی وتی ئەوە رەقەم تەلەفۆنی برای بریندارەکەو لەوێ قسەمان لەگەڵ کرد وتم کاکە ئەو برارادەرە راستە یان وتی بەڵێ راستەو بریندارێ رزگارکردوە، پێشوازیمان لێ کردو ماڵەکەشی بردوو ماڵی باشی تێدابوو بەڵام لەبەرامبەر ئەوەشدا خەڵکی خراپیشی زۆر تێدابوو بەڵام هاوکاریەکی باشیشیان کرا لەلایەن پێشمەرگەوە.

# نەقیب وەهاب

من نەقیب وەهاب عارف محمد پایەم زانیاری فەوجی (٣)ی لیوای (١٢٤) خۆشناوەتی لە ٣١ی ئابی ٢٠١٤ لەهجومی ناحیەی (یەنگیجە) لەوێ شەو توانیمان بڕۆین بۆ گرتنەوەی ئەو ناحیە لەدەستی چەتەكانی داعش سەعات (١١)ی شەو بەری كەوتین بۆ خواروی (یەنگیجە) ئەوەبوو سەعات (٥) بەیانی سەعاتی (سفر) بوو لێماندان تا سەعات (١١)ی بەیانی شەڕمان كرد.

یەكێك لەبیرەوەریەكانم ئەوەبوو دیارە لەهەموو شەڕێكدا شەهیدو بریندارمان هەیە، یەكێك لەو بریندارانە كە لەو شەڕەدا بوو برای خۆم بوو بەناوی (نەقیب زوبیر) لە لیوای (١١٦)ی سۆران لەپێش چاوی خۆم كەوت بەڵام نەمزانی ئەوە براكەی خۆمە، دواتر بەتەلەفۆن ئاگاداریان كردمەوە كە براكەت بریندارە خۆشبەختانە برینەكەی قورس نەبوو قاچی شكابوو بەڵام جەبهەكەمان بەجێ نەهێشت بەڵام بەداخەوە چەند فەرماندەیەكمان شەهید بوو، بۆ ئێوارە توانیمان ئەو ناحیەی (یەنگیجە) پاك بكەینەوە لەچەتەكانی داعش و بیگەڕێنینەوە سەرخاكی كوردستان.

دوای شەڕەكەی (یەنگیجە) و گرتنەوەی ئەو مەنتیقەی ئێمە وەك لیوای خۆشناوەتی، ئێمە نەقل كراین بۆ (كوباشی) نیوان سەعدیەو جەلەولا، لەوێش تا ڕزگاركردنی سەعدیەو جەلەولا لەوێ ماینەوە كە بەداخەوە لەوێش (١٢) بریندارمان دا تا گرتنەوەی ناحیەی جەلەولا لەوێش چەند جارێ داعش هێرشیان هێنا بەڵام خۆشبەختانە پێشمەرگەكان لێیان هاتنە دەستو ڕەبایەیان تەسلیم نەكردووەو ئەو سنورەی كە پێمان درابوو بەخوێن پاراستمان.



# ڕائد سەردار

من ڕائد سەردار ڕەسول محمد جێگر فەوج لەلیوای (١١٨) فەوجی (٣) باڵك ئێمە لەساڵی (٢٠١٤) مانگی (٦) هێزەکەمان ئاگادار کرا کە بچین بۆ جەبارە سنوری قەرەتەپە ئێمە کە گەیشتین بۆئەوێ گوێزراینەوە بۆ جەلەولا (تبج) لەگەڵ فەرماندەی لیوامان (شەهید سەلاڵح) لەوێ وەزعێکی زۆر ناخۆش‌و بێ سێبەرو گەرماو نەنوستن و هجوم لەسەر هجوم وەزعێکی زۆر ناخۆش بوو بەلاڵم ئێمە لەڕوویەکی دیکەوە کە بیرمان دەکردەوە هەستمان بەماندوو بوون و هیلاکی نەدەکرد کە خاکمان لێ داگیرکراوە، خاك خاکی خۆمانەو دەبێ ڕزگاری کەین، جوڵەو وزەمان دەدا بەبەرخۆمان دوای ئەوەی کە لەوێ گوێزراینەوە سنوری (داقوق) وە لەوێ دیسان کە هجومەکەی (تەللورد) کراو تەللورد گیرا (شەهید سەلاڵح) بروسکەی بۆ ئێمە کرد کە بچین تەللورد بگرینەوە، ئێمە بەفەرماندەو پێشمەرگە (٣٠) کەس دەبوین کە لەگەڵ (شەهید سەلاڵح) چووین بۆئەوێ ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو، شەهید و بریندار هەبوو.
ئەو شوێنانەی بەعام لەدەست درابوون ئێمە بەفەرمانی (شەهید سەلاڵح) توانیمان بەماوەیەکی کەم (تەللورد) ڕزگار بکەینەوە، دوایی کە هاتینەوە گوندی (عەتشانە) شەوەکەی گوتیان داعش هجوم دەکات، مەبەستم سادەیی و بوێری لیوا (شەهید سەلاڵح) بوو سوتفە ئەو شەوە زۆر ساردبوو کە تەماشای منی کرد زۆرم سەرمابوو پاڵتۆکەی خۆی وەمندا، زۆریشم تەکلیف کرد کە نابێت دای بکەنێت بەلاڵم وتی ئیلا دەبێ لەبەری بکەیت، وە چەند جار باسم کردوە کە ئەوانەی فەرماندەن مەسئولن جێگای (شەهید سەلاڵح) بگرنەوە لیوای باڵك هەر لەپێشمەرگەیەوە تا مەسئول هەمووی بۆی بەرپەرۆش بوون،

کەسێکی لەناخدا کوردێکی دڵسۆز بوو.

ئەو گوندانەی کە ئازادکراون هەمووی بەخوێن ئازادکراوە هەر لیوایەک کۆمەڵێک شەهیدی داوە، سنوری داقوق بریتی یە لە (٧٠–٨٠) گوند وەسنوری قەرەتەپە و جەلەولاو دەشتی حەمرین (١٠٠–١٥٠) گوند لەخۆدەگرێت و ئێستاش ئێمە لە ئامادەباشیداین، کۆمەڵێک گوند ماوە لەماوەیەکی کەمدا ئازادیان دەکەین.




# هەڵکەوت قادر حاجی سوفی

هەڵکەوت قادر حاجی سوفی، ڕەئیس عورەفای فەوجی یەك لیوای (١١٨)باڵك لە (٢٠٠٩) بوومە پێشمەرگە لەهێزەکانی پشتیوانی (٢) تا (٢٠١٣) مانگی (٤) بەهۆی چەند هۆکارێکی تایبەت دابڕام لەدەوام لەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕی داعش بوومەوە پێشمەرگە و لەلیوای (١١٨) باڵك هەر لەجەبارەو قەرەتەپەو ئەو ناوچانە دەوامم کردوەو بەشداریم لەهەموو هجومەکان کردووە لەگرتنەوەی جەلەولا، لەوێ بووم لەگرتنەوەی گوندەکانی (دەشتی تبج) لەوێ بووم لەگرتنەوەی (مرە و وحدو سەعدیەو خالیدیەو عەتشانەو تل موغار) لەهەمووی بەشداربووم. پێشمەرگایەتی هیوایەتی خۆمەو شانازی پێوە دەکەم، خۆشە مرۆڤ بمرێت بەشتێك بمرێت کە دوای خۆی کەسوکاری شانازی پێوەبکات و شەهیدبوونیش شانازیە، ژیانی پێشمەرگایەتیش خۆشی و ناخۆشی تێدایە، کۆمەڵێك کەسی باش دەناسی کە ئەمانە خۆشە، وە ناخۆشیەکانیش گەرماو سەرماو برینداری و شەهیدبوونیش دەبینیت، بەڵام ئەوە شتێکە ئەو ڕێگەی هەڵتبژارد دەبێ ناخۆشیەکانیش قەبول بکەیت.

بیرەوەری یەکێك لەشەڕەکان ئەوەبوو هجومان بۆ ئەو گوندەی خوارەوە کرد ئەوەبوو لەناو داقوق لەناو بارەگا بووین کاك محمد ڕای سپاردین و وتی دەبێ بڕۆین ئێمە هجوم دەکەین بۆ گوندی (گۆماد) دەبێ بەشداری بکەن، ئێمەش وەك لیوای (١١٨)باڵك بەشداریمان کرد بەتایبەتی فەوجی (١) کەزەختێکی زۆرمان لەسەربوو، لەوێ کە ڕۆیشتین سەرەتای دەستپێکی شەڕەکە بەداخەوە (٢) شەهیدو (٣) بریندارمان دا بەهاوەن.

شەڕ بەردەوام بوو وای لێهاتبوو مەجالی هیچ شتێکمان نەبوو لەگەڵ کاك (سەلاح





عوسمان) من هەر لەگەڵ ئەو بووم كەوتبوينە شوێنێكەوە كە زۆر وەزعمان خراپ بوو لە تینوێتیا، شەومان بەسەردا هات بەداخەوە گوندەكەمان بۆ نەگیرا (٢) شەهیدمان داو گەڕاینەوە و زۆر بەپێ ڕۆیشتین ئەو شەوە زۆر هیلاك بووین و بەئیختیفا گەڕاینەوە لەترسی هاوەن، سەیارەكانمان هەمووی كوژاندبووەوە.

لەهجومی (عوزیر)یش بەشداربووین لەگەڵ لیوا (شەهید سەلاح دیلمانیو كاك عەمید تەها و كاك سەلاح عوسمان و ملازم لوقمان حمدمران)و بەداخەوە لەوێش شەهیدێكمان دا بەناوی (شەهید سالار)، هجومێكی قورس بوو لەبەیانیەوە دەستی پێ كرد تا (٨)ی شەوی خایاند، لەوێش شەهیدو بریندارمان زۆرداو هێزێكی زۆرمان لابوو، بەڵام بەداخەوە هێزەكە شكاو هەمووی گەڕایەوە و تەنها وەك لیوای باڵك (٣٠) پێشمەرگەمان مابوو لەگەڵ (شەهید سەلاح) وتی ئەوەی ئێستا دەڕوات با بڕوات ئەوەی ناڕوات دەبێ لەگەڵ من شەهید بێت.

لەگرتنەوەی جەلەولاش بەشدار بووین (شەهید سەلاح) لەگەڵ (عەمید تەها) تەلەفۆنی كردو وتی بەهاوارم بێن هاوكاریم دەوێت، ئێمەش كە چوین ئامر فەوجەكان ڕۆیشتن من لەگەڵ (كاك سەلاحو كاك تەها) بووم هەر كەچووین وەزع لەوێ زۆر خراپ بوو، ناو جەلەولا گیرابوو بەتەواوی كۆنترۆڵ كرابوو شەڕی وردی هەر تێدا دەكرا، قەناس بەدەستەكان مابوون شەڕیان دەكرد، لەوێ چوینە لای (شەهید سەلاح) وتی هاتن گەش بووەوە كە ئێمەی بینی، لەگەڵ (شەهید سەلاح) چوینە ناو (قلكە یاران) مەنیقەیەك بوو كە چووینە ئەوێ لەوێ تەقینەوەی زۆر دانرابوو هێزی پێشمەرگەی لێ بوو بەڵام كە جەلەولا گیرا و زەخت كەوتە سەر پێشمەرگە ئەوێ چۆڵ كرا، ئەوەندەیان تەقینەوە دانابوو پاشماوەیان ئەوەندە پیس بوو یەعنی هەر هەنگاوێكمان مەرگ بوو، پێش ئەوەی بگەینە لای (شەهید سەلاح) چوینە لای (مەردان چاوشین) لەوێ (حسین كەشخە) بریندار بوو لە تەنیشت ئێمە قەناسێك زۆر

بەخراپی تەقەی دەکرد، هەمەرێك چووە پێشەوە قەناسەکەی دۆزیەوە و دواتر (٥٧)کەیان لێداو قەناسەکە نەماو دوای ئەوە پێشمەرگە ئیسراحەتی کردو، دوای ئەوەبوو گەڕانەوەی جەلەولا ڕاگەیەنرا کە ئەو ڕۆژەش گوندی (عەتشانە) مان گرتەوە بۆشەوی یەکەم ئیسراحەتمان کردو شەوی دواتر هجوممان کرد زۆر بەخراپی لێیان داین بەڵام بەدەستو بازوی هێزی پێشمەرگە توانیمان زیانی زۆریان لێ بدەین‌و کە (٣)سێ چەتەی داعشمان کوشتو ئێمەش تەنیا یەك بریندارمان هەبوو. ئیتر ئەوە بیرەوەری ژیانی پێشمەرگایەتی من بوو هیوادارم لەو ڕێگەیەشدا شەهید بم‌و پێشی سەربەرزم بەقەناعەتی من، ئاخر پلەی مرۆڤایەتیە شەهید بوون.

# ليوا عبدالله سعيد ساڵح

ليوا (ليوا عبدالله سعيد ساڵح) فەرماندەی لیوای (١١٨) باڵەك، دیارە ئەم لیوایە یەكێكە لەهەر لیوا باش‌و قارەمانەكان لەشەڕی داعش، بەدرێژایی ئەو ساڵ‌و نیوەی كە بەرامبەر بەداعش جەنگاوین هەم خۆمان شانازی بەخۆمان دەكەین هەم دەوروبەرەكەشمان شانازیمان پێوە دەكات، لەبەرئەوەی ئەو لیوایە سەرەتای مانگی شەشەوە هات بۆ (بایزە) لەوێوە ئێمە وەكو لیوا فەوجەكەمان تەوزیع كرد بەسەر شوێنەكاندا كە نزيك (١٠) رەبایە دەبوو ئەو كاتە (شەهید سەلاح دیلمانی) سەرپەرشتی لیواكەی دەكرد وەك فەرماندەی لیوای، دوای ئەوە ئێمە لەهجومی جەلەولا دەوری باشمان بوو، شەهیدمان دا لەوێ ئەو شوێنەی كە لەوێ بۆمان دیاری كرابوو بەباشی دەستمان بەسەردا گرت‌و توانیمان زەبرێكی باش لەدوژمن بوەشێنین.


پاشان لەقەرەتەپەش دوژمن هێرشی هێنایە سەر قەرەتەپە لەوێش هێزێكی ئێمە لە (بایزە)وە هات بۆ هانای ئەو شەڕە كە لەوێش دەورێكی باشیان هەبوو ئەو فەرماندەو پێشمەرگانەی كە لەوێ بەشداربوون هەرچەندە من بۆخۆم لەوێ نەبووم بەڵام ئەو فەرماندانە كە (شەهید سەلاح) سەرپەرشتی دەكرد لەوێش (مام كاوە)مان لێ شەهید بوو كە یەكێك بوو لەو فەرماندانەی كەزۆر قارەمان‌و تێكۆشەر بوو پێشمەرگەكانیش دەوری باشیان هەبوو كە بەهانای ئەو هێزەوە چوون پشتیوانێكی باشی بوون.

لەلایەكی دیكەشەوە كە هێزەكەی ئێمە لەنارینیش بوو كە فەوجی (٣) بوو ئەوانیش دیفاعێكی باشیان لەوهێزە كرد كەهێزی خانەنشین بوو، بەڵام لەوێ شوێنەكەیان لەدەست ئەدا بەڵام فەوجی (٣) توانی ئەو شوێنە ڕڕبكاتەوە،



ئەوانیش دەوری باشیان هەبوو لەو شەڕەدا لەبایزەش ئێمە ڕوژێکیان بۆ دانایین، چوار لیوا بووین پێکەوە لەوێش ئەو شوێنەی کە بۆیان دانابووین (لیوای باڵەك) توانی ئەو شوێنەی بۆی دانرابوو ئازادی بکات کە بەهەزاران کیلومەتر دەبوو دوایی لەو مەنتیقەیە گوازراینەوە هاتینە مەنتیقەی داقوق لەو مەنتیقەش بەشداری دووسێ هجوممان کرد، لەو هجومانەشدا دەتوانم بڵێم بەشی شێرمان بەرکەوتووە هەم لەشەهیدان و هەم لە بەرگری و لەتێکشکاندنی دوژمن.

ئاخیرەکەی کە لێرە هجومێکمان بۆ هات یەکێك لەو هجومانە بوو کە جەنازەی داعشەکانمان کەوتە دەست، نەیانتوانی بستێك لەو سەنگەرانەی کە لیوای باڵەکی لی بوو بگیرێت، دەتوانم بڵێم هاوکاری لیواکانی دەوروبەریشمان کرد کە دوژمن پەلاماری دابوون، بۆیە ئەڵێم شانازی بەخۆمانەوە دەکەین یەعنی بەڕاستی ئەو ئەرك و قورساییە ماندوبونەکەی لیوای (١١٨)باڵەك دیویەتی، جێگای شانازی هەموو لایەکە ئێستاش کە لێرەین هەر لەبەرگریداین‌و لەپێشدا کە یەکەم جار هاتین چووبوین ئێستاش هەروایین، ماندوو نەبووین هیلاك نەبووین ئامادەین بۆ هەر هێرش و پەلامارێك بەڵام لەئاخیرەکەیدا کە ڕەبایەکانمان دروست دەکرد بۆ دیفاع و بەرگری (شەهید سەلاح) دایم هەر شوێنێك کە دەچوو ئەو شوێنەی وا لێدەکرد و قایم دەکرد کە بەڕاستی دوژمن نەتوانێ پێت زەفەری پێ ببات هەر لەسەرئەو ڕشەبایەو سەنگەرانەش بوو کە (شەهید سەلاح)ی لی شەهید بوو، یەعنی زەرەرێکی گەورە بەر لیواکە کەوت کە (شەهید سەڵاح) شەهید بوو لەبەرئەوەی (شەهید سەڵاح) یەکێك بوو لەو فەرماندانەی کە لە هەموو هجومەکاندا لەخەتی پێشەوە بوو. کەسێکی خاوەن تەجروبە و بەئەزموون بوو لەژیانی پێشمەرگایەتیدا یەعنی حساب بکە فەرماندەی لیوا کە بەدرێژایی تەمەنی پێشمەرگە بوبێت لەپێشی پێشەوە شەهید بووبێت ئەوە



شانازییەکی گەورەیە، وئێمەش دوای ئەو ئامادەین بۆ هەموو بەگرییەك بکەین‌و سەنگەرەکانی ئەو چۆڵ نەکەین‌و تا ئاوات‌و ئامانجەکانی ئەو بەدی دەهێنین دیفاع لەگەڵی کورد دەکەین.




# سامان تەها

من (سامان تەها علی) کوڕی (شەهید تەها)، پێشمەرگەم لەلیوای (١١٨) باڵەك، پلەم ڕەئیس عورەفایە، باوکم پێشمەرگەی دێرین بوو لەپێش نەوەدەکانەوە پێشمەرگەبوو لەهەموو شەڕەکاندا بەشداری کردوە تا ئەو کاتەی شەهید بوو لە ١٦-٣-٢٠١٥ لەشەڕەکانی مەلا عبدالله و تەللورد بەشداری کردووە لە مەنتیقەکانی داقوق، ئەو ڕۆژەی باوکم شەهید بوو من لەماڵەوە بووم کاتێك هێرشەکە کرایە سەر گوندەکانی وەحدە تەقینەوەیەك ڕوویدا و شەهید کرا.

باوکم کەلێنێکی گەورەبوو بەڵام سەربەرزین بەوەی کە گیانی خۆی بەخت کرد بۆ نیشتمان، من لەماڵەوە بووم کە تەلەفۆنم بۆ هات وتیان باوکت بریندارە و بەزمامی بادینی قسەی دەکرد، وتی باوکت بەقەناس بریندار کراوە و لەقاچی دراوە وتم تەلەفۆنەکە بدەرە باوکم وتی باوکت قسە ناکات، ئەویش زۆر محاوەلەم کرد نەیدایەو هەر دکتۆرەکە قسەی دەکرد، ئێمەش زانیمان کە نەماوە، ئێمە لەڕانیە دادەنیشین و ئەوکات ڕێك بەڕێ کەوتین و گەیشتینە تەق تەق لەوێ وتیان تەواوبووە، هەر لەماڵەوە زانیم نەماوە دەمزانی ئەگەر بمایە قسەی دەکرد، باوکم لەگەڵ کوڕی خاڵم شەهید بوو وتیان شەهید هەباس شەهید بووە و باوکت ماوە بەڵام هەردووکیان پێکەوە شەهید بوون لە ١٦-٣-٢٠١٥ لەگەڵ بەرواری کیمیابارانی هەڵەبجە.

باوکم و کوڕی خاڵم پێکەوە شەهید بوون خۆشم ئامادەم لەسەر ڕێگەی باوکم بەردەوام بم و لەسەر ئەو خاکەش گیانی خۆم بەخت بکەم و خاوەنی دوو خوشك و چوار براین.





# سلێمان خدر

ناوم (سلێمان خدر سلێمان رەسول) ئامر فەسیلی فەوجی یەکم، ناخۆشترین بیرەوەریمان شەهیدبوونی فەرماندە (لیوا سەلاّح دیلمانی) بوو، ئەو ڕۆژەی کە شەهید کرا من و کاك (لوقمان حەمەدی مەران) پێکەوە دانیشتبوین کاك لوقمان ئینتیزاری کاك سەلاحی دەکرد، مەوعیدی هەبوو لەگەڵی بڕوات پێنج دەقیقە پێش ئێمە تێپەڕی گوێمان لە تەقینەوە بوو، ئێمەش کە چوینە سەربانەکە دیتمان هاواریان کرد، ئێمەش کە چوین دیتمان شەهیدی فەرماندە (لیوا سەلاّح دیلمانی) و (کاك حمەلاو)و پێشمەرگەیەکی دیکەش شەهید بوون.

ناخۆشترین ڕۆژمان لەو لیوایە کارەساتی شەهید (لیوا سەلاّح دیلمانی) بووە، بەلەدەستدانی شەهید (لیوا سەلاّح دیلمانی) لیواکەمان توشی تێکچوون بووە، بەلاّم ئێستا خەریکە دەکەوێتەوە سەرپێ‌و سەبر سەبر لەگەڵی ڕادێین، ئێمە لەهەموو هێرشەکاندا بەشداریمان کردوە لە جەلەولا و مەکتەب خالید و قەرەتەپە.

زۆرترین بیرەوەریمان لەم ناوچەیە بووە ئێمە لەگەڵ شەهید سەلاّح پێکەوە بووین تەلەفۆنی بۆ هات کوڕێك پێی وت تەلەفۆن هەڵمەگرە شەهید سەلاّحیش وتی شەهیدبوون بۆ ئەمڕۆیە ئەمڕۆ حەزدەکەم شەهیدبم نەك بترسم تەلەفۆن لەبەرئەوەی شەوقی هەبوو جێ ی مەترسی بوو. لەهەزیرە بووین هجوممان کرد نزیك هەشت سەد پێشمەرگە بووین ئەو گوندە هەمووی (تی. ئێن. تی) بوو، چوار پێشمەرگەمان شەهید بوو لە جەلەولا، دووپشکێك پێوەی دام تاسەر ئێسقان ڕزی، (٢٤) دەرزیم لەخۆم دا و چاك نەبووم لەدۆخێکی سەخت و دژواردا بەبێ هیچ ئیمکانیاتێکمان نیەو، نە شەو و نەڕۆژ ئیسراحەت نیە سەنگەرەکان

مشکێکی زۆری هەیە کە لەشەوێکدا نزیکەی (٦٠)شەست دانە دەتۆپێنین ڕۆژ گەرمایەکی زۆرو لە دووری (٢) کلیۆمەتری داعشداین و ئێمە (٢٤) سەعات لەئامادە باشیداین، ئێستا بە دووربین تەماشایان دەکەین، هەمەر و مەرزیە و ماتۆڕیان دیارە و شەوانە هاتووچۆیان هەیە.


# سەردار سەلیم ڕەسول

پێشمەرگەم لە لیوای (٣)ی تایبەتی بەڕێز (کاك کۆسرەت)، بەهۆی ئەوەی کە لە تەواوی شەڕەکانی دژ بەداعش بەشداریمان کردوەو ڕۆڵی دیارو بەرچاومان تێیدا بینیوە، دەمەوێت باسی خۆم و هاوڕێکانم بکەم لەئاکامی شەڕدا، من لەگەڵ نەقیب (محمد عبدالرحمن عزیز) ناسراو بە سەفینە شێتو شەهید (زانا علی) و منیش لەنێوان ئەو دوو هاوڕێ ئازیزەمدا بریندار بووم کە جێگەی داخە بۆ من لەدەستدانی ئەو هاوڕێ و برا خۆشەویستانەم و شانازیش بەوەوە دەکەم کە هاوڕێ ی دوو قارەمانی کوردستانەکەم بووم.

سەرەتا کاتژمێر (٣)ی شەو بەڕێ کەوتین لەمقەری لیواکەمان لە (مطاری کۆنی کەرکوك) بەرەو میحوەری داقوقو چوینە ناو گوندەکانی (سەعد، وحدە، خالیدیە) تاکو کاتژمێر (٨)ی سەر لەبەیانی ئێمە لەشەڕێکی دەستەویەخەدا بووین لەگەڵ تیرۆریستانی داعشدا، بەداخو کەسەرێکی زۆرەوە (شەهید سەفینو شەهید زانا) لەکاتژمێر (٨:٣٠)خولەکی سەر لەبەیانی بەدەستی ڕەشی تیروریستان گیانی پیرۆزیان سپارد بەخاك و خەڵکی کوردستان.


دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم ئێمە لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەدا بەچەکی جۆری (M4) پێکراین، ئەم هاوڕێ ئازیزانەمان لەدەست داو منو هاوڕێیەکی تریشم بریندار کراین.

هەرچەندە من باسی گیان لەدەستدانی هاوڕێکانم دەکەم برینەکەم تازە دەبێتەوە، بەڵام دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە شەهید زانا هەر لەو جێگەیە گیانی سپارد، بەڵام شەهید سەفین من خۆم کردمە کۆڵمو هێنامە ناو ئۆتۆمبیلێکی هامەرەوە و بەڕێ کەوتین بۆ نەخۆشخانە و دووبارە بەداخەوە



لەنێوان داقوق و کەرکودا شەهید سەفینیش گیانی بەخشی و بەجێی هێشتین.

ئێستاش بەردەوامم لەخزمەتو پاسەوانی تایبەتی (کاك شالاوی کاك کۆسرەت).





# بەختیار عەبدول قادر محەمەد

ناوم (بەختیار عەبدول قادر محەمەدە ) لیوای ١ پاراستنی سلێمانی فەوجی ٢ سریەی ٣

کەمن برای شەهیدم بەناوی سەردار عەبدول قادر محەمەد ناسراو بەسەردا هەیاسی

ڕۆژی ٢٠١٤/ ٨/٢٤ لەگوندی حوسەینیە لەجەلەولا شەهیدبوو لەگەڵ هەڤاڵێکی تریدا کەئەویش هەر نەقیب بوو بەناوی کاك ڕەفیق حەمە عەزیز ٢ پێشمەرگەمان شەهید بوو بەعبوە لەبەر ئەوەی جەنازەی ئەوان جێ نەمێنێت و نەکەوێتە بەردەستی ئەو تیرۆریستانە ئەمان گەڕانەوە بۆئەوان لەگەڵ ئەوەی بەمۆبایل و تەوقیت کردنی عبوەیەکیشیان بەواندا تەقاندەوە مەخابن هەردوکیان شەهید بوون ئێستا ئێمە ٤ برابووین کەلەبەرەکانی شەڕدا بووین حالیەن ئێستا ٣ کەسمان لەجەبهەداین ٣ برا ئامادەین هەتا دوا دڵۆپی خوێنمان بەردەووام بین و ڕێبازەکەی ئەویش وون نەکەین خوێنەکەشی ناهێڵین ئینشاڵا بەفیڕۆ بچێت بەهیمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەهەموو هەڤاڵەکانی ئەوو خۆشمان کە ئێستا لەگەڵیانداین سوپاس بۆ خوا تائێستاش ئێمە لەهەر شوێنێکدا بوین ئەم لیواو فەوج و سریەی خۆمان هەتا ئێستا سەنگەرمان چۆڵ نەکردوەو چۆکمان بۆ داعش دانەداوەو لەهەموو شەڕەکانیشدا هەر سەرکەوتوو بوین، ئێمە ئەو ڕۆژەی کەهەواڵی شەهید بونی ئەو برایەمان بۆ هات ئێمە ٤ برابوین بەبڕیارێك وتیان نابێت ٤ برا بەیەکەوە بێنە جەبهەوە ٢ لەوێ بوین ٢شمان لەبارەگایەکی خەلفیەدا بووین برایەکی ترم لەگەڵیدا بوو کەلەمن گەورەترە ئەو ڕۆژەی کەشەهید بوو ئەو جەنازەکەی هێنایەوە منیش لەبارەگایەکی



تردا بووم لەخەلفیە تەلەفونیان بۆ کردم وتیان پێشمەرگەتان شەهید بووە ٢ پێشمەرگە لەسریەکەی ئێوەو لەفەوجەکەی ئێوە، ئێمە نەمانزانی کەبراکەی خۆمانە یەکێك لەوانەی کەمن ڕۆیشتم بەدەمیەوە لای کەلار وەرگەڕاین بەسەیارەوە هەتا تەعزێکەش تەواو بوو من نەچوم بۆ خەستەخانە هەموو گیانیشم ئیلتیهابی کرد لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا لەئازاری ئەوەی کەبراکەم شەهید بووە لەو شەڕەدا خۆشمان بەسەر بەرز ئەزانی پاش ماوەیەك کە ئیلتیهاب لەگیانمدا دروست بوو چوم سەردانی دکتۆرم کرد تائیستاش هەر بەردەوامین خۆم بەختیار عەبدول قادر براکانیشم ڕێبوار و مەحمود کەئێستا حاڵی حازر لەسەنگەرداین برا شەهیدەکەشمان ناوی سەردار بوو پلەی نەقیب بوو ئامر سریەی ئەم سریەیە بوو کەئێمە خۆمان ئەرکی تیا بەڕێوە ئەبەین سریەی ٣ فەوجی ٢ لیوای ١ پاراستنی سلێمانی.

# سۆما علی حمە ڕەحیم

ناوم (سۆما علی حمە ڕەحیم ) ساڵی ٢٠١١ پەیوەندیم کردووە بە فەوجی ژنانەوە لە دوای دەست بەکار بونم دوای چەند ئیلتیزاماتێك کە لێرە مەقابەلە ئەکرێیت و وەر ئەگیرێیت دوای ئەوە ئەخرێیتە دەورەیەکەوە وەکو هەموو دەورە عەسکەریەکانی دیکە، دواتر لەگەڵ دروست بونی شەڕی داعش دا جگە لە کاروبارەکانی تری فەوج کە خۆمان بەڕێوەی ئەبەین چەند شوێنێکی کەمان وەرگرت هەر لەناو فەرماندەیدا وە دوای ئەوەش لەبەر ئەوەی کە کارو بارەکانی برا پێشمەرگەکانمان زۆر بوو لە بەرەکانی جەنگ ئێمەش لەگەڵ ئەواندا بەژدار بوین، بەوەرگرتنی بەشێك لە ناو لیوای ١٠٦ کە کاك حمە هەژار لیواکەی بەڕێوە ئەبرد لە داقوق لە مانگی ٢٠١٤/٩ لەوێ بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ ماینەوە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان وە من یەکێك بوم لەوانەی کە لەگەڵ شەهید ڕەنگیندا بووم، یەکەم ڕۆژی جەژن بوو کە قەسف کراین شەهیدێك و برینداریێکمان هەبوو لەو ڕوداوەدا وە دوای ئەوەش هاتینە لای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان لە یەنگیجە ئەویش بۆ ماوەی ٨ ڕۆژ ماینەوە لەوێ، وە پێش ئێمەش هەر هەڤاڵەکانی خۆمان لەوێ بوون وە بەژداری شەڕیان کردووە لەوێ لەگەڵ ئەو هەڤالأنەی لەوێ بوون لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکان لەگەڵ لیواکەی خۆمان لیوای ١٠٦، دواتریش بەژداری چەندین شەڕی کە کراوە هەڤاڵەکانمان بەژداریان کردووە وە لە زۆربەی چالاکیەکاندا بەژدار بوون وەکو دەرچونەکان وە جوڵەکان بۆ خانەقین و بۆ داقوقو بۆ تازەو، وە ئەو فەترەیەش کە لەوێ ماینەوە بەشێك لە یەپەگە لە نزیکی بەشیر بووین چوینە دێ وەکو سەردان نەك وەکو مانەوە وە ئیستەش لە مانگی ٥ وە وەکو ڕابەر سیاسی



دەوام ئەکەم پلەکەشم ڕەئیس عورەفایە دەوام ئەکەم لێرە. دووەم ڕۆژی جەژن داعش پلانی ئەوەی هەبو کە هجومێکی گەورە بکاتە سەر کەرکوك وە هەدەفیان ئەوە بوو کەرکوك بە تەواوی کۆنترۆڵ بکەن، فرۆکەکانی ئەمریکا ئەو شەوە قەسفی داقوقیان ئەکرد ئەو ناوچانەی کە داعشی تیایە ئەوە شەوێك بوو وەکو یادەوەریەك وایە لە خەیاڵم کە هەرگیز خۆم و هەڤاڵەکانیش کە لەگەڵمدا بوون بیرمان ناچێتەوە چونکە ئەو شەوە هەتا بەیانی بە ئاگا بووین هیچ کەسێك نەی ئەتوانی بخەوێت لەبەر دەنگی قەسفی تەیارەو لەبەر پارێزگاری کردن کە هەر هجومێك یاخود هەر شتێك ببێت ئەبێت ئامادە بیت لەو کاتەدا پلان دانرابوو بۆئەوەی جگە لەو قەسفانە کە ئەکرا هجومیش بکرێت بۆسەر داعش ئەوە بوو کە لە قەسفەکەدا ڕێگری ئەوەیان لێکرابوو بچنە ناو کەرکوکەوە، ئێمە ئامادەباشی باشمان هەبوو خۆشمان ئامادە کردبوو بۆ هەر ڕوداوێکی نەخوازراو، یەکێك لەبیرەوەریەکانی کە هەر عارفە بوو لەبەرەکانی جەنگ بووین ئەو شەوەش هجوم ئەکرا بۆ بەشیر یەکێك لە هەڤاڵەکانمان کە ئێستا کۆچی دوایی کردووەو بەداخەوە ناوی لەیلا سەلاح بوو ئەو عەدەد بیکەیسی بوو ئەبوایە بچوایەتە سەرەوە بۆ پارێزگاری کردن لە هەر ڕوداوێکی نەخوازراو لەکاتی هاتنە خوارەوەدا قاچی ئەزیەتی گەیشتبوو ئەوەش لەبەر پارێزگاری کردن لە ئێمە بەڕاستی جموو جۆڵی هەبوو بێتە سەرەوەو خوارەوە ئەوەش یادەوەریەکە هەرگیز بیر ناچێتەوە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەدا نەخۆشی دڵی هەبوو بۆیە مرد، ئێمە زۆر زۆر دڵگران بووین کە شەهید ڕەنگین بریندار بوو زۆر بۆی بەپەرۆش و نیگەران بووین، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە چوینەلای پێشمەرگە دێرینەکان لە یەنگیجە یەعنی کۆمەڵە ڕۆژێکی خۆش بوو وەك سەیران وابوو لەگەڵ برا پێشمەرگەکانمان لەوێ بوون هیچ ئەوە نەبوو یەعنی غەریبی ئەکەین بۆ کەس و کارمان پێمان ناخۆش بێت لەوێین چونکە وا هەستمان ئەکرد لەناو

عایلەكانی خۆماندایین، كاتێك كە بەو بیرو باوەڕەوە ئەچیتە بەرەكانی جەنگ بۆ ئەوە ئەڕۆیت یەعنی بەتەمای گەڕانەوە نیت ئەبێت ئەو قەناعەتەت لەلا دروست ببێت یەعنی ئەگەر شتێكی وابێت ئامادەیت یان بەرەنگاری بكەیت یان بمریت، ئەوە هەدەف تۆیە لە كاتێكا كە لەوێ ئەمێنیتەوە و هیچ شتێكی تر.

شەهید ڕەنگین دوای ئەوەی كە بە برینداری بۆ ماوەی هەفتەیەك لە خەستەخانە مایەوە و بردیانە نەخۆشخانەی ڕزگاری ئەو كاتە ئێمە دوای ٢٠ دەقە چووینە ئەوێ وامان ئەزانی برینێكی كەمەو هیچی كە، كە من چوومە ئەوێ جەژنی قوربان بوو، نەمزانی ئەو خوێنەی ڕژاوە خوێنی ئەوە وام ئەزانی خوێنی قوربانیە چونكە خوێنێكی زۆر زۆر بوو لە لیواكەوە دووسەیارەیان نارد ووتیان ئەڵێن برینداریێكتان هەیە ووتمان نا ئێمە هەموومان سەلامەتین و بریندارمان نیە ووتیان با كەسێك لە هێزی ژنان بریندار بووە فریاگوزاری سەرەتاییان پێبوو لەدوای ئەوەی كە تۆزێك قەسفەكە ئەهوەن بووەوە چوینە سەرەوە كاتێك كە چوومە سەرەوە بینیم قادرمەكان و ڕاڕەوەكە هەمووی خوێنە جۆگەلەی بەستبوو من وام هەست ئەكرد كە خوێنی قوربانی بێت چوونكە خوێنەكە زۆر زۆر بوو، كاتێك چووینە ژوورەوە سەیرم كرد نەسرین خان دایكی شەهید ڕەنگین لەگەڵ مژدە خان گیانیان هەموی خوێن بوو زۆر نیگەران بوون سەیرم كردن ووتم لەوانەیە یەكێكیان بریندار بووبێتن ئەوان هیچیان نەبوو بەڵام نەقیب ڕەنگین بریندار ببوو ساچمە چوبووە سەریەوە و لە ناو سەریا ساچمەكان بڵاو ببوونەوە لەگەڵ كاك ئارێز كە شۆفێری بارەگا بوو بریندار ببون كە ئێستا بەهۆی برینداریەكەیەوە دەوام ناكات بردبویاننە نەخۆشخانەی ڕزگاری دووای ئەوەش كە برانە ئەوێ دووسێ سەیارەی لێ بوو هی پێشمەرگە دێرینەكان بوون هاتبوونە لای ئێمە بەپەلە گواسترایینەوە بۆ یەنگیجە هەتاكو ئەو مەسافەیەش گوازرایینەوە لەبەینی سەیارەكانا چەند



هاوەنێکیان هەڵدا لە خواییەوە بوو کە ئەو ڕۆژە چەند کەسێکی تر شەهید نەبوو، وە پاش ماوەیەك شەهید ڕەنگین لە خەستەخانە مایەوە دوای ئەوە بەیانیەکیان لە کەرکوکەوە تەلەفونێکیان بۆ کردم هەڤاڵێکمان هەیە لەوێ بەڕاستی من توشی شۆك ببووم یەعنی نازانم ئەو هەستە چۆن دەربڕم، ئێمە بەبەردەوام پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵ ئەو خەستەخانەیا بەردەوام سەردانمان هەبوو، بەیانیەکەی لەخەو هەستام چوونکە زۆر هیلاك بووین ئێمە ڕۆژێك پێش ئەوە گەڕابووینەوە تەلەفونی بۆ کردم قسەی بۆ نەئەکرا قورگی پڕ بوو لە گریان من واخۆم بۆ ئامادەکردبوو کە هەواڵێکی خۆشی پێ بێ کە شەهید ڕەنگین توانیبێتی قسەیەك بکات یان حەرەکەیەك بکات یان شتێك کە مانایەکی دڵخۆشی ببەخشێت چوونکە ئێمە هیوایەکمان بەوە هەبوو بەڵام لەو کاتەا بە قورگی پڕ گریانەوە پێی ووتم کە شەهید ڕەنگین شەهیدبووە، ئەو قسانەی ئەو دایمە لە ناو دڵ و مێشکی ئێمەدایە کە ئەو دایك بوو ٢ منداڵی بەجێ هێشت لێرە هاتە بەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئێمەیا وە ئامادەش بوو لەگەڵمانا بمێنێتەوە هەتاوەکوو ئێمە ئەگەڕێینەوە ئێمە ئێستاش بەو هەدەفەی ئەو بەو ڕۆحیەتەی ئەو ئیشەکانمان ئەکەین درێژە پێدەری ئەو ڕێبازەی ئەو ئەبین، .

# سەیوان محەمەد ئەحمەد

من (پ.م سەیوان محەمەد ئەحمەد) سەیاقی فەرماندەی لیوای ٦ی پیادە لیوای سەید ساڵح ئەحمەد.

من پێشمەرگەیەکم لە بەرەکانی جەنگ کە بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان لە ناوچەی باڵەکایەتیەوە رووم کردۆتە دەڤەری گەرمەسێر وناوچەی تەللوەرد، دەواممان لەبارەگای لیواکەی خۆمان بوو لە چوار قورنە دوای ئەوەی کە مووسڵ گیرا ناوچەیەکیان بە ئێمەدا ووتیان ئەمە ناوچەی ئێوەیەو ئەبێت بیپارێزن ناوچەکە لەوبەری ئاوەکەی دووبزەوە ئەڕوات بۆ ئەو ناوچانە کە پێیان ئەوت تەللوەرد، وە تەللوەرد شوێنێکی زۆر ناخۆش و سەخت بوو بۆ ئێمە ڕاستە خاکی پیرۆزی کوردستانە و ئەیپارێزین و پارێزگاری لێ ئەکەین چوونکە ڕۆژێك داعش هێرشی کردە سەرمان ئێمە سێ لامان داعش بوو هەبوو نەبوو پشتی خۆمان پردێك هەبوو کە لەم پردە ڕێگایەکمان هەبوو تەنها ئەم ڕێگەیەمان هەبوو کە داعش نەتوانێت هەرەسمان پێبێت ئێمە سێ لامان گیرا بوو تەنها ئەم ڕێگەیەمانهەبووکەهەرەسبەداعشبێنین،سەرەتاداعشلە٢٠١٤\٧\١٦ ڕەمەزان بوو هێرشی کرد بۆ سەرمان بەڵام ئەوە یەکەم شەڕی داعش بوو بەرامبەر ئێمە، ئێمە زۆر بەسەختی وەڵامان دانەوەو ئەوان ئاگربەستیان ڕاگەیاند و لەم شەڕە ترسان، لەدوای ئەوە مانگێگ دوو مانگمان پێچوو هێرشێکی تریان بۆ کردین دووەم هێرشیان بوو بەڵام بەداخەوە لەم شەڕەدا چەند شەهیدێکمان دا، یەکێك لەوانە ڕائید بەکر بێ ماسی بە داخەوە دووەمیشیان گەنجێکی خۆشەویستی خوێن گەرم کاکە بەهرۆز ئەویش شەهید کرا بەدەستی تیرۆرستی چەتە ڕەشەکان، من لە شەڕی دووەمدا کە سێ بریندارمان هەبوو سەیارە نەبوو




بیانگوازێتەوە ناچار فەرماندەکەم لیوا سەید ساڵح ئەمری پێکردم کە ئەم بریندارانە بپەڕێنمەوە بۆ ئەو بەری ئاوەکە ئەوە بوو کە بریندارەکانم سوار کرد کەمێك بەرد دانرابوو لە ئاست بەردەکانەوە هیچ تەقەیەك نەئەکرا بەڵام کە لە بەردەکان تێپەڕبووم ئەوان بەسەرمدا موسەیتەر بوون دەستیان بەتەقە کردن کرد و بەقەناس و بیکەیسی تەقەیان لەمن کرد، پێشمەرگەیەکی خۆشەویستیان لەگەڵ من بریندار کرد و خۆشم بریندار بووم و هەشت تەقەڵیان دا لەسەرم بەڵام لە خوا بەزیاد بێت نەبووە هۆکاری ئەوەی کە شەهید ببم ئەگەر کەمێك خوارتر بوایە لە وانەیە شەهید بومایە بۆیە هەرچۆنێك بێت کە بیکەیسی و بە قەناس لێیان ئەدا‌ین ئێمە وورەمان نەشکا بەوە بوەستین و یان بگەڕێینەوە ئێمە لە ڕۆشتن و بەرگریکردنی خۆمان بەردەوام بووین ڕۆیشتین پەڕیمەوە بریندارەکانم گەیاندە خەستەخانە بەڵام بەداخەوە پێشمەرگەیەکیان کە ناوی عەلی بوو پێیان ئەوت عەلی حەمەدە کۆڵ شەهید بوو گولەی قەناسی بەر سەری کەوتبوو، ئەو ڕۆژە داعش دووبارە شکستی خواردەوە هێزەکەمان گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی و داعش شکایەوە و زەبرو هێزێکی زۆری بەرکەوت چەندەها کوژراو بریندایاندا بە گوێرەی ئەو مەعلوماتانەی کە ئێمە وەرمان دەگرت بۆیە داعش لەو سنورە نەیوێرا تا مانگی ١ی ٢٠١٥ هێرش بکاتەوە بۆ سەر ناوچەی تەللوەرد ئەوەبوو لە٢٠١٥/١/٢٩ هێرشێکی زۆر توندی کردە سەر ناوچەی مەلا عەبدوڵا و مەکتەب خالید و تەللوەرد ئێمە لە ماڵەوە بوین لیوا سەید ساڵح پەیوەندی پێوەکردین چونکە هەر تەقەیەك بکرایە مەحاڵ بوو لە ماڵ بێت ئەبوایە بگەڕایەتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەو شەوە کە پەیوەندی پێوەکردین ئێمە ئامادە بووین لیوا سەید ساڵح پەیوەندی بەرەحمەت بێت بەشەهید شێرکۆوە کرد ووتی عەمید شێرکۆ حاڵەتێکی وا هەیە ئایا ڕاستە یان نا ئەویش ووتی بەڵێ کاك سەید ساڵح شتێکی وا هەیە کاك سەیدیش وتی باشە

منيش بەڕێ ئەكەوم لەگەڵ پێشمەرگەكانم دێم بۆ سەنگەر ئەوە بوو ئەوشەوە كەگەيشتين لەڕێگا زۆر هيلاك بوين لەبەر ئەوەی كەلەكۆيەوە دەرچوين تەمومژ بوو تاگەيشتينە كەركوك من قافڵەی يەكەمی سەيارەكان بووم هيچ پێش خۆم نەئەبينی، بەڵام لەتاو پێشمەرگەكان و لەپێناو خاكی پيرۆزی كوردستان ئەگەر بەكوێريش بوايە ئەڕۆيشتين بۆيە ئەو شەوە تاگەيشتين بەكەركوك و ناوچەی تەللوەرد زۆرمان پێ چوو كەگەيشتينە ئەوێ سەعات ١:١٤ بوو هێرشەكەيان دەستی پێكرد بوو لەمەلاعەبدوڵا و مەكتەب خاليد ئەوە بوو كەئێمەش گەيشتين ١٠ دەقە دوای ئەوە هێرشيان بۆ ناوچەی تەللوەرديش دەست پێكرد ئەوە بوو ئێمە خۆمان ئامادە كرد و چوينە ناو سەنگەرەكان لەگەڵ برا پێشمەرگەكان روبەڕوی دوژمنەكانمان وەستابوين كەداعشە نەمان ئەهێشت بێنە پێشەوە بۆيە ئەو شەوە بەداخەوە عەميد شێركۆ و چەند پێشمەرگەيەكمان شەهيد كرا كەهەر لەم شەوەدا مەكتەب خاليد و مەلا عەبدوڵا زوو تەسليم كرا، لەكاتێكدا كە ئێمە ڕۆيشتين سنوری تەللوەرد نەگيرابوو بەڵام سنوری مەكتەب خاليد و مەلا عەبدوڵا زوو گيرابوو ئەوان سەعات ٢ گيران ئێمە هەتا ٦ بەيانی مقاوەمەمان كرد، بەڵام بەداخەوە هيچ هێزێك و هيچ خيتابێكمان بۆ نەهات كەبتوانين هەڵنەستين و سەنگەرەكەمان چۆڵ نەكەين ئەوەبوو داعش لێمان نزيك بوبۆوە دەنگی الله اكبری دنيای نيگەران دەكرد هێزێكی بێحەدو زۆر بوون، بەڵام ئێمەی پێشمەرگە ورەمان نەشكا هەرلەسەر ورە و سەنگەری خۆمان بەردەوام بوين بەڵام لەكاتێكدا داعش هێرشێكی بەربڵاوی لەمەلاعەبدوڵاوە لەپشت ئێمەوە هێنا كەهات پشتيان گرتين لەسەر ساترەكەی خۆمان الله اكبريان كردو تەقەيان لێكردين و بەسەيارە هات خۆی پيادا تەقاندينەوە بەڵام ناچاربوين بكشێينەوە دوای ئەوە لەبەر ئەوەی هێزەكەمان مابوو كە ليوا سەيد ساڵح بەئاربيچی تەقەی لەداعش ئەكرد هێزێكی وامان لەگەڵ نەمابوو هێزەكە كشابۆوە ئێمە هەر لەوێ



مابوینەوە بۆیە لەوکاتەدا داعش بەفرسەتی زانی هات و پشتی لێگرتین و هێرشێکی دڕندانەی بۆ کردین ئێمەش بەقورسی وەڵاممان دانەوە بەڵام ناچار بوین کەبکشێینەوە بۆیە ئەوە بوو کشاینەوە تا مەفرەقی یەنگیجە لەوێوە چاوەڕێمان کرد کە ئێمە سنوری خۆمان نەدەین بەداعش و سنوری خۆمان وەربگرینەوە ئەوەبوو کەمێك چاوەڕێمان کرد هەستاین هجوممان بۆ داعش کردەوە گەڕاینەوە بۆلای داعش هەر لەوکاتەدا کەهجوممان کردەوە چەند داعشێکمان بریندار و کوشت بێ حیساب بوو لەوەیدا بۆیە هەر ئەوشەوە سنوری خۆمان گرتەوە نەمان هێشت ئەوەندەی بەسەردا بچێت داعش لەسنورەکەی ئێمە دەست بوەشێنێت یان دەست بەسەر سنوری ئێمەدا بگرێت هەر ئەوکاتە هجوممان کردەوە سنورەکانی خۆمان گرتەوە بەداخەوە شەهیدێکمان دا کە شەهید خالید تەها، زۆر بەداخەوە هەر لەوکاتەدا ناخۆشی زۆرمان بینی کاتێك کەهجوممان کردەوە بۆ تەللوەرد بۆ ئەوەی ناوچەکانی خۆمان بگرینەوە داعشێکی زۆرمان کوشتن و زۆرمان لێ بریندار کرد کەگەیشتینە سەر پردی تەللوەرد داعشێکی زۆری لێ کەوتبوو بۆیە ئێمە ناوچەی خۆمان گرتەوە ئەوکاتە هەتا ئێوارە ڕۆژێکی زۆر سەخت و ناخۆشمان بەڕێ کرد بۆیە ناخۆشترین شەوی ژیانیشم هەر ئەو شەوە بوو ئێوارە سەعات ٧ دەستەی حیمایەکانی لیوا سەید ساڵح کە سەید ساڵح فەرمانی پێکردین ئەم مەسافەیە کەئێوە لێی بەرپرسن ئێوە لێرەن ئەمشەوە خۆشم لەسەرەوە لەجێگەیەکی تر سەنگەرێك وەر ئەگرم بۆیە ئەو شەوە لەگەڵ پێشمەرگەکان لەگەڵ ئەوانەی کەلەگەڵمدا بوون یەکێك لەوانە کاك سەید ڕێبوار و کاك شەماڵی خەسرێ شەماڵ سەعید برادەری ترمان لەگەڵدا بوو کاك خدر و کاك برایم کاك بەهمەن و کاك عەدنان وکاك ئیسماعیل بۆسکێنی ئەو برادەرە خۆشەویستانەمان لەگەڵدا بوون، بەڵام بە ١٠ نەفەرەوە لە ٧ ی ئێوارەوە بەسەر پێوە ڕاوەستاین تا ٧ ی بەیانی بەبێ ئەوەی مۆبایل





دەربكەین شەوقی مۆبایلەكەمان بەدوژمن نیشان بدەین و بێ ئەوەی جگەرە بكێشین و بێ ئەوەی ئاگر بكەینەوە داعش هەرەسمان پێ بێنێت و ڕوناكی ببینێت و هێرشمان بۆ بكات ئێمە باران وەك لولەی مەسینە ئەهاتە خوارەوە ئێمە بەپێوە ڕاوەستابوین ئەگەر جلەكانمان بەغەسالەس بشۆردرانایە ئەوەندە تەڕ نەدەبوون بەو بارانە ئاومان لێ ئەهات، بەڵام ئێمەی پێشمەرگە هەر خۆمان ڕاگرت بۆیە ئێمە قەت ورەمان ناشكێت، بەڵام بارانەكە سەعات ١٠ دەستی پێكرد بۆ ٤ ی بەیانی بارانێكی زۆر زۆر بەلێزمە بوو بارانێكی قورس بوو شەوێكی زۆر ناخۆش بوو ئێمە ٢ شەو لەهجومەكەدا هیچ شتێكمان نەخوارد چونكە ئەو شەوەی كەهجوممان بۆ كرا لەسەنگەرەكاندا بوین بگرە بەیانیش هجوممان كردەوەو هیچ شتێكمان بۆ نەهات ٢ شەوو ٢ ڕۆژ بەبرسێتی و بەبێ نان و ئاو ماینەوە لەسەنگەرەكاندا هەتا ئەوشەوەی بارانەكەشمان بەسەردا باری ئاویشمان دەست نەكەوت بۆ خواردنەوە ئەوە بوو بۆ ڕۆژی دواتر كەبرادەرێك خەڵكی كەركوك بو بەهانای برا پێشمەرگەكانەوە هات سەموون و پەنیری بۆ هێنایین پەنیری سێگۆشە بۆیە ئێمە پێشمەرگە دڵمان زۆر خۆش بوو وامانزانی گۆشتی بۆمان هێناوە و شێوێكی دەرەجە یەكی بۆ ئێمە حازر كردووە لەبرسان ئەژنۆمان دەلەرزی زۆر بێتاقەت بوین ناچار ئەو برادەرە كە ئەو نان و پەنیرەی بۆ هێنایین و ڕیز بوبوین كەنان وپەنیرەكەی وەربگرین ئەم برادەرە كەئەم نانەی بۆ هێنایین وەك حەجێك وابوە كەبۆ ئێمەی كردبێت ئەوەندە دڵمان پێی خۆش بوو ناخۆشی زۆرمان بینیوە برادەری زۆر خۆشەویستم لەدەست داوە، بەڵام ئێمەی پێشمەرگە قەت ورەمان ناشكێت دوای ئەوە شەڕنەبوو بەڵام داعش ئەوەندە لێمانەوە دور نەبوون ئاوەكەمان مابەین بوو داعش دەنگی الله اكبرو تەقەی ئەكرد بەڵام نەك بڵێی شەڕێكی قورس بوو شەڕ نەبوو تەقە بەردەوام بوو تەقەیان لێ ئەكردین بەڵام ئەگەر ڕوناكیەكیان ببینیایە قەناسەكەیان لەسەر سەربانەكەی خۆیانەوە



لێی دەدا بەڵام نەیتوانی ئەو فێڵە لەپێشمەرگە بکات کە پێشمەرگەیەک شەهید بکات بۆیە هەتا بەیانی لەسەر پێ بوین بەڵام چەند تەقەیەکی کەم هەبوو نەک بڵێی هجوممان بۆ بکەن یان تەقەیەکی زۆر بێت بەڵام دەنگیان دەهات و تەقەیەکی کەمیان هەبوو .

# مەريوان جەمال

من ناوم (مەريوان جەمال)ە باوكیشم ناوی جەمال ووسوە پێی دەڵێن جەماله قوت پێشمەرگەی دێرینه ناسراوە بەزێڕۆ لەسەرەتای ١٩٨٠ وە باوكم پێشمەرگەیە.

ئێوارەیەك سەعات ٧ بوو جەماعەتی ئێمە چوبون بۆ هجووم من لای باوكم بەجێمابووم لەوكاتەیدا كەداعش هجومی كردبوو لای مەعمەلی حاجی قادر براكانم لەوێ بوون سوتفە داعش سوڕابوو بۆلای ئێمە لەساتر بوین لە گوندی عەبدوڵا غانم لەوكاتەیدا كە بوو بەتەقە دۆشكەی داعش هاتبوە لای ئێمە منیش شۆفێر بووم هیچ شارەزای چەك و بیكەیسی نەبوم وەكو خۆم باوكم لەتەنیشتم بوو، ئەوان فریا نەكەوتن بچنە سەر بیكەیسی مشەوەش بون خێرا چوم بە بیكەیسی تەقەم ئەكرد نەمزانی كەفیشەك كەمە باوكم لەپشتەوە بوو زلەیەكم بەركەوت وامزانی گوللەیە زۆر ترسام بۆ خۆم تەماشا ئەكەم باوكمە وتم ئەوەچیە ئەویش سەری دانەواندبوو وتی كوڕم تۆ نازانی تەقەی بكەی تەقە ئاوامەكە وتم بۆچی ئەتۆ والەمن ئەكەی ووتی ئەگەر تەقە ئەكەی دوو دوو تەقە بكە ئێستا ئێمە چەكمان پێ نیە ئەگەر ئاوا تەقە بكەی بە ١٠ دەقەی تر فیشەكمان پێ نامێنێت و ئێمەش شكست ئەهێنین.

من ئەمەم وەك یادگاری وت چونكە خۆم شارەزای چەك نەبوم ئەوكات بەڵام زۆر زوو شارەزایم پەیدا كردوە بەهۆی باوكم و هەندێك لەفەرماندە دێرینەكان، من ئەو زلەیەی باوكم بۆتە یادگاری بۆ پێشمەرگایەتی هەتا هەتایە قەت بیرم ناچێت باوكم لەساڵی ١٩٨٠ لەهەموو شەڕەكان بەژدار بووە هەتا ئێستاكەش بەهەمووی ٦ مانگ نەخۆش بووە بەداخەوە لەجێگادایە ئێستا توشی



نەخۆشیەکی گەورە بووە ئەگەرنا وەك شەڕ لەهەموو شەڕەکان بەژدار بووە، یادگاریەکی ترم لەیادە ئەویش ئەوەیە کە ئێوارەیەکیان چوین بۆ دەوام برایەکم هەیە ناوی کاك پشتیوانە لەڕێگا عەینەکێکی کڕی بایی ٤ هەزار بوو عەینەکێکی گەورە بوو، سوتفە ٣ ڕۆژ بوو لەدەوام بوین تۆز و خۆڵ نەبوو ئەوان ئەیانوت عەینەك بهێنن لەبەر تۆز و خۆڵ ئێوارەیەکیان ئامر سریەیەکمان هەیە ناوی کاك شەمسەدینە زۆر پیاوێکی ڕیکوپێکە هات بۆلام چاوی توشی حەساسیەت بوە وتی کەس عەینەکێکی پێ نیە برایەکەشم وتی من عەینەکم پێیە، عەینەکەکەی براکەمی برد و بە ٥ هەزار لێی کڕیەوە وتی بەبێ پارە نامەوێت سوتفە ئەو شەوە بو بەیەك تەپوتۆز نەبێتەوە منیش ئاگام لێی نەبوو عەینەکەکەی زایە کردووە براکەشم لەوێ بوو وتم کاکە عەینەکەکەت بەچەند کڕیوە وتی بە ٥ هەزار وتم ٢٠ هەزارت دەدەمێ عەینەکەکەم بگەیەنێ وتی بۆچی چونکە چاو چاوی نەدەدی باوەڕبکە یەك مەتر پێش خۆتت نەئەبینی وتی عەینەکەکەم فرۆشتوە وتم سوێند بەخوا دەتکوژم ئێستا ئەبێ بچی عەینەکێکم بۆ پەیا بکەی.

ڕۆژێکیان لەدوزخورماتوو لە گوندی شاسەیوان بەیانی سەعات ٥ بوو تەیارەی هاوپەیمان هجومی ئەکرد و بۆمبارانی ئەکردن لەئەنجامدا ٢ ماتۆڕی داعش پەیدا بوو کەماتۆڕەکەی داعش پەیدابوو تەیارە لەتەنیشتیانی دا بەرنەکەوتن لێیان مشاوش بون ٤ نەفەر بون ڕایان کرد بۆلای ئێمە، ئێمەش چوین بە ئامر سریەکەمان بەخۆی و بەبرایەکی خۆشم بوو چوین بۆ پێشەوە جەماعەتێکمان لابوو شانسی ئەوان گرتبویان تەسلیمی ئێمەیان کرد چونکە من خۆم سەیارەم پێ بوو سواری سەیارەکەم کردن هێنامن بۆ مەکتەبی شاسەیوان لەوێدا ئامر سریەکەمان وتی ئەوەچیە خۆیان کردبوو بەشوان بەرگی شوانیەتیان لەبەر کردبوو دوو مام و برازایەك بون و ئەوەکەی تریشیان هەر برازایان بو

یەكێكیان زۆر بچوك بوو منداڵ بوو تەمەنی ١٠ بۆ ١١ ساڵ ئەبوو من بەخۆم عەرەبیم نەئەزانی، بەڵام ئامر سریەكەمان عەرەبی ئەزانی وتم بابزانین كەمێك تەحقیقیان لێ ئەكەین ئامر سریەكەمان ئەوەندە بەویژدان بوو سەرەتا وای زانی شوانن چاوو ئاوی لەپێش دانابون لەپێش ئەو داعشانە لەمشاوەشیدا ئێمە بەسەریعی كەشفمان كردن وتمان نەوەك تەقینەوەو شتیان پێ بێت هەندێك مۆبایل و مەبلەغێك پارەیان پێ بوو، لەوكاتەدا منداڵە بچوكەكە ترسا بردمان بۆ ئەولا بۆخۆمان دڵمان نەهات هەڕەشەی لێ بكەین منداڵە نەوەك بترسێ، بەڵام ئامر سریەكەمان هات بەعەرەبی پێی وت ئازاد ئەكەم لەبەر ئەوەی تۆ منداڵیت بەس وەعدی شەرەفمم پێ بدە پێم بڵێ ئەوانە چین ئازادت ئەكەم منداڵەكە پێی وتین هەرسێكیان داعشن من یەكیان مامە بەس عایدی سەربڕینە ئەگەر وای وت ئێمەش دەست و چاویانمان بەستن و هەڵماندانە ناو سەیارەكەی خۆم و چوین تەسلیمی كاك عەبدوڵا بۆرمان كرد بۆ دوزخورماتوو، لەوێندەریش كاك عەبدوڵا بۆر هات تەحقیقی لێكردن دوایی تەلەفونی بۆ كردم وتی دەستخۆش ئەمانە داعشن، لەدوایدا نازانم چیان لێهات، بەڵام بەشەخسی خۆم ئەوكاتە كەزانیم داعشن خۆم حازركرد بیان كوژم.

ئێمە جارێكی تریش لەقەرەتەپەبوین شەو چوین بۆ كەمین جەماعەتی ئێمە چوبون لەوكاتەیدا تەلەفونێكمان بۆ هات وتیان وەرن داعش بەسەركەمینەوەیەو بریندارێكمان گرتوە بەهانامانەوە وەرن ئێمەش چوین كەسەیرەكەین كاك كەمال یادی بەخێر مابوو ئەوەسەرەتا بوو سەرەتای كەماڵی حاجی هیوا كەچوین بۆ قەرەتەپە داعش ئەوەندە درندەیە بەزەیی نەك بەئێمە بەكەسدا نەهاتۆتەوە، كە چوین ئافرەتێك بوو فەقیرە بۆخۆی و دوو منالٚ چوبون بۆ ناو فەلاحات ئەوكاتە توتن و شتی وا بەروبومی هاتبوو داعش تەقەی لێكردبوو بەهاوەن و دۆشكە لێیان دابو ئافرەتەكەیان هەلاهەلا كردبوو ئێمە كەچوین



سەرەتا وامانزانی داعشە ئێمە عەرەبیمان نەئەزانی ئەوەش گرفتێ بوو بۆ ئێمە ئەوان ئەیانوت داعش ئێمەش وامان ئەزانی ئەڵێن داعشین و تەسلیم ئەبین زۆر بێ بەزەییانە لێیاندان ئەوشەوەی پیاوێکیان لەگەڵدا بوو بەهەیکەل بوو زۆر بێ بەزەیی لێماندا لەوی لەدوایدا کاك کەمال و ئەوان هاتن عەرەبیان ئەزانی قسەیان لەگەڵ کردن وتیان کاکە ئێوە بۆ لەوەتان داوە ئەو خوشکیەتی شەهید بوە پێی دەڵێ ئەوە داعش شەهیدی کردووە ناڵێ داعشین ئێمە ئەوکاتە هەڵەیەکی زۆر گەورەمان کردووە، ئەوکاتە کاك کەمال بەسەیارەکەی خۆی تەرمی ئافرەتەکەی برد بۆ خەستەخانەی قەرەتەپە لەوێندەر تەسلیمی کەسوکاری کردنەوە وتی وەرن بیبەنەوە، زمانەکەمان نەئەزانی بۆیە ئەو هەڵەیەمان کرد، جارێکی تر بۆخۆم حەرەس بوم لە پارەپارە لەگەڵ کاك گۆران ماڵە عەرەبێکمان جیران بوو چون بۆناوباخ لەوێندەر کاك گۆران دەنگی دا بەعەرەبی ئەویش هەر جوابی نەدایەوە کاك گۆران تەقەی لێ کرد لەوکاتەدا ئێمە وەکو پێشمەرگە چوین بۆ ناو ماڵەکەی کەشفمان کردو دوایی چوین کەماڵەکە پاك بوو هیچ شتێکمان لەگەڵا نەکرد پێمان وت شەوێکی تر بەبێ پرس دەرنەکەویت.

ئێمە لەدوزخورماتوو بوین ئێواره سەعات ٦ بوو ئەمرێکمان بۆهات کە ئەبێت ئێرەچۆڵ بکەین و بچین بۆ قەرەتەپە لەرێگای دوزخورماتو توشی کەمین بوین شەو لەوێندەر لەخوا بەزیاد بێت کەهیچمان بریندار نەبوین ئەوانیش تەقەیان لەئێمە ئەکرد و ئێمەش تەقەمان لێ کردن و بەردەوام بوین چوین بۆ قەرەتەپە، ئێمە توشی کەمینەکە بوین لەمەفرەقی سلێمان بەگ بوین سەرەتا ٣ حەریقیان هاویشتن زانیمان کەمینە خۆمان مەزبووت کرد جام و شتمان کردەوە هەندێکمان چوینە دواوەی سەیارەکە ئەوان تەقەیان کردوو ئێمەش تەقەمان لێکردن لەئەنجامدا بەرگری فریاکەوتنیش تەقەیەکی باشی لێکردن

و دەرچوین لەوێندەر دوایی چوین بۆ قەرەتەپە شەو لای میحوەری مەردان چاوشین بوین دەوری سەعات ٧ شەوبوو لەوێ بوین هاتینەوە دواتر ئاڵوگۆڕمان پێکرا کەچوینەوە وتیان هجوومە ئێوارە سەعات ٦ ئەمرمان پێکرا ئامر سریەو ٦ نەفەر بڕۆین ئێمە لیوای فەوجی ١ و ٢ بوین هەموومان خڕبوینەوە شەو سەعات ١٢ چوین بۆ بایزە لەوێ هجوممان کرد هەندێك گوندمان گرتن لەوێ بریندارو شتی واهەبوو بەیانیەکەی مام کەمال یادی بەخێر هات سەردانی کردین خواردن و شتی وامان بۆ بهێنێت لەئەنجامدا هەندێك تەقە دروست بوو چەند وتیان مام کەمال دانیشە لەو ناوەیا مام کەمال گولەیەکی بەرکەوت و شەهید بوو نەگەیشتە ئیسعافەکە گیانی لەدەستدا دواتر ڕۆژێکی پێ چوو برایەکی خۆم ناوی مولازم ئەوەل ئومێد جەمال لەگەڵ ئامر فەوجەکەمان بوو هەندێك کەسی تریشی لەگەڵدا بوو توشی تەقینەوە بوون لەوێ بریندار بوون شکور لەخوا بەزیاد بێت سەلامەت بون شەهیدیان نەبوو ئەوکات هاتنەخەستەخانە لە خەستەخانە بوون و گەڕانەوە ماوەیەکی بەسەردا ڕۆیی لەقەرەتەپە یادی بەخێر کاك کوردە ئەوکاتەی بووە ئامر لیوا ئەمرمان پێکرا هجوم بکەین توانیمان هەموی بگرین کە ٢٨ گوند بوو کە چەند بریندارێکمان هەبوو هەتا سەر بەحرەکەی حەمرین چوین و سەرکەوتو بوین ئەوەندەمان پێ نەچوو نقڵیان کردین بۆ داقوق ئێستا لەمیحوەری داقوقین مەسئول میحوەرەکەشمان محەمەدی حاجی قادرە لەئەنجامدا لە لەگوندی عەبدوڵا غانم نیشتەجێ بوین ماوەیەك زۆر بێ سیحەت بوین لەبەر ئەوەی ئەوان لێك نێزیك بون تەقەیان ئەکرد لەکاتی نان خواردندا هەڵ ئەستاین بەخوای نانم هەر بۆ نەخورا هەر تەقە بوو دایم و سەعات بەئەمرێك لەوێ هجوم کرا هەمویمان گرت و ئێستاکە ناوچەکە ئارامە بەس عبوەی زۆری لێیە و تەقینەوەی بێحەد لێیە وەکو هجومیش جارێکی تر لەقەرەتەپە کاك مستەفا شاوری شەڕێکی ١٤


سەعاتی لەسەر ئەوان بوو ئێمە بۆ خۆمان لەوێ نەبوین خۆی و کوڕەکەی و هەندێك کەسی تری لابوو لە شوێنێك بوین وەکو ناومالْ بوو تیایە لەداقوق مزگەوتێکمان لابوو ئێمە لەخانویەك بوین کاك مستەفا هات ئێمەی بەدل کرد ٢ شەو بوو من براکەم بریندار بوو چوم بردم بۆ تاران کەهاتینەوە وتیان هجومە ئەو ڕۆژەی شەڕ لەسەر کاك مستەفا بوو ئێوارەکەی لەسەعات ٩ شەوەوە شەڕبوو هەتاوەکو سەعات ٨ بەیانی بۆخۆشی برینداربوو ٢ شەهیدیش هەبوون کوڕەکەشی بریندار بوو مستەفا شاوری ئامر فەوج بوو، لەوێش سەرکەوتو بوین و شوێنی خۆمان چۆلْ نەکرد تاوەکو مەحمود سەنگاوی هات بەهانای پێشمەرگەوە لەوێ ئەویش تەقەیەکی باشی کرد کاك خدر شاوریش بەهانایانەوە چوبو تفەنگ و تەقەمەنی بۆ بردبوون لەشەڕەکەی سەرکەتوو بون، لەدوایدا هاتین بۆ گوندی مڕە لەوێش شەوێك کاك محەمەد ئەمین شاوری بوو بەئامر فەوج لەوێ لەجێگای کاك مستەفا هجومیان کرد ٨ شەهیدمان دا ١٢ برینداریش من بۆخۆم لەوێ نەبووم، بەلاْم فەوجەکەو لیوایەکانمان لەوێ بون لەئەنجامدا ئەو شەوە سەرکەوتن هەر بۆ پێشمەرگە بوو چونکە شوێنی خۆیان چۆلْ نەکرد داعشیش کوژراوی زۆری هەبوو تەسویرەکەیشم لایە بەسەوت و صورە کەتەرمی داعش زۆر لەوێ کەوتبون، بەلاْم بەداخەوە ئەو شەوەی پێشمەرگە زۆر بێ سەحەت بوون لەبەر ئەوەی سەرەتا بوون گەیشتبونە ئەوێ و شارەزای شەڕ نەبوون لەدوایشدا لەشەڕی داعش شارەزا بوون ئێستا بەهیچ شێوازێك ناتوانن زەفەرمان پێ ببەن، من سەرەتای شەڕەکە لەوێ نەبووم بەلاْم وەکو فەوج ئێمە ٣ شەو چوین بۆ هجوم سوتفە هەمەرێکی داعش بەرەو ئێمە دەهات لەئەنجامدا لەلای میحوەری مەردان چاوشین لەوێ دانیشتبوین بەتۆپ و هاوەن لێیان داین ئێمەش بەبیکەیسی لێمان دان و هەمەرەکەمان سوتاندن بەلاْم سایەق هەمەرێکی ئێمە کەوتە بەر تەقینەوە بۆ خۆم و کاك غەمبار بناوی

چوین بریندارەکەمان سواری سەیارە کرد و بردمان بۆلای ئیسعاف بەداخەوە گەنجێکی زۆر ڕێکوپێك بوو زۆر بەسەختی بریندار بوو تا ئێستاش بریندارەکەم نەبینیەوە نازانم سەلامەتە یاخود نە چونکە ئێمە لەدوای ئەوکاتە هجوممان کرد لەوکاتەوە ئەوێ لەبەردەستی ئێمەدا نەمابوو هاتینەوە بۆ داقوق، بیرەوەری خۆش ئەوەبوو کە شەوێکیان برادەرێکمان وەکو گاڵتە گاڵتەی لەگەڵ کەسێك ئەکرد تەلەفونەکەی دابویە کەتەقەمان لەسەرە تەقەش نەبوو سوتفە لەوکاتەدا بووە تەقە مۆبایلەکەی شەکل بوو بەهیچ شێوەیەك بۆی دانەئەخرایەوە مۆبایلەکەی بەدەستەوە بوو برادەرەکەمان ئەیوت کاکە سەلامەتن نەیئەزانی چی بکات، جارێکی تریش لەکاتی نان خواردندا بوین کە لەبن دار دانیشتبوین داعش هاتبوە پێش تەقەی ئەکرد باوەڕ بکە هەر نەمانزانی چۆن نانەکەشمان بەجێ هێشت برادەرێکم ناوی هێمن سورچیە پەرداخی لێ شکا بوو لەناو دبەی ئاو چای بۆخۆی تێکردبوو لەکاتێکدا چاش نەمابوو شەڕ بوو لەسەر چا ٢ دەقە بوو دانیشتبوین ئەیانوت چا نەماوە تەقەکرا هێمن لەمشاوەشی خۆیدا قاچی بەر چایەکە کەوتو کەوتە ئەوبەری جادەکەوە کەدەوری ٢ دەقەبوو ئەیانوت چا نەماوە.

ڕۆژێکیان وەك و سەردان چووین بۆ ناوچەی خۆشناوەتی لەو کاتەی سەردانمان کرد لای مەجید شێخ خالید دانیشتبووین لە مێژە یەکترمان ئەناسی لەو کاتەیا بوو کە ئامر لیوای ٩ هات ووتی با ئێمە هجووم بکەین کاك محەمەد حاجی قادرو ئەوان بوون، سوتفە ساترەکەمان شکاند من وەك و سەردان لەوێ بووم بەڵام وەکو دڵسۆزی پێشمەرگە پێم خۆش بوو ئەو کاتە لەگەڵ کاك مەجیدوو ئەوان بچم بۆ هجوومەکە، چوونکە ئەوکاتە جاسووسی پێشمەرگە لەناو داعش هەبوو تەلەفوونیان دەکرد ٤ داعش ماوون، دیارە جاسوسەکە بە خیانەتەوە ئەوە ئەڵێت ئەیهەوێت پێشمەرگە هەڵبخەڵەتێنێت ئێمە چووینە پێشەوە لەو



کاتەیا باران چۆن ئەبارێت ئاوا گولەیان بۆ دەهاویشتین، لەو ڕۆژەیا شکستمان خواردوو گەڕاینەوە دواوە ووتمان با هجووم نەکەین، گەڕاینەوە لەبن ساتر وەکو ئیسراحەت چایەك بخۆینەوە لای مام مەجید بووە باسکردنی بتڵەغاز دەیانووت بتڵەغازیان بۆ هاویشتوین منیش ووتم پێشمەرگە ئەترسێت بتڵەغاز کەی ئەهاویشترێت من باوەڕ بەوە ناکەم من بۆ خۆم وورەی پێشمەرگەم بەرز ئەکردەوەو ئەمووت درۆیە ئەو شتە، لەوکاتەیا لەوقسانەیا بووین لەبن ساتر دانیشتبووین شتێك وەك و هاوەن گیڤەی هات بەرساترەکە کەوت هەموو لەشمان بوو بەخۆڵ کە سەیرمان کرد بتڵەغاز بوو بەڵام نەتەقییەوە ئێستا تەسویرەکەیم لایە کە بتڵە غازەکەم بەچاوی خۆم بینی ئینجا باوەڕم کرد کە بتڵە غاز ئەهاون، بتڵەغازەکە کبریتە و کلۆرەو لەهەندێ شتی تر دروستی ئەکەن، ئەوشوێنانەی کە پێشمەرگە شەڕی تیا ئەکەن زۆربەی شوێنەکان ئاوەکەی ناخورێتەوەو نەخۆشی تیای بەربڵاوە لەگەڵ ئەوەشا جۆرە مێشوولەیەکی لێیە پێی ئەڵێن تەپۆی بەغدایی کە بە پێشمەرگەوە ئەدات ئەبێت یەکسەر دەرزی بۆ بکەیت ئەو جۆرە دەرزیەش زۆر گرانە بەئاسانی دەست پێشمەرگە ناکەوێت نرخەکەی نزیکەی ٣٥٠ دۆلارە کاتێك کە ئەو تەپۆیە پێتوە ئەدات شوێنەکەی وەك و ژەنگ لێ ئەکات و بە گۆشتەکەیا ئەچێتە خوارەوەو تووشی نەخۆشیت ئەکات، من بۆ خۆم و پێنج براو باوکم پێشمەرگەین یەعنی شەش کەس ئەکاتن هەر شەشیشمان لە یەك شوێن دانیشتوین لە یەك کەمینیشین، وەك پێشمەرگەیاتی ئێستاش هەر بەردەوامین، ئێمە بۆیە لە یەك شوێنین بۆ ئەوەی ئاگامان لە یەکتر بێت یەعنی شەڕێکە شتێکە یەکمان بریندار بێت یەکتر بە جێ نەهێڵین، وە برایەکیشم بریندار بووە کە مولازم ئەوەل ئومێدە ئەو شەوەی کە بریندار بوو هات بۆ خەستەخانە دواتر هاتمەوە بردم بۆ تاران باوەڕکە ئەو شەوەی کە هاتمەوە لە تاران گەشتمە حاجی ئۆمەران تەلەفونم بۆ کرا وەکو ئەمر ووتیان



هجومە لە جەمەعەتی ئێمەیان دایە براکەم بۆخۆی بە بریندارى ڕۆیشتەوە بۆ هجوم، هجومەکە لە قەرەتەپە بوو، دەوامەکەمان ئێستا لە داقوقە بەس لە قەرەتەپە بریندار بوو لەگەڵ کاك حسێن دێواری و کاك شوان و کوڕێکی تریش بوو ئێستا ناویم بیر نەماوە ئەوان بریندارى سەخت بوون بەر عبوە کەوتن .



# فەرهاد تەیب حسێن

من ئەفسەرم لەفەوجی ٢ لیوای ٢ ی سکرتاریەتم وەناوم (فەرهاد تەیب حسێن) ە ناسراوم بەفرهاد وەستا خدری لەناو سەنگەر لەمەنتیقەی قادر کەرەم.
من لەساڵی ١٩٩١ پێشمەرگەم تائێستا خەبات ئەکەم لەپێناو کورد و کوردستاندا ٢ جاریش بریندار بومە وەئەوبرینداریەشم زۆر بەشانازی ئەزانم لەبەر ئەوەی لەپێناو خاك و وولاتی خۆمدا کردوومە، لەشەڕێکدا بوین لەمریەم بەگ ئەوکاتەی پێش ئەوەی شەڕەکە دروست بێت ئێمە لەحاڵەتێکی ئاسایی دا بوین هەرئەوەنم زانی لەناکاو بانگکرام لەلایەن موقەدەم موحەمەد چەمەکیەوە ئەوکاتە موساعیدی فەوجەکەمان بوو وتی نەقیب فەرهاد وەرە بەعەجەلە ئیشم پێتە ووتم فەرموو کاك محمەد ئەمر بکەو بامن تەنفیزی بکەم ووتی وەرە ئێستا حاڵەتێك دروست بووە بڵێین ئینزارێك دروست بووە ئەم شەو لێ ئەدرێین ووتم چۆن تاچەنێك ڕاستە، لەبەر ئەوەی چەند جارێکی تر ووتراوە ئینزارەو لێتان ئەدەین و جێ بەجێنەبوە و هیچ ڕووی نەداوە، ئەو شەوە ووتم چی بکەم ووتی سەد لە سەد لێ ئەدرێین شەوەکەش ئەوەندە سارد بوو ئیتر نەمان ئەزانی چی بکەین وەلحاسڵ لەوەیا بوین ووتم من چیبکەم ووتی کاك فەرهاد من شوێنێکم گرتووە حەزئەکەم بچیتە ئەوجێگایە چونکە ئەوجێگایە کەسێکی لێبێت کەجێی سیقەی خۆم بێت وتم باشە بەسەرچاو دڵنیابە کاك محمد جێی بڕوات ئەبم، لەوکاتەی منی ناردە جێگاکە جسرێك بوو لەوێ هەم لەجسرەکە لەژێرەوە نەفەقێکی تیابوو ترسم هەبوو لەژێر ئاوەکەدا بێن بەنەفەقەکەیا و بێنە ژورەوەو پشتم بگرن جارجار سەرم لەویا ئەیاو جارجار ئەملام ئەگرت لەوکاتە کوڕێکم لەگەڵ بوو کەحیمایەی خۆم بوو مەحمودی

ناو بوو مەحمود سەرگەڵویی کوڕێکی بەتوانا و ئازاو قارەمان و چاونەترس بوو جارجار تەمێی ئەوم ئەکرد ئەمووت سەرت داگرە شەڕ بەوشێوەیە نابێت بەئاقڵی کەی گڕی تفەنگێکت بینی ئەوکات تەقە بکە لەخۆتەوە تەقە مەکە، شەڕ دروست بوو پێش ئەوەی شەڕیش دروست بێت کاك محمد چەمەکی هات بۆلام ووتی کاك فەرهاد ماوی لێرە ووتم بۆ کاك محمد بۆ نەماوم ووتی ئاخر ئێرە چۆڵە ووتم بۆ کاك محمد وائەزانی من منالْم واتێم ئەگەی ووتی چاوت ماچەکەم ئیتر دواجار ڕۆیشتەوە کاتێك لەحاڵەتێکدا بوو زۆر سەرمام بوو نەم ئەزانی چی بکەم نەم ئەتوانی سەنگەرەکە چۆڵ بکەم و سەرماکەش تەواو بێتاقەتی کردبوم ژێرم تەڕبوبو ئاوبو بەڕاستی شوێنێکی زۆر سەخت بوو، بەلاّم بیرو باوەڕەکەم وای لێمکرد ئەو سەنگەرە چۆڵ نەکەم لەبەر ئەوەی وەعدێکیش بوو بەمحمد چەمەکیمدا بوو ووتم دڵنیابە مەگەر بەمردویی لێرە بڕۆم ووتی دەست خۆش بێت، لەوکاتە حاڵەتێك دروست بوو دوبارە هاتەوە لام وتی ئێستا لێمان ئەدرێت ئاگادرابە ووتم باشە گەیشتە سەرەوەو گەڕایەوە یەکسەر لێمانیان دا کەلێمانایاندا وەختێکم زانی زۆر بەشپرزەیی هات وتی جێگاکەت چۆڵ نەکردوە ووتم کاك محمد ماست ڕەشە یان سپی یە وتی تەواو سەلماندت ئیتر شەڕ دروست بوو، بەلاّم بەداخەوە لەوکاتەیا کەشەڕەکە زۆر زۆر ناخۆش بوو ئیتر کاتێکم زانی کاك محمد دەنگی نەما لەناکاوێکدا حیمایەکەم ووتی کاك فەرهاد ئەوە کاك محمد دەنگی نەما پێم وابێت شەهید بوە ووتم حەتا شەهیدیش بوبێت نابێت ئێرە چۆڵ بکەین، شەهید بووە خۆ لەشتێکی خراپدا شەهید نەبووە ئیتر دیاربو شەهید نەبوو بریندار ببوو من لەوکاتەیا ئەوەبوو جێگاکەی خۆم چۆڵ نەکردبوو، هەتاوەکو ڕۆژ بۆوە لەوکاتەشدا لەحاڵەتی شەڕەکەدا برایەك تەلەفۆنی بۆم ئەکرد ئەیوت ئاگادارم تۆ لەناو شەڕەکەدایت یەك داواکاریم هەیە تۆ ئەو داواکاریەی من جێبەجێبکە ووتم فەرموو بڵێ وتی توخوا ئەگەر دەورت



گیرا خۆت خۆت بکوژە با لەدوایدا نەتگرن و بەزەحمەت بتکوژن من خەفەتت لێ بخۆم و هەتا مردن لەبیرم نەچێت ووتم وەعد بێت براکەم ناوی شێرزادە ئەویش فەرماندەیە لەهێزەکانی ٧٠ یە ووتم وەعد ئەدەم بەوخوایەی کەخوای هەموانە لەسەر قسەکەی تۆ تا فیشەکم پێ بمێنێت ئەتەقێنم لەئاخردا یەك دوو فیشەکێك ئەهێڵمەوە کەخۆمی پێ بکوژم دڵنیابە خۆم ناخەمە بەردەستی تیرۆریستانی داعش، ئەوبرادەرانەی کە لەگەڵمانا بوون مولازم بەختیار و ڕائید کاکە ڕەش و ئەوانەدەورێکی بالآیان هەبوو و نەقیب ئەحمەد و ئەوبرادەرانەی لەبیرم بێت کۆمەڵێك پێشمەرگەی قارەمان بون، شەڕەکە سەعات ٢:٣٥ دەقەی شەوەوە دەستی پێکرد لای ئێمە تاوەکو سەعات ٧ ی بەیانی، ئینجا لەساعت ٧ لەمریەم بەگ بوین کە کۆمەڵێك پێشمەرگە لەملای منەوە بون لەوانە سەردار بوو خەڵکی شارەزور بوو ئەو شەوە بۆم دەرکەوت کە کوڕێکی زۆر قارەمانە کوڕێکی تر ناوی عومەر بوو یەکێکی تریشیان ناوی یەحیا بوو ئەمانە زۆر بەڕێز و ئازابون، چەند پێشمەرگەیەکی تر کەدوو برای شەهیدە هێرش مام هادی لەگەڵ عەدنان تورکەشکانی ئەوانیش بەڕاستی کۆمەڵێك پیاوی ئازاو چاونەترس بون من هەتاوەکو بمێنم سوپاسی برا پێشمەرگەکان ئەکەم لەبەر ئەوەی قارەمانیتیان ئەوەنە جوان بوو قەد لەبیر ناکرێن، لەو شەڕەشدا شکستمان بەداعش هێنا پێم وابێت ٥ کەسێکیشیان لێ کوژرابوو بەپێی ئەو زانیاریانەی کەئەدرا بەئێمە دوای چەند ڕۆژێك لەبەر ئەوەی لافیتەیان هەڵواسرابوو بەدزیەوە لەناو گەڕەکەکاندا لەو دێیانەی کەئەوان خزم و کەسیانن هەواڵەکەمان بۆ هات وتیان کاکە ٥ کەسیان لێ کوژراوە ئێمە لەو شەڕەیا بەس موقەدەم موحەمەد چەمەکی موساعیدی فەوجەکەمان سەرپەرشتی ئەو قۆڵەی ئەکرد ئەو بەداخەوە لەویا بریندار بوو خۆشبەختانە برینەکەی سوك بوو.

من وەختی خۆی پێشمەرگە بووم لەگەڵ کاك سەید جەوهەر ڕەحمەتیا

شەهیدی فەرماندە كاك سەید جەوهەر مەسئوولی لەشكری ١٩ ی حەمرین بوو برادەرەكانیشی وەكو محەمەد تەبەدی و كاك محەمەد عەبدوڵا ناسراو بە محەمەد تەبەدی یەكێك لەوانە كە مەسئوولی ئێمە بوو لەوجێگایە ڕەشید موەفەری بوو ڕەشید هەرێنەیی بوو ئێستا نازانم كەوتونەتە كوێ ئەو برادەرانە یەك لەوانە كە شێرزاد خاڵۆ بازیانی بوو پێم وابێت فەرماندەی ئەو لیوایەی ترە ئەوتا لەنەوافلە، بردییانین بۆ شەرێك حكومەتی عێراقی ئەوكاتە چوین بۆ شەڕەكە جێگایەك بوو ناوچەم و خرێك بوو لەوكاتە كەیەك بەدوای یەكا ئەڕۆیشتین كە بگەینە بۆرە ئەوكاتە شێرزاد خاڵۆ بازیانی زۆر خۆشمی ئەویست وتی فەرهاد تۆ وەرە لێرا بوەستە ئەمە سیمێكە لەبان ئەم سیمە بوەسەتە سیمەكە سیمی جوندیەكان بوو لیرا بوەستەو مەجۆڵێ ئەگەر بجوڵێیت جوندیەكان فەرقت ئەكەن هەتا ئێمە نەچین لەئاوەكی باسەرەیە ناسناوی ئێمە پێی ئەڵێین ڕوخانە ئەچینە ئەو بەرەوەو لە ئوتێلەكە ئەدەین، ئوتێلەكە ئیستخباراتی كۆنی قادر كەرەم بوو وەختی خۆی وتم باشە لەوكاتە كاك شێرزاد و سەید عێزەت ئێستا شەهید بووە بەرەحمەت بێت لەگەڵ شەهید سالم بەرەحمەت بێت ئێستا ئەوانیش هەر شەهید بوونە لەگەڵ عوسمان جافانی ناسراو بە عوسمان شارەزا وەختی خۆی لەشەرێكدا لەگەڵمان بوو لە دەلیل بوو لەگەڵ كاك عوسمانی حاجی مەحمودا چوین بۆ شەڕەكانی لەیلان و مەنتیقەی قەرە حەسەن، جا ئەو كاك عوسمانەمان لەگەڵدا بوو كۆمەڵێ پێشمەرگەی زۆریشمان لەگەڵا بوو لەوكاتەیا من وەستام لەویا ئەوان ڕۆیشتن من هەر وەستام ئەوەنەم زانی یەكێك لەجوندیەكانی لەلای چەپمەوە بانگی جوندیەكی تری كرد ئەویش لای ڕاستمەوە وەستا من لە مابەینی هەردوكیانا بووم وتی ئەبو فلان نازانم ناوەكەی چیە من لەو بەینەیا وەستابوم ئەو لەولای منەوە بانگی جوندیەكەی تری ئەكرد ئەیوت سەعات چەنە دیار بوو حاڵەتی ئەوەبووە حەرەسیاتەكەیان دەگۆڕن ئەوەنەم



زانی بەسەریعی گەڕانەوە وتم چی بوو وتم وەڵا ئاوەکە ڕێی نەدا کاک شێرزاد ئاو بردی دوایی گلمان دایەوە جافانی گلی دایەوە لەگەڵ کاک سالم و ئەوان کەوتبونە ئاوەکەوە، ئاوەکە ڕێی پێ نەدان لەوکاتەیا کەشف بوون بەڕاستی ئیتر تەقەیان لێ کردین بەڵام خۆشبەختانە پێوە نەبوین منیش لەو جێگایەی خۆم هەڵنەستام لەسەر بیرو باوەڕەکەی کاک شێرزادم من جێگەی سیقەی کاک شێرزاد بوم چۆن ئەو جێگایە جێ بهێڵم ئیتر وەستان و تا دوانەفەریان کەرەت بون لای منەوە ئیتر دوایی سەحبمان کرد و گەڕاینەوە بۆ گەڕاوی قەیتول و قادر کەرەم پاشان ڕۆژەکەشی کۆپتەر زۆر لێمانی هەڵکرد، بەڕاستی کارێکی زۆری پێمان کرد لەوکاتە ئیتر بەهەموو شێوەیەك تەقەی لێمان ئەکرد ئەوکاتە مام ڕۆسەتم مان لەگەڵ بوو مام ڕۆستەم سەیارەکەشی سوتا ڕەشاش قازیفەیەکی هەبوو زۆر شیرین بوولەدڵیا ئەیوت قەینا سەیارەکەم بەڵام بەداخەوە ڕەشاش قازیفەکەم سوتا ئەمەنە لەدڵیا شیرین بوو من هەتاوەکو ئەمرم و هەتاکو بمێنم بیرەوەریەکانی کاک سەید جەوهەر قەد لەیادم ناچێت دڵسۆزی و ماندو بون و پیاوەتی و جوامێری و ڕەوشتە جوانەکانی سەید جەوهەر هەتاوەکو بمێنم لەفکرما ئەمێنێ.

# شێروان شهاب سمايل

من (شێروان شهاب سمايل) لەدايك بووی ساڵی ١٩٨٨ لەشاری هەولێر، تەنها توانيومە خوێندنی سەرەتايی بخوێنم لەبەر ئەو بارودۆخە سياسیو كەلتووريەی زۆرێك لەتاكی كورد كە پێيدا تێپەڕيووين، لەئێستادا دانيشتووی شاری سلێمانيم، خێزاندارمو خاوەنی دوو كچی وردیلەم.. لەئێستاشدا بەپلەی جێگری ئەفسەر دەرەجە (٦) لەفەوجی (١) لەليوای (١١٢)ی سنوری موصڵ هەڵگری جوانترين ناوو نازناوی مرۆڤايەتيم كە پێشمەرگەم.

من وەك هەر خێزانێكی كوردی ئەم نيشتمانە جەرگبڕيانە لەخێزانێكی شۆڕشگێڕ و نيشتمانی پەروەردە بووم چونكە باوكم و مامەكانم و ئامۆزاكانم هەموومان چەكی خزمەت و شۆڕشمان بۆ پارێزگاری لەكيان و ئازادی و مافی چارەی خۆنووسين كردبووە شان.. هەر ئەمەش وای كرد كە بنەماڵەی شێخانی گوندی بايز ئاغای سنوری دەشتی كۆيە، مەداليای شەرەف و ئازايەتی و كوردايەتی بكەنە مليان و يەكێتی نيشتمانی كوردستان پێيان سەربەرز بێت...

ئەم ژينگە پڕ جەورو پڕ جۆشو خرۆشەی بنەماڵەكەمان وای كرد كە هەر زوو تەواوی گۆشە نيگای تێڕوانينم بۆ بارووت و چەك ديفاع ئاراستە بێت.. تا ئەوەی كە زۆر لەمنداڵيەوە بووم بە پێشمەرگە كە لەساڵی (٢٠٠٠) بۆيەكەم جار چەكێكی پڕ بەباڵای كوردايەتی و پڕ بەباڵای نيشتمان و پڕ بەباڵای گەرمی خۆمم كردە شان، لەفەرماندەيی (١٥) قەرەچووغ لەدەشتی كۆيە... ئەم هەنگاوە پڕ شكۆيە تا ئەو ساتەی گيانی هيلاكم بەخاك دەگات بەردەوامەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تينی گەرمی خۆشەويستی ئەم لانەيە زۆرتر دەبێت.

بەرلەوە كە هێشتا منداڵێكی زۆر گچكە بووم زۆر چاك لەبيرمە ڕێك لە (٤-




٧–١٩٩٧) لەناحیەی قوشتپەی سەر بەپارێزگای هەولێر بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەی ڕژێمی بەعس زۆر بەسەختی بریندار بووم... بەڵام خۆ نیشتمان ئاگای لێیە.... کە هەنسکی ناخی پڕ لەکوڵم بۆ مەترسی نەتوانینم بۆ خزمەتی ئەم وڵاتە چۆن ناڵەیەك چۆن هەستێکی پڕاوپڕی خۆشەویستی کوردستانم لێوە دەهات.... بەختەوەر بووم کە خوای گەورە تەمەنی دام بەردەوام بم... کەچی دیسان فیشەکی دوژمنی کورد باروتی نەیاری ئەم نیشتمانە دڵی گەرمی وەك ئاگرێ منی بڕی و لە پرۆسەی ڕزگارکردنی دەشتەکانی (نینوی) و سنوری (شارەدێی بەعشیقە) بەسێ فیشەکی قەناص قۆڵو سنگو دڵم پێکرا ئەمجارەشیان سوپاس بۆ خوا... ڕزگارم بوو.. بەردەوام بووم لەخزمەتی خاکی کوردو نیشتمانی سیابەختی ئەم میللەتی مادی ڕەسەن. سڵاو لەهەموو ئەو ڕۆژانەی کە تیایدا گوزەرم کرد.. سڵاو لەگیانی پاکی هەموو ئەو هاوڕێ و برا پێشمەرگانەی ئێستا وا لەباوەشی خاکی پیرۆزی ئەم کوستانەن.

دواتر لەگەڵ بەنیزامی کردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، گۆڕینی ناوی پێشمەرگە بۆ سەربازو فەرماندەیی بۆ فەوج وگۆڕینی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ لیواو هێزی تایبەت، ئێمە نەقڵ کراین بۆ فەوجی یەك لەشاری کۆیە.. پاش ماوەیەك بەرەو شاری موصڵ بەڕێکەوتین بەر لەگەشتنمان بۆ شوێنی مەبەست لەنزیك سەنتەری شاری موصڵ بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بەداخەوە نزیکەی (١٩) پێشمەرگەی ئازاو بەجەرگی هاوڕێ و هاوکارمان لەوێدا شەهید بوون.. لەناویاندا هەرگیز ئەو دیمەنەم بیرناچێتەوە کە شەهید (احمد جواد)ی هاوڕێم لەسەرەمەرگ بوو وتی: توخوا شێرۆ بادایکم نەزانێت... توخوا من ئەڕۆم و ئێوە ئاگاتان لەدایکو باوکم بێت چونکە تاقانەم نەخوشك و نەبرام نیە... توخوا ئاگاتان لێیان بێت و بەدەم ئاهو ناڵەی تاسەی دووری دایکو باوکی ڕۆحی پاکی بەرەو نیشتمانی شەهید لەباڵەفڕەی دا....

دوای پرۆسەی ئازاد كردنی عێراق... ئێمە وەك كۆمەڵێك پێشمەرگەی كوردستان لەریزەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان ... كە ئەوكات من لەگەڵ مامێكم بووم بەناوی (مقدەم زیاد شێخانی)... چووم بۆ شاری بەغداد و لەلیوای پاسەوانی تایبەتی بەرێز سەرۆك كۆمار خزمەتم كرد... بۆماوەی (٩) ساڵ بەبێ هیچ دابرانێك لەو لیوایە مامەوە... پاشان بەبریارێكی فەرماندەیی گشتی هێزەكانی (٧٠) لەبەغداد گەرامەوە بۆ سنوری كوردستان و لەوفەجی (١)ی لیوای (١١٢) سنوری موصڵ درێژەم بە پێشمەرگایەتی دا تاكو ئێستا بەردەوامم لەخزمەت.
لەكاتی هاتنی هێزی توندرەوی دژە مرۆڤایەتی داعشدا ئێمە دەوامامان لەسەر چیای (بەعشیقە) بوو تا كۆتا رۆژی كۆتایی هاتنیان و دەستپێكردنی پرۆسەی ئازاد كردنی دەشتەكانی (نینوی) بەبێ دابران بەرگریمان لەخاكو ئاوی كوردستان كردووە لەگەڵ چەندین جار مەترسی و مەرگ بەلاّم سوپاس بۆ خوا بەردەوام بووم... سەرەتای دەستپێكردنی پرۆسەی ئازاد كردنەوەی دەشتی (نینوی) ئەوەبوو لەرۆژی (٢٠-١٠-٢٠١٦) كاتژمێر (٧:٠٠)ی سەرلەبەیانی بەرێز فەرماندەی لیوای (١١٢) دەستی كرد بەجوڵە بەهەمەرو ئامێرە گوللە نەبرەكان و دەبابە بۆ ناوچەكانی قولایی ژێر دەستی چەتەكانی داعش، یەكەم گوند گوندی (بارینە) ئازاد كرا، دواتر هێرشەكان بەردەوام بوون تا ئەو كاتەی گەشتینە نێوان گوندی (ناوەران – فازیلیە) ئێمەش وەك فەوجی یەك كە مامم وەك فەرماندەی فەوج بەرێز (مقدەم زیاد شێخانی) سەركردایەتی دەكردین لەقۆڵێكی ترەوە بەهێرش و شەر بەیەكداچونێكی قورس چووین بۆ (فازیلیە). لەقۆناغی دووەمی ئۆپراسیۆنەكە هێزەكانی لیوای (١١٢) چووینە نێوان گوندەكانی (ئینجیجە – سماقلو – عمر قامچی) و نزیك كانونیە ئینجا ئەو هێزە لەوێ وەستا...
پاشان هێزەكەی ئێمە جوڵەی كردو ئەوەبوو لەهەمان رۆژدا نزیكەی



(١٠) ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو خۆیان تەقاندەوە بەهێزەکانماندا وە یەکێك لەهەمەرەکانی بەڕێز فەرماندەی لیوای (١١٢) کرا بەئامانج، پاشان هەر لەو بەروارەدا بەڕێز فەرماندەی لیوای (١١٢) فەرمانی کرد بە بەڕێز فەرماندەی فەوج و وتی (مقدەم زیاد) بڕۆ سەر ڕێگای (فازیلیە – بەعشیقە) ئێمەش چووین لەگەڵ برایانی دڵسۆز هەم لەئەفسەر هەم لەپێشمەرگە قارەمانەکان توانیمان ڕێگاکە کۆنترۆڵ بکەین، تا ڕۆژی دووەم ئێمە لەشوێنی خۆمان ماینەوە مانای لەسەر ڕێگاکە، ئەوەبوو چەتەکانی داعش هێرشیان کرد بەڵام سوپاس بۆ خوا توانیمان تێکیان بشکێنین، بەڵام هەر لەوێدا من بەسێ فیشەك بریندار بووم، دوو حەفارەش خەریکی دروستکردنی ساتر بوون یەکێکیان سووتێنرا و ئەویتریش شکا، دواتر بەڕێز فەرماندەی لیوای (١١٢) ئەمری کرد وتی هێزەکەتان ببەن بۆ پشتی گوندی (فازیلیە) ئێمەش چووین بۆئەوێ تەواوی ئەو ناوچانەی کە بۆیان دانابووین زۆر بەسەرکەوتوویی ئازادمان کردو تەواو کۆنتڕۆڵکرایەوە.




# هەردی عەزیز حەمە رەشید پێنجوێنی

بیرەوەریەك لەگەڵ باوكی ئازیزم كە بەداخەوە لە (١٦–١٠–٢٠١٧) لەكەركوك شەهید كرا

# شەهید ( عەزیز حەمە رەشید ڕەحیم ) پێنجوێنی

من ناوم هەردی عەزیز حەمە رەشید پێنجوێنی.

لەگوندەكەمان كە لەقەزای پێجوێن بوو ناوی (چەرمەگا) بوو هەندێك ئەرزو ئاومان لەباوو باپیرانەوە بۆ باوكم و مامەكانم مابووە كە زۆر دوور بوو لەقەزای پێنجوێنەوە و زەویەكانیش دێم بوون باش نەبوون بۆ فەلاحەتی بەراو نەبوون ئیتر هەر ئەوە هەبوو كە شكمان بردایە ئێمەش پارچەیەكی كەممان هەبوو هیچ شتێكی نەبوو، هەر دەست بەدەست مابوەوە پارەشی نەدەكرد تا بمانفرۆشتایە بەڕەحمەت بێت باوكی ئازیزم زۆری دڵ پێخۆش بوو چەندین جار پێمان ئەوت باوكەگیان تۆ بۆچیتە و مەچۆ بۆ ئەو شوێنە دوورەو ئەگەر چەندێك دەكات بیفرۆشە بەكەڵكمان نایەت، ئەویش دەیوت نەخێر نایفرۆشم ئەوە من شوێنی باووباپیرانمانە چۆن ئەیفرۆشم هەردی گیان دڵم نایەت ئەگەر هەر شتێ بێت من نایفرۆشم، ئێمەش ڕێزمان زۆر لێدەگرت و خۆشمان دەویست گوێڕایەڵی بووین ئەمان ووت باشە بەسەرچاو و چۆنت حەز لێیە وابكە ئیتر لەساڵێكدا دەجار زیاتر دەچوو دێ بەدێ ئەگەڕاو هەرچی خزمو كەس بوو بەسەری دەكردەوە و سەردانی دەكردن باوكم زۆر خزم دۆست بوو چاوی لەوە نەبوو تۆ بچیتە ماڵی یاخود نەچیت ئەو هەردەچوو زۆر كەسوكارو ناسراوی بەسەردەكردەوە و



دەچووە لایان، هەمووشیانی خۆشدەویست.
ڕۆژێکیان من ئاگادار نەبووم خۆی چوو بوو بۆسەر زەویەکە کەسەیر دەکات زەویەکەی کێڵدراوەو شتیان تیاچاندووە، وەلاَم پرسیاری کردبوو وتبوویان (حاجی ئەحمەد چەرمەگایی) چووە شتی تیاچاندووەو وتویەتی هی خۆمە ئەو حاجیەش خەڵکی گوندەکەی ئێمە بوو زۆر دەوڵەمەند بوو چاوی لەو زەویە ووشکە بوو، ئیتر باوکم کە زانی بووی خێرا چوو بوو مەکینەی بۆ هێنابوو هەڵی گێرا بووەوە وتبووی پێی چۆن شتی وات کردووە بێ پرسی من بە (حاجی ئەحمەد) ئیتر ئەویش وتبووی جا کوا ئەوە زەوی تۆیە ئەمیش وتبووی هی منە چەند ساڵە لە باووباپیرانمەوە بۆم ماوەتەوە کەمێك لێك عاجز ئەبن و شاهیدو شتی ئەبێت (حاجی ئەحمەد) هیچی بۆ نامێنێتەوەو وازی لێ دێنێت، جا کە من زانیم زۆرم پێ ناخۆش بوو چونکە ئەمزانی باوکم ڕاست دەکات هی خۆمانە، من قسەم لەگەڵ (حاجی ئەحمەد) کرد قەناعەتم پێکردو ئەوە چارەسەر بوو دوای ئەوە لەگەڵ باوکی خۆشەویستم چووین ڕۆژێك بۆ گوندەکەمان هەر بەقسەی خۆشو پێکەنینو سوبعەتەوە تا ئەوێ، جا من باوکم وەك هاوڕێم وابوو هەزار ڕەحمەتی لێ بێت یەك دەقە دڵمان لێك عاجز نەبووە، زۆر کەس نەیدەزانی کوڕو باوکین لەشوێناندا ئەوەندە بەینمان خۆش بوو.
چووینە ئەوێ و هەندێك ئاسنی بەچواردەوری زەویەکەدا چەقاندو وتی کوڕی خۆم وەسیەتت بێت هەموو جارێ وای دەوت ئەیوت کەس بەوەسیەت نامرێت ئەمە لەوێوە تا ئەوێ هی خۆمانە، منیش وتم بەسەرچاوم خەمت نەبێت ئیتر شوێنەکەی بەجوانی تێگەیاندمو هەندێك قسەی خۆشی بۆ کردمو دڵی زۆر خۆش بوو، دوای ئەوە ڕۆیشتین بۆ ماڵی خوشکەزایەکی هەر لەگوندەکەی خۆمان دانیشتینو چامان خواردەوە و لەوێش کوڕو مەجلیسێکی خۆشی دروست کردو زۆر پێیان وتین بمێنینەوە ئیتر هەستاین ڕۆیشتینەوە بۆ پێنجوێن، ئەو کاتە

ماڵمان لەپێنجوێن بوو.

ئیتر کات هاتو ڕۆیشت ڕۆژێکی تر چووینەوە بۆ سەر زەویەکە سەیرمان کرد ئاسنو شتەکان لابراونو دیارنین، ئیتر باوکم زۆر بێتاقەت بوو بەوە، وتی وەرە بەردم بۆ بێنە وەڵا بەچواردەوری زەویەکەدا بەردی داناو وتی ئەمجارە هەر کەس لایبات لێی قبوڵ ناکەم منیش وتم باوکەگیان هیچ نیە لەوانەیە یەکێك پێویستی بەو شیشانە بووبێت دوای ئەوە چوو بوو لەسەر پارچە پلێتێك نوسیبووی ئەمە زەوی (عەزیز حەمە ڕەشید) چەرمەگاییە لەسەر زەویەکە چەقاندبووی.

ئیتر دوای ئەوەش کەسێکی تر پەیدابوو کەناوی (کاك مەجید) هەر خەڵکی لای خۆمان بوو، دراوسێ زەویمان بوو وتی وەڵا کاکە ئەم زەویە کاتی خۆی باوکم یاویەتی بەئێوە هی ئێوە نیە، وەڵام دووبارە باوکمو من لەگەڵ دابانی برام کەوتینە سۆراغ، دەرکەوت هەر هی خۆمان بوو و ئیتر کابرا هەر وازی نەدەهێنا باوکیشم وتی ئەیفرۆشم، ئیتر شەوێکیان ئەو کاك مەجیدە دوو کەسی ناردبوو بۆلای باوکم ڕێك بکەون، وەڵا باوکم زۆر سووربوو لەسەر قسەی خۆی وتی یەك بستی هی ئەوان نیە، ئیتر باوکم وتی ئادەی تەلەفۆنێك بکە بۆ کاکەم (مامی من ئەکات) مامە ئەمین کە پەیوەندیمان پێوەکرد وتی باوکت ڕاست دەکات هی خۆمانە و لەوەکیلی منیشەوە بۆ باوکت و هی کەسی تر نیە، جا کێشەکەیان لەسەر ئەوەبوو بەڕەحمەت بێت باوکم ئەیوت کاکە ئەوە جێگای ٦ سەعات مەکینەیە بۆ کێڵاندن هی منە ئەوانیش ئەیانوت جێگای دوو سەعات هی تۆیە.

ئیتر دواتر پێش ئەوەی باوکم شەهید بێ فرۆشتی و ئێمەش قەرزار بووین تۆزێ قەرزمان دایەوە ماڵمان گواستەوە بۆ سلێمانی لە (١٢–١٠–٢٠١٧) ماڵمان گواستەوە بۆ سلێمانی بۆ گەڕەکی ڕاپەڕین جا باوکی ئازیزم زۆر دڵی پێی خۆش بوو ئیتر بۆ ماوەی (٣) شەو لەگەڵمان مایەوە لەو خانووەداو دواتر (١٥–١٠–



٢٠١٧) بەیانی زوو ئاگام لێی بوو چووەوە بۆ دەوام هاتە لامەوەو بەتانیەکەی پێدادامەو وتی کوڕم بخەوە هەڵمەسە باسەرمات نەبێت من ئەڕۆم بۆ دەوام مینش وتم باشە باوکە گیان هیچت پێویست نیە وتی نا بنوو، ئیتر ڕۆشتەوەو من وەك شتێ زۆر دڵم لای بوو زوو زوو تەلەفۆنم بۆ ئەکرد ئەو ڕۆژە ئەویش تەلەفۆنی ئەکرد.

ئیتر بۆ شەوەکەی زۆر قەلەق بووم کە ئاوا پێشمەرگە لەحاڵەتی ئامادەباشیدا بوون و دڵم باشی نەدەوت لەپڕدا شەو نزیکی سەعات (٣)ی شەو تەلەفۆنەکەم زەنگی لێدا کە سەیرم کرد باوکم بوو وەڵامم دایەوە وتم بەڵێ باوکە گیان دیاربوو کەمێ دەنگی گۆڕابوو وتی هەردی گیان تەلەفۆن بکە بۆ (کاك عەزین) مەبەستی شەهیدی فەرماندە (عەقید عەزیز عەلی عەزین) بوو وتم بۆ چی بووە؟ وتی شکاوین برینداارین تەلەفۆنی بۆ بکە بڵێ لەگەڵ (کاك سالار) برای (عەقید جەبار) ئاروزەری لەپشت دۆشکەکەوەین برینداارین (کاك سالار)یش حاڵی باش نیە منیش وەخت بوو شێت بم تەلەفۆنم کرد بۆ شەهید (عەقید عزین) داخرا بوو دواتر کردم بۆ بەرپرسەکەی خۆم (رائد عبدالله کانی پیرەیی) وتی ڕۆڵەگیان حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هجومی کردووە کەس لەوێ نەماوە زۆر گریام وتم توخوا ڕزگاریان بکەن وتی بەخوا من دوورم.

ئیتر تەلەفۆنم بۆ (لیوا تەها) کرد مەشغوڵ بوو هەر کردم باوکیشم لەولاوە تەلەفۆنی دەکرد زوو زوو قسەمان دەکرد، ئیتر (لیوا تەها) جوابی دایەوەو پێم وت لەناو قامیشو زەلانەکاندان توخوا مەردی خوابن فریای کەون، ئەویش دڵی پڕبوو ووتی باشە باوکە گیان هەر لەهەوڵداین ئیتر من تا بەیانی سەعات (٧) لەگەڵ باوکی ئازیزم قسەم دەکرد خەریك بوو شێت ئەبووین، دایکمو براو خوشك شتێك بوو بەس بەهەیکەل زیندوو بووین.

بەداخەوە کەس فریای نەکەوت ئاخر قسەی من و باوکم ئەوەبوو وتی (من


برادەرەکەم جێ ناهێڵم ئەویش بریندارە و ئەمرین فریامان ناکەوێت کەس) منیش دەگریام هاوارم دەکرد ئیتر دیاربوو باوکم خوێنی زۆر لێ ڕۆشتبوو، سەعات (٨) تەلەفۆنم کرد حەشدێکی شەعبی وەڵامی دایەوە لە (چەرداغ لوو) لای تازە خورماتوو وتی مردووە، منیش بەماڵەوەمانم نەوت هەر وتم ماوە تا سەعات نۆی شەو تەلەفۆنێکم بۆ هات وتیان کاک هەردی سەرێك بدە لە توب عەدلی سلێمانی کە وایانوت دەستم کرد بەشینو گریان، کەچووم ئەو ڕۆژە نەبینمەوە بەردەم توب عەدلی ئەتوت ڕۆژی حەشرە، بەڵێ وابوو باوکی ئازیزمی تیابوو ئیتر بردمان بۆ مزگەوت لەمەڵکەندی و شۆردمانو کفنو دفنمان کرد و نوێژمان کرد لەسەر تەرمی پیرۆزی و بردمانەوە بۆ پێنجوێن لەسەر وەسیەتی خۆی لەنزیك قەبری دایکی کە داپیرەم دەکات لەشەوی (١٦/١٧-١٠-٢٠١٧) بەخاکمان سپارد.

خوای گەورە ڕۆحی شاد بکات بەبەهەشتی بەرین هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی سەرجەم ئەو شەهیدە قارەمانانەی ١٦-١٠-٢٠١٧ و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان.



# ملازم اول یوسف خدر احمد

من ملازم اول خدر احمد دانیشتوی پارێزگای هەولێرم لەدایك بووی (١٩٧٧) هەر لەسەرەتای دروست بوونی شەڕی داعش ئێمە وەك لیوای (١١٨) لەو ڕۆژەوەی کە شەڕی داعش دەستی پێ کردوە کاتێك کە سەروی خۆمان ئاگاداریان کردینەوە کەوتینە ئینزار تا ئەو کاتەی کە ئێستا لەگەڵ ئێوەدا قسە دەکەم بەڕاستی شەڕ وایە شتی خۆش و ناخۆشی لێ دەبیندرێت ئەو کاتەی کە بیدایەت شەڕی داعش لە مەنیتقەی جەلەولاو سەعدیەدا بووین جەلەولایەك لەبیرەوەریە ناخۆشەکان لەدەستدانی هەڤاڵێکی بەڕێز بوو کە فەرماندە کاك (عمید سەرباز گراوەیی) بوو لەجەلەولا کە یەکێکە لە بیرەوەریە ناخۆشەکان کاتێك کە لەوێ جەلەولا و مەنتیقەی قەرەتەپە لەدەست داعش پاککرایەوە لەسەروی خۆمان ئاگادار کراینەوە، کە هاتینە ناوچەی داقوق لەناوچەی داقوقیش ئەو کوردانەی کە نزیکن لە ناوچەی کەرکوك وەکو سەعدیە و خالدیە و مەنتیقەی عەتشانە کە هاتین ئەو گوندانەمان ئازاد کردەوە یەکێك بوو لە بیرەوەریە خۆشەکان، ئەو کاتەی کە فەرماندەی بەڕێز (شەهید سەلاح دیلمانی) خۆزگەمان دەخواست کە ئێستا لێرە لەگەڵمان بەردەوام بوایە، یادگاریە خۆشەکە ئەوە بوو کاتێك لێرە ئەو شەوە گوندی عەتشانەمان ئازاد کرد دوژمنان هێرشیان هێنایە سەر گوندەکە بەڵام بەهیمەتی برا پێشمەرگەکانو بەهیمەتی بەڕێز فەرماندە شەهید سەلاح دیلمان توانیمان تێکیان بشکێنینو هەر ئەو شەوە چەندان کەلاکیان بەجێ بهێڵین کە زۆر بەداخەوە شەهید سەلاح ئەو ڕۆژە زۆر سەربەرز بوو کە بەخۆی و پێشمەرگەکانی توانیان لەو هێرشەدا چۆك بەدوژمن دابدەنو چەندین کەلاکیان لێ بەجێ بهێڵن بەڵام دوژمنان هەر کاتێك بێت دوژمنە هەموو کات





دوژمن چاوی لەتۆڵە سەندنەوەیە بەزۆر، بەداخەوە لەچەند رۆژێکی داهاتوی دوای شکستی داعش لەگوندی عەتشانەوە کە ئێستا لێرە ئامادەین لەنزیك ئەم گوندە تیرۆریستان هەمیشە ئەوە پیشەیان بووە کە نەیان توانیوە ڕووبەڕوو مەردانە بەرەنگاری پێشمەرگە ببنەوە دایمە لە دوای تاکتیکی نامەردانەدابوون لەوێدا لەکارێکی قێزەوندا لەدوای دانانەوەی عەبوە لەیەکێك لە ئامێرەکانی ئیش کردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیکەی کاتژمێر (٩)ی شەو حەفارەکە دەتەقێننەوە و چواردەوری عفارەکە مین ڕێژ دەکەن بۆ بەیانیەکەی (شەهید سەلاّح) لەبەر بێ باکی و لەخۆبووردویی دەیەوێت سەرێك لەو ئالەتانە بدات کە تەقێندرایەوە شەو، بەیانیەکەی کە چووە ئەوێ زۆر بەداخەوە خۆزگە ئەو شەوە هەر لەخەودا بوایە نەچووایەلای ئەو ئامێرە، ئەوە یەکێکە لە بیرەوەریە هەرە ناخۆشەکان کە گێرانەوەی زۆر ئەستەمە، کاتژمێر (٧)ی بەیانی لەوێدا شەهید سەلاح و چەند هاوەڵێکی لەوێدا شەهید دەبن، لەیادگاریە هەرە ناخۆشەکانی ژیانم دوای مەرگی دایکمو برایەکم ئەویش شەهیدی سەنگەرە، ئەوە کارەساتێکی زۆر دڵتەزێن بوو کە تائێستا لەژیانمدا کاریگەریی لەسەر جەستەی هەموو پێشمەرگەکانی لیوای (١١٨) باڵك ماوە و پێشیانەوە دیارە، بەلاّم هیمەت بەخواو فەرماندەکانی دیکە نەمانهێشت بەشێوەیەکی وا ڕەنگدانەوەی لەسەرمان هەبێت هەرچۆنێك بێت وا ئێستا لەو سەنگەرانەین کە شەهید سەلاّح بەشانی خۆی سەنگەرەکانی دامەزراندووە.

تا ئەو کاتەی لەژیاندا ماوین تا دوا دڵۆپی خوێنمان بەڵێنمان داوە یان هەموومان لەو شوێنەی شەهید سەلاّح شەهید دەبین یان دڵنیاین لەو سەنگەرانەی کە ئەو بەئارەقی ناوچەوانی دروستی کردووە چوڵی ناکەین، ڕێزی تایبەتم بۆ ئێوەو بۆئەو هەڤالاّنەی کە ئێستا لەگەڵمن لەو سەنگەرانەداو ئامادەن.

# زاهر قادر وەیس

من ناوم (زاهر قادر وەیس) ناسراوم بە (زاهر جاف) وەك پێشمەرگەیەكی خانەنشین و خۆبەخش هەر لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ لەدەستپێكردنی شەڕی داعش كە ویستیان خاكمان داگیر بكەن پەیوەندیم كردوە بە ڕیزەكانی لیوای (٥)ی پیادەی شارەزوورەوە، خۆبەخشانە وەك پێشمەرگەیەك بەشداربووم، سەرەتا شەڕمان لەگەڵ عەشرەتی كورویەكان دەستپێكرد كە ئەیانویست جەلەولا داگیر بكەن، خۆشبەختانە بەهێزو بازووی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەكان توانیمان ڕووبەڕوویان ببینەوە، ئەوە بوو بەداخەوە جەلەولامان جێهێشت و لەچواردەوری ماینەوە، ئەوكات ئێمە لە(وادی عۆسەج) نیشتەجێ بووین و بەشێكمان لەبەنزینخانەكە بووین كە شەوانە هێرشەكانیانمان تێكدەشكاند، بیرمە ئەوكات ٣٣ ڕۆژ مامەوەو لەسەنگەری بەرگریدا بووم هەربۆیە لە ٢٠١٤/١١/٢٣ هێرشمان كردەوە بۆ جەلەولاو ئازادمان كرد بیرەوەریەكی خۆشم لەو شەوەدا هەیە كە بەئازادی لەجەلەولا بووم كە هاوڕێیەكی خۆشەویستم بەناوی (مقداد هەڵەبجەیی) كە بۆ گەڕان شەو دەردەچووین گەشتین بە مەفرەزەیەكی هێزی پێشمەرگەی جەماعەتی (كاك حامدی حاجی غالی) كە میقداد دەیناسێت من زۆر شپرزەو ڕیش هاتوم وتیان مقداد ئەمە كێیە لەگەڵت وتی ئەمە داعشە و گرتومە یەكێكیان خێرا میلی هێنایەوەو وتی بمەرێ بابیكوژم منیش قیراندم پێشمەرگەم بەخوا پێشمەرگەم، یادەوەریەك هەرگیز بیرم ناچێتەوە خەریك بوو بمكوژن.

پاش جەلەولا لیوای (٥) بران بۆ سەری تەللوەرد لەباشوری كەركوك منیش لەگەڵیان بووم بەرواری ٢٠١٤/١٢/٢٤ سەری تەلوەردمان بەسەركەوتویی گرت،

پاشان ٢٠١٥/١/٣١ لیوای ١١ زۆریان بۆ هاتبوو، لیوای (٥)یان بردە ئەوێ و بەسەرکەتوویی (عەسەلیە)مان لەدوژمن پاك کردەوە بەداخەوە شەهیدی فەرماندە (کاکە حسێن مەنصور) لەو شەڕەدا شەهید بوو، پاشان سەری (خەباسە)مان بەسەرکەوتوویی گرتو لەبەرواری ٢٠١٥/٣/٧ هێرشمان کردە سەر بەرزاییەکانی (خەرابە ڕوت)و لەدەستی داعش ڕزگارمان کرد زیاتر لەشەش مانگماینەوە لەو بەرزاییانە، پاشان بەشداربووم لەئازاد کردنەوەی ناحیەی (مەنصوریە) ئەوەبوو لە بەرواری ٢٠١٥/٩/٣٠ مەنصوریەمان لەدەستی چەتەکانی داعش رزگار کرد چەند مانگێك ماینەوە ئەوەبوو لە مانگی ٢٠١٦/٢ لیوای (٥) برایە (دوزخورماتو) لەناوچەی زەرگە چەند هێرشیان کردە سەرمان بەڵام شکستمان بەسەرجەم هێرشەکانیان دەهێناو سەرکەوتوو دەبووین.

بۆماوەی (٦) مانگ ماینەوەو دواتر گەڕاینەوە (مەلا عبداللە)و ئێستە هەر لە مەلا عبداللە درێژە بەپاراستنی خاکی نیشتمان دەدەین، من وەك خۆبەخش ڕۆژێکیش لەوهێزە دانەبڕاوم، وە تا پلەی شەهیدبوونم یان ئازادکردنی سەرتاپای کوردستان یان نەمانی داعش بەردەوام دەبم و گیانی خۆم کردۆتە قەڵغان بۆ پاراستنی خاکی کوردستان، لەهەر کوێ کوردستانو یەکێتی پێویستی پێم بێت ئامادەم لەئێستەشدا لەسەنگەری بەرگریدام.



# مستەفا عزیز خدر

من کەناوم (مستەفا عزیز خدر)ە خەڵکی گوندی تاڵینانی سەروم لەدۆڵی مەلەکان لەبەرواری (١٩٧٢/١/١) لەدایك بووم، لەساڵی (١٩٨٦) پەیوەندیم کرد بەڕێکخستنەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، لەبەشی ڕێکخستنی تیپی (١٢)ی سۆران لەلای (شەهید پۆلا)... بەردەوام بووم تا ساڵی (١٩٨٨) کە ئەنفالەکانی بەسەردا هات و گوندەکان تێکدران بەڵام ئێمە دانەبڕاین لە ڕێکخستنەکانی (یەکێتی نیشتمانی کورستان) بووین بەهۆی پێکەوەبەستنی شارو لادێ کاری ڕێکخستن لەناوشار بەردەوامبوو.

دواتر لەساڵی (١٩٩٢) پەیوەندیم کردەوە بەڕیزەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەلای کاك (عەبدوڵا) ناسراو بە (عەبدوڵا بۆر) کە ئەوکات یەککگرتووی پێدەگوترا بارەگای لیوا کە ئەوکات لەهەریر بوو من وەك پێشمەرگە دەستم کرد بەکار لەڕێکخستن، وە بۆ بەشی پێشمەرگایەتی تا ساڵی (٢٠٠٠) لەمیحوەری بالیسان لە (٢٠٠٠)ەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٤) لەفەرماندەی بالیسان پێشمەرگە بووم دواتر گواسترامەوە بۆسەر فەوجی (١) یەکی یەکەی (١٢٤)ی خۆشناوەتی کە ئەوکات فەوجی (I.N.G) (ئای. ئێن. جی) پێدەگوترا.

تاکو ساڵی (٢٠١٤) دروست بوونی شەڕی داعش وەلەسەرەتای دروستبوونی شەڕەکە ئێمە وەکو فەسیلی (١)یەکی سریەی (٢)ی فەوجی (١)ی یەکەی (١٢٤)ی خۆشناوەتی.

ئێمە لە (١٨-٦-٢٠١٤) بەڕێکراین بۆ ناوچەی (خروەللی) بەسەرپەرشتی (خالید فەقیانی) کە فەرماندەی فەوجی ئێمە بوو. بۆماوەی چەند رۆژێك ماینەوە.

دواتر بەڕێكراین بۆ گوندی (سەیوان). دواتر بۆ (پارەپارەو مەتاری دوزخورماتو) شایەنی باسكردنە لەو ماوەیەی كە لەوێ لەئەركو واجب دا بووین ئێش و ئازار و مەینەتیەكی زۆرمان بینی بەهۆی ئەوەی دەبوو هەموو شەوێك كەمین‌و شەونخوونی بكەین تا بەیانی.

وە لەسەرەتای مانگی (٩)ی (٢٠١٤) لەسەر بڕیاری سەرووی خۆمان بەڕێكراین بۆ میحوەری (گەرمەسێر) بۆ بەرزاییەكانی (كوباشی) بۆ چەند مانگێك لەو ناوچەیە ماینەوە بۆ چەند جارێك ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش پەلاماری سەر ڕەبیەكانی ئێمەیان داو ئێمەش وەكو سریەی (٢) كە (حسن گۆڕە شێری) سەرپەرشتی دەكرد، بەرپەرچی تیرۆریستانمان دایەوە. كە توانیمان چەند لاشەیەكیان پێ جێ بێڵین لەگەڵ چەند چەكو ئەسلەحەیەك.

دواجار لەشەوی (١٩/٢٠/٢٠١٤) دوژمن لەسەر ڕێگەی (كوباشی) (عەبوەیەكیان) لوغم (تێنتییەك)یان بەهێزەكانماندا تەقاندەوە كە بووە هۆی شەهید بوونی (٤) چوار لە هاوڕێ گیانی بەگیانیەكانمان كە جێی داخو پەژارەبوو بۆ هێزی ئێمە كە ئەمانە بوون (شەهید ملازم ئەوەل بەختیار) و (شەهید خالید)و (شەهید محمد) كە ناسرابوو بە هەورز و (شەهید محمد سوڵتانە دێیی) بەداخەوە كە (شەهید محمد سوڵتانە دێیی) كە نەیدەهێشت ئێمە خواردن ئامادەبكەین زۆرجار دووبارەی دەكردەوە من خواردنتان بۆ ئامادە دەكەم كە مەبەستی خزمەتی هاوڕێكانی بوو.

بۆ دواجار لەشەوی (٢٩/٣٠-١٠-٢٠١٤) دوژمن پەلامارێكی زۆر قورس و گەورەی هێنایە سەر ئێمە كە شایەنی باسكردنە لەسەعات (١١:٤٠) دەقیقەی شەو شەڕ دەستی پێكرد لە (٤)چوار قۆڵەوە تا سەعات (٥:٣٠) دەقیقەی بەیانی. لەم شەڕەدا توانیم بەرامبەر تیرۆریستان شەڕبكەم بەچەكی بیكەیسی بەپاڵپشتی هاوڕێكانم و فەرماندەی سریە (حسن گۆڕە شێری) و (رسول



سێوکانی)و (اسماعیل سکتانی) و (دەربان) و (قادر) کە دوو شێرە کوڕی مەیدان بوون کە لەم شەڕەدا بەهانامان هاتن. کەتوانیان پشتی هێزەکانمان قایم بکەن ئەم شەڕە ئەوەندە گەرم بوو هەمەری دوژمن بۆ چەند سەد مەترێك لێمان دوور بوون کە شەڕێکی تێکپڕژان بوو بەڕوومانە شەڕمان دەکرد، دووبارە بەداخەوە کە بەخوێنی (٣)سێ پێشمەرگەی قارەمان لەم شەڕەدا سەرکەوتین وە زیاتر لە (١٥) پانزە بریندارمان هەبوو.

شەهیدەکانمان بریتی بوون لە لەشەهید (فەرحان بارەکی) و (حسێن سورچی) و (کاکە ڕەش سەلأنەیی) دواتر لەدوای گرتنی شاری (جەلەولا) لەبەرواری ٢٣–١١––٢٠١٤ فەوجەکەمان گەڕایەوە (داقوق) و گوندی (حصریە)، شایەنی باسە لەم ماوەیەدا چەندەها جار دوژمن پەلاماری توندی داوین بۆ دواجار لە (١٠–١–٢٠١٥) دوژمن لەبەرەبەیانییەکی زوو پەلاماری هێزەکانی داین‌و لەم شەڕەدا توانیم دەورێکی زۆر قارەمانانە ببینم هەم لەسەرپەرشتی کردنی بەشێك لە پێشمەرگەکان‌و هەم لەشکاندنی پەلاماری دوژمن، شایەنی باسە لەم شەڕەدا بیکەیسیەکەم بۆ چەند جارێك عاتڵ بوو بەڵام بەهاوکاری فەرماندەی فەوجەکەم کە هاوکاری باشی کردین توانی بیکەیسیەکم بۆ دابین بکات.

دووبارە بەداخەوە کە (٢) دوو برینداری زۆر سەختمان هەبوون بەناوەکانی (مام ئارام یونگینەیی) و (کاك ممند حسێن) کە لەتەنیشت خۆم بریندار‌بوون بەگوللە ئارپیچی کە برینەکەیان زۆر سەخت بوو، بەداخەوە کە تا ئێستا تەندروستی باش نی یە.

دواجار لە (١٦–٣–٢٠١٥) لەسەر بڕیاری سەروی خۆمان بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەرماندەی سریە پەلاماری گوندەکانی (وەحدەو سەعد و خالیدیە)مان داو دوای شەڕێکی قورس و درێژخایەن توانیمان گوندەکان ئازاد بکەین، دواتر لە (١٨–٤–٢٠١٥) پەلاماری چەند گوندێکی ترماندا بەناوەکانی


(تەرمەغار و عوزێريە و عطشانە) بەسەرپەرشتی (حسن گۆڕەشێری) كە فەرماندەی سريە بوو.

لەم شەڕەدا توانيمان زەبرێكی زۆر كوشندە لەدوژمن بوەشێنين و گوندەكان پاك بكەينەوە و چەند دەستكەوتێك بەدەست بێنين، وەك چەكی بيكەيسی و ئارپيچی و چەندەها چەكی تر وە چەند لاشەيەك لەدوژمن بەجێمان، وەتائێستاش لەهەمان ئەم شوێنە كە بەدەستو هێزو بازووی برا پێشمەرگەكان ئازادكراوە، درێژە بەخەبات و تێكۆشان دەدەم. تێدەكۆشم تادوا دلۆپی خوێنم دەجەنگم بەرامبەر بە تيرۆريستانی خاكو گەلم.

شايانی باسە رێكخراوی تيرۆريستی داعش لەم ماوەيەدا زۆر لاوازبووەو بەشكستيەكی زۆرەوە خەريكی خۆكۆكردنەوەيە و پاشەكشەيەتی لە (٢٠١٦-٢٠١٧) بەرەو لەناوچوونەو زۆر شكستی خواردووەو دەيەوێ هێزەكانی پاشەكشە بكات بۆ وولاتە عەرەبيەكانی وەك سوريا كە زياتر لەوێ كۆبونەتەوە.

# نەقیب ابراهیم کوڵکنی

من نەقیب ابراهیم کوڵکنی فەرماندەی سریەی ٣ فەوجی ١، سەرەتای دەستپێکردنمان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش لەجەلەولا دەستمان کرد بەشەڕ ئەوکات هێرشمان کردە جەلەولا لەگەڵ عەشرەتی کورویەکان بوو لەبەرواری ٨-٧-٢٠١٤ یادەوەریەکان زۆرن هەم خۆش و هەم ناخۆش، ناخۆشترین ساتە وەختەکانی ئەو شەڕەی جەلەولا، شەو تاریك بوو دوژمن هێرشیان بۆ هێناین بەهێزو بازووی پێشمەرگەکانم چەندین هێرشمان تێکشاند، ئەو شەوە ناخۆشترین کاتی ئەو شەوەم بوو پێشمەرگەیەکم فیشەکێکی لەدەست دەرچوو شپرزەیی ڕووی تێکردین و تۆزێکی مابوو شەهیدم بکات.
پاشان ئێمە لە جەلەولا شکستمان هێناو گەڕاینەوە دەرەوەی جەلەولا، ئەوەبوو لە ٢٣-١١-٢٠١٤ توانیمان جەلەولا لەدەست تیرۆریستان رزگار بکەین و جەلەولا بۆ هەتا هەتایی ئازاد بکرێت، خۆشبەختانە لیواکەمان گورزی کوشندەی گەیاند بەتیرۆریستانی داعش، پاشان وەك هێزی ئامادە براینە سنوری باشوری کەرکوك بۆ (تەللورد) و شەڕێکی مانو نەمانمان ئەنجامداو توانیمان لەوێش داعش ڕاوەدونێین و گورزی کوشندەمان لێیاندا، بۆیە لیواکەمان لیوای (٥) بەلیوای درعەکە لای داعش ناسرا پاشان لیوای (١١) کە لە (مولتەقی) بوون لای (مەلا عەبدوڵا)، دوژمن زەفەری پێبرد بوونو شکابوون، ئێمەیان ئاگادار کردەوە لەو شەڕەوە چوین لەماوەیەکی کورتدا توانیمان (مولتەقی) بگرینەوەو زیاتر لە (٣٠٠) داعشمان ناوبرد. یەکێك لەناخۆشترین ساتەکانم لەو شەڕەدا ئەوەبوو (شەهید حسێن مەنصور) لەگەڵمان شەهید کرا.
پاشان بەرەو شەڕی خەباسە بەڕێکراین هەر لەوێش توانیمان کارگەی نەوتی





خەباسە لەدەست دوژمن پاك بكەینەوە دواتر بۆ شەڕی (مەلا عەبدوڵاّ و خەراپە ڕوتە) لەوێش داستانێکی نەبەردیمان تۆمارکرد تا ئەو ڕادەیەی داعش بەئاشکرا سڵی لە لیوای (٥) دەکرد پاشان شەڕی گرتنەوەی ناحیەی منصوریە بەداخەوە یەکەمجار شکستمان هێنا بەڵاّم بەهێزو بازووی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی لیواکەمان توانیمان لەماوەی (یەك) کاتژمێردا منصوریەمان گرتەوەو لاکی هەموو داعشەکانمان خست و داستانێکی ترمان خستە سەر داستانەکانی تر، دواتر لەوێ براینە (دووزخورماتو) و لە (زەرگە) ئەو شەوەی کە گەیشتینە زەرگە دوژمنی ئەو سنورە واتە (داعش) هێرشیان بۆ هێناین، دیاربوو ئەوان ناوبانگی لیوای (٥)یان نەبیستبوو هەر بۆیە شێرە کوڕانی لیوای (٥) کوڕانە هاتنە دەست لێیانو تەرمی هەمویان لەوێ جێماو دەرسێکمان دادان کە تائێستاش سڵ دەکەنەوە، بەداخەوە ئەوشەوە چەندین سەیارەی پێشمەرگەکانمان سوتێنران ئەوە بووە هۆی بێتاقەتی سەرجەم پێشمەرگەکان. تا ئێستاش ئێمە لەسەنگەری بەرگریداین بەرانبەر هەر دوژمنێك بیەوێت خاکمان داگیر بکات. لەشەڕی جەلەولا ئەوەبوو لەپڕ ئێمە قەتیس کراینو چووینە ناوجەرگەی دوژمن کە هیچمان پێنەدەگەیشت هەم لەخواردن هەم لەتەقەمەنیەکان نەدەگەشتە دەستمان تەنانەت نەشەهید و نەبریندارمان نەدەتوانی دەرکەین تەنها بەسەیارەی مەدەنی خواردنمان بۆ دەهات، شەڕەکەمان شەڕی ڕوومانەو دەستەویەخە بوو جاری وا هەبوو لەیەك بینا ئێمە پێکەوە لەگەڵ دوژمن دەستمان پێ دەکرد.

# عەقید حەمەد عبداللە حەمەد

من عەقید (حەمەد عبداللە حەمەد) ناسراوم بە (سامان سەرسپی) جێگری فەرماندەی فەوج لەفەوجی پاسەوانی مەڵبەندی نەینەوا.
زۆر سوپاس بۆ خاتوونە (نەسیم قادر پور) بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە.
من لەجەنگی دژی داعش لەچەندان شەڕدا بەشداریم کردوە لەلیوای باڵەك بەسەرپەرشتی (شەهید صلاّح دیلمانی) لەناحیەی جەلەولا بەشداری شەڕم کردووە لە کاتژمێر (٥)ی بەیانی تاکو کاتژمێر (٥)ی ئێوارە شەڕەکە بەردەوام بوو، ئێمە وەکو لیوای باڵەك کۆمەڵێ شەهیدمان هەبوو کە بەجێ مابوون بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرەتای دەستپێکردنی شەڕ بوو شارەزاییمان لەجەنگی داعش نەبوو، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت توانیمان شەهیدەکانی خۆمان دەرباز بکەین و دوای هەوڵوماندوبونێکی زۆر سەرجەم شەهیدەکانمان ڕزگار کرد لەناویاندا شەهید (سەرباز گراوی) هەبوو وە (عەمید خالید عوسمان) بریندار بوو.
دوای ئەوەی گواسترانەوە بۆ قەرەتەپە و گوندی نارین وتاتدان ئەوەبوو کە داعش هێرشێکی چڕی کردە قەرەتەپە، گوندەکانی دەوروبەری بەڵام لەبەرگریەکی زۆر قارەمانەدا شەڕێکی سەخت بوو هێرشەکەی داعش بۆسەر لیوای بیتوێن بوو بەڵام بەهانای لیوای بیتوێنەوە چوین کە بیستمان دۆخی لیواکە خراپەو شەهیدیان هەیە من ئەو کاتە لەماڵەوە بووم دوای ئەوەی بیستم شەڕ دەستی پێکردوە منیش لەماڵەوە لەکاتی پشودا زۆر بەخێرایی چومەوە بەرەکانی جەنگ دوایی بیستم کە برای براژنم شەهید بووە لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەی تر کە هەواڵەکەم بیست نەمتوانی لەماڵ بم چوومە بەرەکانی جەنگ کە گەیشتمەوە بەرەکانی جەنگ چومەوەو قەرەتەپە کۆمەڵێ گوند گیرابوون

تەنها سەنگەری (مستەفا شەهید عولا) مابوو دەوری گیرابوو کۆمەڵێك شەهیدو بریندار ی هەبوو وامبیست کە کاك (مستەفا شەهید عەولا) شەهید بووە بەڵام دواتر هەواڵەکە ڕاست نەبوو.

ئێمە یەکەم کەس گەیشتینە سەنگەری (لیوا مەردان چاوشین) دوای شەڕێکی زۆر سەخت و زۆر بەئەستەم گەیشتینە سەنگەری (لیوا مەردان چاوشین) کۆمەڵێك پێشمەرگەمان بریندار بوون زۆر ماندوو بووین لەگەڵ (شەهید صلاح) هێرشمان کرد لەکاتی هێرشەکەدا (مام کاوەمان) لێ بریندار بوو دواتر دوای (١٠) ڕۆژ شەهید بوو، دوای شەڕێکی زۆر سەخت و قورس توانیمان گوندی (تاتران) ئازاد بکەین و داعش تێك بشکێنین و چەندان تەرمی داعشیش بەجێما، ئێمە کە چوین بۆ ناو گوندی (تاتران) زۆر بەئەستەم سەنگەری کاك (مستەفا) چونکە داعش زۆر بەسەختی بەرگری دەکرد، ئێمەش شەومان بەسەردا هات گەیشتینە لای کاك (مستەفا).

هەمووماڵەکانی (تاتران) داعشی تێدا بوو زۆربەشیان هاوکاری داعشیان دەکردو ئەمیرێکیشیان خەڵکی (تاتران) بوو کوژرابوو هەر لەبەرئەوەش بوو شەڕەکە وا سەخت بوو چونکە هەموویان شارەزای بوون خەڵکی گوندەکە، هەر لەقەرەتەپە توانیمان (٥٢) گوند ئازاد بکەین لەگوندی (بایزەوە) تاکو (دەریاچەی حەمرین) دوای ئەوەی ئەو ناوچەیە پاك کرایەوە لیواکەمان گواسترایەوە بۆ داقوق لەوێش لەناو داقوق جێگیر کراین.

لە ١٣–٣–٢٠١٥ هێرشێکمان کرد بۆ گوندی (گومات) لە میحوەری داقوق لە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ شەڕ دەستی پێکرد تاکو شەوێ لەکاتژمێر (٤)ی ئێوارە من بەسەختی بریندار بووم لەگەڵ (١٢) پێشمەرگەی تر لەم شەڕەشدا (٢) شەهیدمان هەبوو.

هێرشەکە کەئێمە کردمان بۆسەر داعش تەنها لیوای باڵەك بوو (شەهید



صلاح) لەپشوودا بوو (کاك رسول قندە) سەرپەرشتی هێزەکەی دەکرد منیش سەرپەرشتی فەوجەکەم دەکرد بەم دەشتەدا بەبێ ئەوەی نەساتری هەبێ نە هەمەڕمان پێ بوو نە شوێنێك هەبوو بۆ خۆپەنادان، داعش لەسەنگەردا بوو زۆر بەباشی ئێمەی لێ دیاربوو بەکەیفی خۆی تەقەی لێ دەکردین و ئێمەش نە تەیارەمان هەبوو نە هەمەڕمان هەبوو زۆر سەخت بوو، شەڕێك بوو زۆر بێ وێنە بوو چونکە ئێمە بەدەشت دا دەڕۆیشتین و داعشیش زۆر بەباشی خۆی قایمکرد بوو بەکەیفی خۆی تەقەی لێمان دەکرد، نێوانی ئێمەو داعش جۆگەلەیەك بوو بەڵام ئێمە کە کۆمەڵێ پێشمەرگەمان بریندار بوون و (٢) پێشمەرگەش شەهید بوون، هێزەکەی ئێمە زۆر شپرزە بوو، لەبەر جۆگەلەکە نەمانتوانی گوندەکە بگرین و دواتر شەومان بەسەردا هاتو پێشمەرگەکانمان پاشەکشێیان کردو هاتینەوە ساتر لەوێ من بریندار بووم گواسترامەوە بۆ نەخۆشخانەی داقوق و دوای چارەسەر خێرا بەرێیان کردم بۆ نەخۆشخانەی کەرکوك و دواتر بۆ سلێمانی.

بۆماوەیەکی زۆر لەبەر سەختی برینەکەم نەمتوانی بچمەوە بەرەکانی جەنگ هەرچەندە من حەوت نەشتەرگەریشم بۆ کراوە بەڵام ئێستاش تەندروستیم زۆر باش نیە هەرچەندە بریندار بووم بەڵام لەدوای سێ نەشتەرگەری چومەوە بەرەکانی جەنگ لەگوندی (عەتشانە) لەبەرەکانی جەنگ خۆم تەداوی خۆمم دەکرد و عیلاجی خۆمم دەکرد، هەرچەندە برینەکەم تەقەڵیشی پێوەبوو بەڵام نەمدەتوانی لەماڵ دابنیشمو هاوڕێکانیشم لەبەرەکانی جەنگ بن ویژدانم قبوڵی نەدەکرد، بۆیە چومەوە بەرەکانی جەنگ لەگوندی (عەتشانە).

لە مانگی ٤-٢٠١٦ من گواسترامەوە بۆ میحوەری دوبەردان لەسنوری بعشیقە لەوێش چەند هێرشێکمان کرد بۆ سەر گوندەکانی ئەو ناوچەیە، یەکەم هێرشمان بۆ (تس خراپی گچکە) بوو لەبەیانیەوە تاکو شەوێ شەڕەکە بەردەوام بوو

هێزەکەی ئێمە بەسەرپەرشتی (عەمید قادر خۆرانی) بوو منیش جێگر بووم شەڕێکی زۆر زۆر قورس بوو چونکە داعش بەهەموو شێوەیەك هێرشی دەکردو بەسەیارەی درع دەهاتن خۆیان دەتەقاندەوە بە هەمەر و ماتۆڕ بەهەموو شێوەیەك داعش بەرگری دەکرد. دوای (تس خراب) چوینە گوندی (عومەر قامچی) لەوێش هێزی پاسەوانی مەڵبەندی نەینەوا بەسەرپەرشتی (کاك هەڵۆ پێنجوێنی) لێپرسراوی مەڵبەندو (عەمید قادر خۆرانی) بوو ئێمەش شەوورۆژێك لەوێ بووین، هێرشێکی زۆر سەختو ناخۆش بوو گولله زۆر زۆر دەهات، لێدان‌و پێکدادانێکی زۆر بوو شەڕەکەش زۆر گەرم بوو زۆر قورس بوو. دواتر بەشداری گرتنەوەی گوندی فازلیەمان کرد.



# نەقیب ئیدریس تۆفیق حاجی محمد

نەقیب ئیدریس تۆفیق حاجی محمد ناسراو بە (تیتۆ مەخموری) خەڵكی شارۆچكەی مەخموور هەتاوەكو پۆلی دووەمی ناوەندیم خوێندوەو لەپۆلی دووەمی ناوەندی گیراوم لەلایەن رژێمی بەعس لەساڵی ١٩٨٧ لەمەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی، لەراپەرینی ساڵی ١٩٩١ بوومەتە پێشمەرگە لە تیپی (٨٧) قەرەچووغ، لەراپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەشداریم كردووە و بریندار بووم، لە ١-٤-١٩٩١ برایەكەم شەهید بوو بەناوی (فارس تۆفیق) ناسرا بوو بە (فارس مەخمووری) لەهەموو شەرەكاندا بەشداریم كردووەو (٥)جار بریندار بووم.

# شاخەوان مستەفا

ئەوکات کە هاتی بۆلامان لەماڵ بوو بەڵام ئەو ئێوارەیە کە گیرا کاتێکی زۆر ناخۆش بوو. ئەوەش ڕاپۆرتەکەی من (شاخەوان مستەفا) لەمانگی ١٢-٢٠١٤ لەگەڵ هاتنی داعش ئێمە ئەمرمان پێکراو چووین بۆ بەرگری کردن لەخاکی پیرۆزی کوردستان خۆم و (کەمال خەزێنە) لەچیای بەعشیقە جەوێکی زۆر ساردو بەفروباران بوو، سەرەڕای ئەوەش تۆپباران کردنی داعش‌و نارەحەتی بەجۆرێ بوو نەماندەزانی چی بکەین، شوێنێکی زۆر مەترسیدارو بوو، بەهەرحاڵ داعش هاوانێکی زۆری بۆ هاویشتین، هاوەنێك دای بەلامدا و سوپاس بۆ خوا سەلامەت بووین بەڵام زەرەری مادیی زۆریدا لەسەیارەکانمان، بە (کەمال) م وت چی بکەین وا شەوەو زیاتر من و تۆ جێگەمان نیە شەوە لەکوێ تۆزێك ئیسراحەت بکەین (کمال خەزێنە) وتی شاخەوان با لەبن ئەم نوکتەیە شوێنێك تەخت بکەین‌و تۆزێك پاڵدەینەوە.

جگە لەسەرما تا بەیانی بارانێکی زۆر لێمانی دا هیچ گیانمان نەما و زۆر تەڕبووین، توشی نەخۆشی‌و دەردەسەریەکی زۆر بووین، ئەوەیان بەسەرهاتێکی ناخۆشی ژیانی (شاخەوان مستەفا) و (کمال خەزێنە)ی خوارزام بوو.



# ساڵە احمد

ساڵە احمد ڕابەر سیاسی فەوجی (٣)ی لیوای (١١٢).

لەبەرەبەیانی ڕۆژی (٣-٥-٢٠١٦) کاتژمێر (٤:٣٥)دەقیقە کاتێك پێشمەرگەکانمان هەموو لەئامادەباشیدا بوون و لەناو سەنگەرەکاندا بوون بەیانی زوو بوو داعش هێرشێکی توندی کردە سەر یەکەکەمان و یەکەی (١١٢) بەڵام بەهیمەتی فەرماندەی یەکەکەمان (عەمید جەواد)و هەموو برا پێشمەرگەکان لەدوای (٤) کاتژمێر شەڕی قورس بەهیمەتی پێشمەرگەکان داعشیان تێکشکاند، لەوشەڕەدا بەداخەوە یەك بریندارماندا ئەویش پێشمەرگەی خۆمان بوو بەناوی (سادق حەدوو تاشەدین) بوو، ئێمە وەك هێزەکانی (١١٢) سەر بەهێزەکانی (٧٠) ماوەی (٢) ساڵە هەموو کات لەئامادەباشیدا بووین وە هیچ کات نەمانهێشت داعش زەفەر بەهێزەکانمان بهێنێت و سەرکەوتوو بووین، وە ئێستاش لەنزیك گوندی (جنجی و سماقیە و عمر قامچی) لەسنوری پارێزگای موصڵ واتە ڕۆژهەڵاتی موصڵ لەدواین سانرەکانی هێزی پێشمەرگە جێگیرین.

# ملازم اول سەباح

ملازم اول سەباح فەرماندەی سریەی اسناد لیوای (١١٢) هێزەکانی (٧٠) کە ئێستا لەشاخی (بەعشیقە) جێگیرین.

ڕۆژی (٥-١-٢٠١٥) لەلیوای (١١٢) لەشاخی بەعشیقە فەرماندەی فەوجی یەك شەهید خالید ئەو کاتەی کە پێش ئەوەی شەهید بێت من لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لەگەڵی چووم بۆ ئەو شوێنەی کە مەبەستی بوو وە لەوێش شەهیدکرا پێش ئەوەی بچینە ئەو شوێنە نوقتەیەك بوو پێی دەڵێن بورج تابعی (١١٢) لەشاخی بەعشیقە لەو نوقتەیە نانمان خوارد بەیانیەکەی لەلای (نەقیب فاخیر) ئەویش فەرماندەی سریەی (٣)بوو لەفەوجی (شەهید خالید) نانم خواردوو پێکەوە هاتین بۆ تەقە لە بورجێك لەلای لیوای (١١٢) برێك تەقەی دوریان لێ کردین، (شەهید خالید)یش وتی باپێکەوە بچینەوە بارەگای لیوا بزانم ئەو دوکەڵو تەقەیە چیە لەناوچەی بەعشیقە ئەو کاتەی هەموویان ئاگر تێبەردابوو ئاسمان ڕەشو هەموو دوکەڵ بوو هیچ دیار نەبوو.

کاتێك هاتینە بارەگای لیوا ئەوکات (شەهید خالید) وتی دەچینە لۆفەکان لای لیوای (٧) لە لۆفەکانی بەعشیقە بوو منیش ئەوکاتەی جێگری سریەی اسناد بووم ئامر لیوام (عەمید سەید جواد) وتی دوو هەمەری لەگەڵ (شەهید خالید) ببە بۆ لۆفەکان لە لیوای (٧) تەقەیان لەسەر بوو بەڵام وەك و هاورێ و ڕەفیق لەگەڵ (شەهید خالید) چووم، کاتێك گەیشتینە لۆفەکان هەندێك لەبرادەرەکانی لەلیوای (٧) بوونو فەرماندەی فەوج بوون، ئامر فەوجەکە لەلیوای (٧) پێکەوە چونە خوارەوە بۆ ناو ڕەبایەکان هێزی دیموکرات لەوێ بوو چەند نوقتەیەك عایدی ئەوان بوو، جێگر لیواکەشمان لەوێ بوو لیوای (٧)



(عەقید عبدالواحد) چوونە ئەوێ لەناو ڕەبایەکە چایان دەخوارد و تەقە گەرم بوو بۆ هێرش هێنان بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە لیوای (٧) لەلۆفەکان.

(عەقید خالید)یش لەو کاتەدا سەری بەرز کردەوە و گولەیەکی قەناس بەر ناوچاوانی کەوت و بریندار بوو هەر لەو کاتەیشدا سەیارەمان هێناو بارمانکرد و ڕەوانەی نەخۆشخانەمان کرد بەڵام بەداخەوە نەگەیشتە نەخۆشانەو لەوێ شەهید بوو.

(شەهید عەقید خالید) ناسراوە بە (خالیدی سێ قوچانی) پیاوێکی زۆر باش و چاو نەترس بوو، پێشمەرگەیەکی کۆنی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بوو پێش شەڕی داعش لە لیوای بەڕێز (مام جەلال) بوو لەبەغداد دوای گەڕانەوەی لەسکرتاریەت هات لێرە فەرماندەی فەوجی (١) بوو لیوای (١١٢) بەڵام خەڵك زۆر لێی ڕازی بوو، پیاوێکی قارەمان و چاونەترس و قسەخۆش‌و دڵسۆز بوو هەموو بۆ شەهیدبوونی موتەئسیر بووین.

# ڕائد اسکندر برادۆستی

من ناوم (ڕائد اسکندر برادۆستیە جێگری فەوجی (١)ی لیوای (١١٢).

لە (٢٠–١٠–٢٠١٦) بەرنامەیەکی داڕێژرا لەوەزارەتی پێشمەرگە کە ئازادکردنەوەی (فازڵیە و سماقەو چەنچیە)و ئەو گوندانەی دەوروبەری (بەعشیقە) و تا (خازر) بەرنامە داڕێژرا کە فەرماندەکان ئێمە وەك لیوای (٧)و لیوای (١١٢) ئێمە لەلای (ناوەران) هاتین وە ئەوانیش لەلای (بەعیشقە)وە بێن بەرنامە هەبوو جادەو جادە خولێك بدەینەوە.

(بەعشیقەو فازڵیەو عومەر قامچی) هەموو بخەینە پشت خۆمان‌و پشت لەدوژمن بگرین وە بەرنامەکە لەلای ئێمە زۆر بەسەرکەوتوانەوە ئەنجام درا ئێمە هاتین شوێنەکانی خۆمان گرت لەگردەکانی بەرامبەر فازڵیە بووین ئێوارە سەعات (٤) شەڕێکی زۆر قورس دەستی پێکرد و سێ سەیارەی داعش کە ئینتیحاری بوون هاتن لەناو هێزی پێشمەرگە خۆ بتەقێننەوە، یەکێکیان هاتە ناو هەمەڕەکانی فەرماندە (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا) قواتێکی بۆ ئێمە ناردبوو لەپێشەوەی سەنگەرەکان بوون و خۆی بەناو ئەواندا تەقاندەوە بوو هۆی چوار برینداری سەخت.

ئێوارە (فەریق جەمال) هات لەگەڵ فەرماندەکەمان (سەید جواد) وتیان دەبێ ئەو گردە بگیرێت، گردێك هەبوو لەبەرامبەر فازلیە وتیان دەبێ بگیرێت هیچ عیلاج نیە ئەگەرنا داعش پشت لەهێزی پێشمەرگە دەگرێت، ئەبێ فەرماندەیەکی چاونەترس بچێتە ئەوێ (سەید جواد) بانگی منی کرد وتی ئەو گردە ئەمشەو عایدی تۆیە دەبێ بیگری و وەعدمان بدەیتێ کە لەو گردە بکوژرێیت هەڵنەستی منیش وەعدم دا گوتم وعد بەخاکی کوردستان ئەدەم



کە لەسەر ئەو خاکە بکوژرێم لێ نەگەڕێم کە دوژمن زاڵ بێت بەسەر هێزی پێشمەرگەدا ئەو گردەیان پێ سپاردم و قواتێکم لەگەڵ خۆم بردوو تا چوینە ئەوێ لەوێ شەڕ دەستی پێکرد، شەڕی دەستەویەخە بوو شەڕێکی قورس و گردەکەمان گرت و لەگردەکە بووین جیهازی کرد فەرماندە گوتی (رائد اسکندر) چیت بۆ بنێرم وتم ئەگەر بکرێت دوو هەمەرمان بۆ بینێریت ئەگەرنا ئێمە لێرەین و دڵنیایی بەخەڵکی کوردستان ئەدەین و ئێمە هەڵناستین لێرە تا هەموومان نەکوژرێین لەوێ ماینەوە شەڕ تابەیانی بەردەوام بوو.

بەیانی حەرەکەمان کرد بۆناو غاباتەکەو تەقەیەکی زۆر بوو، حەفارەیەك هات خەندەق لێ بداتو حەفارەکەشیان سوتاند، داعش بەقازیفە لێیدا بەڵام توانیمان ئەو جێگایەش بگرین و کۆنترۆڵی بکەینو ئازادی بکەین، ئەو جێگای بۆمان دانرابوو بەزیاترەوە گرتمان بەبێ زیان، لیوای (٢) وەزارەتی پێشمەرگەشمان لەگەڵ بوو (مقدم نەجات) کوڕێکی زۆر قارەمان بوو جیهازی بۆ کردم وتی هەرچیت پێویستە بۆت دەنێرم چونکە جێگەت حەساسە دەبێ تۆ ئەمشەو لەوێ بیت ووتم هیچم پێویست نیەو ورەی پێشمەرگە زۆر بەرزبوو وەهێزەکانی پشتیوانی (٢) تابەیانی لەسەرخەت بوون و فازڵیەمان ئازادکردو شوێنەکانی خۆمان گرتو بەسەرکەوتوویی بەڵام کاتی شەڕەکە لەسەعات (٤)ی ئێوارە شەڕێکی زۆر قورسو دەستەو یەخەبوو بووە هۆی برینداربوونی پێشمەرگەیەك بەناوی (شێرزاد) برازای ئامر فەوج بوو بەگولەی قەناس بریندار بوو، بەڵام زوو گەیاندمانە نەخۆشخانە و ئێستا تەندروستی زۆر باشە لەگەڵ ئەو شەڕە قورسەی کە کردمان زیانی گیانی تەنیا برینداربوونی پێشمەریەگ بوو.

# نائیب زابت تەها مستەفا عەزیز

نائیب زابت تەها مستەفا عەزیز فەوجی (١) لیوای (١١٢)

لەشەوی (١٦/١٧-٢٠١٦) لەسەر چیای بەعشیقە بووین لەئامادەباشیدا بووین و بەڕێ کەوتین بۆ هجوم لەسەعات (٤)ی بەیانی ساترەکەمان شکاندو هێزی پێشمەرگە دەستی بەهجومەکە کردو شەڕێکی قورس هجومێکی بەرفراوان بەسەرپەرشتی (عەمید جواد) ئامر لیوا بەڕاستی ڕۆژێکی کاریگەر بوو وە بەسەرپەرشتی ئامر فەوجەکەمان (مقدم مام زیاد) دەورێکی کاریگەریان هەبوو هاتینە یەکەم گوند (خور سوبات) لەیەکەم گوند ڕزگاربووین هاتینە (فازلیە) لەوێ بەڕاستی وەزعێکی زۆر خراپ بوو شەڕێکی گەرم دەستی پێکرد و مقاوەمان کرد، هێزی پێشمەرگە بەورەیەکی پۆڵاین بەرپەرچمان دانەوە و تێکمان شکاندن و لەڕۆژی دوای ئەو شەڕە کە دەیکردە (١٨)مانگ ئینتحاریەکان دەستیان پێکرد شەهید و بریندارمان هەبوو بەڵام توانیمان بەسەرکەوتوویی بەجەبهەکەدا سەربکەوین و دواتر هەموو مەوقیعەکانمان گرت و دەستمان بەسەر گوندەکاندا گرتوو پاکمان کردەوەو چەندین داعشمان بەدیل گرت و ڕەوانەی سەرەوەمان کردن و داعشەکان خەڵکی (عمر قامچی) بوون و ئەمیری داعشەکان بوو خوتبەی بۆ ئەدان ئەو داعشانەی ئینتحاریان کرد بە(فۆرد) بوون لەناو زەیتونەکان هاتنە دەرەوەو هێزی پێشمەرگە تەقەی لێ کردوو تەقاندیانەوە، نەیانهێشت بگاتە سەنگەرەکان.

بەڵام بەداخەوە هەمەرێك خۆی بەهێزی پشتیوانی (٢) تەقاندەوە و شەهیدێك و (٨) برینداریان بوو وە بەتەواوبوونی ئۆپەراسیۆنەکە سەنگەرەکانمان پاك کردەوەو ڕێکمان خستنەوەو وەلەئێستادا وەزعەکە زۆر باشەو ئێمەش لەسەنگەرەکانی پێشەوەی ڕۆژهەڵاتی موصڵ جێگیرین.



# مستەفا حوسین ئەبابکر

من ناوم (مستەفا حوسین ئەبابکر) جێگر فەسیلم نایب زابت دەرەجە (٨) لەلیوای (٧) پیادەی سۆران لەفەوجی (٣) سریەی (٨).

من کە یەکەم جار بەشداری شەڕی داعشم کرد لە (١٩-١٢-٢٠١٦) هاتینە ڕەبیعە لەوێشەوە هاتین بۆ (سنون) شەوێك لە (سنون) بووین دواتر هجوممان کرد بۆ (شنگال) کاتێك هاتینە شەنگال لە سەنگەرەکان خۆمان جێگیرکردوو سەعات (٤)ی ئێوارە بوو بەشەڕێکی قورس تا دنیا تاریك بوو بەردەوام بوو ئاسمان هەور بوو باران دەستی کرد بەبارین و چووین نان بخۆین، بەشێك لەپێشمەرگەکانمان بەدل کرد لەو کاتەدا هاوەنێك هات لەناومان درا و (٥) پێشمەرگە بریندار بوو، شەوێکی زۆر سەختو ساردبوو دووهەم شەوی زستان بوو تا (٦)ی بەیانی ئێمە لەسەنگەرەکاندا ماینەوە بەبێ خواردن نەمانتوانی بۆ چرکەیەك ئیسراحەت بکەین، بەیانی گەڕاینەوە بۆ سەنگەرەکانی دواوەو تا (١٥) ڕۆژ لەوێ لەسەنگەردا ماینەوە دواتر گەڕاینەوە ئەم سەنگەرانەو تا ئێستا لەناو شاری شەنگال بەردەوامین لەپاراستنی خاك.

# نعمت ڕەسول حسین

من ناوم (نعمت ڕەسول حسین)ە لەفەوجی (٣) سریەی (١).
مانگی (١٢) ساڵی (٢٠١٤) بۆ ڕزگارکردنی شنگال بەڕێ کەوتین بەچیای شەنگال دا سەرکەوتین لەڕێی سنونەوە ڕۆیشتین کاتێك داخڵی شنگال بووین توشی شەڕێکی قورس بووین لەگەڵ داعش دواتر بەرەو دەستە ڕاستی شنگال لاماندا شاخێکی لێ بوو بەو شاخەدا سەرکەوتین، نزیك بەسەعات (٣)ی نیوەڕۆ بەردەوام بوو ئەوەبوو بەهاوەن (٥) پێشمەرگەمان بریندار بوو، بریندارەکانمان ڕەوانەکرد، شەوێکی سەختی زستان باوو باران و سەرما بەو شاخەوە یەکێك لەپێشمەرگەکان کەناوی (سامان) بوو پێکەوە لەیەك سەنگەردا بووین هەموو گیانمان تەڕبوو، ئەو شەوە لای بەرەبەیانی بوو (سامان) وتی (کاك نیعمەت) ئەمن گیان لەدەست ئەدەم زۆرم سەرمایە کە ئاورم لێ دایەوە هیچی پێوە نەمابوو باوەشم پیاکرد و برێك ڕامشەقاند تۆزێك هاتەوە سەرخۆ دواتر وتم هەڵسە بجوڵێ و دواتر برێك هێنامان‌و بردمان نەشمان دەتوانی زۆر لەشوێنی خۆمان بجوڵێین یان بچینە ئەودیو ساترەکە داعشی لێ بوو شەوێکی تاریك و بارانێکی زۆر سەخت بوو بەلای من ناخۆشترین شەوی پێشمەرگایەتیم بوو.

# کەمال محمد محمود

من (کەمال محمد محمود) ناسراو بە (کەمال خەزێنە) لە لیوای (٧) پلەکەم رەئیس عورەفام سریەی (١)ی فەوجی (٣).

ڕۆژی (٣٠-٦-٢٠١٦) فەرمانمان پێ کرا کە بێین بۆ بەرەکانی جەنگ لەشەنگال کاتێك گەشتینە شەنگال سەنگەرمان توندو تۆڵ کرد بەڵام ڕوبەڕووی هاوەن و دۆشکەو قەناس و هەموو جۆرە چەکێك بووین، ئێمەش بەهەمان شێوە وەڵاممان ئەدانەوە، ڕۆژانە هاوانی زۆرمان بۆ دێت و کات و ساتەکانی دیار نیە هاوەنیش چەکێکە تا بەعەردەکە نەکەوێت پێ نازانی بەڵام یەکێك لە ناخۆشترین هاوەنەکان کە بۆمان هات لەڕۆژی (٥-٧-٢٠١٦) ئێوارەیەك لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە دانیشتبوین خەریکی چا خواردنەوە بووین هاوەنێك هات تێپەڕی بەسەرمانداو لەدووری ئێمە دراو هیچ زیانێکی نەبوو بۆمان بەڵام ئیتر ئاگادار بووینەوە بۆ هاوەنی دووهەم و هاویشتیان ئامر سریەکەمان (رائد سلیمان محمد مەولا) لەو شوێنە بوو کە لێ درا بەڵام بەرلەوە ئەوان لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە هاتنە ئەولای سەنگەرەکان و خۆشبەختانە هاوەنەکەیان بەرنەکەوت.

ئەو ڕۆژە زیانی گیانیشمان نەبوو تەنیا زیانی مادی نەبێت پارچە بەر سەیارەکانمان کەوتبوو ساچمەیەکی زۆر لە دەورمان بڵاو ببووەوە، ڕۆژانە ڕوبەرووی چەندین هێرشی بەم جۆرە دەبینەوە ژیانمان سەخت و لەمەترسیدایەو لەگەڵ ئەوەش گەرمایەکی زۆرە لێرە بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانە ئێمە کۆڵ نادەین دیفاع دەکەین لە سەنگەرو خاکی خۆمان تا دڵۆپێ خوێن لەجەستەماندا بێت.

# ڕائد نامیق فەریق حەسەن

من (ڕائد نامیق فەریق حەسەن) حەرەكاتی فەوجی (١) لیوای (١١٤) لەمجمعی شەهید بووین لیوای (٣-٩-١) ئەو شەوە دوژمن پلانی هەبوو هێرش بكاتە سەرمان ئێمەش ئامادەكاریمان بۆ كردبوو، سەنگەرسازی تەواومان كردبوو لەئامادەباشیدا بووین بەئامادەبوونی فەرماندەی فەوج (عەقید محمد قەیتول) خۆم (ڕائد نامیق، نەقیب فەرهاد، ملازم اول محمود) بووین لەچوار لاوە هێرشیان كردە سەرمان و ئێمەش بەتوندی بەرپەرچمان دانەوە دوای یەك سەعاتو نیو شەڕكردن دوژمن شكستی هێناو گەڕایە دواوە زیانێكی زۆریان هەبوو لەكوشتنو بریندار بەرامبەر بەئێمە هێرشێكی تریان كردە سەر سەنگەرەكان لەگوندی مرە بەداخەوە لەوێ لەبەرئەوەی ئامادەباشی نەكرابوو لەوێ زەرەروو زیانمان هەبوو بەڵام بۆ بەیانیەكەی هەموو شوێنەكان ئازادكراو هێزی پێشمەرگە سەركەوتنی گەورەی بەدەست هێنا.

بیرەوەریەكی خۆش ئەوەبوو كە هەموو شەو لەئامادەباشیدا بووین پێیان ڕاگەیاند بووین كە هێرش دەكرێتە سەرمان بەڵام هێرشەكە نەدەكرا دواتر شەوێك لەگەڵ هەڤاڵێك قسەمان كرد وتی كە گوایە هێرش دەكرێتە سەرتان ئێمەش وتمان هەموو شەو چاوەڕێین لەقسەكان تەواو بووین و هێرش كرایە سەرمان پێشمەرگە بەچەكێكی ژەنگاویەوە قارەمانیەتی تۆمار كرد لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژووی كورد ئێمە هەر لە شەڕو چەوسانەوەدا بووین بۆیە لەڕووی شەڕەوە زانیاری باشمان هەیە كورد هێزێكی ئازاو شەڕكەرە، پێشمەرگە هەموو كات شەڕی كردووە دیفاعی كردوەو ئامادەیە خۆی بەخت بكات لەپێناو خاكو گەلەكەیدا، سەركەوتنەكانیش شاهیدی ئەوەن، ئەو داعشەی هجومی هێناو



لەسەدا چلی خاکی عێراقی داگیرکرد بەڕوبەڕووبونەوەی پێشمەرگە لەلایەن پێشمەرگەوە شکستی پێ هاتو پاشەکشەی پێ کرا.
لەشەڕەکەی (مەکتەب خالید) ئێمە بەشدار نەبووین ئێمە لە ناوچەی (خەبازە) بەشدار بووین لەسنوری مەلا عەبدولاَ بەلاَم بۆ کاتی هێرش کردنەوە هاتینەوە بۆ (مەکتەب خالید) بەداخەوە کۆمەڵێك پێشمەرگە شەهیدکران و بەدیل گیران بەلاَم دواتر توانیمان سەرکەوتن بەدەست بهێنین و هەموو ناوچەکان لەژێر دەسەلاَتیان دەربهێنین خەسارەتێکی زۆریان لێ کەوت تیرۆریستانی داعش و کوژراوێکی زۆریان لێ بەجێ مابوو.

# ملازم اول ئازاد غەریب سەعید

من ناوم (ئازاد غەریب سەعید) ملازم اول لەفەوجی (١)ی لیوای (١١٤) سریەی (٣).

ئێمە ئەوکاتە لەمجمعی شەهید بووین ئاگادار کراینەوە کە ئەمڕۆ شەڕەو هەموو لە ئامادە باشیدا بووین بەیاوەری فەرماندەو برا پێشمەرگەکانمان ئێمەش بەسەربەرزیەوە چووینە نوقتەکانی خۆمان کات بوو بە (١٢:٧) دەقیقەی شەو لێمان دراو شەڕ دەستی پێکرد، (١)یەك سەعاتو (٤٥)چلو پێنج دەقیقە شەڕەکە بەردەوام بوو بەبێ شەهیدو بریندار دڵخۆش بووین بەوە بەبێ زیانی گیانی سەرکەوتنمان بەدەست هێنا دواتر گەڕاینەوە بۆ مەقەرەکانی خۆمان شوێنی حەوانەوەمان گوندێکی گەورە بوو نزیك (٢٠٠) ماڵی لێ بوو ئێمە (٣) فەوج بووین لەسێ قۆڵەوە لێیان داین فەوجی (٣-٢-١) ئەو کاتەی ئێمە لەلایەن سەرکردایەتیەوە ئاگادار کراین بۆ ئەو گوندە، کاتێك چووین خەڵکی تێدابوو دواتر خەڵکەکانیمان ئیزندانو گوندەکەیان چۆڵ کرد.

دواتر ئێمە دڵنیابووین لەوەی هێرش دەکرێتە سەرمان لەبەرئەوەی خەڵکی ئەو گوندەمان ئیزن دابوو گوندەکەمان پێ چۆڵ کردبوون بەحوکمی ئەوەی بەشێکی خەڵکی ئەو گوندە پەیوەندی بەداعشەوە هەبوو تەنانەت خۆشیان داعش بوون، موختاری گوندەکەیان ناچار دەکرد زانیاری ئێمە بداتە داعش وە زانیاری داعشیشی بەئێمە ئەدا، وە پێی دەوتین کە ئەو گوندە چەند کەس سەر بەتیرۆریستانی داعشن دوای ئەوەی کە داعش هێرشی کردە سەرمان خۆیان وتبوویان کە موختارەکە بەئێمەی وتووە گوندەکە هێزێکی کەم و لاوازی پێشمەرگەی تێدایە چەكو تەقەمەنیان پێ نیە بەڵام بەبوێری هێزی



پێشمەرگە ئەو شەوە کە لێیان دان وەك ئەوە وابوو هەموو ئەسلەحەیەکمان پێ بێت و بەبێ زیان گیانی سەرکەوتنمان بەدەست هێنا.

تاڵترین بیرەوەریم لەشەڕەکاندا ئەوەبوو کە (شەهید شێرکۆ) شەهید بوو، خۆشترین بیرەوەریم ئەوەبوو کە فەرماندە (محمد قەیتولی) بووە ئامر فەوجمان لە فەوجی (١). یەکێکی تر لەبیرەوەریەکانم ئەوەبوو کە ئەو ڕۆژەی (خەبازە) هێرشیان کردە سەرمان سەعات (٧) بەیانی بوو مام برایم هاتە لام وتی (کاك ئازاد) چی بکەم وتم پۆلێك پێشمەرگە چوونەتە ئەو پەنایەوە بۆشەڕی دەستەویەخە تۆش لەشوێنێك خۆت جێگیر بکە وتی چەرخت پێیە وتم بەڵێ وتی با ئەو جگەرەیەم پێیە بیخۆ، بەلای من بیروەریەکی ناخۆش بوو کە دوابەدوای ئەوە شەهید بوو.

کە کاتی هێرش کردنەکە شەڕێکی قورس دەستی پێکرد هەموو پێشمەرگەو زابتەکان و خەڵکی مەدەنی هاتن بەهانامانەوە لەگەرمەی شەڕەکە دووجار فیشەك و تەقەمەنیان بۆمان هێنا، قواتێکی زۆر هات بەهانامانەوە ئەو ڕۆژە شەڕێکی سەرکەوتوو بوو بەڵام بەداخەوە کە (شەهید ئیبراهیم حمە ساڵح) شەهید بوو.

# نەقیب فەرهاد نەجمەدین خواڕەحم حسین

من ناوم (نەقیب فەرهاد نەجمەدین خواڕەحم حسین) فەرماندەی سریە لەلیوای (١١٤) فەوجی (١).

شەوی (٣١-١-٢٠١٥) لە (خەبازە) بووین ئەو شەوەی شەهید شێركۆ شەهید بوو هێرشێكی بەربلاویان كردە سەرمان لیوای (١١) شكابوو لیوای (١) شكابوو هاتنە سەر كێلگە نەوتی (خەبازە) بەهێزێكی زۆرەوە زیاتر لە (٦٠٠)كەس زیاتر بوون هێرشیان كردە سەرمان سەعات (٧)ی بەیانی شەڕێكی دەستەویەخەی قورس دەستی پێكرد، (شەهید شێخ برایم حەمە سالح) شەهید بوو زیاتر لە (٢٥) لاشەی داعش بەجێما.

ئێمەش هێزێكی كەم بووین بەلام شەڕێكی قورسمان كرد بەلام شكاین و گەڕاینەوە دواوە بەرەو گوندی ئیدریس خوباز هجمومان كردو ئەوێمان گرتەوە كاتێك لاشەی داعشەكانمان كەوتە بەردەست بڕێكیان جلی پێشمەرگەیان لەبەركردبوو لەكاتێكدا لیوای (١) و (١١) كشابونە دواوە دەستیان بەسەر كەلوپەلەكاندا گرتبوو بەكاریان هێنابوون، ناسنامەی داعشەكان (عێراقی - ئەفغانی - ئەجنەبی) تێدابوو، دواتر لەگەڵ شارەوانی كەركوك قسەمان دەكرد لاشەكانمان ڕەوانەی ئەوێ دەكرد ئەوان لەچاڵیان دەنان، یادێك لە (شەهید ئیبراهیم حمە سالح) كەپیاوێك بوو دڵسۆزو قارەمان بوو كە لە بەرەبەیانی (٣١-١-٢٠١٥) لە كێڵگەی نەوتی (خەبازە) شەهید بوو.



# ڕائد سلێمان حمد عەولڵا ناسراوم بە قاعید

لە (١٩–١٢–٢٠١٤) فەرمانمان پێکرا بە رەو شەنگال بچین لەچیای باشیکەوە هاتین بۆ ڕەبیعە، (٢٠–١٢–٢٠١٤) هجوممان کرد بۆ سنون لەوێشەوە بۆ شەنگال لە (٢٣/٢٢) گەیشتینە دەروازەی شەنگال لەوێ تا (٧:٣٥) دەقیقەی شەو شەڕ بەردەوام بوو، شەو چووم نانم بۆ پێشمەرگەکان هێنا لای ئامرەکەمان لەوێ کە نانەکەمان هێنا لەشوێنێك ئەمانمان دانا بۆئەوەی پێشمەرگەکان یەك بەیەك ناردمان نان بخۆن لەدوای سەعات (٨) شەو پێنج پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم برد چوین بۆ ئەو شوێنەی پێشمەرگەکان نانیان لێ دەخوارد وە لەو کاتەدا تەقە دەستی پێکردو هاوەنێك هات خۆم و (٥) پێشمەرگەمان بریندار بووین و پێشمەرگەکان هاتن بەهانامانەوەو بەرەو جادەکە ڕۆیشتین و لەوێشەوە بەرەو چیای شەنگال ڕۆیشتین و لەوێشەوە بەرەو (نەخۆشخانەی دهۆك) بردیانین دوای فەترەیەك تەندروستیمان باش بوو گەڕاینەوە سەنگەرەکان وە لە ئێستاشدا لەناو شاری شەنگالین و تەنیا (٥٠) مەتر لەتیرۆریستانی داعش سەنگەرمان دوورە لێیان، زۆر جار بەهاوەن و بەقەناس ڕووبەڕوو دەبینەوە بەرپەرچیان ئەدەینەوە.


# ڕائید گۆران مەجید ئەحمەد

من (ڕائید گۆران مەجید ئەحمەد) لیوای یەکی پیادە.

ئەوەی جێی باسە کەمن بیگێڕمەوە لەم یادەوەرییە، ئێوارەی ٢٠١٥/١/٣٠ ئێمە ئەوکاتە لەفەوجی سێ بووین خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بوین لەسەر دوژمن دیار بوو ئەو ڕۆژە دوژمن خۆی کۆدەکاتەوە و دەیەوێت پەلاماری شاری کەرکوك بدات بیەوێت نیازە گڵاوەکانی خۆیان بەدی بهێنن لەو کاتەدا بیانەوێت گەلەکەمان ئازار بدەن نەتەوەکانی کەرکوك ماڵ وێران و دەربەدەر و کوشتن و بڕین دروست بکەن چۆن لەمێژودا کوشتن و بڕینیان هێناو نەهامەتی و کوێرەوەرییان بۆ ئەم میللەتانە هێنا ویستیان ئەوە دوبارە بکەنەوە بەسەر نەتەوەکەماندا ئێوارە ڕۆیشت نزیکەی گەیشتە سەعات ١١ ی شەو ئێمە لەسەر سکەی قیتارەکە بووین و کە فەوجی ٣ لیوای یەکی پیادە دانیشتبوین خێمەیەکمان هەبوو ئەو کاتە موقەدەم (چالاك )جێگر فەوجمان بوو، نەقیب هەوراز جێگری ئامر سرییەی دوو بوو ئێمە لەگەڵیان دانیشتبووین لە ژێر ئەو خێمە چایەکمان خواردەوە لەبەر ئەوەی ئەو شەوە دنیا زۆر سارد بوو ووتمان کەمێك دەروونمان گەرم بکەینەوە کەمێك تاقەت و هێز بێتە گیانمان ئەوەش نەبوو بەس خۆمان چا بخۆین پێش ئەوە بڕیارمان دا هەموو پێشمەرگەکان ئەوانەی لەناو نوقتەکە دانیشتوون ئەوان چایی بخۆن، دواتر ئێمە چا بخۆین چامان خواردوو پەیتا پەیتا لەڕێی تەلەفوونەوە هەواڵیان پێمان ئەدا کە داعش ئەمشەوو نیازی پەلاماردانی هەیە ئێمەش هەموو ئامادەکاریمان کردبوو بەڕاستی ئەوشەوە تەمێکی زۆر بوو، تەمێك بوو لە نزیکەی ٥٠ مەتر کەست نەدەبینی کات ڕۆشت گەیشتە دەوروبەری ١٢:١٧ دەقیقەی شەو داعش



هێرشەکانیان لە یەکەم شوێن کەدەستیان پێکرد لەسەدی نەهرەوانیان دا کەلە ئێمەوە ٥٠٠ مەتر دوور بوو، ئەوکاتە برادەرانی فەوجی چوار لەوێ بوون لە ئاست ئەو برادەرانە کاریگەر بوون زۆر خۆڕاگرانە بەرگریان ئەکرد گیان لەسەر دەستانە شەڕێکی باشیان کرد، ئەوەی لەیادم بێت ئەو برادەرانەی ئەو کاتە لەسەر ئەو جسرە بوون (ڕائید حسێن ناسر) ئەو لەوێ بریندار ئەبێت دواتر (نەقیب ئیدریس عوسمان عەبدولرەحمان)لەوێ بریندار ئەبێت ئاگامان لێ بوو ئێمە لە سەر پردەکە بووین تەقەمان دەکرد، پێم خۆشە لێرە ناوی هەندێك پێشمەرگەی قارەمان ببەم کە لەو شەوانە لەگەڵمان بوون زۆر بە توانا بوون، یەکێك لەوانە ئەم بەشدارەی کە لە تەنیشتم دانیشتووە لەگەڵمان بوو لەگەڵ مام لەتیف و ڕێباز حیمایەی مام چالاك بوو، نەقیب وەلامێکمان هەبوو هەر کوڕێ زۆر بەتوانا بوو ئەو شەوە خەریکی شەڕ بووین، تەقە دەهات و تەقەمان دەکرد ئێمە زۆر شوێنەکەمان ئاسیی وەرگرتبوو، شەڕی خۆمانمان دەکرد، ئاگادار بوین لەو کاتەدا لەفەوجی چوار شەڕ زۆر گەرم بوو دووری ئەوانیش لە داعشەوە زۆر نزیك بوو مەسافەی نزیکەی ٦٠ بۆ ٥٠ مەتر دەبوو، ئاگادار بوین عەمید شێرکۆ فاتح شوانی ئامر لیوای یەك خوا لێی خۆش بێت بەخۆی و هێزەکەیەوە خۆی گەیاندە ناو جەرگەی فەوجی چوار لەوێ شەڕەکە زۆر گەرم بوو، بەداخەوە شەهید بوو لەوێ نەقیب موحتەسەم هەبوو کە ناسرابوو بە محەمەد جەمال سدیق بەڕاستی خۆی لەماڵ بوو نەخۆش بوو، وتیان ئێوارە خۆی پێ ڕانەگیرابوو گەڕابوەوە خۆی و سێ برای هێنابوو لەگەڵ خۆیدا، کە براکانی لەم لیوایەش پێشمەرگە نەبوون، بەڕاستی چوار ئاربیجی لەو نوقتەدا کە داعش بەنیاز بو ساتری هێزی پێشمەرگەی پێ بکاتەوە، دوای ئەوە تەقینەوەی پێ بکەن کە هەواڵی شەهید بونی کاکە شێرکۆی پێ دەگات و وتبوی دەبێت منیش لێرە شەهید ببم نەهێڵم جەنازەکەی دەست ئەوان بکەوێت ئەوە






بوو پەیمانەکەی خۆی هێنایە دی خۆشی لەوێ شەهید بوو تاجەستەی کاك شێرکۆ ڕزگار کرا لەوێ دواتر براکانی شەهید محمد خۆیان براکەی خۆیان هێناو ڕزگاریان کرد.دواتر ئێمە لەشوێنی خۆمان ماینەوەو خەریکی بەرگری کردن بووین لەوکاتەدا هەندێك لە برادەران لەلیواوە لەوانە بەڕێز موقەدەم هارون کە عەمەلیاتی لیوامان بو گەیشتە لامان، بەڕاستی بۆ ئێمە ورەیەکی کاریگەر بوو زۆر ناخۆش بوتۆ لەنزیکی پێنج سەد مەتر لێتەوە فەرماندەی لیواکەت شەهید بکرێت ئەمە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر وورەی هیزەکانمان بەڕاستی ئەوەی کاکە هارون گەیشت و دواتر بەڕێز عەقید سمو ئامر فەوجی چوار گەیشت.کۆمەڵێك ئەفسەری بەتواناى لەگەڵدا بوو لەوانە بەڕێز نەقیب هەمزە ونەقیب عەباس ئەم برادەرانە گەیشتنە ئەوێ توانیمان بەرگریەکی باش بکەین هەر بۆئەوەی ئەم مێژووە لەیاد نەچێت.هەر ئەو شەوە کۆمەڵێك ئەفسەری بەتوانای فەوجی سێ زۆر لەدورەوە گەڕانەوە بۆ سەنگەرەکانی خۆیان بۆ بەرگریکردن نەقیب هێمن و ڕائید کەمال و ملازم نەوزاد و ملازم مەسعودیش هەر ئەو شەوە لەگەڵماندا بوون، بۆ ئەوەی لەیادم نەچێت کاکە شێرکۆ بەتەنیا ئەوەنە بوو خۆی لەلیواکەمان شەهید بوو کۆمەڵێك پێشمەرگە و حیمایەی خۆی شەهید بوون کۆمەڵێك ئەفسەریشی لەگەڵدا بوو ئەوانیش بریندار بوون یەکێکیان نەقیب عەلی بابە شێخ مولازم ئەوەل ئومێد بەڕاستی خەڵکی ئازا و تێکۆشەر و بەتوانا بوون.



# ملازم ئەوەل هیوا

ناوم (ملازم ئەوەل هیوایە) دەرچوی کۆلێژی قەلاچۆلانم.

بۆ ماوەی ٥ ساڵە لەلیوای یەکم لێرە دەوام دەکەین ئێمە پێشتر بەشداری شەڕێکمان نەکردووە بەس لەمدواییە بەشداری شەڕی داعشمان کردوەو سەرجەم شەڕەکانی کەلەسنوری لیوای یەکدا ڕوی داووە من وەك خۆم لەمەکتەب خالید بوم ئەو شەوەی کە ئەو شەڕە بوو کۆمەڵێك برادەرمان بەدیل گیران کۆمەڵێك برادەری تریشمان شەهید بوو لەو شەڕەدا، ئەو شەوە بەڕاستی شەڕێك بوو ئەو شەڕەی مەکتەب خالید کە شەڕێکی کرد شتێکی زۆر نمونەیمان کرد ئێمە توانیمان کە نەهێڵین لە سەیتەرەکەوە داغڵ بێت دواتر پشتمان گیرا هەندێکمان توانیمان دەرباز ببین هەندێکی تریشمان بەدیلی کەوتە بەردەستی داعش ئەو شەوەی کە هەندێك لە برادەرانمان شەهید و بەدیل گیرا لەسەر ساترەکە وەستابووم لەشوێنێك بووم فیشەك زۆر بۆمان دەهات لەبەرامبەر بینا زەردەکە سوتفە مەخزەنەکەم فیشەکی تیا نەما دانیشتم مەخزەنەکە بگۆڕم برادەرێك هاتە شوێنەکەم ناوی عەلی بوو، من ئەوەم قەت لەبیر ناچێت کەهاتە شوێنەکەم تەقەی کرد هەر لەیەکەم فیشەك بەری کەوت و کەوتە باوەشی من، من ئەوەم قەت لەبیر ناچێت تەنها ٥ سانیە نێوان شەهید بونی ئەوو من بوو دوای ئەوە شەڕەکە بەردەوام بوو تاسەعات ٧ ی بەرەبەیان دوایی ئێمەپشتمان گیرا کەمێك هاتینە دواوە لای مەقەڕ فەوجی خۆمان دواتر ئەوەبوو هێزێك گەیشت پێمان ئەوەبو بۆ سەعات ١١ بو هێرشمان کردەوە و ڕۆیشتینەوە سەر شوێنەکەی خۆمان و ئەو برادەرانەی لەوێ شەهید بوبون



توانیمان جەنازەکانیان دەربکەین و کۆمەڵێك داعشی زۆر مردبوو نزیکەی چل نەفەر دەبوو بەدەستی فەوجی یەکی فەرماندەی فەوجەکەمان و برادەرانی فەوجی یەك.

# نقیب هەژار حەسەن

من (نقیب هەژار حەسەن )فەرماندەی فەسیل لەفەوجی یەك.
ئەوشەوەی کە تیرۆریستانی داعش هێرشیان بۆ ئێمە هێنا ئاخر هێرش بوو کەئێمە لەگوندی مرە بوین کە شەو هێرشیان هێنا سەعات ١٢:١٥ دەقە بوو بەر لەهێرش کردنیان زیاتر لە شەش هاوەنیان گرتە مرە دوو هاوەن لەناو مرەی دا هاوەنەکانی تر سەری کرد یەکێکیان لە سوڵتان مەرعی دا دێیەکە لەسەرەوەی مرە ئەوانی تر لەباشورو باکوری مرەی دا، پاشان هجومێکی چڕیان دەست پێکرد تیرۆریستانی داعش لە هەموو لایەکانی مرەوە هێرشیان هێنا لەدوای هێرشەکەدا تیرۆریستانی داعش بەهەموو شێوازێك هاتنە پێشەوە لەدوای بەرگرییەکی زۆر ئینسیحابمان کرد لەکاتی ئینسیحابەکەدا بەداخەوە کۆمەڵێك شەهیدمان دا لەسەر دەستی ئەم تیرۆریستانە لەوانە موقەدەم عەبدولاّ، عەریف ئومێد و کۆمەڵێك پێشمەرگەی تر بون یەکێکی تر بەناوی کاك ڕێبوار ئەوەی کە زۆر تەئسیری لەمن کردووە کەبیرەوەرییەکی خۆم برینداریێك بوو کەدام بەکۆڵی خۆمدا هێنام بەجێمابوو لەڕێگا بریندارەکە هیچ قورس بوو تەقە دەکرا بەلاّم بڕیارم دابوو بەجێی نەهێڵم بەداخەوە ئەو بریندارە لەبان کۆڵی مندا گیانی دەرچوو ئەوەیان زۆر کاری تێکردم تائێستا لەبیرەوەریەکانمدا قەت لەیادی ناکەم لەدوای ئەوە بۆ بەیانیەکەی بۆ چەند کاتژمێرێك دیارە داعش لەناو مرە مایەوە ئێمە دوبارە هێرشمان بردەوە مرەمان لەدەستی داعش ڕزگار کردەوە، کە گەیشتمە ئەویٚ شتێکی تر کەزۆر کاریگەری لەمن کردبێت تەرمی پێشمەرگەکان بوو تەرمی موقەدەم عەبدولاّو تەرمی پێشمەرگەیەکی تر بوو هەردوکیان بەتەك یەکەوە بەڕاستی بەشێوازێك لەدوای ئەوەی شەهید کرابون

بەسەیارەش کەوتبونە سەری دەمانچەو تەرمەکەیان کردبوە و بردبویان، لە کاتی ئەم هێرش بردنەدا ئەم دوو کارەساتەم بینی بەڕاستی لەیادەوەری مندا نارۆن هەر لەیادەوەری مندا بەتاڵی دەمێننەوە، شتێکی ترکەزۆر موهیمە ئەویش ئەوەبو کەشەو هێرشیان هێنا بەڕاستی لەهەموو لایەکەوە هاتنە پێشەوە ئێمە لەکاتی بەرگریدا بوین هێرشێکی زۆر چڕو پڕبوو ئێمە بەرگرییەکی تەواویشمان کرد بەڵام ئەوەی کەزۆر بەلامەوە ناخۆش بوو ئەمان هاتنە ناو دێکەو دەستیان کردە الله اکبر تەکبیر یەعنی کە گوایە ئەوان ئیسلامن و ئێمە کافرین لەهەمان کاتیشدا ئێمە هەمومان بەڕۆژو بوین و ڕەمەزان بوو کە ١٨ ی ڕەمەزان بوو هەمومان چاوەڕێ بوین پارشێو بکەین نان بخۆین، هەندێکمان هەبوو هەر شەونوێژیشی ئەکرد بەڵام بەداخەوە ئێمەیان بەکافر ئەزانی ئێمە کافر نەبوین بگرە ئێمە لەوان ئیسلامی ڕاستەقینەترین



# سالار محمد کریم

من (ناوم سالار محمد کریم )لیوای یەکی پیادەی کەرکوك فەوجی سێ سریەی یەك پلەکەم نائیب زابت پلە هەشت.

یەکەم جار سەرەتا شەڕی داعشمان بیستبوو بەس واش نەبوو ئێمە هاتین بۆ بەشیر لەوێ توشی شەڕێك بوین لەوێ کۆمەڵێك شورتەشی لێ بوو سەرەتا توشی شەڕ بوین کاك شێرکۆ فاتحیشمان لەگەڵ بوو هێرشمان کردو شوێنەکەمان گرت، بەڵام دوای ئەوان هەمەریان پێ بوو ئێمە هەمەرمان نەبوو ئەو کاتە چەکی قورسمان نەبوو سێ پێشمەرگەمان شەهید بوو تەرمەکانیان لەڕێی خۆڵەکەوە هاتەوەو یەکێکی تریشمان لێ وون بوو ناوی شەهیدەکان کاك سابیر ٩ کچی هەیە سێ کوڕیشی هەیە یەکیان جێ گربوو یەك منداڵی هەیە، محمدیش دوو کچی هەیە بەس محمد تا ئێستاش تەرمەکەیمان نەدۆزیوەتەوە مام ناسیح یش ئەم سێ تەرمە هاتەوە ئەمانە یەکەم شەهیدی لیوای یەکی پیادە میحوەری کەرکوك ئێستاش سەنگەرەکەمان لێرە لەپێشەوەیە شەوێك ئەم کاك ڕزگار شوکر حمە لاوەی کە ئێستا لامە خۆی بریندار بوو من پێش سەعات ١٢ بوو پێشمەرگەیەکم لەگەڵدا بوو کە ئێستا خۆی لێرە نیە وتی کاکە وامن دەڕۆم نانێك چایەك دێنم ناوی کاك حمەیە ئەو گەڕایەوەو سێ ئاربیجیان لێمان دا دەوری سەعاتێك شەڕمان کردوو شکاندمانن ئیتر کاك ڕزگار شوکر حمەلاو بریندار بوو لەو شەڕەدا تا بەیانی لەناو سەنگەر بووین و داعشمان شکاند ئەو کاتەی بریندارەکان زۆر بە ئاسایی وەرمان دەگرت ئیسعافی لێبوو دکتۆرمان لەگەڵ بوو، بەڵام ئەوی کاك شێرکۆ شەهید بوو ڕەنگە هەزار کەسیان خڕو کردبێت دووانیشیان خڕوە کردایە سیانیشیان خڕوە کردایە کێشەی ئەوەمان

نەبوو بەس ئەو درعە ئاربیجی نەیدەبڕی درعێکی گەورەبوو بەقەدەر گردێك بوو ڕێگای کردەوە ئەوە وای لێمان کرد چەکی قورسمان نەبوو کاك شێرکۆ شەهید بوو کۆمەڵێك بریندار بوون ئێستاش وورەی پێشمەرگە هەر بەرزەو هەر پۆلاًینە، مەگەر ئەم خاکە بڕوات قەت پێشمەرگە ناڕوات ڕوو ڕەشی بۆ داعش پێشمەرگە سەرکەوتووە.



# دیار جەلال محمد امین پەیام

من ناوم( دیار جەلال محمد امین پەیام ) ڕەیس عورەفای ئامر فەوجی یەک سریەی یەک لیوای یەکی پیادە سەر بەفەوجی سێ.

ئێمە سەرەتا وەکو ئەوەی گوێمان لەداعش بووە دەیان وت داعش هاتووە بەڵام داعشمان نەبینی بوو، بەڵام هێزە عێراقیەکان بنکەو بارەگای خۆیان جێهێشت بەچەک و ئەسلەحەوە بۆ تیرۆریستانی داعش لەبەر ئەوەی شکست بەهێزی پێشمەرگە بهێنن، بەڵام ئێمە هەر بەپەلە بەزوترین کات ئەو جێگایانەی ویستیان جێی بهێڵن ئێمە فریای کەوتین نەمان هێشت بکەوێتە دەست هێزەکانی داعش ئێمە کەبنکەیەک سەر بەجەیشی عێراقیمان گرت لەلای تازە سەر بەپارێزگای کەرکوکە ڕۆیشتین لەوێ ویستیان تەسلیممان نەکەن، ئێمەش کەزانیمان ئەوان دەیانەوێت تەسلیمی دەستی داعش بکەن نەمان هێشت دەستمان بەسەرداگرت دوای ئەوە دوو ڕۆژی نەخایەند داعش زانیمان نزیک بونەوە لە کەرکوک ویستیان پەلاماری کەرکوک بدەن کە کەرکوکیش نەک ئێستا بەبیرەوەری خۆمان خوێنمان تیا ڕشتوە تاماوین بەنەوەکانیشمانەوە ناهێڵین کەرکوک بکەوێتە ژێر دەستی دوژمنان لەوکاتەشدا کە گوندێکمان لێ نزیک بوو ئەویش کە گوندی بەشیرە هێزەکانی داعش ویستیان لەیوە هجووم بکەنە سەر پارێزگای کەرکوکە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی کەرکوک بەغدا کەویستیان ئەو ڕێگایە بگرنەوە ئێمەش هەر بە پەلەپەل بەبێ ئەوەی چەکی قورسمان پێ بێت بەبێ ئەوەی کەهێزی وامان پێ بێت ڕۆیشتین بەرگری لە کەرکوک بکەین بەڵام ئەوان هێزێکی زۆریان هێنا بوو بەهەمەرەوە و بەدۆشکەوەو بەهەموو جۆرە چەکێکی قورسەوە کە ڕۆیشتین پێشیان لێبگرین بەڵام بەداخەوە

چوار پێشمەرگەی قارەمان کەوا لەساڵی نەوەدەکانەوە پێشمەرگەن بەبێ دابڕان دانەیەکیان نائیب زابت تایر فەیزوڵا بوو کەدانیشتوی بەردە ڕەش بوو بەداخەوە پێشمەرگەی تریش محمد جەوهەر لەگەڵ ناسیح لەگەڵ جێگر جەلال دا لەوشەڕەدا شەهید بوون، بەڵام بەو چوار شەهیدە ڕێگریمان لێکردن ڕێگری لەو هێزە گەورە لەو هێزە ترسنۆکە ڕێگریمان کرد پێشیمان گرت نەمان هێشت زیاتر بێنە پێشەوە نەمان هێشت بێنە ئەو جێگایەی کە خۆیان بیانەوێت کەلەو دەقەوە هێزی داعش ورەی ڕوخا کەزانی هێزی پێشمەرگە بەتفەنگێکی ژەنگاویەوە پێشی لەوان گرت بەبێ ئەوەی کە چەکی تازە بگرینە دەستمان و بەبێ هیچ چەکێکی قورس پێشیمان گرت ئەوانیش کەبۆیان دەرکەوت کە پێشمەرگە چۆن هێزێکەو هێزێکی پۆڵایینە پێشمەرگە لەزووەوە ناوی پێشمەرگە بەرزە ئێمە وەکو پێشمەرگە یەعنی هاین لەپێش مەرگەوە ئێمە لەمەرگ ناترسین، کەچی چۆن لەو هێزە دەترسین کەچوار عەرەبی پاپەتی یان چوار بیانی بیان هەوێت خاك و وولاتمان داگیر بکەن کە ئێمە دڵنیاین خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی ناوچە دابڕاوەکان ناوچەی کەرکوك و هەر چوار پارچەی کوردستانیش کە ئێمە ئامادەین هەرکات و ساتێك پێویستیان بەهێزی پێشمەرگە بێت بەرگری دەکەین، دوا بەدوای ئەو شەڕانەی کەوا لەپێشڕەوی دا کە ویستیان لەوێ زەربەیەك بوەشێنن و نەیان توانی بۆ دووەم جار و سێهەم جار شکستیان هێنا، ئینجا ویستیان لەلای غاز شیمالەوە کەلەودیوەوە هجومێکی زۆر گەورەو زۆر فراوانیان کرد کە بەهەموو چەك و هەموو ئەوشتانەی کەهێز بڕوخێنێت بەڵام نەیانزانی کەهێزی پێشمەرگە کە ئەو هێزەیە بەهیچ چەکێك و بەهیچ شتێك ناڕوخێت لەوێش سوپاس بۆ پێشمەرگە کە لەوێش عەینەن بەرامبەر ئەو هێزەمان گرت و نەمان هێشت ڕاستە هەندێك پێشڕەویان کرد، بەڵام پێشڕەوییەکەی ئەوان زۆر کەم بوو پێشڕەویەکەی ئەوان بۆ لەحەزات



بوو کەوا ئەو پێشڕەویەی ئەوان وای کرد کەوا نەك ورەی ئەم میحوەرەی هەر هەمویان ڕوخاند لە عێراق کامل و لەسوریاش ئەو هێزە زیاتر لە سێ هەزار نەفەر بوون کە لەسەروی هەزارەوە کە تەرمی سەدانیان لەژێر دەستماندا کەوتبوو، کەبۆ تەرمەکانیان زۆر جار وەڵامیان ناردەوە کەبیان هەوێت تەرمەکان بەرنەوە بەڵام ئێمە قبوڵمان نەکردوو تەرمەکانیان لەژێر دەستی پێشمەرگە بوو ئەو پێشمەرگەی لەوەتای کورد هەیە بەرگری لەخۆی و خاك و شەرەف و ناموسی دەکات، ئەو هێزەی داعش کەهجومی دەکرد بۆمان نەیان دەزانی کەدەبێتە لەدەسدانی جێگایەکی خۆیان ئێمە سوپاس بۆ خوا لەمیحوەری کەرکوك بەکاملەوە لە میحوەری گەرمیان وەلە میحوەری گوێر مەخمور زۆر جێگامان لێیان گرتۆتەوە کە شکستی زۆر گەورەیان خواردووە ئێستاکەشی پێوە کەوا لەماوەیەکی کەم پێش ئێستا لەمیحوەری داقوق کەزیاتر لە ٣٣ گوند ڕزگار کراون بەبێ ئەوەی هیچ بەرگریەك بکەن جگە لەوەی کەبەس هەڵهاتنیان هەبووە، ئەوان زۆر بەترسنۆکانە کەوا لەگەڵ پێشمەرگەدا تەسەڕوفات دەکەن ئەو تەسەڕوفاتانە یان یەکێك لەو ترسنۆکانەی کەدەیان هەوێت پێشمەرگەی پێ بترسێنن ئەویش عەبوەکانە ئەویش ئەو جێگایانەی کەلەدەستی ئەدەن کە ناتوانن بەرگری تیا بکەن هەموی بۆمبڕێژ دەکەن پێشمەرگە نەلە بۆمب ترساوە نەلەداعش و نەلەو هێزەی کەوا بەرگری بکاتەوە.

# ڕائيد محێدين

(ڕائيد محێدين) فەرماندەی سريەی يەك فەوجی دووی تايبەت فەوجی چوار ليوای دووی تايبەت لە وەزارەتی پێشمەرگە.

لەبەرەكانی جەنگ لە سنوری بەشير ئێمە بەبەردەوامی لەبەرگريداين لە سەنگەرەكانی پێشەوە ئەوەی خۆم تەوەقوعی بكەم وە حەڤدە ساڵە لە زمنی وەزارەتی پێشمەرگەيام وەكو ئەفسەرێك لە بەرەكانی پێشەوەی جەنگ، وابزانم ئەوەی كە بيرم بێت هيچ جەژنێك لە ماڵەوە نەبووم ئەوە ئەم جەژنەش بە هەمان شێوە لە ماڵەوە نيم. ئێمە لە سەنگەری بەرگريداين وە ئێمە چەند جار لێرە بە هاوەن و بە كاتۆشاو بە هەموو شێوەكان داعشی ستەم كار داعشی داگيركار كەهێرشی كردۆتە سەرمان، وە ئێمە لە مانگی ٦ دا لە بيدايەتی دەست پێ كردنی هاتنی هێزەكانی داعشەوە كە بەرگريمان كردووە تيرۆرستانی داعش تۆپ بارانێكی زۆريان كردووين ئەو تۆپ بارانەی كە كردوويانين لە هەمان كاتدا لە زمنی ئەوەيا من وەكو خۆم وەكو سريەكەم ٤ شەهيدم هەيە، يەكێك لە شەهيدەكان (مولازم ئەوەل گۆران)ە كە خەڵكی كەركوك بوو وە سێ شەهيدی تريشم هەيە كە دووانيان جێگر ئەفسەر بوون يەكێكيشيان ڕەئيس عورەفا بوو، خۆشم لە هەمان شەو لەو كاتەدا لەگەڵيان بووم، كە بە هاوەن لێمان درا .لە ڕۆژی پێشوو دوو بريندارم هەبوو هەر بە هاوەن، وە ڕۆژی دواتريش لەشەوەكەی سەعات ٨:٥ دەقە كە هاوەن بارانيان كردين لە سەنگەرەكانی پێشەوە بووين لە گەڵ شەهيدەكاندا بووم بە داخەوە من تەقريبەن ٣ بۆ ٤ مەترێك لە شەهيدەكانەوە دوور بووم، لەو لەحزەيا تەلەفونێكم بۆ هات لەسەر بيناكە بووين ڕێك هاوەنێك دای لە سەربانی بيناكەو من لەو لەحزەيە چوومە



ئەودیوو هەورە بانەکەوە ناڵەی هاوەنەکە هات کە ئاورم دایەوە کەسی لێ نەمابوو، سەربازو پلەداران و ئەو ئەفسەرەی کە لە گەڵمابوو هەمووی بەملاو لایا کەوتبوون، کە هاتمە سەریان دەستم بۆ بردن ٤ یان شەهید ببوو وە ئەوانی تریش ٦ یان بریندار ببوون هەر لە جێیا بە داخەوە زۆر جێگای داخە، جەنازەکانمان ڕەوانەکرد ئەو شەوە زۆر دڵگران بووین کارە ساتێکی زۆر زۆر ناخۆش بوو ئەوەی کە بیرم بێت لەژیانمدا زۆر پێی دڵگران بوو بم ئێستاش هەر لە بیرمدایەو لە یادمە، وە ئێمە بەڵێن دووبارە ئەکەینەوە لەبەرەکانی جەنگ تا دوا دڵۆپی خوێنمان بەرگری لە خاك و وڵاتمان ئەکەین وە خەڵکی کوردستانیش دڵنیا ئەکەینەوە، بە تایبەت دانیشتوانی کەرکوکی خۆشەویست دڵنیایان ئەکەینەوە هەتا ئێمە لێرە بین ئاسودەبن و هیچ مەترسیەکیان نەبێت لە تیرۆرستانی داعش کە لێیان نزیك بێتەوە وە پشت بەخوا وە پشت بەخوا کارێك دەکەین جارێکی تر نەیەنەوە ئەو سنورانەوە.


# موقەدەم سوارە زاهیر عەزیز

ناوم (موقەدەم سوارە زاهیر عەزیزە ) لەفەرماندەی فەوجی یەك.
لە ٢٠١٤/٩/٣٠ لەشەڕێکدا بەشداریمان کرد کە مەجموعی پێشمەرگەکانمان ٧٠ پێشمەرگە بوو لەو شەڕەدا چەندین بریندارمان دا بەناوی عەقید فاروق کەیەك لەوانە جێگری فەوجەکەمان بوو بریندار بوو، دووەم ئیسماعیل کانەبی سێهەم مەحمودنەبی چوارەم ئەحمەد شەیدا وە شەهیدێکیشمان هەیە بەناوی ئادەم محەمەد ئەمین وەلەو شەڕەدا شەڕێکی بەڕاستی ئازایانەمان کرد، شەڕێکی وامان کرد کە دەرسێکی وامان دا بەداعشەکان ئەوەی لەو شەڕەدا دەورێکی باشی هەبوو کاك ئەسوەد بوو کە فەرماندەی سریەی یەك بوو، وەکاك محەمەد قادر ئەویش فەرماندەی سریەی دوو بوو، وەکاك مەحمودیش فەرماندەی سریەی سێ، کاك بایزیش فەرماندەی سریەی چوار هەر هەموو فەرماندەکانمان لەپێشی شەڕەکەیدا بەشداریان کردوو دەورێکی کاریگەریان هەبوو لەو شەڕەدا وە لەو شەڕەشدا بەڕاستی ئێمە ماوەیەکی زۆر لە ناو گوندەکان هەرسێ گوندەکەمان گرتن، لە شەڕی عەتشانەو شەڕی سەعدو خالیدو ئەوانە هەرسێ گوندەکە ڕزگار کرا بۆماوەیەکی زۆریش لەناو ئەو گوندە ماینەوە، لەدوایدا ئێمە پاشەکشەمان کرد هەر سێ گوندەکە نە گیرا لەبەر ئەوەی تۆپخانەکانمان وەکو پێویست نەبوون، ئەوەش شەڕی سەعدو وەحدو خالیدو ئەوانە.
لە شەڕی شێخ فەنەریش ئەویش ١٥٠ کەسمان بەشداری تیاکرد بۆ گرتنی شێخ فەنەرو شێخ فایزو ئەو دوو سێ گوندانەی خوارەوە لای قەبرستانەکە پێی دەڵێن قەبرستانی شەبسیە، لەوێش دەورێکی کاریگەرمان هەبوو هەر سێ شوێنەکەمان بە ماوەیەکی زۆر کورت گرت، وە دەورێکی کاریگەریان هەبوو

هەموو ئامر سریەو ئامر فەوجەکانمان وئەفسەرەکانمان بەشداریان تیایەکرد، دەورێکی کاریگەرمان لەو شەڕەشدا دیت و شوێنەکانی خۆمان کۆنترۆڵ کرد لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، وەلە شەڕی عەتشانەش بەشداریمان کرد ، بەڵام شەڕی عەتشانەی پەرت و بڵاو بوو هێزەکانی دژە تیرۆرو هێزی سکرتاریەت و وە فەوجی یەك و لیوای دووی تایبەت ئەوانیش تیایدا بەشداربوون وە ئەو هێزانەی کە بەژداریان کرد دەورێکی زۆر کاریگەریان هەبوو، بە ماوەیەکی زۆر کورت چەندین گوندیان پاك کردەوە لە داعشەکان، ئەوە بوو کە ئێمە بەو شێوەیە بەژداری هەموو شەڕەکانمان کردووە.

# ڕائید تۆفیق عه‌بدوڵا

من ناوم (ڕائید تۆفیق عه‌بدوڵا )یه‌ ڕێبه‌ری سیاسی فه‌وجی یه‌ك لیوای دووی تایبه‌تم، دیاره‌ وه‌كو هه‌موو ئه‌و برادەرانه‌و ئه‌و بیره‌وه‌ریانه‌ی باسی شه‌ڕی داعش ئه‌كه‌ن یه‌ك له‌بیره‌وه‌ریه‌كان ئه‌وه‌ بوو له‌ ٢٠١٤/١٠/٢ له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵێك هاورێ و برادەر ئه‌وانا چوین بۆ دوای شه‌ڕی سه‌عدیه‌و وه‌حده‌و خالید و ئه‌وانه‌ دیاره‌ وه‌ك پێویست سه‌ركه‌وتن به‌ده‌ست نه‌هات شه‌هیدو بریندار به‌جێمان دوای شه‌ره‌كه‌ دوو ڕۆژ پاشی ئه‌وه‌بوو مه‌فره‌زه‌یه‌كمان پێك هێنا له‌و مه‌فره‌زه‌یه‌یا پێمخۆشه‌ ئیشاره‌تیان پێ بده‌م له‌ مه‌فره‌زه‌یه‌كی كاك شێخ جه‌عفه‌ر و كۆمه‌ڵێك برادەر به‌ناوی كاك خدری حسێن ئاغاو ڕائید مه‌حمودو نه‌قیب بابكرو به‌نده‌ی موخلیس له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵێك پێشمه‌رگه‌ی هه‌م فه‌وجی خۆمان و هه‌م ئه‌ولیوای نۆی تایبه‌ت كه‌ لیوایه‌كی تێكه‌ڵه‌ كه‌ ئه‌مه‌ هه‌رچه‌نده‌ له‌سه‌ر ئه‌و لیوایه‌ش نه‌بوین ئه‌وكاته‌ وه‌كو ئینسانیه‌ت وه‌كو ڕه‌فاقه‌تی پێشمه‌رگانه‌ چوین ئه‌و بریندارانه‌ی سێ ڕۆژ له‌وێ به‌جێمابوون له‌ گوندی سه‌عد، دیاره‌ به‌ مۆبایل په‌یوه‌ندی هه‌بوو به‌شه‌و چوین له‌ناوجه‌رگه‌ی داعش ئه‌و بریندارانه‌مان ڕزگار كرد به‌چاوساغی خه‌ڵكی دێیه‌كه‌ی ٢٠١٤/١٠/٢ دیاره‌ ئه‌وه‌ كارێكی ئاسانه‌ به‌زار كه‌ئه‌یگێریته‌وه‌ به‌ڵام له‌ئه‌ساسدا ٤ سه‌عات ٥ سه‌عات ڕێمان بری ئه‌و بریندارانه‌مان له‌وێ هه‌ڵگرت و به‌برینداری هێنامانه‌وه‌ ئه‌وه‌ شانازییه‌كی گه‌وره‌ بوو بۆ هێزی پێشمه‌رگه‌ كه‌بچی له‌ناوجه‌رگه‌ی داعش بتوانی گیانی پێشمه‌رگه‌یه‌ك یان گیانی ئینسانێك ڕزگار بكه‌ی له‌به‌رده‌ستی شه‌مشه‌ كوێره‌كانی داعش، بۆیه‌ پێم خۆش بوو ئیشاره‌تی پێ بده‌م لۆ ئه‌وه‌ی بێته‌ بیره‌وه‌ریه‌ك بۆ هه‌موو خه‌ڵكی كوردستان و هێزی پێشمه‌رگه‌ی كوردستان وه‌ ڕۆیشتنه‌كه‌مان ئه‌وبو به‌ده‌لیل و چاوساغی



خەڵکی مەنتیقەکەی ئیدی ئەوە نیە کە بەسەیارە بچی لەبەر ئەوەی ئێمە چوینە ناوجەرگەی داعش، کامەران حەمە قەرەنی لیوای نۆی تایبەت بوو لەناو قامیشدا خۆی شاردبۆوە ٢ ڕۆژ بەبێ نان و ئاو هەر ئەوەندە بوو ڕۆحەکەی مابوو، بەڵام ئێستا لەژیندا ماوە وەزعی زۆر باشە.

# نەقیب هەڤاڵ

(نەقیب هەڤاڵ )فەرماندەی سریەی چوار.

لە ٢٠١٤/٦/٢٠ بوو کاتژمێر تەقریبەن ٢:٣٠ بۆ ٣ ی عەسر بوو بەڕێ کەوتین لەناحیەی لەیلانەوە بۆ سنوری بەشیر بۆ ئێرە بۆ هاوکاری فەوجی یەك و فەوجی چوار کە گەیشتینە ئێرە نەمانزانی بەم شێوەیەیە سەرەتا ئێمە پێشتر ئێرەمان نەبینی بوو بەڵام کەدابەزین هاوەن باران کرا ئەم مەنتیقەیە هاوەنەکان بەزۆری دایەنە ناو پێشمەرگەکان ئاسۆ لەوێ شەهید بوو خەڵکی هەڵەبجە بوو مولازم ئاری ئامر فەسیل بوو بریندار بوو، سەفین هەر لەو سریەیەی ئێمە بوو ئەویش بریندار بوو بەڵام دواتر هێزەکان گەیشتنە شوێنی خۆیان و دوای ئەوە ئیتر هیچ زیانێکمان پێ نەگەیشت، هاوەنەکە تەقریبەن کەلەئاسۆ تێ پەڕیم عەقید لوقمان ڕاوەستا بوو لەگەڵ عەقید ڕەشیددا دەوری (٥) مەترێکمان لەگەڵ ئاسۆدا بەین بوو قسەمان ئەکرد هاوەنەکە لەبەینمانا کەوت، بەڵام هاوەنەکە تەقریبەن لەپێش ئاسۆ کەوت کە ئاوڕمان دایەوە سەیرئەکەین ئاسۆ شەهید بوەو هێزەکە بەڕاستی توشی پەرتەوازەییەك بوو لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا ١٠بۆ١٢ گولەهاوەن هەمووی لەوشوێنە کەوت ئیتر پێشمەرگە نەیبینی بوو سەرەتا بەو شێوەیە نەبوو پێشمەرگە پەرتەوازە بووبون ئیتر کۆیانمان کردنەوە تائێستا بەو شێوەیە توشی ئەو پەرتەوازەییە نەبوین، ئەوە بوە هۆی شەهید بونی ئاسۆ و بریندار بونی کاك ئاری و ئەو جەماعەتە، لەو ڕۆژەوە تائێستا هەر بەردەوامین دوای ماوەیەك گواستومانەتەوە لەنزیکی بەشیرین پێشمەرگەکانمان لێرەن واجب ئەبین لەمەرعییەین، کەسەرەتا لێرە بوین هێرش دەستی پێکرد لەمانگی ٣ دا بوو شەمسیەو مەرعیە و ئەوانە ڕزگار



کران بەهاوکاری پێشمەرگەکانی ئەم مەنتیقانە ئیتر تائێستاش بەشیر ماوە ڕزگار بکرێت بەشیر ناوچەیەکی شیعەنشینە.

# مەحمود حەمە ساڵح كاكە سور

من ناوم (مەحمود حەمە ساڵح كاكە سور)ە ناسراوم بە مەحمود تەلانی پلەم عەمیدە لەلیوای ٢ ی سكرتاریەتم یەكێك لەو پێشمەرگە كۆن و دانەبڕاوانە كە بەدرێژایی مێژوی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەپێناو گەلەكەمان تێكۆشاوین، كاتێك كە داعش هات و هجومی كردبۆ مەنتیقەی كەركوك ویستی سنوری كەركوك كۆنترۆڵ بكات لەبەر ئەوەی كەركوك هەم لەڕوی ئابوریەوە شوێنێكی هەڵكەوتەیە چونكەلە ٢٢٢ كیلۆمەتر چوارگۆشەی كەركوكە ٢٢٢ بیرە نەوت هەیە كەبچوكترین بیرە نەوتیان ئەگەر لە ئەمەریكا یەك بەرمیل نەوت ١٠٠ دۆلاری تێ بچێت لێرە ٥٠ فلسی تێدەچێت بۆ دەرهێنانی لەو ڕوانگەیەوە هێرشێكی بەرفراوانیان كرد من لەلیوای ٢ی سكرتاریەت خۆشبەختانە لەسەنگەرەكانی خۆمان نەجوڵاین هێرشەكەمان تێك شكاند هەرچەند ئەوان بەبۆمب ڕێژو تەقینەوەیان بەكارهێنا بەڵام چەكی ئێمە هەم سادەو هەم سوك بەڵام بیروباوەڕەكەمان هاندەرمان بوو توانیمان تێكیان بشكێنین لەو شەڕەیا دوسێ بریندارمان هەبوو وە شەهیدێكمان هەبوو دوژمنیش كوژراوو بریندارى زۆری هەبوو، شەهیدەكەی ئێمە شەهید ئاكۆ بوو پێشمەرگەیەكی قارەمان و پیاوێكی ڕێكوپێك بوو هاوسەری پێكەوە نەنابوو وە سێ چوار بریندارمان هەبوو كەناوەكانیانم ئێستا لەیاد نیە دیارە دوژمن هەم سیاسەتی بوو هەم چەكی بوو چونكە ئەو چەكانەی كەلە حكومەتی عێراقی دەستی كەوتبوو توانی هەموی بەكار بهێنێت ئێمە هەر ئەو چەكە كۆن و ژەنگاویانەی قەدیم بوو بەڵام هێزەكەی دوژمن زۆر كاریگەر بوو چەكی باشی هەبوو، بەڕاستی هەموو هەمەرو دۆشكەو دەبابە ئەمانە هەموی پاشماوەی حكومەتی عێراقی چونكە



ئەو مەنتیقەیە زیاتر لە ٢ لیوای لێ بوو هەمو کۆنترۆڵ کرابوو پێش ئێمە، ئێمە توانیمان بێینە شوێنەکانیان و وە بەرپەرچیشیان بەینەوە.

ئەم هجومەی دوایی وا کەشف بوو پێشمەرگەیەك لەسەنگەرەکەیا ئەبێت سەیرئەکان سەگێك دێت بەسوتفە فیشەکێك بەسەگەکەوە ئەنێت لە پڕێکدا داعش دەست رێژئەکات ئیتر کەشف ئەبن لێیان و لێیان ئەدەن نزیکەی سێ چوار داعش کەوتبوە ناو تەڵەکەوە و کوژاربوون سیم بوو نەیان بینی بوو بەوشێوەیە هجومەکەیان کەشف بوبو یەعنی ئەو سەگە نەبوایە تەقریبەن زەربەیەکی باشیان لە پێشمەرگە ئەدا، بەڵام ئەو پێشمەرگەیەش وریا بو کە ئەوسەگەی بینی بوو حەرەکەی کردبوو فیشەکێکی پێوە نابوو لائیرادی داعشەکانیش وایانزانی بوو تەقە لەوان ئەکەن ئیتر کەشف بون و وەزعەکە تێك شکا لەهێرشەکەدا نزیکەی ٢٠ داعش کوژابوو و بەجێمابون کەلاکەکانیان نزیکەی سەعات و نیوێکی خایەند ئەوان کشانەوە دواوەو شکستیان هێنا.

# عوسمان عەلی محەمەد

من ناوم (عوسمان عەلی محەمەدە) جێگری فەوجم لەفەرماندەی ٢ ی سکرتاریەت دەوام ئەکەم وەپێشتریش پێشمەرگەی دانەبڕاو بووم لەساڵی ١٩٨٣ وە پێشمەرگەم هەتا ئێستا.
ئێستاش کە پێشمەرگەم درێژە بەخەباتی خۆم ئەیەم یەعنی درێژدەری ئەو خەباتەی پێشوترم کە چەند ساڵ خەباتم کردوە تیایدا خوێنم تیا ڕشتوەوزەحمەتم تیاکێشاوە بەڵام ئێستاش کە خۆم بە بەختەوەر ئەزانم کە لەسەنگەرەکانی پێشەوە بووم دیفاع لەخاکی پیرۆزی کوردستان و لەخوێنی شەهیدەکانمان ئەکەین، ئێمە شەوو ڕۆژمان خستۆتە سەر یەکتری کە دیفاع لە بست بەبستی خاکی کەرکوك بکەین هەموکاتێك بەڕێز مام جەلال فەرمویەتی کەرکوك قودسی کوردستانە ئەبێ هەمومان دیفاع لەو خاکە پیرۆزە بکەین چونکە ئێمە بۆیە خەبات و شۆڕشمان کرد کە ئەم وەزعەی لێ کەوتەوە حکومەت و پەرلەمان و ئەم هەرێمەمان بەدەست هێناوە ئەمڕۆ ناکرێ ڕۆڵەکانمان بەچاوێکەوە سەیری نەکەن وخەباتی بۆ نەکەن و پیرۆزیەکانی نەنوسرێتەوە کە ئێمە ناومان هەبێت لەو خەبات و تێکۆشانەی ئێستاش حکومەتەکەمان لێرە سنورێکی زۆرمان بەدەستەوەیە لەخاکی کەرکوکدا کەبەحەیاتی کورد ئەمەی بەخۆیەوە نەبینیوە، کەخاکێکی واپیرۆز بێتەوە ژێر دەسەڵاتی کورد ئێمە هەموو کاتێك بەعسیەکان دایان پلۆسیوین ئەنفالیان کردوین هەموو گەنجەکانمان دەربەدەر کراوە اعدام کراون خوشك و دایکمان دەربەدەر کراوە کیمیاباران کراوین، ئێمە کەلێرەین دیفاع لەخاکی پیرۆزی کوردستان ئەکەین بۆیە کەئێمەی پێشمەرگە شەوو ڕۆژمان خستۆتە سەریەك کەلێرا ماوینەتەوانێ بۆ ئەوەیە کەڕۆڵەکانمان



دایك و خوشكەكانمان هەموو نەتەوەكەمان بەئاسودەیی بۆخۆیان جەژنی خۆیان بكەن بەپیرۆزیەوە لەكەس نەترسن و هیچ كەسێك نەتوانێ تەعدایان لێ بكات، پێش وەخت ئێمە كەلیوای ٢ ی سكرتاریەتین هاتینە سەرئاوەكەی كەركوك كە ئەو كاتە سەر بە سەناعەكە بوو حامورابی پێ ئەڵێن ئەو ئێوارەی كە هاتینە خوارەوانێ و داعش ئیتر وردە وردە سیرایەتیان كێشا هاتینە سەر ئەم ئاوەی مریەم بەگ و ئەوانە، لەوێ ئێمە سنورێكمان جیاكردەوانێ لەو بەر ئاوەكەوە كە سەنگەرو پێداویستی و هەموو سەنگەر سازیەكی خۆمان جێ بە جێ كرد لەو بەر ئاوەكەوە، ئیتر ئێمە نزیكەی ساڵێك لەویا بووین بۆ مانگی سێ و ئەوانە بوو داعش ئەوە بوو لە هجومە گەورەكە یا كە ویستیان كەركوك بگرن ئەو كاتە شەهید كاك شێركۆ فاتح شوانی و ئەوانە شەهید بوون ئامر لیوا بوو، ئەو كاتە ئیتر ئێمەش وەكو لیوای دووی سكرتاریەت ماینەوە لەجەبهەكەیاو نەمانهێشت بێنەپێشەوە بەرگریەكی زۆر قارەمانانەمان كرد، بەڵام ئیمە مانگی ٣ هاتینە پێشەوە ئەوەبوو ئەم سنورانە تەیارەو تەحالف لێی داو داعش پاشەكشەیان كرد ئینجا هجومێكی زۆریان بۆكرا ئەوەبو هەمەرو سەیارەكانیان سوتێنراو لێرا پاشەكشەیان پێ كرا ئێمە ئێستا جەبهەكەمان لە حومیرەی گەورەو بچوك ئێمە ئێستا تەقریبەن بەقوڵایی ١٥ كیلۆمەترێك لەخوار باشوری كەركوكەوەین یەعنی جەبهەی ڕەشاد ڕیاز و ئەوانە ئەگرێتەوە، داعشەكان ئەوپەڕی كیلۆمەترێك لێمانەوە دورە هەموو كاتێك چەكەكانیان ئەگاتە ئێمە، ئێمە تەقەیان لێ ئەكەین ئێستا ئێمە ئەو هاوەنە لەویایە هەركاتێ پەلامارمان بەن ئێمە لێرەوە بەرپەرچیان ئەدەینەوە زۆر بەتوندی ئەوكاتە ئێمە وەكو هێزی پێشمەرگە چەكی پێشكەوتومان نەبوو، بەڵام ئێستا میلانۆمان هەیە چەكی دژە درعمان هەیە هەموو چەكەكانمان هەیە و چەكی زۆر بەقوەتمان هەیە لێرە دوژمن ناتوانێ زۆر زەفەرمان پێ بباو هەم پێشمەرگەكانیشمان

شەوو ڕۆژمان خستۆتە سەریەك كە دیفاع لەو سەنگەرانە بكەین جاری واهەیە بەردەوام شەو یەنە پێشەوە بە دۆشكەو بەكاتیۆشەو ئەوانە تەقە ئەكەن، ئێمەش بەرپەرچیان ئەدەینەوە و سەركوتیان ئەكەین جاری واهەیە تەیارەكانی تەحالفیش لێیان ئەدەن و سەركوتیان ئەكەن زۆربە باشی.



# عەمید ڕوکن کارزان عەبدولکەریم ئیبراهیم

من ناوم (عەمید ڕوکن کارزان عەبدولکەریم ئیبراهیم)ە فەرماندەی کەتیبەی ڕەشاشاتم سەر بەهێزەکانی پشتیوانی دوو، سەر بەهێزەکانی حەفتا کە لەوێوە ڕەبت ئەبینەوە بە وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان.
دیارە خۆتان ئەزانن شەڕی داعش دوای دەست پێکردنی بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان هەر هێزەکانی خۆمان لەوەپێش ئامادە کردووە بۆ شەڕی ڕوبەڕوبونەوە دژی تیرۆریستانی داعش خۆتان ئەزانن زیاتر لە هەزار و سەد کیلۆمەتر لەسەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان بەرگریمان کردووە لەسنوری کوردستان بەدرێژایی ئەو مەسافەیە شەڕەکان تائێستا سالێکی تری خایاندووە توانیومانە بەرگری بکەین و ئەو ناوچانەی کەلەوەو پێش داگیریان کردبوو داعش هاتبونە پێشەوە بەهۆی چۆڵبونی هێزە سەربازییەکانی عێراق کەنەیان توانی بەرامبەر بەهێزی داعش بوەستن، ئێمە توانیمان هێزەکانی پشتیوانی وپالپشتی هێزەکانی حەفتا بکەین هەروەها ئەو هێزانەی کەسەر بەوەزارەتی پێشمەرگەن توانیمان ئەو سنورە بەتەواوەتی بتوانین چالاکیەکانی داعش لەو سنورە ڕابگرین وە بەرگرییەکی بێ وێنە بکەین بەرامبەریان، ئێمە سەر بەهێزەکانی پشتیوانی بوین هێزەکانی پشتیوانی ٢ ئەرك و واجبیان پشتیوانیان بۆ ئەو هێزانەی کە لە سنورەکانی بەرامبەر داعش شەڕ دەکەین، دوای ئەوەی هەموو هێزەکانی کەوتۆتە ئامادە باشیەوە لە سنورەکانی بەرەنگاریەوە بەرامبەر تیرۆرستانی داعش، ئێمە توانیومانە ئەو ماوە دورودرێژە بەسەرکەوتویی بەرگری بکەین لە حکومەتی هەرێکی کوردستان لە هەموو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

# نەجمەدین حەمە نوری محەمەد ئەمین

من ناوم (نەجمەدین حەمەنوری محەمەد ئەمین)ە ڕائیدم لەلیوای ٢ ی سکرتاریەت و لێپرسراوی کۆمیتەی ١ی هەڤاڵی بەڕێز مام جەلالم.
من وەکو پێشمەرگەیەك کەبەشێکی زۆری تەمەنم پێشمەرگە بووم هەوڵم داوە بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردەیی ئەو ئەرکەی لەسەر شانم بووە جێبەجێی بکەم و ڕای پەڕێنم لەڕاستیدا لەو بیرەوەریە تازانەی ئێستا کەهەیە بەتایبەتی لەشەڕی داعش لەکاتێك ئێمە هاتینە خوارەوە بۆ پارێزگاری کردن لەخاکی پیرۆزی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین بەهەمومان پارێزگاری لەکوردستان و شەرەفوو کەرامەتی گەلی کورد بکەین لەم ماوە دوورودرێژەی کەوا ساڵێك و سێ مانگێك ئەبێت ئێمە لەم شەڕەیاین، کۆمەڵێك بیرەوەری وخۆش و ناخۆش و کۆمەڵێك توشی شەڕ و توشی ڕۆژگاری سەخت و سەرماو ئاڵۆزی و وە لەدەستدانی کەسە خۆشەویستەکانمان لەدەستدانی براو هاوسەنگەرەکانمان بەڕاستی ئەمانە هەمووی وەکو بیرەوەری خۆش و ناخۆش هەیە کاتێك کەئێمە لەسەر ئەو پڕۆژە ئاوەی مریەم بەگ بوین لەوێ چەند جارێك داعش پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی ئەدا بۆ ئەوەی بتوانێ لەو سەنگەرانە تێپەڕێ و کەرکوك داگیر بکات، بەڵام بەهۆی قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەو فەوجەکەو لیوای ٢ ی سکرتاریەتی مام جەلال هەموو جارێك توانراوە ئەو پەلامارانە تێك بشکێنێت یەکێك لەو شەڕانەی کە باسی ئەکەم ڕۆژی ١١/٢٦ بو کەداعش لەپەنای تاریکی شەوو لەپەنای تەمومژی ئەو شەوەدا پەلاماری سەنگەرەکانی ئێمەی دا ئێمەش بەهەمو توانامان بەهەمو شێوەیەك بەرپەرچیانمان دایەوە توانیمان پەلامارەکەیان تێك بشکێنین دەرسێکی وایان دابدەین کەنەتوانن جارێکی

کە زاتی ئەو بکەن پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدەن لەڕاستیدا ئێمە لەوشەوەیا ٢ ئەفسەری قارەمانمان بریندار‌بوون بەناوی موقەدەم موحەمەد چەمەکی و هەروەها نەقیب ڕزگار ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بەخوێنی ئەوانوو برینداربونی ئەوان بەدی هات کەتوانرا داعش تێك بشکێنرێت، بەدوای ئەوەدا کاتێك ئێمە پەڕینەوە بۆ سنورەکانی ئەمبەرەوە واتە ئەم شوێنەی ئێستا لێی وەستاوین حومەیرا ئێمە لە ٢٠١٥/٣/١٩ کاتێك پەڕینەوە ئێرە پێشتر بەدەستی داعشەوە بوو بۆشەوی دواتر کە ئەکاتە ٣/٢٠ سەری ساڵی کوردی بوو ڕۆژی نەورۆز بوو، ئێمە لێرەیا بەوپێەی ئەم سنورانە تازە ئازاد کرابوون نەمانئەزانی کوێ پێشمەرگەو کوێ داعشی تیایە کاتێك ئاگری پیرۆزی نەورۆز کرایەوە بوە هۆی ئەوەی ئێمە سنورەکانی هێزی پێشمەرگە بزانین لەکوێ پێشمەرگەی لێیەوە و لەکوێ پێشمەرگەی لێ نیە لەو ڕۆژەیا کە ڕۆژێکی خۆش بوو کە جەژنی سەری ساڵی کوردی و ڕۆژی نەورۆز بوو، ئەمەوێ ئەوە بلێم ئەم شەڕو وەزعانەی کەئێستا هەیە ئێمە بە سێ هۆکار هاندەرمانە کە بەشێوەیەکی دڵسۆزانە بیکەین لەڕوی دینیەوە کە گەلێکی مسوڵمانین ساڵاهای ساڵە باوباپیرانمان مسوڵمانەو لەڕووی دینیەوە بەپێی فتوای یەکێتی زانایان و بەپێی فتوای تەواوی مەلاکان ئەم ئەرکەی کەئێمە ڕای ئەپەڕێنین ئەرکێکی پیرۆزە ئەرکێکی پڕبەهایە لەڕوی دینیەوە چونکە ئێمە گەلێکی مسوڵمانین چاومان لەخاك و نیشتمانمانە ئێمە پارێزگاری لەخاکی پیرۆزی کوردستان ئەکەین ئەوە یەکێکە لەهۆکارەکان ئێمە ئەو پێشمەرگانەی کە لێرەیە زۆر بە دڵسۆزانە ئەیکات چونکە لەم پێناوەیە خەباتکردن غەزایەو وە شەهید بونیش ئەگەیتە پلەی شەهیدی، هەروەها لەڕوی نەتەوایەتیەوە ئەم خاکە بە هی خۆمانی ئەزانین ئەم خاکە زێدی باو باپیرانی کورد بووە، بەڵام لەسەر دەستی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی عێراق ئەم خاکانە

تەعریب كراوە ڕاگوێزراوە لەبەرامبەردا نەتەوەی عەرەبیان هێناوە لێرە نیشتە جێیان كردووە، بۆ ئەوەی ئاسەواری كورد بونی ئەم سنورە بسڕنەوەو نەهێڵن كورد بوون بێرەوە دیار بێت بۆیە ئێمە لە ڕووی نەتەوایەتیشەوە بە ئەركێكی پیرۆزی ئەزانین چونكە ئەم ئەركە ئەركێكی نیشتمانیە، بۆئەوەی ئەو خاك وخۆڵەی كە ساڵەهای ساڵە داگیر كراوەو تەعریب كراوە ئێمە گەڕاندبێتمانەوەو ئێستا لە چوار چێوەی ژێر دەسەلاٚتی هێزی پێشمەرگەو كوردستاندایەو كورد حوكمی ئەكات، ئەمەش لەڕووی نەتەوایەتی یەوە ئەتوانم بڵێم ئەركێكی پیرۆزو نیشتمانی پڕ بەهایە كە وەك خاكێكی داگیر كراو ئازاد كراو ئێمە پارێزگاری لێ ئەكەین، ئەم دوو هۆكارە بۆتە هۆی ئەوەی كە هەموو هێزی پێشمەرگە بەبێ جیاوازی بەتایبەتی ئەم هێزەی ئێمە سڵ لە ماندو بوون و لە گەرماو سەرماو ترس و هیچ شتێكی داعش نەكەنەوە، بەمانای كەلیمە پارێزگاری لەسنورەكانیان بكەن و شەونخونی بكەن چونكە شەهید بون لە پێناوی خاك و نیشتمان و گەلا شانازیەكی گەورەیە بەر هەموو كەسێك ناكەوێت.

ئێمە وەكو پێشمەرگە كە كاتێك ووشەی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٤٦ لە سەردەمی كۆماری مەهاباتدا لە كۆبونەوەیەكی قازی محمددا ووشەی پێشمەرگە بوو بەناوی بەرگری كارانی كورد لەخاكی كوردستان، ئێمە بە مانای كەلیمە ئێستا پێشمەرگەین پێش مەرگ كەوتووینە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەخاك و نیشتمان بكەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ترس و وەزعەی كە لەسەر هەرێمی كوردستان و كەركوك و كوردستان هەیە، بیسڕینەوە وە بۆ ئەوەی هەتا هەتایە كورد سنورەكانی دیاری كراو بێت چونكە بۆ زانیاریتان ئەم سنورەی كە ئێستا لێی وەستاوین بە ٢٠ كیلۆ مەتریش خاكی كوردستانە تا سنوری حەمرین بەلاٚم ئێستا ئێمە لەم قۆناخەیا هەتا ئێرە هاتووینە بەپێی فەرمانی سەروی خۆمانەوە وەستاوین هەتا زۆر خوارتری ئێرەش كە بەرەو حەمرین ئەكات



ئەمانە هەمووی خاکی پیرۆزی کوردستانەو لە داهاتوا ئێمە بەرنامەی ئەوەمان هەیە تەواوی خاکی پیرۆزی کوردستان لەم پارچەیەو لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان ئینشالاٚ ئازاد بکەین، کوردیش وەکو هەموو گەلانی تری دنیا ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێتە خاوەن کیانی سەربەخۆی خۆی، چونکە ئێمەش هیچمان لە گەلانی تر کەمتر نیە وە بە پێچەوانەوە یەکێکین لە زۆرترین گەلانی دنیا لە ڕوی ژمارەوە کە ٤٠ بۆ ٤٥ ملیۆنین تا ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان نیە کە لە هیچ شوێنێکا ئەمە نەبووە، نەتەوەی واهەیە چەند هەزار کەسێکن خاوەن دەوڵەتی خۆیانن، بەلاٚم ئێمە بەهۆی هەل و مەرجی ناوچەکەو جوگرافیای ناوچەکەو زۆری دوژمنانمان لە ناوچەکەیا نەمان توانیوە ئەو خەونە هەمیشە لە مێژینەیەمان بەدی بهێنین، بەلاٚم بە پشتیوانی خوای گەورەو خەبات و ماندوبونی هەمووخەڵکی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئێمە ئەو خەونەمان بەدی دێنین، ئەم شەڕە دەست کەوتی گەورەی بۆ خەڵکی کورد تیا بووە. وایە ئێمە لە ڕووی مادی و گیانیەوە پێشمەرگەمان شەهید بوە قوربانی زۆرمان داوە سەدان پێشمەرگەو هاوڕێ و براکانمان لە پەناماندا شەهید بووە، بەلاٚم ئێمە دەست کەوتی ئەوەمان بە دەست هێناوە ئەو خاکانەی کە ساڵەهای ساڵە تەعریب کراوە پارچە پارچە کراوە ئێستا ئێمە لە سنوری هەرێمی کوردستاندایەو خۆمان پارێزگاری لێ ئەکەین بۆ ئەوەی بیگەڕێنینەوە سەر سنوری هەرێمی کوردستان، وە خاڵێکی تر ئەوەیە کە بەمانای کەلیمە ئێستا هەر چوار پارچەی کوردستان چ گەریلایە چ پێشمەرگەی ڕۆژ هەلاٚت چ پێشمەرگەی خۆمان وە چ یەپەژەو پەیەدە هەموو بە یەک دەست بەیەك ڕەنگ شەڕی داعش و شەڕی تیرۆر ئەکەین، ئەمانە هەمووی دەست کەوتی ئەو شەڕەن کە بە هاتنی داعش گەلی کورد بە دەستی هێناوە چ لە ڕووی پارێزگاری کردن و گەڕاندنەوەی سنورێکی زۆری هەرێمی


كوردستان، وە چ لەڕوی یەك ڕیزبونی تەواوی پارچەكانی كوردستان و، ڕێك كەوتنی تەواوی نێو ماڵی كورد دڵخۆشی ئەوەمان پێ ئەدات كە ئێمە وەك گەلی كورد بە شانازیەوە ئەڵێین خاوەن ڕۆڵەیەكی قارەمان و خاوەن خەڵكێكی وەها قارەمانین كە هیچ كات دەوڵەتانی دەورو پشتمان نەتوانن زاتی ئەوە بكەن نەتەوەكەمان داگیر بكەن و تێكی بشكێنن. بۆیە سوپاس بۆ ئێوەو هەموو ئەو برادەرانەی ئێرەش.



# موبارەك كاكە ڕەش سەعید

من ناوم (موبارەك كاكە ڕەش سەعیدە) لەدایك بوی ١٩٧٤/١/١ م لەگوندی گێڵەدەر سەربەناحیەی بەرزنجە ئەفسەرم بەپلەی نەقیب لەلیوای ٥ ی پیادەی شارەزور سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە لیواكەمان لەمیحوەرە ٥ی كاك كەمال كەركوكیە، بەرنامەیەكیان دانابوو كەئێمە شارۆچكەی مەنسوریە بگرین میحوەرەكەش بەیاریدەدەری كاك محەمەدی حاجی مەحمود ئومید سەرحەدو كە لە ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتی بوو سەعات ٨ هێرش دەستی پێكرد بەهۆی زۆری عبوەوە ئێمە ڕووبەڕووی دێیەكە نەچوینە ناو دێیەكە گەڕاینەوە چوینە سنوری حەوزی حەویجە لەسنوری حەوزی حەویجەوە هاتینەوە بۆ ئەو شارۆچكەیە چوینە ناو حەوزی حەویجەوە بەجادەی قیرا گەڕاینەوە بەرەو ئەوشارە هاتینەوە ڕیزێك دوكانی لێیە لەگەڵ جادەی قیرا لەوێ كەداغڵ بوین زیاتر لە سێ سەد بۆ چوار سەد كەس داغڵ بوین هێرشەكە دەستی پێكرد، بەڵام بەهۆی هەڵەیەكی تەكنیكیەوە وایەرو شت زۆر هەبوو دیاربوو كەعبوەیەكی زۆر دەركەوت ناهەقی هێزەكەش ناگرم هێزەكەی ئێمە عەكس بوەوانێ بۆ دواوە لەبەر ئەوە دیاربوو ئەمە ڕیزێك تیئێنتی و وایەرات و شتی وا یە هێزەكەی ئێمەش بۆ گەڕانەوەكەی سەد لەسەد بوو شتێكی باش بوو، بەڵام ئێمە وایەرەكانمان نەدی هێزەكە دی بووی بەتەواوی ئێمە تێپەڕین بەناو دێكەدا داعشێك زۆر بەجەڵدی هات و تەقەی لێكردین یەكسەر ڕوبەڕو برواو پێ بكە ٧٠ كەس تەقەمان لێ كرد بەرنەئەكەوت زۆر سەرسام بوین ئاربیجیان لێ ئەدا بەرنەئەكەوت ٧٠ كەس زۆرە تەقە لەكەسێك بكات و بەرنەكەێت، كەتەقەمان لەوەكرد بەرناكەوت ئێمە ناچار هێرشمان برد ٤ كەس

بوین ئەوەی کەلەگەڵما بوو کاك بێستون سەنگاوی بوو برای بەڕێزم کاك عەلی پۆلاً بوو شەهیدی قارەمان کاك سەربەست سیروانی بوو چوینە ناوەڕاستی دێکەوانێ کاتێکمان زانی لەهەر چوارلاوە تەڵەی عەسکەریان بۆ ناوینەتەوەو پەلاماریان داین دوای پەلامارەکە یەکسەر کاکە سەربەست شەهید بوو من بریندار بووم برای ئەزیزم کاکە بێستون قۆڵی شکا لەودیو دێکەوە لەمن وون بوو ئەوەی کەمابۆوە تەنها من و عەلی پۆلاً بووین لەخانووەکەیا، لێرە باسی بێستون بکەم کەبەتەنها بوو بێستون قۆڵی شکا بوو بەتەنها کەسیش نەبوو بۆی ببەستێت هاواری بێستون زۆر بوو وەزعێکی زۆر ناخۆش بوو کەوتبوە ناو جەبهەکەی ئەوانەوە موعجیب بووم بەمانی بێستون نازانم چۆن مابوو لەوکاتەیا زۆر سەرسام بووم دوای ئەوەی کە ئەو پێشمەرگە قارەمانانە هاتن ئێمە ئازاد بووین توشی شۆك بووم کاتێك کە بێستونم بینی وتم چۆن ماوە بێستون لەخانووەکەیا یەکەم لەحزە هاتن پەلاماری منیان دا لەهەر چوار لاوە بە الله اکبر و نازانم دەوڵەتی ئیسلامی و تەقەیەکی زۆریان لێ کردین ئەوەبوو ئەو برا بەڕێزە شەهید بوو من بریندار بوم کاکە بێستونیش بریندار بوو، جا لەو بریندار بونەدا لەخانوەکەدا پەلاماریان داین بۆ ماوەی ٥ سەعات و نیوو لەناو خانوەکەیا ماینەوە زۆر داوای تەسلیم بونیان لێ کردین و جاری وابوو کەبکەیان دائەنا قەناعەت بکە بڵێم هەزار فیشکەیان لەهەمولایەکەوە لێ ئەداین دوای ئەوە هێرشەکەیان ئەوەستاندەوە داوایان لێ ئەکردین بێینە دەرەوە، بەڵام کەسێك هات جزداشەیەکی لەبەردا بوو وەکو ڕەئیسەکەیان وابوو دیم بەسەریعی خۆی کرد بەماڵێکداو لەماڵەکە هاتە دەرەوە و ووتی هیچ پەلەیان لێ مەکەن ئەمانە چۆلەکەنین هەڵفڕن دایان نێن بۆ دوای عەسر زۆر بەهێواشی، ئێمە گوێمان لەقسەکانیان بوو لەودیو دیوارەکەوە ئەیانکرد ئێمە هیچ گوێمان بەوە نەدا بەڵام کاکە بێستون زوو خۆی لای کاك شێخ جەعفەر بوو



پەیوەندی بەوەوە کرد بوو کە کاك شێخ جەعفەر بەهێزە تایبەتیەکەی خۆی هاتبوو بۆ یارمەتی دانی ئێمە، لێرەوە سوپاسی پشتیوانی ٢ ئەکەم کاك هیوا عەبدول مەریوان ئەویش هات لەپێشەوە عبوەکانیان هەڵگرت لەو ڕێگەوەی کە داغڵ ئەبێت بەرەو دێکە زیاتر لە ١٥٠ کەسێك خۆی فیدایی کردبوو کەگیانی خۆیان دابنێن بۆ ڕزگارکردنی ئێمە لەبەر ئەوە نامە ڕۆیشتبوو کەئێمە ماوین نەکەوتوینەتە دەستی داعش، بەڵام ئەگەر تا چوار پێنج سەعاتێکی تر فریامان نەکەون هەڵمەتی خۆکوشتنەکەمان نزیك بۆتەوە لێرەوە سوپاسی کاك شێخ جەعفەر ئەکەم کەهێزەکەی نارد بەهەموو ئەفسەرەکانیەوە .

# نەقیب کەمال ئەحمەد مەحمود

من ناوم (نەقیب کەمال ئەحمەد مەحمود)ە کاتێك لەبەرەکانی جەنگ بوین لەجەلەولا لەدوای جەژنەوە هێرشەکانیان بەردەوام بوو، ئێمە جەژنی ڕەمەزان لەوێ جەژنمان کرد لەگەڵ هەڤاڵەکانمان یادی بەخێر شەهید کەیانی ڕەحمەتی ئەوکاتە ڕائید بوو مەسئولی وەجبەکەمان بوو لەگەڵ ڕائید زمناکۆ و وەنەقیب مەریوان لەوێ بوو نەقیب موحسین لەوێ بوو خۆشم وەکو نەقیب کەمال کە جێگری مەسئوول وەجبەکەی بووم فەوجی ٣ لیوای ٥ ی پیادە لەجەلەولا بوین ئێوارەکەی ئێمە زیاتر زەختمان لەسەر بوو شەو کە زەختێکی زۆریان کردە سەرمان ئەوان کوژراویان هەبوو، چەند جەنازەیەکیان کەوتە ژێر دەستی پێشمەرگەکانی ئێمە لەبارەگای خوارەوە کەناوچەیان پێ ئەوت دوایی سەعات ٢ ی پاش نیوەڕۆ بەدواوە ئەوان جموجۆڵیان پەیدا بوو شەوەکەش بەڕاستی زۆر زۆر هێرشیانکردە سەرمان و زیاد لەحەد ویستیان شوێنەکانمان بگرن، ئێمە بەپشتیوانی خوای گەورەو بەپشتیوانی برا پێشمەرگەکانمان و ئەفسەرەکان نەمانهێشت بەهیچ شێوەیەك ئەوان سەرکەوتوو بن کەبەیانی ڕۆژ بۆوە ئەوان چەند جەنازەیەکیان لێ بەجێماو کەوتە ژێر دەستی پێشمەرگەکانی ئێمەو جەنازەیەکیان ڕومانەی بەدەستەوە بوو.

ڕۆژی ١٠ ی مانگ سەعات ٤:٥ دەقە لەومەسافەیەیا دوای نوێژی عەسر ئەوان تەنکەرێکیان تەقاندەوە و چەند هەڤاڵ و پێشمەرگەیەکی ئێمە لەناو خانوەکەیا گیریان خواردبوو هەبو لەوێ گیانی لەدەست دابوو هەبوو لەوێ بریندار بوو و نەیتوانی بوو دەربچێت زەختێکی زۆر کەوتە سەر نوقتەکەی ئێمە فەوجی ٣ ی لیوای ٥ ی پیادە ئێمە لەگەڵ هەڤاڵان لەوێ بوین دوای ئەوەی کەمن



لەخوارەوە نوێژم کردو چومەوە سەر، زەختەکە زیاد لەحەد بوو برادەران هەمویان لەخوارەوە مەشغوڵی دیفاع کردن بوون خۆشم لەسەر سەربانەکە بیکەیسیم پێبوو خەریکی دیفاع کردن بووم، لەماوەی ئەو دوو سەعات شەڕەدا بەردەوام لەگەڵ چەند برادەرێکما لەسەرەوە مقاوەمەمان کرد لەسەربانی دووەم من چومە سەر دوو سەربان لەپەنای یەکتر بون لەوسەربانەشیان کە برادەران لەخوارەوە بوون بەهۆی زەختی شەڕەکەوە نەیانتوانی بێنەوە سەرێ من ویستم لەوێش بەرگری بکەم پاش دیفاع کردنێکی پێویست لەوێ بەداخەوە ئەوکاتەی لە سەربانەکە بەهۆی قەناسەوە ئەمن بریندار بووم کە بریندار‌بووم هەردوو چاوم برینداربوو بەڵام چوومە چارەسەر کردن بۆ ئێران چاوێکیانم لەدەستداوە چاوێکیشیانم ئێستا باشە ئەو چاوەیانم بۆ گەڕاوەتەوە لە دوای ئەوەی کە من بریندار بووم ٥ دەقە چاوەڕوانم کرد برادەران هاتنە سەر بۆلام بۆ هاوکاریکردن تەقەمەنیان هێنا من ووتم ئەتوانم دابەزم بچم بۆ کەلار بۆ چارەسەرێکی سەرەتایی کە هاتمە خوارێ دیار بوو کە وەزعەکە بەرەو شێواوی ڕۆشتبوو زۆربەی برادەران دیار بوو کە ئەمریان هەبوو لەسەرەوە و ئینسیحابیان کردبوو فەوجەکەی ئێمە لەوێ هەر مایەوە بۆ مقاوەمە کردن بەڵام من لە دوایدا دوای ئەوەی کە دابەزیم چوومە کەلار بۆ چارەسەری چاوم لەو کاتە بەدواوە ئاگام لەوەزعەکە نەما برادەرانم هەر لەوێ بوون بەڕێز هەر لەوێ بوو وەك و میرەی فەوجی ٣ ی لیوای٥٣ ی پیادە پاشان نەقیب شاهۆ لەوێ بوو جێگری میرە ڕائید کەیانی ڕەحمەتی لەوێ بوو ڕائید زمناکۆو ڕائید مەریوان لەوێ بوون ئەو برادەرانەی کە لەوێ بوون زۆر مقاوەمەیان کرد لەدوای من دوای سەعات ٩ و ئەوانە دیار بوو کە جەلەولا لەدەست هێزەکانی پێشمەرگەدا نەما لەوەوە بەدووا من ئاگام لەشتەکان نەما بەڕاستی لێرەوە دەست خۆشی لە هەموو برا پێشمەرگەکانم ئەکەم کەسەرکەوتوو بوون لە ئەفسەرەکانیشم

هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم هیچیان قسوریان نەکردووە زۆر سوپاسی هەمویان ئەکەم بەتایبەتی ڕائید عومەر لەوکاتەدا دەورێکی زۆر سەرەکی هەبوو هاوکاری منی کردوو سەیارەکەی نارد بەشوێن منا کە دابەزیم بەبریندار ی ئەو کاتە منیان بەڕێکرد بۆ کەلار ئێستاش من بەهۆی برینداریەکەمەوە لە ماڵەوەم بۆ کاتێکی دیاری کراو ئینشاڵا ئەگەر بێت وبرینەکەم بەرەو چاك بوونەوە بڕوات و چاوم چاك بێتەوە ئەگەڕێمەوە بۆ شوێنەکانی خۆم، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو برادەران دەخوازم و هیوادارم هەمویان لە خۆشیا بن و بە پشتیوانی خوای گەورە ئیشاڵا هەتا پێشمەرگەیەك مابێ داعش بە هیچ شێوەیەك سەرکەوتوو نابێت، سەری ڕێزوو نوازش بۆ شەهیدەکان دادەنەوێنم بەتایبەتی شەهید کەیان داوای لێبوردن لە کەس و کارەکەشی ئەکەم کە نەمتوانی سەردانیان بکەم چوونکە منیش چاوم تەواو نەبوو، لێرەوە چاوی هەموو ئەوبرادەرانە ماچ ئەکەم فەرماندەی لیوای ٣ کە کاك سەفەر بێسەری بوو ئێستا فەرماندەی لیوای ١١ یە بەڕاستی دەورێکی زۆر باشی هەبوو، ڕائید عەلیش کەئێستا موقەدەم عەلیە جێگر فەوجمان بوو ئەویش هەر بریندار بووە لەم شەڕەی دوایی، سەرکەوتن بۆ هەموو پێشمەرگە دەخوازم .



# شەماڵ ئەحمەد


من (شەماڵ ئەحمەد) لەفەوجی ٢ ی سکرتاریەت ڕەئیس عورەفای فەوج بەناوی فەوجی ٢ سکرتاریەتی بەڕێز مام جەلال.

ئێمە لێرە جێگیرین لەسەر ڕێی تکریت و ڕەشاد لەوێ سەنگەرمان بەرامبەر داعش لێداوەو ئامادەکاری بۆ ڕوبەڕوبونەوەی داعش لەهەر ئەگەرێك بۆ خاکی کوردستان ئێمە ئامادەین خوێنی خۆمان بەخت بکەین بۆ بستێك خاکی کوردستان کەبەرپەرچی دوژمنەکانمان بدەینەوە بەرامبەر بەناحەزانی کورد کەبیانەوێت هەڵمەتێك بکەن یان شتێك بکەن ئێمە بەرپەرچیان ئەدەینەوە لێرە وەکو قسەکردنمان لەسەر چەند تەوەرێکی ژیانی پێشمەرگایەتیمان نزیکەی ١٥ ساڵ و نیوە من پێشمەرگەم و شانازیەکی گەورە بە پێشمەرگایەتیەکەی خۆمەوە ئەکەم وەزۆر ئیسفادەم لێکردوە وەزۆر شتی چاکم لێی بینیوە تائێستاش من زیاتر دڵم پێی خۆشە و زیاتر هەوڵ ئەدەم و لەسەر ئەم ڕێبازە شەهید بین و پلەی شەهیدیمان پێ ببەخشرێت، لە ٢٠١٥/١/٣٠ کەداعش هەڵمەتێکی گەورەی کردە سەرخاکی کوردستان ئێمە لەمریەم بەگ بوین و جێگیر کراین لەم شەڕەدا دوژمن جموجۆڵێکی گەورەی هەبوو ئێمە وەکو فەرماندەی لیوا کاك تەها کانی بەردی لەوێ هەموو ئامادە بووین و مەعلوماتمان هەبوو کە دوژمن هێرش ئەکاتەسەر خاکی کوردستان و سەر هاولاتی کورد کە بیەوێ بەزوڵم و تەعدا بەسەرماندا تێبپەڕێ، بەڵام ئێمە وەکو خۆبەخشێك و لیوای فەوجی ٢ لەبەرامبەریان وەستاین خۆشترین ڕۆژم ئەوەبوو کە بەیانی ئێمە لەسنوری خۆمان بەسەرکەوتوییەکی گەورە چەپڵەمان لێ ئەداو هاوارمان ئەکرد کە قەد دوژمن ناتوانێت لەبستێك خاکی کوردستان بەرامبەر بەپێشمەرگە بێتە پێشەوە ئێمە کەلەوێ بووین بەداخەوە

چەند برادەرێكی خۆشەویستمان لەوێ گیانیان بەخت كرد یان بریندار بون بەڵا ئێستاش ئەوان لەژێر چاودێرین و چونەتە دەرەوەی وڵات و چارەسەر وەرەگرن، ئەو شەوەی كە دڵمان زۆر خۆش بوو شەڕێكی زۆر گەورەمان كرد نزیكەی سەعات ١ ی شەو بڵێین كاتەكەی ٢٠١٥/١/٣٠ ئەو شەوە مەعلوماتێكی دەقیقمان هەبوو لەڕێی فەرماندەی ٢ سكرتاریەتی تەها كانی بەردین لەوێ ئێمە دەقیق مەعلوماتمان هەبوو كە دوژمن لای تەللوەردو خوارەوە پیایدا هات پێشڕەوی كرد لەوێ، بەڵام ئێمە لەسەر ڕێی تكریت و ڕەشاد و گوندی مریەم بەگ نەمانهێشت بستێك بێنە پێشەوە ئێمە لەكاتژمێر ١ شەوەوە شەڕمان كرد تاكو ٨ بەیانی دوژمن چەندین هەڵمەتی هێنا چەندین هجومی لەسەر یەك كرد بەڵام ئێمە بەهەموو شێوەیەك بەرپەرچمان دانەوە نەمانهێشت بپەڕنەوە ئەمبەر دوایی فڕۆكەكانی هاوپەیمانان گەیشتن بۆسەر شوێنی وەزعەكە لەوێ ئیدی وەزعەكان كۆنترۆڵكران لەوێ هەمەر و باجەرو چەندین چەكی قورسیان كەفڕۆكەكان تێكیان شكاندن ئیدی ئێمە كردمان بەچەپڵە لێدان و بەكەیفێكی خۆش لەناو سانرەكان ئامێزمان لێكداو گریانی خۆشیمان بەخشی بەهەموو هاوڕێكانمان خۆشترین ڕۆژی ژیانمان ئەوەبوو كەئێمە لەخاكی كوردستانین و ماوین و بەسەربەرزی ئەژین و ئەتوانین زیاتریش خزمەت بەخاكی كوردستان بكەین ئێمە لەوشەوەیا شەهیدمان نەدابوو خۆشترین كاتیشمان ئەوەبو كە دیلمان نەبوو شەهیدیشمان نەبوو، بەڵام بریندارمان هەبوو كەزۆر جار ئاورمان ئەدایەوە برادەرێكمان نوقسان بوە بەڵام كەجار بەجاریش پەیوەندیمان پێوە ئەكردن گوێبیستی دەنگەكانیان ئەبوین ئەوانیش ئەیانوت نەیەڵن ئەمانە بێنە پێشەوە ئێمە خوشك و دایكی هەمومان لەدواووەیە نەیەڵن بەمەرگ بەخاك من ئامادەم بەم بریندارییە بێمە پێشەوە بێ ئەوەی سەیری دوای خۆتان بكەن چیمان بەجێ هێشتووە منداڵ و ژن هەموی كە ئێمە هاتوین



بۆ خاکی کوردستان یان بۆ جەبهەکانی پێشەوە ئامانجمان ئەوەنیە کەئێمە بڕێك ڕاتب وەرئەگرین لەحکومەت، بەڵکو ئێمە ئامانجمان ئەوەیە وەکو دنیاو دەوڵەت بەسەربەرزی بژین کۆمەڵگایەکی سەربەرزبین بەخەڵك کۆمەڵگایەك بوین پارێزگاری لەکەرامەت و حکومەت و دابونەریت و هەموو شتێکی خۆمان بکەین، بەڵام ئەو ڕوبەڕوبونەوەو ئەم وەزعەو سیاسەتی عێراق گۆڕا بەم شێوەو ئەم چەپەڵ و گڵاوو پیس و ئەمانە هاتنە ناوخاکی عێراق و زیاتر تەشەنەیان کرد بەرەو کوردستان، بەڵام ئەوەی زیاتر بەلای ئێمەوە خۆشە نزیکەی ٩٠ کیلۆمەتر لەتکریتەوە دوورم ٤٨ کیلۆمەتر لەحەویجەوە دوورم کەلەبەرامبەریان وەستاوین هەر لێرەش دڵمان زۆر خۆشە لەبەرئەوەی کوردستان لەئازادیدایەو خەڵك لەعێراق و لەدەوڵەت دێت بۆ هەرێمی کوردستان نیشتەجێ ئەبێت سەبارەت بەچی؟ سەبارەت بەخوێنی گەل باوباپیرمان لەسەر ئەم ڕێبازە بوە ئێمەش زیاتر لەسەر ئەم ڕێبازە ئەجەنگین بەخۆشی کاتێك کەمن دێم بۆ دەوام منداڵەکانم قاچم ئەگرن و ئەڵێن باوکە تۆ مەڕۆ وەئەڵێم کوڕم ئێمە ئەچین بۆ جەبهە ژیانی ئێوەی پێ خۆش ئەکەین و ژیانی ئێوەی پێ سەرکەوتوو ئەکەین وەکاتێکیش کە ئەچینەوە ناو ماڵ ئەوەندە دڵمان خۆشە کەبرادەرێك دێت ئێمە بەدل ئەکات وەکو ئێمە بیرکردنەوەو هۆشیاری خۆی ئەچەسپێنێت بەرامبەر بەدوژمنان و نایەڵین پێشڕەوی بکەن من ئەو شەوە کە کاتێك سەر لەسەر سەرین ئەنێم لەناو ماڵ و منداڵەکەم دڵم زۆر خۆشە ئەڵێم ئێستاکە برام هەیە لەجەبهەدایە و ئەویش نەڕۆشتۆتەوە بۆ ماڵی خۆی و من لێرەم دڵم هەر لایانە ئێمە بەو شێوازە پەروەردە کراوین وەئەژین و ئەمرین بۆ نیشتمان بۆ کوردستان بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان ئێمە لەژێر کاریگەری خۆمان هەرشوێنێك پێویستی بەهێزی پێشمەرگە هەبێت ئێمە ئامادەین بەهەموو شێوەیەك خۆمان بە دنیا بناسێنین خۆمان بە هەموو شوێنێك بناسێنین بەڵام دەرمان خەن لە





میدیا له كامێرا ئیشه باشەكانمان هەرچەندە معاناتمان هەیەو موچەمان نیە من ئێستا یەك بەخۆم كەلێرەم ٣ مانگە موچەم وەرنەگرتووە تەنیا ئەم جەژنی قوربانە كەتێپەڕی وەكو دڵخۆشیش من بەلای كارەسات باسی ناكەم ٥ بۆ ١٥ هەزارم بووە ٥ هەزارم هێناوەبۆخۆم ١٠ هەزاریشم بەجێهێشتوە منداڵەكانم كە ٢ كوڕم هەیە یەكیانم بەناوی پاڤڵە و یەكیانیش ناوی بڵندە كەبەجێم هێشتونە، بەڵام دڵم پێوەی نینە لەبەر چی؟ لەبۆ پارە نیە بۆ ژیان نیە من تەماشای گیرفانم ناكەم تەماشای ئەسڵ و ئەساسی ژیانی خۆم ئەكەم كەناموسی خۆم لەدەست خۆمە و لەناو چنگەكانمە سەبەب بەچەكەكەم سەبەب بەخوێنەكەم ئەوە ئەساسە لای ئێمە ئەوە ئەساس نیە ئێمە موچەمان هەبێ یان موچەمان نەبێ باسكردنی من لەسەر ئەو شتە چیە لەبەر ئەوەی خەڵك تێبگات ئێمە بۆ پارە ناژین و بۆ پاراستنی ژیانی خەڵك ئەژین بۆ ئەم شتانە ئەژین، بەڵام ئەگەر سەیری بكەی لەڕوانگە نەك لەدەرەوە لەناخەوە سەیری بكەی دڵی چی تیایە كەباس بكات بەڵام ئێمە زۆر شت ناتوانین دەریخەین لەبەر ئەوەیە میدیاكان وەكو پێویست لەگەڵ پێشمەرگە نادوێن لەگەڵ خاكیان ناتوانن بدوێن ڕاستە ئێستا من لێرەم سەركردەكەم ئامرەكەم كاك یوسف كانی بەردینی لێرانە ئازادی كردووم كەچۆن قسەبكەم بۆ هەموو میدیایەك كەئەوەی پێویست بێت قسەكانم جێگەی خۆی بێت من سوپاسی تۆ دەكەم كەئەم دەرفەتەت دا بەمن كەباسی كەمێكی ژیانی پێشمەرگایەتی و ژیانی شەخسی خۆم بكەم وەزۆر سوپاستان ئەكەم جێی سەربەرزیە كەئێوە لەشوێنێكی دورەوە هاتون وەكو خانمێك هاتویتە بەرەكانی جەنگ وەكو پێشمەرگەیەك لەو شوێنە خەتەریا ئێستا كات و ساتی ئێمە لەچركەدایە تۆ بەو هەموو بوێریەی خۆتەوە هاتویتە ئێرە موقابەلە لەگەڵ ئێمە ئەكەن وەكو پێشمەرگەیەك زۆر شانازی بەتۆوە ئەكەم و بەكوردەوە ئەكەم .

# عەدنان حەسەن قادر

من ناوم (عەدنان حەسەن قادر)ە لیوای ٦ پیادەم.

منیش وەکو یەکێك لەهاوسەنگەرەکانم پشکی خۆشیوو ناخۆشی بەرەکانی جەنگم بەردەکەوێت، ساڵی ٢٠١٤ لەمانگی ٧ دا بەشداری یەکەم شەڕم کرد لەتللوەرد کەناخۆشترین بەرەکانی جەنگ بوو لەباشوری کەرکوك، دوای ئەوەی چەند جارێك لەلایەن داعشەوە ئاگادار کراینەوە کەئەم شوێنە چۆڵ بکەین بۆیە فەرمانمان پێ کرا ئەبێ ئەم شوێنە چۆڵ نەکەین ئەو شوێنەی کەئێمەی لێ بوین ناسراو بو بە گردی تەللوەرد لە ٣ لاوە گەمارۆ درابوو واتا ٣ گوندی گەورە لەدەوروبەری گوندەکە هەبوو لەدەستە ڕاست گوندی (دوور کارەبا) لەباشوری گردەکە گوندی تەللوەرد لەدەستە چەپ گوندی مەکتەب خالید، بەڵام ئەو گردە خراپترین شوێن بوو لەڕوی پاراستنی سەربازیەوە چونکە ئێمە دەکەوتینە ئەوبەری ئاوەکە ئەوبەر ئاوەکە کەسنوری داعش بوو ئێمە تەنها یەك ڕێگامان هەبوو بۆ چونە ناو ئەم گوندە، پردێك بەدرێژی ٥٠ مەتر لەسەر ئاوەکە هەبوو ڕۆژانە لەوێوە پێداویستیمان بۆ دەهات ئینجا بەینی گوندەکە لەگەڵ ئاوەکە ٥٠٠ مەتر بوو سەرەتا ئەو ٥٠٠ مەتر ڕێگایە ساتری نەبوو ئەگەر بمانویستایە بچینە ناو سنوری پێشمەرگە لەو ٣ گوندەی کەباسمان کردن زۆر جار تەقەمان لێ دەکراو هەندێك جار شەهید و بریندارمان دەبوو بەبێ ئەوەی شەڕ دەستی پێکردبێت ئێمە بەزۆری شەوان هاتوچۆمان دەکرد یان یارمەتی و پێداویستیمان بۆ دەهات دواتر داعش بڕیاری دا هێرشمان بۆ بکات وابو لە٢٠١٤/٧/١٧ شەڕ دەستی پێکرد سەعات ٥ ئێوارە ئەوان دەستیان بەهاوەن باران کردنی ئێمە کرد ئەو هێزەی ئێمەش ٣٠٠ کەس بوین، بەڵام ژمارەی

هاوەنەكانی ئەوان زۆر شارەزابوون پێشتر نەخشەو پلانیان بۆ دانابوو ئێمەیان هاوەن باران كرد زۆر بەچڕی شەڕەكە بەردەوام بو تا ڕۆژی دواتر سەعات ٢:٣٠ خولەكی ڕۆژی دواتر ئاگربەستیان ڕاگەیاند چونكە پێشمەرگە دەستی بەتۆپ باران كردنی لە ٣ گوند دەكرد زۆر بەچڕی ئەو گوندانە جگە لەداعش خەڵكی هاوڵاتی تیادا نەبوو داعش بەزۆر پێی چۆڵ كردبوون لەو شەڕەدا ١٧ شەهیمان دا، بەڵام هەمو شەهیدەكان بەتەنها هی لیوای ٦ نەبوون بەڵكو هێزی تریشمان بۆ هاتبوو زانیبویان كە ئێمە حاڵمان زۆر خراپە چونكە ئێمە نە ئاوو نەخواردنمان بۆ نەئەهات شەوێك و ٢ ڕۆژ.



# بەکر سدیق ئەحمەد

من (بەکر سدیق ئەحمەد) جێگری فەسیلم.

سەرەتا ٢٠١٤/٦/١٨ کە شەڕی داعش دەستی پێکرد سەعات ١٢:٣٠بوو تەقە دەستی پێکرد ئێمە لەوبەری ئاو بووین جەماعەتی خۆشمان لەدواوە بوو کە حەسر بووین لەبەینی جەماعەتی خۆمان و لەگەڵ داعش ئیتر پێشمەرگەکان بەڕاستی شەڕێکی قارەمانانەیان کرد لەڕوبەڕوبونەوەی داعش، ئێمەش بەداخەوە ئامر سریەکەمان ڕائید جەلال بریندار بوو ئێمە لەگەڵی چوینە خەستەخانە و بۆ ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە، لەگەڕانەوەیا تەقەیان لێکردین لەنزیك جسری فەتحە ئەمن خۆم یەك لەوانە بووم لەناو سەیارەکە بووم بریندار بووم پاشان بردیانمە خەستەخانە و دوایی چووم بۆ ماڵەوە ئیتر بەڕاستی پێشمەرگەکان قارەمان بوون چونکە ئەوکات نەچەکێکی باش هەبوو نەبیکەیسیەك هەبوو نە ئارپیچیەك هەبوو نەعیتاد هەبوو وەك پێویست، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشی بوو ورەی پێشمەرگە بوو ورەیان زۆر بەرز بوو توانیان بە چەند تفەنگێك ئەو داعشانە تێك بشکێنن و نەیەڵن بێتە پێش، ئەو ڕۆژە بەردەوام شەڕ بوو بێجگە لەشەوەکەشی کەهەر شەڕبوو هجووم لەسەر هجووم ئەیانکرد بەو هەموو ئەسلەحە باشەی جەیشی عێراق کەبەدەستیان کەوتبوو بەو هەموو هەمەرەوە هێشتا هێزی پێشمەرگە توانی بەرپەرچیان بداتەوە و نەیەڵن بێنە پێشەوە ئەوان شکان و هێزی پێشمەرگەش سەنگەری خۆی قایم کردوو ورەیەکی پۆڵاینی هەبوو بەرامبەر داعش نەیتوانی بستێك خاکی لێ داگیر بکات، لەو شەڕە عەدەد دۆشکەکەمان شەهید بوو وە برینداریشمان هەبووە نزیکەی ٨ بۆ ٩ بریندارمان هەبوو سەرەتا عیتاد نەبوو نەکەسیش هاوکاری

ئەکرد تەنها خۆت و تفەنگەکەی خۆت بویت، بەڵام هێزی پێشمەرگە وورەی زۆر بەرز بوو وورەی پۆڵاین بوو توانی بەئیرادەیەکی زۆر بەهێز داعش تێك بشکێنێت ئیسّتاش ئێمە لەمەفرەقی حەویجەین بەرامبەر داعشین و ئامادەین بۆ هەر ئەگەر و ڕوبەڕوبونەوەیەك ئێستا داعش زیاتر لە ٣ کیلۆمەتر لێمان دوور کەوتۆتەوە ئەمەل و بڕوای تەواومان بەخۆمانە وەك ئەرکێکی نەتەوایەتی لەگەڵ ئەوەی معاشیشمان نیە بە سێ مانگ جارێك معاش وەرەگرین بەڵام هەر بەسەربەرزی بەردەوامین لەئەرکی خۆماندا.

# نەقیب فازیل ئەحمد مەعروف

من ناوم (نەقیب فازیل ئەحمد مەعروف)ە لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی فەوجی ٢ لیوای پاراستنی سلێمانیم .

ئێمە تەبعەن ئەوە ماوەی ٢ ساڵە لەبەرەکانی جەنگ کە دوژمنی سەرسەختی نەتەوەکەمان کە داعشە بەڕاستی ئەمە کارەسات بوو کەلەناکاو ڕووی دا چونکە ئەو دوژمنە سەر سەرختە کە چاوی بڕیە گەلەکەمان و نیشتمانەکەمان، هەوڵی دا کە مافی گەلەکەمان زەوت بکات و زاڵ بێت بەسەر هەموو کەسایەتی نیشتمانی و ماف و مرۆڤ و هەموو ئەوشتانە بەڕاستی ئێمە لەمەنتیقەی جەلەولا بووین و بەرەنگاری دوژمن بوینەوە لەوکاتانە لەسەنگەرەکانی پێشەوە بووین لەناکاو بوو بەتەقەو شەڕ دەستی پێکرد هەڤاڵێکمان لەسەنگەری دیفاعدا بەگوللەی دوژمن شەهید بوو ناوی هێمن حەمەساڵحە بەداخەوە لەدەستاماندا وەهەر لەوکاتانەیا دوو فەرماندەی قارەمان کە یەکێکیان سەردار عەبدول قادر بوو فەرماندەی سریەی ٣ بوو وە شەهید ڕەفیق حەمە عەزیز ئەویش فەرماندەی سریەی ٤ بوو بەدەستی ڕەشی داعش شەهید کرا وە ٢ پێشمەرگەی قارەمانی ترمان ئەوانیش لەسەنگەرەکاندا بوون گەڕانەوە چوبون بۆ ئیسراحەت سەعات ٨ بەیانی لە نزیك پردی حسەینیە ئەوانیش شەهید بوون بەداخەوە چەندین برینداریشمان داوە ئێستا، کە بریندارەکانمان زۆر زۆرن نزیکەی ئەگاتە ٨٥ بۆ ٩٠ بریندار هەرچەندە ئەمە زۆر سەخت بوو بۆ ئێمە، لەگەڵ ئەوەشدا لەخەبات و ماندوبونی خۆمان نەکەوتین هەموو کات لەسەنگەرەکانماندا بەرگریمان کردوە بۆ هەموو هجومەکان لەسەنگەرەکاندا ئامادە بوین هەرهەمومان بەبێ ئەوەش کەبڵێین وەزعی مادیش لە هەرێمی کوردستان باش نەبووە، بەڵام ئێمەی پێشمەرگە هەر ئامادە بووین بە خوێن و بە گیان دیفاع لە خاك و نشتمان بکەین .

# تاریق محەمەد ئەحمەد

ئێمە بیدایەت کەهاتینە ناوچەی کەرکوك بۆ پاراستنی کەرکوك هاتین ئەوکاتە مالیکی هەڕەشەیەکی گەورەی هەبوو بۆ سەرکوردستان ئەوکاتە کەجەیشی مالیکی دیاربوو لەشکان بوو لەگەڵ تیرۆریستانی داعش ئێمە ڕووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراو بوین لەگەڵ تیرۆریستانی داعش وە توانیمان بەرگری بکەین و نەهێڵین تیرۆریستانی داعش بێنە ناوخاکی کوردستان ئێستاش ئامادەین تا دوا دڵۆپی خوێنمان دیفاع بکەین بۆنمونە ئێستا لەپێشەوەی بەرەکانی جەنگین کە ٣ براین وئامادەین هەرسێکمان خۆمان بەکوشت بدەین لەپێناو خاکی کوردستان، ئێمە سەرەتا هاتینە مەعەسکەر سیروانی کەرکوك ئەوکاتە جەیشی مالیکی هات ئێمە ویستمان خێرا ئەوێ بگرین و داعش داخڵی ئەوێ نەبێت وە ئەوێمان گرت و خەبەریان هێنا کەوا داعش لەمەنتیقەی مەلا عەبدوڵایە لەوێوە بەرەو کەرکوك دێت ئێمە خێرا خۆمان گەیاندە سنوری فەتحە کەنەهێڵین داخڵی کەرکوك بێت لەپردی فەتحە ماینەوە بۆماوەی چەند ڕۆژێك دیفاعمان کردو نەمانهێشت داعش بپەڕێتەوە دووای ئەوەی داعش خۆی داوای شەڕ ڕاگرتنی کرد ئەوانیش مەبەستیان ئەوە بوو کەخۆیان قایم بکەن لەوبەرێ دیاربوو لەگەڵ پێشمەرگە مفاوەزاتیان کرد کە ئێوە تەقە مەکەن ئێمەش تەقە ناکەین بەس ئاوەکەمان بەین بوو لەگەڵ داعش کەلەهەموو ڕەگەزێکی تێدابوو داعش لەکورد و تورکمان و هەموو شێوەکان، دوای ئەوەی کەخۆیان قایم کرد ئەوان کەوتنە تەقەکردن ئێمەش کەزانیمان داعش وایە خۆمان قایم کردەوە لەناوچەی مەلاعەبدوڵا، لەوکاتەدا کەداعش نزیك بوو مەترسی زۆر هەبوو بۆ سەر کەرکوك ئێمە توانیمان بە پاڵپشتی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان داعشەکان



دورخەینەوە ئێستا بە چەندین کیلۆ مەتر لە ئێمە دوورن، وە هەتا هێزی پێشمەرگە مابێت خەڵکی کەرکوك گیانیان پارێزراو ئەبێت، ئێستاش ئێمە هەر لە خەتی دیفاعین هەتا داعش نەتوانێت نزیك بێتەوە، ئینشاڵا سەرکەوتنی یەکجاری بەدەست دێنین، هەر سێ براکەشم لەگەڵ یەکین لە یەك فەوجین و ئامادەین گیانی خۆمان بەخت بکەین بۆ پارێزگاری لەخاك و گەل و نیشتمانمان.

# عەزیز ڕەحمان عەزیز

من ( عەزیز ڕەحمان عەزیز) خەڵكی توتنەی دەوروبەری بالیسانی پاشماوەی ئەنفالم.

بەكۆپلە شیعرێك دەست بەژیان نامەی خۆم دەكەم وەك پێشمەرگەیەك لەسەنگەری ئێستای بەرامبەر تیرۆریستانی داعش

باڵام درەختی بێ ئاوە بای هەژاری ئەیژاكێنێت

بەڵام ئومێدم گەورەیە زۆر ئەستەمە هەرەس بێنێت

بیرەوەریەكەم لەوەتەی هەم پێشمەرگەم

چونكە من لەناوچەیەك ژیام لەدایك بووم

ناوچەی شۆڕش گێڕی هەتا ژیام هەر شۆڕش گێڕم

كەچەكم پێ هەڵگیرا بومە پێشمەرگە هەتا ئێستا لایەزال هەر پێشمەرگەم


وەئامادەیم تێدایە تامردن پێشمەرگەبم چونكە ناوێكی پیرۆزە

بەس داواكارم ئەوانەی ماڵ و موڵك و سەروەتوو سامانی ئەو میللەتەی دەخۆن ناو لەخۆ نەنێن پێشمەرگەن.

لە ٢٠١٤/٦/١٨ داعش هێرشی كردینە سەر لەجسری فەتحە سەعات ١٢:٢٠ نیوەڕۆ لەو ڕۆژەدا ناخۆشترین شت بۆ ئێمەی پێشمەرگە كە لەبەرگرییەكی سەختدا بوین هەتا شەوەكەی سەعات ١٢ شەو ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی كە شەهید بوون و بریندار بوون وە خۆشترین شت كەجێگای هەموو ناخۆشیەكانی پڕ كردەوە ئەوەبو ئێمە بەچەكە ژەنگاویەكانی خۆمان توانیمان بەسەر داعشی تیرۆریستدا سەركەوین و نەهێڵین شوێنەكانمان داگیر بكات، ئەمن یادگاریەكم لەكنە لەو شەڕانە جوانترین شت كەلەكن من هەبوو ئەوەبوو كاتێك داعشەكان



ڕۆژ بوو هجومیان کرد هاتنە پێشەوە الله اکبریان ئەکرد ئامر سریەکەمان هێرشی کردن بەپێوە جوانترین شت بوو بەلای منەوە لەو ڕۆژەیدا هەر بەپێوە هجوومی کردن و ئەوانیش هجومیان ئەکرد شەڕێکی قارەمانانەی کرد و گەڕایەوە نوقتەکەی خۆی.
پێشمەرگە کەلەسەنگەرە ئامادەیە شوێنی خۆی دابین بکات بەرگری لەسەرما و گەرما ئەکات لەدوژمن ئەکات وە ئامادەیە خواردنیش دابین بکات، بەڵام هیوادارین بۆ لەمەو دوا بەرپرسەکانمان بەخۆیاندا بچنەوە و چاو بەپێشمەرگەو تەواوی گەلی کورددا بخشێننەوە چونکە ئێمە بەشێکین لەگەلی کورد ئامادەین تێبکۆشین بمرین لەپێناو ئەم نیشتمانە پیرۆزەدا ئینجا داواکارین لە بەرپرسەکان بەخۆیاندا بچنەوەو چاو بەهەموو کارەکانی خۆیاندا بخشێنن بەرامبەر بەتەواوی گەلی کورد بەنیشتمانەکەی ئەوجا بە پێشمەرگە ئێمە ئەو خانوانە بۆخۆمان دروست ئەکەین ئیدی شوێنی دانیشتن و سەرماو گەرماو هەمو شتەکان بەخۆ دابین دەکەین، من تەواوی ژیانم پێشمەرگە بووم لەبەر ئەوەی لەدایك بوومە لەناوچەی شۆڕش لەژێر زەبری تۆپ و تەیارەی دوژمنی گۆڕ بەگۆڕی سەدام کیما بارانیش کراوم ئێستاش پێشمەرگەم و تائەشمرم هەر پێشمەرگە ئەبم.





# ملازم ئەوەل جەعفەر

(ملازم ئەوەل جەعفەر) ئەفسەرم لەفەوجی ١ لیوای ١٣٦ .
من زیاتر کەپێم خۆشە کە خەڵکێکی وەك ئێوە یەت سەردانی هێزی پێشمەرگە ئەکات یەت بۆناو پێشمەرگەکان یەت بۆلای براکانی خۆی مەقەڕەکان بەسەر ئەکاتەوە زیاتر شت بەچاوی خۆتان ئەبینن، ئەو خەڵکەی کە پێشمەرگایەتی کۆی کردۆتەوە بەمەعنا پێی ئەڵێن پێشمەرگە گیان لەسەر دەستانە خۆی بەخت ئەکات بۆ میللەتەکەی زیاتر بڵاوی بکەنەوە لە ئیشەکانی خۆتاندا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانتاندا ئەگەر بەشێکی بەن بەگۆڤارەکان لەبەر ئەوەی بۆ خەڵکی شارەکانی خۆمان زیاتر ماندوبونی پێشمەرگە بزانن و پێی ئاشنابن کەچۆن بەرگری ئەکات لە کوردستان لەو هەرێمەی کەدروستمان کردووە لەو میلەتە چەوساوەیەی کە بەدرێژایی مێژوو هەرچی هاتووە شەقێکی تێهەڵداوین، بەڵام ئێستا بە وجودی سەرکردایەتی ئەم سەردەمە بڵێین مەکتەب سیاسی حزبەکان ئەم هەرێمەیان پێك هێناوە و ئەم حکومەتەیان دروست کردوە و هێزی پێشمەرگەیان پێك هێناوەو بەهەموو لایەنەکانەوە کە حکومەتێکمان هەیە پێی ئەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێکمان هەیە پێی ئەڵێن وەزارەتی پێشمەرگە، پێشمەرگەی هەمو لایەنەکانی لەخۆی کۆکردۆتەوە حەزەکەم میللەتەکەی زیاتر لێ ئاشنا ببێت کەبەچ نەهامەتی و دەربەدەری و دەردەسەریەك و بەچ گەرماو سەرمایەك ئەم جەبهانەی پاراستووە لەم جەبهانەدا خۆتان بەچاوی خۆتان ئەیبینن گیان لەسەر دەستانە ئەگەر بڵێین ئەمانیش وەکو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی خۆمان کوردستانەکەی خۆمان هەمویان ساحیب عایلەن هیچی لەکونە دیوارەوە نەهاتووە بڵێین

زۆر بەسادەتر قسە بکەم هەمووی وەك ئەوان ساحێب خانەوادەیە هەمووی بەزۆری خێزاندارن پێشمەرگەکان چونکە لەچینێکی هەژار نشینداوبین هەموی خێزاندارە و منداڵی هەیە ڕۆشنبیریەکی وەهای هەیە تەنها بیر لەوە ئەکاتەوە نیشتمانەکەی بپارێزێت لەلایەنەکانی ترەوە لەوانەیە ڕۆشنبیری کەمتر بێت وەکو هەندێك چینی کەمان هەیە بابڵێین فەرمانبەر هەیە بۆ نمونە من بۆت باس ئەکەم کە لەوانەیە بڵێم نەیەڵێت لە ٢ منداڵ زیاتری هەبێت، بەڵام ئەم بەهۆی سەرقاڵی ئەرکەکەیەوە لەوانەیە بڵێم منداڵی زیاتر ئەکات چونکە لەو لایەنەوە زیاترماندو بووە من بەش بەحاڵی خۆم ٥ منداڵم هەیە لەوانەیە نەم پەرژابێتە سەر ئەوەی ڕۆشنبیرم بایی خۆم هەموو کەس بەشی خۆی ڕۆشنبیرە بەتایبەتی هێزی پێشمەرگە بەوە ڕۆشنبیرە چۆن ئەرکەکەی خۆی بەجێ بهێنێت هەر لەمشوری پاراستنی خاکەکەیایەتی لەڕووی مادیشەوە چونکە مادی کەم بووە لەوانەیە هەندێك لایەنی پێ نەکرابێت ئەگەر زانیبێتیشی هەندێك شت هەیە لەڕووی تەندروستیەوە لەڕووی هەندێك شتەوە وەسائیل بەکار بهێنێت، بەڵام ئەوەشی نەکردووە لەبەر ئەوە بوینەتە ژێر منداڵەوە کەوتوینەتە ژێر عایلەوە بەتایبەتی هێزی پێشمەرگە کەباسی ئەکەم ئەتوانم لەو بوارەی خۆمدا قسە بکەم لەوانەیە زۆربەی ئەوانەی کرێچین پێشمەرگەن و زۆربەی خەڵکە فەقیرەکەی هەر پێشمەرگەیە هەروەها ئەوەی کەجلی مارکە ناکرێت پێشمەرگەیە ئەوەی جلی کۆنەو گۆشتە بەستوەکە ئەکڕێ پێشمەرگەیە لەبەر ئەوەی داهاتەکەی کەمە لەبەر ئەوە لایەنێکی هەڵبژاردووە چونکە مادی کەم بووە لەوانەیە هەندێك شتی پێنەکرابێت جا لەڕووی تەندروستی بێت یان هەندێك شتی تر، پێشمەرگە لایەنێکی هەڵبژاردووە فریای لایەنێکی تر ناکەوێت ڕاستە ئێستا ئابوری وولات کەم بووە بەڵام پێش ئیستا ئابوری وولات زۆر باش بووە لە کوردستاندا لەو هەموو پارە زۆریە پێشمەرگە نەئەپەرژایە سەر

ئەوەی کارێکی تر بکات و داهاتی مانگەکەی پێ دابین بکات هەتا بگاتە ئاستی چینێکی کە لەبەر ئەوەی نەی ئەتوانی مووچەکەشی کەم بوو بەو شێوازە ماوەتەوە هەژاربووە و بۆتە چینێکی هەژار دووای ئەوەش خۆی ئەرکی چیە ئەرکی پێشمەرگایەتی کەبەمەعنا سەلماندوویەتی نەك خەڵکی خۆمانی ناسی هەموو دنیای ناسیویەتی و قوربانیەکی گەورەی داوە بەخۆی و بەڕۆحی خۆی و ئەویش حاڵی خێزان و عایلەکەیەتی لەدوواوە لەناو چین و توێژەکانی کەیا هیوادارم لەم لایەنەوە ئەم قسانەی من بەر گوێی لایەنێکی بەرپرس بکەوێت و زیاتر ئاوڕ لەپێشمەرگە بدەنەوە .

# مفەوەز عوسمان عەبدوڵا فارس

ناوم (مفەوەز عوسمان عەبدوڵا فارس)ە فەرماندەی فەسیلم لە لیوای ١ پاراستنی سلێمانی فەوجی ٢ سریەی ٣ .
لەبەرواری ٢٠١٤/٨/١٢ لە نەقشبەندی کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ کەکاتی نان خواردنی نیوەڕۆ بوو چەتەکانی داعش لەجەلەولاوە بەرەو گوندی حسەینیە جوڵان و هێرشیان کرد بەپلانی خۆیان ویستیان گوندی شێخ باوەو قەرەبلاغ و تا مەنتیقەی کەلار بگرن، بەڵام خۆش بەختانە بەئازایەتی و قارەمانی پێشمەرگەکان توانیمان بەرپەچیان بدەینەوە ئێمە لەوێ شەهید سەردار فەرماندەی سریەمان بوو توانیمان لەگەلیان بڕۆین و بەرپەچمان دانەوەو هێرشمان کرد لەکاتی هەڵکوتانمان بۆ ناو دێکە ئەتوانم بڵێم ٥٠ بۆ ٦٠ مەترێکمان مابوو بەداخەوە کاک لەتیف حەمە کەریم زۆر بەسەختی برینداربوو تائێستاش توانای گەڕان و کۆمەڵێك شتی نیە لێمان دان و شکاندمانن نەمان هێلا پلانی خۆیان جێبەجێ بکەن گەڕاینەوە، بەڵام ئەوەی یادەوەری بێت لای من هەم خۆش و هەم ناخۆش لەشەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ /٢٠١٤/٨ تا ٣ بەیانی لەگەڵ کاك شەهید سەرداردا دانیشتبووم دەستمان کردبوو بە قسەی خۆش لەو کاتەدا کچە بچوکەکەی بە ناوی ماریا تەلەفونی بۆ کرد ووتی بابە گیان ٢٠ شەوە نەهاتوینەوە بۆ سەرێکمان لێ نادەیت ئەویش وتی کچە جوانەکەم من لە ڕزگار کردنی خاك و نیشتماندام ئینشاڵا لە چەند ڕۆژێکی تردا دێمەوەو سەرتان لێ ئەدەم، بەڵام بەداخەوە بۆ بەیانیەکەی کاتژمێر ٨ بەیانی لە ناو گوندی حسێنیە بەدەستی چەتەکانی داعش شەهید کرا لەگەڵ شەهید ڕەفیق و شەهید سەردار پێنجوێنی و شەهید جلال بەگ.

# دلێر عەبدول خالق شێخەسۆرخان

ناوم (دلێر عەبدول خالق شێخە سۆرخان)ە دانیشتووی سلێمانیم.
پێشمەرگەم لەلای بەڕێز کاك لیوا مەردان چاوشین بەشداری هجومێکم کردووە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە لێرا وە پیشەشم ئەوەیە خۆم لەئەلغام دەوام ئەکەم کاك مەردانیش لەوێ چالاکی زۆربەی شەڕەکانی کرد، بەڵام من بەڕاستی زۆر چالاك نەبوم لەگەڵ ئەو برادەرانە فریانەکەوتم ئیدی ئەوەبوو ڕۆژێکیان کاك مەردان وەکو سەرپەرشتی هێزی میحوەری قەرەتەپە داوای لێکردم لەگەڵ هەڤاڵەکانی خۆی وتی یەك دوو چالاکیمان هەیە ئەگەر بتوانی بۆمان ئەنجام بدەیت منیش زۆر بەشانازیەوە لەبەر ئەو برادەرانەو بەڕاستی بەرامبەر تۆڵەی شەهیدەکانی خۆمان شەهید سەرە باوەو شەهید حەمە چاو جوان و شەهید فیردۆس و شەهید چۆمان وەکو تۆڵە سەندنەوە چوم لەگەڵ کاك حلمی و کاك سالار و کاك ئەرکان و دوسێ هەڤاڵی ترمان لەگەڵدا بوو وەکو مەفرەزەی پارتی زانی شەو چوینە دەوری دێیەکان و کەچی دوژمنی خاکی هەرێمی کوردستان لەوێ بوون داگیریان کردبوو وەکو خاکی کورد چالاکیمان داناو ئەنجامەمان داو زۆر بەخۆشبەختانە سەری گرت و وەدەستخۆشیشمان لێکرا لەلایەن بەڕێز کاك لیوا مەردان چاوشین، ئەنجامەکەش ئەوەبوو خۆیان تەلەفۆنیان کردوو هەڤاڵانی خۆمان وەکو کاك محەمەد ئیسماعیل و ئەوانە کەلەفەرماندەی کاك زیاد خۆرانی بون ئیتر ئەوەبوو ئەنجامەکەیان بەکاك مەردانیان وتبوو زۆر خۆشحاڵ بوین بەم دەرفەتەو هجومەکەی بایزە بوو لەوشەڕەش ئەنجامەکە هەر ئەوەندەبوو سەریشی گرت و زۆر دەستخۆشی لەبرادەرانی پێشمەرگە ئەکەم و هەتا بشتوانین دیفاع لەم کوردستانە ئەکەین نەك هەر بۆ بەرژەوەندی



معاش و ئەوشتانە بێت، ئەو ئەڵغامانە هیی زەمانی ٧٠ کان بوو بۆ کاك مەردانیان هێنا بوو خۆم و کاك سالار دەستمان بە پوچەڵکردنەوەی ئەڵغامەکە کرد سەرەتا وەکو دانانەوە ژیان مانەوە ئەڵغامەکە شەو چوین دامان ناوە لەسەر ڕێگای دوژمنەکانمان لەڕێگای بایزەو جومێلە بوو ئێمە وەکو تۆڵە سەندنەوە ئەو کارەمان کرد چونکە ئەوان ئەو جێگەیەیان داگیر کردبوو هێزی پێشمەرگە بەرامبەر ئەوان بوو، بەڵام ئەو دەرفەتەمان بۆ نەئەرەخسا کەئێمە بچین هجومیان پێ بکەین و ئەمری سەروشمان بۆ نەهات بوو ئێمەش خۆت دەزانی قواتێکی عەسکەرینە هەتا ئەمری سەرەوەمان بۆ نەیەت ناتوانین هیچ حەرەکەیك لەخۆمانەوە بکەین ئێمەی پێشمەرگە، ئەڵغامەکانمان سەعات ٢ شەو دانا کە ٢ ئەڵغام بوو خۆشبەختانە سەری گرت و زیانیان پێ گەیشت، لەهجومی بایزەدا لەو شەڕەشدا بەشداریم کردووە بەڵام وەکو مقاوەمە مقاوەمەیان نەبوو چۆڵیان کردبوو ئیدی ئێمەش چوین دێیەکانمان ئیقتیحال کردو هاتینەوە ئەوان عبوەیەکی زۆریان دانابوو کە زۆربەی زیانەکانی پێشمەرگە لە عبوەوەیە من بۆ خۆم هەتا ئێستا هیچ عبوەیەکم هەڵنەگرتۆتەوە بەڵام تیمێکی خانەقین و ئەوانە پەیوەندیان هەبوو لەگەڵ بەڕێز کاك مەردان و ئەوان دەهاتن و پوچەڵیان ئەکردەوە .

# سامان مستەفا مەحمود ساڵح

من ناوم (سامان مستەفا مەحمود ساڵح)ە زابت حەرەکاتی سریەم وەپێشمەرگەم لەلیوای ٩ لەفەوجی ١ .
هەموو کاتێك خۆشحاڵ بووم کەمن چەکم کردۆتە شان بۆ خاك ونیشتمان بۆ ئەوەی دیفاع لەنیشتمانەکەم بکەم وەکو گەنجێك ئەمڕۆ لەبەرەکانی جەنگ کەئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەرێزتانا ئەنجام ئەدەم ئێستا لەسەنگەرەکانی پێشەوەم ئەمە ئاخر سنورمانە پێی ئەڵێن ئەلبوو محمد یادگاریمان زۆرە لەگەڵ هەڤاڵان و برا پێشمەرگەکانمانا ئێمە ١١ی مانگ بوو هجوم کرا بۆئەم دێیانە، ئەم دێیانە زۆر بوون تەقریبەن بۆ ١٣ دێ ئەچوو بەپێی ختەی عەسکەریەکە ئامانجێکی باش بەدەست هات تەواوی دێکان کۆنترۆڵ کرانەوە لەسەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگەو ئەو برا پێشمەرگانە یادگاری خۆش و ناخۆشمان هەبووە دیارە ڕەفیق و برادەری خۆشەویستمان لەفەرماندەکانمان کەشان بەشانی هێزەکانی پێشمەرگە وەکو برا هەموو بەیەکەوە هێرش کرایە سەر ئەم دێیانە بەداخەوە ئێمە یەکەم ڕۆژ شەهیدمان دا شتێکی زۆر ناخۆش بوو بەلامانەوە بەدەستی تیرۆریستانی داعش نەك بڵێی بەدەستی خۆیان بەڵکو بۆ مەرامە گڵاوەکانیان کەوتبونە تیئێنتی دانان لەناو ماڵەکاندا لەکۆڵانەکاندا هیچ شتێك وای لێنەکردن بەرگری بکەن بەرامبەر بەهێزی پێشمەرگە تەنها بەدەستە گڵاوەکانیان هەندێك تیئێنتی و بۆمبیان دانا ئەوەبوو تەقیەوە بەهێزی پێشمەرگەیاو هەندێك شەهیدیان دا یەکێك لەو شەهیدانە فەرماندە نەقیب بورهان کواوایی بەداخەوە ئێستاش ئێمە وەکو برادەرانی بەپەرۆشین بۆ ئەو شەهیدەو شەهیدەکانی تریش دیارە لەهەر سنورێك شەهیدێك درابێت هێزی پێشمەرگە ئەمە هەموو



براو کەسی ئێمە بوون ئێمە وەکو حیزب لەبەرەکانی جەنگدا نین ئێمە هەمیشە وەکو نەتەوەو کورد دیفاع ئەکەین لەم خاك و ئاوە، لەڕاستیدا کەهەواڵەکەمان بیست بۆخۆمان لەگەڵ هەندێك لەفەرماندەو پێشمەرگەکان لێرە بوین پشومان ئەدا لەئیسراحەتدا بووین بەداخەوە گوێمان لەدەنگی بۆمبێك بوو کەتەقیەوە کەهەواڵمان زانی دیاربوو شەهید بورهان و برادەرەکانی کەبریندابوون لەگەڵیا لێرا من ئەوەندەم لەدەست هات کە فرمێسك لەچاوەکانمدا هاتە خوارەوە زۆر بەپەرۆش بووم چونکە بەڕاستی ئێستاش ئەیڵێم هەموو کوڕی فەقیرو هەژار بوین هەموو هەندێك شتمان وەلا ناوە هاتوین دیفاع لەنیشتمانەکەمان و لەگەلەکەمان ئەکەین شانازیشی پێوە ئەکەین لەهەر شوێنێکدا شەهید ببین لەم خاکی کوردستانەدا دیارە ئەمە خاکی برا کوردەکانمان بوو، ئێمە هاتین لەسەر ئەم خاکە شەهیدماندا شانازیە بۆ ئێمە ڕۆژهەڵاتیەك یان باشوریەك یان هەر شوێنێکی تر دێت لێرا شەهید ئەبێت ئێمەش شانازی ئەکەین ئەگەر بشچینە شوێنەکانی تر ئەگەر گەل پێویستی پێمان بێت ئێمە شەهید بدەین و خۆمان بکەینە قوربانی بۆ ئەم خاك و ئاوە.

# هێمن شەوکەت ئەحمەد

من ناوم (هێمن شەوکەت ئەحمەد)ە لەبەرەکانی جەنگین لەفەوجی ٤ لیوای ٩ چەند دێیەکمان ڕزگار کرد بەپشتیوانی براو فەرماندە ئازاکان گوندی ئەبو یوسف و ئەبو محمد و زانقرە و بانشاغە و ئەلڕابیعە هەموویمان ڕزگار کردن لەدەستی چەتەکانی داعش، ئێمە لەبەرەکانی جەنگین و زۆر بەقارەمانانە کێشەمان نیە مەعاش هەبێت یان نەبێت بەرگری لەخاکی کوردستان ئەکەین، ئەبوو یوسف کۆنترۆڵ کرا لەبانشاخ جارێك هجوممان بۆ کرا زۆر سەخت بوو شەهیدو بریندارماندا بەڵام کۆنترۆڵمان کردەوە ئەو بان شاخە نەمانهێشت ئەم شوێنەمان لێ بگرن داعشمان شکاندەوەو گەڕانەوە دواوە داعشەکان خەسارەیەکی زۆریان دا برا پێشمەرگەکانیش قارەمانانە بەرگریان کرد، من لەداقوق دێیەکی لێ بوو هەڤاڵ و برادەرم زۆر کوژرا لەویا من ڕزگارم بوو لەو دێیە هجومێکمان بۆ کرا شکاین و پێشمەرگەی زۆر کوژرا ئێستاش بەردەوامین و دەوامی خۆمان دەکەین ئەو دێیەمان کۆنترۆڵ کردەوەو ئێستا لەژێر دەستی پێشمەرگەدایە.



# عەمید نجم الدین خالید حسن محمد

من عەمید (نجم الدین خالید حسن محمد) ناسراوم بە (نجم الدین خالید فەقیانی) بەپلەی عەقید لێپرسراوی لیوای (٤)ی پیادەی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە بووم، بارەگای لیواکەمان لەناحیەی بامەڕنێ بوو.

لەشەوی ٨-٩-٢٠١٤ کاتژمێر ١٢ی شەو فەرماندەی لیوا بەڕێز (عەمید حکمت محمد تاهر گولی) تەلەفۆنی بۆ کردم کە خۆم ئامادە بکەم هێزێك لەگەڵ خۆم ببەم ئەویش ماڵی لە زاخۆ بوو بەوێدا بڕۆین بەرەو زوومار، بەیانی زوو ٩-٦-٢٠١٤ بەڕێ کەوتین بەرەو زوومار، زانیمان داعش موصڵی داگیرکردووە، فرقەی (٣)ی سوپای عێراق بارەگای لە سەربازگەی کەسکێ بوو کە (١٢)کم لەزوومار دوورە، ئەوانیش شکانو ڕایانکرد، ئەو هێزەی کە لەگەڵمان بوو هێزێکی تریشمان بۆهات کە پێکهاتبوون لەفەوجی یەك و دوو، فەرمانمان وەرگرت لەبەڕێز سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە کە سەنگەر لێبدەین لەڕێگای موصل ڕەبیعە وە ڕێگای کەسك زوومار، بۆ ڕۆژی (١١-٦-٢٠١٤) هێزەکانمان ئامادەکرد بۆ پاك کردنەوەی ڕێگای عوێنات ڕەبیعە، بەڵام هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە هەموویان پەیوەندیان بەچەکدارانی داعشەوە کردبوو لە گوندی عوێنات تووشی شەڕێکی قورس بووین تاکو ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو چەندین شەهید و بریندارمان هەبوو.

هەمان شەو هێزەکانمان دابەشکرد لەڕێگای عوێنات و قەسریج و گوندی حوگنە و شەریکەی نەوت لەخۆرئاوای زومار تاکو شەوی ٣٠-٧-٢٠١٤ لەهەردوو قۆڵی چیای قەسریج و شەریکەی نەوت چەکدارانی داعش هێرشیان کردەسەر سەنگەرەکانی لیواکەمان لەهەردوو قۆڵەوە زۆر بەباشی تێکشکێندران زەرەروو

زیانی باشیان بەرکەوت بەپێی زانیاری لەو شەڕەدا زیاتر لە ٣٠ چەکداری داعش کوژرابوون، وەپێشمەرگە بەورەیەکی زۆر بەرزەوە لەسەنگەرەکانی خۆیان مانەوە، بۆ بەیانی ٢-٨-٢٠١٤ من و عەمید (عبدالرحمن) چواربەردە کە جێگری لیوا بوو لەگەڵ عەقید نەزیرگیزی و عەقید خالد سلیمان، لەگەڵ چەندین فەرماندەی تر خۆمان ئامادەکردبوو بۆ هەر ئەگەرێکی ئەو چەکدارانە، داعش هێرشێکی گەورەیان دەست پێکرد بۆسەر سەربازگەی کەسکێ کە فەرماندەی دهۆك لەوێ جێگیرکرابوون، وا دیار بوو ئەو فەرماندەیە لەوێ بەرگری پێنەکرابوو شکابوون بۆ نیوەڕۆ بەناو زوماردا ڕۆیشتن و پاشەکشەیان کرد.

ئێمەش بارەگای لیوامان لەناو زومار بوو بۆ پشوو هاتبووینە بارەگای لیوا تاکو ئێوارە یەکسەر خۆمان ئامادەکرد بەرەو سەنگەرەکانی فەوجەکان بەڕێ کەوتین، لەڕێگەی زوومار حوگنە گەیشتینە لێپرسراوی کۆمیتەی زوومار گوتی بگەڕێنەوە داعش هەموو ڕێگە سەرەکیەکانی گرتووە، لەگەڵ برادەران بریارماندا بەرگری بکەین لەهەمان کاتدا لەناو زومار بەئاربیجی لەبارەگای لیوای ئێمەیان دا. من تەلەفۆنم بەسەرۆك ئەرکان کرد بەڕێز فەریق جمال بارودۆخی ناوچەکەمان پێراگەیاند کە ئەمری بەچیە، گووتی بکشێنەوە بۆ بازگەی گوندی بارزان لەوێ سەنگەر بگرین کە گەیشتینە ئەوێ هەواڵمان بۆ هات کە ڕێگامان لێگیراوە لە گوندەکانی (بەردیاوا حمدئاغا) بڕیاردرا بەنزیك دەریاچەی موصل پاشەکشە بکەین بۆ فیشخاپوور، بەڵام فەوجی یەکمان بەفەرماندەی عەقید خالد سلێمان لەشەریکەی نەوت بوون چواردەوریان گیرا تاکو شەو بەرگریان کردبوو، بەداخەوە (١٤) پێشمەرگەیان لێ شەهید بوو، هێزەکە ژمارەیان (٣٧٠) پێشمەرگە بوو شەو بە بەلەم بەدەریاچەی بەنداوی موصل پەڕێندرانەوە بۆ ئۆردوگای خانکێ لە نزیك دهۆك.



بۆ بەیانی ٣-٨-٢٠١٤ هێزەکەی خۆمان کۆکردەوە سەرۆك ئەرکان فەرمانی پێکردین کە بچینە قەڵەی وەلید لەڕێگەی ڕەبیعە لەنزیك سنوری سوریا لەوێ خۆمان قایم کرد بۆ نیوەڕۆ هێزەکەی شەنگال هاتە خوارێ بەبێ شەڕی پاشەکشەیان کرد بەلای ئێمە بەناو خاکی سوریا کشانەوە بۆ فیشخاپوور، ئێمە هێزەکانمان دابەشکرد لە گوندەکانی علیۆکاو قاهیرەو ماسەکا.

بۆ بەیانی ٤-٨-٢٠١٤ چەکدارانی داعش هێرشێکی گەورەیان کرد لەو سنورە بەڵام تێکشکێندران لەوێ ماینەوە تاوەکو ٢٢-٨-٢٠١٤ فەرمانمان پێکرا بۆ بەرزاییەکانی چەمی بایف لەڕێگەی زومار. لەبەرەبەیانی ٢٧-٨-٢٠١٤ هێزی پێشمەرگە هێرشی دەستپێکرد بۆ گرتنەوەی گوندەکانی (عمر خالەو بەردیاو بارزان کەو عین فرس و بەرزاییەکانی عین زالە)، هێرشەکە سەرکەوتوو بوو بۆ رۆژی ٣٠-٨-٢٠١٤ بەرنامە دانرا بۆ گرتنەوەی زومار هێرشمان کرد تاکو نیوەی زومار بەباشی رۆیشتین لەکاتی خۆرئاوابوون ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراوی خۆکوژی خۆی بەهێزەکانی پێشمەرگەدا تەقاندەوە بەداخەوە زەرەرو زیانی زۆرمان هەبوو.

شەو تا رۆژی دواتر شەڕی کۆڵان بەکۆڵان بەردەوام بوو بۆ نیوەڕۆ وەکو ستراتیجی سەربازی بۆئەوەی زیانی کەم بەپێشمەرگە بکەوێت کشاینەوە بۆ بەرزاییەکانی عین زالە و عین فرس چونکە شوێنێکی گونجاو بوو بۆ شەڕکردن و لێدانی سەنگەری بەری دوژمن، دواتر بەفەترەیەکی کەم هێرشکرایە سەر زوومار و گوندەکانی دەوروبەری، توانرا هەمووی کۆنترۆڵ بکرێتەوەو پاك بکرێتەوە.

لەبەرەبەیانی ٧-١-٢٠١٥ چەکدارانی داعش هێرشیان هێنا بۆسەر فەوجی (٤) ی لیواکەمان توانیان هەندێك پێشڕەوی بکەن، پاشان هێرشمان بۆ کردنەوەو چەندین چەکداری داعش کوژران لەو شەڕە هاوڕێ و هاوسەنگەرم (عەمید فتاح کریم احمد پیرە) بەسەختی بریندار بوو شوکر بۆخوا ئێستا زۆر باشە.

وەدواتر بەردەوام بووین لەڕاوەدونانی چەکدارانی داعش تاکو گەیشتینە بناری چیای شەنگال لەگوندەکانی (حەردان و گۆلات و حاجی فاضل و تەل شۆرو خرائیج لەخۆرئاوای تەلەعفەر لە ناحیەی عیاضیة) تاکو ئێستا هێزی پێشمەرگە لەسەنگەرەکان لەو شوێنە جێگیر کراون.

درودو سلاڵو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدان‌و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازم.



# ڕائید شێرزاد قادر عەبدول ڕەحمان

من (ڕائید شێرزاد قادر عەبدول ڕەحمان) ئامر سریەی ١ لەفەوجی ٤ لیوای ٩ پیادەی سەربەوەزارەتی پێشمەرگە.

سەرەتای هاتنی چەتەکانی داعش بۆ ئەو سنورە ئێمە هاتینە سنوری داقوق کەرکوك سەرەتا واجبمان لەمەتار بوو لەپاش ئەوەی داعشەکان لەگوندی سەعدیەو وەحدە و خالید بوو بەدرێژایی ئەو وەزعە هاتینە خوار لەگەڵ قۆناغ بەقۆناغ توشی چەندین شەڕ بوین لەوانە شەڕی وەحدە و سەعد و خالید دوایی هاتینە لای دوزخورماتوو ئەوێش ئازادکرا لەدەستی چەتەکانی داعش ئێستاش ئێمە وەکو فەوجی ٤ لیوای ٩ لەگوندی ئەبو یوسفین لەسنوری داقوق لەپێشەوەی سەنگەرەکانین وەتا ئێستاش وەکو فەوجەکەمان ١٢ شەهیدمان داوە وەچەند بریندارێکیشمان داوە زۆر سەرکەوتنیشمان بەدەست هێنایە و پاشەکشەمان نەکردوە لەئاخر نوقتەی پێشەوەی سەنگەرەکانین، لێرە لەگوندی ئەبو یوسف بەهیمەتی برا پێشمەرگە و قارەمانەکان و ئەفسەرەکان و لیوای ٩ تێکۆشەرو هەمو فەوجەکان بەگشتی ئێمە زۆر ماندین لەو سنورە واجبێکی ڕێکو پێکمان کردوە تاکو ئێستاش لەسەدا ٩٥ سنوری داقوقمان لەدەستدایە، لەشەڕی سەعد وەحدە یەك لەناخۆشترین شەڕەکان بوو کەبەسەر فەوجەکەماندا هات ١٢ شەهیدمان بەداخەوە لەوێ دا شەهیدی ئەفسەریشمان هەبوو لەوان پلە بەرزتر شەهید موقەدەم ئیسماعیل و شەهید موقەدەم هیوا و شەهید زیاد و وەچەندین شەهیدی تر لەوێ شەهید بوون، بەڵام لەکۆتایدا هەر سەرکەوتین و ئەو گوندانە هەمووی کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانمان وەلە بان شاخ شەڕێکی قورس ڕووی دا لەبەینی ئێمەو چەتەکانی داعش هەر خودی

بەرێز فەرماندەی لیوای ٩ کاك عەمید ڕوکن ئاراس و عەقید ڕوکن تاریق لەوێ بوون سەرپەرشتی شەڕەکەیان ئەکرد و موساعیدی فەوجەکەمان کاك عوسمان و کاك ریبین و چەندین ئەفسەری ترو چەند پێشمەرگەیەك شەو چەتەکانی داعش هێرشیان کرد وە توانیان خۆم لەوێ نەبوم بەڵام یەك لەشەڕەکان کە ئێمە هاتین شەڕەکە خەڵاس ببوو، بەڵام ئەوان شەڕێکی قارەمانانەیان کردو تەسلیمیان نەکرد و شکستیان بەداعشەکان هێنا، ئەوان لە ٣ قوڵەوە هجومیان هێنا پێشمەرگەکان لەئامادە باشیدا بوون لێیاندان و شکاندیاننەوە و پاشەکشەیان پێکردن و شەهیدێکیشمان دا ڕائید ڕوکن نەجمەدین شەهیدی بارەگاکەمان بوو، ئێمە بەردەوام لەئامادە باشیداین هیچ کاتێك نیە کەئێمە لەئامادە باشیدا نەبین لەبەرامبەر چەتەکانی داعش وە لێشیان ناترسین هەموو دەمیش حسابیان بۆ ناکەین و پاشەکشەشیان پێ ئەکەین وەئامادەشین نەك ئەو هێرشە هەزاران هێرشی تریش بهێنن ئێمە ئامادەین بەرەنگاریان ببینەوە و بەرگری بکەین لەهەمو دوژمنێکی کورد کەئێمەی پێشمەرگە ناومان لەپێش مەرگە ئێمە دروست بوین نەبۆ معاش و نەبۆ ئیمتیازات ئێمە کەدروست بوین بۆ پاراستنی بستێك خاکی کوردستان بەبێ جیاوازی لەخانەقینەوە هەتا دەچێتە زاخۆو شەنگال، ئێستا داعش لەئێمە ٢ کیلۆمەتر دوورە لەئێمە ئەم شوێنە ناوی ئەبو یوسفە موقابیلمان گوندی سەبعە نیسانە.



# مقدم قادر شێخانی

وەکو ئەفسەرێك لەلیوای (٣)ی تایبەت فەرماندەی لیوای (عەمید ئەیوب) لەفەوجی (٣) فەرماندەی فەوج (عەمید شینە) بەشداریم لەهەموو شەڕەکانی دژ بەداعش کردووە لەسنووری پارێزگای کەرکوك سنوری مەخمور گوێر جەلەولا، شەڕی گوندی بەشیر کە داعش هێرشی کردەسەری و داگیری کرد لەگەڵ (عەمید رکن زانیار) و لەگەڵ ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی فەوجی (٣) و فەوجی (١) و فەوجی (٢) بەشداریمان کرد لە (٣٠-٩-٢٠١٤) لەگەڵ ئەو پێشمەرگە قارەمانانە بەشداری گرتنەوەی گوندی (عبداللە غانم)مان کرد (شەهید عەقید نەریمان دۆشکە) (شەهید نەقیب سەفین خۆشناو) و (شەهید ئاریان ناظم) و (شەهید هۆگر عوسمان سەلیمە ڕەش) و (نەقیب زیاد فەریقە رەش) و (رائید محمد کەفیل) و (نەقیب بەرهەم) و (فەرمان احمد حمدامین).

لەشەڕی تل الربیع لە (١١-٩-٢٠١٥) بریندار بووم لەگەڵ هاوڕێیانم (سەلیمە ڕەش) (نەقیب زیاد فەرمان احمد) خوێندکار (عوسمان) ئازادکردنەوەی شارۆچکەی مەخمور و لەگوندەکانی سنوری گوێر وەشارۆچکەی جەلەولا لەگەڵ ئەفسەر سەروو پێشمەرگە قارەمانانە بەشداری ئەو شەڕەمان کرد (نەقیب بەرهەم) (نەقیب ئەیاد) (ڕائد علی) (ڕائد جەنگی حمد ئاغا) (نەقیب خالید) (شەهید عەقید نەریمان دۆشکە) (شەهید نەقیب سەفین خۆشناو) پێشمەرگەیەکم بریندار بوو بەناوی (ڕێبوار) لەژیانی پێشمەرگایەتیم لەساڵی (١٩٩١) پێشمەرگەم تاوەکو ئێستا (٥) جار بریندار بووم، هەر پێشمەرگەم لەو ڕێبازە لانادەمو تاوەکو ئەو ڕۆژەی گیانی خۆم فیدای خاکی کوردو کوردستان دەکەم بەشانازییەوە شەهیدبم و لەڕێبازی شەهیدی نەمر فارس مەخموری لانادەم لەهیچ شتێك سڵ ناکەمەوە خۆم گیانفیدای خاکی کوردستان دەکەم.

# سۆران عومەر

من ناوم (سۆران عومەرە) خەڵکی کەرکوکم پلەم پێشمەرگەیەو لەم ماوەیەدا خەتێکم بۆ هاتۆتەوە بومەتە جوندی ئەوەل.

ئەم ناوچەیە پێی ئەڵێن تەرابە لێرەین لەساترەکان لەپێشی پێشەوەین نزیکەی ٢ کیلۆمەتر لەداعشەکانەوە دورین، ڕۆژێك کەمن خەوتبووم برادەران ئەوەیان بینی بوو کەهەندێك عایلەی ناو داعشەکان هاتبوون بۆ ئەوەی خۆیان تەسلیم بکەن هاتن و دووای ئەوە جەماعەتی فەوجی خۆمان و ئامر سریەکەمان بردیانەوە بۆ لیواو لەوێ تەسلیمیان کرد، ئێستا لەساترەکاندا ماوینەوەو ئەگەر هەر شتێکیش ڕوبدات ئامادەین لەپێناو خاکی خۆمان خۆمان بەخت بکەین ئینشاڵا سەربەرزیە ئەو مەنسەبەمان دراوەتێ کە بوینەتە پێشمەرگە لەپێناوی خاك و نیشتمانی پیرۆز و کوردستانی خۆشەویست، ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ برادەرەکانماندا پێکەوەین وەك دەستە برامان لێ هاتووە بەقسەی خۆش و بەئاگر کردنەوەو بەچای خواردن کاتەکان ئەبەینە سەر جاری واهەیە تابەیانی پێکەوە دائەنیشین چاومان لەسەنگەرەکانەو بۆ یەك دەقەش چاومان خافڵ ناکەین لەپێناوی ئەم خاکە جوانە جەماعەتی فەوجی کاکەییەکان لەلای دەستە چەپی ئێمەوەن تەقەیان لەداعشەکان کرد دوای ئەوە داعشەکان دەنگیان نەما، ئیتر هیوادارم حکومەت ئاوڕێکی زیاتر لە پێشمەرگە بداتەوە شوێنی دانیشتنمان گونجاو نیە لەو ڕوانەوە هەروەها لەڕووی پێداویستی و خزمەت گوزاریەوە بەوشێوەیە نیە هیوادارم ئاوڕێکمان لێ بدەنەوە.

# نائیب زابت ئارام حەمە عەلی ڕەزا

من (نائیب زابت ئارام حەمە عەلی ڕەزا) من پێشمەرگەم لەسریەی ٢ فەوجی ٢ لیوای ٩ پیادەی سلێمانی.
سەرەتا ئێمە لە٢٠١٢/١١/١٥ هاتوینەتە ئەم سنورەوە ئەوکاتە هێزێك لەم سنورە هەبوو بەناوی هێزی دیجلە ئەوکاتە ئێمە بۆ هێزی دیجلە داخڵ بوین دواتر کەشەڕی داعش دەستی پێکرد هاتینە سنورەکەوە ئێمە سەرەتا لەگوندی ئەبوو محەمەد بووین نزیکەی ٤٥ کەسێك ئەبووین، دواتر لەوێووە هاتینە گوندی زەنقەڕ ئەوکاتە ئەم دێیەی پشتمانەوە کەدیارە ڕوخاوە دێی تەڕابە بەدەست هێزەکانی داعشەوە بوو دیارە کۆمەڵێك کارەسات ڕوی دا لەم سنورەدا بەپێی ئەوەی سنورەکەمان سنورێکی جەبهەیی بوو ئەوکاتە ئێمە هێزی ئەمامی بوین لەگەڵ داعشدا، ئیتر بەهەموو ئەو مەرحەلە ناخۆشانەدا تێ پەڕین دیارە لای ئێمە شەهید و بریندار هەبوە لەکۆی لیواکە نەك سریەی فەوجەکەی خۆمان دواتر ئەوەبوو شەڕی ئازادکردنی ناوچەکان دەستی پێکرد وەکو لەئازادکردنی بان شاخی گەورەو بان شاخی بچوك ومەڕە وە تەڕابە و پێش ئەم سنورەش لادێکانی خوارتر وەحدەو سەعد و خالید دیارە ئێمە وەکو لیواکەمان نزیکەی ١٦ شەهیدماندا کەیەکێك لەو شەهیدانە شەهیدی فەرماندە موقەدەم لیوا هیوا خەپە بوو کەئەوکات هەواڵگری فەوجی ٣ بوو بەداخەوە یەکێکی تر لەو شەهیدانەش دیارە بەبرینداری بەجێما کاکە عەبدوڵا خەڵکی ڕانیە بوو، دواتر فەترەیەك پێش ئێستا لەلایەن چەتەکانی داعش سەربڕدرا بەداخەوە گەیشتە کاروانی نەمران درود بۆ ڕۆحی پاکی، کۆی گشتی ئەو شتانەی کەلەم سنورانەدا ڕووی دا کەبەکورتی بۆم باس کردن

بەداخەوە كۆمەڵێك هاوڕێی ئەزیزمان لەدەستدا جێگەی داخە كۆمەڵێك هاوڕێی ئەزیزمان كە كەمئەندابوون ئێستا كەم ئەندامی سەنگەرن شەهیدانی زیندوون، یەكێك لەبیرەوەریە زۆر ناخۆشەكان كەتائێستاش لەبیرم نەكردوە شەوێكیان بەداخەوە لە زەنقەڕ بەپێی مەعلوماتەكان كەدرایە ئێمە ئەو شەوە هێرشمان بۆ ئەكرێ هاتینە سەنگەرەكانی خوار لەساتری ٢ تەوزیع بوین ئەو شەوە شەوێكی زۆر گەرم بوو وەجیا لەوەی كە كۆمەڵێك حەشەراتیش لەوكاتەیا ئێمەی زۆر بێتاقەت كردبوو لەم سەنگەرەدا ئەوە ناخۆشترین شەو بوو بەلای منەوە ئەو شەوە تا سبەی دانیشتین، گەورەترین و قورسترین شەڕ لەم سنورەدا شەڕی بان شاخ بووە لەوێ كاك ڕائید ڕوكن نەجمەدین شەهید بوو، زیاتر هێزەكانی ٧٠ دژەتیرۆر و لیوای ٣ تایبەتی كاك كۆسرەت سەرپەرشتی ئەكرد ئەوان هێزی یەكەم بوون بۆ هێرش ئەتوانین ناویان بنێین قوەتی زاریبە بوون ئێمە زیاتر وەكو پاڵپشت لەدواوەبوین .



# ڕەفعەت ڕۆستەم

من(ڕەفعەت ڕۆستەم) عەریف لەفەسیلی ٣ سریەی ٣ فەوجی ٢ لیوای ٣ پیادە لەشاری جەلەولا.

ئێمە سەرەتای شەڕ کەهاتینە ناو جەلەولا لەگوندی ئەخۆ بووین شەوانێکی درەنگ بوو کە کەوتینە جموجۆڵ پێش ئەوەی کەوا شاری گولاڵە پێشمەرگە بێتە ناویەوە ئێمە چەند ڕۆرژێك کەوتینە ئینزار دووابەدووای ئەو جەیشەی سوپای عێراق کەلەئەم ناوچە کشانەوە لەترسی چەتەکانی داعش، وەهەروەها ئێمە شەوانێکی درەنگ دەهاتینە ناوشاری جەلەولا، کەئێمە دەستمان بەسەردا گرت وە دوابەدوای ئەوە ئەم شەوانە ئێمە هاتین کەشەو ئەهات ئێمە لێرا خۆم چەند جار لەگەڵ ڕەفیقەکانمدا بەتاقم تفەنگ لەناو ئەو ماڵانە هیلاك ئەبووین بەنۆرە ئەخەوتین، دووای ئەوە کەئەوشەوە ڕۆژبوەوە بەیانیەکەی شەڕ دەستی پێکرد لەئێرا لەم ناو بازاڕەی جەلەولا وەهەروەها بەرەو وەحدە بەرەوخوار بەرەو خەستەخانەکە لەو ناوچانە شەڕ دەستی پێکر چەند تیرۆریستێك لەگەڵ هێزی پێشمەرگە وئەوانەی دژە تیرۆر کەدەستگیر کران وەچەنێکیشیان لێ کوژرا وەدوای ئەوە من خۆم لەگەڵ سێ چوار ڕەفیقمدا بەو مەشقەی کەوا پێمان کرابوو چوین بۆ ناوکۆڵانەکانی جەلەولا لەگەڵ ڕەفیقەکانمدا ئەڕۆیشتم وتم کاکە ئاگاتان لەخۆتان بێت برادەرێکم کەوتە پێش و فیشەکێك دای لەبەردەمی دوای ئەوە ئیتر کەئەو ناوچانە هەتاکو بەدەست ئێمەوە بوو ئەو ناوچانەی ڕزگارمان کرد بەدەستمانەوە بوو، ڕەفیقێکیشم لەگەڵدا بوو بەداخەوە شەهید بوو کاك مولازم ڕۆستەم ئیتر ئێمە ئەو شەڕانەی کردمان شەڕێکی مەردانەو قارەمانانە بوو تائەوەی کەوا پێشمەرگە ئەم ناوچەیەی چۆڵکرد دوابەدوای

ئەوە دیسانەوە هجوممان کرد و شاری جەلەولامان بەتەواوی کۆنترۆڵکردەوە، یەکێك لەبیرەوەریەکانم ئەوە بوو کەهاتین شاری جەلەولامان گرت کۆمەڵێك داعش لای ناوچەکەوە کشان بۆ ئەوبەر کوڕێك ڕەفیقی خۆم بوو هەروا سۆعبەت هەبوو لەبەینماندا وتم تۆ بڕۆ بزانم ئەتوانی هەروا بێ چەك ئەو چەکانەیان لێ بسێنیت ئیتر وتی تۆ خۆت ئەوکارە بکە ئینجا منیش ئەیکەم، بەڕاستی ئەو ڕۆژە ڕۆژی سەرکەوتن بوو ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو من خۆم تائێوارە لەگەڵ ڕەفیقەکانمدا شەڕمان کرد نانیشمان نەخوارد تا ئێوارە یەك پەتاتەمان خوارد زۆر ئاسایی بوو بەلامانەوە ئەوەبوو دوژمن ڕایان کرد هەموویانمان تێك شکاند چەند جەنازەیەکیان لەسەر ئەو چەمە لێ کەوت جەنازەکانیان جێمان من خۆم کەچووم دایان پۆشم لەو چەمە کوژرابون هەموو جەنازەکان سەگ خواردبونی کردمانە ژێر خۆڵەوە وابزانم چینی بوون ئیتر ئەوەی من بینیم ٣ جەنازە بوو کەلەویا کەوتبوون بەڵام کوڕێکی ڕەفیقیشم لەوبەرەوە کەهجومیان کرد ووتی من خۆم بەدۆشکە تەقەم لێ کردن ٣ داعشم خستە ناو ئاوەکە، من کەهاتم بۆ ئێرا وەکوو خۆم گوێم پێ نەئەدا بەڵام لەماڵەوە خێزان و کەسووکارم هەر هاواریان ئەکرد ئەیان وت ئاگات لەخۆت بێت بەڕاستی زۆر ئەترسان.



# ڕەزا محمود

من ناوم (ڕەزا محمود) نایب زابت لەفەوجی یەکی لیوای یەك.

بەسەرهاتی هاوڕێ و هاوسەنگەری برادەری شەهیدم کە قارەمانانە خۆی کردە قوربانی بۆ ئێمە لەناو ڕەمەزاندا بوو لەسەرەتای شەری داعشدا بوو شەهید ئاوارە نیوەڕۆ پێش نوێژی کردو بەڕۆژو بوو دوای نیوەڕۆ بوو سەیارەیەکی بۆمب ڕێژکراو خۆی کرد بەناو مەقەڕ فەوجدا ئەو لەوکاتەدا لەواجبدا بوو لەحەرەسیاتدا بوو بەری بەسەیارەکە گرت و نەیهێشت سەیارەکە خۆی بکات بەناو مەقەڕەکەدا و پێشمەرگەکانی تر شەهید ببن خۆی کردە قوربانی بەداخەوە بۆ ئەو کوڕە کوڕێکی قارەمان بوو، ، شەهید ئاوارە خەڵکی شوڕجەی کەرکوك بوو هەرگیز فەرامۆشی ناکەین قارەمانێتیەکەی

# مقەدەم عوسمان عمر

من (عوسمان عمر) مقدەم عەسکەریم، ئێمە لەکاتی دەستپێکی شەڕی داعش لەلیوای (٨) دەورێکی کاریگەرو بەرچاومان هەبووە لەشەڕەکانی داعش بەتایبەت لەئازادکردنی شارۆچکەی ڕەبیعە فەرماندەو پێشمەرگە قارەمانەکانمان دەورێکی باشیان هەبووە کە بەفەترەیەکی زۆر کەم توانرا ڕەبیعە کۆنترۆڵ بکرێت، وە بەکۆنترۆڵ کردنەوەی ڕەبیعە زیاتر سنورەکانی هێزی پێشمەرگە بەرفراوانتر بوو، دەمەوێت ڕۆڵی کاریگەری (شەهید عەقید دڵشاد) بنرخێنم لەو شەڕەو لەشەڕی شەنگال کە تێیدا شەهید بوو (شەهید دڵشاد) یەکێك بوو لەو فەرماندە هەرە ئازاو قارەمانانەی کە بەڕاستی لەگوللە نەدەترسا. یەکێك بوو لەو قارەمانانەی کە دایم لەپێشەوەی سەنگەرەکان بوو وەلەکاتی گرتنی ڕەبیعە دەورێکی کاریگەرو بەرچاوی هەبوو، وە مونافەسەی فەرماندەی لیواکەمانی دەکرد کە فەرماندە (لیوا هاشم) بوو وە لەپێش ئەویش بوو لەشوێنێکیدا جۆگەلەیەك بوو ئەم لەودیوو جۆگەلەکە بوو داعش لەودیو بەشەڕە ڕومانەی لەگەڵ دەکرد دواتر داعشەکانیان کووشت، ئێمە خۆمان چووینە سەر لاشەکان و لاشەکانمان بینی و دوو لاشەی داعش لەبەردەستی (شەهید دڵشاد) بوو.

(شەهید دڵشاد) ڕۆڵێکی کاریگەری بوو لەکۆنترۆڵ کردنەوەی ڕەبیعە کە لە (٣٠-٨-٢٠١٥) کە ڕەبیعە کۆنترۆڵ کرا بەداخەوە لە (١٦-٢-٢٠١٥) هێزەکەمان چووە شەنگال، دیارە شەهید دڵشادیش یەکێك بوو لە فەرماندە ئازاکانو شوێنکی پێ سپێردرا بوو گردێك بوو پێی دەوترا ڕەبایەی تانکی سەر شەنگال، وەبەسەر شاری شەنگالدا موسەیتەر بوو بەڵام قەناسەکانی داعش



هەراسانی کردبوون زۆر بەتۆپو هاوەن و قەناس هێرشیان دەکردە سەریان.

ئەو ڕۆژەی پێش شەهید بوونی (شەهید دڵشاد) کەسێکی تر لەوێ شەهید بوو وابزانم خەزوری فەرماندەی لیواکەمان بوو ئێمەش ئەو کاتە تازە جێگیر لیوایەکمان بۆ هاتبوو بەناوی (عەمید فەیسەڵ) تازە هاتبووە ئەوێ، جێگری فەرماندەی لیواکە وتی (ڕائد عوسمان) حەزدەکەم بچین سەرێك لەو نوقتەی (شەهید دڵشاد) بدەین، چوینە لای (کاك دڵشاد) لەوێ کە چووین کاك دڵشاد زۆر بەخۆشی ئیستقبالی لێ کردین و چای بۆ لێناین و ئێوارە بوو نزیك سەعات (٤) بوو گەلێکمان قسەی خۆش کرد فەرماندەی فەوجەکەش لەوێ بوو خۆشی جێگری فەرماندەی فەوج بوو، کاك دڵشاد باسی ئەوەی کرد وتی ئەگەر ئەجەلت نەیەت نامری ئەوە ئێمە لێرە دانیشتوین هاوەنێك هات لەمابەینماندا درا لە عەرز ئەو شەهید بوو ئەمن شەهید نەبووم زۆرمان قسەکرد پیاوێکی زۆر قسە خۆش و ڕووخۆش بوو ئێمە ویستمان بڕۆین وتی جگەرەم نەماوە منیش سێ پاکەت زیادەم هەموو جار پێ بوو پاکەتێك یەك جگەرەم لێ دەرهێنابوو دامێ ڕۆیشتین بەجێمان هێشت خواحافیزیمان لێ کرد بەڵام قەناسی دوژمن زۆر هەراسانی کردبوون، چووین سەرێکمان لەفەرماندەی لیواکەدا واتا سەرەخۆشی لێ بکەین، بەداخەوە ئێمە بەتەواوەتی لەگەڵ فەرماندەی لیواکە دانەنیشتبوین چاکەمان نەخواردبووەوە دەنگەدەنگ چی چی نیە وتیان وەڵا کاك دڵشاد بریندارە، ئێمەش چووین تا ئێمە گەیشتینە سەر جادەکە (شەهید دڵشاد) یان هێنا بەتەواوەتی شەهید نەبوو مابوو دڵی لێی دەدا بەداخەوە لەوێ گیانی سپاردو شەهید بوو گوللەیەکی بەرنێوچەوانی کەوتبوو، چووە ڕیزی کاروانی نەمران سڵاو لەگیانی پاکی وە تا ئێستاش بۆتە گرێ لەدڵم دوو جگەرەی لەپاکەتەکەی خواردبوو. وە دواتر بەڕێوڕەسمێکی شایستە بردمانەوە هەولێرو لەوێ بەخاکمان سپارد.

# عەریف شۆڕش نەجم محەمەد


عەریف شۆڕش نەجم محەمەد لیوا (١٠٢) فەوجی (٤) سریەی (٣).
شەوی ١٥ لەسەر ١٦ کاتژمێر هەشتی شەو ڕەوانە کراین بۆ بەینی جلدەغلی و تازە بۆ سەر ڕێگای قادسیە دوای ئەوەی کە گەیشتینە ئەو شوێنە زۆرینەمان ڕامان وابوو بگەڕێینەوە بۆ خەندەقەکەی کەرکوك بەڵام بەفەرمانی ئامر لیوا (لیوا تەها) جێگیر کراین و ماینەوە. لەو کاتەی لەوێ ماینەوە هەموو دەقەیەك چاوەڕوانی ئەوەبووین لێبدرێین.
کاتژمێر (١٢:٢٩) دەقەی شەو دوای ئەوەی دڵنیابووینەوە کە لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوین بەدڵنیاییەوە هێرش دەکرێتە سەرمان ئەمرمان پێکرا بەرگری لەخۆمان بکەینو تەقە بکەین.
دوای دەست پێکردنی شەڕەکە بۆ ماوەیەکی کەم شەڕ لەنێوانمان دا لەکاتژمێر (٢:٣٥) بریندار بووم یەکەم جار پارچەیەك لێی دام دوایی دوو فیشەك بەڵام من هەر بەردەوام بووم لەتەقەکردن بەبیکەیسیەکەم بەڵام دوای وەستانی بیکەیسیەکەم لەکاتی چاك کردنی بەهۆی نەبوونی ساتر فیشەکێکیشم بەرکەوت بەهۆی نەبوونی چەکی قورس بەرامبەر بەو سوپایەی کە هەموو چەکێکی قورسیان پێ بوو شکاین لەکاتی هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە دوو فیشەکی تریشم بەرکەوت.
دوای دوورکەوتنەوەم کەمێك لەشەڕەکە هاوڕێکانم ئەوەی توانی جێیان هێشتین ئەوانەی تریش هەمووی بریندارو شەهید بوون لەدەورم. کاتژمێر (٧) ی بەیانی بوو چەکدارانی حەشدی شەعبی هاتنە سەرم خۆم کرد بە مردوو شەقێکی لەسکم هەڵدا وتی ئەو سەگە تۆپیوە چونە سەر سەری هاوڕێکەم

داوای ئاوی ئەکرد بەڵام ئەوان دوو فیشەکی تریان پێوەنا شەهیدیان کرد. بەڵام ناخۆشترین چرکەسات ئەوەبوو کە هەژاری هاوڕێم لەبەرچاوم بەبیکەیسی تەقەی لێ ئەکردن بەدەبابە بەسەریدا ڕۆیشتن.

دوای ڕۆشتنی ئەوان من هەوڵی خۆ ڕزگارکردنم داو دوای ڕۆیشتنم بۆ ماوەی سێ کاتژمێرێك لەسەر سنگ و دەست خوێنێکی زۆرم لێ ڕۆیشتبوو تەواو بێ هێزبووم زۆر تونیم بوو بۆیە گیای سملّم خوارد، دوایی هەوڵمدا ناونیشانی خۆم بدەم بەکەسوکارم.

دوای (٩) کاتژمێر لەبریندار بوونم دوای هەوڵێکی زۆر شوانێکی هاوڕێم ویستی بێت بۆلام بۆ ڕزگارکردنم ویستی بەهۆی ماڵاتەکەوە ڕزگارم بکات بەڵام بەداخەوە نەیتوانی چونکە تەقەیەکی زۆریان لێکرد بەو هۆیەوە منالێکی فیشەکی بەرکەوت شەهید بوو زۆر بەداخەوە.

دوای گەڕانەوەی ئەو دوای نیو کاتژمێر چەند هاوڕێیەکی باوکم توانیان بێن بەهۆی ناسینی ئەفسەرێکی حەشدی شەعبی دوای هاتنیان منیان هەڵگرتەوە، خۆشبەختانە زابتێکی خۆمان بەبریندراری بینیمان و یەکێکی تر لە هاوڕێکانمان کە بریندار نەبوو بەڵام بۆ بەرگریکردن لەئێمە مایەوەو بەجێی نەهێشتین، پێشمەرگەی قارەمان (علی قادر) دوای ڕۆیشتنمان بەرەو نەخۆشخانەی داقوق دوای چارەسەری سەرەتایی زابتەکەم لەماڵێکی پارێزراو جێی هێشت خۆشم بەرەو گوندی (حەوت تەغار) بەڵام لەرێگا بەهۆی برینەکانمەوە گومانیان کرد کە پێشمەرگەم‌و ویستیان بمکوژن بەڵام سوپاس بۆ خوا بەهۆی ئەو برادەرەوە کە ڕزگاری کردم توانیمان قەناعەتیان پێ بکەین کە لەماتۆڕ بەربوومەوە، دوای مناقەشەیەکی زۆر ڕزگارمان بوو، سوپاس بۆ خوای گەورە دوای گەیشتنم بۆ ماڵی مامم لەگوندو دوای مانەوەم بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر دوای ڕێکەوتنی نێوان ئیستخباراتی کەرکوك‌و (لاهوری شێخ جەنگی) توانیمان خۆم‌و





زابتەکەم بگەڕێینەوە بۆ کەرکوکو لەوێشەوە بۆ قەرەهەنجیر.

دوای گەیشتنمان بۆ قەرەهەنجیر تەسلیم جەماعەتی (کاك لاهور) کراین پاشان بە ئەمبولانس بەرەو نەخۆشخانەی شۆڕش گواسترایینەوە لەشاری سلێمانی، دوای گەیشتنمان چارەسەرکراین بەڵام من قاچێکم شکاوە پێویستیم بەچارەسەرە بەڵام تا ئێستا هیچی وام بۆ نەکراوە.

# شەهید عەقید شێرزاد حەسەن

یەکێکی دیکە لەو پێشمەرگە قارەمانانەی لە گوندی مریەم بەگی سنووری کەرکوکی کوردستان، لە دژی هێزی تاریکیو تیرۆریستانی داعش هەر بەپێوە گیانی بەخشییە خاکو نیشتمان، شەهید عەقید شێرزاد حەسەن کازم-ە.

## ڕێکخستنو پێشمەرگایەتی

شەهید شێرزاد کە بە (بێکەس) ناسرابوو، هەمیشە خەمخۆری هەموو کوردێکی دڵسۆز بوو، هەمیشە مایەی ئومێدی چواردەورەکەی خۆی بوو، وەکو هەر پێشمەرگەیەکی دیکەی ئازاو بوێر، گیان لەسەر دەست بوو بۆ بەرگریکردن لە خاکو مافی نەتەوەکەی.
شەهید شێرزاد ساڵی ١٩٧٢ لە شاری کەرکوکی کوردستان لەخێزانێکی کوردپەروەر لە دایك بووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەو بەئازایەتیو لێهاتوویی خۆی، هەڤاڵەکانی سەرسام کردووە، دوای چەند ساڵ کار لەتێکۆشانی نهێنیو ڕووبەڕووبوونەوەی بەعسییەکان، هەر لە هەشتاکان پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەوە لە کەرتی چواری تیپی ٥٧ی سەگرمە.

## پلەکانی سەربازیی بڕیوە

لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١، خولی کۆبرای بینیوەو بەلێهاتوویی خولەکەی تەواوکردووەو پلەی ملازمی پێبەخشراوەو پلەکانی سەربازی بڕیوەو ساڵی ٢٠٠٤ پلەی عەقیدی پێبەخشراوە. دواتر بووە بە فەرماندەی فەوج لە

لیوای چوار، پاشان بە فەرماندەی فەوج لە لیوای ١٢ی کەرکوك، لە سوپای عێراق لە فڕۆکەخانەی کەرکوکیش بووە بە بەرپرسی KCC. لە سوپای عێراق.

لەدوای هاتنی شەمشەمەکوێرەکانی داعش‌و پەلاماردانی سنووری هەرێمی کوردستان، شەهید شێرزاد وەکو خۆبەخش پەیوەندیی کردووە بە هێزی پێشمەرگەوە لە هێزەکانی ٧٠ وەکو خۆبەخش بو ماوی حەوت مانگ، پاشان لە ٢٠١٤/١٢/٣١ دا کراوە بەجێگری فەرماندەی لیوای ١٣٤ .

## بە پێوە شەهید بوو

دوای ئەوەی شەوی ٢٠١٥/١/٣٠، تیرۆریستانی داعش بەشێوەیەکی دڕندانە پەلاماری سنووری گوندی مریەم بەگ-یان دا لەسنووری کەرکوك، شەهید شێرزاد-یش وەکو چەندین پێشمەرگەی تری گیان لەسەر دەست، شێرئاسا بەرەوڕویان بوونەوەو لەداستانێکی کەم وێنەدا بۆ زیندەبەچاڵکردنی مەرامی گڵاوی دوژمانان، هەر بەپێوە شەهید بوو و خۆی گەیاندە کاروانی سەروەریی نەمران‌و خوێنی خۆی کردە هەوێنی ئاشتی‌و ئازادی کوردو کوردستان.

ئاکۆ برای شەهید شێرزاد



# فەرماندە قادر خۆرانی

لەکۆتایی دا خۆفرۆش و وولاّت فرۆشەکان
هەموو شتێکن و وولاّت بۆ ئەوان بوو بەلاّم بەداخەوە
نە وولاّت نە هیچ شتێك بۆ وولاّت پارێزان نەبوو
من هەر ئەوەندەم هەیە بۆ گەلو نیشتمانم بینوسم

* * *



# ئەلبومی وێنەكان




لەڕاستەوە: خۆشناو – علی – قادر خۆرانی – سەفین – شۆڕش – لەدوای ئازادکردنی شاری بەعشیقە لەگەڵ چوار کوڕی لە سەنگەردابوون



قادر خۆرانی و سەفینی کوڕی – شاری بەعشیقە



موقەدەم ئاودڵو رائد ئازاد - قەڵای شەنگال



موقەدەم ئاودڵو پۆلێك پێشمەرگە




فەرماندە رەشاد حەمە ئەمین



رائد ئازاد عەزیز



رائد ئازاد عەزیزو پۆلێك پێشمەرگە - قەلاّی شەنگال





شەنگال - ئەو ماڵانەی کە داعش تیایدا دەست درێژی کردۆتە سەر کچەکان



شەنگال - ئەو ماڵانەی کە داعش تیایدا دەست درێژی کردۆتە سەر کچەکان



پۆلێك پێشمەرگە لە شەنگال



لای چەپ: عەمید کاوە تۆفیق



نەقیب دلێر قلرخی




نەقیب هێمن دارا




شەهید جەمال قلرخی



عەقید سەلام عەزیز



دڵشاد حەسەن - سەنگەرەكانی مەلا عەبدوڵڵا



نەقیب شێخ بەختیار



عەبدولڕەحمان ئاغا سیناوەیی



عەریف شۆڕش نەجم



سەنگەرەكانی عەتشانە




سامان نەریمان





**تونێلەکانی داعش لە عەتشانە**




**فەرماندە محمد قەیتولیو پێشمەرگەکانی**



رائد فەخرەدین محمد




موقەدەم زیاد ئیسماعیلو شیروان شەهاب





نەقیب کاروان زیاد



نەبی محمد نەبی



کوێخا دێرین



هێرش فایەق



**کاروان حمه تاته**



**پێشمەرگەکان لەکاتی پشوودان**



لیوا عبدالله سەعیدو پۆلێك پێشمەرگە



سەنگەرەکانی پێشەوەی رۆژهەڵاتی موصڵ





سەنگەرەکانی پێشەوەی رۆژهەڵاتی موصڵ



سلێمان حەمد عەولا و پێشمەرگەکانی لە شەنگال



لای چەپ: نەقیب وەهاب – لای راست: لوقمان حەمد عەوڵا




لەچەپەوە: نزار مستەفا – مەحمود – محمد برایيم



**ملازم بێستون**



**ملازم یوسف**



ن.ض. **کەمال خەزێنە**




**مەڵبەندی حەوتی نەینەوا**



مەشروعی ئاوی تازە نێوان بەشیرو تازە لیوای ١٠٢



دوای ئازادکردنی بەعشیقە ئەو تەقینەوانەی داعش دایدەنان پووچەڵ کراونەتەوە



عەبووە - ناوی جۆرێك تەقینەوەی ژێر ئەرز بوو کە دەستکردی داعشە



لای راستەوە: شەهید عەقید عەزیز علی - رائد عەبدوڵا - شەهید موقەدەم هێرش عمر



شەهید راوێژ نەسرەدین



شەهید دکتۆر هێرش



شەهید دکتۆر تاریق و هاوڕێکانی



شەهید دکتۆر هێرش و شەهید سەرۆ چاوشین



شەهید پشتیوان عوسمان



دایكو باوكی شەهید پشتیوان



شەهید ئاسۆ تاریق



دایكو باوكی شەهید ئاسۆ



**شەهید کاوە محمد**



**دایكو براو كچی شەهید كاوە**



شەهید هیشام نەبیل و مۆرادی برای



وەزیرە دایكی شەهید هیشام



شەهید سامی غالب



باوکی شەهید سامی



شەهید دانا عەباس



هاوسەرو منداڵی شەهید دانا




**شەهید ژیلوان شیروان**




**شەهید نەقیب کامەران عومەر**





**شەهيد هۆگر عوسمان**




**شەهيد ئاريان نازم**




**شەهید دارا حسن**



**شەهید حەوێز سەرەدۆڵی**



شەهید خالید قووچانی



شەهید دڵشاد



**شەهید عەقید شێرزاد حسن**




**ئەو ئەمبولانسەی کە دکتۆر هێرش و هەڤاڵەکانی تێدا شەهید بوون**

# وێنەی پێشمەرگە دیلەکانی دەستی داعش
# کە بەدڕندەترین شێوەی سەربڕدران














عاجل / لحظة أسر مرتدي البيشمركة..
٩ ربيع الثاني ١٤٣٦




KURDISTAN


٣ پێشمەرگەی کورد شەهیدکران لە موسڵ
هیشام نەبیل خورشید
پشتیوان عوسمان ڕەسول
ڕزگار حەمە سالح
ڕۆژی ١٧ ئازار لە شاری موسڵ و بە بەرچاوی خەڵکی
لە لایەن تیرۆریستانی داعش سەربڕدران


عاجل / لحظة أسر مرتدي البيشمركة..
٩ ربيع الثاني ١٤٣٦


عاجل / لحظة أسر مرتدي البيشمركة..
٩ ربيع الثاني ٤٣٦




فرحة المسلمين بمرأى مرتدي البيشمركة أسرى بيد الدولة الإسلامية
خۆشحاڵی موسڵمانان بە بینینی دیلەکانی مورتەدانی پێشمەرگە لە بەردەستی دەوڵەتی ئیسلامی




پێشمەرگە دیلەکانی مکتب خالد
30-1-2015



# وێنەی شەهیدەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٧ كە بەدەستی هێزەكانی عیراق و گروپی چەكداری بەناوی حەشدی شەعبی شەهید كران


شه هيد عقيد عزيز عليد


شه هيد/م اول به مؤعادل


شه هيدسوركيوشيخ حمه
امين نۆره بابي



شه هيد/رائد
عمرژاراوه ي




19
75
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
شەهیدی نەمر
(عەزیز حەمە رەشید)


شه هیدان ض به
رزان علي
PhotoGrid


سالار حمه امين


شه هیدان ض سلام فائق


شه هید/دیلان فاضل


شه هید/حمادرمضان


شه هید/عمرحبیب تاقانه


شه هید/محمدحویز




شه هيد/هاوكارصلاح
PhotoGrid


شه هيد/نجات جلال


شه هيد/هه ژاربيستون
PhotoGrid


شه هيد/ئايارکمال


شه هید/جومعه ده رویش


شه هید/یه حیاجه وهه ر


شه هید/زاناناصیح


شه هید/فه رمانده مقدم
هیرش عمر نه مه ڵی